

رامان


Raman

- خاوەن ئیمتیاز
  شەوكەت شێخ یەزدین
- سەرنووسەر
  ئازاد عەبدولواحید
- بەڕێوەبەری هونەری
  سەركەوت وەلی
- مۆتیڤ و پۆرترێت
  قەرەنی جەمیل

# ڕامان

مانگنامەیەكی ڕۆشنبیری گشتییە - ڕامان دەریدەكات

127

خولی سێیەم/ ساڵی دوازدە/ كانوونی یەكەم ٢٠٠٧



ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
بەرامبەر فەرمانگەی تەندروستی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیكترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦-٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
پۆستی ڕامان:
azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com



نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی ڕامان

## دەق


- قاوەخانەی پەپوولەی قاوەیی/ دلاوەر قەرەداغی/ 3
- غەزەلێک بەشی تۆ ناکات/ کەریم دەشتی/ 5
- ئێوارەیەک لە تەنیشت ڕەنگی پەمەییدا/فرمێسک مستەفا/ 7
- خەون/ موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی/ 8
- ژ هەلبەستا نەمسا یا هەڤچەرخ/ لە ئەڵمانییەوە: بەدەل رڤو مزووری/ 10
- گوڵەکانی دۆزەخ/ ئارام کاکەی فەللاح/ 12
- زیندان/ یاسین عومەر/ 19
- خەونەکە خوەش/ کامیران حاجۆ/ 21
- ڕمووزن/ ئەمین گەردیگلانی/ 23
- سێ چیرۆکیلە/ لە عەرەبییەوە: جەلال زەنگابادی/ 29


## هەڤپەیڤین


- هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ مامۆستا (عومەر مارف بەرزنجی)ی باسکار/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 31


## ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


- بەخشینەوەی دایکایەتی بە دایک/ عەبدوڵڵا قەرەداغی/ 54
- نیما یوشیج و عەبدوڵڵا گۆران/ هاشم سەڕاج/ 62
- زەمەن لە ئەفسانە و هزر و باوەڕی کۆندا/ محەمەد سلێمان عەباس/ 74
- ڕامانێک لە شیعرە شێتەکانی یوونس ڕەمەزانی/ دیاکۆ مرادی/ 81


## وتار


- (لە خەوما ) لەنێوان بە واقیعکردنی چیرۆک و بە چیرۆککردنی واقیعدا/ جەبار سابیر/ 85
- بێسارانی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا/ حەکیم مەلا ساڵح/ 90
- ئەو بلیمەتانەی خۆیان کوشت/ فەرهاد پیربال/ 94
- بۆچوونەکانی من سەبارەت بە شیعری عاشقانە/ لە فارسییەوە: کەریم حیکمەتی/ 97


## هزر و فەلسەفە


- فەلسەفەی کۆمەڵایەتی: بنەماکانی تیۆری کارلێککردنی سیمبۆلی/ د. حەمید عەزیز/ 101
- فیدباک و ڕۆڵی لە پرۆسەی فێربووندا/ د. کەریم شەریف قەرەچەتانی/ 109
- هەژموونی ڕەواقییەکان و کاریگەرێتی بەسەر فەیلەسووفانەوە/ ئازاد خدر/ 113
- کۆمەڵگای پۆست مۆدێرن.. سۆسیۆلۆژیای بازاڕ و مۆدێل/ لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل/ 118


## ڕۆژنامەڤانی


- بێلایەنی لە کاری ڕاگەیاندندا/ لە عەرەبییەوە: دڵشاد محەمەد/ 122


## مێژوو


- پێکهاتە و ڕابردووی نەژادی هەرێمە لوڕنشینەکان/ لە فارسییەوە: عەباس سلێمان سمایل/ 130


## هونەر


- ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ/ نیهاد جامی/ 134
- گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 138
- وێنەگرانی جیهان/ لە فارسییەوە: کەمال عەبدوڵڵا حەسەن/ 146


## خوێندنەوەی کتێب


- سەرجەمی بەرهەمی تۆفیق وەهبی/ مارف خەزنەدار/ 148
- دۆڵی هەڵۆکان/ یەڵدا کەریمی/ 151
- ئەو پرسیارانەی منداڵ ئاراستەیان دەکات/ عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە/ 153


## بیروڕا


- ئەفراندنەوەی جوانییەکان لە دووبارەکردنەوەیاندا/ سەباح ڕەنجدەر/ 155


## بەدواداچوون


- جارێکی دی لەبارەی جەمالی کەریمی حەمە مەلاوە/ جەواد حەمەبەگ ساڵح/ 158


## ئێستێک


- بازاڕی کتێب/ ئیسماعیل تەنیا/ 160

# قاوەخانەی پەپوولەی قاوەیی

دلاوەر قەرەداغی
(سوێد)



یەکە یەکە بە هەتاودا ڕەت دەبین
پاڵ بە بارانەوە دەدەین
توشتێن (١) بە دەستێک کە هی شاعیرە
بەنێو تەمدا
سەوڵ لێدەدا
خۆمان لە کەنار جێدێڵین و
بۆ ئەوەی تا دێینەوە با نەمانبا
سەروو بەردێکمان لەسەر دادەنێ و
ئیدی یەکە یەکە
منداڵیمان بە پریاسکەی خواردنەکانمانەوە
بە مەتارەی ئاوەکانمانەوە
بۆ ناو بەلەمەکەی سەر دەخا
توشتێن بە دەنگێک کە هی شاعیرە
لە نائومێدیدا
بەهانە دێنێتەوە و دەیکاتە هەرا:
کاکە... تەنها منداڵیی بۆی هەیە سەرکەوێ
تکایە شتی زیادە مەهێنن
دەبێ بزانن ئەمە بەلەمە... بەڵام
جێ بەش ناکا
بەڵام دەڕوا و خنە خن
بە ڕوخسارێکی مەنغۆلییەوە
وەک بڵێی قەراردادێکی دێرینی
لەگەڵ زەریادا هەبێ
یان نهێنییەکی گرنگ بزانێ و ئێمە قەت نەیزانین
بێ پەروا گوژم دەخواتەوە
بە ناو یادەوەریدا
دڕ بە دەنگ و سکوت و
دووکەڵی جگەرەکەی باوە توشتێن دەدا
هەر هێندە و
قەتیس لە تەمدا
دەم پڕ لە تامی خنکان و مرواری و قەوزە
خوای گەورە... چ سەیرە
چ سامناکە
خەریکە ئاو دەمانخوا
یەک بەخۆم... کۆکە کۆک
قانگدراو بە تەم و خەون و

دوودڵیی
گەرچی خەریکە لە خۆشیدا بگریم
بەڵام دڵێکم لای
چاوەڕوانییە تەڕەکانی تۆیە
کە بە دەف و تەسبیحێکەوە
پێوپل لە ئاودا
نائومێد... تا خودا حەزکا نائومێد
پایزت تێپەر بووە و
شنەشن
با دەتبا
توشتێن چزە لە ئاو هەڵدەستێنێ و
جگەرە پرینسەکەی بە زەریا دەکوژێنێتەوە
ڕادەچڵەکم... لە خەیاڵی ئەوەدا بووم
کە ئەم ئێوارەیە بەهرۆز حەسەنی هاوڕێم
دێت بۆ لام
لە وێستگەی قەتارم و قاچ لەسەر قاچ
لە قاوەخانەی (پەپوولەی قاوەیی) دانیشتووم
یەک لەسەر یەک قاوەی شیرین دەخۆمەوە و
چاوەڕێم بگات
ئێدی کیژێک نمەنم بە دەنگێکی تەڕ لە بڵندگۆکەوە
دەڵێ:
وا هاتن... وا گەیشتن
وا فیلەکان لە هیندستانەوە گەیشتن
ئینجا موسافیرەکان، کە هەر یەکە و
ئینجانەیەک و فیلێکی گچکەی پێیە،
هەموو دادەبەزن و
کەچی بەهرۆز دیار نییە
دەترسم ترێنەکە جێیهێشتبێ
یان لە هاتن پەشیمان بووبێتەوە
یاخۆ لە ڕێگە دابەزیبێ و لە شوێنێک لایدابێ
بەڵام کاتێک
لە دوای هەموو نەفەرەکانەوە
بە جگەرە پرینسەکەیەوە... وەک ئەمیرێکی غەمگین و
وەک شوفێرێکی بە ویقاری قەتار
دادەبەزێ
ئیتر دەزانم و هەستێکی قووڵ بە شانازیی
دامدەگرێت و
لە خۆمەوە، بە نەفەرەکەی لامەوە،
کە قاوە دەخواتەوە و پەپوولە تێیداوە و
خەیاڵی لە شوێنێکی ترە،
دەڵێم:
ئەها ئەو کورە هاوڕێمە...
کوردە و لە گەرمەی بەهاری ئازادیدا
لەلای هێ. سی. ئانەرسن(٢) بووە پەناهەندە
ئەو ترێنەش کە ئێستا گەییشت
هی ئەوە
حەز دەکەم ئەوەشت پێ بڵێم کە ئەو هاوڕێیەم
نەک ترێن
دەزانێ پاپۆڕ و فڕۆکە و ئیسعافیش بئاژوێ
ئەوەتا ئەو هەموو خزم و کەسوکارەی
یۆستاین گاردەر(٣)ی
بەو بارانە
بەو هەموو پێکەنین و نهێنی و گوڵەوە
بەو هەموو واگۆنە پڕ لە کتێب و تەنیایی و فیلەوە
لە باخەکانی کۆپینهاگن چنیونەتەوە و
لەگەڵ خۆی تا ئێرە و
گەر حەزکەن لێرەوە تا ئۆسلۆش دەیانبا
وەستا توشتێن چاوێکی لەسەر زەریایە و
دڵێکی لای ئێمە
بە دەستێک کە هی شاعیرە
لە نائومێدی و ترسدا
پەیتا پەیتا سەوڵ لێدەدا و
وەک ئەسپسوارێکی دڵڕەق
جەستەی نیشتوتە سەر ئارەقە و
گڤە گڤ مەرگ دەئاژوێ
من لە خۆوەڕا دڵم ختوورە دەکا
کە دوو سێ دێڕت پەلەپەل
بە پیتی لاتینی بۆ بنووسم و
دڵنیات بکەمەوە
کە هێشتا لە بەلەمەکەی کاک توشتێندام
یەک دنیا چیلکە و بەرد و سەدەفی جوان جوانم
کۆکردوونەتەوە و
خەمی منت نەبێ
کە هێشتا بەختەوەرم و
کە هێشتا خۆشم دەوێیت و
کە هێشتا لە زەریام و
کە هێشتا دڵم زۆر زۆر
خۆشە و
م
ا
و
م
!

سێپتێمبەری ٢٠٠٧

١- توشتێن: بە لەمەوانێکی پیرە کە جار جار بە بەلەمەکەی منداڵانی دایەنگە و قوتابخانەکان بۆ پیاسە و بینینی دوورگەکان، بەرەو زەریا دەبات.
٢- هێ. سی. ئانەرسن: چیرۆکنووسی بەناوبانگی دانیمارک.
٣- یۆستاین گاردەر: ڕۆماننوسی بەتوانای نەرویژی. بەهرۆز حەسەن زۆربەی کارەکانی ئەو نووسەرەی بە کوردییەکی ڕەوان و توانایەکی گەورەوە وەرگێڕاوە.

# غەزەلێک بەشی تۆ ناکات

کەریم دەشتی

١

تا دێ شەوم درێژ دەبێ و ڕۆژانم کورت
تا دێ خەونم گەورە دەبێ و پشتیشم کوڕ
تا دێ دڵم کز دەبێت و زەمینم فراوان
دەمەوێ بەرەو چیا بچم لە گۆڕ نزیک دەبمەوە

٢

تۆ وەک گیا وەک گەڵای پونگ
لە خەرەندی سەختی دڵی مندا شین بووی
بەڵام ئاخ وەکو تاوێرێ
بە دڵۆپی فرمێسکانم توایتەوە

٣

کە دەتۆرێی هێندە بەرز دەبیتەوە
بە ئاستەم لەو ئاسمانە دیاری
کە ئاشتیشت دەکەمەوە هێندە نەوی دەبیتەوە
بە ئاستەم لەژێر زەمینەوە دەتبینم
چۆن بتگەمێ کە هەموو ژیانم
لە نێوان ئەو بەرز و نزمییە ئاوا دەبێ

٤

دەنگێ لە ژێر ئەو دار کاژەوە دێ
دەیناسمەوە ڕابردووم بیر دێنێتەوە
کە بۆی دەچم کپ دەبێ
کە دوور دەکەومەوە دێ
ئاخ چۆن ئەو ڕابردووە بدۆزمەوە



٥

هەموو یەکتر بە ڕێ دەکەین
هەموو دەچینەوە ئەوێ
ئەوێ نیشتمانی ئەبەدییە

٦

شتێ هەمیشە بۆ لای خۆی ڕامدەکێشێ
منیش بێ ویست و ئارەزوو بۆ لای دەچم
نازانم چییە
بەڵام دەزانم گیانم پڕ خرۆش دەکا

٧

هەموو ئەوانەی گەورەیان دەکەین
ڕۆژێ دێ جێمان دەهێڵن
هەموو ئەوانەی جێمان دەهێڵن
ڕۆژێ بچووک بووینە لای ئێمە

٨

ئێمە بە خاتری تۆ بوو پەنجەرەکانمان واڵا کرد
بەڵام تۆ هەموو دەرگاکانت لێ داخستین

٩

ئێمە دوو دنیای جیاوازین
یەکمان دڵی پڕ ئاگرە
ئەویتر یەک پارچە بەفر
ئاگر بەفر دەتوێنێتەوە
بەفر ئاگر دەکوژێنێتەوە

١٠

هەموو شتێ وەختی خۆی هەیە و بەسەر دەچێ
بەڵام کە وەختی هاتەوە سەردەردێنێ
مرۆڤ نەبێ کە وەختی هات
بۆ ئەبەد بەسەردەچێ و ناگەڕێتەوە

١١

ئەمشەو کەسێک مرد
تەواوی شارەکەم خەمگین بوو

١٢

تەنها ئاو لە هیچ شتێ ناچێ
تەنها ئاو وەک ئاو وایە

١٣

تۆ ئەی تۆ
کەی جریوەیەک دەخەیتە ناو نامەیەک
دڵ ئاوەدان دەکەیتەوە
کەی شەونمێ لە ڕوخسارت دەدەی بە با
جارێ بۆ لای من بێتەوە
کەی لە نێو کتێبەکانم دێیتە دەر و
تۆزێ سەیری سیمام دەکەی؟

١٤

تۆ لەمێژە لە ناو کتێبەکانم خەوتووی
جارێ واگا نایێتەوە
دروودێ بەخشی بە ڕۆحم

١٥

من هەمیشە گەڕیدەم و نازانم بۆچی دەگەڕێم
من هەمیشە هەر ڕادەکەم نازانم بۆچی ڕادەکەم
من هەمیشە خەیاڵێ دوور دوورم دەبات و
نازانم بۆ کوێم هەڵدەگرێ
ئەوە نەبێ کە سەر بەکتێبێ دەکەم
خەون بە تۆوە دەبینم

١٦

دەزانم کە کەسێ هەیە
ئەمانەتی من دراوە و
لەناو دێڕی شیعرەکانم
لەسەر بەرگی کتێبەکانم
لەناو ڕەفەی وشەکانمدا خەوتووە
خودایە چۆن واگای بهێنمەوە
کە دەزانم ئەگەر وەئاگا بێتەوە
دووبارە ون دەبێتەوە

# ئێوارەیەک لە تەنیشت ڕەنگی پەمەییدا

فرمێسک مستەفا
(ئەڵمانیا)



دڵنیام لەنێو گوڵە ڕەنگ پەمەییەکان گوزەر دەکەیەوە،
لەژێر لێزمە بارانێکی پەمەییشدا ڕادەمووسێییتەوە.
بۆنی خۆشەویستی پەمەییت دەکەمەوە،
چرپە پەمەییەکان بەناو گوێتا دووبارە دەڕژێنمەوە،
ئەوە منم ناز دەکەم!
لە هەڵاڵەیەکی پەمەییداماڵێکم بۆ چێ دەکەی،
لەسەر برژانگە ڕەنگ پەمەییەکانی بەر خۆرت
وەک کتێب پەڕ.. پەڕ هەڵدەدەیتەوە
پەڕ... پەڕ دەوەرێم
نامخوێنیتەوە!
ئەوە منم نازم بە دۆڵەکاندا غلۆر دەبێتەوە!

بە تووڵەڕێی هێرۆ پەمەییەکان، یادەوەریم دەژاکێ!
منداڵیم نەرم نەرم،
لەسەر ئاوازێکی ڕەنگ پەمەیی سەما دەکا.
ئەوە منم خۆم دەنووسمەوە!
لەژێر تیشکی مۆمێکی پەمەییدا،
چاوەکانت تیشکی خۆرئاسام تێدەگرن.
ئومێدێک نامگرێتەوە
لێوی تەڕبووت ببینمەوە،
ئەوە منم نائومێدی دەمخواتەوە!

ڕێبوارێک..
لەناو پەمەییدا بەفری سەری دەڕنێتەوە
چاوەکانی: نیگای پەمەیی
لەپی دەستی: نوور
باوەشی: بۆنی باران،
ئەوە منم خەونەکانم دەگێڕمەوە!

ڕێبوارێک
لەناو ئاسماندا فرمێسکی هەورەکان دەسڕێتەوە
لێوەکانی: ئاوی چاوەکانم
هەناسەکانی: ئێوارەیەکی نغرۆ بوو.
ئەوە منم لەناو زگی ئاسمان بەردەبمەوە!

ڕێبوارێک..
سێبەرەکانی من و دوورییەکانی ئەو بوو،
ئەوە منم بەناو خۆمدا شۆڕ دەبمەوە!

دەچمەوە ناو دارستانەکان
تەنیاییم بە لقە شۆڕبۆوەکان دەسپێرم
پێیەکانم بە پیاسە،
هەناسەکانم بە با،
نیگام بە ئاسمان و
چاوەڕوانیشم بە پەمەیی بوون،
ئەوە منم میهرەبانیم لێ دەتکێ!

٢٠٠٧/٧/٢٧
شتوتگارت

# خەون

موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

لە خەونمدا خەون بەشاری خەونەوە دەبینم
لە خەونمدا خەون خەونێکی خەونینە لە نێو خەوندا
لە شاری خەوندا خەریکی خەون بینینە
لە خەونمدا لەسەر نوێنی خەونی شاری خەون
ڕاکشاوم و خەون بە بەژنی زراڤی خەونەوە دەبینم
لە ئامێزی بنەڤشەیی خەوندا
خەونەکانم دەزێن
خەون خەونی خەونێن دەباتەوەو
خەون بە خەونێکی ئەرخەوانی دایکی خەونەکانەوە
دەبینێت
لە بەهەشتێکی بەرینی خەوندا
لەنێو نوێنی نیانی خەوندا
خەونێکی دی بە خەونەوە
دەبینێت
لە خەونیدا
لەناو کۆشکی خەونینی شاری خەوندا
لە تەنیشت بەژنی خەونی خەونانەوە ڕاکشاوە
ملوانکەی خەون بە باڵای خەونەکاندا شۆڕ دەکاتەوە
دەستی خەون دەگرێت
پیاسەی خەون لەگەڵ پەری خەوندا دەکات
لە زەماوەندی خەوندا هەڵپەرکێی خەون دەبەستێت
شاباشی خەون بە باڵای خەوندا هەڵدەدات
لە تەک خەونی خەوناندا
ڕەشبەڵەکی خەون دەبەستێت
ئاوی شادی خەون بەسەر بووکە بە بارانێی خەوندا
دەکات
لە تەک هاوەڵەکانی خەوندا
بە ڕێگەی خەوندا
بەرەو لوتکەی خەون بڕۆن
لە لاپاڵی خەوندا



سەرەو لێژی خەون نەبنەوە
تا لەگەڵ خەوندا
بە شەقامەکانی شاری خەونی خەونیندا
تێدەپەڕن
باخچەکانی شاری خەون
بە پیاسەی خەون
بەسەر دەکەنەوە
لە خولگەی خەوندا
زنجیرەیەک خەون دێن
خەونێکی خەونین ببنەوە
لە خەوندا
خەونێکی ئەرخەوانی
بە شاری خەونی خەونانەوە دەبینم
چوومەتە شاری خەون
ژوورێکی ڕازاوەی خەونینیان
بۆ ڕازاندوومەوە
گڵۆپە ڕەنگاوڕەنگەکانی خەون
بۆم پێدەکەنن
پەنجەرەکانی کۆشکی خەون
بێ پەردە
لە ڕووی خەونەکانی منداڵی خەونمدا
کراونەتەوە
چاوی خەونیان
لە دەروازەی خەونی خەونەکانە
پەرژینی خەونی باخچەکان
لەبەردەم هەرێزی خەونی ئێواراندا
چاوەزاری خەون
بە تەوێڵی خەونی هەژارانەوە
دەبەستن
بەرماڵی عەشقی خەون
لەسەر سینەی هەرمێی خەونین
ڕادەخەن
تا سێوەکانی کوڵمی خەون
لە شەوە ڕووناکەکانی خەوندا
سوورتر هەڵگەڕێن و
تینی خەون
بە چاوی خەونەکان
ببەخشن
چیدی

خەون نەبێتە خەونێک خەونی پێوە نەبینرێت
لە خەونمدا
خەون بە شاری خەونەوە دەبینم
لە شاری خەوندا
لە ناو کۆشکی خەوندا
لەسەر قەرەوێڵەی نیانی خەون
لە ئامێزی نوێنی خەوندا
بە باوەشێک خەونی پەمەییەوە
ڕاکشاوم
خەون بە بەژنی خەونی خەونینەوە دەبینم
لە بەرەبەیانی خەوندا
مۆتەکەی خەون
بینەقای خەونم دەگرێت
بە ئاگەی خەون دێم
دەبینم
لە شەوی خەوندا
خەونم بە شاری خەونەوە بینیوە
مۆتەکەی خەون
چنگ لە بینەقاقام دەنێت
لە نێو خەوندا
بمخنکێنێت
لەپڕ لە خەونی خەونین ڕادەچەنم
دەبینم
هەناسەبڕکێی خەونمەو
تەنیا خەونم بەو خەونانەوە بینیوە
کە لە شاری خەونی خەونیندا هەن
ئەو خەونانەش خەونی من نین
خەونی خەون بینانە
لەوانەی خەون
بە پاشای خەونی خەونینەوە دەبینن
منیش بە دەستی بەتاڵی خەونەوە
لەشاری تراویلکەی خەونەکانمەوە
شۆڕ دەبمەوەو
بەدەست بەتاڵی
لەبەر دەروازەی خواپێداوانی خەوندا
لەپی خەونم
لە شاری خەونی خواپێداوانی خەون
پان دەکەمەوە!!

# ژ هەلبەستا نەمسا یا هەڤچەرخ

گێرهارد فریتش
ژ ئەلمانی: بەدەل رەڤو مزووری
(نەمسا)



**١ - رەخێن ڤیللا**

شەمالکێن دارێت بەری یا
هێدی.... هێدی
ل ئێڤاران دسۆژن
و ژ پەنجەرێن کەڤن دا
جێدبوو...
ئاوازێن (پیانو)ی
هەلکەن بەرەڤ باغچەی
بەلێ......!!!
تا پەردێن پەنجەران ژی
نالڤلڤن..
دار ئالینک ژی خوناڤێ دبارینیت
و گیا ژی دێ شین مینیت
گەلەک حەفتیا..
پارچەک ژ بالولکا
گولێت نیسانوکا
هێدی.. هێدی دبریت
پفکەنە د پاشەرۆژێدا
سەرانسەری تیرێن دیوارێن ئاسنی
ئەڤە هەمی تشتە..
چنکی..
(شوپان) ژ مێژە وێ مری.

**٢ - تازی**

ب درێژاهیا شەڤا خواتر خواستنێ
بابەلیسک دعوریت
د گرییێت دەرگەهیدا...
بەلێ....!!
بنێرە..
بابەلیسکێ دەرگەهێن ئەسمانی
ڤەکرن،
مینا دارێ سێدارێ
چ جارا چیا وەکی نوکە
ژ مە نێزیک نەبووینە

**هەروەسا ستێر هەمی**
**چنكی زڤرین ئەوە**
**بۆ خودێ یە.**
**ئەو خودی یێ**
**نزا ژێ دكەین.**

### ٣- (هەسپێ ئاشوپی)

**هەتا نوكە..**
**ژ تاریستانا شەڤا دهێتن**
**ل پشت تاكێن دارا**
**ئەوێن مینا فوسفوری دبرسقن،**
**وەرە هێدی نک من**
**ئەی هەسپێ ئاشوپی**
**ژ هەیڤا.. مێ**
**ئەوا تو سوار**
**ژ هەیڤا ترسینوک**
**ئەوا هزار دەرزیكا**
**د پشتا مندا د چقینیت**
**ژ دارا كاژێ.**

**چ مفایێ زانستێ هەیە**
**هەكە د ترسا بچویكاتییدا**
**وێنەكێ (بوكلین)** تێدا هەبیتن**
**چ مفایێ گونژینێ هەیە**
**ب رۆژ؟؟**
**دەمێ ب شەڤێ ژ تاری یێ دهێتن**
**ل پشت قورمێن**
**هەل وەكی فوسفوری.**
**دهێتە نک من**
**بێ هەست و هش**
**هەسپێ ئاشوپی.**

(*) هەسپێ ئاشوپی: هەسپەكێ ئاشوپییە نک گەلەک مللەتێن جیهانێ هەیە و نەمازە د ئەفسانێن یونانی دا، وەک هەسپەكێ ئاشوپی ل قەلەم ددان.

(**) بوكلین: وێنەكێشەكێ جیهانییێ بناڤ و دەنگە و كەڤالێت وی ب ترس بوون.

### ٤- بنڤە رەنگ

**ئەو تشتێ ژ سەركەفتنێ**
**دمینیت..**
**لێدانا زەنگایە،**
**ژ توپ و زریپوشا**
**دهێنە خەلاندن.**
**دێر.. د رێزن ژ پاشڤەمایا**
**رێز... رێزن.**

**چیرۆكەكە..**
**وێنەكێش ڤەدگێرن**
**و ئەوێ دمینیت**
**خۆشیا سەركەفتنا**
**پشتی سەركەفتنێ**
**ئەو خۆشیا:**
**ژ ئاسن و بەرا**
**یان ژی: وێنەک**
**چنكی بەلگەنامێن روحسڤكێ**
**گەلەک كێمن**
**بەلێ پا..!!**
**پڕ زەحمەتن**
**ل پاش خۆ دهێلن.**

### ٥- شیانا داستانێ

**د گەل هەر ئاڤاهیەكێ**
**خرابێ وی ئاڤادكەین**
**ب دلەكێ خۆش**
**بەلێ..!! ل سەر وی ئاڤاهی**
**دێ چكەین؟؟**
**ئەم پێتڤی بانەكینە**
**مە دەست هەنە بۆ ئاڤاكرنێ..**
**و دەڤ و لێڤ بۆ سترانا..**
**د گەل هەر ئاڤاهیەكێ**
**دێ ئاڤاهی یێ بورجا (بابل)**
**تافیل كەین...**
**تۆبە كەین.**

گێرهارد فریتش:
- ناڤبری ل سالا ١٩٢٤ێ، ل ڤیەننا هاتیە سەر دنیایێ.
- دڤان بوارادا كاركریە (چیرۆک، رۆمان، هەلبەست)
- هەژمارەكا گوڤاران وەک (تورە و رەخنە، وانەبێژ، و ئەنتولوجیا وەک پرسیار و شێوە) دەرێخستینە.
- هەژمارەكا كتێبان بەلاڤكرینە و ژ وان: رۆمانا كرنەڤال ١٩٦٧
جەركێ ئەجنا (هەلبەست- ١٩٥٨)
رۆمانا ڕویلێن ل سەر بەرا ١٩٥٧
هەڕی و شێوە (هەلبەست ١٩٥٥)
ئەڤ تاریا دبێژنێ شەڤ (هەلبەست ١٩٥٥)
- ل سالا ١٩٧٨، بەرهەمێن وی یێن هەلبەستی هاتینە كۆمكرن ل گروپەكا هوزانیدا
- گەلەک خەلات ب دەست خۆڤە ئینانینە د ڕێبازا خوە یا تورەییێدا و دویماهیكترین خەلات ل سالا ١٩٥٧ وەرگرتیە- ل سالا ١٩٦٧، ناڤبری خۆ كوشتیە.

# گوڵەکانی دۆزەخ

**ئارام کاکەی فەلاح**
**(سوید)**

نا ، جارێ هیچ پرسیارێکم لێ مەکەن. خوشک و برای چاک بن و پرسـیـارەکـانتـان بۆ دوایی هەڵبگرن، دوای کردنەوەی باوەڵی پڕ لە نامەکان. سندووقی بەیازە پچڕاو پچڕاوەکان، بەسەرهاتە تێکەڵوپێکەڵەکان، ئاشکراکردنی نهێنییە سەیرەکان، چ لەسەر زەوی، چ لە ئاسمان، هەڵیگرن بۆ دوایی، دوای گێڕانەوەی هەموو ڕووداوەکان.

من ئێوەم بۆیە لەم باخچەیەدا کۆکردووەتەوە، لەم ماڵە گوڵەدا، ئەم کۆشکەی هەر لە شووشە عەترێکی گەورە دەچێ بۆیە چوار مانگم بۆ دۆزینەوەی هەمووتان بەسەر برد بۆ ئەوەی پێتان ڕابگەێنم، کە هەر یەکە لە ئێوە ژوورێکی هەیە، ژوورێک لە پەڕەی گوڵ، ناوتان لەسەر دەرگاکان نووسراوە، ئەو دەرگایانەی دەتانبەنە ژوورەکانی خۆتان، ئەو ژوورانەی کە پڕن لە باوەڵی زێڕ و جانتای زیو و سەفتە پارەی زۆر کە بێ غەم تا ناکۆتا بەشتان دەکات.

نا وا مەزانن، بەستنەوەی ئەو چیرۆکە سەیر سەیرانە و ئەو ڕووداوانە بەیەکەوە ئاسان بوو. بوەستن و مەڵێن ئەم حیکایەتە، حیکایەتی دروستکراوی خەیاڵی خۆیەتی و بە ئێمەی دەفرۆشێت. نا ئازیزان! من ئیش کردنی تەواوم لە ناو ئەو نووسراوانەداو نوقم بوونی سیازدە مانگیم لە ناو ئەو نهێنی و وشە و خەیاڵانەدا، سەر ئەنجامەکەی ئەم کۆبوونەوەیەی ئێمەیە کە دەمەوێت پێتان ڕابگەیەنم کە وەسیەتی گوڵەباخی باوکمانە هەر یەکە لە ئێمە ژوورێکی هەبێ و بەشێ لەم کۆشکەی باوکمانی بەر بکەوێت، ئەم کۆشکەی کە خشت بە خشت و بلۆک بە بلۆکی بە دەستی ئەو هەڵچنراوە و گوڵ بە گوڵ و درەخت بە درەختی نەمامی دەستی ئەو بووە.

ئەوا ئێتر ئیستا دوای سیازدە مانگ بەسەر وەسیەتەکەی ئەودا کاتێتی منیش دەست بە گێڕانەوە بکەم، چونکە وەسیەتی خۆی بوو کە دەبێ سیازدە مانگ



تێپەڕێ. براو خوشکان! دەزانم پەلەتانە و حەز دەکەن بزانن کە گوڵەباخ چ وەسیەتێکی تری کردووە؟ وا مەزانن بە زانینی ئەوە ئیتر هەموو شتێ تەواو. ئەو وەسیەتە تەنیا دەرگایەکە بۆ چوونە ژوورەوەی دنیایەک کە من دەمەوێ بیگێڕمەوە و نەترسم، بیگێڕمەوە و بۆ ئەوەش بەشێکی زۆر خەیاڵ و کەمێک جورئەتم گەرەکە، ئازیزان! با لەوێوە دەست پێ بکەین کە گوڵە باخی باوکمان هەمیشە بڕوای بەوە بوو کە ژیان چیرۆکێکە نەنووسرێتەوە لە یاد دەکرێت. بۆیە نووسراوەی زۆری بۆ جێهێشتین بۆ ئەوەی نەوەکو لە ناوەختدا هەڵەی وا بکەین و ژیان لە بیر بکەین.

منیش هاتم خوێندمەوە و بەهەمان ئەندازەی بڕوای ئەو باوەڕم وایە کە ژیان چیرۆکێکە دوای نووسینەوەی نەخوێندرێتەوە لە یاد دەکرێ. بۆیە منیش هاتم و کاتێکی زۆر لەناو ئەو لاپەڕانەدا نوقم بووم کە بۆی جێهێشتین. وەک وتم وەسیەتەکەی ئەو بەخشینی ژوورێکی پڕ خشڵ و پارەیە بە هەریەکەمان، بەڵام لە پشت ئەو وەسیەتەوە، من گەڕانێکی زۆر گەڕام و لە ناو نووسراوەکاندا چەند دەرگایەکم کردەوە کە بە گێڕانەوەی دەمەوێت لەگەڵ خۆمدا بتانبەم، ئەوەی من خوێندمەوە و دەمەوێ بیگێڕمەوە، دێڕێکی لەملا بوو، دێڕەکەی تری لەولا، نیوە نامەیەک لە باوەڵی سەر تاقەکە بوو، لەتە نامەیەکی تریش لە سندووقەکانی ژێر سیسەمی نووستنەکەی. چیرۆکەکەی من لەناو ئەو نامە و نووسراوانەوە هاتووە کە سیازدە مانگم ویست بۆ ئەوەی بە یەکیانەوە ببەستمەوە، ئەو نامە و نووسراوانەی کەس نازانێ بۆ کێ نووسراون، چونکە ناوی کەسی پێوە نییە، بەڵام من دەمزانی بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ ئێمەیە، یان بۆ ئەو کەسەیە کە دەیەوێ نهێنییەکان ئاشکرا بکات، وەک دەبینن چارەنووسی من بوو ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنم ڕەنگە لە لاتان سەیر بێ بۆچی من ئەو هەستەم هەیە کە ئەو نامانە بۆ ئێمە بن؟ من لە چاوەکانی گوڵەباخدا زۆر شتم خوێندەوە، لەم دوو سێ ساڵەی دواییەدا کە بە تەواوەتی لاڵ و گوج ببوو نەیدەتوانی قسە بکات و بەچاو دەدوا، منیش کەمێک لێی تێدەگەیشتم بەڵام زۆر نا.

ئای خوشک و برایان! گەر دەزانن بۆ قسەکردن، چاو هیچی لە دەم کەمتر نییە ئەوەی مرۆڤ نەتوانێ بە دەم بیڵێت، بە وشە بینووسێت، هەمووی بەچاو دەتوانێ بدرکێنێ، بەڵام هەموو کەسێک ناتوانێ بەچاو قسە بکات، من کەمێک خۆم فێرکرد، بەڵام ئەو توانا و بەهرەیەم نەبوو هەمووی تێ بگەم. نەمدەتوانی زمانی چاو بەهەموو جوانییەکانییەوە ببینم، ئێوە کەستان لێرە نەبوون کە گوڵەباخ بە چاو دەیویست داوای لێ بوردنمان لێ بکات، داوای لێ بوردنی ئەوەی کە بە جێمانهێڵێ و زۆرشتی پێ نەوتووین، حەزی دەکرد کۆمان بکاتەوە، لە شوێنی نووسیبووی (گەر نەتوانم کۆیان بکەمەوە، ئەوا بە مەرگی خۆم ئەو کارە دەکەم.. بە مەرگی خۆم).

ئەو دەیویست بۆ کۆبوونەوەی ئێمە تا قووڵایی مەرگیش بهاتایە، بۆیە منیش کاتێکی زۆرم بۆ کۆکردنەوەتان تەرخان کرد تا ئەو ئاواتەی بهێنمەدی، بەڵام ویستی ئەو بۆ کۆکردنەوەی ئێمە تەنیا هەر ئەوە نەبوو کە بۆ دواجار بمانبینێ و بڵێ خواحافیز کچ و کوڕەکانم بە دوعا! ئاگاتان لە یەک بێ! نا، بەڵکو دەیویست نهێنییەکتان پێ بڵێ کە تەنیا من و ئەو دەیزانین و بەچاو داوای لە من دەکرد کە ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنم و پێی ناخۆش بوو کە کارێکی وا سەختی خستووەتە سەر شانم. نهێنییەک کە تەمەنی بەقەدەر تەمەنی هەمووتانە و نەیدەویست بە کەسی بڵێ تا ئێمە کەسمان یەکتری ون نەکەین و لە یەکتری جیا نەبینەوە، نا خوشکان دانیشن و حەز ناکەم ئەو فرمێسکانە لە چاوتاندا ببینم. براکان! نامەوێ ئەو هەموو غەمە لەسەر سیماتان بەدی بکەم. دانیشن و گوێ لەم برایەتان بگرن کە تەنیا سیازدە ساڵ لە ئێوە گەورەترم و ئاگایەکی تەواوم لە منداڵێتی هەمووتان هەیە.

دەڵێی دوێنێیە. ئاخ، دەڵێی دوێنێیە کە لە ماوەی چەند مانگێکدا گوڵەباخی باوک هەمووتانی هێنایە ئەم کۆشکەوە، دەزانم کەستان پرسیارتان نەکردووە و دەڵێی سیحرتان لێ کراوە و بە قووڵی نەتانپرسیوە کوا دایکمان؟ چونکە گوڵەباخی باوک جێگای هەموو کەسێکی بۆ ئێمە گرتەوە، ئێمە لەسەر ئەم زەوییە خێزانێکی تاقانە بووین کەوا زۆر بێن و یەک خزمیش چییە نەمانبێ، ئەمەش لەلای کەستان ڕۆژێ لە ڕۆژان نەبووە بە پرسیارێ. کە شووتان کرد و ژنتان هێنا، کە لەم کۆشکە ڕۆشتن و گوێزرانەوە و گواستانەوە، چ پیاوەکانتان، چ ژنەکانتان نەیانپرسی.. ئەرێ ژنی ئازیز بۆ خاڵۆزایەکت نایەت بۆ ماڵمان؟ ئەرێ پیاوەکە کوا ئامۆزایەکت؟ لە ڕاستیدا بێ دایک و بێ خزمی ئێمەش، بەوەش کە ئێمە کەسمان لە یەکتر ناچین بۆ ئەوە

دەگەڕێتەوە کە ئێمە کەسمان خوشک و برای ڕاستەقینەی یەکتر نین و هەمووما‌ن بە منیشەوە هەڵگیراوینەتەوە و گوڵەباخ لە ئامێزی گرتین و بەخێوی کردین.

ئێمە ئەو ڕەش و ڕووتە بێ ماڵ و بێ حاڵانە بووین کە گوڵەباخ لەم لاو ئەو لا کۆی کردینەوە و کردینی بە کوڕ و کچە ئازیزەکانی خۆی. ئێمە ئەو کۆرپانە بووین کە لە ناو هەوارە جیا جیاکانەوە هاتین و سێبەری ئەو کردینی بەم خوشک و برایانەی ئێستا.

نا ئازیزان، با ئێمەش خوشک و برای بایۆلۆژی یەکتر نەبین، هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە ئێمە کەسی ڕاستەقینەی یەکترین. دەزانم ئێمە فڕێ دراین و دایک و باوکە دلڕەقەکان لە بارێکی ناهەمواردا ئێمەیان نەویست. جا لەبەر هەچ هۆیەک بووبێ، هەژاری.. نەبوونی.. دلڕەقی.. زۆڵێتی.. نەخۆشی.. بێ ویژدانی.. ئێمە لەبەر هەچ هۆیەک فڕێ دراببن تازە مەحاڵە بەم تەمەنەشەوە بریندار نەبین. مرۆڤ کە یەک جار فڕێ درا ئیتر بۆ هەتا هەتایە فڕێ دراوە، هەرچەندە گوڵەباخ هەڵیگرتینەوە و جێگای هەم دایک و هەم باوک و خزمانی بۆ گرتینەوە، بەڵام شتێ لە ڕۆحماندا هەمیشە ناتەواو دەمێنێتەوە. شوێنێ لە یادەوەریماندا هەمیشە شوێنێکی سووتاوە، دەڵێی بەر هێرشی فڕۆکەی جەنگی کەوتووە. پرسیارێک کە قورسایی هیچی لە سەنگی مەرگ کەمتر نییە و قەت لێمان نابێتەوە ئەوەیە بۆ فڕێ دراین؟ من دەساڵان بووم کە گوڵەباخ بۆی گێڕامەوە، سیازدە ساڵیش بووم کە ئاگام لە هێنانی هەمووتانە بۆ ئەم کۆشکە، لە دوای هاتنی یەکە بە یەکەتان ئێمە بە چاو ئەو پەیمانەمان لەگەڵ یەکدا تازە دەکردەوە کە تا مەرگی خۆی قسە نەکەین و ڕاستیتان پێ نەڵێین نەک پشت لە یەکتر بکەن. ئەو بڕوای وابوو کە ئێمە فڕێ دراین تازە ڕاستی هیچ خزمەتێکمان ناکات و هیچ باوەشێک و خێزانێکی ڕاستەقینەی خۆمان بۆ نایەنێتەوە. هەندێ جاریش پەشیمان دەبووەوە و دەیگوت ئەه خۆزیا هەر بە منداڵی پێم دەگوتن، کارێکی وا بە گەورەیی ڕەنگە زۆر خراپتر بکەوێتەوە، ڕاستە منداڵ پێویستی بە دایک و باوکە، بەڵام مرۆڤ بە گەورەیی زیاتر پێویستی پێیەتی، هەر چەندە گەورەکان بێ باکانە خۆیان پیشان دەدەن، بەڵام لە چاویاندا قەت ئەو ناتەواوییەیان پێ ناشاردرێتەوە من ئەوسا بە تەواوی نەمدەزانی بۆ دەبێ گوڵەباخی باوکمان سیازدە منداڵ هەڵبگرێتەوە؟ ئەم ژمارە سەیرە چییە؟ ئەم ژمارەیەی بە ژمارەیەکی شووم سەیر دەکرێ بۆ دەبێ ببێتە نیشانەیەکی بەختیاری بە ناوچەوانی خێزانی ئێمەوە. من دوای گەڕانێکی زۆرم بە دوای ئەو پرسیارەدا، لە ناو نووسراوەکانی گوڵەباخ دا لە شوێنێکدا دۆزیمەوە، یان باشتر بڵێم هەست دەکەم دۆزیومەتەوە و بەو شێوەیە لێی تێگەیشتم کە بۆتانی دەگێڕمەوە، ئێوەش ئازادن و ئەوەش سندووق و باوەڵی پڕ لە نووسراو و نامەکان، بچن بیخوێننەوە و گەر بە جۆرێکی تر لێی تێگەیشتن سوپاستان دەکەم و وەرن بۆمان بگێڕنەوە، من بڕوای تەواوم بەوەیە کە ئێمە سیازدە کەسین گەر بمانەوێ هەمان بەسەرهات بگێڕینەوە، ئەوا دێین و بە سیازدە شێوەی زۆر جیاواز دوور لە شێوەی یەک دەیگێڕینەوە، بەڵام هەرچۆنێک بیگێڕینەوە ناتوانین ئەوە فەرامۆش بکەین کە ئێمە هەر هەموومان هەڵگیراوینەتەوە و گوڵەباخ کردینی بە منداڵەکانی خۆی و ئێمە ئێستا ئیتر کەس ناتوانێ ئەو مافەمان لێ بسێنێتەوە کە لەسەر خۆشەویستی خوشک و برایانە بۆ یەکتر بەردەوام بین، کێش لە ئێوە بە دوای دایک و باوکی خۆتاندا دەگەڕێ، سەربەست بێ و بۆ ئەوەش کارم بۆ ئاسان کردوون و لە دواییدا بۆتان باس دەکەم.

هەرچی منیشم، ئەوا بەتەما نیم بەشوێن کەسدا بگەڕێم، چونکە تازە من هەچ کەسێ بدۆزمەوە جێگای ون بوونی گوڵەباخ-م بۆ پڕ ناکاتەوە. هەچ کەسێ بدۆزمەوە دەبێ ئەو تەمەنەی کە ماومە بکەومە دادگایی کردنی ئەوەی کە بۆچی منی فڕێ دا و بڕواش ناکەم ئەو تەمەنەی کە ماومە بەشی دادگایی کردن و ڕق و تۆڵە بکات و قەتیش ناگەمە وەڵامێک کە کۆرپەیەکی تەنیا برسی کەوتوو وەک پەڵاس لە بن پەنا دیوارێک لە ڕۆحی خۆیدا هەڵیدەگرێ و ناتوانێ بیدرکێنێ و فڕێی بداتە دەرەوەی خۆی بە هاوار و گریان و لچ کردنێک نەبێت کە وەک ئاوازێکی نەشاز و بریندار دەگاتە گوێیەکی کەڕ و ئیدی بۆ ئەبەد خامۆش دەبێ. بۆیە من بە دوای ئاگری خامۆشدا ناگەڕێم کە وەهمی ڕووناکی و دووکەڵەکەی لە هەوای ئاسمانێشدا نەماوە.

نا تووخوا جارێ پرسیار مەکەن! ئەو خۆشییەم لە سەیرکردنتان لێ تێک مەدەن کە لە دوای ئەو هەموو زویربوون و تووڕە بوونەتان لە یەکتر وا هاتنەوە ئێرە و پێکەوە کۆبوونەوە. ئاگاتان لەوەیە چۆن شتێ هەیە

پێکەوە دەمانبەستێتەوە، تەمەننای گوڵەباخ بوو هەمیشە پێکەوە بووینایە، بەڵام ئیدی وا کەوتەوە و خۆی وتەنی بە مەرگی خۆی ئەم کۆبوونەوەیەی ساز کرد. ئێوە چی ناو دەنێن ناوی بنێن، بەڵام من ناوی دەنێم گرێ کوێرەی خۆشەویستی. ئاگاتان لێیە هەرچەندە دوای ئەوەش کە زانیوتانە خوشک و برای ڕاستەقینەی یەکتر نین کەس لە شوێنی خۆی جووڵە ناکات تا بڕوات. ئەوە ئەوە دەگەیەنێت کە دەتانەوێ لەسەر خۆشەویستی بۆ یەکتر بەردەوام بن و منیش لەسەر گێڕانەوە بەردەوام.

**حیکایەتی دووەم**

لێرەوە من ئیتر پێویستم بە گێڕانەوەی دوو حیکایەت دەبێ، بە بێ ئەو حیکایەتانە گێڕانەوەکەم نوقسان دەردەچێ، حیکایەتی دووەمیش پێش یەکەم دەخەم و بۆ ئەوەش هیوادارم لێم ببوورن و ئەم دوو حیکایەتەش شوێنێکی زۆریان لە نووسراوەکانی گوڵەباخ-دا داگیر کردووە.

منیش وەکو ئێوە لە پرسیار پڕ بووم، لە تێنەگەیشتن لێوان لێو بووم هەر کاتێ ئەم گوڵانەم دەبینی کە وا لە دەوروپشتمانن. هەر لەو کاتەوە کە هاتمە ئەم کۆشکەوە هەستم دەکرد کە ئەم گوڵانە خەڵکی ئێرە نین. ئەو کەسانەش کە دەڵێن تۆوی ئەم گوڵانەی لە ئەشکەوتێکدا دۆزیوەتەوە کە هی سەردەمانێکی هێندە کۆنن کە ئاووهەوای سەر زەوی جۆرێکی تر بووە ڕاستی تێدا نییە ئەو گوڵانەی کە هەندێ جار ئاگر دەکەنەوە و دەستت دەسووتێنن. منیش وەکو ئێوە پێم سەیر بوو چۆن ئەو گوڵەباخانە لە گوڵدانێکدا بێ ئاو هەشت نۆ مانگ سیس نابن. ئەو گوڵە خەشخاشانە وەک دەنکە شقارتە ئاگر دەکەنەوە، بۆنی ئەو گوڵە قەیفەیە لە شەراب زیاتر مەستت دەکات. ئەو شەستپەڕە ببەرە ژوورێکی تاریکەوە دەڵێی چراخان دادەگیرسێ، من هەمیشە بە منداڵی دەترسام کە ئەو ساردۆنیایانە بە ئێواران درەنگ هاواریان دەکرد و گوڵەباخی باوکمان ئارامی دەکردمەوە و دەیوت هیچ نییە مەترسە ئەوە بە زمانی خۆیان گۆرانی دەڵێن... ئەوان وان. پێتان سەیر نەبێ کە بە فرۆشتنی ئەم گوڵانە وا باوکمان دەوڵەمەند بوو توانی ئەم کۆشکەمان بۆ دروست بکات و پادشایانە بەخێومان بکات چۆن لە خۆتان نەپرسی بۆ خەڵک لە شوێنی دوورەوە دێن بۆ ئێرە تەنیا بۆ ئەوەی چاو پشیلەیەک بکڕن، ئەی نەتاندەبینی کە گوڵە چاوپشیلەکان وەک پەپوولە دەفڕین.

چۆن کچە پاشایەک بە فڕۆکەکەیەوە چەند گوڵە مێشێکی بۆ یەکێ لە وڵاتە ساردەکانی سکەندەناڤیا بردەوە. چەند گوڵە مێشێک کە دوای هەفتەیەک وەک کۆتر گەڕانەوە بۆ هەمان ئەو زەوییەی لێی هەڵکەندرابوون. ئای گەر دەزانن پەڕی ئەو ڕەشە ڕێحانانە بوون کە چاوی چوار منداڵەکەیان چاک کردەوە و لەسەر تەلەفیزیۆن پیرێژنەکە وتی کە ئەو چاکی کردوونەتەوە و بۆ ئەوەش خەڵاتی وەرگرت. ئەوە گوڵەکانی لالۆ عەباسە کە بۆ چاک کردنی نەزۆکی بەکاری دەهێنن. ئێوە سەرێک بەرز بکەنەوە و ببینن چۆن ئەو پەپوولە و هەنگ و خاڵخاڵۆکانە، سەیری ئەو شەوگەرد و زیکزیکەر و قومری و بولبولانە چۆن لە دوورەوە سەیری ئەو گوڵانە دەکەن و جورئەت ناکەن لێیان نزیک بکەونەوە. ئەو گوڵانەی کە گوڵەباخ پێی دەگوتن گوڵەکانی دۆزەخ و ئێمەش وامان دەزانی گاڵتە دەکات و لە پێکەنیندا دەتریقاینەوە، بەڵام نا، حیکایەتەکە بەم جۆرە دەست پێ دەکەم کە کاتێکی زۆری ویست تا ئەو بەشە پچڕ پچڕانە لە نامەکانەوە پێکەوە ببەستمەوە. لە نووسراوەکاندا گوڵەباخ باسی کوڕێکی نەناس دەکات کە پێی بە کرمێکدا نابوو کە نەدەبوایە پێی پێدا بنێ، لە ئاست ئەو ناشرینییەی کە بەرانبەر ئەو کرمە کردبووی کە ڕۆح لەبەر بوو، خۆی دەکوژێ. دوای ماوەیەک لەسەر پردی (چینڤەت) خۆی دەبینێتەوە، ئەو پردەی بە پەڕینەوەی بەسەریدا دەگەیتە بەهەشت. مرۆڤیش تەنیا یەک جار پێی لەسەر دادەنێ ئەم هەموو تەمەنی لەسەر زەوی تاوانێک چییە نەیکردووە، بەڵام کەس نازانێت پردەکە بۆچی تەسک دەبێتەوە، ئەم پردە تەنیا بۆ ئەو کەسانە باریک دەبێتەوە کە ڕۆحیان پڕە لە هەڵە و تاوان، پڕە لە ناشرینی، کەچی ئەم کەسە نەناسە کە لە عەشقێکی لە ناکام دەگەڕێتەوە و ڕۆحێکی پەپوولەیی هەیە پردەکە بۆی باریک دەبێتەوە کەچی ئەم کوڕە بە ڕێگای خۆیدا بەردەوام دەبێت و مل دەنێ بۆ ئەوەی بگاتە بەهەشت.

بەڵام پردەکە بێڕەحمانە تەسکتر دەبێتەوە تا وەک دەمەگوێزانی لێدێت. ئەم هەر دەڕوات و خۆشی بۆ لار ناکاتەوە.

برا و خوشکە ئازیزەکانم! حیکایەتەکە دەگاتە ئەو شوێنەی کە ئەم مرۆڤە بە قاچ و قوولی قاش قاش بووەوە

دەگاتە بەر دەرگای بەهەشت و سەیرێکی ئەم لاو ئەولای خۆی دەکات ئینجا دەبینێ چۆن پردەکە وا تەسک بووەتەوە و ئەم پێی نەزانیوە.

هەست بە ئازارێک دەکات لە بنی پێیدا، بەڵام نازانێت چییە؟ لەوێدا ئیستێک دەکات، پێش ئەوەی دەرگای بەهەشت بکاتەوە دیسانەوە بیر دەکاتەوە. ئەم چی کردووە؟ تەنیا لە بێ ئاگاییدا بوو کە پێی بەو کرمەدا نا، ئای خوایە ئەم چیتری کردووە؟ بۆ ئەم پردە وا لێی تووڕەیە؟ فریشتەکان لەسەرسامیدا دەقیژێنن، پێیان سەیرە کە پردەکە وا تەسک بێتەوە کەس ناتوانێ بپەڕێتەوە، ئەم لەگەڵ ئەوەی کرمی پان کرووەتەوە، خۆی کوشتووە هەر دەبێ مەحبووبی خوا بێ دوا جار ماوەیەکی تریش لەسەر پردەکە دەمێنێتەوە، بیر دەکاتەوە، بیر دەکاتەوە و دڵۆپ دڵۆپ خوێن لە قاچەکانییەوە دەتکێ.

لە شوێنێکدا نوسیبووی (بیرکردنەوە و خوێن لێهاتن یەک شتە) ئیدی لەوێدا پاش ئەوەی چاوانی هەڵدەگلۆفێ و سەیر دەکات، سەرێکی پەشیمانی بادەدا و خۆی بۆ دۆزەخ هەڵدەداتە خوارەوە.

بەڵام ئەم دەیتوانی بچێتە بەهەشت و نەچوو، خۆی نەیوست، بۆیە پێش ئەوەی بکەوێتە ناو ئاگرەکەوە فریشتەکان دەستی دەگرنەوە و نازانن چی لێ بکەن. بۆ ماوەیەکی زۆر هەر بە ئاسمانەوە دەمێنێتەوە وەک بەردێکی جیابووەوە لە هەسارەیەک لە دوورەوە هاتبێ و خۆی بە (ناشوێن)دا هەڵواسیبێ و شۆڕکردبێتەوە.

ئای ئازیزان! لێرەدا حیکایەتەکە زۆر بێ ڕەحمانە دەپچڕێ، زۆر هەوڵم دا تەواوکردنەکەی بدۆزمەوە تا ئێستا نەمتوانیوە، بەڵام هەموو ئەو شتانەی کە دوایی ڕوودەدەن وایان لە من کرد کە حیکایەتەکە بەشێوەیەک تەواو بکەم کە شایانی خۆی بێت، بەڵام پێش ئەوەی ئەوە بکەم دێم و حیکایەتی یەکەم دەگێڕمەوە، کە بۆ تێگەیشتنی سەرەتاکانی حیکایەتی دووەم یارمەتیمان دەدات.

## حیکایەتی یەکەم

بۆ ئەوەی لە گێڕانەوەمدا تووشی هەڵەیەکی گەورە نەبم، ئەوا پێویست بوو بۆ سەرەتاکانی ئەم بەسەرهاتە بگەڕێمەوە. لە هەندێ نووسراوی سندووقێکی لای دارهەنجیرەکە باسی کوڕێکی عاشق دەکات کە دڵی بۆ کیژێک پارە پارەیە، ئەم کوڕێکی ئەکرۆباتە و ڕۆژی زیاتر لە پازدە سەعات خەریکی یاری جومناستیکە. هەموو ئەمەشی لەبەر خاتری کیژێکە کە دراوسێیانە و لە باڵکۆنەکەوە داوای لێدەکات بێ بۆ لای.

ئەمیش هەر هەوڵ دەدات پەتێک بە دارێکەوە ببەستێت و لاکەی تری هەڵدەدا بۆ ئەوەی کچەکە لە پەنجەرەی باڵکۆنەکەی خۆی ببەستێ، بەڵام هەموو جارێ باوکی کچە هەوڵەکەی پووچ دەکاتەوە. هەر پەت دادەنێ و باوکی کچە پەتەکەی دەقرتێنێ و کوڕەش بەسەردا بەردەبێتەوە، جارێ قاچی لە جێ دەچێ، جارێ دەستی دەشکێ، جارێ لووتی، سەری، ئەژنۆی، هەموو جارێکیش کە بەردەبێتەوە دەبێتە جێگەی قاقای باوکی کچە و زەردەخەنەی شەرمنانەی یار، ئەمیش کە ئەو زەردەخەنەیە دەبینێ هەمیشە ڕێکوپێک هەڵدەستێتەوە وەک ئەوەی کە هەر هیچ ڕووی نەدابێ، دێتە ماڵەوە و بیر لە هەوڵ و پیلانی تر دەکاتەوە.

تا جارێکیان لە هەوڵێکی شێتانەدا بۆ ماوەی هەفتەیەکی تەواو دەزوویەکی زۆر باریک دەهێنێت و چەند جارێکی زۆر، وەستایانە لە یەکتری دەپێچێ و پەتێکی زۆر سەیری لێ دروست دەکات کە بە مقەست و چەقۆ ناقرتێت، ئای قوڕت بەسەر باوکی کچە بۆ ئەمەیان چی دەکەیت؟ دوای هەوڵێکی زۆر، باوک دەستەپاچە و غەمگین، نازانێ چی بکات، لە پڕ دەڕوات و بە فڕکانێ هەرچی دەرزی و سووژن و چەقۆ و گوێزانێک لە ماڵەکەیدا هەیە کۆیان دەکاتەوە و دەیانهێنێ و بە پەتەکەوەی دەبەستێتەوە. کوڕ بەسەر دەزووەکەدا دەڕوات و شتی تیژ لە بنی قاچی دەچەقێ، دەڕوات و خوێنی لە خوارەوە فیچقە دەکات، تا دەگاتە لای کچەکە بنی پێی بە تەواوی قاش قاش دەبێ، بەڵام دەگات و لەبەر دەمی یاردا هەردوو دەستی دەکاتەوە و خۆی دەچەمێنێتەوە و دەڵێ ئێوارەت باش ئەی یار! یاری نازدار. یاریش لە دڵەوە پەیمانی پێ دابوو هەر بگاتە لای ماچێکی داتێ، لێی دەچێتە پێشەوە و کوڵمی دەداتێ، کوڕەش یەکەم جارە ماچ بکات دەشڵەژێ و هاوسەنگی تێک دەچێ و دەکەوێتە خوارەوە و ئیدی لەوێدا لە بێ ئاگایدا کە قاچ دادنێ، پێ بە کرمێکدا دەنێ و جیق و فیقی دێنێتە دەرەوە.

## گەڕانەوە بۆ حیکایەتی دووەم

ئازیزان! لێرەوە ئیتر من توانیم پێوەندییەک لە نێوان

هەردوو حیکایەتەکەدا دروست بکەم و ئەو دوو کەسە پێکەوە گرێ بدەمەوە. ئێستا دەزانن باسی چی دەکەم؟

کێ دەتوانێ بڵێ کە ئەو کوڕەی لەسەر پەتەکە کەوتە خوارەوە و قاچی بە کرمەکەدا نا هەمان درێژکراوەی حیکایەتی ئەو کوڕە نییە کە خۆی دەکوژێ و لەسەر پردی چینڤەنت خۆی دەبینێتەوە. ئەو کوڕە ئەکرۆباتەی کە توانی لەسەر هەردوو پەتی باریک و پردی تەسک بپەڕێتەوە، کێ دەڵێ یەک کوڕ نییە. ئەو دوو کوڕەی لە دوو شوێنی جیاوازدا، لە دوو کاتی جیاوازدا بە قاچ و قوولێکی بریندارەوە دەڕۆن خوێن لە بنی قاچیانەوە دەتکێ و لەگەڵ ئەوەشدا دەگەنە جێ هەمان کوڕ نین؟

بەڵام خوشک و برای چاک بن و بوەستن مەڵێن وا نییە. جارێ کەمێکی تر قسەم ماوە، گەر پێویستان بە سەلماندنی ترە شتی تر هەیە و باسم نەکردووە، لە شوێنێکدا من نوسراوەیەکی ترم دۆزییەوە کە زۆر شتی لێ سڕابووەوە، کاتێکی زۆرم ویست تا شتێکی کەمم لێ هەڵکڕاند. لەوێدا باسی کوڕێک دەکات کە لەلای من هەمان ئەو کوڕەیە کە لە حیکایەتی دووەمدا بە ئاسمانەوە مەلە دەکات و فریشتەکان نازانن چی لێ بکەن. لەوێدا پێیان دەڵێ کە دەیەوێ بۆ سەر زەوی بگەڕێتەوە و پەشیمانە و کارەکانی تەواو نەبووە، بەڵام کەمێ تۆوی گوڵی دۆزەخم دەوێ لە پاداشتی ئەوەی کە بەهەشتم نەویست. لە نووسراوێکی تردا فریشتەیەک باسی سیازدە منداڵ دەکات، هەرچەندە ئەو نووسراوە زۆر شتی دیار نییە.

ئای ئازیزەکانم! ئەی ئەو کەسانەی کە گوڵەباخ کردینی بە خوشک و برا! سەیرێکی دەوروپشتتان بکەن، سەیرێکی ئەو گوڵانە، ئەو گوڵە شەڕ ئەنگیزانە، کە هیچ لە گوڵی سەر ئەم زەمینە ناچن، گەر ئەمە حیکایەتی سەفەری باوکمان نەبێ، ئەی ئەبێ هی کێ بێ؟ ئازیزان! ئێوە سەیری هەر سیازدەمان، سەیری گوڵەکان، سەیری ئەو برینانەی کە لە ژێر پێی بابەوە قەت سارێژ نەبوون و بەو هەموو سەروەت و سامانەوە کە هەیبوو باشترین دوکتۆرەکانی دنیا تا مردیش نەیانتوانی ئەو برینانەی ژێر پێی گوڵەباخ سارێژ بکەن و هیچ مەڵحەمێک نەیتوانی ئەو دێراوانەی قاچی چاک بکاتەوە.

کەسیش نەیدەزانی ئەو برینانەی لە کوێوە لێ هاتووە. وەک دەبینن دوو دنیا هێندە چڕ بە ناو یەکدا چوون کە زەحمەتە لە یەکتر جیا بکرێنەوە، ئێوە کەستان لێرە نەبوون کە گوڵەباخ لەسەرەمەرگدا زۆر شتی دەویست بە چاوەکانی باس بکات، هەمیشە دێڕێکی دووبارە دەکردەوە، دەیویست من بە وردی بگەڕێم و ئەو نووسراوانە بدۆزمەوە و بتوانم بە یەکترییەوەیان گرێ بدەمەوە، ئەو وای لێ هاتبوو نەیدەتوانی بڕوا، نە دەیتوانی بنووسێ نە قسە بکات. تەنیا بۆ ئاڵوگۆڕکردنی خەمەکانی لەگەڵ مندا چاوی مابوو. دوایش کە دوکتۆرەکان لە ناچاریدا هەردوو قاچیان بڕیوە، ئەم هەر بە تەواوی وەک گلۆپێکی سفر کزبوو. من لە گەڕانێکی ورد و تاوتووی کردنی هەموو لاپەڕەکان هێشتا نەگەیشتمە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی دڵمیان خواردبوو. من لە نێوان دوو ئاگردا بووم، ئاگرێکی لە دەستدانی گوڵەباخ بوو، ئاگرێکی تری دەست نەکەوتنی ئەو وەڵامانە بوو. من لە لایەک بە دوای ئەوەدا عەوداڵ بووم کە بۆچی ئەو کوڕەی ناو حیکایەتەکان بە بەهەشت ڕازی نەبوو؟ لەلایەکی ترەوە وێڵی ئەوە بووم کە بزانم بۆچی گوڵەباخ ئەو نووسراوانەی وا تێکەڵ و پێکەڵ نووسی بوون و ئەو ئەرکە سەختە چی بوو بە منی سپاردبوو. لەلایەک دەمویست بزانم بۆچی کوڕی ناو حیکایەتەکە دەیویست بگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی و پەشیمانە لە خۆکوشتن و دەیوت کە کاری ماوە و تەواوی نەکردووە، لە لایەکی ترەوە ئەو هەموو سەفەرانەی گوڵەباخ کردنی بۆ دۆزینەوەی کەسێک کە هەر نەمانزانی کێیە و بە دوای کێدا دەگەڕێ کە بیوو بە مەراقێکی گەورە لامان، بەڵام شتێ کە من بیرم لێ کردەوە ئەوەیە کە کوڕی ناو حیکایەتەکە دێتەوە و بە دوای یارەکەی خۆیدا دەگەڕێ کە لە مێژە لە باڵکۆنەکەیدا نەماوە، کەس نازانێ ماڵی یار بۆ کوێ سەفەریان کردووە. خودایە یار لە کوێیە؟ لە شوێنێکدا شتێکم خوێندەوە لە شیعر دەچوو..

ئەی یار من تۆ نابینم وەک نەبینینی تۆ بۆ فرمێسکەکانم

من لەبەر باراندا دەگریم، بۆیە فرمێسکەکانم دیار نین

ئەی تۆ بۆ دیار نیت یاری شیرینم؟

دوانووسراو کە من بینیم باسی یەکێک دەکات، کە وێنەیەکی لە دوورەوە بینیوە، بۆیە توانی بەسەر گوێزاندا بڕوات، ئەم ڕستەیە یەکسەر وای لە من کرد بە حیکایەتی دووەمەوەی ببەستمەوە کە کوڕەکە دەپەڕێتەوە و وا دەزانێ یارەکەی لەو بەرەوە چاوەڕێی دەکات، کە

دەشگاتە لای دەرگای بە هەشت بۆی دەردەکەوێ کە ئەوی لێ نییە. بۆیە خۆی بۆ دۆزەخ فڕێ دەداتە خوارەوە.

ئای ئازیزان! من هەرچەند دەکــەم، ســەیر دەکــەم بەستنەوەی ئەو نامە و نووسراو و حیکایەتانە بە یەکەوە هەتا بێن درێژ و درێژتر دەبنەوە و زیاتر لەناو خـۆیاندا نوقـمـان دەکەن، بۆیە من لێرەدا دەوەستم، دەوەستم و بزانم ئێـوە چ پرسـیـارێکتـان هەیە مـن بتـوانم وەڵامـتـان بدەمــەوە، مـن توانیـم لە ناو نـووســراوەکــانەوە باسـی باوکـێک بکەم کـە لەو باوکـە کـلاسـیکـیـانە نـاچێ کـە خەڵکی هەیانە، نا ئەمەیان باوکـێکی ترە، باوکـێکە کە گەورەش بووین خزمەتی دەکردین و ڕۆژێـک لە ڕۆژانیش ڕووی نەهات پەرداخێ ئاومـان لێ داوا بکات. بۆیە من نامەوێ بە شوێن کەسدا بگەڕێم، وەک لە پێشدا وتیشم ئێوە خۆتان سەربەست بن و گەر دەگەڕێن بە دوای دایک و باوکی ڕاستـەقینەی خۆتاندا ئەوا من لەو بارەوە کـارم بۆ ئاسان کردوون و ئیدی لە دەست خۆتاندا دەمێنێتەوە، لە یەکـێـک لە نووسـراوەکـانـدا باسی ئەوە دەکـات کـە درەختەکان بۆ دۆزینەوەی سەرەتاکان ڕێنومایيتان دەکەن. من هاتم لەلای درەختـەکانەوە قـووڵ قـووڵ چاڵم هەڵکەند و سـیـازدە سندووقم دۆزییـەوە، کـە هەر سندووقێ ناوی یەکـێکمـانی لەسـەرە و لەوێدا باسی کـات و شـوێنی ڕووداوی هەڵگرتنەوەکـەمـان دەکـات، تا گـەر بمانەوێ بتـوانین بچـینەوە ئەو شـوێنەی کـە لێـوەی هاتووین تا کـەسـێک بدۆزینەوە. مـن خـۆم سندووقـەکـانتـانم لە ژوورەکانتاندا داناوە، پێتان خۆش بوو بیکەنەوە، گەر نا ئەوا بمدەنەوە و بۆ هەتا هەتایە دەیخــــەمــــەوە ژێر درەختــەکـان، من خـۆم سندووقی خـۆم نەکـردووەتەوە و بڕواش ناکەم قەت بیکەمەوە، خۆتان بڕیار بدەن ئازیزان، خـۆتان بڕیار بدەن، ڕەنگە زۆر شت مـابن و وەک دەبینن ئەم کـۆشکە زۆر گـەورەیە، من بە تەنیـا هەر ئەوەندەم توانی بپشکنم. گەر پێتـان خـۆش بوو ئێوەش وەرن و لە گەڵمدا بگەڕێن، لەوانەیە زۆر نهـێنی تریش بدۆزینەوە، چەندین ژوور هەر فـریای ئەوە کـەوتووم بە سـەر پێـی سەیرێکیان بکەم، سەدان دار ماون و بەلایاندا نەچوومە و نازانم لە ژێر ئەم زەوییـەدا چی تری لێـیـە؟ جـارێ من هەر ئەوەندەم بۆ کــرا، بەڵام من مــاندوو نیم و ئەو گەڕانەشم پێ خۆشە، ئیتر من تا ئێرە بەسە. ئازیزان! ئەی برا و خوشکە نازدارەکانم! من بێدەنگ دەبم و ئێوە قسە بکەن.

**ئادار، نیسان ۲۰۰۷ ستۆکهۆلم**

# زیندان

**یاسین عومەر**
**(سلێمانی)**

که فەرمانی لە سێدارەدانی هاورێکەم جێبەجێ کرا، من و باقی زیندانییەکانی تر لە حەوشەی زیندانەکە کۆکرابووینەوە تا چاوترسێن ببین. باش بیرم نەماوە چ رۆژێ بوو، بەڵام ئەوەی کە بەرِوونی و بۆ هەمیشە وەک پرسیارێک لەیادەوەریمدا دەمێنێتەوە ئەوەیە کە بۆچی هاورێکەم لەدوایین ساتەکانی ژیانیدا و تا ئەو کاتەی تورەکە رەشەکەشیان کرد بەسەریدا چاوی لێ بریم و لێی نەترووکاندم. وردەکاری لە سێدارەدانەکە باس ناکەم، چونکە هەم کارێکی بێ مانایە و هەم هەموو لە سێدارەدانەکانیش لە یەک ئەچن، ئەوەی پرسیارە لەلام و بۆ هەمیشەش بە نەزانراوی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ئایا زیندانی لە سەروەختی لە سێدارەدانیدا بیر لە چی دەکاتەوە! بیر لە کەسە نزیک و خۆشەویستەکانی یاخود لە خواو بەهەشت و دۆزەخ؟ یان بیر لەو ئازارە دەکاتەوە کە دەشێت توندبوونەوەی گوریسەکەی ملی بۆی پێک بهێنێت! کەس نازانێت، رەنگە رۆژگارێکیش بێت ئەو نهێنییەشمان بۆ ئاشکرا ببێت، کە رەنگە ئەمیش لەناو خۆیدا چەندین نهێنی تری هەڵگرتبێت.



تەماشاکردنی بەردەوامی هاورێکەم وایکرد بەرێوەبەری بەندیخانە هەست بەبوونی نهێنییەک بکات لەنێوان من و هاورێکەمدا، بۆیە هێشتا تەرمەکەی ئەویان دانەگرتبوو ناردی بەشوێنمدا و کەوتە لێوردبوونەوە و پرسیار لێ کردنم، بەمەشەوە نەوەستا، بەڵکو یەکێک لە یاریدەدەرەکانی خۆی نارد فایلەکەمی بۆ بهێنێت.

لە ماوەی نێوان رۆشتنی یاریدەدەرەکە و گەرانەوەیدا، بەرێوەبەر بەخۆی و جلە سەربازییەکەیەوە لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو و بە حەپەساوییەوە لێم ورد دەبووەوە، یەکەم جار بوو لە هەموو ماوەی بەندییەکەمدا هەستم کرد روانینی بەرێوەبەر سۆزێکی تایبەتی تیایە،

نەمدەزانی چی بکەم، ویستم داوای ڕوخسەتی دانیشتنی لێ بکەم، بەڵام ئەو ئاگای لە قسەکانم نەبوو و هەروا لێم ورد دەبۆوە، باش بوو یاریدەدەرەکە زوو گەڕایەوە و لەو هەستە ناخۆشە ڕزگاری کردم.

بەڕێوەبەر هەر بەو دەستەی فایلەکەی لێ وەرگرت ئاماژەی بۆ کرد بچێتە دەرێ، هێشتا ئەو بەتەواوی دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە دانەخستبوو بەڕێوەبەر بەدەم کردنەوەی فایلەکەوە بەسەر ئاماژەی بۆ کردم دانیشم، منیش کە ترس و نیگەرانی سەرتاپای بیرکردنەوەمیان داگیر کرد بوو لەسەر یەکێ لەو کورسیانەی ناو ژوورەکە دانیشتم و چاوەڕوانی فەرمانی بەڕێوەبەر چاوم بڕیبە بن میچەکە. بەڕێوەبەر دەتووت یادەوەری کەسێکی بەدبەخت و قۆشمە دەخوێنێتەوە جارێک پێ دەکەنی و جارێکیش وا کەمەندکێشی نووسینەکانی ناو فایلەکە دەبوو و وەها لە دنیا دادەبڕا کە چەندین دەقیقە چاوی لێ نەدەترووکاند. لەپڕ بەڕێوەبەر وێنەیەکی لە نێو فایلەکەدا دەرهێنا و کەوتە خوێندنەوەی پشتەکەی و زۆری نەخایاند سیمای گۆڕا، بۆ چەند ساتێ تەماشاکردنی گواستەوە سەر من و دیسان سەری بەسەر فایلەکەدا شۆڕکردەوە و بە وردی کەوتەوە خوێندنەوەی نووسینەکانی ناوی.

چەند جارێک وام هەست کرد کە ئیتر لە خوێندنەوەی فایلەکە بۆتەوە، بۆیە برووسکەی خۆشییەک بەناخمدا گوزەری کرد، بەڵام زۆری نەدەخایاند دیسان بەدەم خوراندنی لاجانگە سپییەکانییەوە دەستی دەکردەوە بە خوێندنەوەی پەڕە کاغەزەکان، تەواو شەکەت ببووم، مێشکم دەخولایەوە، گەرمی ئەو قەنەفەیەی لەسەری دانیشتبووم کارێکی کرد کە هەر زوو تەسلیمی خەو ببم، خەوێک کە لەو ساتەوەی هێنرابوومە ئەو زیندانە بەخۆمەوە نەدیبوو. بیرمە بەر لەوەی بەتەواوی خەبەرم بێتەوە چەند جارێک و بۆ چەند ساتێک چاوم کردەوە، بەڵام توانای هەستانم نەبوو، هەر جارێکیش هەڵدەستام ورد دەبوومەوە بەڕێوەبەری زیندانم دەبینی خەریکی شتێک بوو: جاری یەکەم هەروا خەریکی تاووتووکردنی فایلەکە و کۆمەڵێک شتی تر بوو کە لەسەر مێزەکە پەرشوبڵاو ببوونەوە، جاری دووەم بە پەرداخەکەی خۆی ئاوی گوڵدانی ناو پەنجەرەکەی دەدا، جارێکیش سەیری فیلمێکی ڤیدیۆیی دەکرد کە بەدەستی خۆی گوللەی بەزەیی دەنا بەسەری چەند لاوێکەوە کە نیوە مردوو بەچەند دارێکەوە بەسترابوونەوەو خوێنیان لێ دەچۆڕا. خەوەکەم ئەوەندە زاڵ بوو نەمتوانی هەستم. دوایین جار کە نازانم چەندێکی خایاندبوو لەپاش ئەوەی جەستەو مێشکم بەتەواوی ماندوێتییان دەرچوو بوو لەخەو هەستام و سەرنجمدا بەڕێوەبەر لە ژوورەکە نەمابوو، ترسی سزادان نەیدەهێشت لەشوێنی خۆم بجوولێم، بۆیە تا تەواو تەواو بێزار نەبووم جورئەتی ئەوەم نەکرد هەستم و چەند هەنگاوێ بە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بێم و بچم.

زۆری نەخایاند تێگەیشتم کە بەڕێوەبەر ڕۆشتووە و بیناکەش لەمن بترازێت کەسی تری تیا نییە. نەمدەزانی چی بکەم.. تەمەنای ئەوەم دەکرد کە زوو بەڕێوەبەر بگەڕێتەوە و بمنێرێتەوە بۆ ناو هاوڕێ بەندییەکانم، بەڵام چاوەڕوانییەکەم ئەوەندە درێژەی خایاند کە ئیتر وەخت بوو بەتەواوی نائومێد دەبووم. ژوورەکەی بەڕێوەبەر جگە لەو دەرگایەی دەکەوتە سەر ڕاڕەوێکی باریک کە چەندین دەرگای تریشی دەکەوتە سەر لەم لاو ئەو لاشییەوە دوو پەنجەرەی شیشەبەندکراویش هەبوو، بەترسەوە بەرەو پەنجەرەی لایەکیان چووم و پەردەکەم لادا، تێگەیشتم ئەو پەنجەرەیەیان بەسەر حەوشی زیندانەکە دەڕوانێت کە لەو ساتەدا جگە لەو سەربازانەی تەرمی هاوڕێکەمیان دادەگرت کەسی تری لێ نەبوو، پەردەکەم وەک خۆی لێکردەوە و بەرەو پەنجەرەکەی لاکەی تریان چووم، بە نیگەرانییەوە پەردەکەم لادا، چیم بینی! تا چاو بڕ بکا تاریکی بوو.. تاریکی بێ بڕانەوە.

نازانم ئەو شەوە چەند جار پەردەکانم لادا و سەیری دەرەوەم کرد و چەند جار گوڵی ناو ئینجانەکەم ئاو دا و چەند جار نووستم و هەستامەوە، بەڵام بیرمە دەمەو بەیان بەچەند ساتێ بەرلەوەی بەردەستەکە ئەو پۆستانە بهێنێتە ژوورێ کە بۆ بەڕێوەبەری زیندان هاتبوون، چووم لەسەر کورسییەکەی بەڕێوەبەر دانیشتم و کەوتمە خوێندنەوەی فایلەکەی سەر مێزەکە.. زۆر ترسام، فایلەکە هی من نەبوو، بەڵکو هی ئەو هاوڕێیەم بوو کە لە سێدارە درا بوو.

# خەونەکە خوەش

**کامیران حاجۆ**
**(قامشلۆ)**

دیاری ژ زەریێن گوندێ ماشۆقێ
یێن کۆ ب ژیانێ شا نەبوون



ل پیالا چایێ نێرِی، قەتەک نانێ تەنووریێ ژی د بەر دە، بێ دلێ خوە دەستێ خوە ئاڤێتە نێن. پاریک ژێکر، ئاڤێتە دەڤێ خوە و ب گرانی جووت، چایێ ب سەردا کر، ب زۆریێ قورپاند.

ژ ژینێ رە بوو بوو کول کو جارەکێ ژ بلی چایێ و نان، تشتەکی دن ب تاشتیا سبێ رە هەبە، لێ دیتنا وێ ژ رەوشا مالێ رە، ئەو بێ دەنگ دکر.. خورینیا خوە شکاند، رابوو سەرخوە دەرکەت.

سبەهەکە پاییزی یە، بایەکی سار تێ، پەلێ داران یێن زەر و هشک دوەشینە. کەلیکێن داوی نە ژ ژیانا وان پەلان رە، ب نەرمی و نازداری ژ بانی تێنە خوار، وەکە کۆ ب فەدیبوون خاتران بخوازن... رێ ددنە داران ژ بۆ پشکڤینەکە نوو، ژیانەکە نوو شوونا مرنێ بگرە... ژینێ بەرێ خوە دا خانیێ ل کەڤیکا گوند، جهێ کۆمبوونا پالێن پەمبوو... رِۆژا داوی بوو کو ژینێ و کەچکێن گوند دچوونە چنینا پەمبوو. ژ بەر ڤێ یەکێ ژی ب خوەشبوونەکێ دهسا. گها جڤانێ خوە هینا پالە هەموو نەهاتبوون.

کراسێ ژینێ یێ تەنک وێ سبێ نە دپاراست، لەورا ل بەر دیواریێ خانی ل قەلەڤیسکا بێ دەنگ روونشت، سەرێ خوە کرە ناڤ کابۆکێن خوە دە و خوە ب هەڤ ڤە گوڤاشت. تاڤکا سەرێ سبێ، ل بەر وی دیواری ئەو سست کر و هشێ وێ هێدی هێدی کەتە خەیالان...

هاتە بیرا وێ کۆ داوەتا هەڤالا وێ، نێزیکە. ژبۆ ڤێ یەکێ پشتی پەرێ خوە بستینە، وێ کراسەکی نوو بکرِە. کراسەکی ب گول، رەنگێن ل بەر رۆناهیێ بچرسینە، چاڤێن خۆرتان ب ئالی ژینێ دە بکشینە و دلێ وان بئێشینە... لێ ژ خوە رە گۆت: نە دل و چاڤێن خۆرتان، لێ دلێ شیرۆ ب تەنێ... تانی بەر چاڤێ خوە، بێ چاوا وێ د گۆڤەندێ دە بکەڤە دەستێ شێرۆ، ژ خوە رە دگۆت:

ئەزێ بێژمە خوشکا وی، هەڤالا منە، کو هەڕە بکەڤە دەستێ وی، ئەزێ دووڤ رە کەڤمە دەستێ هەڤالا خوە، پشتی کێلیکێ بەرە هەڤالا من گۆڤەندێ بەردە، وێ چاخێ ژ نەچاری ئەزێ دەستێ وی بگرم...

ب ڤان رامانێن داوی تەڤزینۆکان لاشێ وێ گرت و ب خوەشبوونەکێ هسا... لگلگا کەنەکی ئەو ژ رامانێن وی شیار کر، سەرێ خوە هلدا، دیت کو ڕەوشێ و هەڤالا خوە دکەنن. ڕەوشێ روویێ خوە ب دەرمانان سەیاندبوو، د دل خوە دە، خوە خوەشک کربوو. ب ناڤ پالە یە، لێ یا راست، ئەو تو کاری ناکە... ژبەر کو سەرەکێ پالان دل تەنکە و ڕەوشێ ژی جۆمەردە...

ژینێ ب خەمساری بەرێ خوە ژ وان گوهەرت و سەرێ خوە دیسا کرە ناڤ کاپۆلێن خوە دە. خوەست کو جارەکە دن بکەڤە ناڤ خەونێن خوەش دە...

وێ پەرێ من تێرا کراسەکی و سۆلەکە نوو، پەحنی بلند، بکن... بەلێ دەسمالەکە نوو ژی گەرەکە. ناخوە دڤێ ئەز ژ هەمی پالان چەلەنگتر بم، ب راستی ژی من د هەموو رۆژێن بووری دە تو کێمایی نەکریە... هنەک دەرمانێن خوەشکبوونێ ژی گەرەکن... لێ ئەز وان تشتان هەموویان بکرم ئەزێ چ دەمە مالێ؟ ل ڤر ژینێ پێ حسا کو دخوازە کەسەکێ بەردە... باڤێ من و برایێ من ژی کار دکن، ئەوێ تێرا مالێ پەرە بینن... ب ڤی رەنگی ژینێ باوەڕی ژ خوە رە چێکر... ب راستی دەسمالا منی کەڤن ژی هێن باشە، دەرمانێن خوەشکبوونێ ژی نە هەوقاسی گەرەکن... ئەو دڤان خەونان دە، پیکاب هات... ل پاشیا پیکابێ سوار بوون، ژ گرانیا پالان پاشیا وێ هاتە خوار...

ڕەوشێ ب تەنێ ل پێش، دناڤبەرا ئاژۆڤان و سەرەکێ پالان دە، سوار بوو، کورتە پستا هنەکان، وەکە هەر رۆژ و هنەک د بەر خوە دە کەنین.

ژینێ ل کەڤیکا داویا پیکابێ شپیا ما ،ب دەستێ خوە هەسنێ پیکابێ گرتبوو...

پیکاب ب رێ کەت، بایێ سار ب لڤێ رە سارتر بوو، لەرزینۆک ب لاشێ ژینێ دە هاتن، رابوو دەسمالا خوە ل ملێ خوە پێچاو پۆرا وێ یا رەش و همبز ل بەر بێ کەت، بێڤلا وێ یا کن و خوەشک و لێڤێن تەنک ل بەر وی بایێ سار سۆربوون، تشتێ ژێ هات خوە ب هەڤ ڤە گوڤاشت و خوە نێزیکی هەڤالا خوەیی د رەخ خوە دە کر... وێنەیێن وێ ب کراسەکی نوو رەنگی و چرسی د گۆڤەندێ دە، د دەستێ شێرۆ دە، ژ بەر چاڤێ وێ نەچوو. دەستێ شێرۆ دەستێ وێ دگوڤاشت و گە نەگووشک ژێ ددا، وێ ژی جارنا ب گوڤاشتنا دەستێ شێرۆ رە خوە سست دکر، جارنا بەرسڤ ب گوڤاشتنەکێ ژ دەستێ خوە ددا، جارنا ژی ب کەنەکی بن لێڤان رە... و داوی... ئەو داوەت دبوو داوەتا وێ و... ب قیرینا کەچکان رە ژینێ ژ خەونێن خوە شیار بوو، لێ بەلێ شیاربوون داوی بوو... قەمیۆنا بێبەخت و ئاژۆتنا ئاژۆڤانێ کۆ ڕەوشێ د رەخ دە، بوونە سەدەمێن کامباخیەکە مەزن...

خەونێن ژینێ ب رەوانێ پاک رە، ب ئەزمانا کەتن، بەلاڤ بوون، ژ بارا هەڤ کەتن...

ژینێ ب لاشێ خوە ڤە بن عەرد بوو، لێ خەونێن وێ ژ ئەزمانا هاتنە خوار و د کولەکێن خانیێن خزانان رە دەرباسی هوندر بوون، بوونە مێڤانێ کەچکێن نووهاتی، یێن کو خوەش باوەڕ دکن کو ب کەدێ دێ ڤان خەونان پێکبینن..

*** ماشۆق: گوندەکی کوردانە، دکەڤە باکوور- رۆژهلاتێ قامشلۆ... دۆر (٤٠) کیلۆمەتری دووری قامشلۆیە.**

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا (کەلەڤاژی) رووپەلێن (٤٥-٤٧) هاتیە وەرگرتن، کو ژ وەشانێن (ئاڤەستا)یە و ل سالا (١٩٩٧)ێ ل ستەنبول هاتیە چاپکرن. هەژییە بێژین کو کامیران حاجۆ نڤیسکارەکی رۆژئاڤایا کوردستانێ یە و، ل سالا (١٩٥٩)ێ ل گوندێ (تربە سپی)ێ هاتیە دنیایێ. خویندنا لیسێ (ئامادەیی) ل باژارێ قامشلۆ ب داوی ئانییە و، ل سالا (١٩٨٣)ێ کۆلیژا ئەندازیاریێ- پشکا میکانیک ل زانینگەها حەلەب تەمام کرییە و هەر ل وێ سالێ دەست ب بەلاڤکرنا نڤیسێن خوە کریە، ب تایبەتی ل رۆژنامە و گۆڤارێن وەکە ئارمانج، وەلات، نوودەم، مەتین، ستێر، گەلاوێژ، پەیان، دەنگی کورد، هەڤگرتن و پرس.. ئەڤ کۆمەلا چیرۆکێن وی (کەلەڤاژی) یەکەم بەرهەمێ وی یێ چاپکری بوویە.**

**(رامان)**

# ڕمووزن

**ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**



خاتوون لەبەر دەلاقە چکۆلەکە ڕاوەستاوە و چاوی لە (کێوی دووبرا کوژراو) بڕیوە. دوای چەند چرکە ڕوانین دەگەڕێتەوە بۆ لای وەجاخەکە، هەڵیدەکات و قابلەمەکەی دەنێتە سەر.

«با جارێ ئەو دوو چڵە پیوازە بجنم، هەر باشە بەو بۆنەیەوە تۆزێ دەگریم. ناچارم لەبەر دڵی ئەو دوو کچە هەر خۆم بخۆمەوە. مەگین کاتێک بە تەنیام تۆزێ بگریم و کوڵی دڵم دامرکێنم. جا ئەوە ژیانە؟ وەرە نەوێری بە ئاشکراش بگری. سەد جار مەرگ خۆشترە لەو ژیانە.

«ژیان! بلێ گنخان و پرووکان لەبن توێژێک پەڕۆپاڵی ڕەشدا. خۆزگە ئەم پەڕۆیانە ئاوریان تێبەربێ و بەجێی ئەم گنخان و پرووکان و پووکانەوە بەرەبەرە و پڕ لە ئازارە، ببنە باڵی سوور و نارنجی و هەڵم فڕێن. ڕۆحە تەم لێ نیشتووەکەم هەڵگرن و لەگەڵ دووکەڵێکی خەست و بۆکڕووزێکی پشووبڕ بەرزی بکەنەوە و لەم خاکەی دوورخەنەوە. لەم ژیانەی داببڕن. لەم خاکە نەگبەتەی کە مرۆڤ ڕمموودەی کردووە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ جوانی و پاکییەکانی دەسڕێتەوە. خاک! خاکی چی؟! ئەم خەڵکە وەک قالۆنچەی گووخلێرکە دەمیان لەو تۆپەڵە قوڕە ناوە و بە دەوریدا دەخولێنەوە و هەزارباری پێدەکەن.، بۆ ئەوەی لە نێوی بەرن. ئاخری لە نێوی دەبەن!»

بوغزێکی تاڵ گەرووی گرتووە. خەمێک دڵی ڕێک دەگوشێ، هەڵقرچانە لە ناخەوە.

«ئاخ زەوی، دەرد و ئازاری تۆش بەدەست ئەوخۆرکە و مۆرکانەوە هێندە زۆرە، خەریکم لە تاوی تۆ ئازارەکانی خۆمانم لە بیر دەچێتەوە.» دیسان هاتووەتەوە بەردەقالەکە. تەمێکی لێڵ بەری چاوی تەنیوە. دەورییە پیوازەکە دادەنێ و دەستێک بەشووشەکەدا دێنێ. کێردەکە بە دەستی چەپەوەیەتی، ئەویش دادەنێ. دەستێک بە چاوەتەڕەکەیدا دێنێ. تەمەکە دەڕەوێ، بەڵام

هەروا لێڵی دەبینێ. دەربیجەکە دەکاتەوە، دیسان چاو لە کـێـوی دووبرا کـوژراو دەبڕێ. جگە لەو کـێـوە هیچ جێگایەکی تر دیار نییە. کێوەکە هەڵدڕ هەڵدڕ کراوە و تەپوتۆزی لێ هەڵدەستێ.

کەڵپەی شۆڤڵ و بۆڵدزێر دایدەپاچن. لە داوێنیشەوە دووکەڵێک هەڵدەچێ و خەریکە لەگەڵ نەرمەبای دەمەو نیوەڕۆ دەچێ خۆ لە پەلک و گەڵای ئەو دارانەی بەرقەدی کـێـوەکـە هاڵێنێ کـە زۆربەیان گـابەردی جـاڵەبوو لەبەر دەمـیـاندا گـیـرساوەتەوە و لەوانەیە چۆکی زۆریشـیـانی شکاندبێ. هەناسەیەک هەڵدەکێشێ.

«دەی بۆ چۆکی من نەشکاوە؟ دوو کـەڵم بەسـەردا نەکراوە؟ خەریکم خەم بۆ سروشت دەخۆم؟»

هەناسـەی سـواربووە. گـەرمـایەکی تاقـەتپـڕووکـێن خـەریکە لە ناخـەوە لەشی دەتوێنێـتـەوە و هەتا شـانی سەری لە دەلاقەکە بردۆتە دەرێ. جگە لە کێوەبریندارەکە هیچ کوێی دیکە نابینێ. قوونەبانی چەند سارىان دیارە، جـاروبار چۆلەکە لەسـەریان دەنیـشنەوە و هەڵدەفـڕنەوە. گـوێسـوانەی تەویلەیەک لەبەری لای ڕاسـتەوە دارەکـانی وەک ددانی زەرد و شـاشی پیـاوێکی تووڕە و غـەزریو ڕیچەی لێ دەکا. جاروبار شمشێر باڵ بە پڕتاو دێن و خۆ بەکـەلێنی ئەو ددانە ڕزیوانەدا دەکـەن، بە پەلەش دێنەوە دەرێ و باڵ دەگرن. ڕەنگە ئەم دیـوارە خەمبارانەش تەنیا دڵخۆشیان ئەوزیندەوەرە وردیلانە بن.

«دەی ئەو پـەلەوەرە وردانە بـۆ دیـوارەکــانیـش هۆی دڵخـۆشی نەبن، لانی کـەم بۆ ئێـمـە هەن. لەوان زیاتر چاومان بە هیچ کەس و هیچ شتێک ناکەوێ. هیچ کەس ناوێرێ بێـتـە مـاڵـمـان. چەند سـاڵە ئەودیوی دەرگـای حـەوشـەکـەمـان نەدیوە. ڕۆژی چەند چرکـە، کـاتێک کـە ڕمـووزن دەڕواتە دەرێ لەو دەلاقـەیەوە چاو لە کـێـوی دووبرا کـوژراو دەکـەین و هەڵدێینەوە سـەر فـەرشـەکـە. ژووری فـەرشـەکـەش تاقـە دەرووی ڕووناکـیـیـەکـەی ئەو شووشەیەی سەردەرگا یەک تاییە ژەنگاوییەکەیە. کاتێک ڕمووزن لە ماڵێ نییـە گـلۆپەکـە هەڵدەکـەین و دەتوانین جوانتر هیلمە و ڕەنگەکان لێک بکەینەوە.

(خـودا غـەزەب لە پوورە ئایشێ گـرێ دوومـانگ هات لێرە دایکوتا و ئەو تەونە نەگبەتییەی فێرکردین.) ڕۆژی چەندجار بەنۆرە دەچینە بەرپەنجەرەکە و چاو لە کێوەکە دەکـەین. جـاران ئەو کـێـوە جـوان و سـەوزەپۆشـە ڕۆحی دەلاواندینەوە و دیمەنی بەژن و باڵا ڕازاوەکـــەی تـەمی خـەمـەکـانی تۆزێ دەڕەواندین. ئێـسـتـا ئـەویش بەدەردی ئێمە چووە و جەستەی تواتوا بووە.»

سـەری هەروا لە دەلاقـەکە هێناوەتە دەرێ، سـووچێکی دەرگـای حـەوشـەکـەی لێ دیارە. دەروازەیەکی ئاسنی قورس، ژەنگی هەڵێناوە و قەت ڕەنگی بەخۆیەوە نەدیوە. پشیلە ڕەشی دەستەمۆی ڕمووزن لە سووچێکی دیوارەکە قنگەڵسـتـی داوە و چاوی زیت و زەردی لە شـوێنێکی نادیار بڕیوە. لەسەر پشیلەکەوە چاوی دەگوێزێتەوە سەر دەروازە ژەنگاوییـەکـە. ئەو دەروازەیەی ڕۆژێ چەند جـار دەکـرێتـەوە و ڕمـووزن لێـوەی دێتـە ژوورێ، پێ دەنێـتـە حـەوشـە و غـەزریوانە جگەرەکـەی بە لالێـویەوە دەنێ و بەرەو ژووڕە تەنگ و شێدارەکە سەر پێوەدەنێ و پشیلە ڕەشیش بە دوایدا دێتە ژوورێ.

سەری کێشاوەتە دەرێ و چاوە تەم لێ نیشتووەکانی بەدار و دیوار و دیمەنی کێوە بریندارەکەی دووبرا کوژراوەدا دەگێڕێ. جلە ڕەشەکانی باوەشیان لە لەشی وەرهێناوە، گـیـانی گـۆڕەوشـار دەدەن و خـوێن و تەڕایی جـەسـتـەی دەچێنن. وشکی دەکەن، لە پڕ دەرگـای حەوشـەکـە تەقـەی قـوفـڵـەکـەی دێت و بەپەلە سـەری دەباتەوە ژوورێ. دەروازەکـە لەسـەر جـیـڕەیەکی وشک و مـێـشک تاسـێن دەکرێتەوە. بەباقـەیەک دووکەڵەوە دێتە حەوشەو شەققەی توندی دەرگاکە دەیانتاسێنێ. بەرلەوەی بەرەوژووری مل پێوەنێ ئەو ژوورەی کە ناویان ناوە چێشتخانە و زیاتر لە تاریکخانە دەچێ، چونکە تەنیا شوێنێک کە ڕووناکایی لێـوە دەڕژایە ژووری ئەو دەلاقـە چکۆلە بوو. ئەویش پەنجـــەرە نەبوو، بەر لـەوەی ژووری پێش ئەو دروست بکەن- ژووری فـەرشـەکـە- تاقـە بوو. تاقـەیەکی چکۆلە بوو لەچکە کۆنێکی پێدا بەردرابۆوە. بوخچەی جلەکانی دایکیانی لەسەر بوو.

کـاتێک ئەو ژوورەیان دروست کـرد، ئەم چێشـتـخـانەیە تاریک داگـەڕا و لە هیچ کـوێوە ڕووناکی تێ نەدەکـەوت. ڕمـووزن جلەکـانی داگرت و تاقەکەی دیواودەر کـرد، ئەو چوارچێوە دارینەی تێ گرت و ناوی نا دەلاقە. ئیتر دوای ئەوە چاویان بەجلەکـانی دایکیـان نەکـەوتەوە. نەیانزانی بردی بۆ کوێ و چی لێ کردن.

«بریا لە ڕووناکـایی ئەو دەلاقـەیەش بێبـەش بوایەین، بەڵام جلەکـانی دایکم هەر بمایەن، بۆ ئەوەی ڕۆژی چەند جار بۆنیـان پێوە بکـەین و بەسـەریدا بگرین و کـوڵوکـۆی دەروونمان دامرکێ.»

تەقەی دەرگاکە هات و خۆی کرد بە ژووری تەونەکەدا، تاپۆیەکی ڕەش بە باقەیەک دووکەڵ و بۆنی خڵتەوە بەری ئەوتۆزە ڕووناکییەیشی گرت. بەسێ و ئینتیهای خوشکی لەسەر تەختەی فەرشەکە هەستان و بەپێوە وشک بوون. سەریان بەردایەوە و ڕەنگی مردوویان لێ نیشت. لە دوای مردنی دایکیان ئەم قانوونە- وردە وردە یان کتوپڕ لە بیریان نییە- جێ کەوت و ئیتر ناتوانن بە موو لێی لادەن. هەتا دایکیشیان مابوو هەروا غەزەب بوو. ڕۆژنەبوو بەهانەیەک نەبینێتەوە بۆ کێشە و هەرا و لێدانیان. کاتێک دەهاتەوە ماڵێ ئیتر قسەکردن قەدەغەبوو، هیچیان هەقیان نەبوو زمانیان بگەڕێ. کەپێی دەنایە ژووری، لەشیان دەبوو بە بەرد و زمانیان دەبوو بە لەتکە گڵمتکێکی وشک.

«حەتمەن ئێستا چاو لە فەرشەکە دەکا. لەو خەتەی بەیانی لێی داوە. هەموو بەیانییەک کە دەچێتە دەرێ، هەرچوار قامکە خەریتەکەی لەسەر فرێتەکە دادەنێ و بە قەڵەمێکی ڕەش دیاری دەکا.»

– هەتا نیوەڕۆ ئەوەندە.

ئەوانیش سەریان بەردەدایەوە و ژانێک، تەزوویەک یان ترسێک بەسەرتاپای لەشیاندا مێرووڵەی دەکرد. تەنانەت نەیاندەوێرا چاو لە چاویشی بکەن. چەند ساڵە چاویان بەروخساری نەکەوتووە.

«بەش بە حاڵی خۆم تەنانەت شێوەیم وەبیر نایەتەوە. نازانم لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا ڕەنگی گۆڕاوە، ڕیشی سپی بووە، ددانی کەوتووە؟

نازانم شێوەی ئەدگاریم لە بیر نەماوە. تەنیا کاتێک دەتوانین چاوی لێ بکەین کە پشت هەڵدەکا و دەڕوا بۆ ژوورەکەی خۆی، یان دەڕواتە دەرێ.»

چەند خولەکێک لەمەوبەر هات بەلای چێشت لێنانەوە، قامکێکیان مابوو بگەنە دیارییەکە. گوتی: «خوشکێ گیان دەستی لێ هەڵێنێ، من دەبێ بڕۆم بەلای چێشتەکەوە، ئێستا دێتەوە نان و چێشت سازنەبێ...»

زرمەی لاقی هات و دەنگی هەڵبڕی:

– داوەشێن، داڕزێن، تەواوتان نەکردووە؟ ئەی لە بەیانییەوە چیتان کردووە، بەسێ کەس... مردبوون؟!

تەپەیەک و تەقەی بەربوونەوەی قولاپ و کەرکیت. لەدواوە لەچکە و قژی بەسێ و ئینتیهای گرت و بەری دانەوە خوارێ. وەک هەمیشە.

هەموو ڕۆژێک ئەوە پیشەیەتی. ڕۆژێک لێیان نەدا نابێ، کاتێک لەسەر فەرشەکەن و سەریان داخستووە، دەرگاکە دەکاتەوە، دێتە ژوورێ، لەبەر دەرگاکەدا ڕادەوەستێ هەتا جگەرەکەی تەواو دەبێ، قوونچکەکەی لەبن پێیدا دەکوژێنێتەوە و کەلاقی لە عەرزەکە دەخسکێنێ دەزانن، جگەرەکەی تەواو بووە. چاوی لە پشتەسەریان بڕیوە. سێبەرەکەی ژوورەکەی تاریک داگیراوە. بەری ڕۆشناییەکەی گرتووە. پشیلەکە خۆی لە دەلینگی پانتۆڵەکەی هەڵدەساوێ. هەڵدێتە ژێر تەختەکە و دێتەوە لای لاقی. ڕمووزن دوای ئەوەی بەرچاوی ڕوون بۆوە و چاوی بە تاریکایی ژوورەکە ڕاهات، چۆوە پێشێ. کچەکان هەستیان بۆتە چرکە ژمێر، دەزانن چەندە لەپشت سەریان ڕادەوەستێ، ئەوەندەی کێشانی جگەرەکەی.

بەپێوە سەریان دادەخەن و چاوەڕوانن قژیان بگرێ و لەسەر تەختەکە بەریان داتەوە. لە پڕ باشووی چنگی لە ڕیشۆڵەی پرچیان ڕۆدێ و بەسەرەوە بەریان دەداتەوە. پێلاقە و مست و چەپۆک دەخاتە کار. پشیلەکە هەڵدێتە سووچێک و قنگەڵتس دەدا و چاوی زیت دەکاتەوە. تەنیا دەتوانن دەست بەسەریانەوە بگرن و ددان بەجەرگی خۆیاندا بێنن. هەقی گریان و هاواریان نییە. خۆی دەڵێ: «پرووکەتان لەدەم بێتەدەرێ، سەروبن هەڵتاندەواسم بەو دەستەکی بن میچەدا و شووڵکەتەڕ دێنم.» زرمەی مست و پێلاقە خاتوون دەتاسێنی.

«ئەودوو خوشکە چارەڕەشەم ئێستا لەژێر ئەوزەبرە دڕندانەیەدا دانیان بەخۆیاندا گرتووە و لەژێر مست و پێلاقەکانیدا جینگڵ دەدەن.»

حەوتووی پێشوو ئێوارەیەک هاتەوە و دەستی کرد بە لێدانیان، بە پێلاقە دای بەپشتی ئینتیهادا و نرکەی لێ هەستاند. خاتوون بەسەر ژان و ئازاری خۆیدا خەمی ئەوی بوو. ئەوو بەسێ لەژێر گوپاڵەبارانی مست و پێلاقەدا بوون. چاوەڕێ بوون زەبرێکی ئاواش وەئەوان بکەوێ.

لەبنەوە چاوی لە لاقی ڕمووزن و جەستەی تخێڵ بووی ئینتیها بوو. زیتەی زەردی چاوی پشیلەکەش، دەتگوت پێدەکەنێ. لە تاوی خوشکی زەندەقی چوو. هەر ئەوەندە بوو گیانی دەرنەچوو.

«کوشتی، حەیاتی لێ بڕی، چاکتر، نەجاتی بوو. هەزارجار مەرگ باشترە لەو ژیانە. بەختی خۆی نەجاتی بوو.»

پشتی کردۆتە دەلاقەکە و چاوی لە گڕی وەجاخەکەیە.

گوێشی لە زرم و کوتی مست و پێلاقەیە. دەڵێی پێلاقە بەسەر دڵیدا دەدا.

«هەر ئێستا دێ بۆ جەستەی منیش.»

چاوێک لە کراسە ڕەشەکەی دەکا و چاوێکیش لە گڕی وەجاخەکە: «ئەم جلەڕەشانە چەن خۆشە ببنە سوور و نارنجی، چەند خۆشە ببنە سوور و نارنجی، ببنە باڵ، خۆم و ژوورەکەش پێکەوە باڵ بگرین. ببینە دووکەڵ و بڵێسە و باڵ بگرین، بەڵام دڵم نایە، یان ناوێرم، نازانم، لە ئاورەکە دەترسم یان لە مردن؟ نا، لە هیچیان ناترسم، لەوە دەترسم ئەو دوو خوشکە بەستەزمانەم لە بەردەستی ئەو ڕمووزنەدا بەجێ بێڵم.»

«دەی چیت پێ دەکرێ؟ خۆ بوون و نەبوونت بۆ ئەوان هەروەکو یەک وایە. بۆ دەتوانی دەستی بگری؟»

«نا، لانیکەم کارەکەیان لەگەڵ دەکەم، کارێک دەکەم بەهانەی نەکەوێتە دەست. نا، نابێ بیر لەشتی وا بکەمەوە.»

پیرێ بەسێ لەسەر فەرشەکە بە چاوی فرمێسکاوی و بەدەم هەنیسکەوە گوتی: «خوشکێ وەرن با خۆمان و ئەم فەرشە گڵاوە و ماڵەکە ئاور تێ بەردەین و نەجاتمان بێ.» سەری بەسێی بەسینگییەوە نا ڕوومەتە تەڕەکەی ماچ کرد. سوێرایی فرمێسکەکەی لێوی کزاندەوە. گوتی: «نا، بیر لە شتی وا مەکەنەوە خوشکێ، خودا گەورەیە، بڵێی دەردێکی بۆ نازڵ نەبێ؟» ئینتیها گوتی: «ئێوەش ئەو کارە نەکەن، من ناچارم. من حەتمەن دەبێ خۆم ڕزگار بکەم. من ئیتر زۆر لە ئێوە... چارە ڕەشترم...» بەدەم قوڵپی گریانەوە دوایین وشەی دەربڕی. دوای پێلاقەکەی ئەو ڕۆژە ئینتیها ماوەیەک بێ هۆش بوو. ڕمووزن دەستی لە لێدانیان هەڵگرت و ڕۆیشتە دەرێ. بە پلیکانەکاندا وەسەر کەوت و چووە ژوورەکەی خۆی. ئەو ژوورەی دیوار بە دیواری ژووری فەرشەکەیە و کورسییەکەی بەرزە. چوار پلیکان لە دوو ژوورەکەی دیکە بەرزترە. هەمیشە قوفڵێکی گەورەی پێوەیە و داخراوە. هێشتا هیچکامیان نێو ژوورەکەیان نەدیوە. کاتێک نان و چێشتیشی بۆ دەبەن دەبێ هێواش لە دەرگاکە بدەن و سەر داخەن. بیدەنە دەستی و بە هەڵاتن بچنەوە خوارێ. ڕمووزن و پشیلەکەی لەو ژوورەدا دەژین. هەمیشەش یەکەم پارووی نان و چێشتەکە دەدا بە پشیلەکەی و دوای چەن ساتێک خۆی دەست دەکا بە خواردن. خاتوون و بەسێ هەستان و چوونە ژوور سەری ئینتیها. گریان. گریانێکی بێدەنگ. گریانێکی خنکێندراو. گریانێکی مردوو. خاتوون دەستی نایە سەر دڵی، سەری نا بە سینگییەوە، وەک تەپڵ دەنگی دەهات. هەڵات بۆ چێشتخانەکە و پەرداخێکی ئاوی سارد هێنا. لەسەروچاوی پرژاند، بە ئارامی چاوی هەڵێنا. قومێک ئاوی کرد بە دەمییەوە. باوەشیان پێداکرد و خەریک بوو قوڵپی گریانەکەیان بتەقێتەوە، گریانێکی ئاوێتەی شادی لە ژوورەکەدا دەنگ بداتەوە.

هەڵیانساندەوە. پشتیان نا بەدیوارەکەوە و دایان نیشاند. خاتوون قومێکی تری ئاو بە دەمییەوە کرد. ڕەنگی ببووە چۆری شیر. سپی سپی هەڵگەڕابوو. نا زەرد هەڵگەڕابوو. پێڵووی چاوی دادەکەوت و بێ ئیختیار هەڵیدێنایەوە. لە پەستا ئارەقەی دەردەدا. بەسێ بەلۆی لەچکەکەی نێو چاوانی بۆ سڕی. ئینتیها بە جارێ ڕەنگی هەڵبزرکابوو. لەپڕ ڕەنگێکی هێناوبرد. چاوێکی لە خاتوون و پاشان لە بەسێ و داوێنی خۆی کرد.

سەری هەڵێنا و چاوی لە چاوی خاتوون بڕی. گلێنەی چاوی دەتگوت هەڵدەخولێن. جۆرێک ترس و سەرسوڕمان و تاسان بە ڕوخسارییەوە دیاربوو. بەپڕتاو داوێنی کراسەکەی خۆی هەڵدایەوە و دەستی برد بۆ بەینی ڕانی، شەرمێک لە چاوییەوە دارژا و لەگەڵ فرمێسک و ئارەقە تێکەڵ بوو. دەتگوت دەستی وشک بووە، لە بەینی ڕانیدا بۆتە بەرد و ئیتر ناتوانێ بیبزێوێ. لەپڕ دەستی دەرهێنا و چاوی لێ کرد. چاوی خاتوون و بەسێش لەسەر دەستی گیرسایەوە، هەر پێنج قامکی خوێناوی بوون. ئیتر ئەو شەوە هەتا بەیانی گریان و هەڵچۆقان و نەیانزانی چۆن ڕۆژیان کردەوە. دوای ئەو شەوە ئینتیها ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کزتر دەبوو و ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا. هێزی لێ بڕابوو. تەنانەت قسەشی بەجوانی بۆ نەدەهات.

هەروا پشتی لە دەلاقەکە کردووە و بەچاوی ئاوری وەجاخەکە دەخوا. دەنگی زرم و کوتی مست و پێلاقە تەواو بوو. چاوی لەسەر گڕەکەوە گوێستەوە بۆسەر دەرگاکە: «هەر ئێستا دەکرێتەوە و دێتە ژوورێ. نۆرەی منە.» وەردەسووڕێت و چاو لە کێردەکە دەکا، لەسەر دەورییە پیوازەجندراوەکەیە و لەبەر دەلاقەکە داندراوە. قابلەمە ئاوەکە قوڵتەی دێ و هەڵمی لێ هەڵدەستێ. دەستگرەکە بە بزمارێکدا هەڵواسراوە، بە پڕتاو چاوی لەسەر کێردەکە و قابلەمەکە و دەستگرەکە دێت و دەچێ. دەست دەداتە کێردەکە، چاوێک لە نووکە تیژەکەی دەکات

و دایدەنێتەوە. دەچێ بۆلای دەستگرەکە و لە بزمارەکەی دەکاتەوە. بە هەردوودەست قابلەمە ئاوەکە دەگرێ و چاو لە دەرگاکە دەبڕێ. چاوی لە ڕەشەوە دێ. دڵی تێکەڵ دێ و خەریکە بەلادا دێ. خۆشی نازانێ بۆ ئاوا تووشی سەرەگێژە بووە. هەردوودەستی بەدەستگرە و قابلەمەکەوەیە، لەپڕ دەرگاکە دەکرێتەوە و ڕمووزن چاوە سوورەکەی تێ دەبڕێ. لەمێژە ڕەنگی چاوی نەدیوە، ڕوخساری نەدیوە. قەت نەیان وێراوە سەرهەڵێنن و چاو لە چاوی بکەن. ڕمووزن چاوی لە چاوی خاتوون بڕی. هاتە پێشێ. خاتوون بەدەستێک سەری قابلەمەکەی لابرد و لەو لاوە داینا. ئاوەکە قوڵتەی دەهات و جارجار بەلێواری قابلەمەکەدا دەهاتە خوارێ و چزەی لە ئاورەکە هەڵدەستاند. سێ هەنگاوی ماوە بیگاتێ، بەڵام هێندە دوورە لە بەرچاوی تەنیا تارماییەک دەبینێ. ژوورەکە هۆگانێک گەورە بۆتەوە. دەرک و دیوار دیارنین، دەشتێکی کاکی بەکاکی. تارماییەکە دێتە پێشێ. خاتوون هەروا دەستی بەدەستگرە و قابلەمەکەوە دەلەرزێ. چۆکی خەریکە دەنووشتێتەوە. هێزی لێ بڕاوە. هەنگاوێکی تر هەڵدێنێتەوە و دەستی دەکێشێ بۆسەر و قژی. کچە هەموو هێزی خۆی لە دەستیدا کۆدەکاتەوە و دەیهەوێ قابلەمە ئاوەکە بەرز کاتەوە.

ناتوانێ بەقەد گابەردێک قورسە. دێتە پێشێ و بەدەستێکی قوڕگی دەگرێ و بەدەستەکەی دیکەی قژی. ڕمووزن پڕ بە ژوورەکە دەنەڕێنێ و خاتوون بە نەڕەکەی دادەچڵەکێ. لەو دیوەوە دەنگی هەڵێنا:

– کوانێ ئەو قەحبەیەی دیکە؟

کچە چاوێکی لە کێردەکە کرد و بە نیگای دەم و نووکە تیژەکەی سڕی. دەستی بەدەستگرە و قابلەمە ئاوەکەوەیە. هاڵاوی قابلەمەکە شاڵاو دێنێ بۆ سەروچاوی. سەرەکەی لابردووە. خۆی بەدەرگاکەدا دا و کردییەوە. لاقێکی لەم دیوی دەرگاکە و لاقێکی لەو دیو، خاتوون قابلەمە ئاوەکەی پێدادا. ڕاست دای بەسینگ و سەروچاویدا. هێشتا دەستی نەگەیشتبووە دەموچاوی، دەمەوڕوو کەوت. کچە وەرسووڕا و دەستی داکێردەکە. هەلینگی دایە و سێ جار لە سەریەک ئەوەندەی هێزی تێدابوو کێردەکەی بەموغەرەی پشت و کورتەکەلەکەیدا کرد. ڕمووزن تلێکی دا و کەوتە سەر پشت، ویستی هەستێتەوە، وای نەڕاند لەوانە بوو جەرگ و دڵی کچەکان داکەوێ. خاتوون چوارەم زەبری ڕاست لە سەردڵی دا و نووکی کێردەکە هەتا بن دەسکەکەی چووە خوارێ. چاوی لە سەروچاوی کرد ببووە یەکپارچە بلۆق و سوور هەڵگەڕابوو. چاوی لە بەینی دوو بلۆقدا بە مۆلەق وێستا. لەپڕ کچە هاوارێک لە گەروویدا تەقییەوە و هەڵات بۆ لای بەسێ و ئینتیها و باوەشیان بەیەکتردا کرد.

دوای ساڵانێکی زۆر توانییان بە دڵ بگرین و بەدەنگی بەرز کوڵوکۆی دڵیان هەڵڕێژن. دوای ئەوەی کوڵی دڵیان دامرکا، چوونە حەوشە و بیست لیترییەک نەوتیان هێنا. هەنگاویان بەسەر تەرمی ڕمووزندا هەڵنایە و چوونە چێشتخانەکە. لە دەلاقەکەوە چاویان لە کێوی دووبرا کوژراو بڕی. هەمووی هەڵدڕ هەڵدڕ کراوە و تەپوتۆزی لێ هەڵدەستێ. بەردەلاقەکەیان چۆڵ کرد و چوون بۆ لای بیست لیترییە نەوتەکە.

ئینتیها سەرەکەی لابرد و لە تەرەمەکەی باوکیان و دار و دیوارەکە و هەردوو خوشکەکەی پڕژاند. بیست لیترییە نەوتەکەی دایە دەست خاتوون.

ئەویش ئینتیهای خووساند و بڕێکی دیکەشی لە وڵات پڕژاند. وەجاخەکە هەروا دەگڕێ. بیست لیترییەکە بڕێکی نەوت تێدا ماوە، خاتوون بردی لەسەر وەجاخەکەی دانا. دەستیان کردە ملی یەکتر و چوونە بەر دەلاقەکە. نیگای چاویان بەرەو کێوەبریندارەکەی دووبرا کوژراو هەڵفڕاند. سێ چۆلەکە لەسەر گوێسوانەی دەستەڕاستی دەلاقەکە نیشتبوونەوە. سووک و قوشقی ملیان دەسووڕاند. دەتگوت باشوویان دیوە.

لەپڕ هەڵفڕین و ڕوویان کردە کێوە بریندارەکە و بە ئاسمانەوە بوونە سێ خاڵی ڕەش و بزر بوون.

دووکەڵێک خەریکە لەگەڵ نەرمەبای دەمەونێوەڕۆ خۆ لە ماڵەکانی ئاوایی هەڵدەساوێ. بۆ کوڕووزێک ئاسمانی گوندەکەی داگرتووە و هەواکەی قورس کردووە. دوای چەند خولەک خەڵک بەرەو بۆنی کەباب خێزەرە دەبەستن.

# سێ چیرۆکیلە

**فوئاد میرزا**
**وەرگێڕان و پێشەکی: جەلال زەنگابادی**



## گەواڵە هەور

گەواڵە هەورە چکۆلەکە پێکەنی و بە لاقە دووکەڵینەکانی هەڵیکوتایە سەر گەواڵەیەکی چکۆلەتر و تارومار ی کرد مینا کلووە بەفر و پەمۆ. گەواڵە هەورەکە لە خۆشییا ، لە کانگای دڵییەوە پێکەنی و بە کلووە پەراگەندەکانی گوت:

– ئێستا دەبمە شوانێکی بلوێردار و بە ئەفسوونم دەتکەمە بەرخێک و پاشان کەڵە کێوییەک. ئینجا گەواڵەکە بەڕاستی بووە شوانێکی بلوێرژەن و ئاوازێکی دڵفڕێنی ژەنی کە گەواڵە چکۆلەکەی کردە بەرخێک، پاشان کەڵەکێوییەک و پاشڕا باڵندەیەک. بە لاسارییەکی زارۆکانە کە مەگەر بێزاری بیبزوێنێت، گەواڵە چکۆلەکە بە چرکەیەک بووە دەیان شێوە و شت: لە درەختچەیەکەوە بۆ سەری پیرەمێردێکی شکۆمەند، بۆ حوشترێکی دوو لوور، بۆ فیلێکی لمۆزدار، بۆ شەیپوورێک، بۆ کیژۆڵەیەکی فەیلی بە ناوی (نەسرین)

هەموو ئەمانە ڕوودەدەن لە ڕووی ئاسمانی شینی گەشی هەڵهاتوو بەسەر نەسرینی پێکەنیوی هەڵاتوو بە ناو کۆڵاندا لە دەستی عەللاوی کە ساڵێک لێی بچووکترە و ناگەیەتە شادی و غاردانی.

**١٩٧٤**

## کۆڵانەکانی حەپەسان

ڕوخساری خۆی لە ئاوێنەدا پشکنی، دیارە هەمان ڕوخسارە چکۆلە لە شادی لێوڕێژەکەیە لەبەر چاوی، قژیشی لە دوێنێوە بێنازەو ئاویش چارەی پەڵەپەڵە مۆرەکانی ناکات و بۆ دایکی جارەهای جار سوێنی خواردووە. پێش ئەوەی دایکی بیبینێت بۆی دەرچوو، هەستی بە کامەرانی دەکرد. ئاواتە خوازبوو خەڵکان ڕاگرێت و چەنە بازییان لەگەڵدا بکات. هۆی کامەرانی

خۆی بدرکێنێت، کە دوێنێ ژنە هاوسێکەیان هات و وەلکانێکی پێشکەش کرد و لەژێر لێوەوە وتی:

- ئەرێ کورێژگە چەند هەژاری!

لە میان شەوەزەنگدا دەنگی دایکی بیست کە خۆش و غەمگینانە دەستراو، ئەستێرەکان دەبزوان و دەکەوتنە پشتی پەردەیەکی نهێنییەوە. چاوەیلی نەدەنووقان و هەر بیری لە وشەکانی ئافرەتەکە دەکردەوە.

کە بەیانی داهات، داماوانە لە دایکی پرسی:

- ئەرێ دایە گیان ئێمە هەژارین؟!

- بەڵێ ڕۆڵە

- هەژارگەل کێن؟

- هەموو مەردم.

باش تێنەگەیشت، وەلێ چونکە وەلکانێکی هەبوو، هەستی بە شاگەشکە دەکرد.

لە نێوان خەون و بێداریدا ئۆتومبێلێک بلەز تێپەڕی و لە پێچەکەدا دیارنەما. تەماشای وەلکانەکەی کرد و لە دڵی خۆیەوە وتی:

- ئەم وەلکانە گچکانە کە دەژین و دەمرن، ئێسکۆڵەکانیان ورد و خاش دەبن و ناڵێن ئاخ! لەسەر زەمیندا، نە کامەران و نە غەمبار بوو، بێ فرمێسک دەگریا.

**١٩٧٤**

## ئەو ڕۆژە کە ماسییەکان فڕین

هەرگیز کەسێ پێشتر کوڕێژگەیەکی وا درێژی نەبینیوە. لاواز و باریک وەک مەچیر.. گاڤا دەچێتە سەربانی خانووەکە لە میان ئاپۆڕەی زارۆکان کە بۆ ڕاوە ماسی ئەفسوونباری فڕندە خڕ دەبنەوە، لە گشتمان درێژترە، بۆیە لە هەمووومان بەختیارترە لە ڕاوکردنی ماسییە فڕندەکان. تۆڕێکی قووچەکی چەسپێنراو بەسەر حەیزەرانێکی درێژی دەهێناو، چەند جارێک بە دەوری خۆیا دەخولایەوە و تۆڕەکەی بەرزدەکردەوە و ماسییەکان دەکەوتنە ناوی.. ماسیگەلێکی زێڕین و زیوین، درێژکۆڵەی دەندوک ئاساو، پانکۆڵەی پلێشاوی دەندوک تیژ و، چاو تووڕەکانیش، بۆرە ماسی و سوورەماسی و زووری.. هەر هەموو دەکەفتنە دیلی تۆڕە فڕندەکەیەوە. کەمێک ڕادەوەستا و تۆڕەکەی بە بزاڤێکی فڕناخئامێزەوە ڕادەوەشاند و سەبەتە بەتاڵەکانمان تژی ماسیگەلێکی زیندوو دەبوون و چەند گاڤژمێرێک دەجوولانەوە. ئینجا دەستەکانی دەخستە سەر هەردوو کەللەکەی و بە دەنگێکی زرینگاو دەیدا لە قاقای پێکەنین.

ئێژن ئەو کوڕێژگە درێژە ئەفسوونباربوو. ڕۆژێکیان لە ڕۆخی (دیجلە) ورەوڕێکی کردو ماسییەکان ئاویان بە جێهێڵاو، لە ئاسمانی بەغدا بەسەر ماڵانا دەفڕین. نهۆش دێتەوە یادمان چۆن کوڕێژگە درێژەکە ڕۆژێکیان بەخۆیشی شێوەی گۆڕاو بووە شتێکی دووکەڵ ئاساو پاشڕا بووە گەواڵە هەورێکی ماسی ئاسا!

**١٩٧٤**

**فەرهەنگیلە:**

*** بۆرە ماسی: (بوننی)، سورەماسی: (شەببووت)، زووری: جۆرە ماسییەکن لە ئاوی ڕووباراندا دەژین.**

*** وەلکان: بووکەڵە.**

*** مەچیر: دەزوو.**

**سەرچاوە:**

**سایتی ماڵپەڕی الکاتب العراقي**

(www.iraqiwriter.com)

* چیرۆکڤان و هونەرمەندی شێوەکارییە.

* لە ساڵی (١٩٥٥) لە دایک بووە.

* کوردی فەیلییە و خۆی و خێزانی زۆر بەدەستی بەعسی فاشیستەوە چەوساونەتەوە و ئاوارە بوونە.

* لە (١٩٧٨)ەوە عێراقی بەجێهێشتووە و لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گیرساوەتەوە و ئێستا لەوورە دەژێت.

* بڕوا نامەی بەکالۆریۆسی ئەندازیاری ئەلیکترۆنی و ماستەری بەڕێوەبردنی کاروباری هەیە.

* زمانێن عەرەبی و ئیتاڵی و ئینگلیزی دەزانێت.

* دیموکراتییە و لە هیچ حیزبێک کاری نەکردووە.

* لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە چیرۆکیلە و کورتە چیرۆک دەنووسێت و لە زۆربەی گۆڤارە عیراقییەکان و دەرەوەی عیراقدا بەرهەمی بڵاوبووەتەوە وەک: تەلیعە ئەدەبییە، ئەلیفبا، ئاداب، کەرمەل، ئەلسەقافەلعەرەبییە و مەشارف..

* ئەندامی دامەزرێنەری هاوبەندی شێوەکارانی عیراقە لە ئەمریکا.

* سەرپەرشتڤانی گشتی دەزگای (ترای) ڕۆشنبیری سەربەخۆیە، کە چەند ماڵپەڕێک بەڕێوە دەبات وەک: ماڵپەڕێن نقیسکاری عیراقی و هونەرمەندی عیراقی، لەگەڵ بەشداربوونا لە چەندان چالاکیێن ڕۆشنبیریدا.



# عومەر مارف بەرزنجی:
# هێندەی ئازارم بەدەست ڕەخنە و ڕەخنە لێگیراوەوە بینیوە بڕوا ناکەم هێندە ئازارم بەدەست هیچ دەسەڵاتێکی سیاسییەوە بینیبێ

**هەڤپەیڤین:**
**ئازاد عەبدولواحید**

عومەر مارف بەرزنجی کە ساڵانێکی دوورودرێژە دەیناسم قەڵەمێکی بە بڕشتی بواری نووسین و ئەدەبیاتی کوردییە. مێشک و یادگەی ئەم مامۆستایە بۆ خۆی گەنجینەیەکی ئەرشیفییە و مێژووی سەرجەم نووسینی کوردی و ڕۆژنامەگەری و شیعر و ئەدەبیاتی کوردی تێدایە. کەم دەنووسێ و بڵاودەکاتەوە، بەڵام کە تەمەڵی بەرۆکی بەردا و دەستی دایە قەڵەم ورد و پوخت و جوان دەنووسێ.

ئەم نووسەرە پیاوێکی تا بڵێی هەست و دڵ ناسکە، پێویستە لێی نزیک ببیتەوە تا زۆر بە باشی بیناسی و لە ناخ و دڵ و دەروونی تێبگەی، کە لە زەمانەکەی گەیشتی بۆت دەردەکەوێ کەسێکی پاک و ڕاستگۆ و قسە لە ڕووە، دڵسۆزە بۆ ئیشوکارەکانی خۆی، ورد و لەسەرخۆیە لە نووسین و ڕاپەڕندنی کارە ئەدەبییەکانی. ڕاستە زوو توڕە دەبێ و هەڵدەچێ، بەڵام تووڕەبوون و قسەی لە ڕووی ئەو لە مەدح و ستایشی درۆیینەی زۆران کەسی ئەمڕۆ باشتر و بە سوودترە.

عومەر مارف بەرزنجی کە (٤٨) ساڵی ڕەبەقە خەریکی نووسینە تا ئەمڕۆکە لە سەرئێشە و زەرەر زیاتری لە ئەدەب بە چنگ نەکەوتووە، هیچ گفتوگۆ و دیمانەیەکی لەگەڵ هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێک نەکردووە، بەڵام گۆڤاری (ڕامان) توانی بۆ یەکەم جار بیدوێنێ و بچێتە ناو دنیای ئەوەوە، بۆیە لە سێ دانیشتنی سێ ئێوارەی یەک بەدوای یەکدا لە شاری سلێمانی لە باخچەی نەورۆز لە ڕۆژانی ١٧، ١٨، ٢٠٠٧/٦/١٩ ئەو گفتوگۆیەم لەگەڵی سازدا و وەک هەڤپەیڤینی تەمەن بە قووڵی بەناو ژیان و یادەوەری ئەودا گەشتێکمان کرد، وا لە خوارەوە دەقی ئەو گفتوگۆیە دەخوێننەوە.

**رامان:** لەسەرەتاوە پێمان باشە باسی ئەو ژینگە رۆشنبیرییەمان بۆ بکەی کە تێیدا پەروەردە بووی، کاریگەری ئەو ژینگەیە لەسەر تۆ چی بووە؟ خانەوادەکەتان، هەروەها ئەو شارەی تێیدا لە دایکبووی کە بەرزنجەیە کاریگەرییەکەی لە سەرتان چۆنە؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** شوێنی لە دایکبوونی من ئاوایی بەرزنجەیە، بە دووری چل و هەشت کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی سلێمانییەوە، بەرزنجە لە سەرەتای دروستبوونییەوە مەڵبەندێکی خوێندەواری و بنکەیەکی نیشتمانی و لانکەیەکی پیرۆز بووە، چەندین کەسی باڵا و ڕووی دیار و ناسراوی تێدا هەڵکەوتووە، هەر لەسەرەتاوە کەسانی بە ئاگا و مامۆستای بەدیمەن و فەرمانبەری دڵسۆز ڕوویان تێکردووە و کاروباری ناوچەکەیان بەڕێوەبردووە.

بەشبەحاڵی خۆم تا پۆلی سێیەمی سەرەتاییم لە بەرزنجە خوێندووە، لەلایەکی ترەوە بنەماڵەی ئێمە کەسانی خوێندەوار و بەئاگابوون، باوکم زمانی فارسی بە باشی دەزانی، شیعری حافز و سەعدی و شاعیرانی کوردی لەبەربوو، دەتوانم بڵێم سنگی تۆمارێکی کۆک و پۆشتەی شیعر و ئەدەبیات بوو، هەردوو براکانم لەمن گەورەتر بوون و من لەوان منداڵتر بووم، کە چاوم کردەوە لەماڵی خۆماندا کتێبم بینیوە، لەو سەردەمەدا ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ و هەندێک لەدیوانی شاعیرە کوردەکان و کتێبی تریشم بەدەست باوکم و براکانمەوە بینیوە، کاکی گەورەم (عەبدولقادر مەعرووف بەرزنجی) خولیا و سەوداسەری کۆکردنەوەی کتێب بوو، هەموویانی پاراستبوو.

**رامان:** ئابوونەی گەلاوێژتان هەبوو؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** لەوکاتەدا ژمارەکانی گەلاوێژ بۆ چەند کەسێک هاتوون، کاکیشم لەوانی وەردەگرت، بۆ نموونە مامۆستای خوالێخۆشبوو (محەمەد لاو محەمەد عەلی بەرزنجی) کە پورزامانە و خۆی یەکێک بوو لەنووسەرانی گەلاوێژ و ئابوونەیشی هەبوو.

**رامان:** ئەو کوردی خوێندنەوەی باوک و براکانت لەچییەوە دروستبوو؟ لەکێوە فێری بوون؟ چونکە ئەوکاتە کەمتر کوردی خوێندنەوە و نووسین برەوی هەبوو.

**عومەر مارف بەرزنجی:** باوکم لە سەرەتاوە لە حوجرەدا خوێندوویەتی، تێکەڵاوییەکی بەردەوامیشی لەگەڵ خوێندەوارانی ئاواییەکەدا هەبوو، هاوەڵێکی نزیکی



**ئازاد عەبدولواحید، عومەر مارف بەرزنجی**

مامۆستا (زێوەر) بوو، لەگەڵ مامۆستا (ئیبراهیم گوردی)دا وەک برا وابوون، دۆستێکی نزیکی شێخ نووری شێخ ساڵح و شێخ ئەحمەدی شێخ غەنی مامی بوو، لە شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستانەوە نزیکبوو، یەکێک لە خولیاکانی خوێندنەوە بوو، چەندین شیعری کوردی و فارسیم لەوەوە گوێ لێ بووە، تەنانەت ساڵی ١٩٦٠ کاک عوسمانی برام چەند شیعرێکی بەدەنگی باوکم تۆمار کرد، بەتایبەتی ئەو شیعرانەی کە چاپ نەکرابوون، وەکو شیعرەکانی ئەحمەدی کۆر.

**رامان:** ئەو شریتانە لەلای خۆتان ماون؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** بەڵێ هەموویانم پاراستووە.

**رامان:** ئەی لەبارەی کاکتەوە چی؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** کاکیشم عەبدولقادر مەعرووف بەرزنجی خوێندەوارێکی باشبوو، زۆر لە من گەورەتر بوو، قۆناغەکانی خوێندنی بڕیبوو، بەرزنجەی ئەو ڕۆژگارەش مەڵبەندێکی خوێندەواری و کاری نیشتمانی بوو، هەر لەو ساتەوە کە بەرزنجە کراوەتە ناحیە، ئەو کاربەدەست و مامۆستایانەی کە بۆ ئەم ناوچەیە دانراون هەموویان کەسانی لێهاتوو بوون.

**رامان:** ناویان دەزانی؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** زۆریانم نەبینیوە، لەسەردەمی مندا نەبوون، بەڵام وەک لە خوالێخۆشبووی باوکمم بیستووە کە باوکی مامۆستا جەمال بابان و کەریم بەگی حەمە بەگی قادر پاشای باوکی دکتۆر کەمال فوئاد و دکتۆر ئیحسان فوئاد و عارفی مەجید بەگ بەرو دوا بەڕێوەبەری ناحیە بوون، باوکی دکتۆر کەمال مەزهەریش لەوێ موفەوەز بووە، لەو ڕۆژگارەدا مامۆستایانی وەک (زێوەر و عەبدولمەجید نورەدین جەلیزادە و ئیبراهیم

گوردی و ئەحمەد یووسف و شێخ حەسەنی شێخ حەمە مارفی مەڵکەندی و عومەر عەبدولڕەحیم و عومەر عەلی ئەمین) لە قوتابخانەی بەرزنجەدا دەرسیان وتووەتەوە، کە هەموویان لە مامۆستا و کەسایەتییە دەرکەوتووەکانی کورد بوون.

**ڕامان:** ئەی سەردەمی خۆت؟ ئەوکاتەی لە بەرزنجە قوتابی بوویت؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** ئەوکاتەی کە قوتابی پۆلە بەراییەکانی قۆناغی سەرەتایی بووم، دەستەیەک مامۆستا لە قوتابخانەکەدا بوون کە خۆیان خەڵکی بەرزنجە بوون وەک (کەریم ئەحمەد بەرزنجی و شێخ عەبدولی شێخ محەمەدی بەرزنجی)، هەندێکی تریش لە سلێمانییەوە هاتبوون وەک مامۆستایان (ئەحمەد هەردی و حەمە نووری حاجی سەعید و ئیبراهیم عەبدوڵلا)، دوو مامۆستای عەرەبی مووسڵاویمان هەبوو بەناوی (هاشم و یووسف)، بەڵام بەڕێوەبەری قوتابخانەکە مامۆستای خوالێخۆشبوو (ئەحمەد یووسف) بوو کە لە سەرەتای ساڵانی چلەوە هاتبووە قوتابخانەکەوە، ئەم مامۆستایە لە بنەڕەتدا مەسیحی بوو، لەناوچەی (دهۆک)ەوە هاتبوو، خۆشەویستی و پیرۆزی ناوچەکە هاندەرێک بوو کە ببێ بە موسڵمان، بەدرێژایی ژیانی لەوێ مایەوە، هاوسەرەکەی لە بەرزنجە هێنا، کەسێکی هێمن و نیشتمانپەروەر و خۆشەویست بوو، جگە لەمانەش ئەوەی لە یادم بێت لە مزگەوتە ناودارەکەی بەرزنجەدا گەورەترین حوجرەی تێدا بوو، فەقێیەکی زۆر لەناوچەکانی تری کوردستانەوە بۆ خوێندن ڕوویان تێدەکرد، ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبیان بۆ دەهات، مامۆستای مزگەوتەکەش خوالێخۆشبوو (شێخ تۆفیقی شێخ ئەوڕەحمان) بوو کە بەیەکێک لە زانا ناسراوەکانی ئایینی ئیسلامی دادەنرێت، کەسێکی خوێندەوار، تێگەیشتوو، هاوڕێی خۆشەویستی مامۆستایان شێخ محەمەدی خاڵ و عەلائەدین سەجادی بوو.

دوای ئەوەی کە ئێمە لە بەرزنجە ماین مامۆستایانی خوالێخۆشبوو (شێخ محەمەدی شێخ غەریبی باساک و شێخ محێدینی شێخ مارف) بوونە مامۆستای قوتابخانەکە. لەو ڕۆژگارەدا کە دەکاتە ساڵانی ١٩٥٣-١٩٥٤ بەڕێوەبەری ناحیەکە (هادی ڕەشید چاوشلی) بوو

## نووسەران خۆیان لە سەرووی ڕەخنەوە دەبینن کە دیارە ئەوەش نەخۆشییە

کە پێیان دەوت (مدیرە سوور) و تا بڵێی کەسێکی توندوتیژبوو، تا سەر ئێسقان ڕقی لە شیوعی بوو، مەفەوەزێکی لێ بوو بەناوی (ئەحمەدی حەمە عەلی). خوالێخۆشبوو (شێخ ئەحمەدی شێخ غەنی) کە نازناوی (فەوزی) بوو دەیانوت شاعیرە و مامی شێخ نووری شێخ ساڵح بوو، لەوکاتەدا کاتبی ناحیە بوو، (عەلی عارف ئاغا)ی شاعیر مەئموری ئیستیهلاک بوو، (ئەحمەد شوکری)یش لە خەستەخانەکەی بەرزنجە بوو، لەوکاتەدا خوشکێکی مامۆستا (ولیەم یۆحەنا)یش لە خەستەخانەکە کاری دەکرد.

لە بەرزنجە پیاوێکی باریکەلەی لێ بوو، لەوکاتەدا دراوسێمان بوو، باری ئابووری باشبوو، ناوی (سەید ئەحمەدی شێخ محەمەدی بەنا) بوو، دوکانێکی باشی دانابوو، زۆرجار فەرمانبەرەکانی بەرزنجە دەچوونە لای و دادەنیشتن، دەیانوت شاعیرە و نازناوی (مەزڵوم)ە، بەڵام من لە تەمەنێکدا نەبووم کە بیری لێ بکەمەوە، ئێواران شێخ ئەحمەدی شێخ غەنی و عەلی عارف ئاغا و ئەحمەد شوکری لەلای دادەنیشتن و شیعریان دەخوێندنەوە و لەو بارەیەوە قسەیان دەکرد، ئەم سەید ئەحمەدە کوڕێکی هەبوو بەناوی (عومەر) هاوپۆلم بوو، باوکی شیعری پەروەردەیی بۆ دادەنا و پێی لەبەر دەکرد و بەیانیان لەڕیزدا دەیخوێندەوە و مامۆستایان و قوتابیان پێیان خۆشبوو، ئێستەش چەند دێڕێکم لەیادە:

**برا نەخۆشی دەردی نەزانی**
**نەزانی بۆیە بەخۆت نازانی**
**جەهل دەردێکی نادیارییە**
**فریای نەکەوی دەردت کارییە**
**بچۆرە مەکتەب شوێنی شیفایە**
**مامۆستا دکتۆر دەوای لەلایە**
**ئەو کتێبانەی لەبەردەستتایە**
**ڕەچەتەیەکە و دەوای تۆی تیایە**
**حەپی دەباشیر، شرینقەی قەڵەم**
**دەبێتە شیفای ئازار و ئەلەم**

**ڕامان:** وەک لە یادت بێت، یان بۆیان باسکردبێت، لەناو بەرزنجەدا چ حزبێک زیاتر برەوی هەبوو،



**عومەر مارف بەرزنجی – ١٩٥٩**

خوێندەوارەکان زیاتر پابەندی کام باوەڕە بوون؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** دەیانوت کە لە دروستبوونی حزبی هیوادا چەند خوێندەوارێک بوونەتە ئەندامی ئەو حزبە، ناوی کەسانی وەک (حەمەلاو محەمەد عەلی)م دەبیست، بەڵام دواتر ڕوویان کردە حزبەکانی تر، بەو سیفەتەی کە بەرزنجە مەڵبەندێکی سیاسی و نیشتمانی و ڕووناکبیری بووە، زۆریشیان لە جووڵانەوەکانی شێخی نەمردا بەشدارییان کردووە، بەڵام حەز دەکەم ئەو ڕاستییە بڵێم کە لەناو قوتابیان و خوێندەوارانی ناوچەکەدا بیروباوەڕی مارکسی و بزووتنەوەی ئاشتیخوازان قەبارەیەکی بەرچاوی هەبوو، لە ڕێکخستنەکانی پارتی کۆمۆنیستدا کاریان دەکرد، ئەو قوتابیانە پێش ئێمە بوون و لە ئاواییەکەدا بوون هەندێکیان خوێندنیان تەواو کردبوو، هەندێکیشیان لە قوتابخانەی سانەوی بەهۆی سیاسەتەوە فەسڵ کرابوون، دەهاتن و دەچوون، لەوانە (بابا عەلی شێخ ئیسماعیلی بەرزنجی) کە دواتر بوو بە مامۆستا و خاوەنی چەندین نووسین و وەرگێڕانە، یان مامۆستا شێخ محێدینی شێخ مارف، یان خوالێخۆشبوو (شێخ عەلی شێخ حەمە کاکە) کە باوکی بەختیار عەلی-یە، ئەمانە نموونەیەکی پاک و بێگەردی ئەوانە بوون کە بە سیاسەتەوە خەریکبوون و خۆشەویستی خەڵکیش بوون، کە ئەمە دەڵێم وەنەبێ بیروباوەڕی تریش لە ئاواییەکەدا نەبووبێ، بەتایبەتی دوای چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ پارتی دیموکراتی کوردستان ڕووبەرێکی باشی لەناوچەکەدا هەبوو. ناحیەی بەرزنجە مێژوویەکی دێرینی هەیە، لە کاتێکیشدا کە حکومەتی عێراق دامەزرا کراوە بە ناحیە، هەرچەندە ماوەیەکی کەم بەڕێوەبەری ناحیە لە ئاوایی گێڵدەرە دانیشتبووە، بەڵام لەسەر بڕیاری مەلیکی کوردستان گوێزراوەتەوە بەرزنجە، لەناو ئاواییەکەدا چەند مەزارگەیەکی پیرۆزی تێدایە و لەناویاندا (شێخ عیسا و شێخ مووسا)یە، (بێخود)ی شاعیر چەند جارێک سەری بەرزنجەی داوە و شیعرێکی جوانیشی بۆ وتووە کە تێیدا دەڵێ:

**گڵی یاقووتە، تۆزی عەنبەری سارایە بەرزنجە**
**گیای زمڕووتە، بەردی گەوهەری یەکتایە بەرزنجە**
**لەلای کوێر گەر بینای وەک دۆزەخە، ئەمما لەلای چاوساغ**
**وەکو قەسر و قوسوری جەننەتولمەئوایە بەرزنجە**
**بڵێ ڕووی تێنەکەن دەججال و فیرعەونی زەمان (بێخود)**
**کە جەولانگاهی شێخ عیساو و شێخ مووسایە بەرزنجە**

**ڕامان:** ئەوانەی لەبەرزنجە هاتوچۆی ماڵی ئێوەیان دەکرد کێت لێیان لە بیرەو لەو دانیشتنانەدا زۆرتر باسی چی کراوە؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** بەرزنجە ئاواییەکی کراوە بوو، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەست بوون بە یەکتری، باوکیشم لەگەڵ هەموویاندا تەبا بوو، هاتوچۆی یەکتریان دەکرد، چەندین جار خوالێخۆشبوو شێخ لەتیفی شێخ مەحموود و سەید عەلی شێخ حوسێن-م لەماڵی خۆماندا دیوە کە بە تایبەتی لە سلێمانییەوە دەهاتن بۆ بەرزنجە و بەسەریان دەکردینەوە، دانیشتوانی ئاواییەکە و مامۆستایان و کەسانی ناسراوی گوندەکانی دەوروپشت دەهاتن و دەبوونە میوانێکی ڕەزا سووک، لەوانە شێخ غەریبی باساک و کوڕەکانی و شێخ قادری شێخ عەلی و شێخ ڕەزای برای و شێخ محەموودی شێخ حەسەن و شێخ ڕەزای شێخ محەمەد و شێخ عەبدولی سەرکان و شێخ حسێنی شێخ مەحموودی مۆریاس و براکانی. ئەو مامۆستا و فەرمانبەرانەی کە دەهاتنە بەرزنجە، ئەوانەی ئەدیب، یان فەرمانبەری ئاسایی بوون بەینیان لەگەڵ باوکم باشبوو، ئێستاش لەبیرمە کە شاعیری ناسراو شێخ نووری شێخ ساڵح چەند جارێک هاتووە بۆ بەرزنجە بۆ لای شێخ ئەحمەدی شێخ غەنی مامی، باوکم جارێکیان میوانداری کرد و مامیشی لەگەڵدا بوو، شێخ ئەحمەد وتی با عەلی عارف ئاغاش بێت و کوڕەکە زیاتر گەرم



**مارف ئەحمەد بەرزنجی - باوکی نووسەر**

بێ، باوکیشم ڕازی بوو، لە دانیشتنەکەدا شێخ ئەحمەد بە عەلی عارف ئاغای وت عەلی خەیاڵ نەکەی من بانگم کردووی بەڵام کاکە مارف نارازی نەبوو، لەو دانیشتنەدا مامۆستا هەردی-ش بانگ کرابوو، زۆربەی باسوخواسی دانیشتنەکانیش سەبارەت بە خوێندەواری و قوتابخانە و شیعر بوون، وەک وتم باوکم شیعرێکی زۆری لەبەربوو، ئێستاش چەند دەستنووسێکم لەلایە کە بەخەتی باوکم نووسراونەتەوە.

**ڕامان:** وەک لەبیرت بێ، یان بۆیان باسکردبێتی، خوێندنی کوردی و سروودی کوردی لە چ بارێکدا بوو؟ ئایا زەحمەت بوو؟ یان هاندان هەبوو بۆ سروود و جۆشدانی هەستی نەتەوایەتی؟ حەز دەکەین لەم بارەیەوە قسەمان بۆ بکەی؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** وەک وتم بەرزنجە سروشتێکی کراوە و شێوەیەکی تایبەتی هەبوو، هەر فەرمانبەر و مامۆستایەک بهاتایە دەیزانی شوێنەکە پیرۆزە، بەم هۆیەوە لەگیانی خزمەتکردن زیاتر مەبەستێکی تری نەبوو، من تا لە بەرزنجە بووم هیچ شتێکی پێچەوانەی دابونەریتی کوردەواریم نەبینیوە، بەرزنجە لە دروستبوونی حکومەتی عیراقەوە قوتابخانەی ڕەسمیی تێدابووە، لەکاتی خۆیدا (زێوەر)ی شاعیر لەگەڵ ئینگلیزەکاندا تێکچوو بوو، ناردبوویانە بەرزنجە، لەلای باوکم و دانیشتوانی ناوچەکە وتبووی ناردوومیان بۆ شوێنێک کە بەلای منەوە لە سلێمانی خۆشترە و لێرەدا دەتوانم باڵی زیاتر ڕاکێشم و منداڵی ناوچەیەک پەروەردە بکەم کە خۆشم دەوێن. مامۆستا زێوەر سەرجەم ئەو سروودانەی کە دایناون پێش ئەوەی بڵاو ببنەوە بە قوتابیانی بەرزنجەی وتووە و پێی لەبەر کردوون، نەک هەر ئەمەش بەڵکو چەند شیعرێکی بە سروشتی جوانی بەرزنجەدا وتووە، لە سەردەمی (زێوەر) و دوای ئەویش و لەکاتی خوێندنی ئێمەشدا سروودی کوردی بایەخێکی تەواوی پێدراوە، ئەوەی لە یادمە جگە لە سروودەکانی زێوەر هەندێ شیعر و سروودی مامۆستا (محەمەد ڕەسووڵ هاوار و هەردی و گۆران)مان پێدەوتراو لەبەریشمان دەکردن و بەیانیان لە ڕیزدا دەمان وتن، لە ڕۆژگاری ئێمەدا مامۆستا هەردی دەورێکی دیاری هەبوو، بۆ مەسەلەی خوێندنی کوردیش وەک زۆربەی ناوچەکانی تر بایەخ بە کوردی خوێندن دراوە، نەخوازەڵا بۆ ئاواییەکی وەک بەرزنجە کە سەرچاوەی ڕۆشنبیری بووە. تەنانەت زێوەر لە شیعرێکیدا وتوویەتی:

**خاکی بەرزنجە چەندە دڵگیرە**
**جێگەیی قوتب و ئەولیا و پیرە**

**ڕامان:** هەردی یەکێک بووە لە مامۆستاکانت، چ یادگارێکی جوانی لای تۆ و دانیشتوانی ناوچەکە بەجێهێشتووە، ئەوانەمان بۆ باس بکە؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** لە بەرزنجە.

**ڕامان:** بەڵێ.. جارێ ناچینە سەر سلێمانی.

**عومەر مارف بەرزنجی:** وا دەزانم ئێستایە، فەڕاشی قوتابخانەکە خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی شێخ حەسەن بوو، کە یەکێک بوو لە پیاوە باشەکانی بەرزنجە، هات بە باوکمی وت کە مامۆستایەک لە سلێمانییەوە هاتووە و بۆ قوتابخانەی بەرزنجە دانراوە و ناوی (ئەحمەدە فەندی)یە، با پێکەوە شوێنێکی بۆ بگرین و ئێستە لە ماڵی ئێمە میوانە، هەرچەندە مامۆستا (ئەحمەد یووسف)ی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ویستی خۆی میوانداری بکات، بەڵام من حەزم دەکرد لەماڵی ئێمە بێ، باوکم وتی تۆ دەیناسی؟ وتی نەوەڵڵا، بەڵام ئەو تا دوو سێ ڕۆژ لانەی نییە، باوکم وتی با شەوێکیش لای ئێمە بێ، بۆ بەینێ لە نزیک ماڵی ئێمە خانوویەکیان بۆ گرت، زۆربەی شەو باوکم دەچوو بۆ لای، یان ئەو دەهات، ئەوکاتانەی مامۆستا هەردی دەهات من وەک قوتابییەکی خۆی خزمەتم دەکرد، بەڵام ئەو کاتانەی کە

باوکم و دایکم دەچوون بۆ ماڵیان من نەدەچووم، چونکە شەرمم دەکرد. زۆری پێنەچوو لەناو خوێندەوارەکاندا بڵاوبووەوە کە مامۆستا هەردی شاعیرە، ئەوەی کە ئەمەی بڵاوکردەوە مامۆستا باباعەلی شێخ ئیسماعیل بەرزنجی و عومەری حاجی عەلی و محێدینی شێخ مارف و هەندێکی تر بوون، وتیان مامۆستایەکی شاعیر و خەباتکارە و لەسەر شیعرێکی لە وەزیفە دەرکراوە و تازە گەڕاوەتەوە سەر وەزیفە، دیارە مەبەستیان شیعری (ئازادی خوا) بوو، چونکە پێش ئەوەی مامۆستا هەردی بێتە بەرزنجە ئەو شیعرە لەناو خوێندەوارەکاندا بڵاوببووەوە، دەیانوت خوالێخۆشبوو (شێخ ئەحمەدی شێخ نادری بەرزنجی) شیعرەکەی لە سلێمانییەوە هێناوە و خوێندەوارەکان لەبەریان کردبوو.

من یەکێک بووم هەر لەسەرەتاوە مامۆستا هەردی-م خۆشدەویست، چونکە مامۆستایەکی دڵسۆز و میهرەبان بوو، هەندێ شیعری پێدەوتین کە نەمانبیستبوون، لە بیرەوەری هەموو قوتابییەکی بەرزنجەدا مامۆستا هەردی جێی خۆی هەیە، دواتریش کە خێزانی پێکەوە نا، خێزانەکەی لە شێخانی بەرزنجە بوو.

**رامان:** دیارە ئەو شتانەی لەبارەی بەرزنجەوە باست کردن و سەربوردێکی مێژوویت لەبارەیەوە گێڕایەوە کاریگەری لەسەر کەسایەتی تۆ بەجێ هێشتووە، دواتر کە بوویتە قەڵەمێکی دیار لە دنیای ئەدەبی کوردیدا، ئێستا کە ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەیتەوە تا چ ڕادەیەک شتێکت بۆی کردووە، یان نیازت هەیە لەداهاتوودا شاری بەرزنجە بخەیتە بەر ڕۆشنایی نووسین و چاپی بکەی؟ پرۆژەی وا لە ئارادا هەیە؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** بەرزنجە شارێکی مێژووییە و دەتوانین بڵێین شارێکی مەغدورە و بە نووسینیش کەمی لەسەر نووسراوە، بەکتێب لە (سادات البرزنجە)کەی عەقیدی خوالێخۆشبوو (شێخ قادری بەرزنجی) زیاتری لەبارەوە نەنووسراوە، (نەجمەدین مستەفا سەعید بەرزنجی)ش بابەتێکی لە ژ(١)ی گۆڤاری (پەیڤین)دا سەبارەت بە هەندێ لایەنی بەرزنجە بڵاوکردووەتەوە. بەشبەحاڵی خۆم دەمێکە پرۆژەیەکی هەمە لایەنەم لە مێشکدایە و هەندێ شتیشم لێ نووسیوە، بەڵام دەمەوێ کارەکە سەرکەوتووبێ و هیوادارم پرۆژەکەم سەر بگرێ.

**ئەو شیعرانەی لەم ڕۆژگارەدا تەنگیان بە خەڵک هەڵچنیوە حەزم لە زۆربەیان نییە، چونکە هەستم ناجووڵێنن**

**رامان:** پێش ئەوەی بگوێزینەوە بۆ قۆناغی چوونتان بۆ سلێمانی، دەپرسین کە پێوەندی نێوان بەرزنجەی ئەوساو سلێمانی لە ڕووی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە چۆن بوو؟ لە چ ئاستێکدا بوو؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** لەنێوان بەرزنجە و سلێمانی و دێهاتەکانی دەوروبەریدا پێوەندییەکی توند و تۆڵ هەبوو، کەرەستە و کوتاڵ و کەلوپەل و زۆر لە پێویستییەکانی هەموویان لە سلێمانییەوە دەهاتن، ئوتومبیل بەردەوام هاتوچۆی دەکرد، زۆرجار ئوتومبیلەکان شەو دەمانەوە و بۆ بەیانی نەفەریان دەبرد بۆ سلێمانی، لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەو قوتابیانەی کە لە سلێمانی دەیان خوێند بڵاوکراوە سیاسییەکان دەگەیشتنە بەرزنجە و ئەم دەست و ئەو دەستی دەکرد، ئاوایی بەرزنجە و دانیشتوانی خزم و کەسوکاریان لە سلێمانی هەبوو.

**رامان:** باشە ئەو ساڵانەی تۆ باسیان دەکەیت و لەبیرتە بە تەحدید ساڵی چەند بوو؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** لەلای خۆمەوە لە ساڵی ١٩٥٢ بەدواوە هەموو شتەکانم لەبیرە، ئێمە لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٤ هاتینە سلێمانی، هۆی هاتنیشمان بۆ سلێمانی ئەوە بوو کە برایەکی لەخۆم گەورەترم هەبوو ناوی (عوسمان) بوو هاتبووە پۆلی یەکەمی ناوەندی و لەبەشی ناوخۆیی وەرنەگیرابوو، هەرچەندە ئێمە ماڵی خاڵ و پوور و خزمێکی زۆرمان لە سلێمانی هەبوو، بەڵام باوکم حەزی نەدەکرد لەماڵان بخوێنێ، بەو هۆیەوە هاتینە سلێمانی، ئەو برایەم کۆلێژی یاسای تەواو کرد، بەڵام بەداخەوە ڕۆژی ١٣/٨/١٩٩٧ کۆچی دوایی کرد، بەو بۆنەیەوە نامیلکەیەکم بڵاوکردووەتەوە.

**رامان:** هاتنت بۆ شاری سلێمانی هەر لە سەرەتای منداڵیتەوە، ئەم سەرەتایە بۆ تۆ چی دەگەیەنێ؟ یان با بڵێین سوودی بۆ تۆ چ بوو؟، ئایا پێت خۆشبوو کە لە شارێکی بچکۆلەوە هاتنە شارێکی گەورەوە؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** منداڵ لەو تەمەنە و تۆزێک زیاتریش دەسەڵات بەدەست خۆی نییە، هەموو شتێ بەدەست ماڵەوەیە، دەیانوت دەچین بۆ شار، پێم خۆشبوو، بەڵام لە سەرێکی ترەوە لام زەحمەت بوو، چونکە

دەستەیەک لە برادەرە خۆشەویستەکانی قوتابخانە و گەڕەکم بەجێ دەهێشت، من گیانم بەوە بوو کە هاتینە سلێمانی بە دەیان قوتابی بەرزنجەیی لە شار لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا بوون، ئەوانە زۆریان خزم و ناسیاو بوون، کەهاتینە شار لە پشووی نیوەی ساڵدابوو، تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵم دابوو، لە پشووی نیوەی ساڵدا باوکم لە قوتابخانەی (مەڵکەندی) ناوی تۆمار کردم، قوتابخانەکە دەکەوتە گەڕەکی گاورانەوە، بەڕێوەبەرەکەی خوالێخۆشبوو مامۆستا (ڕەشید کەریم) بوو، کە پیاوێکی تا بڵێی باشبوو، ئەو مامۆستایە دواتر کتێبێکی بەناوونیشانی (بیرەوەری ٣١ ساڵ لەژیانی مامۆستایەک) بڵاوکردەوە و نوسخەیەک لەو کتێبە لە کتێبخانەکەمدا هەیە و لە لام پیرۆزە. یەکەم ڕۆژی دوای پشووی نیوەی ساڵ کە قوتابخانە کرایەوە باوکم لەگەڵم هات، یەکەم مامۆستا کە هاتە سەرمان مامۆستا (ئەحمەد هەردی) بوو، زۆرم بەلاوە سەیر بوو، بە قوتابییەکەی تەنیشتم وت ئەوە لە بەرزنجە مامۆستای ئێمە بوو، دوای ئەوەی پیاسەیەکی بە ژوورەکەدا کرد منی بینی و دەستێکی بەسەرمدا هێناو وتی: ئەوە چی دەکەی لێرە؟ بۆچی بۆ هەر شوێنێک بچم دوام دەکەویت؟ منیش بێدەنگ بووم و هەموو قوتابییەکان تەماشایان کردم، دوایی بۆ باوکم گێڕایەوە، باوکم وتی ڕۆڵە دەبوایە بتوتایە ئەفەنی تۆ دوای ئێمە کەوتووی، ئێمە پێش تۆ هاتووین، ئینجا وتی ماڵی باوکی دەزانم، بزانم ماڵیان چۆن گوێزراوەتەوە بۆ سلێمانی؟

کە هاتمە قوتابخانەی مەڵکەندی لە شوێنێکی بچووکەوە بۆ شوێنێکی گەورەتر، منداڵ لەو تەمەنەدا سەرسام دەبێ، منیش تاڕادەیەک وابووم، لە قوتابخانەکەدا دەستەیەک مامۆستای دڵسۆزی تێدابوو وەک: (مستەفا ساڵح کەریم، ڕەشید ئەحمەد بەرزنجی، ساڵح محەمەد قەزاز، مەحموود محەمەد وەهبی، عومەر عەلی ئەمین، عەبدولڕەحمانی شێخ عومەری قەرەداغی، ڕەفیق محەمەد زەنگنە، فوئادی محەمەد ئەمین ئاغا). بۆ یەکەم جار لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییدا بووم چوومەتە کتێبخانەی گشتی سلێمانی، ئەو سەردەمە لە بینایەکی بچووکدا بوو لە تەنیشت خەستەخانەی گەورەوە کە ئێستا شەقامی (پیرەمێرد)ی پێدەڵێن.

**ڕامان:** دەتەوێ بڵێیت کە یەکێک لە سوودەکانی هاتنتان بۆ شاری سلێمانی جگە لە قوتابخانەیەکی



**لە ڕاستەوە: عومەر مارف بەرزنجی، عەبدوڵڵا جەوهەر، کوڕ و شاگردەکانی مام عەلی چایچی - ١٩٧٢/١١/٦**

گەورەتر، بە کتێبخانەی گشتیش ئاشنابوویت؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** بەڵێ، بەڵام چۆن بەکتێبخانەی گشتیم زانی، ئێوارەیەکیان عوسمانی برام کە لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بوو، بەپێچەوانەی ڕۆژانی تر تۆزێک درەنگ هاتەوە، باوکم پێی وت بۆ دواکەوتووی، ئەویش وتی لەگەڵ چەند برادەرێکدا چووینە کتێبخانەی گشتی، کە دەکەوێتە نزیک خەستەخانەکەوە، باوکم وتی حەز ناکەم دوا بکەویت. دواتر بە عوسمانی برام وت کتێبخانە چییە و لەکوێیە؟ ئەویش وتی بەیانی دەچین، کە چووینە کتێبخانەکە لاوێکی باڵابەرزی عەینەک لەچاوی لێ بوو، کە لێپرسراوی کتێبخانەکە بوو، سەیرم کرد ناوی کتێبەکان لە کارتۆنی گەورەدا نووسرابوون و بە دیوارەکەدا هەڵواسرابوون و ژمارەیان لەسەربوو، هەر کەسێک کتێبی وەربگرتایە دەبوایە ناوی کتێبەکە و ژمارەکەی بنووسیایە و بیبردایە بۆ بەڕێوەبەرەکە.

**ڕامان:** یەکەم کتێب کە وەرت گرت چی بوو؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** عوسمانی برام وتی ئەو کتێبە وەربگرە کە من دوێنێ وەرم گرت، کتێبەکە ناوی (دیاری لاوان) بوو.

**ڕامان:** دواتر؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** دواتر کتێبخانەکە گوێزرایەوە بەرانبەر مزگەوتی گەورەی سلێمانی و فراوانتر بوو، هۆڵی گەورە و چەند ژوورێکی تێدابوو.

**ڕامان:** بەڕێوەبەرەکەی کێ بوو؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** بەڕێوەبەرەکەی خوالێخۆشبوو

(عەبدولکەریم عارف) بوو، دواتر کۆلێژی یاسای تەواوکرد و بوو بە لێپرسراوی بەشی یاسایی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی، بەڵام بەداخەوە بە کارەساتێکی ناخۆش کۆتایی بە ژیانی هات، کاک کەریم نموونەیەکی باڵای دڵسۆزی و نیشتمانپەروەری بوو، دڵسۆزی کتێبخانەکە بوو، بە ڕۆیشتنی ئەو بڕبڕەی پشتی کتێبخانەکە شکاو شیرازەی تێکچوو.

**ڕامان:** کە کتێبخانەی گشتی گوێزرایەوە بەرانبەر مزگەوتی گەورە تەنیا (عەبدولکەریم عارف)ی لێبوو؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** نەخێر، کاک عەبدولکەریم بەڕێوەبەر بوو، وەک بەبیرم بێت ئەژی گۆران و عەبدولڕەزاق سەبری لەوێ بوون، کچێکیشی لێ بوو ناویم لەیاد نەماوە دەیانوت لە بنەماڵەی عەبدەیە، حەز دەکەم لێرەدا باسی کاک عەبدولڕەزاق سەبری بکەم، تا بڵێی دڵسۆز بوو، یارمەتی خوێندەوارانی دەدا، لە سەعاتێکدا چوار کتێبت بگۆڕیایە ماندوو نەدەبوو، لەلایەکی ترەوە بەرگی کارتۆنی گرتبووە زۆربەی کتێبەکان و بەخەتە خۆشەکەی لەسەری نووسیبوون، ئەو پێوەندییە تا ئێستاش لەگەڵی بەردەوامە، تەنانەت ساڵی ١٩٦٤ دەستنووسێکی مامۆستا نەجمەدین مەلای دامێ و وتی ئەمە بۆ تۆ باشە و کەڵکی لێوەردەگری. لەلایەکی ترەوە هەموو ڕۆژانی پێنج شەممەیەک ڕۆژنامەی ژینم دەکڕی و لە دەوروبەری پێش چواردەی تەمووزدا من چووبوومە قۆناغی ناوەندییەوە.

**ڕامان:** با جارێ نەچینە ئەوێ و دەمەوێ پرسیاری ترت لێبکەم، باسی ئەوەم بۆ بکە کە تۆ عەقڵێکی ئارشیفی باشت هەیە، ئەو هۆشیارییەش لەوە دەچێ لە دەمێکەوە دەستی پێکردبێ، ئەو هۆشیارییە دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟ لەکاتێکدا هەمووکەس بایەخەکەی نەزانیوە، تۆ لە زووەوە گرنگی ئارشیفت زانیوە؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** لە قۆناغی سەرەتاییدا هەموو ڕۆژانی پێنج شەممەیەک ڕۆژنامەی (ژین)م دەکڕی و لەسەریەک دام دەنان و نەمدەفەوتاندن، حەز دەکەم ئەوەشت پێ بڵێم لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم، گۆڤارێک دەردەچوو بەناوی (پێشکەوتن) و خاوەنەکەی خوالێخۆشبوو (محەمەد بریفکانی) بوو، ئەم گۆڤارە نۆزدە ژمارەی لەشێوەی گۆڤاردا بوو، لەژمارە بیستەوە بوو بە ڕۆژنامە، ڕۆژێکیان ژمارەیەکی تازەی (پێشکەوتن)م کڕی و لەگەڵ خۆم بردم بۆ قوتابخانە، مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم زمانی عەرەبی پێدەوتین، هەستی کرد تۆزێک مەشغوڵم، وتی ئەوە چییە؟ وتم هیچ، دوایی تەماشای کرد گۆڤارێک لەناو مێزەکە دایە، منیش بۆ خۆ پەڕاندنەوە وتم نووسینێکی تێدایە و لەسەر تۆ دەکاتەوە، جا ئەم کورتە ڕووداوەم بۆیە گێڕایەوە تا پێت بڵێم کە لەو ساڵەدا دەمزانی مامۆستاکەمان نووسەرە و شتی نووسیوە و ئەم نووسینەش بەرگرییە لە نووسینێکی ئەو.

**ڕامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو؟ نووسەرەکە کێ بوو؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** ئەوە ساڵی ١٩٥٧ بوو، ئەو نووسینەش ئێستا لە یادمە بەناوی (نوون)ەوە نووسرابوو.

**ڕامان:** نوون کێ بوو؟ نووسینەکە سەبارەت بەچی بوو؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** هەموومان دەزانین کە مامۆستای خوالێخۆشبوو (ئیبراهیم ئەمین باڵدار) کتێبی (ئەلف و بێی کوردی) بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی دانا کە لەو بوارەدا بەباشترین کتێب دادەنرێت، مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم هەندێ وردە سەرنج و ڕەخنەی سەبارەت بە کتێبەکە لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ژین بڵاوکردەوە، مامۆستا باڵدار ڕەخنە و سەرنجەکانی بەدڵ نەبوو، بۆیە بە ناوونیشانی (ئەگەر گوڵ نیت دڕکیش مەبە) وەڵامێکی دایەوە، مامۆستا مستەفاش بەناوونیشانی (ئەگەر گوڵ نەبین نامانەوێ ببینە دڕک) وەڵامێکی دایەوە، دواتریش مامۆستا (نووری عەلی ئەمین) بەناوی (نوون) ئەو بابەتەی لەسەر کتێبەکە و ڕەخنەکەی مامۆستا مستەفا نووسی کە دژایەتی باڵدار و بەرگری بوو بۆ مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم، دواتر بۆم دەرکەوت کە ساردییەک لەنێوان مامۆستا باڵدار و نووری عەلی ئەمین-دا هەبوو.

لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییدا بووم کە ڕازی تەنیایی مامۆستا هەردی دەرچوو، یەکسەر چووم بە شەست فلس دانەیەکم لای مامۆستا نەجمەدین مەلا کڕی، بەم جۆرە هۆگرییەک بۆ چاپەمەنی کوردی لای من دروست بوو، ساڵ لەدوای ساڵ زیادی دەکرد، کە قۆناغی سەرەتاییم تەواو کرد و چوومە قۆناغی ناوەندی ڕۆژنامەیەکی دەستخەتم بەناوی (تریفە)وە دەردەکرد.

**ڕامان:** چەند دانەتان بەدەست دەنووسییەوە؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** چونکە بەدەستخەت بوو نەمان دەتوانی زۆری لێ بنووسینەوە، چەند دانەیەکمان



**عومەر مارف بەرزنجی – ساڵی ١٩٦٤**

بەکـاربۆن دەنووسـیـیـەوە، بەڵام دانەیەکـمـان دەبرد بۆ کتێبخانەی گشتی سلێمانی.

**ڕامان:** ئەوانە ماون؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** نازانم! لای من نەماون، ئێمە ئەو ژمارانەمان زیاتر دەدا بە دۆست و برادەران.

**ڕامان:** هاوڕێکانی ئەو سەردەمەت کێ بوون کە وەکو تۆ هۆگری نووسین و چاپەمەنی کۆکردنەوە بوون؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** ئێمە لە دەوروبەری شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨دا دەستەیەک هاوڕێی گیانی بەگیانی بووین وەک نەوشیروان مستەفا، بەختیار عەزیز فەرەج، حەمە سدیق عەبدولڕەحمان پێنجوێنی، بەکر حسێن، عەلی توانا، ڕەووف حەسەن، شەرەف محێدین کە دوایی چووە کۆلێژی پزیشکی سەربازی و گەیشتە پلەیەکی باڵا، قادر شەریفە کوردە، ئەمانە هاوڕێم بوون، هەندێکیان لە تەمەنی خۆمدا بوون و هەندێکیشیان لەخۆم هەڵکشاوتر بوون،هەندێکیشیان لەکاری ڕێکخراوەیی و حیزبایەتیدا پێکەوە کارمان کردووە، هەروەها ئاشنایەتیم لەگەڵ (عوسمان عوزێری) شاعیر پەیدا کرد. ئەمانە هەموویان زەوقی نووسین و شیعر و خوێندنەوەیان هەبوو.

**ڕامان:** ناوی (بەختیار عەزیز فەرەج)ت هێنا ئەم برادەرە نووسەر بوو؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** بەختیار عەزیز فەرەج یەکێک بوو لەهاوڕێ ئازیزەکانم و هاوپۆلیش بووین، خوێندەوارێکی تا بڵێی وردو بە سەلیقە بوو، لە بنەماڵەیەکی ناودار و خوێندەوار و پاکژ و خانەدانی سلێمانی بوو، برازای خوالێخۆشبوو (حامید فەرەج)ە کە یەکێک بووە لە نووسەر و ئامادەکارانی هەردوو بڵاوکراوەی (دیاری لاوان) و (یادگاری لاوان)ی ساڵانی (١٩٣٣- ١٩٣٤)، برای کاک (شەکەوت هوشیار)ی سەیدەلییە کە یەکێک بوو لەنووسەرەکانی گۆڤاری دەنگی قوتابیان و گۆڤاری بڵێسە و خاوەنی چەندین سروودی نیشتمانییە وەک:

**ئێمە قوتابی گەلین**
**ئێمە چاوەڕێی هەلین**
**بۆ دوارۆژی نیشتمان**
**وەکو ئاسۆی دەم کەلین**

کاکە بەختیار هێشتا لە قۆناغی ناوەندیدا بوو لەگەڵ (عەلی توانا)دا هەفتانە ڕۆژنامەیەکی دەستخەتیان بەناوی (گوڵی هیوا)وە دەردەکرد، کۆمەڵێ نووسینی لە ڕۆژنامەی (ژین)ی ساڵی ١٩٥٩- ١٩٦٠دا هەیە بەناوی (بەختیار)ەوە، لەکاتێکیشدا کە (جەلالی میرزا کەریم) لە ساڵی ١٩٦٠دا لە سلێمانی بەرپرسی ڕۆژنامەی (هیوای کوردستان) بوو، داوای لە بەختیار کرد تا ببێتە ئەندامی دەستەی نووسەران و بابەتەکانی ڕۆژنامەکەی ڕازاندەوە، کاکە بەختیار بووە ئەندازیاری شارستانی و بەداخەوە ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/١٧ لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کرد، بەختیار نموونەیەکی بەرزی وەفاو ڕەوشت و سادەیی و هێمنی بوو.

**ڕامان:** ئەی پێت وانییە ئەو هوشیارییە ئارشیفییەی لەلای جەنابت هەیە کاریگەری بنەماڵەکەشتانی بەسەرەوە بێ، چونکە باست لەوە کرد کە برا گەورەکانت ژمارەکانی گۆڤارەی گەلاوێژیان کۆدەکردەوە، ئەوەش کاریگەری بوو بێت؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** بەدڵنیاییەوە کاریگەری و پریشکی بنەماڵەم بەسەرەوەیە، کاک عەبدولقادر مەعرووف بەرزنجی کاکم یەکێکە لەوانەی خاوەنی بیرتیژییەکی دەگمەنە، سەلیقەیەکی باشی هەیە لە پاراستنی چاپەمەنییەکاندا، ماوەیەکی زۆر لە پەروەردەی سلێمانی بوو، ڕاستتر لە ١٩٥٧ بە دواوە، باوەڕ بکە ناوی سیانی هەموو مامۆستایانی کە دەزانی کە من هەرگیز بەو ناگەم، کەواتە پشتیوانی و حەز و چێژی بنەماڵە کاریگەری خۆی هەیە، ئەوەتا لەکۆی شیعرەکانی مەلیکی

کوردستاندا وتوومە کە یەکێک لە سەرچاوەکان دەستنووسێکی باوکمە کە سوودم لێوەرگرتووە و باوکم و براکانم لەسەرەتاوە پاراستوویانە، مانای وایە ڕێگە ڕۆشنکردنێک، کاریگەرییەک لە ئارادا بووە، وەک لەمەوبەریش وتم کاتێ من چاوم کردەوە کتێب و دەستنووسم لەماڵی خۆماندا بینیوە.

**ڕامان:** ئەی کۆکردنەوە و پاراستنی کەشکۆڵ و دەستنووس لەلای بنەماڵەی ئێوە چۆن بووە، لە چ ئاست و قەبارەیەکدا بووە؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** ئێستا لە کتێبخانە تایبەتییەکەی خۆمدا کۆمەڵێک دەستنووسی تێدایە کە لەلایەن باوک و براکانمەوە نووسراونەتەوە و پارێزراون.

**ڕامان:** ئەی دەستنووس و کەشکۆڵی تر کە بە خەتی خەڵکی تر نووسرابنەوە؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** نەک دەستنووس و کەشکۆڵ، بەڵکو ئەو نامانەی بۆ باوکم، یان براکانم، یان بۆ خۆم هاتوون هەموویان پارێزراون، لەکاتێکدا کە من لە قۆناغی سەرەتاییدا بووم چەندین دەفتەر و دەستنووسم لە ماڵی خۆماندا بینیوە کە بەدەستخەتی کەسانی تر نووسراونەتەوە و کەوتوونەتە لای ئێمە، دەستنووس و کەشکۆڵی وامان لابووە کە بریتی بوون لەکۆمەڵە شیعری شاعیرانی کورد و لەوکاتەدا دیوانیان چاپ نەکراوە، لەبەرزنجە حوجرەیەکی گەورەی لێ بوو، حوجرە سەرچاوەی شیعر و ئەدەبە، کاکم برادەرایەتی زۆری لەگەڵیاندا هەبوو، تەنانەت ئەو ساڵی ١٩٤٩ هەموو غەزەواتەکانی نووسیبۆوە و ئێستاش ماوە، دە ساڵ زیاتر دوای ئەو هەندێکیان لەلایەن (محەمەد ئەمین عەسری) و (عەلی باپیر ئاغا)وە چاپکران.

**ڕامان:** تۆ بێجگە لە خوێندنی قوتابخانە ڕەسمییەکان، هیچت لە حوجرە نەخوێندووە؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** نەخێر، لە حوجرە هیچم نەخوێندووە، باوکم لە حوجرە خوێندوویەتی.

**ڕامان:** باسی ئەوەمان کرد کە لەبەرزنجەدا هەموو لایەنەکانی تێدا کۆببووەوە، لایەنی سیاسی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، کەواتە تۆ لە سیاسەت دوور نەبووی، ئایا لە سیاسەتەوە چوویتە ناو ئەدەب، یان لە ئەدەبەوە هاتیتە ناو سیاسەت؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** ڕاستە کە بەرزنجە ژینگەیەکی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی هەبوو، بەڵام بیرکردنەوە و چاوکردنەوەی تەواوی ئێمە بۆ دەوروبەری شۆڕشی چواردەی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ دەگەڕێتەوە کە وردە وردە شتمان دەنووسی و حەزمان دەکرد بۆمان بڵاوبکرێتەوە. یەکەم نووسینی من لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩ی ڕۆژنامەی (پێشکەتن) سەیریش لەوەدایە ئەم بابەتە بەبۆنەی تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی مەلیکی کوردستان بوو.

لە دەوروبەری شۆڕشی چواردەی تەمووزدا دوو حزبی گەورە لە ئارادا بوون، حزبی شیوعی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان، هەردوو حزبەکەش خاوەنی جەماوەری تایبەتی بوون و ڕێکخراوی سیاسییان هەبوو، حزبی شیوعی یەکێتی قوتابیانی گشتی عیراقی هەبوو، پارتی دیموکراتی کوردستانیش یەکێتی قوتابیانی کوردستانی هەبوو، من لەسەردەمێکی زوودا و دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ و دوای ڕێگەپێدانی ڕەسمی چوومە ناو پارتییەوە و بووشم بە ئەندامێکی چالاکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، دەتوانم بڵێم کە ئەدەب و سیاسەتەکە شانبەشانی یەکتربوون، چونکە



سەیرانی قوتابیانی پۆلی سێیەمی قوتابخانەی «ناوەندی ڕۆژهەڵات»ی کوڕان بۆ دوکان ساڵی ١٩٨٤

نووسینم لە ساڵی ١٩٥٩ەوە هەیە و هەر لەو ساڵەشدا من یەکێک بووم لە ئەندامە گورج و گوڵەکانی پارتی و یەکێتی قوتابیانی کوردستان، تەنانەت دەستەیەک بووین کە گلەییمان لەسەرکردایەتی حیزب دەکرد کە بۆچی یەکێتی قوتابیانی گشتی عیراق ڕۆژنامەیەکیان لە سلێمانی هەیە بەناوی (هیوای کوردستان) و گۆڤارێکی مانگانەشیان لە بەغدا هەیە بەناوی (دەنگی قوتابیان). ئایا پارتی بۆچی هەوڵ نادا قوتابیانی کوردستان ببنە خاوەنی ڕۆژنامەیەک و کار و بەرنامەیانی تێدا بڵاوبکەنەوە، چونکە هەموو شتێکمان لەشێوەی بەیاننامەدا بڵاودەکردەوە. ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٦٠ مامۆستای نووسەر و ڕووناکبیر خوالێخۆشبوو (حیلمی عەلی شەریف) سەردانێکی سلێمانی کرد و چەند کەسێکی لە بارەگای پارتی کۆکردەوە، ئەوکاتە مامۆستا حیلمی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و یەکێک بوو لە نووسەرە کارا و سەرەکییەکانی ڕۆژنامەی خەبات و بەناوی (باپیر)ەوە شتی دەنووسی، لە ئامادەبووەکان یەکێکیان من بووم، ڕووی دەمی تێکردین و وتی: ئێوەی قوتابی زۆرجار گلەیی دەکەن کە بۆچی ڕۆژنامەیەکی تایبەتیمان نییە، ئێمە نەمان توانیوە تا ئێستا ئەوە جێبەجێ بکەین، بەڵام لەم ماوەیەدا مامۆستا (عومەر جەلال حەویزی) کە پیاوێکی باشە و خەڵکی کۆیەیە ئیمتیازی ڕۆژنامەیەکی وەرگرتووە بەناوی (دەنگی کورد) و بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچێ، ئێمە هەوڵمانداوە گۆشەیەکی تایبەتی بۆ قوتابیانی کوردستانی تێدا بکرێتەوە، کاک عومەریش وەکو من بزانم تێڕوانینێکی نەتەوەییانەی بۆ مەسەلەکان هەیە، چونکە بیستوومانە مامۆستا (جەمال نەبەز) و برادەرانی هاوکاری ڕۆژنامەکە دەکەن، جا ئەگەر ئێوە توانیتان ئەو گۆشەیە بەڕێوە ببەن مانای وایە گلەییەکانتان پەسەندە و لەجێی خۆی دایە، بەڵام ئەگەر نەتانتوانی گۆشەکە بەڕێوەبەرن مانای وایە قسەکانتان دوور بوون لە ڕاستییەوە و هیچتان لە بارا نەبووە، ئێستا پرسیارتان لێدەکەم ئێوە دەتوانن ئەو گۆشەیە بەڕێوە ببەن و لەسەر بابەت پەکی نەکەوێت؟ ئێمەش بەوپەڕی بڕوا بە خۆبوونەوە سوپاسمان کرد و وتمان دەتوانین گۆشەکە بە باشترین شێوە بەڕێوە ببەین.

ڕۆژنامەی دەنگی کورد لەسەرەتادا هەفتانە بوو، دوایی بوو بە هەفتەی دووجار، ئەوەی لەیادم بێ لەگۆشەکەدا دوو ئەڵقەی نەوشیروان مستەفا بەناوونیشانی (بوونی یەکێتی قوتابیانی کوردستان پێویستییەکی ئەمڕۆمانە) بڵاوکرایەوە کە بابەتێکی پەسەند و لەجێی خۆیدا بوو، برایان (عەبدولڕەحمان گۆمەشینی و حەمە سدیق عەبدولڕەحمان پێنجوینی و قادر شەریفە کوردە و عەلی توانا و عوسمان شارباژێری) بابەتیان تێدا هەبوو، زۆربەی نووسینەکانی گۆشەی قوتابیانی کوردستان من دەمنووسین و بەنازناوی (ع. تینو) بڵاودەکرانەوە، تەنانەت لەکاتی بەستنی دووەم کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە کە لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٥ی ئابی ساڵی ١٩٦٠دا بەسترا، یەکەم کەس بووم کە لە ڕۆژنامەی (دەنگی کورد)دا و لە گۆشەی (قوتابیانی کوردستان)دا بەناوونیشانی: (کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە و لەم کۆنگرەیەدا سەرنجێک) داوای بەستنی کۆنگرەیەکی هاوشێوەم بۆ قوتابیانی کوردستان کردووە و پێشنیارەکەش لەلایەن سەرکردایەتی ئەو سەردەمەوە پەسەند کرا. حەز دەکەم ئەوەشتان پێ بڵێم کە لەو گۆشەیەی ڕۆژنامەی دەنگی کورددا لەسەر زێوەر و بێخودم نووسیوە، لەو سەردەمەدا، لەڕۆژنامەی (ژین و پێشکەوتن و بروا و ڕۆژی نوێ)دا چەندین بابەتم هەیە، لە ڕۆژنامەی (ژین) دا لەسەر (تۆلستۆی)م نووسیوە، لەڕۆژنامەی (بروا)دا سەبارەت بە بێدەنگی مامۆستا (هەردی) نووسینم هەیە، بەکورتی (گۆشەی قوتابیانی کوردستان)ی ڕۆژنامەی دەنگی کورد گۆشەیەکی ڕازاوە بوو، بابەت و بیروڕایەکان لەسەرچاوەیەکی پاکەوە هەڵدەقوڵان، ئێمە بەو گۆشەیە توانیمان وەڵامی ڕۆژنامەیەک و گۆڤارێکی یەکێتی گشتی قوتابیانی عیراق بدەینەوە.

**ڕامان:** دەکرێ بڵێین نووسینی ئەو گۆشەیەی ساڵی ١٩٦٠، دەبێتە سەرەتایەک لەکاری ڕۆژنامەنووسی جەنابت؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** بەدڵنیاییەوە ئەو گۆشەیە دەتوانرێ بکرێتە سەرەتای کاری ڕۆژنامەنووسیم، دیارە یەکێک لەو تەمەنەدا بتوانێت بەردەوام بابەت بۆ گۆشەیەک بنووسێت، مانای وایە سەرەتایەکی باشی لە نووسین و متمانە بەخۆکردن هەبووە، مانای وایە شتێکمان زانیوە، با کەمیش بێ.

**ڕامان:** دەنگ و سەدای نووسینەکانت لەناو خەڵکدا چۆن بوو؟ چیبیان پێ دەوتی؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** من یەکێک بووم لەوانەی کە لە سەردەم و تەمەنێکی زۆر زوودا قوتابیان و مامۆستایانی قوتابخانەکەم منیان بەنووسەر دەزانی، تەنانەت هەندێ لەمامۆستایانی قۆناغی ناوەندی ئامۆژگارییان دەکردم کە ئەو نووسینانە کار نەکاتە سەر خوێندنەکەم، بە واتایەکی تر خوێندنەکەم فەرامۆش نەکەم، کە مامۆستایەکی نوێ دەهات هەندێ قوتابی دەیانوت مامۆستا ئەمە شاعیرە، چونکە ئەو کاتە و بگرە تا ئێستاش لەلای هەندێ کەس نووسەر هەمووی شاعیرن، حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە من لە تەمەنی منداڵیدا، واتا لە پۆلی یەکەم و دووەمی ناوەندیدا هەندێ شیعرم لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن و بڕوادا بڵاوکردووەتەوە و لەلای خوێندەواران پەسەندبوون. کەواتە نووسینەکانم تارادەیەک لەلایەن خەڵکییەوە وەردەگیران و ئافەرینیان دەکردم، بەتایبەتی گۆشەی قوتابیانی کوردستان.

**ڕامان:** بێجگە لەو سەرەتایەی باست کرد و ئاماژەت بە گۆشەی قوتابییانی کوردستان دا، جێگەیەکی دیکە کە کاری ڕۆژنامەنووسیت تێدا کردبێ، وەک نووسینی گۆشە، یان دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێک؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** لەو ڕۆژگارەدا هەر ئەوەندە بوو، بەڵام دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و ڕێکتر لە ساڵی ١٩٩٥دا گۆشەیەکم لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا دەنووسی بەناوونیشانی (بەڵگەی زیندوو)، گۆشەکە هەفتەی دووجار بڵاودەکرایەوە، ڕۆژی دووشەممە و هەینی، یەکەم ئەڵقەی لە ڕۆژی دووشەممە و لە ژمارە ١١٦٢ی ١/١٢/١٩٩٥ و دوا ئەڵقەی کە دەکاتە ژ ٣٦ و ڕۆژی دووشەممە ژ ١٣١٧ی ڕێکەوتی ٢٤/٦/١٩٩٦ بڵاوکرایەوەو ئیتر لەلایەن فریاد ڕەواندزییەوە دەرگای لەسەر داخراو هەناسەی لێ بڕا، لەوکاتەدا خاتوو (کەژاڵ ئەحمەد) سەرپەرشتی دوا لاپەڕەی دەکرد و (ئیسماعیل بەرزنجی) یاریدەدەری بوو، بەدەستی ئانقەست گۆشەکە دوا دەخرا، هەڵەبڕی بۆ نەدەکرا، هەر ئەڵقەی لە شوێنێکی دوا لاپەڕە و جێگۆڕکێی پێدەکرا. لە دوا ژمارەدا کەژاڵ ئەحمەد و ئازاد سدیق پێیان وتم کە دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ چەند جارێک شکاتی لە تۆ و لە ئێمەش کردووە، دواجار چووەتە لای کاک (عادل موراد) و وتوویەتی ئەم گۆشەیە بە نەفەسێکی نەتەوەییانە دەنووسرێ، بە کورتی گۆشەکەیان لەبار برد و



لە ڕاستەوە: ڕەووف حەسەن، زاهیر ئەحمەد سەوز، عومەر مارف بەرزنجی، د. مارف خەزنەدار، ڕەووف عوسمان، بنیات مارف خەزنەدار – ١٩٨٥

گۆڕە و شاریان داو چیرۆکی ئەم گۆشەیە درێژە و بامێنی بۆ کاتی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانم.

ساڵی ١٩٩٧یش لەسەر داوای هەندێ لە برادەران بووم بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (پەیڤین) کە (محەمەد موکری) سەرنووسەری بوو، نەک من بەڵکو دەستەی نووسەران هیچمان شتمان بەدەست نەبوو، تەنیا سەرنووسەر کاری تێدا دەکرد، بە کورتی بووە فاشیلترین گۆڤار لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا و دواتر ناومان لەسەر گۆڤارەکە لابرا و ئێستا بەدوو ساڵ، یان زیاتر ژمارەیەکی لێدەردەچێ کە کەس نایخوێنێتەوە، بەشبەحاڵی خۆم، چونکە دڵم پێی خۆش نەبوو، هیچ ژمارەیەکی ئەو گۆڤارە لە کتێبخانەکەمدا نییە. حەمەی موکری بەکەڵکی ڕۆژنامە و گۆڤار دەرکردن نایەت، بەڵام شەڕی پێ دەفرۆشن و خۆشی شەڕ بەخەڵک دەفرۆشی، سەیر ئەوەیە ڕۆژێکیان (خالید جووتیار) پێی وتم ئەوە پەیڤین چەند ژمارەی دەرچووە؟ وتم بۆ؟ وتی ئەی من دەستەی نووسەرانم نابێ بزانم چەند ژمارەی دەرچووە؟ خۆ من هیچم نەدیوە، منیش وتم خۆش گۆڤار!

**ڕامان:** باسی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیمان کرد، دەمەوێ پێمان بڵێی ئەو مامۆستایانە کێ بوون کە بۆ ئاراستەکردن و هاندان و بەردەوامیت لەسەر نووسین و خوێندنەوە و دنیای ئەدەب هاندەرت بوون؟ کێ زیاتر وەک مامۆستا کاریگەریی لەسەر تۆ هەبوو؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** لە قۆناغی سەرەتاییدا مامۆستایان ئەحمەد هەردی و مستەفا ساڵح کەریم و ساڵح محەمەد قەزاز، هەموو ڕۆژانی پێنج شەممەیەک

ڕۆژنامەی (ژین)ی بۆ دەهێناین و لەپۆلدا هەندێ بابەتی بۆ دەخوێندینەوە، مامۆستا مستەفا زمانی کوردی و عەرەبی پێدەوتین، لەوانەی کوردیدا چەندین شیعری پێدەنووسینەوە، باسی ئەدەبی کوردی بۆ دەکردین، هانی ئەوانەی دەدا کە زەوقیان لەسەر ئەدەبە و ڕێنمایی دەکردین، لە قوتابخانەی مەڵکەندی سەرەتایی هەموو ساڵێک بە ڕۆنیۆ بڵاوکراوەیەکی چاپ دەکرد بەناوی (سەیوان)، بەکورتی نموونەیەکی باڵای مامۆستای سەرکەوتوو بوو. لە دەرەوەی قوتابخانەش مامۆستا (محەمەد لاو محەمەد عەلی بەرزنجی) پوورزام کە خۆی یەکێک بوو لە نووسەر و وەرگێڕەکانی گۆڤاری گەلاوێژ، هەرچەندە حەمە لاو مامۆستای قوتابخانەم نەبوو، ئەو لە قوتابخانەیەکی تر مامۆستا بوو، بەڵام دەوری کاریگەری هەبوو، کتێبخانەیەکی گەورە و ئاوەدانی هەبوو، ئەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە لەکتێبخانەکەی ئەودا بینیومە لە کتێبخانەی گشتیشدا نەبوون، دەستیشم بۆ هەر کتێبێک بیردایە دەستی بەڕوومەوە نەدەنا.

حەز دەکەم خاڵێکی گرنگ هەیە و لێرەدا باسی بکەم، بێجگە لەو مامۆستایانەی کە باسم کردن من لەسەردەمێکی زوودا سێ مامۆستا و نووسەری دیارم ناسی کە ئەوانیش مامۆستایان (عەبدوڵڵا جەوهەر و جەمال نەبەز و فەرەیدوون عەلی ئەمین) بوون، ئەمانە کاریگەرییان لەسەرم هەبوو، پرسم پێدەکردن، لەبەر ئەم هۆیانە ئەوانم خۆشویستووە، ئێستاش لەگەڵ دکتۆر جەمال نەبەزدا بەینمان زۆر خۆشەو کتێبەکانی خۆی بۆ ناردووم، نامە گۆڕینەوەی نێوانمان بەردەوامە.

**ڕامان:** هیچ شتێکی دیکە ماوە حەز بکەی باسی لێوە بکەی سەبارەت بە بەرزنجە و قۆناغی منداڵی و بیرەوەرییەکانت؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** لەناو بەرزنجە و دەوروبەریدا کەسایەتی دیار هەبوون وەک: سەید ئەحمەدی حاجی مامەند و کوڕەکانی، شێخ غەریبی باساک و بنەماڵە و کوڕەکانی شێخ ڕەزای شێخ محەمەد، بنەماڵەی شێخ ئیسماعیلی شێخ نەجیب، بنەماڵەی شێخ مەحموودی شێخ حەسەن و شێخ ئەحمەدی برای، شێخ حەمە کاکە، شێخ جەمیلی شێخ ئەمین، شێخی حسێنی شێخ مەحموودی مۆریاس و براکانی، ماڵی حاجی عەلی و کوڕەکانی و زۆری تریش.

**ڕامان:** لەسەرەتادا کە چوونە سلێمانی و لە قوتابخانەی مەڵکەندی ناونووس کرایت، یەکێک لە مامۆستاکانت مستەفا ساڵح کەریم بووە، وتت تەنیا جارێک دواکەوتووە و ئەو ڕۆژەش مامۆستا ڕەفیق حیلمی سەردانی قوتابخانەکەی کردووە و هاتووە بۆ لای مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم، ئەوەمان بۆ باس بکە؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم مامۆستایەکی تا بڵێی دڵسۆز و جیدی بوو، دوانەدەکەوت، تەنانەت تاقیکردنەوەی هەفتانە، یان مانگانەی لەکاتی دەوامدا نەدەکرد، ڕۆژی پێنج شەممە کە یەک دەوام بووین دەیهێنایەنەوە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە، دیارە مەبەستی ئەوە بوو دەرسەکە نەفەوتێ، ڕۆژێکیان مامۆستا دواکەوت، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە خوالێخۆشبوو مامۆستا (عەزیزی میرزا ساڵح) بوو کە خێزانەکەشی بەناوی (دایکی سۆلاڤ)ەوە شیعری بڵاودەکردەوە، هاتە ژوورەوە و وتی بێدەنگ دانیشن مامۆستا مستەفا تۆزێک ئیشی هەیە و مامۆستا ڕەفیق حیلمی بەگ هاتووە بۆ سەردانی، بەو هۆیەوە من بۆ یەکەم جار و دواجار مامۆستا (ڕەفیق حیلمی)م بینی، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مامۆستایەکی گەورەی وەک مامۆستا ڕەفیق حیلمی سەردانی مامۆستاکەمان بکات، گەورەییە بۆ مامۆستاکەمان و بۆ قوتابخانەکەش، ئەو ڕۆژە دووشەممە بوو، دوای نیوەڕۆ هاتینەوە تا ئەو دەرسە پڕ بکەینەوە، ئینجا سەیری خوێندن و دڵسۆزی ئەوسا و سەیر و سەمەرەی ئێستا بکەن.

**ڕامان:** جگە لە مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم، چ مامۆستایەکی دڵسۆزی ترت دێتەوە یاد کە لە قوتابخانەی (مەڵکەندی) سەرەتایی دەرسی پێوتبێتی؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** مامۆستایان: (ڕەشید ئەحمەد بەرزنجی و ساڵح محەمەد قەزاز و عومەر عەلی ئەمین و مەحموود وەهبی و فوئادی حەمە ئەمین ئاغا) ئەمانە نموونەی بەرز و باڵای دڵسۆزی و خزمەتگوزاری بوون.

**ڕامان:** تۆ باسی ئەوەت کرد کە یەکێک لە هاوڕێکانت شەهیدی یەکێتی قوتابیانی کوردستان (محەمەد سدیق پێنجوێنی)یە و کتێبێکی تایبەتیشت لەسەر داناوە و چاوەڕێی چاپە و هەموو بەرهەمەکانیشی تێدا کۆکراوەتەوە، باسێکی ئەوەشمان بۆ بکە؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** لەپۆلی چوارەمی سەرەتایی بووم خوالێخۆشبوو (عوسمان)ی برام لەپۆلی یەکەمی ناوەندی بوو، ئێوارەیەکیان کاکە عوسمان کوڕێکی

باریکەلەی لەگـەڵ خـۆیدا هێنایەوە مـاڵـەوە، کـوڕەکـە دەسـتێکی نەبوو، قـۆڵێکی کـردبوو بەژێر پشـتێنەکـەیدا دانیـشت و باوکم وتی عـوسـمـان ئەم کـوڕە باشـە کێیە؟ئەویش وتی ئەمە قوتابییە و خەڵکی پێنجوێنە و لە قـوتابخـانەی سانەوی سلێمـانی پێکەوەین و لەبەشی ناوخۆییـە. ئەم ئێوارەیە بەیەکەوە دەگـەڕاین و وتی حەز دەکەم مـاڵـتان بزانم، لەبیرمە لە ماڵی ئێمە نانی خوارد و لەدواییـدا عـوسـمـانی برام لەگـەڵی ڕۆیشـتـەوە بۆ بەشی ناوخـۆیی و باوکم منیـشی لەگـەڵدا ناردن تا لـەو سـەر عوسمان بەتەنیا نەیەتەوە. لەوەوە وردە وردە ناسیاوەتیم لەگەڵ کاک حەمە سدیق پەیدا کرد، تا وای لێهات بوومە هاوڕێیەکی نزیکی، بۆم دەرکەوت کە کاکە حەمە سدیق کـوڕێکی ئێـجگار زیرەکـە و حـەزیشـی لە خـوێندنەوە و نووسینە و منیش حەزم لە کتێب و خوێندنەوە دەکرد.

حەمە سدیق پێش من نووسینی بڵاوکردووەتەوە، ساڵی ١٩٥٧ نووسـینی لەگـۆڤـاری (هەتاو)دا هەیە، دواتریش لە ڕۆژنامـەی ژین و پێشکەوتن و دەنگی کـورددا بابەتی هەمەجـۆری نووسیـوە، حەمـە سدیق ئەندامـێکی چالاکی پارتی و یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو، پلەی ئەو لە قــوتابیــاندا لە من باڵاتر بوو، چونکە بە تەمــەن و تاقـیکردنەوە لە من گـەورەتر بوو، بەهۆی قــوتابیــانی کــوردســتــان و ئەدەب و نووسـینەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێوەندیمان لەگەڵ یەکتر بەهێزتر دەبوو، هانی منی دەدا، دەیوت بنووسـە، ئەوە بکە ئەوە مەکـە. حـەمـە سـدیق کـە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی تەواو کرد نمرەی باشی هێنابوو، دەیتوانی بچێتە هەموو کولیەیەک، بەڵام لە خۆشەویستی زمانی کوردی چووە بەشی کوردی لە زانستگای بەغدا، لە کۆتایی ساڵدا کە هاتەوە پێی وتم لەبەر خۆشەویستی زمان و ئەدەبی کوردی چوومـەتە ئەو بەشە، بەڵام من ئەو شـتـانە دەزانم، بەنیـازم بیگۆڕم، دەچمە کـولیـەیەک کە هیـچی لێنازانم، وتم دەچیتە کوێ، وتی حەزم لە زانستە سیـاسـیـیـەکـانە و سـاڵێکیـشم دەفـەوتێ، چونکە دەبێ سـەرلەنوێ بچـمـەوە قـۆناغی یەکـەم، حـەمـە سـدیق شوێنەکـەی گـۆڕی، سـاڵی ١٩٦٣ لێپـرسـراوی یەکـێتی قوتابیانی کوردستانی هەموو زانستگای بەغدا بوو، ئیتر نەیتوانی ڕابکات، نازانم بۆ؟ حەمە سدیق لەدوای (٩)ی حوزەیرانی ١٩٦٣ بەفـیـتی چەند ناپاکـێک گـیراو لاشـە لاوازەکەی ئەنجن ئەنجن کـرا. حەمـە سـدیق یەکـێک بوو لەوانەی کـە خـۆشـەویسـتی زۆری لە دڵـمـدا هەبـوو، هەردووکـمــان هاوڕێ و ڕێبـواری یەک ڕێبــاز بووین، تەنانەت سـاڵی ١٩٩٦ لەگـۆشـەی (بەڵگەی زیندوو)ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بابەتێکم لەسەر نووسی و گلەیی ئەوەشم کــردبوو کـە نە قــوتابیــانی ئەولا، نە خوێندکارانی ئەملا باسی ئەم شەهیدە قـارەمانە ناکـەن، وەک هیـچ نەبووبێ و هیـچی نەکـردبێ، بەڵام ئەو قـسـەیە سـوودی هەبوو، چونکە دوای مـاوەیەک لەگـۆڤـارێکی قوتابیاندا کە لە مەسیف دەردەچوو وتارێکیان لەبارەیەوە بڵاوکردبووەوە.

من ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی کۆکردنەوەی نووسینەکانی ئەم شەهیدەم، بەهیـوام لەگەڵ مێژووی ژیانی لەکتێبێکی تایبـەتیدا بڵاوی بکەمەوە. کـتێبـەکـەش بەناوونیشـانی (حـەمـە سدیق عـەبدولڕەحـمان پێنجوینی... نووسـەر و شەهیدی یەکێتی قوتابیانی کوردستان) دەبێت.

**ڕامـان:** لەدوای شـۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ و مۆڵەتدانی پارتی دیموکراتی کوردستان تا وەک حزبێکی سـیــاسی بەئاشکرا کــاربکات، لەوکــاتەدا و تا هەڵگیـرساندنی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ کـتێبـخـانەی خـەبات دەورێکی گـەورە و باڵای بۆ خـزمـەتی ئەدەب و











سیاسەت و ڕووناکبیری کوردی گێڕاوە، تۆش یەکێک بووی لەئامشۆکارانی ئەو کتێبخانەیە، لەم بارەیەوە چی دەڵێی و بیرەوەریت چییە؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** لەدوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ پارتی دیموکراتی کوردستان بارەگای لە سەر شەقامی مەولەوی شاری سلێمانی کردەوە، لە هەمان کاتدا و لەسەر هەمان شەقامدا کتێبخانەیەکی بەناوی (کتێبخانەی خەبات) کردەوە کە بەرانبەر بیناکەی (تۆفیق قەزاز) بوو، لەسەرەتادا خوالێخۆشبوو (دکتۆر فارس) کتێبخانەکەی بەڕێوە دەبرد، پاش ماوەیەک دکتۆر فارس کتێبخانەکەی بەجێهێشت و چووە ناو حزبی شیوعییەوە.

**ڕامان:** ئەمە ساڵی چەند بوو؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** سەرەتای ساڵی ١٩٥٩ بوو، دوای دکتۆر فارس برای کوردپەروەر کاک (بەکر جاهید) بۆ لێپرسراوی کتێبخانەکە و پارێزەری خوالێخۆشبوو کاک (سمکۆ فەتحوڵڵا) سەرپەرشتیاری دارایی کتێبخانەکە بوون، مانگانە دەهات تا بزانی چی کڕاوە و چی فرۆشراوە و چەند سوودمەند بوون، چونکە سوودەکەی بۆ حزب بوو، بەڵام کاک بەکر هەرچەندە کادیرێکی حزبی بوو مانگانە مووچەی هەبوو، کاک بەکر لە بەیانی زووەوە دەهات و دوای بانگی ئێوارە کتێبخانەکەی دادەخست، ئەم کتێبخانەیە ژمارەیەکی زۆری خوێندەوار و نووسەر و سیاسییەکانی لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە، بە کورتی ببوو بەبارەگای دووەمی پارتی، ڕۆژنامەی (خەبات)ی ڕۆژانە ئەم کتێبخانەیە بەسەر کتێبخانەکانی سلێمانی و دەوروبەریدا دابەشی دەکرد، هەر لەکتێبخانەکەدا ژمارەیەکی زۆری لێدەفرۆشرا و نوسخەی نەدەمایەوە، ژمارەیەکی زۆر ناویان لە لیستی ئابوونەدا تۆمار کردبوو، ئابوونەی مانگانە ٦٠٠ فلس بوو، ئەو سەردەمە جگە لەکتێبخانەکەی قادر ئاغای عەتار و کەشتی نووحی مامۆستا نەجمەدین مەلا، چوار کتێبخانە لەشاری سلێمانی هەبوون کە ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبیان دەفرۆشت، کتێبخانەی گەلاوێژی ڕەووف مەعرووف فەتاح، کتێبخانەی (زێوەر)ی محەمەد عارف مەعرووف، کتێبخانەی (ئازادی) محەمەد ڕەسووڵ هاوار کە هەر سێکیان لەسەر شەقامی مەولەوی بوون، هەروەها لەسەر شەقامی (کاوە) کتێبخانەی (بیری نوێ) هەبوو کەچاپەمەنییەکانی حزبی شیوعی دابەش دەکرد، دیارە کتێبخانەی (خەبات)یش هەبوو کە خاوەنی جەماوەرێکی زۆر بوو، هەروەها گۆڤاری بەناوبانگی (ڕۆژی نوێ)شی دابەش دەکرد کە باشترین گۆڤاری ئەو ڕۆژگارە بوو. کتێبخانەی خەبات کتێبخانەیەکی پۆشتەی پێشکەوتوو بوو، ئەو نووسەرانەی کتێبیان چاپ دەکرد و سەر بەڕێبازی کوردایەتی بوون کتێبەکانیان دەدا بە کتێبخانەی خەبات تا بۆیان دابەش بکات، جگە لەمانە کتێبخانەی خەبات هەندێ کتێبیشی لەسەر ئەرکی خۆی چاپ کرد وەک کتێبی شۆڕشی بارزان کە مامۆستای خوالێخۆشبوو (هەمزە عەبدوڵڵا) بەعەرەبی نووسیبووی، مامۆستای خوالێخۆشبوو (محەرەم محەمەد ئەمین) وەریگێڕابووە سەر زمانی کوردی، هەروەها کتێبەکانی (عوسمان عوزێری) و (مەدهۆش) و زۆری تریش.

کاک (بەکر جاهید) خۆی ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتی بوو، حەز و ئارەزووی لەسەر خوێندنەوە و نووسین بوو، کەسێکی دڵسۆز و دەست و دەم پاک بوو، بەم هۆیەوە زۆربەی نووسەر و شاعیر و سیاسی و ڕووناکبیرەکانی سلێمانی دەچوونە کتێبخانەی خەبات و وەک یانەیەکی ئەدەبی و سیاسی لێهاتبوو، بەشبەحاڵی






خۆم دەبوایە ڕۆژی چەند جارێک سەرم لەو کتێبخانەیە بدایە، کاک بەکر متمانەیەکی زۆری پێدەکردم، زۆرجار کە بۆ کارێک دەڕۆیشتە دەرەوە منی لەجێی خۆی دادەنا و کاروباری کتێبخانەکەم بەڕێوە دەبرد، کتێبخانەی خەبات بۆ من وەک قوتابخانەیەک وابوو، زۆر نووسەر و سیاسی و کەسایەتیم لەوێ ناسی کە ئێستاش ئەو پێوەندییەم لەگەڵیان هەرماوە. ئەم کتێبخانەیە بەردەوام بوو، ڕۆژی ٦ی ئەیلوولی ١٩٦١ کە لەو ڕۆژەدا مانگرتنی سەرتاسەری دەستی پێ کرد و پاش پێنج ڕۆژ یەکەم گوللەی شۆڕشی ئەیلوول تەقی، کتێبەکانیش هەر کۆمەڵەی کەوتە لای یەکێک.

**ڕامان:** برادەرە نزیکەکانت لە قۆناغەکانی خوێندندا، ئەوانەی لە یادت مابن و بووبن بە ئەدیب و هونەرمەند و کەسایەتی ناسراوی ناو کۆمەڵ کێن؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** زۆرن، بەڵام دەتوانم چەند ناوێک بڵێم لە هونەرمەندەکان: عەلی جۆڵا و خالید سەرکار و فەرەنسیس داود و فەرید عیسا و عەلی توانا، لە نووسەر و کەسایەتییە ناسراوەکانیش: عومەری سەید عەلی، نەوشیروان مستەفا، دارۆی شێخ نووری، شاسواری شێخ جەلال ناسراو بە (ئارام)، جەباری حاجی ڕەشید، دکتۆر عوسمانی حەمەمراد، دکتۆر مووەفەقی حاجی ڕەشید، دکتۆر جەمال ئەحمەد ڕەشید، دکتۆر دڵشاد و محەمەد ڕەسووڵ هاوار، دکتۆر بەهادین عەلی حسێن کە ئێستا پرۆفیسۆری نەوتە لە زانستگای فەنزەویلا و نووسینی لەڕۆژنامەی پێشکەوتن-دا هەیە، ئەندازیار بەختیار عەزیز فەرەج، ڕەووف حەسەن، ڕەووف عوسمان، ئەندازیار بەکر حسێن، فوئاد قەرەداخی، عوسمان شێخ خالید قەرەداغی ، فەهمی قەرەداخی، مامۆستا عوسمان ڕەشید حسێن یەکێکە لە مامۆستا باشەکانی زمانی ئینگلیزی.

**ڕامان:** بێجگە لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن کە ساڵی ١٩٥٩ یەکەم بەرهەمت لەوێدا بڵاوکردووەتەوە، ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوانە کامانەن کە بەرهەم و نووسینت تێدا بڵاوکردوونەتەوە و ئێستا لەیادت مابن؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** لەسەرەتاوە؟

**ڕامان:** بەڵێ لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ

**عومەر مارف بەرزنجی:** ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوانە بریتین لە (پێشکەوتن، دەنگی کورد، بروا، ژین، هیوای کوردستان، ڕۆژی نوێ، پاشکۆی برایەتی، هەولێر، دەفتەری کوردەواری، نووسەری کورد، ڕۆژی کوردستان، کاژاو، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، بیری نوێ، پاشکۆی عیراق، مامۆستای کورد) بەزمانی عەرەبیش لەم ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا: النور، التآخي، العراق، گولان العربي، دوای ١٩٩١یش ئەوە لەبەرچاوە و هەموو دەرگا و پەنجەرەکانیان لەسەرداخستووین و هەر حەزناکەم باسیشی بکەم.

**ڕامان:** وەک ئێمە دەزانین شیعرێکی زۆری شاعیرانت لەبەر کردووە، هۆی ئەمە چییە؟ ئایا شیعر لەبەرکردن سوودی هەیە؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** باوەڕت بێت پۆلە بەراییەکانی قۆناغی سەرەتایی لێدەرچێت کە هەندێ شیعری قوتابخانەم لەبەر کردووە، ئیتر شیعرم لەبەرنەکردووە، دواتر هەر شیعرێکی باشم بینیبێ و هەستی جووڵاندبم و زەوقم لێی بووبێ بەجارێ دووجار خوێندنەوە سەرتاپا شیعرەکەم لەبەر کردووە، من توانایەکی باشی لەبەرکردنم هەیە، شاعیری ناودار هەیە زۆربەی دیوانەکەیم لەبەرە، دیارە کە ئەمە دەڵێم مەبەستم شیعری چاکە نەک پیت ڕیزکردن، بۆ ئەوەش کە ئایا سوودی هەیە؟ بەدڵنیاییەوە سوودی گەورەی هەیە، شیعر هەمیشە دەبێتە پاڵپشتی قسەکانت، نووسینەکانت، ئەو کەسانەی کە شیعری جوانیان لەبەرە، زەوقیان لێیەتی، ماناکانی دەزانن، وتەی جوان و پەندی ناوداران دەزانن نووسینەکانیان پۆشتەترە، بەڵام بۆ ئەو شیعرانەی لەم ڕۆژگارەدا تەنگیان بەخەڵک هەڵچنیوە حەزم لە زۆربەیان نییە، کە حەزیشم لێنەبوو دیارە هەستم ناجووڵێنن و بە ڕێیواری بەلایدا گوزەر دەکەم، بڕوا ناکەم شاعیرەکانیش خۆیان بیست دێر شیعری خۆیان لەبەربێت، چونکە سروشتی شیعرەکە وایە.

**ڕامان:** ئەوەندەی برادەرایەتی و تاقیکردنەوەم لەگەڵتدا هەیە لەو ڕاستییە گەیشتووم کە خاوەنی بیرتیژییەکی لە ڕادەبەدەر و یادەوەرییەکی چاکی، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** ڕەنگە سروشتی خۆم وابێ و هەر کەسیش خاوەنی بەهرە و سیفەتێکی باشە، لەلایەکی ترەوە لەسەرەتای ژیانی خوێندنەوە و ئەدەب و نووسینەوە وام دەزانی کە سەرتاپا ژیان بریتییە لەکتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و کاغەز، بۆ ئەوان قوربانیم بە زۆر شتی تایبەتی خۆم داوە، ئەوەندە تێکەڵ و ئالوودەی بووم

و خووم داوەتێ تەنانەت ئەگەر کەسێکی وەک جەنابت شتێکی بڵاوکردبێتەوە و لەبیری چووبێتەوە من پێم وتووە کە لەو شوێنەدا بڵاوکراوەتەوە و ژمارە و ڕۆژەکەشم زانیوە، جا ئەم بیرتیژییە وای کردووە کە بۆ لێکۆڵینەوە و نووسینەکانم سوودیان هەبێ، زۆر ناگەڕێم بۆ شت یەکسەر پەنجە دەخەمە سەر سەرچاوەکە و کاتێکی زۆرم بۆ دەگەڕێتەوە. جا ئەم بیرتیژییە ڕەنگە زیاتر ئەنجامی خوێندنەوە و وردبوونەوە و مامەڵەکردن و ئاوێتە بوون بێ لەگەڵ کرۆکی ئەدەب.

**ڕامان:** هەست ناکەی تەمەن کاریگەری لەسەر ئەو بیرتیژییە هەبێ؟ یان بەجۆرێکی تر تەمەن ئەو بیرتیژییەی کاڵ نەکردووەتەوە؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** بەدڵنیاییەوە دەڵێم نەک کاردەکاتە سەر بیرتیژی و گێڕانەوەی یادەوەرییەکان، بەڵکو دەبێتە هۆی کاڵبوونەوەی هەموو شتێک، زنجیرەی بیر دەپچڕێت، بیرتیژییەکە کز دەبێت، باشترین نموونەش مامۆستای خوالێخۆشبوو (مەسعوود محەمەد)ە کە لەم دواییەدا ئەو بیرتیژییەی کەمی کردبوو، بەزەحمەت دەچووەوە سەر کرۆکی ڕووداوەکان، دیارە لە یەکێکیشەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام بەشبەحاڵی خۆم کە نەگەیشتوومەتە ئەو ئاست و تەمەنە تا ئەم کاتە هەموو شتێ ئاساییە لەلام و ئەو بیرتیژییە کەمی نەکردووە و وەک خۆی ماوەتەوە.

**ڕامان:** لەو سەردەمەدا مامۆستا (نەجمەدین مەلا) و (کەشتی نووح)ەکەی یەکێک بوو لە ڕووە ناسراو و دیارەکانی شاری سلێمانی، نووسەر و مامۆستا و ڕۆژنامەنووس و خاوەنی قوتابخانە و کتێبخانەیەکی ئاوەدان بوو، وەک بیستوومانە جەنابت یەکێک بووی لەوانەی بەردەوام هاتوچۆت کردووە و پێت لێ نەبڕیوە، حەز دەکەین لەم بارەیەوە قسەمان بۆ بکەیت و تا چەندیش سوودت لێوەرگرتووە؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** ڕاستە کە خوالێخۆشبوو مامۆستا (نەجمەدین مەلا) یەکێک بوو لە ڕووە هەرە دیارەکانی شاری سلێمانی، شوێنی حەوانەوە و ماڵ و خوێندنگاکەی کەوتبووە ناوەڕاستی شەقامی سابوونکەران و بەرانبەر بە حەمامی موفتی و نزیکی ماڵی خوالێخۆشبوو (شێخ سەلام)ی شاعیر بوو، دەرگای خوێندنگاکەی هەمیشە ئاواڵە بوو، نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی خزمەتگوزاری دەرکەوتوو، دەرسی بە نەخوێندەوارەکان دەوتەوە، هەزاران کەسی لە دەردی نەخوێندەواری ڕزگار کردووە، هەر بۆیەش ناوی نا (کەشتی نووح). مامۆستا نەجمەدین مەلا قەڵایەکی گەورەی ئەدەب و ڕووناکبیری کوردی بوو، یەکێک بوو لە نووسەر و هەڵسووڕێنەرە چالاکەکانی ڕۆژنامەی (ژین)، تەنانەت چەند گۆشەیەکی هەفتانەی هەبوو، جگە لە وتار و باسی تر کە بەردەوام بۆ ڕۆژنامەکەی دەنووسی، هەڵەبژێریی ڕۆژنامەکەشی دەکرد.

مامۆستا نەجمەدین مەلا ڕێبوارێکی ماندووی ئەدەبی کوردی بوو، دەیان کەشکۆڵی نووسیوەتەوە، دەیان شیعری شاعیرانی پاراستووە، دیوانی حەمدی کە ساڵی ١٩٥٧ چاپکرا چوار سەد لاپەڕە بوو، پێش چاپکردنی ئەم مامۆستا گەورەیە دەیان نوسخەی بەدەستنووس لێ نووسیوەتەوە، دەتوانین بڵێین کەم کەس بەم شێوەیە شەیدا و هەڵوەدای وشەی کوردی بووە.

ئێمەش دەستەیەک کوڕ و کاڵ بوون، من و عەلی توانا و بەختیار عەزیز فەرەج بەردەوام سەری مامۆستامان دەدا، زۆرجاریش لەگەڵ (نەوشیروان مستەفا)دا دیدەنیم دەکرد، مامۆستا پشتیوانی خوێندەواران بوو، هاوکاری هەموان بوو، وەک ڕووگەی ئێمە وابوو، چەندین یادگار و دەستنووسی مامۆستام لەلایە، مامۆستا دەستی ئەوانەی دەگرت کە دەیزانی توانای نووسینیان هەیە، داوای هەر کتێبێکمان بکردایە دەیدایێ، بەتایبەتی لەگەڵ مندا زۆر گونجاو بوو. نەوشیروان لەلای مامۆستا نەجمەدین مەلا فارسی دەخوێند، ئەو فارسییەی دەیزانی بەرهەمی ئەو مامۆستا گەورەیەیە.

مامۆستا کەسێکی پاک و ڕاستگۆ بوو، چی لە دڵیدا بوو ئەوە لەسەر زمانی بوو، درۆ و ماستاو و خۆهەڵکێشان لە فەرهەنگیدا نەبوو، ئێمە زۆر جار کە دەچووینە خزمەتی دەمانبینی کەسانی وەک شێخ سەلام و ڕەمزی مەلا مارف و عارف قاپ ڕەش و گۆران و هەردی و فەرەیدوون عەلی ئەمین و کامەران و زۆری تری لێ بوو، لەمامۆستایانی قوتابخانەش (شێخ کەریم باراوی و ئەنوەر فەخری و عەبدوڵڵای مەجید بەگ و فایەق عارف و حەمە لاو بەرزنجی) دەچوونە لای، دەمبینی فەرەیدوون عەلی ئەمینی زۆر خۆشدەویست، هەر مامۆستا فەرەیدوون بوو کە ساڵی ١٩٥٧ لە ڕۆژنامەی (ژین)دا جوانترین بابەتی بەناوونیشانی (مامۆستا نەجمەدین مەلا مامۆستایەکی دڵسۆزی کوردە) لەسەر مامۆستا

نووسی. مامۆستا هیچ مووچەیەکی نەبوو، بژێوی کەوتبووە سەر ئەو چەند قوتابییەی کە پێی دەخوێندن، لەگەڵ هاوکاری هەندێ لە پیاوچاکانی شار، لە هەموویان زیاتر خوالێخۆشبوو (عەلی کەمال بەگ) چەندین جار مێز و کورسی و کەرەستەی قوتابخانەکەی بۆ گۆڕیوە و یارمەتی داوە، من جارێکیان لەوێ بووم.

مامۆستا پێوەندییەکی توند و تۆڵی لەگەڵ (پیرەمێرد)دا هەبووە و لەنهێنی یەکتریان زانیوە و دڵیان بەیەکتری کراوەتەوە. بۆ نموونە جارێکیان پیرەمێرد لە رۆژنامەی (ژین)دا شیعرێکی خۆی بەناوی (عیزەت محیدین) بلاودەکاتەوە، مامۆستا دەیزانی کە ئەمە شیعری پیرەمێردە و دەستبەجێ بەناوی (بێکار)ەوە وتارێک دەنووسێ و دەڵێ پیرەمێرد بۆ خۆتمان لێدەگۆڕی، پیرەمێردیش لە وەڵامدا دەڵێ: (خەڵک شیعر دەدزن من خۆم دزیوە) نەک هەر ئەمەش بەڵکو پیرەمێرد شیعری:

**خەیاڵێ وا لە باخەڵما بەتوێی پیرا هەنە ئەمشەو**
**بەوەسڵێکی خەیاڵ دەورم سەرانسەر گوڵشەنە ئەمشەو**

ئەم شیعرەی پێشکەش بە مامۆستا نەجمەدین مەلا کردووە. ئەوەی سەرنجم داوە مامۆستا نەجمەدین مەلا حەزی بەلاسایی کردنەوەی کەسایەتییە ناسراوەکان دەکرد، جارێکیان دانیشتبووم، مامۆستایان رەمزی مەلا مارف و عارف قاپ رەش و شێخ سەلام و فەرەیدوون عەلی ئەمینی لێ بوو، مامۆستا نەجمەدین مەلا چای دەخواردەوە و قومێکی لێدەدا و دایدەنایەوە، تۆزێک دەوەستاو ئینجا قومێکی تری لێدەدایەوە، مامۆستا رەمزی وتی ئەوە بۆچی قومێک دەخۆیت و دایدەنێیتەوە؟ ئەویش وتی ئای نازانی (عەبدولوحسین ئەلسەعدون) وا چای دەخواردەوە. هەموویان دەستیان کرد بە پێکەنین. ئینجا مامۆستا وتی بۆ پێدەکەنن، تۆش وەک عارف قاپ رەشی بخۆرەوە کێ رێی لێگرتووی، هەرکەس لاسایی هاوتای خۆی دەکاتەوە.

حەز دەکەم لێرەدا ئەوەش بڵێم کە کاک (نەوشیروان مستەفا) وەک قوتابییەکی بەوەفای چەند ساڵێک لەمەوبەر تەکلیفی لێکردم هەوڵبدەم بەرهەمەکانی مامۆستا نەجمەدین مەلا کۆبکەمەوە، لەم بارەیەوە هەنگاوم ناوە، بەلام کۆکردنەوەی بەرهەمەکان تا بڵێی کارێکی سەختە، چونکە دەبێ کێومالی هەموو رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی بۆ بکرێ لە ناوەراستی سالی ١٩٣٥ بەداوە، بەم جۆرە تێکرای بەرهەمەکانی دەبێتە کارێکی گەورە و فراوان و هیوادارم کۆتایی پێ بێنم و رەنگە گەورەترین بەرهەمی لێدەرچێ، مایەوە سەر شتێک بە پێویستی دەزانم لەم چاوپێکەوتنەدا بەرچاوی بخەم کە بریتییە لەوەی مامۆستا سروشتێکی سەیری هەبوو، جاروبار تووڕە دەبوو، دانیشتوانی سلێمانی یارمەتییان بدایە بەرهەڵستی نەدەکرد، دراوسێیەکانی کەشتی نووح نانیان بۆ ببردایە وەری دەگرت، بەلام بێگانەیەک یارمەتییەکی زۆریشی بدایە وەری نەدەگرت، دەیانوت بۆچی؟ دەیوت با نەڵێن کورد بۆ پوولی بە حەواچوو زەلیلە!!

**رامان:** ئەی نیازت نییە بابەتێک، کتێبێک لەسەر مامۆستا عەبدوڵڵا جەوهەر بنووسی کە هاورێی نزیک و ئازیزی هەردووکمان بوو، یان هەوڵبدەی بەرهەمەکانی کۆ بکەیتەوە،چونکە جەنابت بۆ ئەم کارە لە هەموو کەس باشتری؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** من لەمێژەوە مامۆستا (عەبدوڵڵا جەوهەر)م دەناسی بەبێ ئەوەی یەکتر بدوێنین، ئەمەی دەیڵێم سالانی ١٩٥٨- ١٩٥٩بوو، دەشمزانی ناوی ئەوەیە و لەگۆڤاری (گەلاوێژ)دا نووسینی هەیە، بەلام دواتر تێکەلاوییەکی بەربلاوم لەگەڵیدا پەیداکرد، بەجۆرێک کە دەبوایە هەموو رۆژێک ببینیایە. ئەو نەیدەوت کە نووسەر بووە و خاوەنی کتێب و ژمارەیەک نووسینە، بێدەنگ بوو، تووشی نیمچە گۆشەگیرییەک ببوو، لەم سالانەی دواتریشدا کە جەنابت لە سلێمانی نیشتەجێ بوویت، ناسیت، یەکترتان خۆشدەویست، تا رادەیەکی زۆر رێزی یەکترتان دەگرت. بەشبەحالی خۆم سوودی زۆرم لێوەرگرت، چونکە شتی لەمن نەدەشاردەوە و بڕوای تەواوی بەمن هەبوو.

عەبدوڵڵا جەوهەر یەکێک بوو لە نووسەرە هەرە دیارەکانی رۆژنامەی ژینی سالانی چل و گۆڤاری گەلاوێژی ١٩٣٩-١٩٤٠، بەناوی (جیم، ع جەوهەر، ع. ج، ع . چالاک) بابەتی بلاوکردووەتەوە، زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و هەندێ فەرەنسی دەزانی، لە زمانی ئینگلیزییەوە بابەتی وەرگێراوی هەیە، شارەزاییەکی باشی لە ئەدەبی ئینگلیزیدا هەبوو، بەخزمایەتیش دەگەیشتە (گۆران)، هەمووجار دەیوت گۆران لە قەرەداغ مامۆستام بووە و خزمیشمە، جەوهەر ناوی باپیرێتی و لەبنەرەتدا ناوی (عەبدوڵڵا تۆفیق جەوهەر)ە. جارێکیان وتی لە سالی

١٩٤٨ کـتـێـبـی (دایک)ی (گـۆرگی)م لە زمـانـی ئینگلیزییەوە کردووە بەکوردی و لەگەڵ هەندێ وەرگێڕانی تردا فـەوتـاوە، خـاوەنی کـتـێـبـخـانەیەکی گـەورەش بوو، یەکـەم بەرهەمی چاپکراوی نـامـیلکەی (ئاوات)ە کـە پیرەمێرد ساڵی ١٩٣٧ بۆی چاپکردووە و لە چاپخانەدا دەسـتی بەسـەر داگـیـراوە و نەتوانراوە بڵاوبکرێتـەوە. کـتـێـبـەکە نرخی ٣٠ فلسـە، تەنیـا نوسـخـەیەکی هەیە ئەویش لەلای منە. دەڵێن لەکـاتی خـۆیدا پیـرەمـێـرد نوسخەیەکی بە دیاری بۆ میسـتەر ئیدمۆندز ناردووە کە لە کتێبخانەکەیدا پارێزراوە.

عەبدوڵڵا جەوهەر وەک چەند مامۆستا و نووسەرێکی تر لە داخسـتـنی گـۆڤـاری گـەلاوێژەوە لە بڵاوکـردنەوە وەسـتـا، وا دیارە (گـەلاوێژ) هێندە خـۆشـەویست بووە لایان هێـزیان نەبووە دوای داخسـتـنی بەردەوام بن، لەم ناوانە دەتوانین چەند کـەسـێک وەک نموونە دەستنیـشـان بکەین، (مسـتـەفا سائب، مەجید سـەعـید، محـەمەد تۆفیق، حەمە لاو بەرزنجی، فـازڵ مـحەمەد عـیرفان) و زۆری تریش.

عەبدوڵڵا جەوهەر شیعر و وتار و پەخشان و چیرۆک و بابەتی وەرگێڕاوی هەیە، تەنانەت یەکەم کەسە کە بەناوی (جیم) ڕەخنەی لەمامـۆستا (ڕەفـیق حیلمی) گـرتووە سەبارەت بە (دڵدار)ی شاعیر، لەکاتی خۆیدا مامۆستا (ڕەمـزی قـەزاز) و (دڵدار)یش وەڵامـیـان داوەتەوە و (عەبدوڵڵا جەوهەر)یش وەڵامی هەموویانی داوەتەوە.

لەبارەی ئەوەشەوە کە ئایا نیازم نییە شتێکی لەبارەوە بنووسم؛ بەڵێ سـاڵی ١٩٩٦ لە گـۆشـەی (بەڵگەی زیندوو)ی ڕۆژنامەی کـوردسـتـانی نوێدا بەناوونیـشـانی (عـەبدوڵڵا جـەوهەر و ئاواتێکی بێـدەنگ) بابەتێکم لەسـەر نووسی، ئێـسـتـاش خـەریکی کـۆکـردنەوە و ڕێکخستنی بابەتەکانی مامـۆستـام، هیـوادارم بەزوویی لەشـێـوەی کـتـێـبـێکی جواندا چاپی بکەم، چونکە وەک جەنابت وتت من لە هەموو کەس لە پێشترم.

**ڕامان:** تۆ مـومـارەسەی نووسینی ڕەخنەی ئەدەبیشت کـردووە، چەند کـارێکی باشت لەم بوارەدا هەیە، پێم خۆشە باسی ئەو گیـروگرفـتـانە بکەی کە لە ئەنجامی مومارەسەی ڕەخنەییدا دووچارت بووەتەوە؟

**عـومـەر مـارف بەرزنجی:** باوەڕ بکە هێندەی ئازارم بەدەست ڕەخنە و ڕەخنە لێگیـراوەوە بینیـوە، بڕوا ناکـەم هێندە ئازارم بەدەست هیچ دەسـەڵاتێکی سیـاسـیـیـەوە بینیبێ.

**ڕامان:** حەز دەکەم زیاتر ئەمەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** بەدڵپاکی و لەپێناوی خزمەتی ئەدەبی کوردیدا لەسەر بابەتێکم نووسیوە، بێزارم کردووە و هەندێ ناتەواویم خـسـتـووەتە ڕوو، ڕاسـتـیـیـەکـانم نیـشـانداوە، کـەچی وەڵام و پاداشـەکـەی بریتی بووە لە جـوێن و بوخـتـان و تانە و تەشـەر و تەنانەت ڕاپۆرت نووسین. من گـەلێ بابەتی ڕەخنەییم هەیە و لەسـەر بەرهەمی نووسەرانم نـووسیـوە، گرفـتەکە لەوەدایە هەندێ لەنووسـەران خۆیان لە سـەرووی ڕەخنەوە دەبینن کە دیارە ئەمەش نەخۆشییە، بابەتێکی ڕەخنەییم لەسەر دیوانێکی شیعر و پێشەکییەکەی گرت، زیاد لە حەفتا لاپەڕە درۆم بۆ هەڵبەستراو جوێنباران کرام و خەڵکیشیان لێ هاندام، بەنووسەرێکم وت کە وشەی ڕاستی، یان حەقیقەت هەبێ چ پێـویسـت دەکـات وشـەی (فـاکت)ی ئینگلیـزی بەکاربێنیت، لە ڕۆژنامەی هاوکاری وەڵامێکی دامەوە و وتی کـە فـلان کـەس مـامـۆسـتـای قـوتابخـانەیە و بەم بیروباوەڕە تەسکە نەتەوایەتییە قوتابی پەروەردە بکات ئایا ڕەوایە؟ بە کورتی دەیویست تووکی سەرم با بیبات و منیش خۆم بێدەنگ کرد، بابەتێکم لەسـەر کـتـێـبـێک نووسی، ڕەخنە لێگیـــراو لە ڕۆژنامـــەی هاوکـــاری دەسترۆیشـتـوو بوو، خۆی یەکێک بوو لە نووسەرەکانی هاوکاری، ماوەی چەند مـانگ ڕۆژنامەکەی تەرخان کرد بۆ جوێندان، نامەی دەنووسی بۆ خەڵک کە وەڵامی فلان بدەنەوە بۆتان بڵاودەکـەینەوە و پاداشـتی زۆریشـتـان بۆ دەنووسین، باشە ئەمـانە گـرفت نین؟ من نامـەوێ لێـرەدا هەموو شتێک بڵێم، بەڵکو تەواوی ئەم مەسەلەیە بە ناو و ڕۆژ و سـاڵەوە بامێنێ بۆ بیـرەوەرییـەکـانم کە ئێـسـتـا خـــەریکی بەرگی یەکـــەمـــیم و ئەوەی لەژێر بەرەیە دەیخەمەوە سەرەوە.

**ڕامـان:** زۆرکـەس دەتناسن کـە بیـرت تیـژە و هیـچت بیرناچێتەوە و یادەوەرییەکی زۆرت هەیە، دەمەوێ بزانم ئەم یادەوەرییـە چۆنە و لەکـێـوە هاتووە، حـەز دەکـەم لەم بارەوە قسەمان بۆ بکەی؟

**عـومـەر مـارف بەرزنجی:** من کـە لەپۆلە بەراییـەکـانی سـەرەتایی بووم و زۆر کەس شـایەتی حـاڵن کە جـاری وا هەبووە نەک شـیـعـر، بەڵکو بابەتێکم لەسـەرەتاوە تا بنەتای لەبەرکـردووە و بیـریشم نەچووەتەوە، جـارێکیـان مـامـۆسـتـا (عـومـەر عـەلی ئەمین) لە پۆلی شـەشـەمی

سەرەتایی مامۆستای جوگرافیا و مێژوومان بوو، بۆ تاقیکردنەوە (٢٥) لاپەڕەی داینێ و هەموویم لەبەرکرد و نمرەی (١٠٠)م هێنا. مامۆستاش سەرسام بوو، وتی ئەبێ لەبەر بۆم بڵێیی، دوو لاپەڕەم بۆ وت و ئیتر وەستاندمی، من بۆ شت لەبەرکردن زۆر باشم و بیریشم ناچێتەوە، ئەم بیرتیژییەش هەندێکی بۆ بنەماڵە دەگەڕێتەوە، باوکم بیری تیژ بوو، خاوەنی یادەوەرییەکی زۆر بوو، برا گەورەکانم (عەبدولقادر مەعرووف بەرزنجی) و خوالێخۆشبوو (عوسمان مەعرووف بەرزنجی) هەردووکیان لەمن بیریان تیژتر بوو.

**رامان:** تۆ وەک نووسەر و لێکۆڵەرێک چەندین کتێبت هەیە، حەز دەکەین باسی کتێبەکانت بۆمان بکەی؟ دوایی دەچینە سەر پرۆژەکانی داهاتووت؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** یەکەم کتێبی چاپکراوم بەناونیشانی (لێکۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥- ١٩٦٠)یە و لەقەوارەی ٢٢٢ لاپەڕەی گەورەدایە و ساڵی ١٩٧٨ وەک یەکێک لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد بلاوکرایەوە. کتێبەکە بریتییە لە پێشەکییەک و چوار بەشی سەرەکی، سێ بەشیان لێکۆڵینەوەیەکی فراوانە لەبارەی چیرۆکی کوردی لەماوەی نیو سەدەدا، بەشی چوارەمیش بیبلیۆگرافیایەکی فراوانی ئەو چیرۆکانەیە کە لەنێوان ١٩٢٥- ١٩٦٩دا بلاوکراونەتەوە. دیارە لێکۆڵینەوە مەرج نییە هەموو چیرۆکەکان بگرێتەوە، بەلام بیبلیۆگرافیا هەموو چیرۆکێک دەگرێتەوە و لە کتێبەکەدا تۆمار کراون، ئەمە جگە لەوەی کە لە پەراوێزدا هەموو نازناوو ناوە خواستەمەنییەکان ئاشکرا کراون، ئەم کتێبە بەو فراوانییە یەکەم لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بەچیرۆکی کوردی. کتێبەکە بووە بەسەرچاوەیەکی گرنگ و باوەڕپێکراو بۆ هەموو ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوە، یان نامەی ماستەر و دکتۆرایان ئامادەکردووە سەبارەت بە قۆناغە مێژووییەکانی چیرۆکی کوردی.

کتێبی دووەم (لێکۆڵینەوەی هونەری، یان هەڵبزڕکاندن) ئەمیش ساڵی ١٩٧٨ وەک یەکێک لە بلاوکراوەکانی گۆڤاری (دەفتەری کوردەواری) لەقەوارەی (٥٢) لاپەڕەدا چاپکرا. ئەم کتێبە بریتییە لە باسێکی ڕەخنەیی سەبارەت بە کتێبی (لێکۆڵینەوەی چیرۆکی هونەری ١٩٢٥- ١٩٦٠)ی حسێن عارف لەکاتێکدا کتێبی ناوبراو بلاوکرایەوە هەستم کرد کۆمەڵێک ناتەواوی و کەموکوڕی هەیە، بەپێویستم زانی باسێکی تایبەتی لەسەر بنووسم، باسەکەم نارد بۆ (جەمال خەزنەدار) تا لە گۆڤاری (رۆژی کوردستان)دا بلاوی بکاتەوە کە لەو کاتەدا سکرتێری نووسینی گۆڤارەکە بوو، بەلام باسەکەیان بلاونەکردەوە و بەبێ پرسی من لە دووتوێی نامیلکەیەکدا چاپیان کرد. ئەم کتێبە چوار هەزار دانەی لێ چاپکراو لە ماوەیەکی کەمدا هیچی نەما و نرخی نامیلکەکە (١٣٠) فلس بوو، لە چاپخانەی (عەلاء) چاپکرا، نامیلکەکە هەرایەکی سەیری نایەوە.

کتێبی سێیەم بریتییە لەسەرجەمی بەرهەمەکانی شەهید (شێخ مارفی بەرزنجی) کە لەدووتوێی ٤٣٢ لاپەڕەی قەوارە گەورەدایە و ساڵی ١٩٩٣ لەسەر ئەرکی بنەماڵەکەیان چاپکرا. ئەم کتێبە زۆری ماندوو کردم، هەرچی شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و بابەتی ڕەخنەیی و وتاری رۆژنامەیی و زمانەوانی و گۆشەی تایبەتی رۆژنامە و باس و خواس و تەنانەت ئەو وردە بابەتانەی کە لەناو رۆژژمێرەکاندا بووە لەم کتێبەدا جێیان کراوەتەوە، جگە لە پێشەکییەکی ٤٠ لاپەڕەیی کە ڕادەی سەرکەوتنی (شێخ مارف بەرزنجی) دیاریکردووە.

کتێبی چوارەم بەناونیشانی (عوسمان مەعروف بەرزنجی- یاساناس و رووناکبیر و مرۆڤ) ئەم نامیلکەیە ساڵی ١٩٩٧ بەبۆنەی کۆچی دوایی و چلەی کاکمەوە ئامادەم کردووە، ساڵی ٢٠٠٧ چاپی دووەمی بەشێوەیەکی باشتر و بە زیادە و بژارکردنەوەی چاپکرایەوە، لەنامیلکەکەدا چەند برادەرێک بەبابەتی هەمەجۆر هاوبەشییان کردووە.

کتێبی پێنجەم کتێبێکی مێژووییە بەناونیشانی (مەحموود خانی دزڵی- شۆڕشگێری رۆژهەلاتی کوردستان)، ئەم کتێبە دووجار چاپکراوە، چاپی یەکەم ساڵی ١٩٩٧ بە قەوارەی ١٢٦ لاپەڕە، چاپی دووەم ساڵی ٢٠٠٠ بەقەوارەی ٢٨٤ لاپەڕەی گەورە. باسی ڕۆڵی دیاری سەرداری دزڵی و هەورامان مەحموود خانی دزڵی دەکات، مێژووی ژیانی دەگێڕێتەوە، بزووتنەوە و هەوڵ و تەقەللاکانی پێش چاو دەخات، مەحموودخان یەکێک بووە لە هەرە دڵسۆزەکانی شێخ مەحموودی بەرزنجی، یارمەتی داوە، بەشداری شەڕەکانی کردووە، وەک چۆن شێخی نەمر نێردراوە بۆ هیندستان، مەحموودخانیش بەو جۆرە نێرراوە بۆ هیندستان، کتێبەکە تۆمارێکی گرنگە سەبارەت بەم سەردارە گەورەیە،

لەکتێبەکەدا باسی پێوەندی نێوان مەحموود خانی دزڵی و کەسایەتییەکانی ئەو ڕۆژگارە کراوە وەک سەردار ڕەشیدی ئەردەڵان و مەحموود خانی کانی سانان و حەمە ڕەشیدخان و زۆری تریش، کتێبەکە لە چواردە بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشێکیان بەناوونیشانی (مەحموود خانی دزڵی و بەڵگەی ئەدەبییە)، چونکە لە ئەدەبیاتی کوردیدا باس لەم سەردارە گەورەیە کراوە، بۆ نموونە ئەحمەد بەگی ساحێبقران ناسراو بە (حەمدی) لە شیعرێکیدا سەبارەت بە شەڕی دەربەندی بازیانی ساڵی ١٩١٩ وتوویەتی:

**شەرتە تا ڕۆژی قیامەت دەست لە ئەژنۆ بەرنەدەم**
**سەر لە قوڕ نێم بۆ سیادەت بەم دڵەی خەمناکەوە**
**بۆ دوو مەحموودخان ئەمیری سەرحەدی ڕۆم و عەجەم**
**بوونە ئەسحابی قوڕەیش و چوونە سلکی چاکەوە**

کتێبی شەشەم بەناوونیشانی (برایم ئەحمەد لەکارە زانستی و ئەدەبییەکانی پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار)دا بریتییە لە ١٣٤ لاپەڕە و ساڵی ٢٠٠٤ لەچاپخانەی شڤان لە سلێمانی و لەسەر ئەرکی (کاوەی ئەنوەر بەگی مەحموود خانی دزڵی) چاپکراوە.

هۆی دانان و نووسینی ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە کاک (ئەحمەد شەریف) نامەیەکی ماستەری سەبارەت بە برایم ئەحمەد پێشکەش بە زانستگای سلێمانی کرد و دواتریش چاپی کرد، کتێبەکە بە قەوارە گەورەیە، بەڵام بە وشەیەک ناوی مارف خەزنەدار نەبراوە، کتێبەکەم خوێندەوە، سەبارەت بەدکتۆر خەزنەدار بڕیارم دا کە کتێبێکی لەسەر دابنێم، چونکە تا ئەوکاتەی کە ئەحمەد شەریف کتێبەکەی نووسیوە، کەس بە قەدەر دکتۆر خەزنەدار لە برایم ئەحمەدەوە نزیک نەبووە و شتی لەبارەوە نەنووسیوە، یەکەم کەسە کە شیعری (یادگار و هیوا)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و ساڵی ١٩٥٦ لەکتێبی (أغاني كردستان)دا بڵاوی کردووەتەوە، دکتۆر خەزنەدار لەگەڵ برایم ئەحمەددا ماوەیەک لە ڕۆژنامەی خەبات پێکەوە کاریان کردووە، دکتۆر خەزنەدار هەندێ شیعر و چیرۆکی برایم ئەحمەدی کردووە بە ڕووسی و چاپی کردووە، پێکەوە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری شەفەق بوون، نامە لەنێوانیاندا هەبووە، ئەمانە هەموویان وایان کرد من ئەو کتێبە بە شێوەیەکی هێمن بنووسم و ڕاستییەکان بخەمە ڕوو.

کتێبی حەوتەم: (گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی لە قەوارەی ٢١٤ لاپەڕە و ساڵی ٢٠٠٦ لە چاپخانەی (شڤان)ی سلێمانی چاپکراوە، کتێبەکە بریتییە لە پێشەکییەک و سێ بەشی سەرەکی. باس لە کاریگەری شیعری ئینگلیزی دەکات لەسەر شیعرەکانی (گۆران) و هەموو بۆچوونەکانیش بە بەڵگەی زیندووەوە سەلمێنراون، سەرەتای ئەم پرۆژەیە بۆ ساڵی ١٩٧٦- ١٩٧٨ دەگەڕێتەوە کە لەو کاتەدا دوو ئەڵقەم بە هەمان ناوونیشان لە ژمارە (٤١) و (٥٠)ی گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)دا بڵاو کردەوە و سەرنجی زۆر لە خوێندەوار و نووسەرانی ڕاکێشاوە لەوانە دکتۆر عەزیز گەردی و دکتۆر عەبدوڵڵا دەباغ و زۆری تریش، کتێبەکە بابەتێکی بەراوردکارییە، باس لەوە کراوە کە گۆران وەک شاعیرێکی گەورە سوودی لە شاعیرە مەزنەکانی ئینگلیز وەرگرتووە، چونکە کاریگەری هەر بووە و هەر دەمێنێ، لە کۆتایی کتێبەکەدا لیستێک سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی تۆمار کراوە.

کتێبی هەشتەم: بەناوی (نوربەخشی- شیعرەکانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحموودی بەرزنجی) لەدوو توێی ١٥٢ لاپەڕەدا و ساڵی ٢٠٠٦ لەچاپخانەی شڤان دوو هەزار دانەی لێ چاپکراوە. ئەم کتێبە دەمێکە ئامادە کراوە، بەڵام مامۆستایان دکتۆر کەمال فوئاد و عومەری سەید عەلی داوایان لێکردم لەسەر ئەرکی ئەو بودجەیە چاپ بکرێ کە بۆ یادی (٥٠) ساڵەی کۆچی دوایی شێخی نەمر ئامادە کراوە، دەبوایە لە یادەکەشیدا هەمووی دابەش بکرایە، بەڵام کەمی دابەشکراو نەمزانی ئەوانی تر چوو بە گەرووی کێدا!!

کتێبی نۆیەم: بەناوی (برایم ئەحمەد- کۆی بەرهەمە شیعرەکانی) ئەم کتێبەش ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک ساڵی ٢٠٠٧ دوو هەزار نوسخەیان لێ چاپکردو لە ساڵیادی برایم ئەحمەددا وەک دیارییەک پێشکەش بە ئامادەبووانی ساڵیادەکە کرا. دابەشکردنەکەش بەشێوەیەکی دروست بوو.

**ڕامان:** ئەی وەرگێڕان؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** من زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەزانم، بابەتی بڵاوکراوەم بەزمانی عەرەبی هەیە، بەڵام هیچ بابەتێکی ئەدەبی وەرگێڕاوم بڵاونەکردووەتەوە تەنیا دوو کتێبی قوتابخانە نەبێ کە بەهاوکاری چەند مامۆستایەک وەرمان گێڕاون کە بریتین لە:

(١) جوگرافیای ئابووری بۆ پۆلی شەشەمی ئەدەبی،

بەهاوکاری مامۆستایان خەسرەو مستەفا و عەبدولکەریم شێخانی، بەغدا ١٩٨٣.

(٢) سەرەتاکانی کۆمەڵزانی و فەلسەفە، بۆ پۆلی پێنجەمی ئەدەبی، بەهاوکاری دکتۆر ئیحسان فوئاد و ڕەووف حەسەن، بەغداد، ١٩٨٩.

**ڕامان:** پرۆژەکانی داهاتووت؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** زۆرن: وەک بەڵگەی زیندوو، لێکۆڵینەوەیەک لەسەر بەرهەمەکانی شێخ مارفی بەرزنجی، عەبدوڵڵا جەوهەر و ئاواتێکی بێدەنگ، کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی مامۆستا فازڵ محەمەد عیرفان، حەمە سدیق عەبدولڕەحمان پێنجوینی- شەهیدی قوتابیانی کوردستان، چاپی دووەمی گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی بە زیادکردنەوە، چارلز دیکنز- ڕۆمانووسی کۆمەڵایەتی، مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی- شەهیدی قەڵەم و مێژوو، نیازم وایە ئەمساڵ ٢٠٠٧ هەندێکیان بەچاپ بگەیەنم.

**ڕامان:** شاکارێکی شیعری، یان شابەیتێک کە هەمیشە لە خەیاڵتدا بێ و بیلێیتەوە چییە؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** شاکاری شیعری و شابەیت زۆرن، سەدان شیعرم لەبەرە و بە شیعری چاکیان دەزانم، بەڵام دڵم زۆر بەم شیعرەی (حەمدی) دەکرێتەوە:

**ڕووی زەمان ڕەش بێ لە مەردان ڕوو کە وەرگێڕێ ئیتر**
**دێنە مەیدان بلح و نامەرد، تێک ئەدەن ڕەسم و شیعار**
**زۆر کەڕەت ئەموت چ بێ عەقڵە کەریی تازەمین**
**ئەسپ و کەر، گاجووت و ئێستر، پێکەوە ئەیکا قەتار**
**نەم ئەزانی وا لە خاطریا زەمان ڕۆژێک ئەبێ**
**کیسەڵ و قرژانگ و قۆڕی پێکەوە بکرێتە بار**
**ئەی پشیلەی قوڕ بەسەر گۆڕ هەڵتەکێنە وای لەکوێ؟**
**وا تلی لی لێئەکەن مشکان لەسەر بانی عەمار**
**هەر زەمانە ئەم جڕ و جانەوەرانە یەک ئەخا**
**هەر زەمانە ئەم گژوگیایە لەگوڵشەن کا بژار**

**ڕامان:** تۆ وەک مامۆستایەکی سەرکەوتووی زمانی ئینگلیزی کە لە قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەکاندا دەرست وتووەتەوە، بەشایەتی قوتابییەکانت یەکێکیت لە مامۆستا باشەکانی زمانی ئینگلیزی و زمانەکەت لا خۆشەویست کردوون، هیوادارم لەم بارەیەشەوە قسەمان بۆ بکەیت و ئەو ئینگلیزی زانینەت بۆچی دەگەڕێتەوە، چونکە تۆ وەک دەزانین دەرچووی زمانی ئینگلیزی نیت؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** لە قۆناغی سەرەتاییدا مامۆستایەکمان هەبوو ئێستاش لە ژیاندایە و ناوی (ساڵح محەمەد قەزاز) بوو، بەجۆرێک زمانی ئینگلیزی پێدەوتین کە زۆربەمان هۆگری بووین و چێژمان لێوەردەگرت و بەزەوقەوە دەیوتەوە، تەنانەت دەفتەری وشە و ماناکانی بۆکردبووین بە نیمچە فەرهەنگێک و هەر پەڕەی تەرخان کرابوو بۆ پیتێک، کە هاتینە پۆلی شەشەم مامۆستایەکمان هەبوو (مەحموود محەمەد وەهبی) خوالێخۆشبێ بەشێوەیەکی هێمن و جوان دەرسی پێدەوتین، ئەمە سەرەتایەکی ڕووناک بوو بۆ من، لە قۆناغەکانی تریشدا هەندێ مامۆستای باش هەبوون وەکو خوالێخۆشبوو (فازڵ محەمەد عیرفان) کە یەکێک بووە لەنووسەر و وەرگێڕەکانی گۆڤاری گەلاوێژ، بەڵام لەسەرووی هەموویانەوە زەوق و خۆ خەریک کردنی خۆم بوو، حەزم لێدەکرد، بەردەوام ئالوودەی بووم، چەندین دەورەی زمانی ئینگلیزیم لە بەغدا بینیوە، کە بووشم بە مامۆستا لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنمەوە زمانی ئینگلیزیم وتووەتەوە و لێی دانەبڕاوم و بەردەوام دەیلێمەوە، لە کتێبخانەکەمدا دەیان سەرچاوەی گرنگ و کتێبی ئینگلیزی هەیە، دیوانی زۆربەی شاعیرە ئینگلیزەکانم لەلایە، بەگرنگم زانیوە و بەزمانێکی پێشکەوتووی دەزانم، خۆم بەردەوام دەستم لە زمانەکەدا هەبووە، ناڵێم بە ئەندازەی ئەدەبی کوردی، بەڵام زۆریش لەو کەمتر نەبووە، نۆزدە ساڵ پۆلی سێیەمم بەبێ پچڕان وتووەتەوە و ڕێژەی دەرچوونم لەسەداسەد بووە و یەک قوتابیم نەگەڕاوەتەوە، ساڵی وا هەبووە ڕۆژی (١٥) دەرسم لە سێ قوتابخانەدا وتووەتەوە، ڕێژەی دەرچوونی تاقیکردنەوەی گشتی لەسەدا سەد بووە، سوپاس بۆ تۆ و بۆ ئەو قوتابییە ئازیزانەی کە ئەو شایەتییەم بۆ دەدەن، وەڵامەکەش لەوەدا خەست دەکەمەوە کە مەسەلەکە بریتییە لە زەوق و دڵسۆزی و هۆگری و ئالوودەبوون بەزمانەکەوە. با نموونەیەکت بۆ بێنمەوە: مامۆستا (گۆران) پۆلی یەکەمی ناوەندی لە قوتابخانەی عیلمییەی کەرکوک خوێندووە، چووەتە پۆلی دووەم و لەو پۆلەدا هەواڵی پێگەیشتووە کە حەمە بەگی برای لەناوچەی هەڵەبجە کوژراوە و بە پەلە گەڕاوەتەوە بۆ هەڵەبجە، ئیتر گرفتەکانی ژیان وای لێ کردووە کە واز لە خوێندنەکەی بهێنێ و تەنیا پۆلی یەکەمی خوێندووە، کەچی ئەو مامۆستا (گۆران)ە مەزنەیە کە دەیناسین و

دەبینین چۆن مـامـەڵەی لەگـەڵ ئەدەبی پێـشکەوتووی ئینگلیزی کردووە.

**ڕامان:** جەنابت دەرست لەزۆر قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی کوڕان و کچاندا وتووەتەوە، لێرەدا دەپرسم لە چ قـوتابخـانەیەکـدا زیاتر ئاسـوودە بوویت و لەگـەڵ بەڕێوەبەر و مامۆستایان و قوتابیاندا گونجاویت و چەند ساڵ لەو قوتابخانەیەدا ماویتەتەوە؟

**عـومـەر مـارف بەرزنجی:** لە قـوتابخـانەی ناوەندی (ڕۆژهەڵات)ی کـوڕان هەشت ساڵـی تێـدابووم و لەگـەڵ بەڕێوەبەرەکەیدا کە خوالێخۆشبـوو مـامـۆسـتـا (فـەرەج ئەحمەد ڕەشید) بوو وەک برا کارمان دەکرد و مامۆستا و قوتابیانیشی لەوپەڕی دڵسۆزیدا بوون، هەروەها ناوەندی (پەیام)ی کـچـان کـە چەند سـاڵێکی لێ بووم و بەڕێوبەرەکەی مـامـۆسـتـا (نیـهـایەت جـەلال) بوو کـە تا بڵێی کەسێکی گـونجـاو و دڵسۆز بوو بۆ قـوتابخـانەکە، قوتابییەکانیش پابەندبوون بە قوتابخانەکەوە.

**ڕامان:** ئێوە هەر لەسەرەتاوە نەبوون بەئەندامی یەکێتی نووسـەرانی کـورد، هۆیەکـەی چییـە؟ چونکە لەسـەرەتای دامەزراندنییەوە نووسەر و ئەوانەشی کە نووسەر نەبوون پاڵەپەستۆیان بەسەرتانەوە هەبوو تا ببن بە ئەندام، حەز دەکەین لەم بارەیەوە قسەمان بۆ بکەیت.

**عومەر مارف بەرزنجی:** قسەکانت ڕاستن، چونکە هەر لەسـەرەتاوە بڕوام پێی نەبووە و بە شـتـێکی پێـویـسـتم نەزانیوە، ڕەنگە شتێکی خـراپم نەکردبێ، لێـرەدا منیش دەپرسم کـام یەکـێـتی نووسـەرانی کـورد؟ ئەوانەی لە سلێـمـانی بارەگـاکـەیان داوە بەکرێ؟ ئەوانەی کـە ناوی کۆنفرانس و کۆنگرە دەبیستن قەڵەمی ئەژنۆیان دەشکێ؟ دووبارە دەپرسم کـامـانـەن دەسـتـەی بەڕێوەبەری لقی سلێـمـانی؟ بەرهەم و کـار و ژیانی ئەدەبییـان کـامـەیە؟ ئەمـانە تەنیـا لەکـاتی دابەشکردنی زەویدا بۆ خـۆیان و هاوجۆرەکـانیـان ئامادەییـان هەیە، دەسـتم خۆشبێ کـە نزیکی نەکەوتمەوە، وادیارە هەر لەسـەرەتاوە پێـشـبـینی ئەمەم کردووە.

**ڕامان:** ئەی خوێندنەوە و نووسین چییان پێبەخشیت و چییان لێسەندیتەوە؟

**عـومـەر مـارف بەرزنجی:** خـوێندنەوە و نووسین هیچ شتێکی باشیـان پێنەبەخشیم، هەرچی سوود و فەڕ بێ بەمنی نەگـەیاندووە، لە زیان و جـەخـار و پەسـتـی و مـاندوویێتی زیاتر، کـاکـە ئازاد من چل و دوو سـاڵە مامۆستام، چل و هەشت ساڵیشە دەنووسم، تا ئێستا هیچ دەزگـایەک لاپەڕەیەکی بۆ چاپ نەکـردوم، لە هیچ دەزگایەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کار ناکەم و سوودمەند نەبووم، سانتیمەترێ زەویم بەناوەوە نییە و سانتیمەترێ زەویم وەرنەگرتووە، دەتوانم بڵێم کە خوێندنەوە و نووسین هەمـوو شـتـێکی جـوانیـان لێ سـەندمـەوە، دەبینی لە دایکبـووی سـاڵی ١٩٨٠ بەناوی ئەدەبەوە زەوی وەرگرتووە، زەوی نووسەرانیش کێ دابەشی کردووە کۆڵکە نووسـەرێک و کـۆڵکە شـاعـیرێک، دوکاندار هەیە زەوی بەناوی ئەدەبەوە پێـدراوە، کێ ئەمـەی کـرووە لقی سلێمانی یەکێتی نووسەران، جەنابیشت بەمن دەڵێی بۆ نەچوویتە یەکێتی نووسەرانەوە، ڕەنگە بفەرموون ئەوان بە ئەندامیـان داوە، باشە مەوالیدی ١٩٨٠ کەی بوو بە ئەندام؟ کاکە ئازاد حەزناکەم ئەوەی یەک دێڕی نووسیبێ چڵە پووشێکی بەدەست بێ، چونکە لە هەموو کەس چاو برسـیـتـر و ناعـەدالەت ترن. لە پەروەردەش بەهۆی یاریدەدەری پەروەردەوە هەمـوو جـارێ ناوەکـەی منی دەکوژاندەوە، بەڵام خۆی چەند پارچە زەوییـەک وەرگرێ قەیناکا!

**ڕامان:** بەڵام تۆ ڕێزلێنانیشت ڕەتکردەوە، ئەمەیان چۆن بوو؟

**عـومـەر مـارف بەرزنجی:** کـام ڕێزلێنان؟ ئەوەی کـە لە سلێـمـانی لیـژنەیەکی خۆپەرست و بێئاگایان بۆ دانا کە تەنیـا خۆیان و نزیکەکانی خۆیان دەناسی، هەیە یاسای ڕێزلێنانەکە نەیدەگرتەوە، سەرەتای نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵی ١٩٩٦ کـە بابەتێکی بەناوونیـشـانی زیانی جگەرە نووسیوە لیژنەکە پلەی باڵایان بۆ داناوە، چونکە لە خـانم ڕەسوولەوە نزیکە و هاوڕێییەتی، بەڵام یەکـێکی وەکو دکتۆر (ئەنوەر قادر محەمەد جاف) نزمترین پلەی بۆ دابنرێت، چونکە هاوڕێی سـەرمێـزیان نییـە، من ٤٨ ساڵە دەنووسم نزمترین پلەم بۆ دابنرێت، ئەمە ڕێزلێنانە، یان ئیـهـانەیە؟ منیش لەڕۆژنامەکاندا نووسیم (بیبرن بۆ خۆتان)، بەڕاستی ئەو لیژنەیە هەقە خۆیان کەمترین پلەی ڕێزلێنانیان بدرێتێ، چونکە کەسانێکی بێئاگان و لەسەر ئەدەب حیـسـاب کـراون، بەڵام کـارێکی ژیرانە بوو کـە لەسەرچاوەکەیەوە بڕییان، دەستیان خۆشبێ، بەم شێوەیە نەبوایە چارەسـەری ئەو غـەدرانە نەدەکـرا. بۆ ئەم جـۆرە مـەسـەلانە ئەوانەی دەکـرێن بە ئەندامـانی لیـژنە دەبێت ئەدیب بن نەک نا ئەدیب.

**رامان:** ئێمە لە(رامان)دا كردوومانە بە عادەت و هەمیشە لە چاوپێكەوتنەكانماندا لەگەڵ ڕۆشنبیران و نووسەران، لیستێك ناوی دەخەینە بەردەم بۆ ئەوەی بیروڕای خۆی لەسەریان بڵێت، حەز دەكەین بە ڕاشكاوی ناوەكان هەڵبسەنگێنی؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** فەرموون.

**رامان:** مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** بریتی بوو لە كتێبخانەیەكی گەورە، بووش بەشەهیدی قەڵەم و مێژوو، لەلایەكی ترەوە لەسەرجەم مێژووی ئەدەب و خوێندەواری كوردیدا كەم كەس وەك مەلا جەمیل كۆمەڵێ بەهرەی جیاوازی تێدا كۆبووەتەوە.

**رامان:** ئەحمەد هەردی؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** لەیەكەم شیعرییەوە وەك شاعیرێكی گەورە هاتە پێشەوە.

**رامان:** دكتۆر مارف خەزنەدار؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** كەسێك لە دوا ژمارەكانی گۆڤاری گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٩ بەدواوە قەڵەمی بەدەستەوە بێ و تا ئێستاش بەخشش نووسینی بەردەوام بێ و ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو پێشەوە بڕوات، دەبێ چی بڵێم؟

**رامان:** عەبدوڵلا جەوهەر؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** وەك نووسەر و مرۆڤ و سیاسی كەسایەتییەكی بەدیمەن و فریشتە ئاسا بوو.

**رامان:** محەرەم محەممەد ئەمین؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** لەكاتێكدا سەیرانێك لە ئەزمر، زیندووی مردوو، شای قەرەجەكانی نووسی، كێ لەو ئاستەدا بوو؟

**رامان:** عەبدولڕەقیب یووسف؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** مامۆستا و نووسەرێكی دڵسۆز و شەكەت و ماندوو، كێی تر بۆ ئەو مەسەلەیە هێندە سووتاوە كە بڕوای پێیەتی؟

**رامان:** كەمال ڕەئووف محەمەد؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** لە هەندێ لایەنەوە لەمامۆستا عەبدولڕەقیب دەچێ، تا بابەتێك لەرەگوریشەوە ساغ نەكاتەوە دەستبەرداری نابێ، سەرسامم بەهەوڵ و تاقەت و بەرهەمی.

**رامان:** حەمە كەریم عارف؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** یەكێكە لە نووسەر مەغدورەكان، كەسێك زیاد لە حەفتا كتێبی چاپكراوی هەبێ و دە ساڵیش بەو شاخەوە بووبێ، كەچی لە دەزگایەكی بچووكی ڕۆشنبیریدا جێی نەكرێتەوە، بەڕاستی ئەمە تراژیدیایە!

**رامان:** ڕەووف حەسەن؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** حەز دەكەم لەكاك مەحموود زامدار بپرسی، ئەو باشی دەناسێ و دەتوانێ بەوردی هەڵیبسەنگێنێ!

**رامان:** پێت خۆشە لەسەر من ڕایەك بدەی؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** نموونەیەكی باڵای نووسەرێكی ڕەسەن و خوێندەوار و ڕۆژنامەنووسێكی ماندوو.

**رامان:** زۆر سوپاس بۆ ئەوەی دەیڵێین، چاوەڕێی ئەوە بووم ڕەخنەی توندم لێ بگرن.

**عومەر مارف بەرزنجی:** نا نا وانییە.

**رامان:** تۆ كەسێكی بەردەوام گۆڤاری ڕامان دەخوێنیتەوە، زیاتر لە یازدە ساڵمان بڕیوە، تۆ خۆت زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارەكان دەبینی، دەبینم زۆرجار بابەتەكانی ڕامان-م لەگەڵ موناقەشە دەكەی، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە كە تۆ خوێنەری هەمیشەی گۆڤارەكەمانی، پێم خۆشە ئەگەر قسە و بیروڕایەكت لەسەر ڕامان هەبێ پێمانی بڵێی؟

**عومەر مارف بەرزنجی:** لەدوای ڕاپەڕینەوە ئەگەر گۆڤارێك ڕێچكەی خۆی بەرنەدابێ و بەپێی بەرنامەیەكی داڕێژراو هەنگاوی نابێ و ڕێزی خۆی گرتبێ گۆڤاری ڕامانە، ئەم گۆڤارە ژیرانە بیردەكاتەوە، قەڵەمی پارچەكانی تری كوردستانی كۆكردووەتەوە، تەنیا یەك گۆڤار پێشتر ئەو ڕێچكەیەی گرتبوو ئەویش گۆڤاری گەلاوێژ بوو، كە نامەیان دەنارد بۆ شاعیر و نووسەرەكانی پارچەكانی تر، لەلایەكی ترەوە گۆڤارەكە خۆی لە شەڕە دەنووك پاراستووە، كۆمەڵێ قەڵەمی باشی لەدەوری خۆی كۆكردووەتەوە، سەرسامیشم بە سەرنووسەرەكەی بەوەی جیاوازی ناكات و تەنیا پێشكەوتنی گۆڤارەكەی دەوێ، چونكە زۆرجار لەسەرنووسەرەكەیم بیستووە وتوویەتی: ئەم گۆڤارە موڵكی من نییە، مادام متمانەیان پێداوم پێویستە بە هەموو جۆرێك خزمەتی بكەم و نووسەر و خوێندەواری لەدەور كۆبكەمەوە و ئەو متمانەیە نەدۆڕێنم.

**رامان:** زۆر سوپاس.

**عومەر مارف بەرزنجی:** سەرچاوان.

# بەخشینەوەی دایکایەتی بە دایک

## خوێندنەوەی «چەند هۆنراوەیەک بۆ دایکم»

عەبدوڵڵا قەرەداغی
(سلێمانی)

ئەگەر وشەی «هۆنراوە» بە مەعنای «پارچە شیعر» وەربگرین، ئەوە دڵنیا دەبین لەوەی «ئەنوەر قادر محەمەد»ی شاعیر «چەند پارچە شیعرێک – هۆنراوەیەک–»ی لە بۆتەیەکدا کۆکردووەتەوە کە «دایک»ی خولگەیەتی. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی ئەو دەقە شیعرییە دابەش کراوەتە سەر چوار بەشی ژمارە بۆ دانراو و نووسراو لە چەند کاتێکی دیاری کراوی دوور لە یەک – لە مارتی ١٩٧٩ وە تا ئەیلوولی ١٩٨٤– دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامەی شاعیر، بە دڵنیاییەوە، ویستوویەتی ئەو ڕاستییەمان بۆ بسەلمێنێ کە هەر یەکێک لەو چوار بەشەی لەژێر ناونیشانی گشتی «چەند هۆنراوەیەک بۆ دایکم» لە کۆمەڵە شیعری «زایەڵە»دا کۆکراونەتەوە، بە چاوپۆشی لەو ڕاستییەی دەخرێنە ژێر چوارچێوەیەکی گشتییەوە، هەریەکە پارچە شیعرێکە، نەک کۆپلەیەک لە پارچە شیعرێک، ئەمەش گرنگی خۆی هەیە.

یەکەمین «هۆنراوە» بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

**ئەگەر ئێجگار بیرم دەکەی**
**دانەی یاقووتی فرمێسکی چاوەکانتم بۆ بنێرە**
**تا بیکەمە گوێ و گەردن و پەنجەی شمشاڵیی هۆنراوە**

ل ٨٤

دەست پێ کردنێکی بەتەواوی نائاسایی و تازەیە، شاعیر «سۆز» بە دایکی نافرۆشێت. ئەو دەزانێ و دڵنیایە لەوەی ئەو «سۆز پێ فرۆشتن»ە جگە لەوەی ناڕاستگۆییەکی گەورەیە، تاوانێکی بێ وێنەشە.. ئایا دەکرێ کەس لە دایک بەسۆزتربێت!؟ بۆ ئەوەی پتر لەمە دڵنیا ببین: ئایا دەکرێ «سۆز»بە گەورەترین کانی سۆز بفرۆشرێ!؟ بە ڕواڵەت، ڕەنگە «ئەگەر ئێجگار بیرم دەکەی» بە نیشانەی «گومان» لێکبدرێتەوە. وشەی



**ئەنوەر قادر محەمەد**

«ئەگەر» لە ئاسایی ترین بەکارهێنانیدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی لەم هاوکێشەیەی بیرکردن-دا هەرگیز ناکرێ بیر لە تەنیا یەک تا (لایەن) بکرێتەوە. بە کردەوەش ناتوانرێ بە ئاسانی لێکدانەوەی ئاماژە بۆکراو ڕەت بکرێتەوە، بەتایبەت لەبەر ئەوەی، لەسەرەتاوە، ناتوانرێ باس لە ئاسایی بوونی چەمکەکان بکرێ، لە سەرووی هەمووشییانەوە چەمکی «بیرکردن».

«بیرکردن»، وەکو چەمکێکی تایبەت لە ڕوانگەی دایکەوە، بە تایبەت کە کوڕی گەورەی لە سایەی هەلومەرجی ئەو سەردەمەی کوردستاندا، بە دڵشکاوی، ئەزموونێکی تایبەتی نامۆیی بەسەر دەبات، بێ گومان، بریتییە لە سۆزێکی گەرمی هەمەلایەنەی گرێدراو بە ئاواتی گەورەی دیدار و تەرخان کردنی ساڵانی درێژ و بەرینترین ڕووبەری خەون بۆ چاوەڕوانیی ئەو دیدارە.

کە ئەو دایکەش، بەلای کەم لە پەنجاکانەوە، بەبەردەوامی دیلی دڵەڕاوکێی خۆشاردنەوە و گیرانی برا و کەس و کار، شەهیدبوونی برازا و براژن و دەیان خزم بووبێ، بێگومان، گەلێ زیاتر لە خەڵکی دیکە سۆزی ئامێتەی هەموو وێنەکانی ئەو ژیانە پڕ مەترسی و داهاتنی دەیان چرکەی چاوەڕوان نەکراو دەبێت، هەموو پێکهاتەکانی ئەو سۆزە: خەون، چاوەڕوانی، هیوا، فرمێسک، شەونخوونی و تەنیایی، لەهی خەڵکی دیکە گەرمتر دەبێت و جیاوازییەکی ئێجگار گەورەی دەبێ،

بەڵام ئایا ئەمە چەمکی «بیرکردن»ە بەلای شاعیرەوە!؟

بە ڕواڵەت و بە پشت بەستن بە یەکەمین دێرەکانی یەکەمین پارچە شیعر، دەبێ بڵێین: بەڵێ. بە پوختی، لەو دێرانە شاعیر داوای «دانەی یاقووتی فرمێسکی چاوەکان»ی دایکی دەکات بۆ ئەوەی «بیکاتە گوێ و گەردن و پەنجەی شمشاڵیی هۆنراوە». هێندەی پێوەندیی بە لایەنی شێوەوە هەیە، ناتوانرێ بڕوا بەوە بکرێ «دانەی یاقووتی فرمێسک» دەکرێت شێوەی «گوێ و گەردن و پەنجەی شمشاڵیی هۆنراوە» بەخۆوە بگرێت، بەڵام ئاسانە ئەو ڕاستییە لە مێشکماندا بەرجەستە بکەین کە شاعیر دەتوانێ پەنا بۆ «دانەی یاقووتی فرمێسک»ی دایکی بەرێ بۆ ئەوەی هەموو خەسڵەتە بەرجەستەکانی ژیان، هەموو جوانییەکانی و سەرچاوەکانی گەیاندن و وەرگرتنی چێژ «گوێ و گەردن و پەنجە» لە (هۆنراوە)دا کۆ بکاتەوە. بێ ئەوەی لە ئاڵۆزییەکانی ئەم جۆرە دروست کردن و بەکارهێنانە بگەین، هەموومان بە گوێ گرتن لە ناخمان، دەتوانین دڵنیابین لەوەی دەکرێت فرمێسکی دایک بکرێتە سەرچاوەی ژیان بەخشین بە ئاساییترین وشەی ڕۆژانە بەکارهێنراو. لەو ڕووەوە شاعیر ئەو «دانە یاقووت»انە داوا دەکات و دڵنیایە لە دوو خاڵی جەوهەری:

١- لەوەی ئەو «دانە یاقووت»انە پێویستییان بە ڕێگا و شێواز و نێوەندی ماددیی گواستنەوە نییە: چونکە «سۆز» ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ و سۆزیش ناتوانرێ بخرێتە ژێر هیچ جۆرە سانسۆرێکەوە.

٢- لەوەی ئامێتەی هیچ جۆرە بەرژەوەندییەک نەبووە و نابێت، بۆیە هێندە ڕاستگۆیە کە دەتوانرێ بە تەواوی متمانەی پێ بکرێ.

لەمانەش بەولاوە، هەرگیز پرۆسەی ناردن،لەم شیعرەدا بەگشتی، ئەو پرۆسەیە نییە کە لە ژیانی ئاساییدا بیری لێ دەکرێتەوە. پرۆسەکە ناوخۆییە- واتە پێوەندی بە ناخەوە هەیە - و ڕێگاکەش- شێواز و نێوەند- نادیارە، تەنیا دڵ دەزانێ لە کوێوە بۆ کوێ دەڕوات. گەیەنەر شتێکە لە بابەتی ئەوەی «نالی» ناوی دەبات «بادی خۆش مروور»ی لێناوە. شاعیریش بە «کۆترە کەژی» ناوی دەبات. بەڵام جیاوازییەکی ڕوون لەنێوان ئەوەی «نالی» و شاعیردا هەیە.

ئەوەی لەم «چەند هۆنراوە»یەدا دەبینرێ هەمان ئەو هەناسە گشتییەیە کە دەتوانرێ لە زۆربەی شیعرەکانی

شاعیردا ببینرێ: گشتاندنی تایبەتی ترین پێوەندی. ئەوەی لەو کۆپلە سێ دێرییەدا بەدی کرا.. ئەو پێوەندییە ئێجگار تایبەت و سۆز ئامێزەی شاعیر و دایکی، هەر لەو کۆپلەیەدا کۆتایی پێ دێ. چیدی دایک تەنیا چرکەرەوە ئەو سۆز و «دانە یاقووت»انەی «فرمێسکی چاوەکان»ی نییە، پێ دەچێ ئەوە تەنیا بۆ بەجۆش هێنانی ناخ پێویست بووبێ... ئەو جۆشەی «پەنجەی شمشاڵیی هۆنراوە» دێنێتە گۆ. لێرە بەو لاوە «دایک» دەبێتە وڵات، شاعیر، پێش هەموو شتێک دەیەوێ لە ڕێگای ئەم ناسنامە پێ بەخشینەوە، بەشێوەیەک لە شێوەکان، ئەو چەمکی «سنوور»ە تێک بشکێنێ کە تەنانەت لەنێوخۆی وڵاتیشدا، داگیرکەر بەسەر نیشتماندا سەپاندبووی. هێشتا شاعیر لە باوەشی وڵاتەکەیدا بوو کە هاواری لێ هەڵسا:

**گەر شێت نەبم من لە کوێ و دەس لە ملی وڵات کردن**
**لە کوێ؟!**   **وەرە خوارێ .. زریان**   ل ٤٦

ئەم تێکشکاندنی چەمکی «سنوور»ە، سەرەتا، لە تێکشکاندنی پاوان کردنی پێوەندییە تایبەتە دوولایەنەکەوە دەست پێ دەکات:

**ئەگەر ئێجگار بیرم دەکەی،**
**تەڵێ... تەڵێ، تەنیا تەڵێ لە نێرگزی مێرگەکانم بۆ بنێرە**
**ڕقی گەورەی شاخنشینە ئازاکانم بۆ بنێرە**
**قووزەی گەلەسەگی برسی هەردەکانم بۆ بنێرە**

لە ڕوانگەی پێوەندیی کوڕ و دایکەوە، ئەمانەش ئاسایی نین.. چ شتێک پاڵ بە کوڕێکەوە، هەر کوڕێک، دەنێ ئەو هەموو مێژووە دوور و درێژەی ئەو دوو جەستەیە، پاشان لێک جیابوونەوەیان بە بڕینی بەندی ناووک، ئەوەها فەرامۆش بکات و ڕوو لە شتی دیکەی ئەوتۆ بکاتەوە کە لە وەرز و حاڵەتی تایبەتدا نەبێت مرۆڤ بیریان لێ ناکاتەوە؟. تەڵێ نێرگز، بۆ نموونە، ڕەنگە بە ڕێکەوت هۆکارێک، لە کاتێکی نادیاری ساڵدا، باسی ئەو گوڵە تەمەن کورت و بۆن خۆشە بێنێتە ئاراوە، بەڵام لە حاڵەتی ئاسایی و لە سنووری باودا، بەگشتی، تەنیا لەو ماوە کورتەی بەهار، یان بە پەڕینەوە لە نزیکی نێرگزە جاڕەکاندا، یان لەو کاتانەدا کە چەپکە نێرگز بەدەست نێرگز فرۆشەکانەوە دەبینرێ، بەشێوەیەکی تایبەتی بیری لێ دەکرێتەوە، بەڵام لەو چوارچێوەیەدا کە ئەم شیعرە دەستنیشانی کردووە، نێرگز ئەو سنوورە دەبەزێنێ و دەبێتە ڕەمزێکی تایبەت بۆ کۆمەڵە شتێکی جیا. دەکرێ بۆنە بەهێز و هێمن و دڵگیرەکەی ببێتە ڕەمزێک بۆ مرۆڤی خاوەن ویستی بەهێز، سروشتی سادە و ساکار و ڕەوشتی جوان پەسند. دەکرێ تەمەنی کورتی بکرێتە ڕەمزێک بۆ پێشمەرگە.. ئەو مرۆڤەی لە ڕووی مێژووییەوە دروشمی «کەم بژی، کەڵ بژی»ی بۆخۆی هەڵبژاردووە. دەکرێ بەخشندەیی نێرگز (بۆن و ڕەنگ)ەکەی بکرێتە ڕەمزی ئەو مرۆڤەی لە پێناوی مەبەستێکی بەرزدا، خۆ بەخشانە، گرنگترین و پیرۆزترین موڵکی خۆی -کە ژیانییەتی- دەکاتە قوربانی. دەکرێ گەشیی بەردەوامی نێرگز، لەو تەمەنە کورتەیدا، بکرێتە ڕەمزی گەشبینی. بە هەر یەکێک لەم پێوەرانە، ئەو تەڵە نێرگزەش، وەکو دایک، لە سنووری تەسکی خۆیدا نامێنێتەوە، دەکرێ لەم خاڵانەدا کۆیان بکەینەوە، بەتایبەت چونکە دایک بەخشندەترین، ڕاستگۆترین، بۆنخۆشترین و گەشترین بوونەوەرە.

«ڕقی گەورەی شاخنشینە ئازاکان»یش پێویستی بە یەکلاکردنەوە هەیە. بۆچی پێ لەسەر «ڕق»، بەتایبەتیش «ڕقی گەورە» داگیراوە!؟ چ کەسێک، یان چ کۆمەڵێک دەکرێ بە «شاخنشین» لەقەڵەم بدرێن، ئایا بە کردەوە شاخنشیمان هەیە، یان لە کاتی نووسینی ئەم پارچە شیعرەدا هەبوون!؟. بە کێ و بۆچی دەگوترێ «ئازا»..!؟.

«ڕق» دژە کردار -کاردانەوە-یە، واتە وەڵامی کارێکی دیاریکراوە، کە بێ گومان، دەبێ کارێکی دزێو و ناپەسەند بێت. هێز و قەبارەی ئەو کاردانەوەیە، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتێکی ڕەنگدانەوەی هێز و قەبارەی کارەکەیە.. واتە تەنیا کارێکی دزێوی گەورە دەتوانێ ببێتە مایەی ڕقێکی گەورە. «شاخنشین» تەنیا بەو کەسانە دەگوترێ کە بە کردەوە شوێنی ژیان و گوزەرانی ئاساییان «شاخە. ئایا دەکرێ ئەمە بە دانیشتوانی گوندێک بوترێ، یان شارۆچکە و شارێک، کە بناری شاخەوە، یان بەسەر شاخەوە بن؟ بێگومان نەخێر، چونکە بە هیچ کۆمەڵێک لەو گوندنشین، شارۆچکە نشین و شارستانینانەی کە هەڵکەوتەی شوێنەکەیان لە بناری شاخدایە، بەسەر شاخەوەیە {بۆ نموونە تەوێڵە، ئاکرێ، ئامێدی و ...هتد}، بە هیچ یەکێک لەو کۆمەڵانە ناگوترێ شاخنشین. ئەمە بە نیسبەت هەموو گوندەکانی بناری چیا بەناوبانگەکانیشەوە {بۆ نموونە بناری

قــەندیل}، هەر وایە کــەواتە، یان دەبێ مــەبەست لە شاخنشین ئەوانەبێ کە هۆیەیان لە بناری چیاکاندا هەیە، ئەمـیش ناکـرێ، چونکە بوونی ئەو کەسانە لە شاخـدا تەنیا لە وەرزێکی دیاریکراوی ساڵدایە، بۆیە بە کردەوە شـاخنشین نین، یان دەبێ بە کـەسـانێک بگوترێ کـە لە هەلومەرجی ئێجگار تایبەتدا شاخەکان دەکەنە مەڵبەندی ژیانیان. ئەو کەسانە کێن؟ لە چ هەلومەرجێکی تایبەتدا ئەوە دەکەن!؟

بە ڕەچاوکردنی ئەوەی «شاخ» شوێنی سروشتیی ژیانی ئاسایی نییە، سەختییەکـانی ژیان لە شاخدا، کـە پتر دەبێ لە «ئەشکەوت» و پەنا تایبـەتەکـاندا، لە سایەی نەبوونی ئاوی خاوێن و سووتەمەنی بێ دەرەنجامی خراپی وەکو دووکەڵ و گازی ژەهراوی (وەکـو یەکـەم ئۆکسـیدی کـاربۆن)، نەبوونی سـەرچاوەی ڕووناک کـردنەوە و..تاد، بە ڕەچاوکـردنی ئەم خاڵانە و دەیان خاڵی دیکە دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجـامـەی کـە ئەو «شـاخنشین»انە دەبێ ناچار کرابووبن بۆ هەڵبژاردنی شاخ، یان دەبێ پەیامێکی گـەورە پاڵی پێـوە نابووبن بۆ ئەوەی ئەو ژیانە گـەلێ لە ژیانی ئاسـایی نێــو ئاوەدانی و لە سـایەی زۆریی پێداویستییەکاندا بە باشتر بزانن.. ئەوانە کێن!؟

هێـشتـا وشـەی «ئازا»ش ماوە بۆ تەواوکردنی وێنەکە «ڕقی گەورەی شاخنشینە ئازاکان»، واتە ماوە بزانرێ بە کێ دەگوترێ ئازا، بێ ئەوەی بتوانرێ ناوی بهێنرێ!؟

پێ دەچێ هێـشتـا، پێش ئەوەی سەرە دەزووەکانی ئەم مـەسـەلەیە پێکەوە گرێ بدرێن، پێویستـمـان بەوە هەبێ بگەڕێینەوە بۆ کاتی نووسینی ئەم یەکەمین پارچەشیعرە {مارتی ١٩٧٩}. بە ڕواڵەت، دەکرێ باس لەوە بکرێ کە ئەو پارچە شـیـعـرە نزیکەی (چوارمـانگ) پاش بەجێ هێشتنی وڵات و ڕووکردنە وڵاتی سۆڤیەتی ئەو سەردەمە نووسراوە. ئەم ڕاستییە، لەو چوارچێوەیەدا بۆ کۆکردنەوە و پێکەوەگرێدانی سەرە دەزووەکان، یارمەتیمان نادات. لەمـەش بەولاوە، ئەوەی لە گـۆڕەپانی سـیـاسـیـدا، لەو ســــــاڵـەدا ڕووی دا، یـان پـەرەی پـێ درا بـریـتـیـن لـە پەرەسەندنی سیاسەتی سەرکوتکارانەی ئەو سەردەمەی ڕژێمی عـــێـــراق و بوونی ســەدام بە ســەرۆکی ڕژێم، پەرەسەندنی توانای دارایی ڕژێم بە شێوەیەکی ترسناک، کــە بۆ شــەڕە گــەورەکــانی ڕژێم لە ناوەوە و دەرەوە بەکارهێنرا، هەر لەو ساڵەشدا بەرەی بەرهەڵستی کردنی چەکـدارانەی ڕژێم، لە کـوردسـتـانـدا فـراوانتـر بووەوە.

ئەگەرچی ئەم گۆڕانەی دوایی پێوەندی بە ڕوونکردنەوەی «ڕقی گـەورەی شـاخنشـینە ئازاکـان»ەوە هەیە، بەڵام ئەو بەرهەڵسـتـیـیـە، بە کـردەوە، پـتـر لە سێ سـاڵ پـێش ئەوە دەسـتـی پـێ کـردبوو، لە نزیکەی دوو سـاڵ و نیـو پـێش ئەوەشەوە لەنێو خەڵکدا دەنگی دابووەوە.

بەم شێوەیە «شاخ نشینە ئازاکان» هەڵگرانی پەیامی چەکدارانەن، واتە پێشمەرگەن، بەڵام «ڕقی گەورە» یان چییە؟

دوابەدوای ڕێکـەوتنی جـەزائیـری (٦ ئاداری ١٩٧٥) لەنێوان هەردوو ڕژێمی عێراق و ئێران، پاشان دەرکەوت بەپێی یەکـێـک لە خـاڵـەکـانی ئەو ڕێکەوتننامـەیە، شـریـتـێکی گـوندەکـانی سـەر سنووری هەردوو وڵات، لە کوردسـتـاندا، بە قـووڵایی پتـر لە (١٥ کیلۆمـەتر)، چۆڵ کران و گوندەکان ڕووخێنران. ئەم ڕووداوە، ئەو سەردەمە، زەنگی مــەترســیــیــەکی ئێـجگار گــەورە بوو، بەلای شاعیریشەوە، سەرەتای وەرزێکی ترسناک بوو، هەر ئەو ســەردەمــە پارچە شــیــعــری ئێــجگار بەناوبانگی ئەوسەردەمەی «وەرە خوارێ.. ئەی خواکەی غەریبان، لە کلـکەی هـەوری ئاڵـەوە وەرە خـــوارێ»ی نووسـی، لە میـهـرەجـانێکی گـەورەدا لە بینای یەکـێتی نووسـەرانی عێـراق لە بەغدا، ئەگـەر هەڵە نەبم لە سـاڵی ١٩٧٦ دا، خوێندییـەوە، هەر ئەو سەردەمە، شـاعـیر شـتـەکـانی لە چوارچێـوەی ئەو کـارەسـاتەدا، بەم شـێـوەیە بە گـریـانی دایکیەوە دەبەستەوە:

**دوێنێ ڕووباری گریانی دایکم**
**تەمی ئاسۆی ئەشۆردەوە و بە هەڵەداوان ئەیپرسی:**
**کوانێ بەندەری پێکەنین؟!** ل٤٧

بەم شـێـوەیەش بـاس لەو ئەرکـە دەکـا کـە ڕووبەڕووی خەمخواردووانی گوندە چۆڵ کراوەکان دەکا، کە ئاوەها، زایەڵە ئاسـا، لەم شیـعـرەی کـۆمـەڵەی «زایەڵە»دا ناوی «شاخنشینە ئازاکان»- یان لێ دەنێ:

**سوار نەیتوانی کەلی هونەر بەتاو ببڕێ با دابەزێ**
**کزەبای شمشاڵی شوانێ، گەر نەیتوانی هەوری ئاخی**
**لادێ ییەکان لەناوچاوا کۆکاتەوە و ببیارێنێ**
**با ئیتر لێوی لێک بنێ**

پەیامی تایبـەتی خـۆیشی، لەم هاوکـشـە ئێـجگار هەسـتـیـار و هەلومـەرجـە زۆر ناسکەدا، بەم شـێـوەیە

دەناسێنێ:
**- بۆ ئەنووسی؟**
**کە ئەنووسم، ئەبم بە پۆستەبەری تۆ و**
**نامەی شادی بۆ ئاوارەی ناو شەقام و باغچەی هەموو**
**شارەکانی دنیا ئەبەم**
**ئەبم بە لاوکی ناو گەلی و چیا و**
**لەسەر دوو شەپۆلی زۆر کورت**
**بەناو سنگی ئەوانەدا پەخش ئەبمەوە**
**مردنیان ئەکردە پێیان**
**کۆچی زەردە لەتەمی دڵیانا ئەخەم**
**کێڵگە و کۆخت و گوڵاڵە و کەژ**
**بۆ خەوی زڕاویان ئەبەم**
**ئەبمە باران و سبەینێ**
**بەسەر لوتکەدا دائەکەم**
ل ٤٩-٥٠

ئایا ئەمە ئەو پەیامە نییە، کە زووبەزوو بەشێک لە «شاخنشینە ئازاکان» پاشان هەوڵیان دا بیگەیەننە هەموو کونج و کەلەبەرە تاریکەکان؟

هێشتا وێنەکە تەواو نەبووە،ناتوانین بە تەواوی دڵنیابین لەوەی ئایا بە ڕاستی کارەساتی چۆڵکردنی ئەو گوندانەی سەر سنوور و کاردانەوەکانی خولگەی ئەم چەند دێرەن کە شاعیر لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، لە دایکی داوایان دەکات!، بەڵام تا ئێستاش، بەپێی پێویست هەڵوەستەمان لە ئاستی هەموو داخوازییەکان نەکردووە. دوا شت، کە لەم کۆپلەیەدا داوای دەکات: «قووزەی گەلەسەگی برسیی هەردەکان»ە، شیکردنەوەی ئەم پێکهاتەیە بەرەو جیاکردنەوەی «قووزە»، «گەلەسەگ»، «برسی» و «هەردەکان» دەمانبات. پێکهاتەکەش بەو شێوەیە، چڕکردنەوەی حاڵەتێکی دەروونی تایبەتی تێدا بەدی دەکرێت، ئەگەرچی، بە نیسبەت خەڵکانی شارەزای سەرپێیی ئێستای کوردستانەوە، ئەو پێکهاتەیە ڕەنگە کۆمەڵە پرسیارێکی زەق بێنێتە ئاراوە، وەکو: بۆ پێ داگیراوە لەسەر وشەی «قووزە»!؟ «گەلەسەگ»ەکان بۆچی برسین!؟ بۆچی باس لە «گەلەسەگ»ی «هەردەکان» کراوە؟. بۆچی شاعیر داوای «قووزەی گەلەسەگی برسی هەردەکان» لە دایکی دەکات!؟

ئەگەرچی ناتوانرێ بە وردی هۆی «قووزە»ی سەگ بزانرێ، بەڵام بە گشتی دەکرێ باس لە دوو هۆکاری «ترس» و «نائاسایی بوون»ی ئەو حاڵەتە بکرێ کە قووزەی تێدا دەکرێ. بەڵام گەلەسەگ بۆچی بترسێ، بەتایبەت کە هی هەردەکان بێت!؟ ئایە بەڕاستی گەلەسەگی هەردەکانە، یان بەناچاری بووەتە هەردی؟ ئایا خودی ئەو ناچاربوونە ناتوانێ ببێتە مایەی «نائاسایی بوون»ی ئەو حاڵەتە؟.

لەلایەکی دیکەشەوە، بە «برسی» باس کردنی «گەلەسەگ»ەکە، پتر ئەوەمان دەخاتە مێشکەوە کە «برسی بوون»ەکە حاڵەتێکی گشتییە نەک پەیوەست بێت بە کاتێکی دیاریکراوەوە، بەو مەعنایەی «قووزەی گەلەسەگی برسیی هەردەکان»، هەر بەو شێوەیە بەگشتی، نەک بە لێکردنەوەی هەر بەشێکی ئەم پێکهاتەیە، ئەو شتەیە کەوا شاعیر داوا لە دایکی دەکات بۆی بنێرێ، بەوەی ئەو «گەلەسەگە» برسی و لە هەردا بن، ئەو «قووزە»یەش هەر لەو چوارچێوەیەدا بێت.

تەنیا بە پەنابردنە بەر چەمکی «زایەڵە» دەتوانرێ کێشەکانی ئەم دێرەش یەکلا بکرێنەوە. واتە بەوەی ڕاگواستنی گوندەکانی سەر سنووری ئێران لە ساڵی ١٩٧٥ بەولاوە ئەو ڕووداوەیە کە لەو دێرەدا ڕەنگی داوەتەوە. واتە، بە شێوەیەک لە شێوەکان، ئەم پارچەیە زایەڵەی شیعری: «وەرە خوارێ.. ئەی...»ی کۆمەڵەی «زریان»ە. بەو پێیەی هەردی بوونی ئەو گەلەسەگانە دەرەنجامی ڕاگواستنی خێرای خەڵکی چەندین گوندە بۆ چەندین ئۆردووگای زۆرە ملێی بە دەزگای ئەمینی ڕژێم تەنراو و ئابلۆقە دراو .. ئەو ڕاگواستنەی لەپڕ دۆستی گەورە و پشت و پەنای جووتیارانی ئەو گوندانە، کە سەگەکانیانن، لەو شوێنە تایبەتییەی دەرهێنان، بەبێ هیچ سەرەتایەک لە گوند و هەموو شتێکی بێ بەشی کردن و ڕووبەڕووی تەنیایی و چارەنووسی نادیاری کردن. ئەو سەگانە لە پارێزەری مەڕومالاتەوە گواسترانەوە بۆ ئەوەی خۆیان بکەونە بەر مەترسی هەڕەشە و پەلاماری گەلەگورگ، ئەمەش ناچاری کردن، لە یەکەمین هەنگاودا بەتەنیایی نەمێننەوە و گرووپ دروست بکەن، واتە ببنە «گەلەسەگ»، لە دووەمین هەنگاویشدا ئەو هەردانە هەڵبژێرن، چونکە لەو گوندانەشدا کە ڕانەگوێزرابوون جێیان نەدەبووەوە. بەمە، هەلی پەیداکردنی خواردنیان، بە ئاسانی لەدەست دا، لەبەرئەوەی ئەو گەلەسەگانە، لە بناغەدا، هەردی نەبوون، ڕانەهاتبوون لەسەر شێوازی

تایبەتی ڕاوکردنی نێچیر، بەمەش، برسێتی بووە مۆرکی زاڵ و باوی ئەو گەلەسەگانە.

وردە وردە وێنەکــــە بەرەو دروست بوون هەنگاو هەڵدەهێنێ.. لەوەش گرنگترە ئەو چوارچێوەیە دروست دەبێت کە بە ڕوواڵەت دەتوانێ هەموو بەشەکانی ئەم وێنە ئێجگار جەنجاڵە لە خۆیدا کۆبکاتەوە. ئەمە مەنتیقی خۆی هەیە، هەموو شتێک لە هەر جیهان و بۆتەیەکی تایبەتدا، بەشێوەی تایبەتی خۆی دروست دەبێت و شوێنی تایبەتی خۆی هەڵدەبژێری. بۆ ئەوەی لە خولگەی نەبوونی بەڵگەدا نەخولێینەوە، با کۆپلەکانی دیکەی ئەو پارچە شیعرە بدوێنین:

**ئەگەر ئێجگار بیرم دەکەی**
**ناو و وێنەی تازە شێتی شەقامانی سلێمانی و،**
**تازەترین قسەی نەستەقی دەم قۆشمەکانم بۆ بنێرە!**
**ئەو لایلایە شیرینەی تۆ - شاشیعری هەموو دنیایە،**
**بۆچی دایە بۆت نەناردم، ئەگەر ئێجگار بیرم دەکەی؟!**
**بە جفرەش بێ لەیەک دەگەین، هۆ دایە گیان!**
**ئەگەر ئێجگار بیرم دەکەی،**
**داستانی کەژ، قوللەی تاریکی قەڵاکان،**
**دوا هەواڵی سوارەکانی ڕۆژهەڵات و**
**تازە گۆرانیی سەرزاری هەژارانم بۆ بنێرە!**

سەرلەنوێ «ئەگەر ئێجگار بیرم دەکەی» هەمان ئەو سێبەری «گومان»ە بەسەر هەڵوێستە گشتییەکەدا. ئەمجارەیان ڕەنگە ئەو «گومان»ە بۆ سەر و دڵ گرتن، دەمار گرتن (استفزاز) بەکاربهێنرێ. ئەرکەکە سەخت و ترسناکە، ئەگەر وا نەبایە چ هۆکارێک پاڵی بە شاعیرەوە دەنا باس لە ئەگەری بەکارهێنانی زمانێکی دیکەی لێک گەیشتن، زمانێکی ئێجگار نائاسایی و نهێنی، بکات: «بە جفرەش بێ لەیەک دەگەین»!؟. ئەم پارچە شیعرە وەڵامی ئەو پرسیارە ناداتەوە، بەڵام ئەرکە بناغەییەکە بەجێ دەهێنێ: ڕەخساندنی زەمینەی پرسیار، ئەمەش، بە هەمان ئەو هێزە، ئەگەرەکانی دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە دێنێتە ئاراوە.

داواکردنی «ناو و وێنەی تازە شێتی شەقامانی سلێمانی»، لەلایەکەوە، بۆی هەیە ئەو قەناعەتەمان لا دروست بکات کە، بەلای کەمە لە یادەوەریی شاعیردا، یەک لیستی هەمەلایەنەی شێتە کۆنەکانی سلێمانی هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە سەرنجمان بۆ لای هەستیاریی بوونی «شێت» ڕادەکێشێ. کەواتە، لەکوێوە بۆی بچین!؟.

بەبێ هیچ جۆرە زێدەڕۆییەک لە گەڕان بەدوای هۆکارەکانی «شێت بوون»دا، دەکرێ باس لەوە بکرێ کە ئەمیش هەر دەرەنجامی بارودۆخی نائاساییە.. بارودۆخێکی ئەوتۆ کە هاوتایی مرۆڤ بەتەواوی تێکدەدات.. ڕابردوویەک ئێستای باری دەروونی ناتوانێ لە ئاڵۆزییەکانی ڕەوتە نائاساییەکەی بگات، میکانیزمی داکۆکی کردن لە «بوون»، خود بە خود، دێتە ئاراوە، بەڵام ئەم «هاوتایی»یەی بۆ بەرژەوەندی «بوون»، یان «مانەوە» و درێژەدان بە ژیان، بەبێ دەستێوەردانی مرۆڤ هاتووەتە ئاراوە، لە ڕووی بەهای «مرۆڤ بوون-مرۆڤایەتی»یەوە، گەلێک گران دەکەوێتە سەری.. شێت بوون، ئەو حاڵەتەی مرۆڤ لە سایەیدا، خۆ بە خۆ و خۆبەخشانە، دەست لە بەشێکی بەرچاو و ئێجگار گرنگی ژیانی ئاسایی، بەتایبەتی ئەوەی پێوەندیی بە خۆشگوزەرانی و دابین کردن و چێژوەرگرتن لە پێویستییەکانەوە هەیە: «شوێنی نیشتەجێ بوون»، «پێویستییەکانی خۆ گەرم ڕاگرتن و خۆ فێنک کردنەوە»، «پێویستییەکانی خواردن و خواردنەوەی «بەچێژ»، «پێویستییەکانی ڕووناک کردنەوە»و..تاد

ئەمەش، یەکێک بوو لە دەرەنجامەکانی چۆڵکردنی ئەو هێڵەی سنوور کە لە ڕێکەوتننامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ دا ڕژێمەکانی عێراق و ئێرانی ئەو سەردەمە لەسەری ڕێکەوتبوون. ئەو کارەساتەی لە گوندەکانی سەر سنووردا ڕووی دا، بیرەوەری و دەرەنجامە ترسناکە دەروونییەکانی بەرەو شار گواستەوە. ئەم پارچە شیعرە پاش تێپەڕبوونی پتر لە سێ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا نووسراوە. بەشی هەرە زۆری ئەو ماوەیە بەسەرچوو بوو لە هەلومەرجێکدا کە هێشتا شاعیر لە وڵاتدا، بەڵام لەدەرەوەی کوردستاندا -بەغدا- مابووەوە. پێ دەچێ تا ئەو کاتە ئەو کارەساتە «شێت»ی تایبەتی خۆی هێنابووبێتە بار. هەر کارەساتێکیش لە ژیانی ئێمەدا قوربانی خۆی هەبووە: شێت، ئاوارە، خاوەن بیروباوەڕی بێهوودەیی پشت بەستوو بەبێ نرخی ژیان تەنانەت خەڵکانی خۆکوژ، یان مردوو لە ئەنجامی بەرگە نەگرتنی سەختییەکانی ژیان. ئەمە بەشێکە لە تراژیدیی ژیان مێژوویەکی پڕ لە تراژیدی.. لێرەوە شاعیر، لە چوارچێوەی کۆششێکی دەروونیی تایبەت بە هەوڵی

بەڵگەدار- بە دۆکیومێنت کردن-ی تراژیدیدا، داوا لە دایکی دەکات وێنە و ناوی شێتە تازەکانی شەقامەکانی سلێمانی بۆ بنێرێ.

بە هەمان ئەو شێوەیەی هەر کارەساتێکی گەورە «شێت» و قوربانی دیکەی خۆی هەیە، ئاوەهاش «قۆشمە» و قسەی بە توێکڵ و پێکەنینی تا ڕادەیەکی ترسناک ڕەگ هاوێشتووی لە قووڵایی گریانی خۆی هەیە. ئەو «قۆشمەیی»یە و ئەو «قسە نەستەق»انەش دەکرێ هەر میکانیزمی داکۆکی کردن بن، میکانیزمێکی گەلێک ورد داڕێژراو و سەرکەوتووتر. ئەوەی لە پرۆسەی گواستنەوەی خود، لە مرۆڤێکی ئاسایی جیددییەوە بۆ مرۆڤێکی قۆشمە، ڕوودەدات بریتییە لە کاراکردنی لایەنێکی شاراوەی خود بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگایەکی گونجاو بۆ ڕزگارکردنی ناخ لەو تەوژم و پاڵەپەستۆ گەورەیەی ڕووی تێ کردووە. مانەوە و پەنگ خواردنی ئەو تەوژم و پاڵەپەستۆ گەورەیە دەکرێت لە ڕووی دەروونییەوە، بورکانێکی ئەوتۆ بێنێتە کایەوە کە، بە هیچ جۆرێک، نەتوانرێ پێشبینی دەرەنجامەکانی بکرێ. کاراکردنی ئەو لایەنە شاراوەیەی خود لە ڕێگەی وەرگێڕانی هەر وردەکارییەکی ئەو کارەساتەوە دەبێت، بە شێوەیەکی تایبەتی، بۆ «قسەی نەستەق - قسەی توێکڵدار»ی خەندەئامێز، شێوازی نواندنی زیرەکانەی مایەی پێکەنین.

کاریگەری ئەم جۆرە کاراکردنەی ئەو لایەنە شاراوەیەی خود، بەلای کەمەوە، لە دوو خاڵدا ڕوون دەبێتەوە:

١- لەوەدا کە هێما تایبەتەکانی لە کارەساتەکەوە وەردەگرێت، بە شێوەیەکیش وەری دەگێڕێت بۆ قسەی نەستەق و نواندنی تایبەت کە بە گشتی، لەلایەن خودی ئەو خەڵکەوە بە باشی زانراون ولێیان تێ دەگەن، بێ ئەوەی سەرنجی چاودێری دەرەکی- دەزگای ئەمن و.. تاد- ڕابکێشێ. واتە جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەو جفرەیەی خەڵکێکی فراوان، بە شاعیر و دایکیشییەوە، لێی تێ دەگەن. بەمەش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەڵام کاریگەر، دەبێتە مایەی دۆزینەوە و ڕەخساندنی کەناڵی گونجاوی دزە پێ کردن و دەرکردنی ئەو پاڵە پەستۆ و تەوژمە گەورەیەی ناخی هەمووان.

٢- لەوەدا کەبە کردەوە دەبێتە میکانیزمێکی داکۆکی کردنی ئەوتۆ کە کاریگەریی ئێجگار ترسناکی وەکو «شێت بوون»یشی بەدواوە نایەت.

لە سایەی بوونی ئەم هەموو سەرە دەزووە پێکەوە بەستراو و یەکگرتووەدا لە کارەساتی بە زۆر چۆڵکردن و ڕووخاندنی دەیان گوند، بەزۆر ڕاگواستنی دانیشتوانی، تێکدانی ڕەوتی ئاسایی ژیانی گیانلەبەرێکی بەوەفای وەکو سەگ، بەو ئاراستەی ناچاربکرێن کۆببنەوە بۆ خۆپاراستن، ڕوولە هەرد بکەن بۆ دۆزینەوەی شێوازێکی بەردەوامی بەخشین بە ژیان، پاشانیش لە ترسان پەنا ببەنەبەر «قووزە» و برسێتیش تەنگیان پێ هەڵچنێ، لە سایەی ئەم هەموو سەرە دەزووەدا، کە شاعیر ڕوو لە دایکی بکات و داوای «ئەو لایلایە شیرین»ەی بکات کە بە «شاشیعری هەموو دنیا»ی لە قەڵەم دەدات، پاشانیش بڵێ: «بە جفرەش بێ لە یەک دەگەین، هۆ دایە گیان»..  دەبێ چۆن هەوڵی تێگەیشتنیان بدەین!؟

ناکرێ ئەو «لایلایە شیرین»ە لە خۆڕا و بەبێ هۆ خزێندرابێتە ئەو نێوانەوە. ناکرێ ئەمەش بە سۆز و تاسەیەکی شاراوە بۆ «منداڵی» لێک بدرێت، چونکە لە هەردوو حاڵەتدا وشەی (جفرە) بە تەواوی بێ مەعنا و پووکاوە دێتە پێش چاو. نزیکترین لێکدانەوەی ئەو «لایلایە»یە لە گیانی گشتی ئەم پارچە شیعرەوە، لەو خاڵە دەست پێ دەکات کە بە هۆی گواستنەوەی سەرجەمی پێکهێنەرەکانی پێکهاتەی ئەم کارەساتە گەورەیە بزانرێ. لەم چوارچێوەیەدا «لایلایە» چەمکە ئاساییەکەی خۆی بەجێ دەهێڵێ و گەورەتر دەبێت، گەلێک گەورەتر، تا دەبێتە «داستان». «دایک»ی بە حوکمی ئەزموونی درێژ و تاڵ، ڕووبەڕووی دایکایەتی بەرینتر دەکاتەوە بە بەرینی ڕووبەڕی کارەسات، ئەگەر بەبەرینی ڕووبەری هەموو کوردستان نەبێت. بەلای ئەو «دایکایەتی»یەوە، تەنانەت قووزەی گەلەسەگی برسی هەردەکان ڕیش، ناتوانرێ فەرامۆش بکرێت. ئەو گەلەسەگانە، تا دوێنێ نزیک.. دوێنێی دەست پێ کردنی کارەسات، پاسەوانی بەردەوامی و پەرەسەندنی گرنگترین کۆڵەکەکانی ئابووری کوردستان (ئاژەڵداری- مەڕوماڵات) بوون. لێرەوە، لەو ڕووەوە کە بەشێک لەو ڕووبەری دایکایەتییە دڵی زیندووی جووتیارانی لە گوندەکانیان بێ بەش کراو و بەزۆر ڕاگوێزراوە، بۆیە قووزەی ئەو گەلەسەگانە، یان کارەساتی هەردی بوون و برسێتی و ترسی ئەو گەلەسەگانەش، کە بەشێک بوون لە مێژووی بەردەوامی و پەرەسەندنی ژیانی گوند لە کوردستاندا، بەشێکە لە کارەساتە گشتییەکە، بە هۆی

ئەمەوە ناکرێ لەلایەن دایکێکەوە فەرامۆش بکرێت کە دەزانێ جووتیارانی وڵاتەکەی فەوتان و لەناوچوونی یەک سەگیشیان بەلاوە سەختە، چ جای ئەوەی ئەم گیانلەبەرە بەوەفایە بەتەواوی لە ژیانیان دوور بخرێتەوە، ڕووبەڕووی ئەو چارەنووسە تراژیدییە گەورەیەش بکرێتەوە. ئەو فەرامۆش کردنە کەلێنێکی ترسناک دەخاتە بنیادی ئەو داستانەوە، کە ناتوانێ ئەو کەلێنە لە خۆیدا بەدی بکات.

ئا لێرەدا... لەم جمگە گرنگەدا کە خەریکە ئەنجامگیری بەرەو گەڵاڵەبوونی چەمکی «داستان» پەلکێشمان دەکات، شاعیر خۆی داستانێک دێنێتە ئاراوە ناوی «داستانی کەژ»ی لێ دەنێت، بەڵام پاش ئەوەی ڕووبەڕووی سایەی گومان سەرودڵ گرەکەی «ئەگەر ئێجگار بیرم دەکەی»مان دەکاتەوە.

وشەی «کەژ» هەمان مەعنای وشەکانی «شاخ»، «چیا»، «کێو» و ... تاد دەبەخشێت. مەبەستی تایبەتی شاعیر لە بەکارهێنانی وشەی «شاخ»، لە چوارچێوەی وشەی لێکدراوی «شاخنشین»، هەر لەم خوێندنەوەیەدا لێک دراوەتەوە، پێ ناچێ ئەم ئاوڕدانەوەیە لە هەمان چەمک، بەڵام بە وشەیەکی دیکەی هاومەعنا، بشێت لێکدانەوەی دیکە بێنێتە ئاراوە، یان خاڵێکی دیکە بخاتە سەر خودی لێکدانەوەکە، بەڵام بێگومان دەیخاتە ئەو چوارچێوەیەوە کە بە گونجاوی دەزانێ: «داستانی کەژ» داستان، لێرەدا هەمان ئەو «داستان»ە نییە کە لە «لایلایە شیرین»ەکەی دایکی شاعیردا چڕ دەبێتەوە، ئەویان داستانێکی تراژیدیی بنیادنراو لەسەر کارێکی کارەساتباری بێ کاردانەوە بوو. ئەمیان داستانی کاردانەوەیەکی ناڕاستەوخۆیە، کە بەناچاری، بۆ ماوەیەک دواخراوە، ئەو کاردانەوەیەی بەشێوەیەکی سروشتی، هاوکات لەگەڵ کارەکە، لەدایک دەبێت، دواکەوتنی هەر جۆرە دەرکەوتنێکی ئەو کاردانەوەیە بەو مەعنایە دەبێت کە بە پەنگ خواردوویی لە شوێنێکدا.. لە دڵێکدا، یان لە چەند دڵێکدا، یان لە یادەوەریی گرووپێکدا، دەمێنێتەوە تا ئەو ڕادەیە و چرکەیەی ناتوانێ بە پەنگ خواردوویی بمێنێتەوە، بۆیە دەتەقێتەوە، ئەو تەقینەوەیە کاردانەوەکەیە، بەڵام پاش ئەوەی گەلێک بەهێزتر بووەتەوە و هەر لێرەشەوە داستانە تازەکە لەدایک دەبێت. ئەم داستانی «کەژ»ە هەمان داستانی «ڕقی گەورەی شاخنشینە ئازاکان»ە، کە پێشتر شاعیر داوای لە دایکی کردبوو بۆی بنێرێ.

لە «داستانی کەژ» بەولاوە، هەموو ئەوانی دیکە تەواوکەرن. تەنیا خاڵێک، کە ڕەنگە هەڵوەستە جێی دیتری بوێ، پێوەندی بە «قوللەی تاریکی قەڵاکان»ەوە هەیە: ئایا شاعیر داوای خودی ئەو «قوللە تاریک»انە دەکات، یان «داستانی»ی ئەو قوللە تاریکانە!؟.

لەلایەکەوە، هەموو ئەوەی لەم کۆپلەیەدا داواکراون دەکرێ بگواسترێنەوە: داستان لە ڕێگای پاراستنی لە یادەوەریدا، «هەواڵی سوارەکانی ڕۆژهەڵات»یش، کە شێوەی تازەی ئەو داستانەیە، «تازە گۆرانیی سەرزاری هەژاران»یش، کە چاوەڕوان دەکرا ناسنامەی تازەی ئەو داستانە بێ.. هەر هەمووی دەگوازرێنەوە، بێ ئەوەی چاودێرانی نەیار بتوانن لە کونج و کەلەبەرەکانی «دڵ»دا بۆی بگەڕێن، بەڵام «قوللەی تاریک»، ئەگەر تەنیا وێنەکەشی بێت، بە ئاسانی لە «چاودێر» و «سانسۆر»ی سەر هەموو سنوورەکان دەرباز نابێ.. جگە لەوەی لەم دێمەنە یەکگرتووەشدا، تا ڕادەیەکی باش، نەشاز دیارە. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەو «لایلایە شیرین»ەی دایک، کە چوارچێوەی گشتی داستانەکەیەوە دەکرێ زمانێکی ڕەمزیش بەکاربێنێ، تەنیا لە ڕێگای شێوازە تایبەتەکەی خۆیەوە هەموو شتەکان دەگوازێتەوە، کەواتە، لێرەشدا هەردەبێ بەو شێوازە «قوللەی تاریکی قەڵاکان»، لە شێوەی داستانۆکە، یان جمگێکی داستانێکدا بگوازێتەوە.

کە «لایلایە»بێتە داستانێک بەو بەرینییە، «دایکایەتی»ش ڕووبەرێکی تازەی پێ دەبەخشرێ.. ئا ئەمە بەشێکی ئەو ڕووبەرەیە، ئا ئەمەش شێوەیەکی تازەی بەخشینەوەی «دایکایەتی»یە بە «دایک». ئایا دەکرێ نموونەی ئەم دانانەوەی سۆزە لە خانەی سروشتی خۆیدا بە زۆری ببینین!؟

# نیمایوشیج و عەبدوڵڵا گۆران

## نوێکردنەوە و دابڕان

هاشم سەڕاج

«ئامر طاهر»ی نووسەری ئەم کتێبە بەم شێوەیە لە بەرهەمە ئەدەبییەکەی دەدوێ، «ئەم کتێبە نامەیەکی ماستەرە، کە لە زانکۆی سۆربۆنی نوێ- پاریسی ٣ (Sorbonne Nouvelle) لەبەشی لێکۆڵینەوە ئێرانییەکاندا لە بەرواری ٢٠٠٤/٦/٢٤ پەسەند کراوە و لە فەرەنسییەوە وەرمگێڕراوەتەوە سەر زمانی کوردی».. لە دەروازەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا سەرەتا ئاماژە بە زەمەنی نوێکردنەوەی شیعری لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات و لەوانەش ئەدەبی کوردی و فارسی دەدرێت کە چۆن لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا سەری هەڵدا و دواتر دەسکەوتە شێوازگەرییەکانی ڕۆمانتیکی ئەڵمانی و پاشان فەرەنسی و ئینگلیزی و هەندێ بزاڤ و قوتابخانەی تری ئەدەبی ئەورووپایی کە ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لە ئازاد کردنی شیعر لە کۆتوبەندەکانی کلاسیزم، ئەم دیاردەیەش پەیتا پەیتا لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا ڕەنگی دایەوە، وێڕای گۆڕانکاری گەلێکی ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی کە لەناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتدا هاتنەکایەوە، ئەنجا ئاشنایەتی شاعیرانی ڕۆژهەڵات بە فەرهەنگ و کولتووری ڕۆژئاوایی و بایەخدان بەچاکسازی و نوێکردنەوەی شێوازی شیعری بە تایبەتی لای عەبدوڵڵا گۆران و نیمایوشیج، نووسەری ئەم کتێبە ئەوەش دەدرکێنێ [کە پێش ئەوان چەند تەقەلایەک لێرە و لەوێ بۆ گۆڕینی سیماکانی شیعری کوردی و فارسی دراون، بەڵام ئەمان نوێکردنەوەکەیان بەشێوەیەکی تیۆری داڕشت و تیۆرەکەشیان بەسەر شیعرەکانیاندا پراکتیزە کرد و کاریگەرییەکی بەرچاویشیان لەسەر شاعیرانی دوای



**ئامر طاهر**

خۆیان کرد» لەڕێگەی خوێندنەوەی ئەم کتێبەوە هەوڵدەدەم بنەما سەرەکییەکانی نوێکردنەوەی شیعری دیاری بکەم کە لەلایەن ئەم دوو شاعیرەوە ئەنجام دراون، نووسەر لەسەر هەوڵە تازە گەرییەکانی «نیمایوشیج» دەدوێ و پاشان دەڵێ «دە ساڵ دواتر «عەبدوڵڵا گۆران»یش دەستی کرد بە بنیادنانی پلەو پایەیەکی هاوشێوەی نیمایوشیج بۆ خۆی لەناو مێژووی شیعری کوردیدا، کاریگەریەتی پرۆسە شیعرییەکەی گۆران لە هەردوو ڕووی شێوە و ناوەرۆکەوە- هەرچەند بەتیۆرێکی سنووردارتر لە هی نیما- وای کرد کە بە باوکی شیعری تازەی کوردی بژمێردرێت... لە هەمان دەروازەی ئەم کتێبەدا نووسەر دەڵێ «دەکرا هەروەک شاعیرە کلاسیکەکان، گۆران لاسایی بنەما نوێگەرییەکانی تازەکردنەوەی شیعری فارسی بەڕابەرایەتی نیما بکات، کەچی شتێکی وا لەنێوان گۆران و نیمادا نابینرێت»... هاوکات ئاماژە بە لێکۆڵینەوەی تر دەدات کە پێشتر لە مەڕ تێکستەکانی ئەو دوو شاعیرە ئەنجام دراون.. وەک نامەی دکتۆرای «کریستین کلاڤیێ» کە هەوڵی داوە لە ڕێگای ناوەرۆکی بەرهەمەکانەوە لە ڕۆڵی دەروونناسی و کۆمەلایەتی شیعرەکانیان بکۆڵێتەوە، هەروەها لێکۆڵینەوەی دەرچوونی قوتابی «شلێر محەمەد حاجی» کە لە سەروای شیعرەکانیانی کۆڵیوەتەوە، بەڵام «ئامر طاهر»ی نووسەری ئەم کتێبە لێکۆڵینەوە ماتماتیکییەکەی خاتوو شلێر لە ڕووی سەرواوە بەکەموکوڕ ناوزەد دەکا و دەڵێ «ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی نابێتە وەلامی هیچ پرسیارێک کە لە سەرەتای باسەکەیەوە بیوروژاندبێت». هەروەها نووسەر هەوڵی داوە لە ڕوانگەی «فوکو»وە پێناسەی چەمکی دابڕان بکا.

چونکە ئەوکاتەی دەڵێ: «ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێت کە هەر نوێکردنەوەیەک جۆرێکە لە دابڕان» کەچی ئەم بۆچوون و گۆشەنیگا هزرییە زیاتر بەسەر کایە مەعریفیەکاندا پراکتیزە دەکرێ.. بە تایبەتی بوارەکانی مەعریفەی کۆمەلایەتی و ئەنترۆپۆلۆژی و فەلسەفی و ڕامیاری بۆ نموونە فوکو دوای خوێندنەوەی بەرهەمەکانی هەریەک لە «کارل مارکس» و «نیتشە» و «فرۆید» تیۆرێکی هزری و مەعریفی جیاواز دەخاتەڕوو و بە تەواوەتی لەسەرچاوەکانی پێشووی خۆی دادەبڕێ، بەڵام شیعر وەک بنیادێکی گشتی وێڕای لایەنەکانی شیعرییەت و فەلسەفەگەرایی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە مەعریفەی ئێستێتیکی و دەلالییەوە هەیە. لێرە ناکرێ بڵێین سەرجەم بەرهەمە شیعرییەکانی «گۆران» و «نیما» خاڵین لە ئاسەواری هونەری شیعری کلاسیک وەک «فۆرم و شێواز» بەپێچەوانەوە شیعرە سەرەتاییەکانی «گۆران» کە لەسەر کێش و بەحری کلاسیکی نووسراون هاوکات تژین لە شەپۆلی شیعرییەت، کەواتە بە بۆچوونی من چەمکی دابڕانی فوکویی سەد دەر سەد بەسەر جیهانی شیعردا پراکتیزە ناکرێ چونکە «زمان» و زمانی شیعریی بەشێوەیەکی بەردەوام لەحاڵەتی پەیوەستی و درێژبوونەوە و ئایرۆنیەت و فەرماکۆنیەتدان، دەکرێ بڵێین هەر دابڕانێکی شیعری لەگەوهەردا هەڵگری توخمگەلێک لە درێژبوونەوەی زمانییە، بۆ نموونە ڕەنگە پاژگەلێک ئاسەواری پەرناسی لە تێکستە سەمبۆلییەکانی «ڕامبۆ»دا خەفەکرابن، یان هەستگەلێک لە جوانییە شەیتانیەکانی «ئەدگار ئەلان پۆ» لە دەقە مەلعونەکانی «بۆدلێر»دا بەشاراوەیی ئاوێزانی بنیادی گشتی دەقە ڕەمزییەکانی کرابن.. هەروەها لە ڕووی تەکنیک و فۆرم و شێوازەوەش فەزایەکی سەد دەر سەد پالاوتە و پەتی شیعری بوونی نییە!.

«ئامر طاهر» دەڵێ: «ئاشکرایە کە تیۆری سەرەکی نوێکردنەوەی شیعری گۆران و نیما زیاتر لە ڕووی ڕوخسارەوە واتا لە ئاستی کێش و سەروا و وێنە و زماندا بەرجەستە دەبێت» ئیتر نووسەر وەک دەسپێکی لێکۆڵینەوە، ڕوو لە شیعری کلاسیکی فارسی دەکا و

ســـەرەتای ســـەرهەڵدانی بۆ ســـەدەی دووەمی کـــۆچی دەگـــەڕێنێـــتـــەوە. تا ســـەدەی دوازدەی کـــۆچی و دەڵێ بەدرێژایی ئەم قـــۆناغـــە و بەشـــێـــوەیەکی گـــشـــتی لەلایەن ڕەخنەگرانەوە بەسـەر سێ سـەبکی «Style» شـیـعـریی خـــوراســـانی، عـــیـــراقی و هیندی دابەش دەکـــرێت،.. «سەبکی خوراسانی بەیەکەم سەبکی شیعری کلاسیکی فـــارسی دەژمـــێـــردرێت. ناوەکـــە ئامـــاژە بەناوچەی خوراسانیش دەکات کە ئەم سەبکەی تێدا لەدایک بووە. بەهۆی سـادەیی شـیـعـرەکـانی بە سـەبکی سـادەش ناوی دەبەن. ڕوودەکی و فیردەوسی لە شاعیرە دیارەکانی ئەم قۆناغـەن. قالبە شیعرییە هەرە دیارەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە قەتعە، مەسنەوی، قەسیدە و ڕوباعی. سەبکی عیراقی بەگشتی دەستنیشانی شیعری کلاسیکی فارسی قۆناغی نێوان سەدەی هەفتەم تا نۆیەمی کۆچی دەکات. غەزەل وەکو جۆری شیعری هەرە دیاری ئەم قۆناغە دەبێتە دەربڕی هزری سـۆفـیـزمی شاعـیـرانی عـیـراقی عـەجـەم (ئـێـرانی ڕۆژئاوای ئـەو ســەردەمــە» شـــاعـــیـــرە هەرە بەناوبانگەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە سەعدی، عەتتار، مەولەوی و حافظ، سەبکی هیندی شیعری کلاسیکی فـارسی دادەخـات و ئامـاژە بەگـواستنەوەی جـوگـرافی داهێنانی شیعریش دەکات کە خۆی لەنێوان سـەدەکانی یازدە و دوازدەی کـۆچیـدا دەنوێنێت و قـۆناغـێکە کـە بەزۆری بەرهەمی شـاعـیـرانیـیـەوە لە دەرەوەی ئێـران بەتایبەتی لەهیند و ئیمپراتۆری عوسمانی دیاریکراوە. هەندێ جاریش بە سەبکی ئیسفەهانی ناوی دەبرێت».

ئەنجـا «ئامر طاهر» سـەرەتای سـەرهەڵدانی شـیـعـری هاوچەرخی فـارسی بۆ کـۆتایی سـەدەی نۆزدەو سـەرەتای سـەدەی بیـسـتی زایینی دەگەڕێنێـتـەوە، کـە مـاوەیەکی زەمەنی، یان قۆناخێکی پڕ لە جووڵە و بزاڤ و ڕووداو و گۆڕانکاری جۆراوجۆرە، بەتایبەتی ڕووداوە ڕامیـاری و کـۆمـەڵایەتی و کـولتـوورییـەکـان، لەوانە شـۆڕشی مـەشـرووتەخـوازی لە ئێـران کـە ڕۆڵێکی گـرنگی لە سـەرهەڵدانی سـەردەمی نوێی ئەدەبی فارسیـدا بینیوە، هەروەها هۆکارگەلێکی تر کە ڕێ خۆشکەربوون لەبەردەم پێـشـخـسـتنی شـیـعـری هاوچەرخی فـارسی، بۆ نموونە سـەردانی بەردەوامی ئێـرانیـیـەکـان بۆ ئیـمـپـراتۆریەتی عـوسمانی، هیند و وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، ناردنی قوتابی بۆ ئەورووپا و ئاشنابوونیـان بە کـولتـووری جیـهـانی، دامـەزراندنی قـوتابخـانە مـسـیـۆنێـرییـە ئایینیـەکـانی ئەمریکی، فەرەنسی، ئەڵمانی، دامەزراندنی قوتابخانەی تەکنیکی «دارالفنون» لەلایەن خودی دەوڵەتی ئێرانەوە و ڕۆڵی مـامـۆسـتـایانی بیـانی لەم قـوتابخـانەیەدا...تاد. دروسـتـبـوونی دوو گـرووپی شـیـعـری دژ بەیەک، بەرەی کۆنەخوازی کلاسیک.. وەک (ئەدیب الممالک فراهانی و بهار) کە داکۆکیـان لە دابونەریت و فـۆرمە نەگـۆڕەکـانی کـلاسـیـک دەکـرد، گـرووپی پێـشـکـەوتنخـواز، عـارف قـەزوینی و مـیـرزادە عـشـقی... شـاعـیـرانی ئەم گـرووپە بایەخـیـان بە بنەمـای شـیـعـری کـلاسـیـکی نەدەدا و ئیلهامیان لەشیعری عوسمانی وەردەگرت و هەوڵیان دەدا لە ڕووی شێـوازی شـیـعـرییـەوە جۆرێک لە گـۆڕانکاری ئەنجام بدەن، [جگە لەمانەش دەزگای (انجمن دانشکدە) وەک دامـەزراوێکی فەرمی نووسەر و شاعیران، لەلایەک و چاپی ڕۆژنامەی آزادیستان لەلایەکی ترەوە بوونە هۆی گـەشـەسـەندنی ئەو ناکـۆکـیـیـەی لەنێـوان دوو بەرەی کـۆنەپەرست و پێـشـکـەوتنخـوازدا پەیدابوو] [تەقی ڕەفـعـەت لایەنگرێکی بەتینی پێـشـکـەوتنی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بوو، سێ زمانی تورکی، فارسی، فەرەنسی بەچاکی دەزانی، بەدەسـتـپـێـشـخـەری شـیـعـری نیـمـایی دەناسـرێت، بەنووسـینی شـیـعـرێک کـە تێـیـدا شـوێنی سـەرواکـانی لەنێـوان نیـوە دێرەکـاندا گـۆڕیبـوو، بەڵام قالبەکە قالبی سونێتی «Sonnet» شیعری کلاسیکی فـەرەنسی بوو، ئەم دیاردەیە لە شـیـعـری (جـعـفـر خامنە ای)دا دووبارە دەبێـتـەوە، دواتر (شـمـس کـسـمـایی) شیعرێک دادەڕێژێت کە تێیدا سیستەمی نیوە دێرەکان و یەکێـتی سەروا تێک دەدات]، بەڵام هیچ یەک لەم هەوڵ و دەسپێشخەرییانە ناتوانن مۆرکی تاکئاوازی و کێشی عەرووز و ڕوخساری گشتی شیعری کلاسیکی فـارسی بگـۆڕن، ئـەنجــــا بـا بزانـین ئـامـــــر طـاهـر چـۆن لەمـــاســـتـــەرنامـــەکـــەیدا لە هەوڵ و کـــۆشش و دەسـپـێـشـخـەرییـەکانی «نیـما یوشیج» دەدوێ، چونکە ئەوەی لە شـیـعـرەکـانی «نیـمـا»دا بەدی دەکـرێ «نیـمـا» نەهاتووە بەشێوەیەکی عەقڵانی و لۆژیکی و بەرنامەرێژ، کێش و بەحرەکانی عەرووزی شیعری کلاسیکی فـارسی تێکبـشـکێنێ ئاخـر، بەر لەهەمـوو شـتـێـک چۆنیـەتی داڕشتنی ڕیتمی ناوەوەی [منی شیـعـر]، یان لەنجـەی کەسیرەی فۆنیمی بارگاویکراو، فۆرمۆلەی فەزا و فۆرم و

شێواز، یان شێوەی بنیادی گشتی تێکست دەخوڵقێنێ و دواتر کاری جۆرێک لە سنعەتسازی و گەمەی مۆرفیمی و ڕێکی و هەماهەنگی ناوکۆیی کاری لە فەزای لەززەتداری دەقدا ئەنجام دەدرێ ئەگینا گواستنەوەی فۆرم و شێوازی پێشینە و پێشوەخت مانەندی کلێشەیەکی جێگیر و حازر بەدەست دوور نییە سەراپای شەپۆلەکانی شیعرییەت لە خشتە ببات، چونکە پاژە جۆراوجۆرەکانی تەکنیک و جۆر و چۆنیەتی شێواز هەمیشە لە ڕێگەی خوێندنەوە و تێرامانەوە دێن و بەشێنەییش ئاوێتەی نائاگایی منی شیعر دەبن و دواجار لە چرکەکانی تەقس و ورێنە و مەستی دڵ و زەین و گیاندا تێکەڵ بە سیستمی هێما ئامێزی ئاخاوتن دەبن، مەبەستم ئەوەیە مامەڵەکردنی ڕاستەوخۆ و عەقلانی لەگەڵ فۆرمێکی پێشوەخت و دیاریکراوی شیعری، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی دەقێکی وشک و برینگ، پاشان دیاردەی بەمەبەست شێواندن و تێکشکاندنی کێش و بەحری شیعری کلاسیک، نە لای «نیما» بوونی هەیە نە لای «گۆران» بەڵگەش ئەو حاڵەتە شیعریە لە خۆوە و ئێستێتیکیەیە کە لەزۆربەی تێکستەکانی هەردوو شاعیردا، وەکو ئاو و بەشێوەیەکی هارمۆنی و هەماهەنگی دادەڕژێ، جۆراوجۆری تەکنیکی شیعریش لە دەقێکەوە بۆ دەقێک دەگۆڕدرێ،.. پاشان هەردوو شاعیر وەک سەرەتا بەعیشق و شەیداییەوە چەندین چامەی



قووڵ و بەچێژی شێوە کلاسیکیان نووسیوە و دواتر بەپێی گەشە و پێگەیشتنی کۆژیتۆی شیعر، ستایلی دەربڕینی خۆی لە فۆرم و فەزای جیاتر و جیاوازتردا دۆزیوەتەوە ئێستە وردە وردە ڕوو لە جیهانە ئاڵۆز و جوانەکەی نیمایوشیج دەکەین و تۆزێ لە بنەمای شیعرییەت و ڕەوش و خەسڵەتی ئەو جیهانە شیعرییەی دەدوێین.

نیمایوشیج ناوی ڕاستەقینەی «عەلی ئسفندیاری»ە و ساڵی ١٨٩٧ لەگوندی «یوش»ی سەر بەهەرێمی مازەندەران لەدایک بووە، ئەو دەمەی خانەوادەکەی چوونەتە «تاران». تەمەنی دوازدە ساڵان بووە، پاش تەواوکردنی قۆناخی سەرەتایی لە قوتابخانەی (هدایت جاوید)، ناوی لەقوتابخانەی فەرەنسی سەن لووی Saint Louis- تۆمار دەکرێ، نیما لە خوێندندا زۆر سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام «نظام وفا»ی مامۆستای کە یەکێک بووە لە شاعیرە ناودارەکانی ئەوکاتە پاڵپشتی لێ کردووە و هانی داوە کە ڕوو لەدنیای شیعر بکا، نیما سەرەتا لاسایی سەبکی کلاسیکی خوراسانی کردووە و بەشێوەزاری تەبەری «طبری» کە شێوەزاری دایکی بووە شیعری پێ نووسیوە. نیما زۆر هەڵوەدای سروشت بووە بۆیە ڕۆژانی پشوودان هەمیشە ڕووی لە گوندەکەیان دەکرد و هەر لەوێش گرفتاری کچێ دەبێ بەنێوی «صفورا»، بەڵام زوو پێوەندییە ئەڤینیەکەیان دەپچڕێ و لەوێ لەتاران بەشێوەیەکی بەردەوام سەردانی چاپخانەی شیعری شاعیر حەیدەر عەلی کەمالی دەکرد و هەستی بۆ شیعری شاعیران (ملک الشعرا بهار و عەلی ئەسغەر حیکمەت) ڕادەگرت، دوای مەرگی باوکی هەر لەو ساڵەدا «عالیە جیهانگیردا» دەبێتە هاوسەری و خۆیشی لە دواناوەندی (حکیم نظامی) لەئەستارا وەک مامۆستایەک وانەی ئەدەبی فارسی دەڵێتەوە، لە ڕێگەی زمانی فەرەنسییەوە شارەزای گۆڕانکارییەکانی شیعری ڕۆمانتیکی و بنەما سەرەکییەکانی تێکستی سەمبۆلیستانی فەرەنسی دەبێ، بەتایبەتی شیعرەکانی شارل بۆدلێر، نیما لەتەک داهینانە شیعرییەکانی بایەخی بەڕەخنەی ئەدەبیش دەدا، ئیتر پەیتا پەیتا فۆرم و شێوازی شیعری لای نیمایوشیج ڕوو لە گەشەو پێشکەوتن دەکا، من لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کاک «ئامر طاهر» کۆک و هاوڕا نیم کە هەوڵ و کۆششە جیاوازە شیعرییەکەی نیمایوشیج بە تێکدانی ژانرە شیعرییە

کلاسیکیەکان ناوزەد دەکا، وەک گوتم هەر هەوڵێکی جیاوازی شیعری بەر لە هەموو شتێک پێوەندی بە بەهرە و عیشق و باکگراوندی مەعریفی و ئاشنایەتی بەردەوامی منی شیعرەوە هەیە لەگەڵ جیهانی تەکنیک و زانستی شیعر و زمان.. مەبەستم ئەوەیە هەوڵە شیعرییەکانی نیما و هەر شاعیرێکی داهێنەر بەشێوەیەکی سروشتی و بەبێ هیچ ئامانجێکی پێشوەخت و دیاریکراو ڕێگەگەلی ئیستێتیکی و ئەڤینی و دەلالییەکان دەبڕێ و هەوڵی شیعریش بەپێی ئەزموون و عیشق و هێزی بەهرە و جیهانبینی، هەمیشە ڕوو لە گەشەی باڵاتر و پێشکەوتن و گۆڕان دەکا، کەواتا بەرلەوەی هەوڵە شیعرییەکانی «نیما» بەکردەی تێکدانی ژانرە کلاسیکیەکان ناوزەد بکرێ، پێویستە وەک جیهانێکی تایبەتی و جیاوازی شیعری سەیری بکرێ، چونکە زۆرجار زاراوەی تێکدان لە هەڵچوونێکی نا شیعرییەوە سەرچاوە دەگرێ، کەچی وەک دواتر بۆمان دەردەکەوێ نیما هەوڵی داوە چرکەکانی عیشق و نهلیست و گیان ئاوێزانی سیستمی زمان بکا.

ئیتر «ئامر طاهر»ی نووسەری ئەم ماستەرنامەیە ئەزموونە نوێگەرییەکەی نیما لە چەند خاڵێکی گرنگدا بەرجەستە دەکا و دەڵێ: «نیما شارەزایی خۆی لە بواری ژانرە ڕەنگاو ڕەنگەکانی شیعری کلاسیک و یاسا و نەریتەکانی پێکهێنانیاندا دەسەلمێنێت، بەڵام لە هەندێ لە شیعرەکانیدا کە بەگشتی کلاسیکین، سیستەمی قاڵب و سەروا بەتەواوی لەگەڵ ژانرە کلاسیکییەکانی سەرەوەدا ناگونجێن.. ئەمە یەکەم جۆری لادانەوەیە لە یاسا کلاسیکیەکانی داڕشتنی شیعری» کردەی «لادان» لێرەو لە شیعرەکانی نیمادا کە «ئامر طاهر» ئاماژەی پێدەدا ڕۆڵێکی کاریگەری شیعری دەبینێ، یان بەشێکی درەوشاوەی جیهانی داهێنانە، جا ئەو لادان و خزانە زمانی بێ، یان لادان بێ لە کێش و بەحری شیعری، جان کوهین لە کتێبی بنیادی زمانی شیعریدا، دانە دانەی یەکە و ڕادەی لادانی زمانی لە تێکستەکانی «ڕامبۆ» و «بودلێر»دا دیاری دەکا و پاشان لە ڕێگەی ئاستی فۆنیمی و سیمانتیکییەوە پلەو هاوکێشەی شیعرییەت دەخاتە ڕوو، هەروەها لادان و دەرچوون لەکێش و پێوانەی سونەتی و میراتی دێرینە لە دنیای مەقاماتیشدا ئەنجام دەدرێ، چونکە لادانی زمانی، یان لادان لەچوارچێوەی بەحرەکانی شیعر پێوەندییەکی سەرەکی بە ڕیتمی ناوەوەی شاعیرەوە هەیە و کردەیەکی دەسکرد و بەرنامەڕێژ نییە، ئەم حاڵەتەش هەمیشە بەڕێکەوت و چرکەی خرۆشانی ڕۆحییەوە پابەندە، هەر لەبەر ئەوەشە هەمیشە لەنێوان لادان و تێکداندا بۆشاییەکی دیاریکراو بوونی خۆی دەسەپێنێ، دەشێ کردەی لادانی ئەدەبی لە فەزایەکی ئێستێتیکی و دەلالییەوە سەرچاوە بگرێ کە پێوەندی بەگەمە و چێژ و دنیای ئەندێشە ئامێزی مەجازەوە هەبێ، چونکە داهێنان ڕەهاترین پانتاییەکی بێ شوناسی ئازاد و لەززەتاوییە نووسینیش ئێستێتیکترین یارییە کە لەڕێگەی پیت و مۆرفیم و وشە و ڕستەکانەوە ئەنجام دەدرێ و کۆد و هێما و ماسکەکانیش بەشێکی گرنگی پێکهاتەی ئەم یارییە جادووییەن، نەخاسما ئەوەدەمەی منی شیعر دەبێتە بارستاییەک لە عیشق و غەیبووبە و دڵ و دەروون و زەین بە سپیترین تارماییەکی ئاگرین گەمارۆ دەدرێن، کەچی کردەی «تێکدان» پێوەندییەکی توندوتۆڵی بە ئەرک و فرمانەوە هەیە، واتە تێکدان کارێکە و کەسێک، یان گرووپێک وەک ئەرک و مەبەست و ئامانج ئەنجامی دەدەن، بەڵام یاری، یان گەمە بەهۆی حەز و چێژ و شەیداییەوە ئەنجام دەدرێ، تێکدان [خاپوور کردن، وێران کردن، داڕماندن، ڕووخاندن...تاد] وەک ئیحای وشە وێنەی داڕمانی هەورەبانێکت لە بەرچاو دروست دەکا» ڕاستە ئەم خەسڵەتە توندوتیژە وەک بۆچوونێکی فەلسەفەگەرایی بوونی هەیە نموونەی تەهدیمیەتی نیتشە بۆ سەراپای جیهانی مۆراڵە تەقلیدییەکان و تێکدانی سەرلەبەری ئەپارتمانی دابونەریتە سوننەتیەکان، هەروەها لەدنیای شانۆدا «ئارتۆ» پێی خۆش بوو بەتوندوتیژترین شێواز مەدلولە جێگرەکان سەرەو ژێر بکا و دالەکان وەکو جەستەیەکی پرشنگدار لە فەزای شانۆدا بەخۆرسکییەکی سەرەتایی سەما بکەن. ئەم کردەی وێرانکردن و تێکدانی بنەما و ڕێسا سوننەتیەکانی ئەدەب لای هەردوو بزاڤی سوریالی و داداییەکانیش بوونی هەبوو، ئەگەرچی هەردوو بزاڤ وەک ڕێبازی شیعری جەختیان لەسەر لایەنی نائاگایی دەکردەوە، بەڵام وەک هەڵسوکەوت و ڕەفتار و هەڵدانی وێنەی غەریب و ئاڵۆزی کینایەی شیعریی هەڵگری توخمێکی خاپوورکاری و عەقڵگەرایی بوون لە ئەدەبی کوردیشدا دەکرێ ئاماژە بە هەواڵ و

چالاكییەكانی دكتۆر فەرهاد پیربال بدرێ بەتایبەتی دوای گەڕانەوەی لە فەرەنسا و دەركردنی چەند ژمارەیەک لە گۆڤاری «وێران».. لە چەشنی گۆڤارێكی فۆرمالیستی و بەنیازی وێرانكردنی شێوە و شێوازی فندەمێنتالیزمی ئەدەبی كوردی، هەر لەم ڕوانگەیەوە دەكرێ بڵێم كردەی توندوتیژی و تێكدانی میراتی شیعری لەتێكستەكانی نیمایوشیج و عەبدوڵڵا گۆراندا بەدی ناكرێ، لادانە ئێستێتیكییەكانی نیما لە پێوانەی سەقامگیری كێش و بەحری شیعری بەرلەوەی پێوەندییەكی مەبەستداری بەنوێكردنەوەی شیعرییەوە هەبێ پێوەندی بەو ڕیتمە غەمبارەوە هەیە كە لەنێو دڵ و دەروون و گیانی [نیما]وە هەڵدەقوڵێ.. چونكە شیعر لە ئەزەلەوە نە پەیامی هەیە و نە زێد و ئایین و شوناس! وەكو چەپكە گۆرانییەكی دەلالی ڕووە و ڕووگەی قەدەر و نادیار و نەزانراو هەڵدەدرێ، نیماش بەهۆی ئاگری ئەو ئاوازە ڕۆحیە غەمبارەیەوە لەنێو زیندانەكانی سیستمی زمانی فارسیدا گەمە شیعری و ئێستێتیكییەكانی ئەنجام داوە و جارجارەش گیانی هێشووی وشە تەبەرییەكانی خرۆشاندووە، ئەو وشانەی كە پێوەندییان بەدەورانی منداڵی و گوندی «یوش»ەوە هەیە، دواجار بەهۆی ئەو ئاوازە ئاڵۆز و غەمبارەوە دووچاری وڕێنە و نیگەرانییەكی ڕۆحی دێ هەر ئەوەتا ژن و منداڵەكانی قبوڵی خۆی و كتێبخانە تایبەتییەكەی دەكەن (زەینم بۆ ئەوە دەچێ ئەو زانیارییە لەكتێبی- نامەكانی نیمایوشیج-دا، لە وەرگێڕانی سەرۆ قادر تۆماركرابێ) ئەنجا «ئامر طاهر» لەڕووی نوێكردنەوەی شیعری فارسییەوە چەند خاڵێكی گرنگتر دەخاتە ڕووكە گشتیان وابەستەی جیهانی شیعر و عیشقئامێزی- نیما-ن... لەوانەیە بەپێی ئەزموون و تێڕامان و پاشخانی مەعریفی وەک فۆرم و تەكنیكی نوێی شیعری بەكاری بردبن، كەچی نووسەر وەكو یاخی و سەرپێچیكارێک دژ بە نەریتە كلاسیكییەكان دەیخاتە ڕوو. سەبارەت بەهەندێ برگەی شیعری لە ڕووی كێش و بەحری شیعرییەوە دیاردەی لادانیان پێوە دیارە، «ئامر طاهر» دەڵێ: «ئەمە تێكدانی فۆرمی شیعرییە لەپێناو بەدی هێنانی قالبی شیعری نەناسراو».. وەک بۆمان دەردەكەوێ نیما لە دەقەكانیدا بەرانبەر بەكێشی یەكئاوازی كلاسیكی گرنگی بەتوخمی پۆلیفۆنی دەدا و لەنووسینە ڕەخنەییەكانیشدا بڕوای بەلەززەتی دەنگی ڕستە هەیە و سەرواش بەزەنگڵی وتە دەزانێ، بەڕای نیما «سەروا دوای كێش ئاوازی دووەمە بۆ وتە».. هاوكات «ئامر طاهر» كۆمەڵێک گۆڕانكاری تری هونەری دەخاتە ڕوو كە لە تێكستەكانی نیمادا ئەنجامدراون.. وەک بەكارهێنانی كێشی تێكەڵاو كێشی برگەیی، نووسینی سێ دەقی شیعری بۆ منداڵان بە كێشی خۆماڵی و سوود وەرگرتن لەكێشی خۆماڵی گۆرانییە فارسییەكان، دەسكاری كردنی سەروای كلاسیک، بایەخدان بە لایەنی فۆنەتیكی و سیمانتیكی، چونكە نیما «خوێنەرێكی ماندوو نەناسی ئەدەبی فەرەنسی بووە» و نیما لەبارەی زمانەوە دەڵێ: «زمان بۆ شاعیر هەموو كاتێ ناتەواو، سنووردار و هەژارە، دەوڵەمەندی زمان، ڕەوانی و كەمالی زمان بە دەست شاعیرەو دەبێ دروستی بكات».. نیما لە پرۆسەی شیعریدا لێكسیكی زمانی بە وشەی تەبەری و دەنگی سروشتی دەوڵەمەند دەكا و هەوڵدەدا وشە و زاراوەی تازەش دروست بكا. وەک «ئامر طاهر» ئاماژەی پێ دەدا [شیعری نیما پڕە لە ڕەمز، وەكو خوێنەرێكی بەردەوامی شیعری سەمبۆلیستی فەرەنسی].. ئەگەر تۆزێ ڕووە و دنیای تێكستەكانی نیما قووڵبینەوە كە «ئامر طاهر» وەریگێڕاون بۆ زمانی كوردی، هەست بەو ئاوازە غەمبارە دەكەین كە لەنێو كانگای گیاندایە و ئامادەیە سەرلەبەری شتگەلەكان ڕووە و شیعرییەت ببا و ڕستەش بەلەنجە و غەمگینییەوە ڕستێک مانا و دەلالەی جیاجیا بەدڵ و زەینی خوێنەر ببەخشێ:

**بەبێ ڕاوەستان ئەم هەورە پڕ دووكەڵە**
**ئەوكاتە كە ئەم دەریا چاوشینە**
**لە تووڕەییەوە مست لە ڕوومەتی خۆی ئەدا**
**لەو خۆشەویستە سەفەر كردووە كە**
**بەلەنجە و لار و نازەوە منی بەجێ هێشت**
**بەهەندێ بەهانەی ناسراو**
**وێنەیەكی لەبەر كراوم هەیە**
**بەڵام چ گریانێک، چ لافاوێک؟**
**شەوێكی بێ دەنگە. هەموو شتێ تەنیایە**
**پیاوێک لە ڕێگادا شمشاڵ دەژەنێت و**
**دەنگەكەی ماندوو دێتە گوێ**
**تەنیای تر منم كە چاوم**
**لافاوی فرمێسک بەرپا دەكاتەوە**

له تێکســتــێکی تردا «ڕی ڕا» وەک مــاسکێکی ئەفسـانەیی فـەزای کـراوەی دەق داگـیـر دەکـا «ڕی ڕا» ناسکتــرین دەنگێکی ئوســتــوورییــە و لەمــەودا دوور دوورەکانی سەڵساڵەکانی خەلیقەوە سەرچاوەی گرتووە و بە ئاهو حەسرەتێکی ئاڵۆز و ئاڵۆسکاوەوە نەوای دەنگی دێ و پەیتــا پەیتــاش وەکــو بارســتــاییــە دەنگێک لە بەستەڵەک لەشوێن خۆیدا دەتوێتەوەوە... ڕی ڕا لەرەی ئەو ئاوازە غەمگینەیە کە هێدی هێدی لە ڕێگەی ئاگری عـیشقێکی پیرۆزەوە سـەرتاسـەری دڵ دادەگیـرسێنێ و زەین و هۆش و ئاگایی لەخشـتە دەبا، ڕی ڕا جـوانتـرین ئاوێنەی ئەفرێنراوی گەردوونە و سەرچاوەی پاڵاوتەترین جوانییەکە لە تیشکەکانی ڕەها، ڕی ڕا دێ و ئاوێتەی ئەو هێشووە ئاوازە غەمگینە دەبێ و بەشێنەیی سیستمی زمـان و کـۆدە ئاڵۆزاوەکـانی ئاخـاوتنی شـیـعـر بـارگـاوی دەکـا، گەر [ڕی ڕا] دەرنەکەوێ نە ئێستێتیکا بوونی دەبێ نەعیشق نە شیعری سیمبۆلیستی تژی لەکۆد و هێمای مەست مەست و ئاڵۆز ئاڵۆزی جوان جوان، ڕی ڕا مەدلوولەکان لەمانای دێرینە خاڵی دەکا و مۆرفیمەکان ڕووە و لەتە دەنگی تەنکی لێوانلێو لە چرپەی پەتی و بێ واتایی ڕادەماڵێ، ڕی ڕا لەتە حـەشیـشی نێـو ڕۆحی شیعرەو خوێنەر دووچاری وڕێنەی سۆفیزمی و خەیاڵی پەرێشانی دەکا، ڕی ڕا شەبەنگی ئەولەوحە زیبایەیە کە دواین جار بۆ هەتا هەتایە ڕۆحی شیعر تووشی شێتییەک دەکا پڕاو پڕ لە وڕێنە و بێدەنگی و خامۆشی، ڕی ڕا لەتە مۆسیـقـایەکـە لەنووسەر و فۆنیمێک لەچرکە مەستییەکانی ڕۆح و عەترێکی ناوازە لە سەڵساڵی سرووشت، ڕی ڕا نەبێ نە زمان دەسپێشخەری شیعری دەبێ نە ئاوازە ئاڵۆسکاوەکانی دڵ و دەروون بە لەوحی جوانییە ئاگراوییەکان مەست دەبن.. ڕی ڕا ئاخرین نەخشی ئەفسووناوی و دواین دیاری و ئاهورا»یە پێشکەش بەڕۆحی سەرگەردانی عیشق و شیعر کراوە..

**ئەمشەو لەپشت پارچە دارستانی گەمارۆ دراو**
**لەنێوان زەوی و زارەکاندا**
**دەنگی سەیری «ڕی ڕا» دێتە گوێم**
**ئەم دەنگە لەو شوێنەوە دێ کە گوێم ڕەنگدانەوەی**
**وێنەیەکی ڕەش لە غەم و وێرانی دەکات**
**بەڵام ئەم دەنگە دەنگی مرۆڤ نییە**
**من دەنگی مرۆڤەکانم**
**لەکاتی گەڕیانەکانمدا لەشەوانی سەخت و گرانی**
**گرانتر لە غەمەکانی خۆم**
**بەوردی بیستووە و**
**هەموو ئەو ئاوازانەم لەبیری خۆمدا هەڵگرتووە**
**لە شەوێکدا، هەر ئەم مرۆڤانە، لەناو لۆتکەدا،**
**ئەوەندە بە دڵتەنگی و غەمباری ئاوازیان خوێند**
**کە من هێشتا ترسی دەریا**
**لە خەونەکانمدا دەبینم**
**ڕی ڕا. ڕی ڕا...**
**حەز دەکا کە ئاواز بخوێنێت**
**لەم شەوە تاریکەدا.**
**لەخۆی بێ ئاگا بووەتەوە**
**ئەوەندە لە دەنگی خۆیدا نقوم بووەتەوە**
**کە توانای ئاواز خوێندنی نییە**

ئیـتـر لە ڕێگەی ئەم خوێندنەوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامە کـە دەشێ فـەزای شـیـعـر لەبارترین پانتـاییـەک بێ بۆ ئەنجـامـدانی گـەمـەی زمـانی و پرشنگاندنی دەلالی و خولقـاندنی ڕسـتـە و دەسـتـەواژەی لادەر و مـونحـەریف، بەڵام تێکڕای ئەم کردە شیـعرییـانە بە چرکەی نائاگـایی بەهرەوە پەیوەستن، یان ئەو چرکـە سـاتانەی کـە «منی شیـعـر» لە کـەشوهەوایەکی حـەشیـشاویدا بە شـەرابی عیشق و جوانی مەست و خومار و کەسیرە و سەرگەردانە لەخـۆوە و ڕەمـەکـیـانە لەنێـو بۆند و زینـدانی دەسـەڵاتی زماندا کردەکانی خزان و خلیسکانی زمانی ئەنجام دەدا، ڕەنگە لێـرە لەم کـەشـوهەوای نووسـینەدا ئاسـتی هەڵایسـانـدنی پیت و فـۆنیم و وشـە بە گـەمـەی ئیـرۆتیکیـانەی جەسـتە بچـوێنرێ، کـە لە دواین چرکـە لەززەتاوییـەکـانی ئۆرگـازمـدا نەک هەر تەنیـا زمـان دەشکێ، بەڵکو بەهۆی خولقـاندنی ئاخافتنێکی ڕووتی ئیـرۆسیـیـەوە زمـان دەفرو قـاڵب و کـۆت و بەندەکـانی لەدەست دەدا و فۆنیمگەلێک لەشێوەی چرپە و ئاماژەی بێ ئامانجی دەلالی و لە فەزایەکی دایساوی سێکساویدا لەچەمک و مـانا پێـشوەخت و دێرینەکـان دادەبڕێن و بەلەنجەیەکی تژی لە غـەمـبـاری گـوزارشت لەخـۆشی و شـادییـەک دەکـەن لێـوانلێـو لەخـەفـەت و نیگـەرانی و نائومـێدی.. ڕەنگە بەشێک لەتێکستـە ڕەمـزییـەکـانی- نیمایوشیج- سەر بەو کردە شیعرییە ئێستێتیکییە بن، لێـرە، مـەبەسـتی سـەرەکی ئەم نووسـینە هەوڵدانە بۆ

پێناسەکردنی چەمکی شیعر، نەک پرۆسەی هۆنینەوەی بابەتی جیاجیای عەقڵانی.. وەک لە چوارچێوەگرتنی بابەتگەلێکی- پەروەردەیی، فێرکاری،.. ڕێنومایییە ئایدیۆلۆژییەکان...تاد. لە قاڵب و چێوەی کردەی هۆنینەوەدا.. وەک لە تێکستەکانی «نیمایوشیج»دا بەدی دەکرێ، هەمیشە نیگەرانییەکی ڕۆحی بەشێوەیەکی بەردەوام سیستمی ئاخاوتن ئاوێزانی دەلالەگەلێکی تژی لە مۆرک و خەسڵەتی غەمباری و تەنیایییەکی کوشندەی ئێستێتیکی دەکا.

**ماڵم هەورییە**
**هەموو ڕوومەتی زەوی لەگەڵیدا هەورییە**
**لەسەرووی کردەکەوە ورد و خراپ و سەرخۆش**
**با دەسووڕێتەوە**
**دونیا هەمووی لێوەخراپە**
**ئای شمشاڵ ژەن کە ئاوازی شمشاڵ**
**لەڕێگا دووری بردووی، لەکوێ؟**
**ماڵم هەورییە**

* * *

**ڕێگا بێ دەنگە، شەو تاریکی دارستانیان پڕ کردووە**
**ڕەشایی «کە سپێدە بەلەزەوە بەدوایدا غار دەدات»**
**بێ سوود بەدوای شوێن ڕاکردنێکدا دەگەڕێت**
**کەسێک، بەشاراوەیی، لە کونجێکدا**
**بۆ هەڤاڵەکەی داستانی نهێنییە شاراوەکان دەگێڕێتەوە**

* * *

**بەهیوای میوانداری**
**ئەم سەراو خانووە تەسکەم ئاوەدان کرد**
**هەر بام و بەرێکی لەشوێن خۆیدا شکاو**
**وەک بڵێی کەسێکی کەوتوو و لەهانا چووە**
**بەسەر هەر دەرێکدا جارێکی دیکە**
**چەند پاسەوانێکی وریا و بە ئاگام دانا**
**کە جگە لە نیگاری تۆ هیچیان لەدڵدا نییە**
**جگە لەناوی تۆ هیچیان لەبیر نییە**

* * *

شەمشەمە کوێرەی دەریا کەناری نزیک بەزمانی بەستەزمانییەوە پێم دەڵێت:

**«ژوورەکەت چەند ڕۆشنایی تێدایە!**
**دەرگام بۆبکەرەوە**
**شەو ماندووی کردووم»**

بەشی دووەمی ماستەرنامەکەی ئامر طاهر دەربارەی عەبدوڵڵا گۆران و نوێکردنەوەی شیعری کوردییە، سەرەتا بەلەز لاپەڕەکانی مێژووی شیعری کلاسیکی کوردی هەڵدەداتەوە و بەدوای دەسپێک و سەرهەڵدانی یەکەمین تێکستی شیعری کلاسیکیدا دەگەڕێ، پێی وایە «شیعری کلاسیکی کوردی بەکێشی عەرووزی عەرەبییەوە هۆنراوەتەوە. کەچی ئەم کێشە لەڕێگای شیعری فارسییەوە هاتووەتە ناو شیعری کوردییەوە».. پاشان دەڵێ «بەڵام کاریگەرییەکە هەر لەسنووری کێشدا ناوەستێت و لە بوارەکانی تری ڕوخساری شیعری کوردیشدا خۆی دەنوێنێت...».. ئامر طاهر لە دەروازەی کتێبەکەدا دەڵێ «کە شیعری فارسی بەشاکارە کلاسیکەکانییەوە، لە قۆناخی کلاسیکی شیعری کوردیدا سەرچاوەی سەرەکی لاسایی کردنەوە و چاولێکردنی شاعیرە کوردەکان بووە و تەنانەت جێی بایەخ و خۆشەویستی شاعیرە نوێگەرەکەمان گۆرانیش بووە».. سەبارەت بە کێشی شیعری ئەگەر ئاوڕێک لەکتێبی «ڕیک ڤیدا»ی پەڕاوی پیرۆزی هیندۆسییەکان بدەینەوە هەست دەکەین تێکستگەلێکی زۆری ئایینی لەسەر کێشی ئەنشتوپایە و جاگاتی نووسراون، دواتر خودی ئەم کێشە شیعرییە هیندۆسییانە مانەندی سەرچاوەیەکی ئێستێتیکی و دەقێکی کۆچەر تێکەڵ بە بنیادی زمانی ئەدەبیاتی میللەت و نەتەوەکانی تر بووە، کەواتە کێشی شیعریش وەک توخم و بنەما و تەکنیکی ئەدەبی لە کار و سەفەری دەقئاوێزانی بێبەش نییە، چونکە جوانی ڕەوشی ئاوی هەیە و هەمیشە لەگەشتی بێبڕانەوە و بێ ئەندازدایە، ئەگەر لە ڕوانگەی دەقئاوێزانەوە لە فەزای تێکست بڕوانین، ناکرێ قۆناخی شیعری کلاسیکی کوردی بەچاولێکردن و لاسایی کردنەوەی شیعری کلاسیکی فارسی لەقەڵەم بدەین، سەرەتا لەڕووی دارشتن و کردەی نووسینەوە ڕووبەڕووی دوو بنیادی جیاوازی زمانی دەبین، هەتا ئەگەر هەردوو زمانی کوردی و فارسی وەک ئەسڵ و بنەچە و ڕەچەڵەک سەر بەیەک بنەماڵەی زمانی بن، ئەوەتا کاری بنیادی خەریکە لەنێو شێوەزارەکانی یەک زماندا جۆرێک لە ئاڵۆزی دروست دەکا، پاشان ناکرێ فەزا و فۆرمی دەقێکی «مەلای جزیری»، یان «نالی» بە تێکستگەلێکی شیعری کلاسیکی فارسی هەمان زەمەن و قۆناخی ئەوان بەراورد

بکرێ، چونکە وێڕای لایەنەکانی کێش و سەروا توخمگەلێکی جیاواز جیاوازی دەلالی و ئێستێتیکی تێکەڵ بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی شیعری و ئەڤینی، ئەم کاری بەراوردکارییە ڕەت دەکەنەوە. پاشان بەکاربردنی کۆمەڵێک زاراوە و دەستەواژەی دروشمئامێزی وەک شاعیری یەکەم و باوکی شیعری کوردی، یان فارسی، یان تێکستی باش و خراپ، زاراوە گەلێکن سەر بە قۆناخی مۆدێرنیتە و ئێستە بەپێی پێوانە ئێستێتیکییەکانی زانستی ئەدەب و دیدی پۆست مۆدێرنە چەمکی ئەو حەقیقەتە جێگرەیان لەدەست داوە، چونکە هەر تێکستێک خاوەندی فۆرم و فەزایەکی تایبەت و جیاوازە و بەشێوەیەکی سەد دەر سەد لەگەڵ فۆرم و فەزای دەلالی و ئێستێتیکییانەی دەقێکی تردا بەراورد ناکرێت، ئەمە چەند سەرنج و تێبینییەک بوون دەربارەی بۆچوونەکانی «ئامر طاهر» کە لەماستەرنامەکەیدا سەبارەت بە ئەدەبی کلاسیکی و زاراوەگەلێکی قۆناخی مۆدێرنە بەکاری بردوون، هەروەها ئامر طاهر لەمەڕ شیعری هاوچەرخی کوردی دەڵێ: «لەبەرئەوەی شیعرەکان ئاراستەی گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەکران و پێویستیان بەزمانێک هەبوو کە زۆربەی هەرە زۆری خوێنەران لێی تێبگەن».. هەڵبەتە هەمیشە لەنێوان تێکست و خوێنەردا پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەززەتاوی هەیە و وێڕای ئەوەی خوێنەر بەپێی ئاستی جیهانبینی و چۆنیەتی پێکهاتەی زەینی و هەستی عیشقی و جوانی پۆلێن دەکرێن، هاوکات تێکست دەتوانێ بە زۆر جۆر ئاست و لە ڕێگەی فرە توخم و بنیادی گشتییەوە پێوەندییەکی ئێستێتیکی و ئیرۆتیکی و دەلالی لەگەڵ خوێنەردا دروست بکا.. خوێنەر کاریگەرترین و لەززەتمەندترین بەشداربووی تێکستە، تێکست بێ وجوودی خوێنەر لەکالایەکی تۆز لێنیشتووی نێو عەمبارە فەرامۆشکراوەکانی زەمەن دەکا، ئەو دەمەی خوێنەر ئاوێتەی کایە و کەناڵە جیاجیاکانی دەق دەبێ و ماسکە شاراوەکان و کۆدە ئاڵۆزەکانی دەکاتەوە و دەلالە نەگوتراوەکانی بنیادی قووڵ بەلەنجە دێنێ و گیانی دیۆنیزۆسیانەی دەق هەڵدەوەشێنێتەوە و بانگەشەی مەرگی نووسەر دەکا، زۆرجار خوێنەر لە دەسپێکی خوێندنەوەی تێکست و بەهۆی کۆنسێرت و کەرنەڤاڵی بنیادی ڕووکەشەوە زەردەخەنەیەکی شێتانە دەکەوێتە سەرلێوانی و بیر لە خودی خۆی و پێکهاتەی جیهان و جوانییە کەمخایەنەکانی ژیان دەکاتەوە، لە بەرانبەر ئەم کردە ئاڵۆز و جوانەی خوێنەردا، «منی شیعر» کە لە تەقێکی نائاگاییانەی شیعریدا کردە دەلالییەکان ئەنجام دەدا، ڕەنگە شیعر پێوەندییەکی شەبەنگ ئامێزی شێوە هەورایی بەعەقڵەوە هەبێ، «کەواتا منی شیعر» چۆن دەتوانێ لە ئاستی مەعریفی و ئێستێتیکی خۆی دابەزێ و زمانێک بخولقێنێ «کە زۆربەی هەرە زۆری خوێنەران لێی تێبگەن».. وەک بەرایی ئاماژەم پێدا، شیعر دەتوانێ بەشێوەیەک لەشێوەکانی و لەڕێگەی توخمە جیاوازییەکانییەوە جۆرێک لەپێوەندی لەگەڵ جۆرەها و زۆربەی خوێنەران دروست بکا، بەڵام هاوکات شیعر سەر بە کردەیەکی لۆژیکی و عەقڵانی نییە، دوور نییە پێوەندییەکی پاژئامێزی بە عەقڵەوە هەبێ، ئەمە وەک تێبینییەک دەربارەی گوفتارەکەی «ئامر طاهر».. دواتر لەنێوان فەزای هەندێ لە تێکستەکانی هەریەک لە شێخ نووری شێخ سالح و گۆراندا جۆرێک لە ئاشنایەتی شیعری بەدی دەکرێ، بۆ نموونە.. لەدەقەکانی «پەپوولە» و «بولبول»دا وێڕای ئاشنایەتیگەلێکی لیریکی، دەبوایە نووسەر لەماستەرنامەکەیدا بایەخێکی زیاتری بەدەقەکانی شێخ نووری بدایە و نەک وەک ئاماژە پێ دانێکی بەلەز ئاوڕ لە تاقە تێکستێکی نەدرێتەوە، ئێستە ڕووە و دنیا جوانەکەی گۆران هەنگاو دەهاوێژین و لەگەڵ چرکە هەڵایساوەکانی چەند تێکستێکدا دەژین و هەوڵدەدەین لە ڕێگەی عیشق و وەسف و هەستی جوانی و زمانی شیعرییەوە چێژ لە تێکستەکان وەربگرین.. واتا بەهەمان شێوەی خوێندنەوەی شیعرەکانی- نیمایوشیج- کاتێک نووسەر ئەو هەوڵ و پێشکەوتن و گۆڕانکاری و لادانە شیعری و ئێستێتیکیانەی فەزای دەق، لەڕووی شیعرییەوە. بەکردەی تێکدان و شێواندن نێوزەد دەکا، وەک «شێواندنی قاڵبە کلاسیکە ناسراوەکان».. لە کاتێکدا ئەم گۆڕانکارییە ئەدەبی و تەکنیکیانە لە جیهانە جوانەکەی شیعردا بەکارێکی ئاسایی و سروشتی دەژمێردرێن. بۆ نموونە ئەگەر بەشێنەیی لاپەڕەکانی دیوانی هەر شاعیرێکی داهێنەر هەڵدەینەوە، لەڕووی فۆرم و تەکنیک و شێواز و گۆشەنیگاوە.. هەست بەکۆمەڵێک گۆڕانکاری ئەدەبی دەکەین کە بەپێی

تێپەڕبوونی زەمەنی نووسین ئەنجام دراون، پاشان دەکرێ بڵێین هەر سەردەم و قۆناخێکی ژیان شێوە و شێواز و تەکنیک و ئیقاعێکی جیاواز و تایبەت بەخۆی هەیە، «گۆران»یش وەک شاعیرێکی داهێنەر سەرەتای دەسپێکی شیعری بەفۆرم و بەحرە جیاجیاکانی کلاسیک دەست پێدەکا دواتر بەهۆی دەوڵەمەندی گەنجی ئەزموونی شیعری و لەڕێگەی زمانی تورکی، ئینگلیزی، فارسی، عەرەبییەوە، تێکەڵ بە ئەدەبی جیهانی دەبێ و سوود لە شێوە و شێواز و تەکنیکی کۆمەڵێک تێکستی ئەورووپی وەردەگرێ، لێرە بەرلەوەی لەتێکستە جوانەکانی گۆران بدوێین هەمیسان پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی تری هاوبەش بدەین کە جۆرێک لە ئولفەت و ئاشنایەتی ئیبداعی لەنێوان «گۆران» و «شێخ نووری»دا دروست دەکات ئەویش وەرگێڕانی «چوارینەکانی خەیام»ە لەلایەن هەردوو شاعیرەوە بۆ زمانی کوردی، ئەگەرچی چوارینەکان بەفۆرم و کێشێکی دیاریکراوی ئەدەبی نووسراون، بەڵام وەک توخمگەلێکی ئاگرینی شیعرییەت و تێکستگەلێکی ئاوەڵا و کۆچەر و دەقی لێوانلێو لەیەکەی عیشق و ئێستێتیک و هەست و ڕوئیای نهلیستی ڕووی لە ئاسۆی زۆرترین زمانی سەر ڕووی زەمین کردووە، «ئامر طاهر» لەم بەشەی ماستەرنامەکەیدا بەوردی لەگۆڕانکارییە شێوازییەکانی شیعری گۆران دەدوێ و بەهێنانەوەی نموونەگەلێک لەتێکستە هەمەجۆرەکانی گۆران جۆر و چۆنیەتی لادانی شیعری لە کێش و بەحرە هەمە چەشنەکانی عەرووزی فەراهیدی دەخاتە ڕوو، ئیتر هەوڵدەدەم لەڕوانگەی هەستی ئێستێتیکی و ئەڤینییەوە لەتێکستگەلێک بڕوانم و مەستی و مەنگی فەزای شیعر و نەوای زەماوەندی چەند تاقە وشەیەک دیاری بکەم، چونکە تێکستە لیریکی و عیشق و خەفەت ئامێزەکانی- گۆران- سەر بە کردەی سەرمەستی -منی شیعر-ن و تێیاندا زمانی شیعر بەهەستێکی ڕۆحی و حەسرەت و جوانی بارگاوی کراوە:

**لەبەختی تاری شەو ناکەم شیکایەت**
**شەبیهە چونکە بەو زوڵفی سیایەت**

نەوای وشەی «شیکایەت» لە کانگای دڵەوە سەرچاوە دەگرێ و کەرنەڤاڵێکی بێ کۆتا لە فەزا و ناوکۆیی ڕستەدا بەرپا دەکا، هەروەها وشەی «شەبیهە» بە ئاوازێکی کپ و خەفەتباری ڕەنگ خۆڵە کەوەیی ئارامییەکی تژی لەنیگەرانی لەنێوان کپ و خامۆشی ڕەشایی شەو و زوڵفی ڕەشی «معشوق»دا دێنێتەکایەوە و منی شیعر لە ڕێگەی ئاگرەکانی حەسرەتەوە گوزارشت لە جوانییەک دەکا کە مەفتەنی پرشنگەکانی شیعرە.

نووسەر لە بابەتێکدا بەناوی دابڕان لەکێشی بیانی دەڵێ «شۆڕشی ڕاستەقینەی گۆران لەبواری کێشی شیعری کوردیدا بریتییە لە دەرخستنی پرۆژە نوێگەرییەکەی لەچوارچێوەی کێشی عەرووزی عەرەبی و هۆنینەوەی شیعرەکانی بەکێشی بڕگەیی خۆماڵی کوردی» دواتر سەبارەت بە کێشی تێکەڵاو ئاماژە بە بۆچوونێکی دکتۆر محەمەد بەکر محەمەد دەدا کە دەڵێ [دوا دیاردەی کێشی شیعری لای گۆران کە شایانی ئاوڕدانەوە بێت، تێکەڵکردنی هەردوو کێشی عەرووزی و بڕگەییە لەتاکە شیعرێکدا] «ئامر طاهر»ی نووسەری ئەم کتێبە تەنیا یەک بەند لە شیعری «ئاواتی دووری» دەخاتە ڕوو

**ئەی چاو! چەشنی بازی قەفەس هەڵوەری پەڕت،**
**کوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دلبەرت**
**کوانێ دووچاوی مەست؟ کوانێ؟**
**کوانێ برۆی پەیوەست؟ کوانێ؟**
**کوانێ زوڵفی ڕەش؟**
**کوڵمی ئاڵ و گەش؟**
**کوا هەیکەلی جەمال؟**
**کوا حوسنی بێ میثال؟**

ئەگەر لە ڕوانگەی «هەستی ئێستێتیکی و شیعرییەت»ەوە لەتێکستەکراوەکانی گۆران بڕوانین پێویستە ئاوڕ لەو دەقە ئاڵۆز و جوانانە بدرێتەوە کە سەر بەچرکە ساتی مەستی «منی شیعر»ن، جا ئەو تێکستانە سەر بەڕەوت و کێش و بەحری عەرووزی کلاسیکی بن، یان بەکێشی بڕگەیی، یان بەکێشی ئازاد و تێکەڵاو نووسرابن، قەتیس کردنی پرۆژەی نوێگەری لای گۆران بەجۆرێک کێشی تایبەت، فەرامۆش کردنی کۆمەڵێک فۆرم و فەزای شیعری بەدوادا دێ، لە کاتێکدا مەودای شڵەژاوی شیعرییەت کە پێوەندی بە لەنجەی ڕستەو هاوسێتی وشە و لادانی زمانی و سەمای دەلالییەوە هەیە، لە فەزای فۆرم گەلێکدا بەدی دەکرێ کە بەکێش و بەحری جۆراوجۆر نووسراون، کەواتا پرۆژەی بەرکەماڵی نوێگەری لە شیعرەکانی- گۆران-دا پابەندە بە بنیادی

گشتی تێکستە کراوەکان، یان ئەو تێکستانەی کە بە تیشکە هەمە ڕەنگەکانی دەلالییەوە دەلەنجێن و بەرهەمی تلیاک ئامێزی چرکەساتە سەرمەستیەکانی منی شیعرن و هاوکات بەرگەی زۆر جۆر ڕاڤە و خوێندنەوە و هەڵوەشاندنەوەی جۆراوجۆر دەگرن.

**وەک بلبلەکەی فەجری ئەزەل ویردمە ئەی یار!**
**بۆ ئەو گوڵە وا خەڵقی ئەکا حەمدی ئیلاهت!**
**بێ عەشقی هەوای پایزە بۆ قەڵبی فسردەم،**
**ئەی ڕۆژی بەهار مەرحەمەتی تینی پەناهت**

ئیتر ئامر طاهر لە ماستەرنامەکەیدا بەشێوازێکی زانستی لەجۆرەکانی کێش و سەروا دەدوێ و چەندین دێری شیعریش وەک نموونە لە تێکستەکانی- گۆران- دەخاتە ڕوو، دیارە پەیامی سەرەکی ئەم کتێبە وەک کارێکی ئەکادیمی سەبارەت بەنوێکردنەوەی شیعری زیاتر بایەخدان و جەختکردنە لەسەر لایەن و جۆرەکانی کێش و سەروا، یان تێکشکاندنی قاڵبە تەقلیدییەکانی کێش و هەمە جۆرکردنی سەروا لە کردەی نووسیندا، ئەوەتا لەپەراوێزی لاپەڕە «١٢٤»دا ڕاستی ئەم پەیامی نووسینە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ: «چونکە کاتێ باس لەنوێکردنەوەی شیعری دەکەین، زیاتر چۆنیەتی کێش و قاڵبەکەمان پێ مەبەستە، بەواتایەکی تر هەریەک لەم ئۆپەرێتانە لەڕووی کێش و سەرواوە لەگەڵ یەکێک لەو جۆرانەی لە بەشەکانی کێش و سەروادا باسمان کرد، دەگونجێن»... ئامر طاهر لە ماستەرنامەکەیدا وێڕای قووڵبوونەوەی لە بابەتەکانی کێش و سەروا لەتێکستەکانی-گۆران-دا، بایەخ بە بابەتگەلێکی جیاجیای شیعریش دەدا و بەوردی گەوهەر و بنەمای ئەم بابەتانە دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە، لەوانە

- زمانی شیعری گۆران، بە کوردی کردنی وشەگەلی شیعری، لێکسیکی شیعری گۆران، بەکارهێنانێکی نوێی وشە و زاراوەی بیانی، بەکارهێنانی ڕستە و دەستەواژەی سەرسوڕمان ئامێز، سیستمی ڕستەسازی سادە و دوورەپەرێزی لەتارمایی واتایی، لێکچواندن، باوترین وێنەی شیعری، ڕۆڵی خوازە و درکە و لێکچواندن لە شیعرەکانی گۆراندا، سوود وەرگرتن لەسەرچاوەی فۆلکلۆری کوردی «سەبارەت بە «نیما»ش دەڵێ»: [شیعری نوێی نیما بە وشە و زاراوەی تەبەری ڕازێنراوەتەوە، هەموو ئەو وشە و زاراوە تەبەرییانە ناوی دار و بەرد و گیانلەبەر و ڕەگەزی سروشتی ناوچەی مازەندەرانن کە نیما تێیدا لەدایک بووە و بەشێکی زۆری ژیانی خۆی لەوێ بەسەربردووە- کەچی مەبەستی نیما بەهیچ شێوەیەک وەسفی سروشت نەبووە- نیما بەم جۆرە پێوەرێکی نوێی ئیستێتیکی بۆ وشەی وێنەی شیعری دەخاتە بەردەم شاعیران]

هەروەها ئامر طاهر جەخت لەسەر ئەوە دەکا [کە نیما بایەخ دەداتە کارکردی ئیستێتیکی وشەگەلی شیعری لەڕوانگەی ئەو پێوەندییەی لەگەڵ جیهانی بەرهەستدا دروست دەکات و ئەو ڕەنگە تازەیەی بەزمانی شیعر دەبەخشێت، گۆران لەلایەک وشە عەرەبی و فارسی و تورکییەکان لەشیعرەکەی دەردەکات، کەچی پێویستی بابەتی شیعرەکانی وادەخوازێت بە پێچەوانەی هەوڵەکانی، شیعرەکانی لەوشەی بێگانەی ڕۆژئاوایی پڕ بنەوە]، یان دەڵێ: «گۆران ڕێوشوێنی پێچەوانەی نیما دەگرێتەوە بەر و شیعری نوێی خۆی لە هەر جۆرە تارمایی مانا دوورە پەرێز ڕادەگرێت».. «بەپێچەوانەی فرە واتاییە ڕاسپێردراوەکەی نیما، گوتارە شیعرییەکانی گۆران زیاتر مانایەکی ڕاستەوخۆیان هەیە، هەر لەسەر هەمان ڕێرە و، بنیاتە زمانییە شیعرییەکانی گۆران سادەن و ئالۆزی و ڕستەسازییان تێدا نییە بە پێچەوانەی سەمبۆلیستی نیما»

ئەوەی خرایە ڕوو کۆمەڵێک ڕاوبۆچوونی «ئامر طاهر» بوو دەربارەی زمانی شیعری لای «نیما و گۆران»... ئێمە لەسەرەتای ئەم نووسینەدا بەخێرایی لە زاراوەی «دابڕان» دواین و وەک چەمکێکی مەعریفی خرایە ڕوو، کەچی چەمکی دابڕان لای «ئامر طاهر» بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسە دەکرێت [لەتوێژینەوەی شیعرەکانی نیما وادیارە کە نوێکردنەوەکەی دوو دابڕانی سەرەکی بە خۆوە دەگرێت، یەکەمیان دابڕانێکی ناتەواوە لە کلاسیزم، نیما هەوڵ دەدات، لەگەڵ هەندێ لەکاراکتەرە کلاسیکەکانی ڕوخساری شیعر دابڕێت، لەوانە یەکێتی کێش و سەروا، هەژاری چوارچێوە زمانییەکەی،.. لەڕووی زمانیشەوە، نوێکردنەوەی نیما دەکرێ بە وەرچەرخانێکی نێوخۆیی زمانی شیعری فارسی دابنرێت کە بەتێکدانی سیستمی سەنتاکسی زمان، تارمایی مانا و نادیاری نیشانکراوە شیعرییەکان، بەکارهێنانی وشە و زاراوەی زمانی تەبەری و پێوەندی زمان و دەوروبەر بەرجەستە دەبێت] دووەم

دابڕانی نیما دابڕانە لەوانەی بەپێوەری ئایدیۆلۆژی و وەک پاککەرەوەی زمان لە شیعر و زمانی فارسییان دەڕوانی، بەڵام نیما لەڕوانگەیەکی هونەرییەوە سەیری زمان و شیعری دەکرد، «ئامر طاهر» سەبارەت بەگۆران دەڵێ: «دابڕان لە شیعری مۆدێرنی گۆراندا لەو فاکتەرە کلاسیکانەیە کە لەگەڵ سامانی ئەدەبی نەتەوایەتی کوردیدا بێگانەن، لەوانە کێشی عەرووز کە بەلایەوە ڕەگەزێکی شیعری بیانییە و لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی زمانەکەماندا- بەگوێرەی گۆران- بەتەواوی ناگونجێت، لێرە ئامر طاهر وەک پاککەرەوەیەکی زمان، یان وەک پاسەوانێکی کولتووری لە گۆران دەدوێ، لە کاتێکدا زمان خۆی زیندانە و ئەگەر ئەو کۆت و بەند و ئاستەنگانەشی بخرێتە سەر ئەوە بەتەواوی دەبێتە زیندانێکی ئەبەدی و دەربڕینە ئاڵۆز و جوانەکانی ڕۆحی شیعر لە چوارچێوە و قاڵب دەدرێن، لە ڕووییەکی ترەوە شیعر بۆ خۆی کردەیەکی ئێستێتیکییە، یان بەرجەستەکردنی ڕۆحی خەتەرناکی ئێستێتیکایە لە فەزایەکی ئاڵۆز و لەززەتداری زمانی و مۆسیقیدا، شیعرە ئەڤینی و لیریکییەکانی «گۆران»یش لێوانلێون لە توخمە ئاگرینەکانی ئێستێتیک، هەروەها ئێستێتیک حاڵەتێکی گەردوونییەوە و نە ئایینی هەیە و نە زێد نە شوناس، هەموو ئاستەنگ و چوارچێوە و قاڵبێک ڕەت دەکاتەوە، ئیتر لە کۆتایی ئەم خوێندنەوەیەدا، بڕگەیەکی لە شیعری «جوانی لەلادێ» وەک نموونەیەک لە دنیای ڕەها و بێپایانی ئێستێتیک دەخەینەڕوو، بەڵام دوور نییە وشەی «ئەچێ» بەهەڵە کرابێ بە «ئەچی».. ڕاستە ئەچی وەک فرمان پێوەندی بە «چەن جوانی- کچەکە»وە هەیە، بەڵام ڕستەکە لەڕووی دەلالییەوە. ئیحایەکی زەمانی بەخوێنەر دەبەخشێت. واتا «کات بەرەو دەمە و مەغریب ئەچێ»... هەر بۆیەش دەڵێ: زەردەپەڕ، یان [زەردە «ئەدا لێت»].

**چەن جوانی بەرەو مەغریب ئەچی زەردە ئەدا لێت**
**پرشنگی خشڵ ئەبلەق ئەکا دەوروبەری ڕێت**
**ڕۆژی دەمی کەل حازرە بۆ پێشکەشی بەرپێت**
**ئێوارەیە وا، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە!**

**سەرچاوە: ناڤێ پەرتووکێ: نیمایوشیج و عەبدوڵلا گۆران «نوێکردنەوە و دابڕان». دانان: ئامر طاهر. چاپخانەیا حەجی هاشم/ هەولێر سالا ٢٠٠٦.**

# زەمەن لە ئەفسانە و هزر و باوەڕی کۆندا

محەمەد سلێمان عەباس

(۱-۲)

## مێژووی زەمەن

مرۆڤ هەر لە سەردەمە کۆنەکانەوە هەستی بەهێز و کارایی زەمەن کردووە و درکی بەو گۆڕانکارییانە کردووە کە زەمەن هۆکاریەتی، بۆیە مرۆڤ ململانێی لەگەڵ زەمەندا کردووە و هەوڵی داوە چارەسەری ئەو گۆڕانکارییانە بکات و خۆی لێیان دەرباز بکات.

بینینی زەمەن وەک ڕەهەندێک و بینینی ئێستا وەک دەرئەنجامی ڕابردوو، هەروەها زەمەن وەک دەرچوون و پلاندانان و پێشکەوتن و ئایندە، ڕێگایەکە مرۆڤ خۆی پێ ناساندووە و خۆی لە بوونەوەرەکانی دیکە جیاکردووەتەوە، واتە مرۆڤ بوونەوەرێکی زەمەنییە.

زەمەن دەچێتە ناو هەموو بوونەوەر و شتێکەوە و دەخزێتە ناو سەرجەم شتەکان، واتە گشت بوونەوەر و شتەکان بەناو زەمەندا تێدەپەڕن، زەمەن ئەو شتەیە کە نابینرێت، لە ناو ناچێت، فەنا نابێت، بەڵکو لەناوبەر و شیکەرەوەیە و هیچ شتێک بەبێ زەمەن بوونی نییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بڕوانینە هەر شتێک یان بیری لێبکەینەوە و بەهزر خەیاڵماندا بێت، ئەوا بوونی شتەکە دەخرێتە ژێر باری زەمەنەوە.

هەر بابەت و شتێک لە ڕێگەی زەمەن (ڕابردوو، ئێستا، ئایندە)وە هەستی پێدەکەین، بۆیە زەمەن مەودای ژیانە و تەواوی ژیان بە خۆشی و ناخۆشییەوە ملکەچی خولی زەمەن دەبێت.

هەست کردن و درک کردنی مرۆڤ بەوەی کە لە زەمەندا دەژی لە ئاژەڵی جیا دەکاتەوە.

زەمەن مەسەلەیەکی ئاڵۆزە و بەردەوام مرۆڤی سەرگەردان و نیگەران کردووە و سروشتی ژیانی مرۆڤی دیاری کردووە و ئیشکالیەتی زمەن بابەتی سەرەکی ژیانی مرۆڤ بووە و چەندان پرسیاری لەلا گەڵاڵە بووە

وەک: ئایا دەشێ زەمەن بەشێوەیەکی پێچەوانە ڕاکشێت و بڕوات؟ ئایا دەشێ جیهەتێک هەبێت چەند ڕەهەندێکی هەبێت؟. زەمەن چییە؟.

چۆن دەتوانین سنوورەکانی نێوان ئەمڕۆ و بەیانی، ئەمڕۆ و دوێنی درک پێبکەین و تێیان بگەین؟ ئایا مرۆڤ دەتوانێ خۆی لە ڕابردوو دەرباز بکات، یان ئەسیری ڕابردووەکەی خۆیەتی. ئایا زەمەن هەیە؟. چۆنە؟ لە کوێیە؟ کەی پەیدابووە؟ کەی کۆتایی دێت؟.

ئایا زەمەن بۆ چەند بەشێکی پەیوەست و پابەند لەگەڵ یەک دابەش دەکرێت، یان وەک (ئەتۆم) دابەش دەبێت؟

ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکەش سەبارەت بە زەمەن لای مرۆڤی کۆن و بەرایی و هەروەها مرۆڤی سەردەمی نوێ دروست بووە و سەری هەڵداوە، بۆیە بابەتی زەمەن بووەتە جێگای سەرنج و بایەخ پێدانی خەڵک لە هەموو شوێنێک و لە هەموو سەردەمێکدا و بیرۆکەی زەمەن یەکێکە لەو بابەتە سەرەکییانەی کە ئایینەکان و هزری کۆن و ئەفسانە و فەیلەسووف و زانا و نووسەر و شاعیرەکان بایەخیان پێداوە و لەسەریان نووسیوە، تەنانەت زەمەن لای زانا و فەیلەسووفە نوێیەکان دەروازەیەکی سەرەکییە بۆ مەعریفەت، هەر گەلێک دید و بۆچوونی جیاواز و تایبەتی لەمەڕ زەمەن هەبووە، ئەم دید و بۆچوونەش بەپێی جیاوازی پەرەسەندن و پێشکەوتنی مێژوو و مەعریفی و کۆمەڵایەتی لە گەلێک بۆ گەلێکی دیکە جیاوازی هەبووە، واتە جیاوازی شێوازەکانی ڕۆشنبیری و هزری و هونەری و ئەدەبی لە شارستانییەتێک بۆ شارستانییەتێکی دیکە بووەتە هۆی ئەوەی بیروباوەڕ و دیدی جۆراوجۆر و جیاواز سەبارەت بە بنەڕەت و شێوەکانی زەمەن پەیدابێت.

هەروەها لەلایەکی دیکەوە، ڕاڤە و لێکدانەوەی جیاواز لەمەڕ زەمەن و چەمکی زەمەن و چییەتی زەمەن کراوە، واتە وێناندنی زەمەن لای فەیلەسووف و زانا و مرۆڤی کۆن و مرۆڤی باوەڕدار بەند و پێوەست بووە بە دید و ڕوانینە مێژوویی و ئایینەکانیانەوە.

بێگومان بیرۆکەی زەمەن کۆنە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و گەل و شارستانییەکان بۆچوون و ڕێگەی جیاوازیان بۆ دیاریکردنی زەمەن هەبووە، بۆیە هەر لە کۆنەوە بووەتە پێوەرێک بۆ تەمەن و ژیان و بووەتە ئەزموونێکی کۆمەڵایەتی، مادی، دەروونی و لە ئەنجامی هۆشیاری مرۆڤ بەرانبەر بە یەک بەدوای یەکدا هاتنی ڕووداوەکان و بەستنەوەیان بەزەمەنی سروشتی درکی بە بوونی زەمەن کردووە.

لە ئەفسانە و فۆلکلۆر و کولتووری میللی گەلاندا چەند جۆرە زەمەنێک دەبینرێت و بەرچاو دەکەوێت وەک: زەمەنی نەفسی و ئەفسانەیی، زەمەنی واقیعی و مێژوویی، زەمەنی گەردوونی، زەمەنی ڕەها کە گوزارشت لە نەمری و جاویدانی دەکات، زەمەنی مەعریفی کە لە هزر و فەلسەفەدا بەرجەستە دەبێت، هەروەها زەمەنی سروشتی کە بەندە بە شوێن و ژینگەوە...

هەروەها زەمەن دابەش دەکرێت بۆ: زەمەنی ڕەها و زەمەنی ڕاست و ڕێک.

مەبەست لە زەمەنی ڕەها ئەو زەمەنەیە کە بەندە بەخودی خۆیەوە لە (هیچ، نەبوون) پەیدا نەبووە، هەروەها لەناو ناچێت و فەنا نابێت، کەچی زەمەنی ڕاست لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی دیکە دەگوێزرێتەوە و دەگۆڕێت، چونکە خاڵی سەرەتا و دەسپێکی هەیە. بۆیە دەشێ بڵێین زەمەن هێما و ڕەمزی جووڵانەوەیە و بیرۆکەی زەمەن ئاماژەیە بۆ خێرایی و هێواشی جووڵە، لە لایەکی دیکەوەش زەمەن بریتییە لە گەیاندن و بەردەوامی لە نێوان (ڕابردوو، ئێستا، ئایندە) هەروەها پێوەستە بە (پێش، پاش)ەوە.

بۆیە زەمەن لای مرۆڤ دەلالەتی کۆمەڵایەتی و سروشتی و مەعریفی و نەفسی و شوێنی هەیە.

## مرۆڤ و زەمەن

زەمەن دیاردەیەکی ڕاستی و واقیعییە و مرۆڤ لە کۆنەوە درکی پێکردووە و خاسیەتی (بەردەوامی زەمەن)یش، بوونێکی ڕاستەقینەی پێبەخشیوە و پێوەندییەکی کارلێکردن و کارلێکراو لەنێوان مرۆڤ و زەمەندا هەیە و بەردەوامبوونی ئەم پێوەندییەش مانایەکی مرۆیی بە زەمەن بەخشیوە و بوونەتە بەشێکی سەرەکی لە خیبرە و شارەزایی مرۆیی، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر واقیعی ژیانی مرۆڤدا دێن بە زەمەنەوە بەندن، بۆیە مرۆڤ هەوڵیداوە خۆی بەسەر زەمەندا زاڵ بکات.

ئەو پێوەندییە ئاڵوگۆڕ کراوەی لە نێوان مرۆڤ و زەمەندا هەیە، وای لە مرۆڤ و بیرمەندانی کۆن کردووە قەدەر و چارەنووسی مرۆڤ بە زەمەن ببەستنەوە و بڕوایان وابێت کە زەمەن هیوا و نسکۆ و شکستی مرۆڤی لە خۆی گرتووە و پێشبینی مردن و لەناوچوونی مرۆڤ دەکات.

ئەگەرچی مرۆڤ هۆشیاری و شارەزایی سەبارەت بە زەمەن هەبووە و پەیداکردووە، کەچی دیاریکردنی مانا و چەمکی زەمەن شتێکی گران و زەحمەت بووە، بۆیە کاتێک لە (قدیس ئۆگستین)یان پرسی: زەمەن چییە؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی: ئەگەر لێم بپرسن نازانم، بەڵام ئەگەر لێم نەپرسن ئەوا دەزانم زەمەن چییە.

هەروەها مرۆڤ بایەخی بەزەمەن داوە، چونکە خزین و جووڵانەوە خاسیەتی سروشتی زەمەن و بەدیدی مرۆڤ زەمەن بەرجەستەی ئەو چالاکی و جووڵە هەمیشەییەیە کە لە دەروون و ناخی نەفسی مرۆڤدا هەن. واتە زەمەن ژیان و چالاکی و کارایی نەفسی مرۆڤایەتین و ئێمە لە میانی زەمەندا خۆمان دەناسین و هەست بەزات و خودی خۆمان دەکەین، چونکە زەمەن گەشەکردن و ڕوخساری ئەم زاتە دیاری دەکات، هەروەها لەبەر ئەوەی زەمەن پێوەندی بە چارەنووسی مرۆڤەوە هەیە. مرۆڤ لەناو زەمەندا بوونی هەیە و بەسەریدا سەپاوە، کە فەنابێت و لەناو بچێت، چارەنووس و قەدەری مرۆڤە کە دەبێ لە شانۆی زەمەنی ئێستا بڕوات بۆ زەمەنی ڕابردوو.

مرۆڤ هەست و درکی بەتێپەڕبوون و کارایی زەمەن کردووە و بڕوای وابووە، کە گۆڕانکارییەکانی بەسەر مرۆڤ و کۆمەڵدا دێن زەمەن هەمووی لەخۆ گرتووە و پێکهێناوە. ڕووباری زەمەن مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا دەبات بێ ئەوەی پشووی بداتێ و ئێمە ناتوانین ڕژان و دەرپەڕینی زەمەن ڕابگرین و بیگەڕێنینەوە بۆ دواوە. چەمک و دیدی مرۆڤ بۆ زەمەن لە بەدوای یەکداهاتنی شەو و ڕۆژ و خولی ساڵانە و هاتن و نوێبوونەوەی وەرزەکان و کاریگەرییان لەسەر گەشەکردن و سیسبوونی ڕووەک سەرچاوەی گرتووە و لێوەرگرتووە.

## زەمەن لای هۆز و مرۆڤی بەرایی

مرۆڤی بەرایی دیدێکی دیاریکراوی بۆ چەمکی زەمەن هەبووە، کە ئەم دید و ڕوانینە بەندبووە بە سروشتی ئابووری و بنەماکانی کۆمەڵەوە، واتە مرۆڤی کۆن و بەرایی بەپێی پێویستییەکانی ژیان و داواکارییەکانی بایەخی بەزەمەن داوە، مرۆڤناسی ئەمەریکی (رادکلیف براون) لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەمەڕ دوورگەی (ئەندمان) ڕوونی کردووەتەوە، کە دانیشتوانی دوورگەکە سات و کاتەکانی ساڵ بەپێی پشکوتنی گوڵ و خونچەکان دەستنیشان دەکەن.

بۆیە دیاریکردنی زەمەن بۆ کار و بەرنامە و چالاکییە کشتوکاڵی و ئابوورییەکانی ئەوان گرنگ بووە و بۆ ئەوەی کاتی وەرزەکان دیاری بکرێت کە پێوەندی بە ئەنجامدانی چالاکی ئابووری و ئایینییەوە هەبووە، دەبوایە چاودێری هەسارەکانی ئاسمان بکرێت.

هۆزی هوبی (هندییە سوورەکانی ئەمەریکا) دارشتن و شێوازێکی جیاوازیان نییە کە دەلالەت لە وشەکانی (ڕابردوو، ئێستا، ئایندە) بکات و لێکیان جیا بکاتەوە بۆیە ئەوان لە حاڵەتی ئێستایەکی هەمیشەییدان، کەچی لای هەندێک گەل و هۆزی دیکە ئەم سێ دەمە لەیەک جیاکراونەتەوە، ئەمەش نیشانە و بەڵگەی ئەوەیە کە هەستکردن بەزەمەن و بە لە دوای یەکداهاتنی ڕووداوەکانی دەوروبەر و ژینگەی مرۆڤ، هۆشیاری زەمەن لەلای مرۆڤی بەرایی گەڵاڵە بووە و دروست بووە.

(ئیرنست کاسیرەر) سەبارەت بە چەمکی زەمەن لای مرۆڤە بەراییەکان دەڵێت: ئەزموونی زەمەن لای مرۆڤە بەراییەکان ئەزموونێکی ورد و دەوڵەمەندە، ئەوان لەسەرجەم کات و ئیقاعی ژیانی مرۆڤ و سروشتدا و لەگشت قۆناغەکانی (منداڵی- هەرزەکاری- باڵق- کامڵی- پیری) ژیانی مرۆڤدا زەمەن تاقی دەکەنەوە و گواستنەوە لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی دیکەی ژیان زەمەنی تایبەتی خۆی هەیە و سرووت و مەراسیمی بۆ ئەنجام دەدرێت.

هەروەها بەدوای یەکداهاتنی وەرزەکانی ساڵ و جووڵەی هەسارەکان بە بڕوای مرۆڤی بەرایی پەیوەستە بە مرۆڤ و هاوشێوەی ژیانی مرۆڤەوە.

واتە بەلای مرۆڤی بەراییەوە زەمەن شتێکی چۆنیەتی و بەرجەستەییە، نەک شتێکی چەندێتی ڕووت و هزری مرۆڤی بەرایی سەبارەت بە بیرۆکەی زەمەن وەک ئەوە نییە کە ئێمە لە بیرکاری و زانستی فیزیادا بەکاری دێنین، زەمەن لە باوەڕی هۆزە سەرەتاییەکانەوە وەک هێڵێک نییە خاڵێک بکاتە سەرەتا و لە ڕابردووەوە دەست پێبکات و بەرەو ئێستا و ئایندە بڕوات، هەروەها زەمەنێکی خولیش نییە، بەڵکو زەمەنێکی نازەمەنییە واتە ئێستایەکی هەمیشەییە، لەبەر ئەوەی زەمەن لای ئەوان جەخت دەکاتە سەر زنجیرەی هۆکارەکانی ڕووداوەکان و ڕابردوو لای هۆزە سەرەتاییەکان بە مانای سەردەمی سەرەتا و سەرچاوەی بوون و شتەکان دەگەیەنێت و بەسەردەمی زێڕین دادەنرێت.

## زەمەنی میتۆلۆژی

زەمـەنی مـیـتـۆلۆژی ڕەمـزی ئەفـراندنی دنیـایە، ئەو زەمـەنەیە کـە سـەرجـەم بوونەوەر و شـتـەکـان لەو دروست بوون، هەروەها ئەو زەمـــەنەیە کـــە هەمـــوو شـــتـێـک هەڵدەلووشێ و قـــووت دەدات و بەپێی بڕوا و ڕوانینی مرۆڤی کۆن زەمەنی میتۆلۆژی خۆی لە جیهانی مرۆڤدا تەجەللا دەکات.

خـاسـیـەتێکی سـەرەکی زەمـەن بەلای باوەڕی کـۆن و مرۆڤی چاخە کۆنەکانەوە بریتییە لە باوەڕبوون و دانانن بەوەی کـــە زەمـــەن بوونێکی بـابەتیـــانەی هەیە، واتە بوونێکی سـەربەخـۆی هەیە، تەنیا لە خـەیاڵ و هۆش و ئاگایی مرۆڤدا نییە و زەمەن وێناندنی خودی و ئایدیالی مرۆڤ نییە و تەنیا لە مێشک و هزری مرۆڤدا هەبێت، بەڵکو بەپێی بیـر و باوەڕی ئایینی و مـیـتـۆلۆژی زەمـەن دیاردەیەکە لە دیاردەکانی بوونی گەردوون و شتەکان.

بەهۆی هەسـتـکردنەوە، مـرۆڤ لە مـەجـرای گـشـتـی ڕووباری زەمـــەن بەشـــدار دەبێت کـــە لە ســـەرەتای گەردوونەوە دەستی پێکردوە و ڕووداو لە دوای ڕووداوی دروست کـردووە و پاشـان ڕووداوەکـان لە دوای خـۆی بە جێدێڵێت.

مرۆڤی کۆن زەمەنی (ئاسایی، ڕۆژانە، مـرۆیی) وەک پێوەر بەکارهێناوە بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژژمێر و ساڵنامە و سیـستـەمی مێـژوویی ئاڵۆزی داهێناوە، بەڵام زەمەنی ئەفسانەیی (میتۆلۆژی) جیاوازە لەگەڵ زەمەنی ڕۆژانە و هەوڵیـان نەداوە بیـپـێـون، لەبەر ئەوەی ئەو زەمـەنە زۆر درێژە و لە ســەردەمــێکی زۆر کــۆنەوە هەبووە، پێش زەمـەنی ئاسایی هەبووە، پێش ئەوەی مـرۆڤ پەیدابێت، بۆیە ئەو زەمـەنە لە دەرەوەی یادەوەری مـرۆڤـایەتیـیـە و زەمـەنێکی ئەفسـانەیی و پڕ لە نهێنییـە، هەروەها ئەو زەمەنە بەوە جیا دەکرێتەوە و دەناسرێت، کە بەڕابردوو و زەمەنێکی پیرۆز دادەنرێت.

زەمـــەنی مـــیـــتـــۆلۆژی بەهۆی چەندین ڕێگەی ئەفسوونـاوییەوە لە کـاتی ئێسـتـادا ئامـادە دەبێت وەک (خـەون، سرووت (طقوس)، بۆیە سرووت یەکێکە لە چالاکـیـیـە گـرنگەکـانی مـرۆڤی کـۆن، کـە لە ڕێگەیەوە ڕووداوە ئەفـســانەییـەکـان و کـردارەکـانی خـواوەند و پاڵەوانەکان دەگێڕێتەوە و دووبارە دەبێتەوە.

زەمەنی ئەفسانەیی، زەمەنی سرووت و ئاهەنگ و بۆنە پیرۆزەکانە، کە لە میانیدا ئەو ڕووداوانە یاد دەکرێنەوە و لاسایی دەکرێنەوە کە لە سـەرەتای زەمـەندا ڕوویانداوە، واتە لەکـاتی ئەنجـامـدانی سـرووتەکـاندا دەگـەڕێنەوە بۆ ئەزەل و زەمـەنی ئەفـسـانەیی و ئەم سـرووتانە لە پێناو ڕەزامـەندی و لاسـایی کـردنەوەی کـرداری خـواوەندەکـان ئەنجـام دەدران، کـرداری ئافـراندنی دنیـایە، هەروەک لە ئەفـســانەکــانی دروسـتـکردنی گـەردووندا هاتووە، واتە کۆمەڵگەی کۆن هەوڵ و کۆششی داوە بۆ ئەوەی زەمەنی ئاسـایی لابات و زەمـەنی سـەرەتا و ئەفـسـانەیی زیندوو بکاتەوە.

لای مرۆڤی کۆن هەروەک چۆن شوێنی پیرۆز هەیە، ئەوا زەمەنی پیرۆزیش هەیە و یەکێک لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی ئەفسانە ئەوەیە کە دەروازەیەک دەکاتەوە تا مرۆڤ لێیەوە بگاتە زەمــەنی پیــرۆز، زەمــەنی پیــرۆزیش ئەو زەمــەنە ئەفسانەییەیە کە ئەزەلی و هەتاهەتاییە، بۆیە مرۆڤی کۆن هەمـیـشـە بە پەرۆشـە بۆ ئەم زەمـەنە ئەفـسـانەییـە، کـە شتـەکـان پەیدابوون و سـەریـان هەڵداوە و مـرۆڤی کـۆن و مـیللی هەولـیـداوە زەمـەنی ئاسـایی لابـبـات و بچـێـتـە زەمەنی سەرەتاکان، هەروەک لە ئەفسانەکاندا هەوڵی بۆ داوە و تەنانەت ئێـستـاش لە بۆنە و سرووتە ئایینیەکاندا هەوڵی بۆ دەدات و دەریدەبڕێت.

هەروەها بیـرۆکـەی زەمـەنی ئەفـسـانەیی لای مـرۆڤی بەرایی بە بابەتی ڕێزگـرتنی مـردووانەوە بەسـتـراوەتەوە، مرۆڤی بەرایی بۆ سەردانی گۆڕی مردووان بە پەرۆشە و قوربانی بۆ دەدات، بەتایبەتی کە خەونی پێوە دەبینێت، کەچی مردووان سیفەتی مێژوویان نەماوە.

هیـواو ئومـێـدی مـرۆڤی کـۆن بە زەمـەنی ئەفـسـانەیی، هانی دەدات پاڵەوان و کـەسـایەتیـیـە ناودارەکـان وەک (گلگامش، هیـــراکلیـــتس، خـــدری زیندە....) لە نـاو چوارچێوەی مێژوویی دەربێنێ و بیانخاتە نێو زەمەنێکی ئەفسانەیی. پێویستە بگوترێت، ئەم کەسایەتیانە شەڕو ململانێیان لەگەڵ دێو و هێزە دڕندەکان و شەڕخوازەکاندا کـردووە، ئەمـەش هۆکـارێکە بۆ ئەوەی ئەمـانە لە زەمـەنی مێژوویی دوور بخرێنەوە و بخرێنە ناو زەمەنی غـەیبی و ئەفـسـانەیی، کـاتێـک مـرۆڤی ئایینی کـارو سـرووتە ئاییـنیـەکـان ئەنجـام دەدات، وا هەست دەکـات زەمـەنی ئاسـایی و سروشـتی جێدێڵێت و دەخرێتـە ناو زەمـەنی غەیبی و پیرۆز و بۆ ماوەیەک لەو زەمەنەدا دەژی، ڕەنگە ئەم ڕەفـتارە لای مرۆڤێکی شارستـانی و مۆدێرن هزر و ڕەفـتـارێکی سـاویلکە بێت، بەڵام پێـویسـتـە درک بەوە بکـەین کـە مـرۆڤی ئایینی بەرگـێکی ئایینی و پیـرۆز دەکـاتە بەر کردارەکـانی و کردار و ڕووداوەکە لە زەمـەنی

هەستیارەوە بۆ زەمەنی نا هەستیار دەگوێزێتەوە.
کەواتە مرۆڤ لە زۆربەی کات و سەردەم و حاڵەتەکاندا بە هیوای ئەوە بووە کە لە زەمەنەکەی خۆیدا نەژیابا، بەڵکو لە زەمەنی ڕابردوو، یان ئاینده ژیابا، چونکە ئەم زەمەن و کاتەی ئێستا کە مرۆڤەکەی تێدا دەژی خود و هیوای ئەوی نەهێناوەتە دی و جێبەجێی نەکردووە، بۆیە مرۆڤەکە بەبێ ویستی خۆی لە ڕابردوو یان ئاییندەدا ژیاوە.

## تەقدیسکردنی زەمەن

هزری ئەفسانەیی و ئایینی چەند زەمەنێکی دیاریکراو لە زەمەنەکانی دیکە جیا دەکاتەوە و پیرۆزی پێدەبەخشێت، واتە پەرتکردنی خودی زەمەنە بەوەی کە هەندێکیان پیرۆزن و هەندێکیان پیرۆز نین، واتە لە ڕستەیەک زەمەنی ئاسایی و سروشتی دانەیەک لەو زەمەنە جیا دەکاتەوە و تەقدیسی دەکات، بۆ نموونە زەمەنی پشوودانی خواوەند لە ڕۆژی حەوتەمدا پاش ئەوەی بە شەش ڕۆژ لە کردەی خەڵقکردنی گەردوون و بوونەوەر دەبێتەوە، پیرۆزی شەوێک بە قەدەر هەزار مانگ لە هزری ئیسلامدا (ليلة القدر خير من ألف شهر).
واتە هزری ئەفسانەیی هێواش هێواش زەمەنەکانی لە زەمەنی ئاساییەوە دەکاتە زەمەنی موقەدەس، ئەمەش بە خوڵقاندنی زەمەنی جۆراوجۆر بۆ یادکردنەوە و برەو پێدانی هێما و بۆنە ئایینیەکان، بەزۆرکردنی ژمارەی بۆنەو جەژنەکان، بەجۆرێک تۆ ناتوانیت لە دەرەوەی زەمەنە پیرۆزەکانی ئەودا ساتێک بدۆزیتەوە و کەمێک بیر بکەیتەوە.
لە لای ئیماندارێک زەمەنە پیرۆز و نا پیرۆزەکان (ئاساییەکان) لێک جیادەبنەوە، ئەو زەمەنەی پێوەندی بە ڕابردوو و خواوەند و پێغەمبەران و دروستبوونەوە هەیە زەمەنێکی هێندە پیرۆزە کە دەتوانێت بە بەردەوامی لە ئێستاکەی ژیانی ڕۆژانەدا دووبارە ببێتەوە، گەڕانەوە بۆ سەرەتا و ڕۆژانی پیرۆزی ڕابردوو کە ئێستاکە بووەتە جەژن و ساڵانە یاد دەکرێنەوە و دووبارە دەکرێنەوە. کە لە بەخشینی ڕەوایەتی بەسەرمەدیەتی زەمەن و هێز و توانای زەمەن پێکهاتووە.

## بیرۆکەی زاڵ بوون بەسەر زەمەندا دەربازبوون لە زەمەن

زەمەن وەک گۆڕێکی کپ و خامۆش هیچ بزووتنێک... هیچ بوونەوەر و مادەیەکی لێ دەرباز نابێ، بەڵکو وەک نەهەنگێکی قەت و قەت تێر نەخۆر بۆ هەتا هەتایە هەڵدەلووشێت.
ئایا مرۆڤ توانیویەتی لە زەمەن دەربازبێت؟. ئایا مرۆڤ توانیویەتی زەمەن بوەستێنێت و بچێتە ناو ساتە جیاوازەکانی زەمەنەوە؟
لە ئەفسانە و ئایینەکاندا مرۆڤ توانیویەتی لە زەمەنی ئاسایی دەربچێت و بیبڕێت و بچێتە زەمەنێکی دیکە یان (دەرەوەی زەمەن). بۆ نموونە موعجیزەی پەیامبەران و (ئیسرا و میعراجی) پێغەمبەری ئیسلام، کە ئەمە جۆرێکە لە دەربازبوون لە زەمەن.
خەیاڵی مرۆڤ ڕۆڵی هەیە بۆ دەرچوون لە زەمەنی ئاسایی بۆ زەمەنی خاریق و ئەفسانەیی و گواستنەوەی ژیانی مرۆڤ لە زەمەنێکی دیاریکراوەوە بۆ زەمەنی جاویدانی، کە ئەمەش دەرباز بوونە لە زەمەن.
لەبەر ئەوەی ڕووباری زەمەن بە بایەخترین و بەهاترین شتی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا ڕادەماڵێ و لای دەبات، کە ئەویش خودی ژیانە و مەرگ دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ ژیانی لە دەست بدات، بۆیە ناچار مرۆڤ پەنای بردووەتە بەر ئەفسانە و دین بۆ ئەوەی لە ڕێگەیانەوە بەسەر زەمەندا زاڵ بێت و بگاتە نەمری و بتوانێت لە ڕێگەی ئایینەوە قەرەبووی ئەو ژیانە بکاتەوە کە زەمەن لێی دەستێنێت.
ڕاکردن لە چنگ مەرگ و مردن و هیوای نەمری و بەردەوامبوون لە ژیان بەشێوەیەک لە شێوەکان لای زۆربەی میللەتان هەبووە.
بۆیە لە ئەفسانەی میللەتان و لە ئایینەکاندا مرۆڤ توانیویەتی لە زەمەنی ئاسایی دەربچێت و بڕواتە زەمەنێکی دیکە یان (دەرەوەی زەمەن)، یادەوەری مرۆڤ هەندێک جار هزر و هۆشی مرۆڤ ناچار دەکات بەرەو ئاینده یان ڕابردوو بگەڕێتەوە و مرۆڤ ئارەزووی ئەوەی کردووە لە زەمەنی ئاسایی دەرچووبا و بگەیشتبایە دەرەوەی زەمەن و هەمیشە حەزی کردووە کە بیتوانیبایە بۆ ماوەیەک لە کات و سەردەمەکانی پێشوودا ژیابا بەتایبەتی ئەو سەردەمانەی کە کەسایەتییە دیارەکان وەک (بوودا، مەسیح، سوکرات،...) یان تێدا ژیاوە.
مرۆڤ نەیتوانیوە ڕێگایەک بۆ درێژبوونی تەمەن یان نەمری بدۆزێتەوە، تەنیا بە وەستانی زەمەن نەبێت، چونکە بە وەستانی زەمەن مرۆڤ دەتوانێت ئەم هیوایە بێنێتەدی و ژیان نوێ بکاتەوە یان درێژە بە ژیان بدات و

بەسەر زەمەندا زاڵ بێت، هەروەک لە حیکایەتی (یاوەرانی ئەشکەوت) یان (گەڕانەوەی مەسیح) یان (گەڕانەوەی ئیمام مەهدی)دا ڕەنگی داوەتەوە و بەدی دەکرێت.

لە ڕاستیدا کۆمەڵێک ئیقاعی زەمەنی لای مرۆڤ هەبووە و ناسۆریەتی و لە ڕێگەی گوێ گرتن لە میوزیک، کەوا لە مرۆڤ دەکات لە زەمەن بچێتە دەرەوە، یان کەوتنە داوی خۆشەویستی، یان ئەنجامدانی نوێژ و سرووتی ئایینی مرۆڤ لە زەمەنی ئاسایی و مێژوویی دەرچووە و چووەتە ناو زەمەنی ئێستایەکی ئەبەدی ئەو زەمەنەی کە ئەڤیندار و پەیڕەوکەرانی سرووتە ئایینیەکان تێیدا دەژین.

مرسیا ئەلیاد ڕەگوریشەی وێنەییەکانی دەربازبوون لە زەمەن بۆ سێ خاڵ دەگەڕێنێتەوە:

١- ئەو وێنەی کە دەلالەتی سڕینەوەی زەمەنە، لە ئاکامدا دەلالەتیشە لەسەر ئەو درەوشانەوەی کە کاری داپچڕانی ئاستەکانی لە ئەستۆ گرتووە.

٢- ئەو وێنەیەی کە گوزارشتە لەو دۆخەی کە مەحاڵە لێی تێبگەیت: وەک جێگیرکردنی خۆر لە گەردووندا، نەمرکردنی هەست و شعوور.

٣- وێنەی (ساتی هاتوو) هەڵگری بەربەرەکانییەکان، کە بۆ خۆی پارچەیەکە لە زەمەن و گۆڕاوە بۆ (ساتی درەوشانەوە).

بەم پێیە خۆ دەربازکردن لە زەمەن دەربازبوونە لە مانا هەمیشەییەکانی ژیان، چونکە ژیانی ئاسایی سەرنج ڕاکێش نییە و هەرگیز ناتوانێت لەناو مێژوودا مانای ڕاستەقینە بدۆزێتەوە، بۆیە مرۆڤە دێرینەکان وایان پێ باش بووە لە دەرەوەیدا ڕابوەستن.

### فەنابوون و نەمری

ئەرکێکی سەرەکی ئایین بریتییە لە وەڵامدانەوەی نهێنی و ڕازی زەمەن، کە بریتییە لە بێ بەشکردن و مەحرووم کردن و نەبوونی ئارامی لە ژیاندا هەروەها ترس لە مردن و فەنابوون، لەبەرئەوەی مرۆڤ دەسەڵاتی لەسەر قەدەر و چارەنووس نییە، ئەمەش بووەتە مایەی نیگەرانی مرۆڤ.

ئەو چارەسەرییەی کە ئایین پێشکەشی مرۆڤی کردووە بریتییە لە زیندووبوونەوەی مرۆڤ دوای مردن و چوونە بەهەشت و بەدەستهێنانی ژیانی ئەبەدی و گەیشتن بە پلەی (نرڤانا).

لەلایەکی دیکەوە، ئێستای سروشت و مرۆڤ ئاوێتە و تێکەڵی ڕابردوو و داهاتوو دەکات، بەم شێوەیە ئەو زەمەنەی دەبێتە بەشێک لە یاسا (ناموس)ێکی باڵاتر و گەورەتر بۆ نوێکردنەوەی ژیان بەشێوەیەکی هەمیشەیی و بێ کۆتایی، بەم جۆرە بەسەر مردن و فەنابووندا زاڵ دەبێ ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هیچ شت و بوونەوەرێک لەناو ناچێت و شی نابێتەوە، بەڵکو دووبارە پێکدەهێنرێتەوەو لە دایک دەبێتەوە.

لە ڕوانگەی هەندێک لە ئایینەکانەوە، خولی زەمەن هەرگیز نامرێت و فەنا نابێت، بەڵکو هەمیشە دووبارە دەبێتەوە و شتەکان لە دایک دەبن و دروست دەبنەوە، ڕەنگە هەر ئەم بڕوایە وای لە مرۆڤی چاخی بەردین کردبێت مردووەکانیان وەک حاڵەتی کۆرپەلە لەناوخاکدا بنێژن، بەهیوای ئەوەی جارێکی دیکە لە دایک ببێتەوە، وەک دیارە مرۆڤی نیاندەرتاڵ مردووەکانیان ناشتووە، ئەمەش مانای ئەوە دەدات کە مرۆڤ بیری لەوە کردووەتەوە کە پێوەندی لەگەڵ مردووەکان نابڕێت، هەروەها باوەڕکردن بە دۆنادۆن (کراس گۆڕین) لای هیندۆسەکان و ڤیتاگۆرسییەکان بەم باوەڕەوە بەندە.

هەروەها میسرییە کۆنەکان لەکاتی ڕێوڕەسمی ناشتنی مردووەکانیان وێنەی خواوەند (ئۆزیرس)یان دادەنا، وەک هێمایەک بۆ زیندووبوونەوە و دووبارە ژیانەوە، هەروەک چۆن بەپێی ئەفسانەی میسرییەکان (ئۆزیرس) مرد و دوای ئەوە جارێکی دیکە زیندوو بووەوە.

کەواتە هەموو ئەو هەوڵانە هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا خۆ ڕزگارکردن بووە لە مردن و ناسۆرییەکانی ژیان و نەخۆشی و ئاڵوودەبوون، هەر لە سەرەتاوە ترس لە مردن و فەنابوون وای لە مرۆڤ کردووە مانایەکی باڵای یەزدانی ببەخشێتە زەمەن و بیروباوەڕەکانی لە ئەفسانەیەکدا کۆ کردووەتەوە و چەمکی زەمەنی دارشتووە. زۆرجار ئەفسانەکانی مرۆڤی کۆن شەڕێکی گەردوونییە لەگەڵ مەرگدا، بەڵام دواجار هەموو هەوڵەکان بێ ئاکام بوونە، لەبەر ئەوەی مەرگ زۆر بە ئاسانی توانیویەتی زەمەنی ئێستای نەوەکان دیاری بکات.

مەرگ بەو مانا سەرتاپاگیرەی کە جیهانی سروشت و بوونەوەرەکانی تەنیوە لە زۆربەی ئەفسانەکاندا وێنەی پاڵەوانێکی نەمرمان بەرچاو دەکەوێت، ئەو پاڵەوانەی هەرگیز نامرێت و زەمەن چۆکی پێ دانادات.

لەبەر ئەوەی مرۆڤ تەواو تامەزرۆی نەمری و ژیانێکی

ئەبەدییە، شەڕی هەرە گەورەشی لەگەڵ مەرگدا تەنیا لە خەیاڵ و وێناندنە ئەفسانەییەکانی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت، بەم شێوەیە ئەفسانە و ئایینەکان هەوڵیانداوە بەسەر زەبر و سەدمە و کلۆڵی ژیاندا زاڵ بن، بەوەی کە ترسیان لە مردن و زەمەن نامێنێت و دنیای ئێستا لەگەڵ جیهانی پیرۆز و ئەبەدیەت هاوجووت دەکات.

واتە ئەرکێکی سەرەکی ئەفسانە و ئایین بریتییە لە زاڵ بوون بەسەر فەنابوون و نیگەرانی مرۆڤ لە مەرگ و فەنابوون.

**خدری زیندە بەرجەستەکردنی زەمەنی بێ کۆتایی**

زۆربەی میللەتان دید و بۆچوونی تایبەتی و جیاوازیان سەبارەت بە زەمەنی ئەبەدی و بێ کۆتایی هەبووە و ئەم بۆچوونانەش لە باوەڕ و کولتووری میللەتەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە لای میللەتانی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بیرۆکەی (شای پیرۆز) باو و بڵاوبوو، کەوا پێویست دەکات ئەم شایە هەمیشە گەنج و چالاک بێت، دەنا لەناو دەچێت.

لەناو گەلە ئیسلامییەکانیشدا بیرۆکەی زەمەنی بێ کۆتایی خۆی لە کەسایەتی (خدری زیندە)دا بەرجەستە دەکات، بیرۆکەی (خدری زیندە)ش لە ناخ و باوەڕی میللی ئەو گەلانەدا چەسپاوە و جێگیر بووە.

(خدری زیندە= خضر الحي) گوایە ئاوی نەمری خواردووەتەوە و ئێستا بەپێی باوەڕی میللی و ڕەشە خەڵک، بەردەوام بە دنیادا دەسووڕێتەوە و یارمەتی کەسانی لێقەوماو و هەژار دەدات. هەندێک لێکۆڵەرەوە ڕیشەی (خدری زیندە) دەبەنەوە سەر ئەفسانەی (تەمووز)ی سومەری، بەپێی ئەفسانەکە پاش ئەوەی تەمووز دەکوژرێت و دەچێتە (جیهانی ژێرەوە) عەشتار بە دوایدا دەچێ و دەیهێنێتەوە سەر دنیا، هێنانەوەکەی بەکژە! هەر ساڵەی شەش مانگ لە جیهانی ژێرەوە دەبێ و شەش مانگیش دەگەڕێتەوە سەر زەوی و ئەو شەش مانگەی دێتەوە سەر زەوی، زەوی سەوز و تەڕ دەبێ.

ئەم هاتنەوەی تەمووز و (سەوز- خضر) بوونەوەی زەوی، زۆر لەو سیفەتەی (خدری زیندە) دەچێ، کە بەپێی وەسفە ئایینیەکە دەڵێن؛ لە هەر شوێنێکی وشک و بێ گیا دانیشتبێ، کە هەڵساوە ئەو جێگایە سەوز بووە، ئەوەی کە پێک دەچێ و لێکیان نزیک دەکاتەوە، سەوزبوونی ئەو زەوییەیە پاش هاتنی تەمووز و دانیشتنی (خدر- خضر).

فریزەر دەڵێت: تەمووز باوەڕی مردن و ڕابوون یان لە ناوچوون و زیندووبوونەوەی ساڵانەی ژیانی بەرجەستە کردووە بەتایبەتی ژیانی ڕووەک، واتە پوختەی ئەم باوەڕە لەو گۆڕانکارییەی کەوا بەشێوەیەکی دەوری بەسەر گۆی زەویدا تێدەپەڕێ، خۆی دەنوێنێ. سۆمەرییەکان وایان دەزانی کەوا گەشەی ڕووەکەکان و سیسبوونیان پێویستە جارێکی دیکە خواوەند تەمووز هەڵستێتەوە تاوەکو ڕێکخستنی خولی ژیان دەستەبەر بکات.

چیرۆکی (خضر) لە قورئان لە (سورة الكهف)دا لە ئایەتی (٦٠ تا ٨٢) باسکراوە کە لێرەدا خودا بە -عبداً من عبادنا- باسی (خضر) دەکات و هەروەک لە کردار و سیفەتەکانی (خضر)دا دەردەکەوێت کە توانا و هێزێکی ناسروشتی هەیە و کرداری وا ئەنجامدەدات، کە لە سروشتی مرۆڤی ئاسایی دوورە و لە سروشتی خواوەندەکان نزیک دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی زیندووە و نەمرە و شتی نادیار و غەیب دەزانێت. لە کولتووری ئیسلامیدا گەلێک حیکایەت و بەسەرهات هەن باسی (خدری زیندە) دەکەن و ڕۆڵی پیشاندەدەن لە ژیانی هەندێک کەسایەتی ناودار وەک ئەسکەندەری (ذولقەرنەین). ناوەرۆکی بەسەرهاتەکە ئەوە دەردەخات کە قەدەر و چارەنووسی مرۆڤ مردن و نەمانە، بەڵام (خضر) بە زیندوویی دەمێنێتەوە، چونکە ئاوی ژیانی خواردووەتەوە.

تاکو ئێستاش ڕۆڵ و کاریگەری کەسایەتی (خدر) لە ناخی گەلە موسلمانەکاندا ماوەتەوە و بووەتە بەرجەستە بوونی زەمەنی ئەبەدی، کە خولەکانی ژیان نوێ دەکاتەوە و کۆتایی نایەت و هەبوونێکی ئەبەدی هەیە، هەروەها نەبوونی زانیاری لەمەڕ ساڵ و شوێنی لە دایک بوونی (خضر) زیاتر (خضر)ی پیرۆز و ئەفسانەیی کردووە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هزری کۆن و مرۆڤی میللی هەمیشە هیوا خوازی ئەوەبووە نەمری بەدەست بێنێت و بەسەر مەرگدا زاڵ بێت.

# ڕامانێک لەسەر شیعرە شێتەکانی یوونس ڕەزایی

دیاکۆ مرادی
(نەغەدە)

شیعری شێت، شەپۆلێکی شیعرییە لە ئەدەبیاتی دوا مۆدێرنی کوردیدا کە یوونس ڕەزایی بناغەدانەرێتی. «شینترین بەتاڵی تەنیایی» یەکەمین دەفتەرە شیعری ئەو شاعیرەیە کە کاتی خۆی چەندین وتار و بابەتی لە سەر نووسرا، بەڵام ئایا کۆی ئەو بابەت و نووسراوانە توانیان هەموو لایە شاراوە و کەلێن و قوژبنەکانی ئەو دەفتەرە شیعرە تیشکاوێژی بکەن و ڕەخنەی لێبگرن؟ «شینترین بەتاڵی تەنیایی» چەندە باس و خواس هەڵدەگرێ؟ چەندە توانیویەتی شەپۆل ساز بێ و وەکو دیاردەیەکی پیرۆز لەناو هزر و بیری مرۆڤدا جێگایەک بۆ خۆی بکاتەوە؟ ئایا سەرکەوتوو بووە؟

یوونس ڕەزایی لەو کەمینە شاعیرانەیە کە سیستمێکی ڕێکوپێکی فیکری و فەلسەفی تایبەت بەخۆی هەیە کە بۆ فام کردنی شیعرەکانی، خوێنەر دەبێ شاکلیلی ئەم بینا فیکری و فەلسەفییەی لە دەست دابێ تا بتوانێ دەرکەو پەنجەرەو... ئەم بینایە لێک جیا کاتەوەو زۆر جاریش جێ گۆڕکەیان پێ بکات:

**هەندەسەی شیعر تێک دەشکێنم**
**بنەمای ڕوانین**
**ژومارەی سەروا**
**هەندەسەی مەرگ بنیات دەنێم**
**وێنەی هەناسەت**
**ژومارەی بزەت**
**- چ زانستێکی سیحراوییە ئەوین-**

یوونس لە شینترین بەتاڵی تەنیاییدا هەر لەسەرەتاوە فەلسەفە ئاوێزانی شیعرەکانی دەکات یان بە پێچەوانەوە. پیتی «ش» درێژ و بێ بڕانەوەیە و جۆرێک تێکۆشان و نەوەستان و زیندوویی لە هەمبەر فەوتان و وەستان ساز دەدا کە پیتی «ش» دەبێتە دەستپێکی کتێبەکە، شین ڕەنگێکی نەرمونیان و شاعیرانەیەو ڕەمزی هومێدو مان.

ڕەنگی «شین» ڕوون و بێ پێچ و پەنایە و ئیماژەکەشی لە زەیندا سادەیی و ساکارییە لە فەرهەنگی سەمبۆلەکاندا هاتووە، ڕەنگی «شین» بۆ باوکی خواکان «ژووپیتەر» و هاوسەرەکەی «جۆنۆ» (juno) دەگەڕێتەوە کە ڕەمزی هەستی ئایینی و پاکییە.

## ئانیمای یوونس

ئارکی تایپ (Archetype) یان چێهرەی ئووستوورەیی، سازکراوی زەینی ناخود ئاگای کۆمەڵە. یۆنگ دەڵێ: «ناخودئاگای کۆمەڵ، ڕۆحێکی ئاراستە دەکا، کە بە پێچەوانەی ڕووداوی ڕەوانی دەرک کراو ناتوانێ ڕاستەوخۆ وەریگرێ و بەهۆی ئەم سرووشتە تاریف نەکراوە من ناوی دەنێم (شبه روح). یۆنگ ناوی یەکێ لە گرینگترین ئارکی تایپەکانی (ئانیما)ی (anima) داناوە. ئانیما دەروونی مێینەی پیاوە، ئانیما سرووشتی ژنانەی حەشاردراوی دەروونی پیاوە و ئەم ئارکی تایپە لە خەیاڵات و شیعر و ڕۆمان و... بەشێوەی کیژی خەیاڵات (dreamgirl) خۆ پیشان دەدا.

یۆنگ دەڵێ: هەر پیاوێک وێنەی ئەبەدی ژنێک لەگەڵ خۆی دەکێشێ، وێنەی ژنێکی تایبەت نا، بەڵکو تەسویری ژنێکی تایبەت. ئەم تەسویرە بێ گومان ناخودئاگایە، هەنبانەی ئەزموون و هەستیاری هەتا ئێستای ژنانەیە. ئانیما لە دەقی ئەدەبی بەشێوەی خۆشەویست و دایک خۆ نیشان دەدا. ئەمەش شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە پێوەندی مرۆڤی ئاسایی لەگەڵ ئانیما زۆر دژوارو چەتوونە، بەڵام لە لایەکی ترەوە هونەرمەندان زۆر جار پەرژینی ئانیما تێک دەشکێنن و لێی نزیک دەبنەوە و لە تاریکیدا دەگەڵی دەدوێن و زۆر جاریش دەبنە میرزا بنووسی. بۆ وێنە دەتوانین (بوف کور)ی سادق هیدایەت ناو بەرین. یوونس هونەرمەندانە سنووری ئانیمای دەروونی تێک دەشکێنێ و دەگەڵی دەدوێ:

**غەریبی من و نامۆیی تۆ، دەستە خوشک بوون**
**تەنیایی من و شێواوی تۆ، شۆڕشگێری بێدەنگییەکی مەرگاوی بوون**
**چاوی من و هەناسەی تۆ؛ تەژین لە باس و خواسی نهێنییەکانی دەریا.**

لە باوەڕی ئوستوورەکاندا هاتووە کە مرۆڤی پتەو لە پێوەندی و یەکگرتوویی نێرو مێ پێک هاتووە. بۆ وێنە خواکانیان نیوەی لەشی نێر و نیوەی لەشی تر مێیە. ئارەزووی گەیشتنی مرۆڤ بەو یەکێتییە لە هەموو کاتێکدا بەرهەمی زۆر بەبایەخی خوڵقاندووە:

**تۆ یەک لە ڕەنگی مێینەترین ساتم**
**- سڵاو**
**منێک نهێنیترم لە هەتاو**
**- ماڵئاوا**
**من وەک هەتاو سڵاوێکی مێینەم**

لە هەڵبەستەکانی یوونس-دا «دایک» و «مەمک» کە ڕەمزی مێینەن لە زۆربەی شیعرەکاندا وەک ئیستعارەی دایکی نیشتمان کەڵکیان لێوەرگیراوەو ئانیمای دەروونی شاعیرە:

**دایکم سەرەتای خۆشەویستی بوو- نەک کۆتایی**
یان:
**تا فەرامۆشی نهێنی مەمکت هەتەر دەکا بیر**
**تا فەوتان**
**بیری فەرامۆشی فەوتان بێ مەمکت**
**کە مەحاڵ**
**کە درۆ**
**تامەحاڵی مەمکت درۆزنی پەنجەم**
**گەڵا**
**گەڵا... پاییز**
**نهێنی پاییز، تا فەرامۆشی هەتەر دەکا**
**تا خۆم.**

## یوونس و بوودا و کرێشنا

فەلسەفەی شیعرەکانی یوونس بە جۆرێک لە جۆرەکان باڵای لە باڵای «کریشنا مۆرتی» دەخشێنێ و شان بە شانی بوودا دەڕواتە پێش، ڕۆدەچێتە ناخیان. بنەمای فەلسەفەی کریشنا مۆرتی ئەوەیە کە دەرکی ئێمە لە ڕووداوەکانی دەوروبەرمان دەبێ نوێ بێ و دوور لە ناسین و تاریفی ڕابردوومان بێ، ئەو کاتە بە باشی و ڕاست و دروست دەبینین. کریشنا لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بۆ بینین دەبێ فاکتی سەرەکی لەبەرچاو بگیرێ:

١- نیگا observation
٢- کەسێک کە دەبینێ observer
٣- ئەو شتەی کە دەبینرێ «گیان لەبەر یان بێ گیان» observd کریشنا دەڵێ نابێ لە نێوان observer و observed جیایی هەبێ. جیابوونەوە، بەرهەمی پێشداوەری ئێمەیە، ئەگەر ئێمە بە چاوی ڕابردووەکان چاو لە شتێک بکەین، ناتوانین دەرکی کەین و بە جوانی نایبینین. واتە بینینی ئێمە تەنیا دیتن بەو پاڵپشتە

فـیکرییە نییـە و تەنیـا و تەنیـا بینینە. کـریشنا دەڵێ تەواوی ئەو شـتـانەی لە دەور و بەرمـانە ئایا ئێـمـە بە تەنیـایی دەیانبـینین؟ بینین وەک باڵندە، وەک درەخت، وەک سیـما؟ ئێـمە پاش دیتنی بە چاو، ئایا ئیـمـاژێکی زیهنیـشـمـان لێی هەیە؟ ئایا بینینەکەمـان تێکەڵاوی دەرکە؟ ئەگەر وابێ ئێمە دیتنێکی ڕاستمان لە هەمبەر دەورو بەرمان و فیکرەکەمان دەبێ.

ئێمە دەبێ لەهەر بابەت و فیـکر و هەر گیانلەبەر و بێ گیانێک تەسویرێکی زیهنیمان هەبێ و ئەو کات دەتوانین بڵێین دەرکمان کردو تەنیا بینین نەبوو. بەهۆی پێوەندی observer و observed تەسـویرێک دەخولقێ، بۆ وێنە یوونس لەلاپەڕەی ٧٦ی کتێبەکەیدا شیعرێکی زۆر بەتوانای بە ناوی «شینترین بەتاڵی تەنیایی» نووسیوە. لەوانەیە نەشینووسیـبێ، بەڵێ دوو لاپەڕەی نەنووسراو خودی شیعرەکەیە. لەم شیعرەدا یوونس لەنێوان observer و observed پێوەندییەکی پێک هێناوە و بە واتەیەک خودی شاعیر «زانایی»یە. واتە یوونس observer لە ڕووی ڕووداوێک ئەم شیعرەی نەنووسیوە، بەڵکو بە پشتیوانەی فیکرو فەلسەفە observed ئەم هەڵبەستەی خوڵقاندووە، یان لە شیعری مێژووی شێتی و بیـسـت و دوو هەنگاو دا لە کـۆپلەی (پەیامی شێتەکانی ئەو هەرێمە بۆ زیگمۆند فرۆید و ژان پیاژە). ئێـمـە ئەو جۆرە ڕوانینە لە مـەکـتـەبی «زن بودائی» لە چیندا دەبینین. «زن» ڕوانینی بێ ناوینە، هێـرشی ڕاسـتـەقـینەیە، بێ کـەڵک وەرگـرتن لە تاریف و دەستەواژەکان بەرەو قەڵای حەقیقەت.

کریشنا مۆرتی لە کتێبی (نگاه در سکوت) دەڵێ ئێمە چۆن دەتوانین لەو پەڕی ژیان و مـەرگ بژین؟ ئایا لە نێـوان ژیان و مـەرگـدا جـیـاوازی هەیە؟ مـرۆڤ ئەو گیانلەبەرەیە کە ژیانی بێ کاتی فێر بووەو زەینی چرکە چرکە ڕابردووی دەفەوتێنێ و خۆشییەکان، زانستەکان، بیـر و باوەڕەکـان، دژ بەرەکـان، ئاواتەکـان و تەواوی نالەبارییەکان و.... لە مەرگ ناترسێ و ئەوینی تەجرەبە دەکا. یوونس لەم کتێبەدا بە تەواوی ئێش و ئازارەکانی و فیراق، دڵداری دەکا و ئەزموونی ئەوین دەکا.

### وتووێژێکی تەلەفۆنی شێتانە

**کاڵێ: من ئەوە لە پایتەختی مەرگم**
**لە چاوی ئەهریمەنەوە دەدوێم**
**- سڵاو**
**سوارۆ: من لە ماڵەوە.**
**لەنێو زەنا زەنای ماچی پەریەکانەوە وڵامت دەدەمەوە**
**- سڵاو بۆ تۆ.**
یان:
**من ئەوە لە دورگەی نەگبەتی دام و**
**تینوێتی دەچرم**
**شەپۆلی ماچەکانت پەرەوازەی ئێرەکە**
**- ئیتر ماڵئاوا- خانمۆڵە- ماڵئاوا.**

هەروەها کـەڵک وەرگـرتنی یوونس لە وشـەی سەمبۆلیکی «دار» سەرەنجی خوێنەر بەرەو فەلسەفەی ژیان و قوتابخانەی کریشنا ڕادەکێشێ. کریشنا مورتی لە قـوتابخـانەیەکی ناسـراو بە «ڕاجـات ئەسکول» لە ژێر سێبەری داری «بانیـان» یان «دارە هەنجیری بەنگالی» کلاسەکەی بەڕێوە دەبرد. درەختی «بانیان» (banyan) لە درەختـە پیـرۆزەکـانی هیندە و ڕیشـەی لە هەوادایە و کاتێک ڕیشەکان دەکەونە زەوی، دارێکی نوێ شین دەبێ و بۆیە لە کن هیندییـەکـان ڕەمـزی «لە دایک بوون» و «زیندوو بوونەوەیە».

بە ڕای من ئازار کێشان و گەیشتن بە حەقیقەت بووەتە هۆی سەرچاوەی فیکری و فەلسەفی یوونس:
**کاڵێ گوێت لێمە؟**
**نامەکەی بەندیخانەم گەیشتە دەستت- نامە لێڵەکەم**
**من و تۆ و ئێمە لە مێژووی سیفرەوە تا ئێستا**
**٧٧/١١/٢ی هەتاوی بەند کراوین.**

یوونس بە تەقەلای بێ وچان و جۆرێک تەنبێ کردنی خۆی لە ڕێگای ئازار کێشانەوە، دەیەوێ وەک سیزارێتا بە حەقیقەت و نوور و ئاواتەکەی بگا. سیزارێتا زیاتر لە دەساڵ لەبەر پاڵی کێوەکانی هیمالیا ئازارێکی زۆری کێشا، بەڵام بە حەقیقەت نەگەیشت، ناهومێد لە دۆزینەوەی ڕێگای حەقیقەت
**کەس و کارمان بەردەوام ڕێبوار**
**بە کوێرە ڕێی مەرگ و شیعر و هەژاریدا**
**ئەم ڕێیە هەناسەی سیحراوی فریشتە**
**چەوساوەکانە و**
**بێکۆتایە**
**ئەم ڕێیە هەر بچووک دەبێتەوەو بچووکتر**
**هەنگاوەکان شەهید دەکا**
**هۆ خاڵۆی ڕێبوار ئەتۆش ڕێگا نازانی؟!**

سیزارێتا تا ماندوو و شەکەت لە ڕێگای «سەرەنات» بۆ لای «بنارس» دەگەڕێتەوە و لەژێر دارە هەنجیرەکەی

(مـعـبـد) دادەنیـشێ، لەژێر سێـبـەری داری Bo یان (پیـپـاڵ) دەگـات بە حـەقـیـقـەت و نوور دەڕواتە ناخی سیـزارێتـا و دەبێت بە بوودا، یوونس لە شیـعـری (من و بوودا و تاریک) بە ئیشراق دەگا:

**لەژێر سێبەری داری Bo**
**ژیان چ ژانێکی بەردەوام**
**ئەپژمێ.**
**لەژێر گەڵای چەوسانەوە**
**بۆ گەیشتن بە ڕازی پیرۆزی مەمکت- بە حەقیقەت-**
**دائەوریێم**
**هەتاوێک چەشنی هەڵۆ لە هەڵفڕیندا**
**سووتانم چەندە نزیکە و چ تاریکم بە شوێنتدا**
**لەژێر سێبەری داری Bo**
**وەک سیزارێتا.**

سەرەنجام بوودا خوتبەی بەناوبانگی (بنارس) ئاراستە دەکا و بەم شێوەیە هاوار دەکا منم بوودا، لە (درێژترین شیـعـری عـاشـقـانە)دا کە هەمـان خـوتـبـەی (بنارس)ی بوودایە ئەوە یوونســە هاوار دەکـا منم من، من بوودام، واتە: ڕێگای هەڵفــڕینم دۆزیوەتەوەو بە حــەقــیــقــەت گـەیشـتـووم، ئێـسـتـا منم پەیامی عـیـرفـانی بوودام بۆ کەرەتێکی تر لە (تەبەت)ەوە بۆ کوردستان هێناوە، تا لە تەواوی گوێچکەکان بزرینگێتەوە.

**من هەموو تەنیاییم هێشوو هێشوو**
**کێ ڕەزی ئەم تەمەنە دووکەڵاوییەی عاشقانە پاراو کرد**
**- هێشوو بە هێشوو تەنیاییم**
**شەراب-**
**کێ مەستی تاریکیم و تەواوی دوێنێم؟**
**من بە یادی هەموو زەردایییەکانی شەهید**
**تەنیایی تاریکی شەوم هەتا دوێنێ و**
**عاشقی دووکەڵی تەمەنی ئەم ڕەزە...**
**من لەگەڵ هەموو تەنیایی**
**شەرابی هێشووی تاریکی و**
**دوێنێی تەواوی باخچەکان**
**سەوزانە مەست ئەڕوێم.**

تایبەتمەندییەکی تری شیـعـرە شێتەکانی یوونس کە ئەو شیعرانە لە هەموو شەپۆلەکانی تری شیعری جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە دێڕ بە دێڕ و وشە بە وشە بەیەکەوە گرێ دراون و تۆ دەتوانی لەیەک دەفتەرە شیعر چەندین دەفتەرە شیعر سازکـەی و بە چەندین جـۆر بیـانخـوێنیـتـەوە دەکرێت دوو شیـعـر بەیەکەوە، سێ شیـعـر بەیەکەوە و... تێکەڵ کرێن یان بە شێـوەی عـەمـوودی و دێری هەوەڵی شیـعـرێک و دێری هەوەڵی شیـعـرێکی تر و دێری هەوەڵی... لە پەنا یەک دانرێن و خۆیان شیعرێک پێک بێنن وەک نموونە:

**لە ژوانی کۆتایی مەرگدا** (ڕەها- ٧٠)
**مـەمکت خـەواڵووترین نیـانی ئەبەخـشـێـتـە پەنجـەم** (فتبارک الله احسن الخالقین- ٧١)

**لەژێر سێبەری داری Bo** (من و بوودا و تاریک ٧٢)
**شازادە خەونی ئاسک دەپێوێ و** (ئەبیسرێم ٧٣)
**با- وێرانترە لە شنەی شاخ** (٧٤ پیرتر)
**هەندەسەی شیعر تێک دەشکێنم** (وێران ٧٥)

یان:

**شک دەکەم، لە گوماناوی بوونی ئەوین** (تەنیا هیچ ٩٠)
**ئەوینی تۆ نەبا کوا هەتاو** (تەنانەت ٩١)
**کە مـاڵـئـاوایی هەرچی دەرفـەتە دەژمـێـرێ** (کۆتایی ٩٢)
**من سـەوزایی هیچ ئەوینێکم نەبیـست و** (کە من.. بێ تۆ ٩٣)
**وتەکانت تاریکترن لە ڕێ** (٩٤ تاریک)
**وەک سیـحری ئەهریمەن کە ڕەش و** (کە دەسـتت، کە مەرگ ٩٥)
**چاوەڕوانی کـازیوەی خـوێندنەوەی ئەوینم.** (تەریب ٩٦)

بڕوانە لە باری پێکهـاتەیـیـەوە چەندە لێک نزیکن ئایا بەڕای تۆ ئەوانەش ناکرێ یەکێک لەو شیـعـرانە بن و بە دەفتـەرەکە زیـادکرێن. دوایی دێرەکـانیش هـەر بەم شێوە، دێری دووی ئەو شیـعرانە دەگەڵ دێری دووی شیـعـرەکـانی ترو...

لە کۆتایی ئەم خوێندنەوەیەشدا:

**پشتاوپشتم باخەوان**
**لە پاییزی بێ گوڵ و لە ویشکە ساڵی شکۆفەدا**
**باخمان بەری نەهێنا و پیر بووین**
**ئاخمان لقو پۆپی دەرکرد.**

# (لەخەوما) لەنێوان بەواقیعکردنی چیرۆک و بەچیرۆککردنی واقیعدا

جەبار سابیر
(سلێمانی)

ڕەنگە پێمانوابێ ئەوە تەنیا سەدەی بیستەمە کە پڕ پڕە لە شەڕ و خوێن و توندوتیژی، ئەوە سەدەی بیستەمە لێوانلێوە لە هاواری ئینسان بۆ ئازادی و ڕزگاربوون لەنیری ژێردەستی، ئەوە سەدەی بیستەم بوو ئاوس بوو بەشۆڕشی پرۆلیتاریا و دروستبوونی دەیان دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەر کەوڵی ئیمپراتۆرە نەخۆشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام دەبێ بپرسین بۆ تەنیا هەر سەدەی بیستەم بەو جۆرە تۆمەتانە تاوانبار دەکرێت؟ لێرەدا سادەترین بەرسڤیک ئەوەیە کە سەدەی بیستەم سەدەی کرانەوەو تێکەڵبوونی کۆمەڵگەو کیشوەرەکان بوو بەیەکتری و بەهۆی پێشکەوتنەکانی بواری تەکنۆلۆژیاو ڕاگەیاندنەوە، وای لێهات مرۆڤ ئاگاداری زیاتری دنیابێت و وای نەبینێ کە دنیا بریتییە لەو شوێنەی ئەوی لێدەژی. ڕەنگە لە سەدەکانی پێشووتر و بەدرێژایی مێژووی بەشەر سەدقاتی سەدەی بیستەم مرۆڤ کوژرابێ و خوێنی بەناهەق ڕژابێ، ڕەنگە لە سەدەکانی ناوەڕاست و پێش زایینیشدا تەنیا لەشەڕە ئایینی و مەزهەبییەکاندا بەهێندەی ژمارەی ئێستای بەشەری سەر زەوی ئینسان کوژرابێ. (تەیموری لەنگ) لەبیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: تەنیا لە یەکێک لە شەڕەکاندا کە مەملەکەتێکم داگیر دەکرد دوو منارەم لە کەللەسەری ئینسان دروست کرد و ڕووم کردە خوداو وتم: خودایە ئەمە هەمووی لەپێناوی تۆدایە، بەڵام کە تەنیا باس لە سەدەی بیست و کوشتار و خوێنڕێژییەکانی ئەو سەدەیە دەکرێت، ئەوە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ئاگادارین و بینیومانەو دەیبینین و وەک مرۆڤ هەموومان ئاگاداری یەکترین و دەزانین چیمان بەسەردێ

و چۆنیش بەسەرمان دێت و کێش بەسەرمان دێنێت.

جگە لە مێژوو کە وردو درشتی ڕووداوەکانی بە بێلایەنی و لایەنگیری بۆ نووسیوینەتەوە، ئەدەبیش زۆر زیاتر لەمێژووی بۆ نووسیوینەتەوە و زیادەڕەوی نییە ئەگەر بڵێین: ئەوەی ئەدەب دەینووسێتەوە ڕاستگۆیی زۆرتری تێدایە وەک ئەوەی کە مێژوو تۆماری دەکات، چونکە هەمیشە مێژوو ڕووداوەکان تۆمار دەکات، بەڵام ئەدەب ڕووداوەکان دەنووسێتەوە. ئەوەی مێژوونووسێک دەیکاتە کتێب تۆمارکردنی یادەوەری و بەشداریکردنی خەڵکە لە ڕووداو و شەڕەکاندا، بەڵام ئەوەی ئەدەب دەینووسێتەوە ئەزموونکردنی ڕووداو و ژان و ئازاری شەڕەکانە. ئەوەندەی (میخایل شۆلۆخۆف)ی ڕۆماننووسی ڕووس لە (چارەنووسی ئادەمیزاد)دا زانیاریمان لەسەر جەنگی دووەمی جیهانی و ژان و ئازارە زۆرەکانی دەداتێ، ڕەنگە هیچ مێژوونووسێک نەیتوانیبێت ئەو زانیاریانەمان بداتێ و بەوجۆرە پێناسەی جەنگمان بۆ بکات کە چەند کاریگەری لەسەر ژیانی ئینسان هەیە. لێرەوە ئەوەندەی ئەدەب کاریگەری لەسەر ئینسان هەیە هەرگیز مێژوو نییەتی. ئەوەندەی سروودی (ئەی ڕەقیب)ی (دڵدار)ی شاعیر خەڵک دەهەژێنێ هەرگیز (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بەدلیسی ئەوەی پێناکرێ، کە یەکەمین سەرچاوەی مێژووی کوردە. (بێکەس)ی شاعیر توانی خەڵک لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی لەڕۆژی شەشی ئەیلوولی ساڵی(٦/٩/ ١٩٣٠)دا بکات بەگژ سوپای عێراق و سوپای ئینگلیزیشدا، کە دەکرێ وەک یەکەمین خۆپێشاندانی مەدەنییانە لە مێژووی کورد و عێراقیشدا بیناسێنین، بەڵام (محەمەد ئەمین زەکی) مێژوونووسی مەزن بەهەموو گەورەیی خۆی ئەوەی بۆ نەکراو پێی نەکرا.

کورد تاقە نەتەوەی جیهان بوو کە بەو ژمارە زۆرەیەوە لە سەدەی بیست هاتە دەرەوە، بەبێ ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبێت، تاقە نەتەوە بوو ئەو سەدە پان و پۆڕو پڕ شەڕ و شۆڕ و ئاژاوە و کارەسات و پێشکەوتنەی تێپەڕاندو پشکی لەهیچ شتێکدا نەبوو، جگە لە کۆست و کارەسات و ماڵوێرانی و دەربەدەری. یەک سەدە تێدەپەڕێ و کورد لەهیچ بوارێکی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵ و کاریگەری نەبووەو نەچووەتە سەر شانۆی جیهان، ڕەنگە دەرهێنەرانی شانۆی جیهانی لەکوردیان ڕانەپەرموبێت تارۆڵی کەوالیس و لاوەکیشی بدەنێ. ئا لێرەوە لەو شەرمەی ئێستای کورد تێدەگەین کە لە ئاست جیهاندا هەیەتی، لەئاست لاوازترین نەتەوەدا کە عەرەبە هەیەتی، لە ئاست بێ کولتوورترین نەتەوەدا کە تورکە شەرمێکی زۆری هەیەو خۆی زۆر بەکزۆڵەیی پێشانی دنیا دەدات. هەمیشە ڕۆڵی قوربانی هەیە و هەرگیز نایەوێ ئەو ڕۆڵەی لێوەرگرنەوە، بەڵام ئایا بەڕاستی کورد قوربانییە و ئەوانی تریش جەللاد؟ ئایا قوربانی بوونی کورد تەنیا سووچی دوژمنەکانیەتی، یان سووچی خۆیشی تێدایە؟ چیرۆکی (لەخەوما)ی جەمیل سائیب کە بە یەکەمین چیرۆکی کوردی ناودێر دەکرێت و هەر واشە، ئەوەمان تێدەگەیەنێ کە نەخێر قوربانی بوونی کورد پشکێکی زۆری خەتاکەی بەر کورد خۆی دەکەوێت. ئەم چیرۆکە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستدا نووسراوە و ساڵی (١٩٢٣) لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە)دا بڵاوکراوەتەوە. ناوەرۆکی چیرۆکەکە باس لەوە دەکات کەپیاوێک بەمەبەستی کارو کاسبی و پەیداکردنی پارە لەیەکێک لە ناوچەکانی دەوەروبەری سلێمانییەوە لەگەڵ کاروانێکی قاچاخچیدا ڕوودەکاتە شاری سلێمانی و هەر بەهاتنە ناوەوەی بۆ شار لەلایەن سەربازانی دەسەڵاتەکەی (شێخ مەحموود)ی نەمرەوە دەستگیر دەکرێت و تۆمەتی جاسووسی کردنی بۆ ئینگلیز دەدەنە پاڵ، کە ئەو کاتە عێراق وەک دەوڵەتێکی کۆلۆنی لەژێر دەستی ئینگلیزدا بووە. دواتر لە ژوورێکی توند دەکەن و هەر لەو ژوورەشدا گوێی لە ئەوە دەبێت کەمێردی ژنێکیان هەر بەتۆمەتی جاسووسی بۆ ئینگلیز کوشتووەو ئێستاش هاتوون ماڵەکەی تالان کەن. ئەم پیاوە چەند جارێک لەم شوێن بۆ ئەو شوێن دەگوازرێتەوە و جار بەجاریش خراپتر تۆمەتی دەدەنە پاڵ بەبێ ئەوەی کە گوێی لێ بگیرێ و بزانرێ چ کارەیەو بۆچی ڕووی کردووەتە سلێمانی. دواجار کابرا دەبەنە ژوورێک لەنێوان دوو ژووری تردا کە ژووری پێشەوەی خودی (شێخ)ی نەمری لێیەو ژووری دواوەش خێزانی شێخ مەحموود و کۆمەڵێک ژنی تر. ئەم پیاوە گوێی لە هەموو ئەو قسانە دەبێت کە لە هەردوو ژوورەکەدا دەکرێن و خودی ئەو قسەکردنەش دەبنە مەتنی ئەسڵی چیرۆکەکە و خودی چیرۆکنووسیش ویستوویەتی ئەو ڕووداوە دروست کات تا ئەو قسانەی تێدا بکات.

له ژووری ژنه‌کان له ماوه‌ی چه‌ند خوله‌کێکدا زۆر شتی ژنانی تر وه‌ک ئالتوون و کراسی گرانبه‌ها و خشڵ له‌لایه‌ن خێزانی شێخی نه‌مره‌وه له‌خه‌توخۆڕاو بێ هیچ هه‌نجه‌تێک داگیر ده‌کرێت. له‌ژووری پیاوانیش له ماوه‌ی چه‌ند کاتژمێرێکدا شێخی نه‌مر سێ جار بیروبۆچوونی سیاسی ده‌گۆڕێت و دواجاریش هه‌موو مه‌سه‌له‌کان ده‌به‌ستێته‌وه به به‌رژه‌وه‌ندی تایبه‌تی خۆیه‌وه. ئیتر چیرۆکه‌که هه‌ر له‌و ژووره‌داو به‌و جۆره قسه‌کردنه له‌سه‌ر شێخی نه‌مر کۆتایی دێت و چاره‌نووسی کابراش به‌نادیاری ده‌مێنێته‌وه‌و نازانرێ چی لێ دێت. لێره‌دا ئه‌وه‌ی گرنگه تێی بگه‌ین ئه‌وه‌یه که ئه‌مه چیرۆکه و وه‌ک پێشتریش وتمان ئه‌ده‌ب جا چیرۆک بێت، یان شیعر و ڕۆمان، ڕووداوه‌کان وه‌ک ئه‌زموونی خه‌ڵک ده‌نووسێته‌وه نه‌ک تۆماری بکات، بۆیه ئه‌گه‌ر ئه‌م چیرۆکه نه‌بوایه چۆن ئه‌و لایه‌نه تاریکه‌ی حوکمداری (شێخ مه‌حموود)ی نه‌مرمان بۆ ئاشکرا ده‌بوو؟ ئه‌و کات کورد مێژوونووسی نه‌بووه‌و که‌م که‌سیش له هاوسه‌رده‌مانی بزووتنه‌وه‌و حوکمدارییه‌که‌ی شێخ له یاداشته‌کانی خۆیاندا جورئه‌تی نووسینه‌وه‌ی که‌موکورییه‌کانی شێخی نه‌مر و حوکمدارییه‌که‌یان هه‌بووه، بۆیه ڕه‌نگه تا سه‌دانساڵی تریش (له‌خه‌وما) تاقه سه‌رچاوه‌ی ڕه‌خنه‌یی بێت له‌سه‌ر شێخ مه‌حموود و بزووتنه‌وه و حوکمدارییه‌که‌ی. ئه‌وه‌ش عه‌یبه نییه و بۆ کورد به‌گشتی شانازییه.

له خه‌وما هه‌وڵی نووسه‌ره‌که‌یه‌تی بۆ ده‌ربڕینی ڕاستییه‌ک که ئه‌و کات به هۆشمه‌ندی خۆی ده‌رکی پێ کردووه، ئه‌م هه‌وڵه‌ی نووسه‌ر بۆیه کراوه به‌چیرۆک تا سانسۆری ده‌سه‌ڵاتی ئه‌وده‌م و سانسۆری کۆمه‌ڵگه‌ش ببڕێت، بۆیه کراوه به‌چیرۆک تا زیاتر بچێته یاده‌وه‌ری خه‌ڵکه‌وه‌و خه‌ڵک ئازاره‌کانی خۆیانی تێدا بدۆزنه‌وه. ئه‌وه‌ی نووسه‌ر نووسیویه‌تی واقیعه، به‌ڵام بۆ به‌چیرۆک و وه‌ک خه‌وێک ده‌ربڕاوه ئه‌مه‌یان پرسیاره جه‌وهه‌رییه‌که‌ی ئه‌م چیرۆکه‌یه. لێره‌وه پرسی ئازادی ئینسان دێته پێشێ، ئازادی ئینسان له‌و کۆمه‌ڵگه‌یانه‌ی که خۆیان حوکمی خۆیان ده‌که‌ن و که‌سی بێگانه به‌سه‌ریانه‌وه ڕه‌قیب نییه. له سه‌ره‌تای دروستبوونی مرۆڤه‌وه شه‌ڕ له‌سه‌ر ئازادی و له‌پێناوی ئازادیدا ده‌کرێت، شۆڕشی فه‌ره‌نسا (١٧٨٩) له ئاشه‌که‌ی خۆیدا هه‌زاران ئینسانی هاڕی و هه‌موویشی به‌ناوی ئازادییه‌وه بوو، تا یه‌کێک له‌وانه‌ی که برایه به‌رده‌م (میقسه‌ڵه)که بۆ ئه‌وه‌ی ملی بپه‌ڕێنن هاواری کرد (ئای ئازادی به‌ناوی تۆوه چه‌ند تاوان کرا) هه‌موو هه‌وڵی ئینسان له شۆڕش و ڕاپه‌ڕینه‌کانیدا بۆ ده‌سته‌به‌رکردنی ئازادییه بۆ ئینسانی کۆمه‌ڵگه‌که‌ی تا که‌رامه‌تی ئینسانییان پارێزراوبێت و که‌س پێشێلی نه‌کات، به‌ڵام دواتر ده‌رده‌که‌وێت که نه‌خێر ئینسان هه‌ر ڕزگاری نابێت و هه‌میشه ملۆزمێک دروست ده‌بێت تا بیچه‌وسێنێته‌وه و له‌وه‌ی پێشوو زۆر زیاتر زه‌بر و ئازاری بداتێ. هه‌میشه ئاغایه‌ک هه‌یه خێر و بێری ئه‌م ده‌بات و کرده‌ی خه‌ڵک برده‌ی ئه‌و ده‌بێت. له‌م چیرۆکه‌وه تێده‌گه‌ین که له سه‌رده‌می حوکمداری (شێخ مه‌حموود)دا ئازادی ئینسان له‌ژێر پرسیاردا بووه، بۆیه په‌نا بۆ شێوازی تری ده‌ربڕین براوه، ته‌نانه‌ت به چیرۆکیش جورئه‌ت نه‌کراوه قسه له‌سه‌ر ئه‌و ده‌سه‌ڵاته بکرێت و له‌ناو چیرۆکه‌که‌شدا په‌نا بۆ خه‌ون براوه. ده‌ستپێکی چیرۆکه‌که به‌م ڕسته‌یه ده‌ست پێده‌کات (خوایه به‌خێری بگێڕی له‌خه‌وما) ئه‌و ده‌مه‌و ئێستاشی له‌گه‌ڵ بێت کۆمه‌ڵگه‌و ئینسانی کوردی نه له چه‌مکی ئازادی و مافی هاووڵاتی بوون گه‌یشتووه‌و تێده‌گات، نه له چه‌مکی ده‌وڵه‌ت و حوکمدارێتی. نووسه‌ر هه‌وڵی داوه واقع بکاته خه‌ون تا نه‌که‌وێته به‌ر تووڕه‌یی حوکمدارییه‌که‌ی (شێخ مه‌حموود)ی نه‌مر و دیسان خه‌ونیشی کردووه‌ته واقیع تاخه‌ڵک ئاگاداری دیوه تاریکه‌کانی حوکمدارییه‌که بن و بزانن چی به‌ناوی ڕزگاری نه‌ته‌وه و نیشتمانه‌وه ده‌گوزه‌رێ.

له ڕووی زمانه‌وه ئه‌م چیرۆکه چه‌ند هه‌نگاوێک له‌پێش نووسه‌رانی سه‌رده‌می خۆیه‌وه بووه، ئه‌وه‌نده‌ی بۆی کرابێت په‌نای بۆ وشه‌ی بێگانه به‌تایبه‌ت تورکی و عه‌ره‌بی و فارسی نه‌بردووه، سه‌رکه‌وتووانه وشه‌ی ده‌می خه‌ڵکی قۆزتووه‌ته‌وه و له چیرۆکه‌که‌یدا به‌کاری هێناوه. دیاره ئه‌مه‌ش چه‌ند هۆکارێکی له‌پشته‌وه‌یه که ڕه‌نگه گرنگترینیان ئه‌وه بێت که نووسه‌ر ویستوویه‌تی له ڕێگه‌ی ئه‌م چیرۆکه‌وه ئاستی وشیاری نه‌ته‌وه‌یی و کوردبوونی خۆی زیاتر پێشان بدات به‌وه‌ی پێمان بڵێت: ببینن شێخ و بزووتنه‌وه‌و حوکمدارییه‌که‌ی ناتوانن هێنده‌ی من کار بۆ به‌ره‌و پێشبردنی زمانی کوردی بکه‌ن. دواتر ئه‌وه‌شی ویستووه که به‌م کاره‌ی خزمه‌تێکی گه‌وره‌ی زمانی کوردی بکات و خه‌ڵکی ساده‌و ساکاری ئه‌و ده‌مه‌ش زیاتر له نووسینه‌که‌ی تێبگه‌ن. دیاره ئه‌مه‌ش بۆ

ڕووناکبیری (جەمیل سائیب) گەڕاوەتەوە کە لەو سەردەمەدا بەو زمانە کوردییە ڕەوانە بنووسێت، لەکاتێکدا پاککردنەوەی زمانی کوردی لە سەرەتای سییەکانی هەمان سەدەوە، لەسەر دەستی کۆمەڵێک شاعیری گەورە دەستی پێکرد کە ڕەنگە دیارترینیان (پیرەمێرد و گۆران)ی نەمر بن. پێشتر زمانی کوردی ئەوەندەی وشەی بێگانە تێدابووە خوێندنەوەی زۆر زەحمەت بووە، ئەو ڕۆژنامانەی ئەو سەردەمەش بەتایبەت ڕۆژنامەکانی (بانگی حەق و ئومێدی استقلال) کە زمانحاڵی بزووتنەوە حوکمدارییەکەی شێخی نەمر بوون، سیخناخن بە وشەی عەرەبی و تورکی. ئەمەش وای دەکرد خەڵک کەمتر توانای خوێندنەوەیانی هەبێت.

کامڵبوونی چینی شارنشین و سەرهەڵدانی بۆرژوازی لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، تەواوی سەرخان و ژێرخانی ئەو کۆمەڵگەیە دەگۆڕێت، کە یەکێک لە ستوونەکانی سەرخانی کۆمەڵگە ئەدەبەکەیەتی. ئەگەر لە قۆناغی کۆیلایەتی و فیودالیدا کۆمەڵگە و تاکەکانی کۆمەڵگە تەنیا شیعر و داستانی میللی و ئەفسانەیان بەرهەم هێنابێت، ئەوا لە قۆناغی سەرمایەداری و دروستبوونی شارەکان و دواتر چینی بۆرژوادا، چیرۆک و ڕۆمان سەرهەڵدەدەن و ڕۆڵی گرنگ لە تەواوی بوارەکاندا دەگێڕن. لایەنێکی تری گرنگ لەم چیرۆکەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شوێنی ڕووداوەکان شارە، جووڵەی کەسێتییەکان لە شاردایەو ئەمەش شانازییە بۆ ئەدەبیاتی کوردی کە چیرۆکی بەپێچەوانەی شیعرییەوە لە شاردا سەرهەڵبدات و بە زمانی شاریش بدوێت. زمانی شار مانای دووربوون لەهەر جۆرە دەربڕینێکی گوندییانەو سەردەمی کشتوکاڵی، کە زمانی سەرەتایی هەر کۆمەڵگەیەکی دنیایەو دواتر داهێنانە زانستییەکان ئەو زمانە دەگۆڕن بەزمانێک کە زمانی شارەو زمانی سەردەمی تەکنۆلۆژیایە و دوورە لەهەر دەربڕینێکی پێشتر لە ڕووی وشەسازی و ئیدیۆم و شتی تریشەوە.

بەپێی لێکدانەوەکانی ریالیزمی سۆسیالیزم لەژێر کاریگەری سەرکەوتنی کۆمۆنیزم لە ڕووسیا و تێزەکانی مارکس و لینین و زۆر بیریاری تری سۆسیالیزم. وەک بەشێک لەسەر خانی کۆمەڵگە، دەبێت ئەدەبیات ببێتە گۆڕەپانی ململانێی نێوان چینەکان، بەتایبەت چینی ژێردەست و چینی سەردەست، هەمیشە چینی سەردەست بە زۆری هێز و تفەنگ چینی ژێردەست سەرکوت دەکات و لەو ناوەشدا چینی ژێردەست کە زۆرینەی خەڵکن، چەکی کاریگەری دەستیان تەنیا هەر ئەدەبەو دەتوانن لە ڕێگەی ئەدەبیاتەوە تۆڵەی ناعەدالەتی خۆیان لە چینی سەردەست بکەنەوە. لێرەشەوە ئەدەبیات دەبێتە گۆڕەپانی تۆڵەکردنەوەی بەشخوراوان لە دەسەڵات و چینی سەردەست. ئەم چیرۆکەی (جەمیل سائیب)یش دەچێتە ئەو خانەبەندەییەی کە ڕیالیزمی سۆسیالیزم لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە کردییە مۆدێلێک بۆ ئەدەبیات، پێشتر ئەدەبیات تەنیا کارکردن بووە بۆ دەرخستنی جوانییەکانی ژیان، بەڵام سۆسیالیزم وای کرد ئەدەبیات ئەرکێکی تریش بخاتە سەرشانی خۆی، ئەویش ئەرکی بەرگری کردن لە زوڵم لێکراوان، لێرەشەوە ئەرکی ئەدەبیات گرانتربوو تارادەیەک دوور کەوتەوە لە ئەرکە سەرەکییەکەی کە گەڕانە بەشوێن جوانیدا. هەر لەو ساڵانەشەوە تێزێکی تر هاتە گۆڕەپانەکەوە ئەویش ئایا ئەدەب، یان هونەر بۆ ژیانە، یان تەنیا بۆ هونەرە و واتا تەنیا ئەرکی هونەر دەرخستنی هونەرە، یان دەرخستنی ئێش و ئازاری چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەیە کە زوڵم لێکراوان و چینی ژێردەستن. نووسەریش لەم چیرۆکەدا دەیەوێ تۆڵەی خۆی لە بزووتنەوەکەی شێخ مەحموود بکاتەوە کە زوڵمیان لێ کردووە.

بەر لەم چیرۆکە لە ساڵی (١٩١٣)دا لە بڵاوکراوەیەکدا پێماوایە ناوی (ڕۆژی کورد) بووە چیرۆکێکی بێ ناونیشان بڵاوکراوەتەوەو ناوی نووسەرەکەی (فوئاد تەمۆ)یە، بەڵام شارەزایانی بواری ئەدەبی کوردی بەسەر ئەوەدا تێدەپەڕن و یەک سەر دەچنە سەر چیرۆکی (لەخەوما)، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (فوئاد تەمۆ) کەسێکی گومناو بووەو تەنیا هەر ئەو نووسینەشی هەیەو شتی تری بەدوادا نەهاتووە، چیرۆکەکەش ناونیشانی نییەو لەڕووی زمان و تەکنیکی چیرۆکیشەوە ناگاتە (لەخەوما)ی جەمیل سائیب. ئەم چیرۆکە لە سەرەتای نووسین و بڵاوبوونەوەیەوە هەم وەک بابەتێک لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە)ی ساڵی(١٩٢٣) هەم وەک کتێبێک لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی بیستدا، تا ئێستاش قسەی زۆر لەسەر دەکرێت، قسەکردنەکە چەند لایەنێکی هەیە. هەندێک وەک یەکەمین چیرۆکی کوردی ناودێری دەکەن و هەندێکیش هەر بەچیرۆکی

نابینن و وەک پڕوپاگەندەیەک بۆ ناشیرینکردنی حوکمدارییەکەی شێخ مەحموود کە بەدنەدانی ئینگلیز نووسرابێت دەیناسێنن. ئەمەش بەو دەلیلەی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) کە چیرۆکەکەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، ئینگلیزی لەپشت بووەو خودی (جەمیل سائیب)یش لای شێخ و حوکمدارییەکەی پیاوێکی خۆشەویست نەبووە و ئەویش وەک خودی خۆی، خۆی لەهەر جۆرە هاوکاری و کۆمەکێکی حوکمدارییەکە دوور گرتووە.

ئەوەی گرنگە بۆ ئێستا و ئایندە و ئێمە و نەوەکانی داهاتووش، ئەوەیە کە پێش (جەمیل سائیب) کەسی تر هەوڵی نووسینی چیرۆکی نەداوە و زمانی بەم جۆرە بەکار نەهێناوە، لە دوای جەمیل سائیبەوە بەچەند ساڵێک (ئەحمەد موختار جاف)ی شاعیر هەوڵێکی تر دەدات و چیرۆکێک بەناوی (مەسەلەی ویژدان)ەوە دەنووسێت و بیرۆکەکەشی لە ڕووی ئینسانییەوە زۆر نزیکە لەگەڵ چیرۆکی (لەخەوما)ی جەمیل سائیب. دواتریش لەدوای دروستبوونی گۆڤاری (گەلاوێژ)ەوە چیرۆک دەبێتە پێویستییەکی سەردەم بۆ ڕۆشنبیرانی کورد. (ئیبراهیم ئەحمەد) دەبێتە پێشەنگی ئەو سەردەمە و چەند چیرۆکێکی زۆر بەرز بۆ ئەو کاتە دەنووسێت. وەک دەبینین ئێستاش چیرۆک زۆر دەنووسرێت و بڵاودەکرێتەوە، بەڵام هێشتا گرنگی و بایەخی تەواوی چیرۆک لای ئێمە دەرنەکەوتووە و نەیتوانیوە تەواو جێگە بە شیعر لەق کات. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا (لەخەوما)ی جەمیل سائیب بۆ هەموو سەردەمەکان وەک پێشەنگ دەمێنێتەوەو تا بەرەو پێشیش بچین زیاتر درەوشانەوە بەخۆوە دەبینێت، چونکە بەر لەهەر تەکنیک و هونەرێکی چیرۆکنووسی (لەخەوما) جورئەتی هەوڵدانە بۆ نووسینی چیرۆک لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئەو دەمە خوێندەوارەکانی هێندەی لاپەڕەکانی چیرۆکەکە نابێت. (لەخەوما) جورئەتی ڕەخنە گرتنە لە دەسەڵاتێک کە زۆرترین خوێنی بۆ ڕژاوە و دواتریش دڵی قوربانیانی دەڕەنجێنێ و گوێ بەهاوار و فوغانیان نادات. (لەخەوما) ئێمەی فێرکرد کە دەروێش نەبین بۆ دەسەڵاتی کوردی و پێی بڵێین: ئیتر ئێمەش مافی قسەکردنمان هەیە و دەتوانین پێت بڵێین: لەکوێدا زۆر ناشیرینی و لە جەللاد دەچی.

# بێسارانی
# لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا

**حەکیم مەلا ساڵح**
**(هەڵەبجە)**

هەموو ئەوە باش دەزانین کە نووسینی مێژووی ئەدەبی هەر گەلێک بەتایبەتی گەلی کورد کارێکی ئاستەم و پڕ لە دەردی سەری و هەوراز و نشێوە، لەگەڵ ئەمەشدا بەهەر جۆرە زەحمەتێک بووە، بنووسی گەورە دکتۆر مارف خەزنەدار چەند ساڵێکە شانی داوەتە بەر ئەم کارە دژوارە و تائێستە حەوت بەرگی بەناوی (مێژووی ئەدەبی کوردی) بەچاپ گەیاندووە. لەگەڵ هەموو ڕێز و خۆشەویستیەکمدا بۆ جەنابی دکتۆر، ڕاستە کارەکەی کارێکی ئەکادیمییە و پڕە لە زانیاری، ڕاستە بە پڕشنگی قەڵەمەکەی زۆر شوێنی نووتەکی ئەدەبیاتی ڕۆشن کردۆتەوە، ڕاستە ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیارە، ڕاستە ئەو ڕێگە سەخت و هەڵەمووتەی لەبەردەم نەوەیەکدا ئاسان و کورت کردۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە لەهەندێ شوێندا کەم و کورتی دەبینرێ بەتایبەتی لەسەر شاعیرانی هەورامی بێژ. تا ئێستە سێ وتارم لەم بارەوە نووسیوە و ئێستەش لێرەدا دەچمە سەر شاعیری کەڵ (بێسارانی) کە بەیەکێک لە شاعیرە گەورەکانی گەلەکەمان دەژمێردرێ و لەناوەندی ڕۆشنبیریماندا هەر لە مەولەوی و پیرەمێرد و گۆرانەوە تا بە ئەمڕۆ قسە و ئاماژە و باس و خواسی لەسەر کراوە و دەکرێ. جەنابی دکتۆر مارفیش لەبەرگی دووەمی مێژووی ئەدەبی کوردیدا هەژدە لاپەڕە زیاتری لەسەر نووسیوە (ل٣٩ تا ٥٧)، بەڵام لەگەڵ ڕێزمدا بە پێویستم زانی پیاچوونەوەیەکی ئەم نووسینەی دکتۆر بکەم، چونکە یەکەم کەسم کە یازدە ساڵ بەر لە ئێستە بە پشت بەستن



بێسارانی

بە شەش بە یازی باوەڕپێکراوی نایاب (٤٨٧) غەزەل و قەسیدەی ئەم شاعیرە بەچاپ بگەیەنم. ئێستەش دوای ئەم چەند ڕستەیە دەچین بەدەم سەرنج و تێبینییەکانەوە لەسەر ئەو پارچە شیعرانەی کە جەنابی دکتۆر هێناونی و لێکی داونەتەوە.

**یەکەم:**

**چلێ جەپەنا ، چلێ جەپەنا**

**چلێ چون ڕەقیب مەدران جەپەنا**

لەم بەیتەدا (مەدران) هەڵەیە و (مدران) ڕاستە بەواتای (ڕاوەستاوە)، دکتۆر (مەدران)ی بە خۆشەویست لێکداوەتەوە، وەک نووسیویەتی (چلێک وەک ڕەقیب خۆشەویستی خستۆتە پەناوە)، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە بگوترێ: چلێ دار وەک ڕەقیب لەو پەنایەدا وەستاوە.

**دووەم: هۆر ئامان مەدران نەڕووی تەمەننا.**

ڕاستییەکەی ئەوەیە بنووسرێ (هۆر ئامان مدران نەڕووی تەمەنا) بەواتای: بەرزبۆتەوە و وەستاوە بەڕووی تەمەندا.. نەک وەک ئەوەی دکتۆر نووسیویە: نایەڵێ چاوم پێی بکەوێ و بگەمە مرازم.

**سێیەم: بسۆجو ئاهیر بازەدەی سەحەر.**

(بسۆجو) هەڵەیە و (بسۆچۆ) ڕاستە، بەواتای بسووتێ. (بئاهیر) هەڵەیە (بەئایر) ڕاستە، واتای نیوە بەیتەکە دەبێتە (بسووتێ بەو ئاگرەی کە بەبای بەیانی گەشابێتەوە). نەک (با بسووتێ بەو ئاگرەی بای سەحەر هەڵیدەکا).

**چوارەم: عەزم رای ویساڵ تۆشان هانەدڵ.**

قوربان (عەزم) بەواتای (نیاز)ە نەک ئارەزوو!! شاعیر دەڵێ: نیازی ڕێگای گەیشتن بە تۆیان لەدڵدایە. نەک: ئارەزووی دیتنی تۆ کەوتە دڵیان.

**پێنجەم: چ دەستە؟ دەستەی زگاران بەستە.**

واتە: چ چەپکێ؟ چەپکێ کە بەخەم بەسترابێ. نەک: لەخزمەتی تۆدان بەدەست بەستەیی.

**شەشەم: هەرسێم یە ئاورد چون خاکساران.**

واتە: هەرسێکیانم وەک هەژار و بێچارە هێنا. نەک هەر سێکیانم بە دیل هێنایە خزمەتت!

**حەوتەم: هەریەک وایەی ویم وەچەم مەداران.**

(ویم) هەڵەیە (ویش) ڕاستە بەواتای خۆی. شاعیر دەڵێ: هەریەکە و چاوەڕێی ئامانجی خۆیەتی.. نەک: دەیانەوێ کڕنووشت بۆ ببەن!!

**هەشتەم: پەڕوباڵ نەدەور زوڵمات مەشانۆ.**

واتە: پەڕوباڵ لەدەوری تاریکی دەوەشێنێ. نەک: هەموو شتێک لەدەورم تاریک دادێت.

**نۆیەم: هەر سەردێ پەرێش مەبۆ بە گەردێ.**

لەباتی (گەردێ) (دەردێ) ڕاستە، ئەوکاتە واتاکەی دەبێتە: هەر قسەیەکی سارد بۆی دەبێ بە دەردێ. نەک: ئەو قسەیە وەک نەشتەرێک دڵی دەسمێ.

**دەیەم: هەر کەس مەکەرۆ غەریب نەوازی.**

بەڕێزم (غەریب نەوازی) بەواتای (غەریبی خۆش بوێ) نایەت، بەڵکو بەواتای: غەریب بلاوێنێتەوە، یان دڵی غەریب بداتەوە، دێت.

**یازدەیەم، پەی وێش مەسازۆ جایێ جەجەننەت**

(پەی وێش مـەسـازۆ) واتە: بۆ خـۆی چێ دەكـات. نەک: پاداشـتی ئەوەیە. واتاكـەی دەبێـتـە: جێـیـەک لە بەهەشتدا بۆ خۆی چێ دەكات، یا ساز و ئامادە دەكات.

**دوازدەیەم:**

**پەی چی مەواچان حیجاب خاس نیەن**
**جەئافتاو خاستەر كەسێ كێ دیەن؟**

واتە: بۆچی دەڵێن پەچە باش نییە، ئەی كەی كەسێک لەخۆر باشتری بینیوە؟ مەبەستی ئەوەیە ئەگەر پەچە باش بوایە، ئەوە خـۆریش دەیپـۆشی. كـەچی لە واتای ئەم بەیتـەدا دكـتـۆر نووسـیـویە: ئەگـەر پەچە شتـێكی چاكی نەبوایە، چی لە ڕۆژ چاكتر بەدی دەكرا.

**سێزدەیەم: پەڕوباڵ سفتەی دین خاسانیم**

واتە: پەڕوباڵ سـووتاوی دیتنی پیـاوچاكـانین.. نەک (پەڕوباڵ كراوی ئاییینی پاكین).

(سفتە) بە واتای (سووتاو) دێت و (خاسان)یش بە واتای (پیاوچاكان) و (دین)یش (دیتن)ە نەک ئایین.

**چواردەیەم: ئەرتۆ پاكەنی جەكێ پاكتەن.**

(پاكتەن) هەڵەیە (باكتەن) ڕاستە بەواتای (باكت). بەم پێیە واتاكەی دەبێتە: ئەگەر تۆ پاكیت باكت لەكێ هەیە؟ لەنێـوان پاک و باكـدا جـیناس هەیە. دكـتـۆر نووسیویە: ئەگەر تۆ پاک نەبی كێ پاكە!!.

**پازدەیەم: پای گوڵ ئەندامم مەدەرۆ ئازار**

واتە: پێی گـوڵئەندامـەكەم- خۆشەویسـتـەكەم- ئازار دەدات. نەک: ئازار مەگەیەنە پێی لەگوڵ ناسكترم.

**شازدەیەم: من پەی مژەی خار یەخەیلێ وەختەن**

واتە: من دەمێكە بەو بژرانگە دڕكاویە یا وەک دڕكە. نەک: بەبرژانگی تیژ من بەختەوەرم.

**حەڤدەیەم:**

**شەو و ڕۆ نەڕات پەرێ ئی سەودا**
**یەک یەک بینێ شكستەی مەودا.**

(بینێ) هەڵەیە (بیـەنی) ڕاسـتە. واتای بەیـتەكە بەم شـێـوەیەیە: شـەو و ڕۆژ لەڕێتـا بۆ ئەم سـەودایە، یەک بەیەک برژانگەكانم بوونەتە نووكی نەشتەری شكاو. ئەم بەیتە لای دكـتۆر وەها لێكدراوەتەوە: با زۆر تیژیش بێ بۆ پێی تۆ نەرمە، بۆ مەڵحەم كردنی لاشەت دڵ گەرمە.

**هەژدەیەم: سەحەر مەزانی بالاّ زەڕ ستوون.**

واتە: بەیانی دەزانیت ئەی بالاّ وەک سـتـوونی لەزێڕ دروستكراو. لای دكتۆر نووسراوە: كە پێت بەرز كردەوە بنواڕە چەندە جوانە.

**نۆزدەیەم:** لەلاپەڕە (٤٩- ٥٠)دا شـیـعـری [تەرسا بەردەنم]ی بڵاوكـردۆتەوە، هەمـان شـیـعـری لە بەرگی سێیەمیشدا بەشێوەی (فەلەک بەردەنم) بەناوی ئەحمەد بەگی كـۆمـاسـیـیـەوە تۆمـار كـردووە. بڕوانە بەرگی سێ لاپەڕە (٣٢٥). نازانم دكـتـۆر چۆن ئەمـەی بەسـەردا تێپەڕیوە؟! لە ڕاستیدا شیعرەكە شیعری (بێسارانی)یە، چونكە مەولەوی تاوگۆزی سێ بەیتی لەم شیعرە بەشێوەی تێـهـەڵكێش گـواسـتـۆتەوە بۆ ناو شـیـعـرێكی خـۆی و ئاماژەشی بەوە كردووە كە شیعری بێسارانییە. ئەوەتا بەرلەوەی سێ بەیتەكەی بێسارانی بێنێت دەڵێ:

**نەوات وێرانەی دڵ كەرۆ ئاوا**
**چەنی بەستەی فەرد بێساران ماوا.**

ئەمـە لەلایەک و لەلایەكی دیكەوە ئەگـەر شـیـعـری كـۆمـاسی بوایە ئەوە مـەولەوی لە هەمـوو كـەس باشـتـر دەیزانی، چونكە مـەولەوی و كـۆمـاسی هاوڕێی گـیـانی بەگـیـانی تەمەنێكن و بەتەواوی ئاگایان لە شیعری یەكتر بووە، جگە لەمـەش لەدیوانی مـەولەویدا دیارە كـە بەدەسـتنووس دیوانی بێـسـارانی خـوێندۆتەوە، بۆیە لە چەند شـوێنێكی دیكەشدا ئامـاژەی پێكردووە و بەیتـە شیعری تری لێ تێهەڵكێش كردووە.

دكـتۆر لە لێكدانەوەی زۆر وشـەی ناو ئەم شـیـعـرەشدا نەی پێكاوە، وەكو:

أ- (تەرسـا بەردەنم) نووسـیـویە (گـاور- تەرسـا- بووم)، بەڵام ڕاسـتـیـیـەكەی ئەوەیە بگوترێ: بۆ گـاور یا تەرسام بردووە.

ب- (راسەن سـوجدەی دەیر تەرسا بەردەنم) نووسراوە (ڕاستە لەدێر سوجدەم برد و گاوور بووم) دەبێ بگوترێ (ڕاستە كڕنووشم بۆ دێری گاور بردووە).

پ- (تەجدیدی مەزهەب بەعیسا کەردەنم) واتە: مەزهەبی عیسام تازە کردەوە، نەک وەک ئەوەی دکتۆر نووسیویە: مەزهەبی عیسام کرد بە مەزهەبی خۆم. تەجدید= تازەکردنەوە.

ت- (وادەی پیریمەن باوانم نۆبە) واتە: کاتی پیریمە و سەرەم هاتووە. نەک: کاتی پیریم سەردەمی تۆبەیە.

ج- (نۆبەی تۆ بەمەن کەرەمدار تۆبە). واتە: سەرەی تۆبە کردنمە کەرەمدار= ئەی خودا- تۆبە. نەک: کەرەمی تۆ بۆ من تۆبە بوو.

چ- (ئومێدم بە تۆن وەنەم نەگیری) واتە: هیوام بەتۆیە کە لێم نەگریت. نەک بەهیوام وایە لە گوناهم خۆش بی.

ح- (بویەری جەجرم وادەی کەم ویری) واتە: تێپەڕی بەسەر گوناهی کەم فامیمدا. نەک: گوناهی سەردەمی نەزانیم.

**بیستەم: هەریەند مەکەروون جامەتەن چاک چاک**

دکتۆر لە لێکدانەوەی ئەم نیوەبەیتەدا نووسیویە: هەر خەریکی دادڕینی یەخەی خۆمم، بەڵام لە ڕاستیدا دەبێ بگوترێ: ئەوەندە پۆشاکی بەرم شڕو وڕ کردووە.

**بیست و یەکەم: مەنیشۆ وە عەرش دوودی ئاهی سەرد.**

بۆ لێکدانەوەی نووسیویە: هیچی وای نەماوە عەرش لەدووکەڵی ئاهی ساردم، بەڵام دەبێ بگوترێ؛ دووکەڵی ئاهی ساردم دەنیشێتە سەر عەرش.

**بیست و دووەم: وەختەن جە ئاهم گەردوون بۆ وەگەرد.**

واتە: وەختە لەتاو ئاهم گەردوون ببێ بە تۆز و گەرد. نەک: وەختە لەو ئاهەم گەردوون بلەرزێ. قوربان (بۆ وەگەرد) بەواتای ببێ بە تۆز و گەرد دێ نەک (بلەرزێ) لە هەورامیدا بۆ (بلەرزێ) دەگوترێ (بلەرزۆ).

**بیست و سێیەم: وەرنە جەدەروون پڕ دەردی زامەت.**

واتە: ئەگینا لەتاو دەروونی پڕ لە دەردی زەحمەتم. نەک؛ ئەگەر نە دەروون پڕ لەژان و برینە.

**بیست و چوارەم: ئایروارانەن تا ڕۆی قیامەت.**

واتە: تا ڕۆژی قیامەت ئاگر بارانە. نەک: تا ڕۆژی قیامەت بەردەوامە.

**بیست و پێنجەم:** لە پارچە شیعری (چراغ کەی بۆ کەی)دا پێویستە واتای ئەم وشانە بەم شێوە بێت.

١- زامن= وڵات، هەرێم. نەک (ڕێگە).

٢- کەردم تەی= بڕیم (ڕێگا بڕین). نەک (دی).

٣- دەریای بێ شامان= دەریای بێ سنوور. نەک: زەریای بێ شەپۆل.

٤- پەردەی تەن شکافت= پەردەی لاشەمی دڕی. نەک: لەپەڕەی جیگەرمدا.

٥- سالیۆەی= ئەی شێتی. نەک: هەمیشە.

٦- بێ رام= بێ ئارام. نەک: بێ وێڵی.

**بیست و شەشەم:** مەر پەڕێ کاغەز بڕیان جەشاران= مەگەر پەڕەیەک کاغەز لەشاران بڕاوە. نەک: نامە ناردن لەشاران نەماوە.

**بیست و حەوتەم:** سیاش بکەری پەی دەردەداران= ڕەشی بکەیتەوە بۆ دەردەداران. نەک: هەموو شت ڕەش دەکاتەوە وەک دەردەداران.

**بیست و هەشتەم: یاخۆ عارتەن دۆست وەیاد کەردەن=** یا بەنەنگی دەزانن یادی دۆست بکەنەوە، نەک: یا کردەوەتانە دۆست لەیاد بکەن.

**بیست و نۆیەم: ئەسرین جەدیدەی خەرامانی تۆ جەسەر بتکیۆ بگنۆ وەگڵکۆ.**

واتە: فرمێسک لەچاوی بە خەمزەتەوە لەسەرەوە بتکێت و بکەوێتە سەر گۆڕەکەم. نەک: فرمێسک لەچاوی خومارتەوە وەک شەونم بتکێتە سەر گۆڕم.

یەکەم: خەرامان بەواتای خەمزە و ناز دێ نەک(خومار). دووەم: وشەی شەونم لە شیعرەکەدا نییە.

# ئەو بلیمەتانەی خۆیان کوشت

فەرهاد پیربال

**بە پیری مەرگەوە فرسەخ بە فرسەخ ڕۆییون مەردان**
**ئەوی باکی لە مردن بێ دیارە بڵح و نامەردە**
**(مەحوی)**

نووسەری سالانی (١٩٣٠- ١٩٥٠)، ئارتۆر کۆستلەر، لەگەڵ خێزانەکەی، سیشیا، پێکەوە لە نیوەشەوێکدا، دوای ئەوەی وەک هەر ژن و مێردێکی ئاسایی شەوێکی ئاسایی ژیانی خۆیان بەسەر دەبەن؛ لەناکاو بڕیار دەدەن دەچن دوو پەرداخی پڕ ژەهر دەخەنە سەر دەمی خۆیانەوە و.. ماڵئاوایی لە دنیا دەکەن. چونکە هەردووکیان تووشی نەخۆشییەکی کوشندە هاتبوون. کۆستلەر پێش ئەم ڕووداوە دەیگوت: «ژیانی نەخۆشی کابووسێکی ڕەزاگرانە، بەڵام خۆکوشتن هیچ زیان و کابووسێکی نییە».

هاوشێوەی ئەم خۆکوشتنە پێکەوەییە لای نووسەری ناودار هنریش کلایست و ژنەکەیشی (هنریتا ڤۆگڵ) دەبینین کە ئەوانیش هەردووکیان تووشی نەخۆشی شێرپەنجە هاتبوون و لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٨١١ پێکەوە لەناو هوتێلێکی قەراغ دەریایەک لە شاری پۆتسدام لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا هەر یەکەیان لە عەینەن چرکەدا گوللەیەکیان نا بە سەری خۆیانەوە و کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا.

چیرۆکنووسی هاوڕێم، سەروەر ئەحمەد، کە تەنیا یەک کۆمەڵەچیرۆکی بە ناوونیشانی (دخان الغرفة) لەدوا بەجێما و خەڵکی هەولێری سالانی حەفتا و سەرەتای

هەشتاکان بوو، بە هەمان شێوەی کۆستلەر و کلایست، لە ساڵی (١٩٨٥) خۆی و دەزگیرانەکەی، بەیان خان، کە خەڵکی سلێمانی بوو؛ لە بەغدا، پێکەوە دەچنە سەر ڕووباری (دیجلە)، ناسنامە و هەندێ بەڵگەنامەی دیکەیان لە قەراغ دیجلە جێدەهێڵن و پێکەوە دەخزێنە ناو ڕووباری دیجلەوە و خواحافیزی تا هەتایە لە دنیا دەکەن.

بەڵام لەناو نووسەرانی کورددا، وابزانم پێش سەروەر ئەحمەدی چیرۆکنووس، ئەحمەد نالبەندی شاعیری مەڵبەندی بادینان دەبێتە یەکەمین شاعیری کورد کە خۆی کوشتبێ. دەڵێن: «مووسێکی تیژی بە دەماری مەچەکی خۆیدا هێناوە و تا مردووە هەر خوێنی لەبەر ڕۆیشتووە».(١)

سیسۆ بافیس، ڕۆماننووس و ڕەخنەگری ئیتاڵی کە جارێک نووسیبووی «من تێناگەم بۆچی مرۆڤ خۆی شێوە و ڕێگای تایبەتی مردنی خۆی هەڵنابژێری لەجیاتی مردن بەبێ خواستی خۆی»، ئەویش لە سەرەتای ساڵی (١٩٥٠) بە پەرداخە ژەهرێک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنابوو.

یازدە ساڵ دوای ئەم ڕووداوە، لە (١٩٦١) هەواڵی خۆکوشتنی ڕۆماننووسی ئەمریکایی، ئێرنست هەمنگوای، هەموو ناوەندە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکانی جیهانی هەژاند.. ئەو ڕۆماننووسەی لە چەندین جەنگی جۆراوجۆری ئەورووپا و ئەمریکا بەشداری کردبوو، لە دەیان عەشق هەستابۆوە، شەیدای ڕاو و شکار و ماسیگرتنی قەراغ دەریاکان، دەیان جار بریندار ببوو، سەدان سەفەری کردبوو، خاوەن چەندین ڕۆمانی ناودار بوو کە موغامەرە و جەربەزەییەکانی خۆی و نەوەی خۆیانی تێدا گێڕابۆوە: ماڵئاوا لە چەک، پیرەمێرد و زەریا، زەنگەکان بۆ کێ لێ دەدرێن، بەفری کلیمەنجارۆ.

هەمنگوای، کە خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئەدەبیات وەرگرتبوو، گوللەیەکی نابوو بەناو دەمی خۆیەوە و لەسەر سیسەمی ژوورەکەی خۆیدا، بەیانییەک شەڵاڵی ناو خوێنی خۆی دۆزیبوویانەوە: بێ ئەوەی ئێستاش بزانن هۆی ئەم خۆکوشتنەی چی بوو؟!

تادۆس ترۆل نووسەرێکی دیکە کە لە تەمەنی (٦٦) ساڵیدا بە قووتدانی چەند دەنکە ڤالیۆمێک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنابوو. لە کاتی قووتدانی ئەم حەبانە، پێش ئەوەی ڕۆحی دەربچێ، لەسەر سیسەمەکەی ڕاکشابوو، چەپکە گوڵێکی لەسەر سنگی خۆی دانابوو و لەسەر کاغەزێکیش کە لەتەنیشت خۆی دانابوو نووسیبووی: «خۆشەویستانم.. ڕۆژێک پێش ئەوەی کۆتایی بە ژیانم بێنم، ڕقم زۆر لە نەریتی ناشتنی خۆم هەڵسا، بۆیە تەنیا چاڵێکم بۆ هەڵبکەنن و هەندێ خۆڵم بەسەر دابکەن، بەڵام با دەستەکانم لەوێ ئازاد بمێننەوە..».

نووسەری ناودار ژان ئێمری، ماوەیەکی زۆر بوو بەدوای ئەوەدا دەگەڕا چۆن خۆی بکوژێ. لە (١٩٧٦) کتێبێک بە ناوونیشانی (گفتوگۆیەک لەبارەی خۆکوشتن) دەنووسێت و چەند مانگێک دواتر لە ژووری ناو هوتێلێکی سالزبۆرگ دەروونی خۆی پڕ دەکا لە ژەهر.

واڵتەر بنیامین، فەیلەسووفی ناودار، لە مەنفا، کە لە ساڵانی (١٩٤٠) لەدەست نازییەکانی هیتلەر ڕایکردبوو، داوای لە ئارتۆر کۆستلەر کردبوو کە یارمەتی بدات چۆن ڕزگاری بێت لەو غارەغارەی کە بەدەست نازییەکانەوە هەر ڕۆژێک خۆی لە شارێک دەشاردەوە. کۆستلەریش مشتێک ژەهری بۆ هێنابوو پێی گوتبوو «ئەمەتا ئەم مشتە ژەهرە دڵی ڕەشەولاغێکیش ڕادەوەستێنێ. هانێ». دوای چەند سەعاتێک، واڵتەر بنیامین توانی تا هەتایە لەدەست خۆشاردنەوەی بەردەوامی خۆی لەدەست نازییەکان ڕزگاری ببێت.

ستیڤان زڤایج، ڕۆماننووسی نەمسایی بە ئەسڵ جوولەکە، کە دەیان ڕۆمانی ناوداری جوانی هەیە، ئەویش لەدوای غارەغار و ئازارێکی زۆر بەدەست نازییەکانەوە؛ لە ساڵی (١٩٤٢) لە مەنفا، لە بەڕازیل، دوای گەڕانەوەی لە کەرنەڤاڵێک، لە قەراغێکی شاری ڕیۆدیۆ جانیرۆ، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا: شووشەیەکی پڕ لە ژەهری نابوو بەسەر دەمی خۆیەوە.

پێش خۆکوشتنی ستیڤان زڤایج بە ساڵێک، ڕۆماننووسی ناوداری بریتانی، ڤێرژینیا وۆڵف، کە ژنێکی گەلێک نازدار و خانەدانیش بوو، مۆڵەتێکی کارکردنی وەرگرتبوو و چووبووە قەراغ دەریا. ڕۆژێک بەئارامی و بێدەنگ خۆی نقوومی ناو دەریا دەکات بەشێوەیەک کە تاکو ئەمڕۆش هەر نەهاتە دەرەوە. پێش ئەم ڕووداوەش ڕۆمانێکی نووسیبوو لەبارەی دەریا بە ناوونیشانی (شەپۆلەکان).

ڕۆماننووسێکی خاوەن دەیان ڕۆمانی ناودار، پیاوێکی

ئەمـــریکایـی و  پۆلاینن و ئازای وەک (ژاک لەندەن) کـە خـاوەن (پاژنە ئاسنینەکـان) بوو.. ئەدی ئەو بۆچی لە ئێــوارەیەکی ســاڵی (۱۹۱٦)دا لە کـالیـفـۆرنیـا لەناو باخـچەکـەی مـاڵی خۆیاندا پاڵی لێدایەوە و مـشـتـێک ژەهری خـــســـتــــە ناو دەمی خـــۆیەوە و  تا هەتایە هەڵنەستایەوە؟!

لە هەمـــوو ئەم خـــۆکـــوشـــتننانە نادیارتر و ئاڵۆزتر، خۆکوشتنی شاعـیـری فوتووریست و نوێخـوازی ڕووس (ڤـلادیمیر مـایاکـۆفـسکی)یە، کـە لە سـاڵی (۱۹۳۰) لەسەر جادەیەک لە ناوەڕاستی شاری مۆسکۆ گوللەیەکی نابوو بە کەللەسەری خۆیەوە.

لەناو شـاعــیـرە ڕووسـەکـان، سێـرگی یەسـینین، کـە شاعیرێکی نوێخوازی دیکە و ڕۆمانسی گوندنشین بوو و هاتبـــوو لەناو هەرا و جــەنجــاڵی شـاردا بژی، تووشی نائومـێـدی و فـیـگاری هاتبـوو؛ پێش مـایکۆفسکی بە چەند ساڵێک، بە هەمان شێوە بەدەستی خۆی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنابوو.

باشـە.. ئاخـر.. ئەو هەمـوو نـووسـەر و هونەرمـەندانەی خۆیان دەکوژن؛ چ هۆکارێک، چ نهـێنی و فـەلسـەفـەیەک لە خۆکوشتنیاندا حەشار دراوە؟

شـاعـیـری ئیـسـپـانی ڕۆبین داریۆ؛ شاعـیـری ئیـتـاڵی چێـزەرە پاوزێ؛ شـاعـیـر و چیـرۆکنووسی ئەمـریکایی ڕیشارد براتیگان؛ چیرۆکنووسی ئێرانی سادق هیدایەت؛ ژنەشاعـیری ئەمریکایی سیلڤیـا پلات؛ نیگارکـێشی فەرەنسی مۆدیلیانی؛ شانۆنامەنووسی فەرەنسی بۆریس ڤیـان؛ هونەرمـەندی ناوداری ئەمریکایی مارلین مۆنرۆ؛ شـاعــــیـری فــەرەنسی ژیرار دو نێــرڤـال کــە لەبەر شەستەبارانێکی زۆر توندا پەتێکی خستە ملی خۆیەوە و خـۆی هەڵواسی... هەمـوو ئەمـانە و دەیان نووسـەر و سیاسـەتمەداری ناودار و هونەرمـەند و بلیـمـەتی دیکە چ نهێنییەک لە خۆکوشتنیاندا هەبوو؟ بۆچی؟

ئایا دڵـمــان بێ، لەڕووی ئەو بلیــمــەتە بەئەخـلاق و شکۆمەند و یاخییە بەشەردۆستانەدا بڵێین: خۆکوشتن هەڵوێـسـتـێکی بێ ئەخلاقـیـیـە، جۆرێکە لە جۆرەکـانی ڕازیبـــوون بەوەی کــە دنیــا هەر لەژێر دەســتی گــەوج و دیکتاتۆرەکاندا بمێنێتەوە!؟

یانیش بەڕاسـتی: خـۆکوشتن جـۆرێکە لە هەڵوێست و تووڕەیی و دەربڕین و شەرمەزارکردنی دنیا؟

**(۱) وەک لە وتارێکی دیکەی ژمـارە (۱۲٦)ی گۆڤـارەکـەمـان سەبارەت بە (ڕۆڵی نالبەند لە پەرەسەندنی شیعری دیداکتیکی کوردیدا) هاتووە نالبەند بە مووس دەماری مەچەکی خۆی نەبڕیوە، بەڵکو بە چەقۆ سکی خۆی هەڵدڕیوە.**

**(ڕامان)**

# بۆچوونەکانی من سەبارەت بە شیعری ئاشقانە

کەرەسەی گوتنی شیعری ئاشقانە، تەنیا هەر ئەویندار بوون نییە، بەڵکو دەبێ شیعرەکەش ئەویندارانە بگوترێ، واتە خولیا و شەیدایی بۆ دلبەر، دەبێ ڕۆحی خۆی بە هەموو هێز و تواناوە لە شەیدایی بۆ وشەکانیش نیشان بدات.

خولیایی شاعیریش سەبارەت بە دلبەر، پێویستی بە فەخرێک هەیە لەناو خەرمانەیەکی خۆ بە کەم زانیندا. شانازی بەخۆتەوە دەکەی، بەرز و گەورە دەبیت، یان بەم شێوەیە خۆت دەبینی. بەسەر ئەوەشدا، لە حاند دلبەردا کە لە ڕوانگەی شاعیری ئەویندارەوە، ئەوپەڕی جوانییە، خۆت لەخاک و خۆڵیش بەکەمتر دەزانی، چونکە ئەوین خۆ بەکەم زانینی دەوێ. هەتا ڕوانین لە تەواوی بوونەوەرەکانی زاڵ بەسەر دلبەردا (وەکو هەوا، باڵندە و ئاسمان و گیا) لەخولیایی خۆ بەکەم زانیندا، کۆ بێتەوە.

شیعری ئاشقانە ئەگەر ئەویندارانەش بگوترێ، تەقینەوەی ئەم خولیایی و خۆ بەکەم زانینانەیە، لە پانتایی وشە و کەلامدا. دلبەر تەنیا ئا بەم جۆرە دەچێتە خەرمانەی مەزنییەوە و هەردوو دەستی لەتوێی شیعرەکەدا، دەنێتە ژێر چەناگەی و لەناو خەرمانەی ئەم نوورە شکۆدارە لێت دەڕوانێ. شیعری ئاشقانە، بەبێ ئەم شکۆ گشتییە پووشێک ناهێنێ، چونکە ئەوینی بەڕاستی، ئەوینی هەڕەتی لاوی، تەژی زانیاری سووتاو و خۆ کەم گرتن. لە چوارچێوەی وشەی ئەشقدا، لە مووی سەری دلبەرەوە تا پەنجەی پێی، هۆی شکۆی دلبەر پێکدێنێ. مەبەست لە ئەوینی ڕاستەقینە، کایە و یاری و ڕۆمانتیکی و ئەتوار دەرێنانی بێ کێش و ئاهەنگ و

**ڕەزا بەراهەنی**
**لە فارسییەوە: کەریم حیکمەتی**
**(بۆکان)**

دووره خوليا و شێتی نییه.

تۆرانی دەق گرتووی ئەو نابالغانەش، مەبەست نییە، وا لە باری لەش و هەستەوە هەنووکە هەر ساویلکەن.

لە شیعری ئاشقانەدا، وشەکان دەبنە ئەویندارى یەکتر، لەیەک جیانابنەوە. لە دەوری یەکتر دەگەڕێن. دەنگەکان عەودالی یەکن، لەگەڵ یەکدا هەڵدەپەڕن، لە پانتاییەکی ڕووناک و بزاودا، دەچنە ناخی یەکترەوە.

تونودتیژی لەدنیای وشەکاندا نییە و وشەکان بەوپەڕی خۆ بە کەم زانینەوە، خاکی بەرپای، دلبەرەکەیان، ماچ دەکەن، بەم چەشنە کیژ و لاوان ئەم قۆناخە جێ دێڵن و بەرەو دنیای ژنێتی و پیاوەتی هەنگاو دەنێن. مرۆڤ دەسووتێت، لە خەرمانەی ئەو تیشکەی وا مرۆڤ دەیەوێ بەسەر تەواوی دنیادا زاڵ بێت، ئەو نوورەی دەیەوێ بەجوانی خۆی، شەهیدانە خۆ دەرنەخات، چون ئەم نوورە لە نووتەکترین چاڵەکانیشدا وەکو چاڵەکانی ئەم سەردەمە دێتە هانای مرۆڤەکانی سەر زەوی. هەڵبەت نابێ لەبیر بچێت کە من لەو شیعرە ئاشقانە دەدوێم، کە ئاشقانەش نووسراون، چونکە شاعیری ئەویندار، لە ڕادە بەدەر مرۆڤە، تەنیا ئا بەم شێوە، وشەکان دەبنە ئاشقە و ماشقە.

کاتێ خوێنەر، هەست بەو ئاشقە و ماشقە بوونی وشە نەکات، ئەوە شیعرێکی ئاشقانە نەخوڵقاوە، یان چڵەپووشێک ناهێنێ. کەوا بوو وشە دەشێ ئەویندارى یەک بن، تا بتوانن دەینی خۆیان بەجێ بێنن، چونکە پاش تەواوبوونی شیعرەکە، ئەوکاتەی کە هەر وشەکان ماونەتەوە خوێنەر بەم وشانەدا بۆن دەکا کە شاعیرەکە ئاشق بووە، یان هێشتاش ئەویندارە، ئەگەر وشەکان وەها نەبن، خوێنەر چۆن هەست بەمە بکات؟

شیعری ئاشقانە ئەو شیعرەیە کە شاعیرە ئاشقەکەی پاش تەواو بوونی شیعرەکە، بەچاوی بەغیلییەوە تەماشای دەکا و بەخۆی دەڵێ: بۆچی ئەم وشانە هێندە لە دلبەر نزیکن و ئەمن دوور؟

لەوانەیە ئەمە بەلای هەموو شاعیرێکی ئاشقەوە، وەک زیان و خەسارەتێک بێتە ئەژمار، چونکە پاش تەواو بوونی شیعرەکە، شاعیر دەبینێ وشەگەلێکی زۆر لە قوژبنێکی زماندا، لێکتر کۆبوونەتەوە (وەک ئەو پەلەوەرانەی لەسەر دارێک خڕ دەبنەوە) لەگەڵ یەکتر، خەڵوەتێکی کێشەدار و ئاشقانەیان پێکهێناوە، وەک ئەوەی وشە ئاشقەکان، دلبەریان لە ئامێز گرتبێ و ئەویش هەموو دڵدانەوە و گەڕانەکانی دەست و چاوی خۆی، ڕژاندبێتە هاتوچۆی وشەکانەوە.

دلبەر، وشەکانی گەورە کردووە، ئاوسی کردوون، پەرەی داون و گشت ڕۆحییەی جوانی و خۆشەویستی خۆی پێداون، ئاخۆ ئەمە لە ڕوانگەی شاعیری دڵدارەوە خەسارەت و زەرەر نییە؟ ئاخر شاعیری ئەویندار، دوای تەواو کردنی شیعرەکەی، لە شیعرەکە جوێ بووەتەوە، بەخەڵک و وشەی سپاردووە و ئیتر ئەوە وشەکانن لەجێی شاعیر ئاشقە و ماشقەن، وەک ئەوەی کە شاعیر ڕۆڵی دەلالی گێڕابێ و دلبەرەکەی، بە وشەکان سپاردبێ، واتە وشەکانی کردبێتە ئەویندارى دلبەر و بۆ خۆی تەریک کەوتبێتەوە. هەرچەندە کە ئەم بارودۆخە کەم خایەنە، بەڵام ئاخۆ ئەم هەلومەرجە کەم خایەنەش بۆ ئەو خەسارەتێک نییە؟ بەڵێ خەسارەتە، بەڵام هەرگیز نابێ ببێتە جێی داخی شاعیر، چونکە ئەمە ئەوپەڕی خۆ بە کەم زانینی شاعیرە. ئەگەر شاعیر جاروبار، خۆی لە مەیدانی ئەشقەکەی دووردەخاتەوە و دێڵێ وشەکان جێگاکەی بۆ پڕکەنەوە ئەمە نەک تەنیا خۆ بەکەم زانین، بەڵکو ئەوپەڕی بەخشندەییشە، شاعیری ئەویندار نابێ لە بەخشندەیی خۆی بدوێ، هەرچەند جاری وایە بەخشندەیی و خۆ بەکەم زانین هەر یەکن، بەڵام شاعیر نابێ قەت باسی بەخشندەیی خۆی بکا. چۆن بەخشندەیی خۆڵەمێش هیچ نییە تا بەخشندەیی شاعیری ئاشق، شتێک بێت، ئەویش شاعیرێکی ئەویندار کە لە خۆڵەمێش کەمترە (لەحاند دلبەردا خۆ بە کەمتر دەزانێ)

کاتێ وشەکان ئەویندارى دلبەر دەکەن نابێ داخ و کەسەر، دڵی شاعیری ئاشق داگرێ، چونکە ئەو جوانی ڕابردووی گواستووەتە داهاتووەوە و ئەوینی کۆنی هێناوەتە ئێستا و ناو ئایندەوە.

دەستە گوشراوەکانی ڕابردووی کردووە بەو دەستانەی کە لە داهاتووشدا دەکرێ بگوشرێن، واتە مێژووی تایبەتی خۆی کردووە بە مێژووی داهاتووی جوانی.

بۆی هەیە شاعیری ئاشق لە بەغیلیدا بسووتێ، کە لەمەڕ چی دلبەرەکەی پێوەندی بەکات و شوێنی جۆراوجۆرەوە هەیە، بەڵام پاداشتی شیعری ئەویندارانە، لە ڕزگاری ڕۆحی شاعیرەکەیدا نییە، بەڵکو لە ڕزگار بوونی ڕۆحی بێ تاوانی مرۆڤایەتیدایە، لەمەڕ دەستەبەر

کردنی جوانییەکان. جوانییەکی ڕاستەقینە نەک خەیاڵی، ڕاستەقینەیەک لەخەیاڵ، چونکە ئەگەر دلبەری ئێستا و ڕابردووی شاعیر (قەرزکراو) بەهەنگاوی موبارەکی داهاتوو بڕازێنێتەوە. ئەوسا هەر مرۆڤێک، وێنەیەک لە دیمەنی دەگمەنی دلبەر، لە خەیاڵیدا بکێشێتەوە، یان ئەگەر دلبەر بە چەترێکەوە لەکاکێشانی پڕشنگدار لەم لای دیواری ئێستاوە بەرەو دیواری ئێستا- داهاتوو- بچێت، ئاخۆ داهاتوو، تەرحێکی بەرچاومان لەشکۆی دلبەر پیشان نادات؟ ئاخۆ شاعیری ئەویندار، بەنووسینی شیعری ئاشقانە و ئاشقانە شیعر نووسین، نابێتە هۆی ڕزگاری مرۆڤی دوارۆژ؟ ئاخۆ بەم چەشنە نابێتە خولقێنەری ڕۆحی داهاتووی مرۆڤایەتی؟

شاعیری سەوداسەر دیمەنی دلبەرەکەی ڕابردووی، دێنێتە داهاتووەوە و ئەمەش لەهێندێک لە قۆناخەکانی مێژوویی ڕۆحی مرۆڤایەتیدا، مەزنترین هاریکارە، کە شاعیرێک دەتوانێ بە مرۆڤایەتی بکات، چونکە لەهەر ڕوانگەیەکەوە بڕوانین وا جوانترە لەجێی دیمەنی دزێوی، خوێن ڕێژانێکی وەک چەنگیز و هۆلاکۆ و.. دیمەنی جوان بەشکۆی دلبەرەکەی حافز لە یادی داهاتواندا بمێنێت.

مێژوو دەبێ ڕۆحی دلبەر (معشوق) لە بیر و زەینی خەڵکدا پەروەردە بکا، نەک دزێوی و سەرەڕۆییە لە ڕادەبەدەرەکانی هێتلەر و مۆسۆلینی و ستالین و فرانکۆ.

هەر لەم ڕوانگەوەیە کە شیعری دڵداری (کە لەسەرێکەوە تایبەتیترین شیعری دنیایە) خۆڕسک دەبێتە چەشنێک شیعری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و مێژوویی. بۆیە بناغەی شیعری ئاشقانە، ڕێزنان لە دیمەنێکی مەزنە، ئەو دیمەنەی ڕووناکی بە ئاوێنە بەخشیوە.

شیعری ئاشقانە بەو مەرجەی ئاشقانەش گوترابێ، وەک نزیکی و گەرموگوڕی نێوان دوو ئینسان وایە. شاعیری ئەویندار بچێ بۆ هەر لایەک ئەو دیمەنە بەڕێز و شکۆش لەگەڵ خۆی دەبات. ئەم دیمەنە، ڕێگا و شوێن دیاری دەکا و خەت و شوێنەکان دەگۆڕێ. وەک چیای قەراخ شەقام، کە لە تەنیشت جادەکەوە ڕاوەستاوە و لەگەڵ درێژەی جادەکە، ئەم چیایەش درێژەی هەیە، شاعیری ئاشق لەسەر ئەم جادەیە موسافیرە و قەت چیاکە لەیاد ناکات. سروشت دەبێتە ئاسەوار و نیشانەی دلبەر، هەر کام لەم شتانە خۆ جوان دەکەن تا لە ئاوێنەی دیمەنی دلبەردا، خۆ بڕازێنێتەوە. بەسەر ئەمەشدا زەریا لە ئاست چاوی دلبەردا تنۆکێکە و ئاسمان جیلوەیەکی بزووتنەوەی دەستی ئەوە و دارستانیش لە ئاستی نیگای دلبەردا شەرمەزارە، چونکە ئەوین بۆ شاعیری ئاشق، پێوەندییەکە لەنێوانی دوو ئینساندا، کەوا لەودا هەموو پێوەندییەکانی تر (وەک پێوەندی ئینسان و سروشت، یان پێوەندی ئینسان و مەرگ) بە کەم دەژمێردرێن. ئەگەریش جیلوەیەک لە پێوەندییەکانی تر ببیندرێت، تەنیا بۆ گەورە نیشاندانی پێوەندی نێوانی دوو ئینسانە، چون شاعیری سەوداسەر تەنیا نییە، بەڵکو مرۆڤگەلێکی تەنیایە کەوا لەگەڵ مرۆڤگەلێکی تەنیاتر، چووەتە ناو خەڵوەتەوە.

لە شیعرێکی ئاشقانەدا، کە ڕێز لە دیمەنێکی گەورە دەگیرێت، دوو مرۆڤ بەهۆی قووڵترین خۆشەویستی ڕۆحییەوە دەبنە هاوشان. شیعری ئاشقانە، هەرچەند خەڵوەت و پەناکات ئاشکرا دەکات، خەڵکی بۆ خەڵوەت کردن لەگەڵ یەکتر بانگهێشت دەکا. لەچاپدان و هۆنینەوەی شیعری ئەوینداری، بە ئاشکرا و کۆمەڵی بوونی دوو مرۆڤ دەگەیەنێ.

ئەگەر ئەوین و خەڵوەتی ئاشقانە بە ئاشکرا دەربڕدرێ، ئەگەر تابلۆ و پەیکەری دلبەر، لە هەموو کۆڵان و بازاڕ و چوارڕێیان هەڵواسرێت، ئەگەر کۆڵانەکان بەناوی دلبەرەوە بن، ئەگەر لە پەنجەرەوە بڕوانی و وێنەی دلبەر لەسەر دیواری ڕووبەڕووی خۆت ببینی، ئەگەر جێ پێی دلبەر، لەسەر شەقامەکان دیار بێت، عەنتیکەخانەکانیش پڕ بن لە جیلوەی ڕاستەقینەی دلبەرێکی بەڕاستی و مۆزەکان لای هەمووان بە ئاشکرا پیشان بدرێن، تفەنگەکان ژەنگ دێن و بۆمبەکان ناتەقنەوە، کەس بە پیاوکوژدا هەڵنالێ و جاسووسی و سیخوڕی تەواو دەبێ و چوار ڕێیانەکان، لە بیچمی دڵی مرۆڤ چێ دەکرێن. باسی ئەوینێکی شاردراوە و گوماناویتان بۆ ناکەم، لە ئەوینی ئاشقانەی پیاو بۆ ژنێک، یان ژنێک بۆ پیاوێک دەدوێم، کە لە ناخی شیعرەکەشیدا بۆنی خولیایی دلبەر بباریێ، گرینگ نییە ئاشق کامەیە و دلبەر کامەیە، گرینگ ئەوەیە کە دەشێ ئەوین لە شیعرەکەدا بە ئاشکرا خۆ بنوێنێ.

بۆی هەیە شاعیری ئاشق، لە دلبەرەکەی بڕوانێ و هیچ نەنووسێ، بەڵام دواتر ئەم کڕی و بێدەنگییانەی دابڕێژێ و ببێتە شیعرێکی هەرمان، کە کارێکی زۆر بە کەڵکە،

چونکە شاعیر، یان نەنووسێ، یان ئەگەر شتێکی بۆ گوتن هەبوو دەبێ ئەم گوتەیەی کۆسپی کێوی زەمان لابات، دەبێ ئەم گوتەیەی شاعیر لە هەموو هۆ و هۆکارەکان، بێ هۆیی و بێ هۆکارییەکان، ناوادە و بێ مەکانیەکان، لە نهێنی و ئاشکراکان، پەرەگر و داویندار و قووڵ و هەمەلایەنی بێ.

شاعیری ئەویندار، لە ژوورەوە چاوێکی بۆ ڕوانین هەیە و سینە و ناخێک، بۆ ئەوەی کە خۆی لە سۆزی بە کردنە وشەدا نغرۆ بکات. ئەم جۆرە نغرۆ کردن و نقووم بوونە، هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ خۆ ون کردنی منداڵانەی تازەباڵغەکان و گریان و زاری پیرە شێوە منداڵەکان نییە.

بۆ ئەم جۆرە نقووم بوونە، سەلامەتی بیروبۆچوون و ساغی داهێنەرانە پێویستە. لە حاند بۆچوونی ساغی شاعیردا، تەنانەت زانیاری و حیکمەتی ئەفلاتوونیش هیچ نییە.

شاعیر بەهاوکاری ئەم بۆچوونە ساغەوە، دلبەری مەزن و دەگمەنی لەتوێی شیعردا دەخولقێنێ، هەڵبەت بە ئیلهام لەو پێکهاتەی کە دلبەرە، هیچ شتێکیش وەکو وردبینی و کۆبیری لەم وردبینییەدا، لە پێکهاتە و سەرهەڵدانی ئەم بۆچوونە ساغەدا هاریکار نییە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە واقیعیەتی ئەوین، بە وردبینی و کۆبیری لەم وردبینییەدا خۆ دەنوێنێ.

دلبەر دەستی ناوەتە ژێر چەناگەی و ڕووبەڕوومان دانیشتووە. دەشێ لە ڕوانینی دیمەنیدا، بە تەواوی بتوێیەوە، ئەگینا ناپاکیت بەمرۆڤایەتی کردووە، چونکە وێنە و دیمەنی تەواو و لاجانگی دلبەر لە ڕوودانی زۆر تاوان بەرگری دەکات.

دیمەن و ڕوخساری زۆر دەگمەن هەن، دەڵێی سروشت جوانی خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و تەنیا جارجارە دیمەنی جوان لە پشت دیواری بەرد و ئاسنی ئەم نانسۆرەی سروشتەوە، خۆیان هاویشتووەتە دەرێ و کەوتوونەتە ناو خەڵکەوە.

تەنیا لە تەنیشت ئەم دیمەنە جوانانەوەیە کە هەست دەکەین مرۆڤەکان چەندە لە جوانی بێ بەشن. ئەرکی شاعیری ئاشق ئەوەیە کە ئەگەر یەکێک لەم دیمەنە دەگمەنانە کەوتە دەستی، بە ئاشکرا بۆ تەواوی مرۆڤەکانی دارێژێ، هەتا جوانی پتر پەرە بسێنێ و ببێتە شتێکی بەکۆمەڵ و جیهانی. بۆ بەکۆمەڵ کردن و ئاشکرا و جیهانی ڕاگەیاندنی ئەم دیمەنە جوانانە، پێویست بەهیچ قوتابخانە و ڕێبازێکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری نییە.

پێوەندی نێوان دوو مرۆڤ، دوو ئەویندار و دوو دڵدار، ساغ، سەربەخۆ، جوان و قووڵترین پێوەندییەکە کەوا مێژووی ڕۆحی مرۆڤایەتی تۆماری کردووە. شاعیری ئەویندار زمانی ئەم پێوەندییەیە و ڕاگەیاندنی ئەم جوانیانە، لەسەربەخۆیی و ڕزگاری و قووڵ بووندایە.

شاعیری ئەویندار، کەسێکە کەوا لەکۆمەڵدا بیرو زەینی، بە قازانجی مرۆڤایەتی دەگۆڕێ و هەموو کاتێک بە ئاشکرا و بە کردەوە و هەموو توانای، خۆشەویستی و ئەشق دەنوێنێ، یاخوا شاعیرە ئاشقەکان هەر بمێنن، چونکە بەچۆڵ بوونی مەکۆی ئەوین ، مەکۆی مرۆڤایەتیش چۆڵ دەبێت.

**سەرچاوە:**

**کتاب گل برسترەی ماه، رضا براهنی، انتشارات نویدشیراز، چاپ دوم، سال ١٣٧٢.**

# فەلسەفەی کۆمەڵایەتی: بنەماکانی تیۆری کارلێککردنی سیمبۆلی

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب)

**١- بنج و بناوانی تیۆرییەکە**

ئەگەرچی لە ڕوخساردا وا دەردەکەوێت کە ئەم تیۆرییە نەمامێک بێت لە کەشوهەواو زەمینەی تایبەتی کۆمەڵگای ئەمەریکادا شین بووبێت و هاتبێتەبەر، ئەوە لەناوەرۆکدا، لەو بابەتانەدا کە هێناونیەتە سەر خوانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە فرە ڕەنگییەکی سەرچاوە و بنەماکان نیشان دەدات.

پشت ئەستوور بەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان، ڕاستە ئەم تیۆرییە بەرهەمێکی ڕەنگینە و لە پرۆسەی ژیانی بەپێزی ئەکادیمی ڕابەرەکەیەوە، هربەرت مید کەوتووەتەوە، بەڵام بە ئاشکرا مۆرکی پەرەسەندنی پرۆسەی بە پیشەسازی کردنی ئەمەریکا و پێشکەوتنی شارستانییەتی ڕۆژئاوای تێدا دێنە بەرچاو. هەروەها لەو بابەتانەدا کە تانوپۆی تیۆرییەکە پێکدەهێنن دەردەکەوێ کە مید سوودی لە قوتابخانەی فەلسەفەی دیلتای ئەڵمانی و قوتابخانەی سایکۆلۆژی ڕەفتار- Behaviorism لەگەڵ تیۆری پەرەسەندنی داروین وەرگرتووە(١).

مید (١٨٦٣- ١٩٣١ز) چەند ساڵێک لە ئەڵمانیا خویندوویەتی دوای گەڕانەوەی بۆ ئەمەریکا ، جۆن دیوی (ساڵی ١٨٩٤ز) کراوە بە سەرۆکی زانکۆی چیکاگۆ لەوێدا بەشی کۆمەڵناسی کردووەتەوە و میدی کردووە بە سەرۆک بەش. مید لەو سەردەمەی چالاکییەکانیدا بەنووسین و وتار و سیمینار و لێکۆڵینەوە کە لەدواییدا لە کتێبێکدا بەناوی: ژیر و خۆ و کۆمەڵگا بڵاوی کردووەتەوە بەردی بناخەی ئەم تیۆرییەی داناوە. تیۆرییەکە بەناوی تیۆری کارلێککردنی سیمبۆلییە ئەگەرچی لەسەرچاوە ئەڵمانییەکاندا بە تیۆری

سـایکۆلۆژی کـۆمـەڵایەتیش ناودەبرێت(٢). ئەم ناوە ئەڵمانییە ئاماژەیە بەو ڕۆڵەی زانستی دەروونناسی لەو تیۆرییە و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەیگێرێت.

ناوونیـشـانی ئەو بەرهەمـەی مـیـد، هەر لەسـەرەتاوە دەریدەخات کە تیۆرییەکە بایەخی بە ژیر و هۆشی خودی تاکەکەسان و بنەماکانی کۆمەڵگا داوە و هەرسێکیانی بەرانبـەر بەیەکـتـری داناوە، ئینجـا ئەو پێـوەندییـەی خستووەتە بەرچاو کە لەنێوان ئەم سێ ڕەگەزەدا هەیە و لەو کار و کارلێککردنە سیمبۆلییەی کۆلیوەتەوە کە لەیەکتری دەکەن و سەرنجی بۆ ئەو ئەنجامانە ڕاکێشاوە کە لەم کارلێککردنانەوە دەکەونەوە بۆیە تیۆرییەکەی بەناوی (Symbolische Interaktionismus) تیۆری کارلێککردنی سیمبۆلی ناو ناوە. بەم پێیە لێرەدا پێوەندی نێوان ئۆرگانەکانی کۆمەڵگا و پێداویستیە گرنگەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی ئاسایی و بەرانبەر بە یەکتری دانانی پرۆسەی کار لە یەکتری کردن و ڕەفتاری تاکەکەسان لێوەیان کۆڵراوەتەوە.

## ٢- پێکهاتەی تیۆرییەکە

أ- بێگومان گۆڕان، پەرەسەندن، بەرەو پێش چوون بە هەردوو لایەنیـەوە، پەرەسـەندنی بوونەوەری تاکی کـۆمـەڵایەتی، یان خـودی کـۆمـەڵایەتی، پەرەسـەندنی کۆمەڵگا قانونی بنەڕەتی ژیانن، ژیانیش لەخۆیدا، لە هەر گۆشەیەکەوە سەرنج بدرێت، پشت ئەستوور بەو پەرەسەندنە، لە پرۆسەیەکی داهێنان بەولاوە نییە، چونکە لەژیاندا شتی ئەوتۆ دادەهێنرێ شایستەی ئەوە بێت لاف لێ بدرێت کە جۆرە ڕێکوپێکی و دیسپلینێکی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکات، بێگومان خواستی زیندووی مرۆڤایەتیش بەشێکی گرنگی ئەم هێزەی داهێنانە.

هەروەها بێگومان مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بەبێ کۆمەڵگا مرۆڤ ناتوانێت مرۆڤایەتی خۆی و بوونە کۆمەڵایەتییەکەی ساخ و پشت ڕاست بکاتەوە، لێرەوە تیۆری کارلێککردنی سیمبۆلی وەک هەموو تیۆرییەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی هەر لەسەرەتاوە ڕووبەڕووی لێکدانەوەی کێشەی گۆڕان و گۆڕانی کۆمەڵایەتی بووەتەوە. چۆن و بە چ شێوازێک هەڵوێست بەرانبەر بەو دیاردە کۆمەڵایەتییە کە بە -گۆڕان- ناودەبرێت دیار و دەستنیشان بکرێت؟! ئایا فاکتەرێکی دیاریکراو هەیە کە بکرێت بە هۆکاری ئەم گۆڕانە دابنرێت و بەهۆیەوە ئەو پرۆسە ئاڵۆزە بکەوێتە گەڕ؟!

وەڵامـدانەوەی ئەم پرسـیـارە، ئەوەندەی پێـوەندی بە تیۆری کارلێککردنی سیمبۆلییەوە هەیە، دەمانبات بەرەو سەرنجدانی سروشتی پێوەندی نێوان تاکەکەسان خۆیان و ئینجا پێوەندی تاکەکەسان بەکۆمەڵگاوە.

ئەگـەرچی ناکـرێت بوونی پێکهـاتەیەک کـە ناوی (کۆمەڵگا)ی لێ نراوە ساغ بکرێتەوە، یان نابوونەکەی پشت ڕاست بکرێتەوە، لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان، ساغ کردنەوە و ساغ نەکردنەوەی بوون و نابوونی کۆمەڵگا پشت بە چەند فاکتەرێک دەبەستێت کە بوونی ئەوە ساغ دەکەنەوە کە مرۆڤ هوشیاری کۆمەڵایەتی هەیە نەک کۆمەڵگا وەک ئۆرگانێک بوونی هەیە. دووەم، هەبوونی تاکەکەسان وەک سەرەتایەک ئەگەر پشتی پێ ببەسترێت هیچ کاتێک ئەو ئەنجامەی لێناکەوێتەوە کە ئۆرگانێک هەیە ناوی کۆمەڵگایە، چونکە کۆمەڵگا هەمیشە لەتاکەکەسان جیاوازە و بوونی کۆمەڵگاش لەوە مەزنترە لە تاکەکەسان پێکبێت. بەواتایەکی دیکە ئەو ئەنجامەی کە بەدەست دەهێنرێت گوایە کۆمەڵگا هەیە بەهیچ بنەمایەکی لۆژیکی پشت ئەستوور نییە، چونکە ئەنجامەکە پتر بوونی هوشیاری کۆمەڵایەتی مرۆڤ ساغ دەکاتەوە. هەروەها بوونی تاک هیچ کاتێک بوونی کۆی لێ ناکەوێتەوە و ئەو بڕیارەی دەربارەی پێوەندی ئۆرگانی و دەستیاوی نێوان کۆ و تاک دەدرێت تەنیا بە دووبارە بوونەوە و ڕاهاتن و دابونەریت پشت ئەستوورە و هیچ بنەمایەکی لۆژیکی نییە.

بەڵام ئەم بڕیارە هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە پێوەندی کۆمەڵایەتی و دیسپلین و ڕێکوپێکی و نەزم و ئارام شان بەشانی گۆڕان لە ئارادان و ئەگەر بوونی کۆمەڵگا وەک هەڵکەوتێک ساغ نەکرێتەوە ئەوە بوونی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانە کە پێوەندی و دیسپلینی و ڕێکوپێکی و نەزم و ئارام بەرجەستە دەکەن، هیچ ئەگەر و گومانێک هەڵناگرێت. کەوابوو لێرەوە دەتوانرێت دەست پێ بکرێت و هەنگاو بهاوێژرێت.

ب- هەروەک لەناونیشانی تیۆرییەکەوە دەردەکەوێت بەهیچ جۆرێک قسە لەوە ناکرێت کە کۆمەڵگا لەچین و توێژی جیاواز پێکهاتبێت و کە لەنێوان ئەو چینە جیاوازانەدا بەپێی سوود و قازانج و مەڵبەندی ئابووریان و ئەو ناوەندەی لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا

هەیانە و ئەو ئەرکەی کەوتووەتە ئەستۆیان جۆرە کێبرکێ و بۆڕبۆڕێن و ڕکەبەری و خەبات و ململانێ لەنێویاندا هەیە. کەوابوو لێرەدا بەجۆرێکی دیکە سەرنجی گۆڕان و هۆکاری بەرەو پێش چوون و دیسپلین و نەزم و ڕێکوپێکی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدرێت. ئەگەر بابەتی چین و هۆکاری ئابووری و ڕکەبەری و خەبات لەنێوان توێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بە هەند وەرنەگیرێن، دەبێت تیشک بخرێتە سەر چەند لایەنێکی دیکە بۆ ئەوەی ئۆباڵی کێشە و بەرەو گۆڕانی کۆمەڵایەتی و نەزم و ئارامییان بخرێتە ئەستۆ. بۆیە شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبووە کە ڕابەرانی ئەم تیۆرییە بایەخی لەڕادەبەدەر بە تاکەکەسان و ژیر و خود بدەن و ئەمانە بەیەکەوە لەگەڵ کۆمەڵگا بخەنە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە.

ئەگەر هۆکاری ئابووری، بوونی چین و توێژی ڕکەبەری یەکتری لەکۆمەڵگادا بەهەند دانەنرێن ئاساییە کە ئاوڕ لەهۆکاری تاکەکەسی بدرێتەوە و بە فاکتەری سنوور دانەری ڕەفتار و کۆڕەفتاری کۆمەڵایەتی دابنرێت، لەم ڕوانگەیەوە لەچاوی تاکەکەسەوە تەماشای کۆمەڵگا دەکرێت و کۆمەڵگا بەکۆی چەند بەهایەک دادەنرێت کە لەگەڵ کۆی تاکەکەسان کە بەیەکەوە کار لەیەکتری دەکەن (٣) و پێکەوە دەژین ڕەنگی پرۆژەی نەزم و سیستەمی کۆمەڵایەتی دادەڕێژرێت.. بنیادی هەمیشە گۆڕاوی کۆمەڵایەتی لەم جیهاندیدەوە بەهەڵوێستی تاکەکەسان و کارلێککردنیان و ئەو بەهایانەی پێڕەویان دەکەن و پێیانەوە پابەندن و بە ئاستی کولتوور و ڕۆشنبیری و ئەو واتایەی کە ئەوان بە کردار و ڕەفتار و پێوەندی نێوانیانی دەبەخشن، لێکدەدەنەوە.

### ٣- ژیر و خۆ و سیمبۆل

شاکارەکەی هربەرت مید: ژیر و خۆ و کۆمەڵگا Mind, self and Society کە ساڵی ١٩٣٤ لە زانکۆی چیکاگۆ، کە تیایدا سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی بووە، بڵاوی کردووەتەوە، لەناونیشانەکەیەوە دەردەکەوێت کە تا چ ڕادەیەک شوێنەواری ڕێبازی فەلسەفەی پراگماتیزمی ئەمەریکایی تێدا دیارە، لەم بەرهەمەدا بایەخ بە مرۆڤی تاک و کار و کردار دراوە و لە بەرانبەر هزر و بیر و لۆژیک و ژیر دانراون، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی پێکهاتەی ڕێژیمی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی ئەمەریکایە، کە کار و چالاکی و بنیادنان و سوود و قازانج دەخاتە سەر هەموو شتێکەوە، بۆیە:

**یەکەم**: لەو ڕۆژەوە کە کۆمەڵناسی وەک زانست لە ئەمەریکا خەت و خاڵی داوە بەپێی جیهاندیدی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگای ئەمەریکا بیری لە ئازادی کردووەتەوە. ئازادی ئەرکێک بووە لە ئەرکەکانی کۆمەڵناسی، بەڵام ئازادی بەو جۆرەی ئەوان تێیگەیشتوون و بەو مەرجەی توندوتۆڵ بە ڕاستییەوە بەند بێت. ڕاستیش بەپێی هەمان جیهاندید ئەوەیە کە سوود بەخش بێت. شتێک ڕاستی دەبێت کە خەڵک سوودی لێوەربگرن و قازانج بەخش بێت و لەزیان دوور بگرێت.

**دووەم**: پرۆفیسۆر فریدریش یۆناس سۆسیۆلۆژیستی بەناوبانگی ئەڵمان کە پشت ئەستوور بە چەند سەرچاوەیەک گوتویەتی، ئەوی بیەوێت زوو، دەست و برد دەوڵەمەند ببێت دەبێت بچێت بۆ ئەمەریکا، چونکە لەوێ هەموو کەسێک بەبێ ئارەقە و ماندوو بوون دەتوانێت ببێت بە خاوەن پارە و سامان(٤).

یوناس بەو قسەیەی دەیەوێت بڵێت کۆمەڵگای ئەمەریکا تایبەتمەندی خۆی هەیە، گۆڕان، پەرەسەندن کە پشت بەتیۆری داروینزمی کۆمەڵایەتی دەبەستێت سروشتی بەرچاوی ئەو کۆمەڵگایەیە. لەو کۆمەڵگایەدا گەشبینی باوە، چاککردنی بەردەوامی ژیان و چارەنووسی مرۆڤ توندوتۆڵ بەخۆگونجاندن لەگەڵ ئەو پەرەسەندنە خێرایەی کۆمەڵگاکەدا بەیەکەوە بەستراونەتەوە. ئەو تیۆرییە کۆمەڵایەتییەش کە بایەخ بە مرۆڤی تاکەکەس (خود) دەدات کە پێڕەوی ژیر دەکات لەژیانی ڕۆژانەیدا بەجۆرە کار لەیەکتری کردنێک کە سروشتێکی هیما و سیمبۆلی هەیە بە کۆمەڵگاکەیەوە بەستراوەتەوە، ڕەنگدانەوەی ڕوخسار و ناوەڕۆکی ئەو کۆمەڵگایە کە میدی تێدا دەستبەکار بووە و ڕەنگی ئەو تیۆرییەی ڕشتووە.

**سێیەم**: ئایین و دوگماکانی پاشەکشەیان کردووە و بوون بە بەشێک لە کولتووری ژیانی ڕۆژانە بەبێ ئەوەی بتوانن تۆزقاڵێک لە کاروباری ژیانی ڕۆژانە بگۆڕن. هەروەها بەپێی ڕەوشی پەرەسەندنی کۆمەڵگای ئەمەریکا ناتوانن ببن بە کۆسپ لەسەر ڕێگەی پتر بەرەو پێش چوون. کڵێسە و دامەزراو و دوگماکانی، ڕێوشوێنی

بەڕێوەبردنی بنەماکانی ببوون بە شتێکی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە و بەهیچ جۆرێک سنووری ئاسایی نابەزێن.

دیسپلین و ڕێکوپێکی بنەماکانی ئاکار -moralische Ordnung لەچوارچێوەی کردار و گوزەرانی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکەساندا شان بەشانی ئۆرگانە هەمە جۆرەکانی کۆمەڵگا کە پێکەوە هەنگاو دەنێن و مید گوتەنی دەستیاویانە کار لەیەکتری دەکەن هیچ پەکیان لەسەر فرمان و ڕێوشوێن و دۆگماکانی ئایینی مەسیحی نەکەوتووە. ڕاستە کۆمەڵگای ئەمەریکا لەچاو کۆمەڵگاکانی دیکەی ڕۆژئاوا و ئەورووپا لە هەموو شتێکدا سنووری بەزاندووە، بەڵام پێم شک نایەت هیچ شتێک بەبێ هەوڵدان و کۆشش و ماندووبوون و بەبێ ئارەقە ڕشتن بەدەست بێت. بۆیە من قسەکەی یوناس بەجۆرە پێهەڵگرتنێک دەبینم.

**چوارەم**: زانین، فەرهەنگ و کولتوور و بۆچوون دەربارەی بنەماکانی ئاکار و بەهاکان کە ڕێوشوێنی بەرەو پێش چوونی ژیانی تاکەکەسان دیار و دەستنیشان دەکەن و چوارچێوەیەکی کرداری ئاکارییانە دادەڕێژن بەهۆی پێوەندی کردەکیی ئامرازییانەی نێوان کردار و ژینگەی دەوروبەر(٥) پەرە دەستێنن و ڕەنگیان دادەڕێژرێت. ڕاستی (هەقیقەت) بەپێی بۆچوونی پراگماتیزمی ئەمەریکایی بریتییە لە ئەو سوود و قازانجەی بە کردەوە لەکاتی پەنابردنە بەر زانین و بنەماکانی ئاکار دەستگیر دەبێت.

**پێنجەم**: گرنگی و بایەخی بابەتێک لەوەوە دەکەوێتەوە تا چەندە سەرنجی تاکەکەسان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، ئەو سەرنجەش لە بەهەند زانینی سوود و قازانجی کردەکی بەولاوە نییە.

ئەم خاڵانە بەگشتی کارێکی گەورەیان لە جیهاندیدی سۆسیۆلۆژی هربەرت مید George Herbert Mead کردووە، بۆیە وەک ڕابەرێکی قوتابخانەی سۆسیۆلۆژی چیکاگۆ هەر لەسەرەتای ژیانی ئەکادیمییەوە بایەخی بە مرۆڤی تاک، بە تاکەکەسان داوە، خودی مرۆڤ و ئەو پێوەندییەی بە ژینگە و دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەوە هەیەتی، پێکهاتە بچووکەکانی نێو کۆمەڵگا وەک خێزان و دایەرە و جێگەی کارکردن، دراوسێتی Nachbarschaft، کۆڕ و کۆمەڵگا ناوچەییەکان بابەتی سەرەکی توێژینەوەکانی بوون و شی کردوونەتەوە.

### ٤- سروشتی سیمبۆل لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا:

بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا باوبووە و بریتی بووە لەوەی بنیاد و پێکهاتە و گۆڕانی کۆمەڵگا بە تیشکدانەوە و ڕەنگدانەوەی بنیادی چینایەتی و ململانێ و خەباتی چینایەتی توێژەکانی کۆمەڵگا دانراون مید جۆرە بۆچوونێکی دی هەبووە. گۆڕان کاتێک پەسند دەکرێت کە سوود و قازانجی تێکڕای کۆمەڵگای هەبێت.

تاکەکەسان هەن و کۆمەڵگاش هەیە، ئەو تایبەتمەندییانەی مرۆڤ لە بوونەوەری دیکە جیادەکەنەوە، ئەوەیە، کە لەکۆمەڵگادا دەژیا بۆیە هیچ کەسێک ناتوانێت بایەخی کۆمەڵگا و ژیانی کۆمەڵایەتی کە بوونی مرۆڤ دیار و دەستنیشان دەکەن پشت گوێ بخات. ئەگەرچی کۆمەڵگا لە تاکەکەسان پێکهاتووە، بەڵام خۆی پێکهاتە و قەوارەیەکی سەربەخۆیە. مرۆڤ کە دێتە دنیاوە چوارچێوەیەکی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەبینێ کە تێیدا دەژی و ئەو دەستی لەدروستکردنیدا نەبووە، کۆمەڵگا هەڵکەوتێکە خواستی تاکەکەسان دایاننەهێناوە، چونکە کەسایەتی مرۆڤ خۆی ئەنجامێکە لە هەبوونی کۆمەڵگاوە کەوتووەتەوە. کۆمەڵگا لە بوونی ڕیالیستیانەی خۆیدا پەکی بەهیچ کەسێک نەکەوتووە و پشت بەکەس نابەستێت(٦).

بەم جۆرە بەرانبەر بەیەکتری دانانی تاکەکەسان و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دوو خاڵی لێدەکەوێتەوە:

**یەکەم**: ئەو ڕۆڵەی سایکۆلۆژی بەتایبەتی سایکۆلۆژی ڕەفتار ئیدی ماکدوگڵ بێت، یان وات Watt لە چوارچێوەی ئەم تیۆرییەدا دەیگێڕێت.

**دووەم**: سەرنج ڕاکێشان بۆ لای کرداری مرۆڤی تاکەکەس وەک کاریگەر و وەک کارلێکراو و پێوەندی ئەم دوو لایەنە بەدیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە. وەک ئاشکرایە کاتی خۆی ئەمیل دۆرکهایم ١٨٥٨-١٩١٧ز لەو باوەڕەدابوو کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان هەردوو زانستی سایکۆلۆژی و کۆمەڵناسیدا نییە. ئەم بڕیارەی خۆی بەوە پشت ڕاستکردبووەوە کە هەڵکەوتەی کۆمەڵایەتی شتێکی دەرەکییە و تەنیا هەر بە هەڵکەوتەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی وەک خۆی لێکدەدرێتەوە(٧). ئەمەش لەوەوە هاتووە کە ڕاستییەکانی کۆمەڵایەتی چەند ڕاستییەکی دەرەکین وەک چەند شتێک کە بابەتی تایبەتی زانستی کۆمەڵناسی

پێکدەهێنن لێیان دەکۆڵرێتەوە، بەڵام سایکۆلۆژی سەرگەرمی بابەتێکە کە شتێکی ناوەکییە و لەناخی مرۆڤدا ڕوودەدات. لەوە دەچێت ئەم هەڵوێستەی دورکهایم بە پێچەوانەوە کاری لەمید و ڕابەرانی دیکەی ئەم تیۆرییە کردبێت بۆیە بایەخیان بە کردار و ڕەفتاری تاکەکەسان داوە. بەلای سایکۆلۆژی ڕەفتارەوە، کرداری مرۆڤ بەدوو ڕەنگی پاڵنەر و- کاردانەوە لێکدەدرێتەوە. لەلای ئەم کۆمەڵناسانەش بەهۆی ئەم تیۆرییەوە بایەخ بەو لایەنەی کرداری مرۆڤ دراوە کە واتایەکی هەیە و بە سیمبۆلیک کە زمانە دەردەبڕێت، کرداری مرۆڤ لەچوارچێوەی کۆمەڵێکی دیاریکراوەوە دەکرێت و پیادە دەبێت بەبێ بوونی ئەو کۆمەڵە و بەبێ بوونی پێوەندی دیار و دەستنیشانکراو لەگەڵ کەسانی دیکەدا و بەبێ بوونی ڕێکوپێکی و نەزم، ئەم کردارە نە لەکردن دێت و نە دەکرێت بەبیروبۆچووندا بێت. لەلایەکی دیکەشەوە ئەم کردارە هی تاکەکەسێکی دیار و ئاشکرا و ناسراوە(٨) و ناکرێت لە ڕەوشە دەروونییەکەی جیابکرێتەوە کە بریتییە لەچەند بەهاو هەست و سۆز و ئارەزوو و مەبەست و ئامانجێک. ئەم هەڵوێستە دەبێتە مایەی پتر تێگەیشتن لە کردار و ڕەفتاری مرۆڤ و ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییە جۆر بەجۆرانەی لەچوارچێوەی کۆمەڵگادا لەگەڵ کەسانی دیکە هەیەتی و کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکردار دەینوێت و بەچەند سیمبۆل و ڕەمزێکی زمان دەریان دەبڕێت. لێرەوە دەکرێت ئەم هەڵوێستەی تیۆری کارلێککردنی سیمبۆلی بەم جۆرە توێ توێ بکرێت:

خودی مرۆڤ Self لەخۆیدا خۆیەکی کۆمەڵایەتییە، کەسایەتییەکە جەوهەرەکەی لەکۆمەڵگادا، لەنێو کۆڕ و کۆمەڵگا و تاقمە کۆمەڵایەتی و لەچوارچێوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەوێت و بەرجەستە دەبێت. بۆیە دەکرێت بڕیار بدرێت کە ئەم خۆیە ئەنجامی ئاوێتە بوونی دوو هۆکاری بنەڕەتییە:

**یەکەم**: هۆکاری دەروونی (سایکۆلۆژی) ناوەکی، هۆکاری دەروونی کە پێوەندی بەناخی دەروونی مرۆڤەوە هەیە و کە تایبەتمەندی هەر تاکەکەسێک بەجیا دەردەبڕێت و لە کەسانی دیکەی جیا دەکاتەوە.

**دووەم**: هۆکاری کۆمەڵایەتی کە ئەو کارە دەردەخات کە بنیادی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و ژینگە و دەوروبەر کە مرۆڤ لەچوارچێوەیاندا دەژیا و کار دەکات و چالاکە، کاری لێدەکەن.

تێکەڵاوبوون و یەکگرتنی ئەم دوو هۆکارە پێکەوە دەبنە مایەی پەیدابوونی ئەوەی لەچوارچێوەی ئەم تیۆرییەدا کە بە خۆی کۆمەڵایەتی تاکەکەس دادەنرێت. ئەو خۆی کۆمەڵایەتییە کە مەڵبەند و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی مرۆڤی تاکەکەس لە کۆمەڵگا و لەنێو پرۆسەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەخات وەک خۆیەکی چالاک(٩) لە چەند لایەکەوە ئەم چالاکی و کردارە کۆمەڵایەتییەی بەرجەستە دەبێت:

**یەکەم**: مرۆڤ کە ئەندامی خێزان و کۆمەڵگایەکی دیاریکراوە لە کات و شوێنی دەستنیشانکراو کار لەکەسانی دیکە دەکات.

**دووەم**: کەسانی دیکە کە وەک ئەو بەهەمان شێوە لەخێزان و کۆمەڵگای دیکەدا بوونی کردەکی و چالاکییان هەیە کاری لێدەکەن و بەم پێیە جۆرە چالاکییەکی دوو لایەنی، دوو ڕەنگی دەستیاوی بەرجەستە دەبێت، کار لەکەسانی دیکە دەکەن و لەلایەن کەسانی دیکەوە کاریان تێدەکرێت. بەم پێیە مرۆڤ لەم پرۆسەیەدا بەجۆرێک دێتە بەرچاوی کەسانی دیکە و بەم پێیە لەبارەیەوە بڕیار و حوکم دەدرێت و ئەویش خۆی بەپێی ئەم بڕیارە جۆرە هەڵوێست و کاردانەوەیەک لەلای دروست دەبێت.

**سێیەم**: زمان لەم پرۆسە گرنگەدا ئەو ئامرازەیە کە ئەم جۆرە پێوەندییە بەشێوەی سیمبۆل و ڕەمز لە نێوان تاکەکەساندا بەرجەستە دەکات و کە تێیدا تاکەکەسان کار لە یەکتری دەکەن و کاریان تێدەکرێت.

ئەم جۆرە هەڵوێستەی مید و ڕابەرانی تیۆری کارلێککردنی سیمبۆلی وا سەرنجی کرداری داوە کە وەک سیمبۆل و ئامراز پێوەندی مرۆڤ بەمرۆڤەوە، پێوەندی مرۆڤ بە کۆمەڵگا و سروشتەوە دەستنیشان و ساغ دەکاتەوە. مرۆڤی چالاک، مرۆڤی کۆمەڵپەروەر کار لە دەوربەر و ژینگەکەی خۆی دەکات و ژینگەش بە هەردوو لایەنی کۆمەڵایەتی و سروشتییەوە کار لە هەست و نەست و کردارەکانی دەکەن، کەوابوو مرۆڤ بەندو کۆیلەی کۆمەڵگا نییە و بە بوون و کۆشش و کردار کۆمەڵگا دادەمەزرێنێ و بنیادی دەنێت هەروەها کۆمەڵگاش لە پێگەیاندنی تاکەکەسان بەشداری دەکات(١٠)

کەسایەتی مرۆڤ بە باوەڕی مید پرۆسەیەکی بەردەوام لەپەرەسەندن و گەشەکردن و بەرەو پێشچووندایە بەرانبەر بەو کەسایەتییەی تاکەکەسانیش ڕێکخراوە هەمە چەشنەکانی کۆمەڵگا بە پێکهاتە و ئۆرگانە جۆر

بەجــۆرەکــانیــانەوە گــۆڕانیــان بەســەردا دێت و جــۆرە زیندوویەتییــەک نیشــان دەدەن ئەرکی کــۆمــەڵناس لەو ڕەوش و دۆخـــەدا لێکدانەوە و شـــرۆڤـــەکـــردن و هەڵســـەنگاندن و پێناســـەکـــردنیـــان و ڕەنگ ڕشـــتنی نەخشــەیە. لەبەر ئەوەی مــرۆڤ دەتوانن ڕەنگی هێمــا و ڕەمز و سیمبۆل و چەندین دەلالەتی جیاواز و گۆڕاو بڕێژن ئەوە بەم پێیــە دەکرێت کــە کــردار و ڕەفــتاریان بگۆڕن و چاکـــتری بکەن ئیـــدی کـــرداری مـــرۆڤ هەنگاونان و چالاکییەکی هەرەمەکی بێ پابەند و ئازاد نییــە، بەڵکو چالاکـــیـــیـــەکـــە لەلایەن ئەو کـــەســـانەی دەیکەن و دیارو دەســـتنیشـــان دەکـرێت و هەر ئەوانیش دەربارەی خـۆیان چەندین هێما و سیمبۆل و ڕەمز دادەهێنن(١١).

بەم جۆرە لە ڕەوتی ژیانی کـۆمـەڵایەتیـدا کـە خـۆی لە ڕێگەو پرۆســەیەکی ئاوێتــەی یەکـــتری بوون و کـــار لە یەکتری کردن بەولاوە نییە، کەسایەتی مرۆڤ و کردار و هێما و سیمبۆل و کۆمەڵگا و کاروبارەکانی ڕێکدەخرێن. کار لە یەکتری کردنی سیمبۆلییانە و کەسایەتی مرۆڤ و ئەو گۆڕانانەی لە ڕەوتی نەسرەوتی کۆمەڵگا و کۆمەڵدا پەیدا دەبن و دەکەونەوە لە چەند پێوەندییەکی دەستیاوی کارکردن و کارتێکردن بەولاوە شتێکی تر نین.

## ٥- فاکتەرە بنەڕەتییەکانی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی

ڕاستییــەکی گومان هەڵنەگرە کــە مرۆڤ بەهۆی کار و کرداریەوە دەناسرێت و دەکرێت هەڵبســەنگێنرێت جا ئەو کـــــردارانــە دیــار و بەرچاوبـن، یان نـاوەکــی بـن، ئــەم کـــردارانەش بنەمـــای ئاوێتـــە بوون و کـــارلێککردنی کـۆمـەڵایەتین، بەڵام ئەم کـردارانە مـەبەست و ئامـانجی دیاریکراویان هەیە و هزر و بیــر ئەو دەفرە و چوارچێــوەیە کە ئەم مەبەست و ئامانجەی تێدا دادەڕێژرێن و زمــانیش ئەو ئامــرازەیە کــە ناوەڕۆکی ئەم هزر و بیــرە بە وشــە و سیمبۆل و هێما و ڕەمز دەدەبڕێت.

هەروەها بابەتێکی ئەگـەر هەڵنەگـرە کـە گۆڕان بنەمـای ژیـان و پرۆســــەی پەرەســــەنـدن و بەرەوپێش چوونی کـۆمـەڵگایە. کـەوابوو هۆکـار و بنەڕەتی گـۆڕان چییــە و پێوەندی ئەم گۆڕانە بە پرۆسەی کار لە یەکتری کردنەوە چۆن لێکدەدرێتەوە.

پشت ئەســتـوور بە بنەمــاکــانی ئەم تیــۆرییــە کــار لە یەکـتری کردنی سیـمبـۆلی لە کـۆمـەڵگادا بەهۆی سێ پرۆسەی لەیەکـتری جیـاواز و لە هەمـانکاتدا تـوندوتۆڵ بەیەکەوە بەستراوەوە ڕوودەدات(١٢):

**یەکەم**: لاساییکردنەوە و دووبارەبوونەوە.

**دووەم**: دژایەتی کردن. ڕکەبەری کردن

**سێیەم**: گونجان و لەگەڵیدا ڕاهاتن.

بێگومـان لاسـاییکردنەوە جـۆرە دووبارەکـردنەوەیەکی تێدایە، بەڵام دەبێت بابەتێک خۆی هەبێت ئینجا لاسایی دەکرێتەوە. کوڕ لەخێزاندا، لەماڵەوە چاوی لەباوکیەتی لە هەڵوێســتــێکی دیاریکراودا، بۆ نموونە «پێــشــوازی کـردنی میــوان» چی دەکـات کە ئەویش گـەورە بوو وەک باوکی پێشـوازی میـوان دەکات کە هات بۆ مـاڵی، باشە دەبێ لێـرەدا ڕۆڵی گـۆڕان و هەڵومـەرجی نوێ و کـات و شوێن چی بێت! تاکەکـەسان، خەڵک پێکەوە دەژین، لە ڕەوتی ئەو ژیانە و پێوەندی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتییاندا کار لەیەکتری دەکەن و لەم پرۆسە گرنگە کۆمەڵایەتییەیاندا سیمبۆل و هێـما و چەند ئیشارەتێک بۆ ئاراستەکردنی کرداری خۆیان و ڕەفتاری کەسانی دیکە کە پێوەندییان پێـــوە دەکـــەن بەکـــاردەهێنن. ئەم لێکدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتییە بەوەی کە کارلێککردنی سیمبۆلییە ئەوە دەگـەیەنێت کـە ئەوانەی کـار دەکـەن پێـوەندی لەگـەڵ کـەسـانی دیکەدا دەبەستن و بەبێ پسـانەوە و بەردەوام پێــوەندییــەکــان دووبارە دەکــەنەوە(١٣). بێگومــان لەم پرۆسـەیەدا پێـوەندییـەکـانیـان دەسکاری دەکـەن ئیـدی بەچاککردن بێت، یان بەدەست هەڵگرتن بێت لێـــان ئەمەش، بەپێی ڕەوش و کات و هەڵوێست دەگۆڕێت.

دەبێت لاســاییکردنەوە و دووبارەبوونەوە لەخــۆیدا شتێکی دی لەپێشەوە هاتبێ و لاسایی بکرێتەوە، بەڵام ئەو شتەی لاسایی کراوەتەوە و دووبارەبووەتەوە لەخۆیدا جۆرە داهێنانێکی تێدایە، چونکە بۆ یەکەم جار دەبینرێت و لاســایی دەکــرێتــەوە. ئەم لاســاییکردنەوەیە ناکـرێت پرۆسـە و کـردارێکی مـیکانیکی بێ گـیان بێت هەروەک ئەوەی شـتـێک کـۆپی بکرێتـەوە. ئەم جـۆرە داهێنان و لاساییکردنەوە وەک بابەتێکی نوێ، ئەگەرچی شتی نوێ سەرنجڕاکێشە و جۆرە چێژ و خۆشی بەخشێکە، ئەوە وەک خـۆی بە ناوەڕۆک و ڕوخســارەوە بەکـوڵـک و پێســتـەوە وەرناگـــیـــرێت، چونکە نوێ تاڕادەیەک بەپێــچــەوانەی ئەوەوەیە کـە باوە و تاکـەکـەسـان و خـەڵکی لەگـەڵیـدا ڕاهاتوون بۆیە لە سـەرەتادا دووچاری دژایەتی کـردن و ڕکـەبەریی دەبێت. کـۆمـەڵگاش لەخـۆیدا پێکـهـاتە و ئۆرگـانێکی زیندوو کـاریگەرە هەمـوو شـتێک وەک خۆی

وەرناگرێت، ئەگەر لەگەڵ خۆیدا نەگونجێت. بۆیە ئەگەر جۆرە گۆڕانێک بەسەر شتدا بێت شتێکی ئاساییە. بابەتی لاساییکردنەوە جۆرە کێشەیەک بەرپا دەکات هەویرەکەی ئاوێکی زۆر دەکێشێ. ئەم کێشەیە وا بە ئاسانی بەلایەکدا ناخرێت. خۆ ئەگەر مرۆڤ وای دابنێت کە لاساییکردنەوە لەپێشەوەی پرۆسەی کار و کار لەیەکتری کردندابێت ئەی دامەزراو و دیسپلین و نەزمە کۆمەڵایەتییەکان، دابونەریت و خوو و ڕەوشت و قانوون و ڕێوشوێنەکانی ڕەفتار و ئاکار دەخرێنە چ خانەیەکەوە و لەم بوارەدا چ ڕۆڵێک دەگێڕن.

هەرچۆنێک بێت ئەو ڕۆڵەی لاساییکردنەوە دووبارە بوونەوە لەم کایەیەدا دەیگێڕن، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، دابونەریت، ڕێوشوێنە کۆمەڵایەتی و یاساکانی ژیان لەکۆمەڵگادا بڕیار دەدەن(١٤) کام شتە و کام کردارە لاسایی بکرێتەوە نەک بەپێچەوانەوە. ڕاستە لاساییکردنەوە بنەمایەکی گرنگی ژیان و کۆمەڵگا و کۆمەڵناسییە، بەڵام دەبێت لەپێش ئەم پرنسیپە و پەیڕەوکردنیدا مرۆڤ بزانێت، یان فێر ببێت چۆن و چی لاسایی بکاتەوە و ئامرازی لاساییکردنەوەکە وەک بزووتنەوە، زمان، سیمبول، ئیشارەت هەڵبژێرێت و لەگەڵ ئەو شت و کردارانەی لە کەسانی دیکەوە دەکەونەوە ئاشنا ببێت. بەم پێیە بەردەوام بوونی ئەم پرۆسەی دووبارەبوونەوە، ئەگەرچی لە قوناخێکدا ڕووبەڕووی دژایەتی کردن و سڵ و پارێز و گومان ببێت ئەوە وردە وردە تاکەکەسان لەگەڵیدا ڕادێن و خۆیانی لەگەڵدا دەگونجێنن.

### ٦- تاکەکەسان و کۆمەڵگا

ئەوی لم تیۆرییەدا سەرنجڕادەکێشێت و دەبێتە مایەی ڕامان هەڵوێستی ڕابەرەکانیەتی دەربارەی پێوەندی نێوان تاکەکەسان و کۆمەڵگا و ئەو ڕۆڵەی دابونەریت و هەڵوێستی تاکەکەسی لە ڕشتنی ڕەنگی چوارچێوە و ناوەڕۆکی کرداردا دەیگێڕێت. ئەگەر وادابنرێت کە تاکەکەسان چەند یەکەیەکی سەرەتایین و جیهانێکی بچووک پێکدێنن. ئەوە بە هەموو شێوەیەک کۆمەڵگا لەو تاکە کەسانە پێکهاتووە، ئایا لێرەوە تاکەکەسان دەکرێن بەبابەت بۆ توێژینەوەی پێکهاتە هەمە ڕەنگەکانی کۆمەڵگا ، یان بە پێچەوانەوە کۆمەڵگا دەکرێت بەبابەتی لێکۆڵینەوە بۆ تیشک خستنەسەر کردار و ڕەفتاری تاکەکەسان کە مایەی سەرەکی کارلێککردنی سیمبۆلن؟! بەلای ڕابەرانی ئەم تیۆرییەوە پێوەندییەکی توندوتۆڵی دەستیاوی لەنێوان تاکەکەسان و کۆمەڵگادا هەیە هەردوو لایان یەکەیەکی تۆکمە پێکدەهێنن، کۆمەڵگا کەسایەتی تاکەکەسان دروست دەکات و لەلایەکەی دیکەیشەوە کردار و ڕەفتاری فرە ڕەنگە و بەپێزی تاکەکەسانیش کۆمەڵگا دادەهێنێ. ئەم جۆرە دەستنیشانکردنەی پێوەندی نێوان تاکەکەسان و کۆمەڵگا جۆرە خاوی و نەرم و نیانییەک لەبەرانبەر بیرۆکەی ناچاری و ناچارەکیی نیشان دەدات و هیچ جۆرە بایەخێک بە ململانێ و کێشە و خەباتی چینایەتی و توێژە جۆر بەجۆرەکان نادات. مرۆڤ وەک تاکێکی چالاک خۆی لە چوارچێوەی هەڵوێستدا دەبینێتەوە، جا ئەم هەڵوێستە هی خۆی بێت، یان هی کەسانی دیکە کە لەکۆمەڵگادا لەگەڵیدا دەژین و کار لە یەکتری دەکەن، ئەم هەڵوێست و کردارانە واتایەکی سیمبۆلییان هەیە و لەلایەن ئەوکەسەوە کراون ئاراستە و دیار و دەستنیشان دەکرێن، لێرەدا جارێکی دیکە ڕۆڵی زمان و پێوەندی دەردەکەوێتەوە. هەربۆیە مید لەو باوەڕەدا بووە کە دەست و زمان و ئەو دوو ئامرازەن کە مرۆڤایەتی مرۆڤ ساغ دەکەنەوە(١٥). بۆیە سەیر نییە کە ئەم تیۆرییە لەجیاتی باسی خەبات و ململانێ بکات بایەخ بە دابونەریت و خوو پێوەگرتن بدات و بیرۆکە و دیاردەی کێشە و بەرەو چەوساندنەوە لەبیربباتەوە. ئەمەیە مەبەستی مید کە گوتوویەتی؛ هەڵوێستی ژیانی ڕۆژانە سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکەسان دیاری دەکات و لەچوارچێوەکەیدا مرۆڤی تاکەکەس چالاکی خۆی دەنوێنێت و کار دەکات. تانوپۆ و سروشتی ئەو هەڵوێستەش کە لەلایەن تاکەکەسانەوە دەنوێنرێت ڕاستەوخۆ تاکەکەسان، مرۆڤ ئاراستە دەکات چ شتێک هەڵبژێرێ و چۆن بجوڵێتەوە و ڕەفتار بکات. ئەو واتایەی لەشت و دەوروبەرەوە دەستگیری مرۆڤ دەبێت کارێک لە هەڵوێستەکە دەکات و بگرە هەر ئەم واتاو جەوهەرەی شتی دەوروبەرە کە دێنە بەرچاو لەلایەکی دیکەوە ئەنجامی ئەو کار لە یەکتری کردنە کۆمەڵایەتییەن کە لە کۆمەڵگای مرۆڤدا پەیدا دەبن و دەردەکەون و پیادە دەکرێن.

سەرچاوە و پەراوێز:

1- Munch, Richard., SozioLogische Theorie. Bd. I.: GrundLegung durch die klassiker. Campus Verlag. Frankfurt 2002. S.272. ff.

2- Jonas, Friedrich., Geschichte der Soziolgie. von der Jahrhundert wende bis zur Gegenwart. Bd. 2. Rowohlt. Hamburg 1976. S.293.

٣- فؤاد حجازي، دكتور محمد، النظرية الاجتماعية. مكتبة وهبة. القاهرة- الطبعة الثانية ١٩٩٩. ص١٦٣ فما بعد.

4- Jonas, Friedrich,. Ebenda. S.255.

5- Jonas, F., Ebenda. S.269.

٦- علي محمد، الدكتور محمد: تأريخ علم الاجتماع، الرواد و الاتجاهات المعاصرة دارالمعرفة الجامعية- الاسكندرية ١٩٨٦ ص١٨٨ فما بعد.

٧- علي محمد، الدكتور محمد، نفس المصدر. ص٣٤٦.

٨- الحسن، الاستاذ الدكتور احسان محمد، النظريات الاجتماعية المتقدمة. دار وائل للنشر، عمان، الاردن الطبعة الاولى ٢٠٠٥ ص٨٢ فما بعد وفي اماكن أخرى أيضا.

٩- تيماشيف، نيقولا.، نظرية علم الاجتماع طبيعتها وتطورها ترجمة الدكتور محمود عودة و آخرون. مراجعة الدكتور محمد عاطف غيث دارالمعارف بمصر الطبعة الثامنة ١٩٨٣ ص٢١٨ وفي اماكن أخرى.

١٠- زايتلن، ارفنج: النظرية المعاصرة في علم الاجتماع ترجمة: دكتور محمود عودة و دكتور إبراهيم عثمان. الكويت ١٩٨٩ ص٣٦٣ فما بعد.

١١- تيرنر، جوناثان، بناء نظرية علم الاجتماع. ترجمة الدكتور محمد سعيد فرح. الاسكندرية ٢٠٠٦ ص٢٤٠ فما بعد.

١٢- النوري، الدكتور قيس، الحسني، الدكتور عبدالمنعم: النظريات الاجتماعية جامعة بغداد، ١٩٨٥، ص٢٢٢ وفي اماكن أخرى.

١٣- د. قيس نوري. د. عبدالنعم الحسني: المصدر نفسه، ص٢٤٤.

14- Jonas, Friedrich., Geschichte der Soziologie. Bd. 2. Rowohlt. 1976. S. 293.

15- Kasler, Dirk., Klassiker des Soziologischen Denkens. Munchen 1987. S.24 ff.

# فیدباک و ڕۆڵی له پرۆسەی فێربووندا

د. کەریم شەریف قەرەچەتانی
(زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی پەروەردەی بنیات)

یەکێک لەو فاکتەرانەی کە کاریگەری لەسەر پرۆسەی فێرکردن و فێربوون هەیە، فیدباکە (التغذیة الراجعة) زۆربەی پەروەردیارەکان جەخت لەسەر گرنگی فیدباک دەکەن و لەو بڕوایەدان کە دەبێت بەردەوام فێرخواز لە دەرئەنجامی کاروچالاکی و تاقیکردنەوەکانی ئاگەدار بکرێتەوە، واتە کاتێک فێرخواز تاقی دەکرێتەوە یان پرسیاری لێدەکرێت، یان خەریکی کار و چالاکییەک دەبێت، دواتر لە دەرئەنجامی کارەکەی بە باش یان بە خراپ ئاگەدار دەکرێتەوە، ئەوە زۆر باشترە و سوود زیاتر وەردەگرێت، ئەگەر بە یەکێکی دیکە بەراوردبکرێت کە دەرئەنجامی تاقیکردنەوە و کار و چالاکییەکانی نازانێت، ئاگەدارکردنەوەی فێرخواز لە دەرئەنجامی کار و چالاکییەکانی و پێدانی زانیاری بە فیدباک ناودەبرێت.

فیدباک چەندین پێناسە کراوە، هەندێک لە زاناکان لەو بڕوایەدان کە فیدباک بریتییە لە (ئەو زانیاری و وەڵامانەی کە دەربارەی دەرئەنجامی کار و چالاکییەکانی بەفێرخواز دەدرێت)، هەندێکی دیکە لە زاناکان لەو بڕوایەدان کە فیدباک تەنیا بریتی نییە لە ئاگەدارکردنەوەی فێرخواز لە دەرئەنجامی کار و چالاکییەکانی، بەڵکو دەبێت لەگەڵ ئەوەشدا زانیاری دیکەیشی دەربارەی ڕاست و هەڵەی وەڵامەکانی پێ بدرێت، واتە وەڵامەکەی ڕاستە، یان هەڵەیە، هەندێکی دیکە لە ئەوەش زیاتر دەڕۆن و لەو بڕوایەدان کە دەبێت لەگەڵ پێدانی زانیاری و ئاگەدارکردنەوەی دەربارەی دەرئەنجامی کار و چالاکییەکانی و دەرخستنی ڕاست و هەڵەی وەڵامەکانی، هەوڵی ئەوە بدرێت کە وەڵامە هەڵەکانیشی بۆ ڕاست بکرێتەوە و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی بۆ ڕوون بکرێتەوە و تێبگەیەنرێت کە تا چ ئاستێک لە ئامانجەکانی نزیک بووەتەوە و وەڵامەکانی ڕاست و دروستن (اکیلة، ٢٠٠٧، ص٢٨٩).

## فیدباک و گۆڕانکاری لە ڕەفتار و ڕێکخستنی

فیدباک بایەخێکی خۆی لە گۆڕینی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی فێرخوازدا هەیە، چونکە کاتێک فێرخواز وەڵامی پرسیارێک دەداتەوە و مامۆستا دەست خۆشی لێدەکات و پێی دەڵێت کە وەڵامەکەی ڕاستە، ئەوە گۆڕانکاری لە ڕەفتاری ئەو فێرخوازەدا دەبێت و هەوڵی فێربوونی شتی دیکە دەدات و ئەو فیدباکەی مامۆستا دەبێت بە پاڵنەر و هاندەر وورووژاندنی هێز و گوڕوتینی فێرخواز و لە لایەکی دیکەیشەوە کاتێک وەڵامەکەی هەڵە دەبێت و مامۆستا سەرچاوە و هۆکاری هەڵەکانی بۆ ڕوون دەکاتەوە و دواتر وەڵامە ڕاستەکەی پێدەڵێت، ئەوە هەوڵدەدات لە داهاتوودا ئەو هەڵانە دووبارە نەکاتەوە (تریفرز، ١٩٧٩، ص١٠٧).

فیدباک پێوەندییەکی بەهێزی بە دەرئەنجام و ئاکامی کار و چالاکییەکانەوە هەیە و بەردەوام فیدباک دەکەوێتە دوای کار و چالاکییەکان نەک پێش کار و چالاکییەکان، واتە کاتێک فێرخواز کارێک دەکات، یان وەڵامێک دەداتەوە یان کێشە و گیروگرفتێک چارەسەر دەکات ئینجا زانیاری و وەڵامی پێویستی وەک فیدباک دەربارەی ئەو کار و چالاکییانەی دەدرێتێ، هەر لەبەر ئەوەشە کە هەندێک کەس فیدباک و زانینی دەرئەنجام بەیەک چەمک لە قەڵەم دەدەن و لەو بڕوایەدان کە زانینی دەرئەنجام مانای فیدباکە، بۆ نموونە لە یاسای کاریگەری (قانون الأثر)ی سۆرندایک زانینی دەرئەنجام وەک فیدباک کاریگەری خۆی لە فێربووندا هەیە و دەبێتە هۆی باشکردن و گۆڕانکاریکردنی ڕەفتار، بەڵام بەپێچەوانەوە و بەبێ زانینی دەرئەنجام کار و چالاکییەکان و ڕەفتاری تاک بەرەو لاوازی دەچن (الأزیرجاوی، ١٩٩١، ص١٧٦).

هەندێک جاریش فیدباک بە مانای پاداشت و هاندان و سزا بەکار هێنراوە، واتە فیدباک هەمان کاریگەری پاداشت و هاندان و سزای هەیە و دەبێتە هۆی گۆڕانکاریکردن لە ڕەفتار و دووبارەکردنەوەی وەڵام و کار و چالاکییە سەرکەوتوو ڕاستەکان و وازهێنان و کوژاندنەوەی وەڵام و کارە هەڵە و نادروستەکان. هەر لەبەر ئەوەشە کە زانای دەروونی پەروەردەیی (دیسکو، ١٩٦٨) پێشنیازی ئەوە دەکات کە باشترە لە جیاتی پاداشت، چەمکی فیدباک بەکاربهێندرێت، لەبەرئەوەی فیدباک باشتر و پتر گونجاوترە لە پاداشت (الأزیرجاوی، ١٩٩١، ص١٧٨) هەندێک جار نمرەکانی تاقیکردنەوەش، بە فیدباک لە قەڵەم دەدرێت و کاریگەری خۆی لەسەر ڕەفتار و دەرئەنجامی کار و چالاکییەکانی فێرخواز هەیە و دەبێت بە پاڵنەر بۆ گۆڕانکاریکردن لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ڕێکخستنی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە نمرەکانی تاقیکردنەوە بایەخی خۆیان هەیە، بەڵام بە فیدباک هەژمار ناکرێت. لەبەرئەوەی تەنیا ئاست و جێگەی فێرخواز بە بەراورد لەگەڵ هاوڕێکانی دیاری دەکات و هیچ زانیارییەکی دیکەی دەربارەی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی و چۆنێتی چاککردنەوەی وەڵامە هەڵەکان، بەفێرخواز نادان.

## گرنگی فیدباک لە بواری پەروەردە و فێربووندا

دەتوانین گرنگی فیدباک لە بواری پەروەردە و فێربووندا لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:

(١) کاتێک فێرخواز لە دەرئەنجامی فێربوونەکەی ئاگەدار دەکرێتەوە و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی دەزانێت، ئەوە زۆر لە دڵەڕاوکێ و ترس و گرژییەکانی کەم دەبێتەوە، بەڵام نەزانینی دەرئەنجامی فێربوون و کار و چالاکییەکانی دەبێتە هۆی ترس و گرژی و دڵەڕاوکێیەکی زۆر.

(٢) ئینجا کاتێک دەزانێت کە وەڵامەکەی ڕاستە و لە هەمان کاتیشدا لەلایەن مامۆستا و دایک و باوک و کەسانی چواردەورییەوە هان دەدرێت و پاداشت دەکرێت ئەوە پتر لەسەر فێربوون بەردەوام دەبێت و پاڵنەری بۆ خوێندن پتر دەبێت.

(٣) بەڵام کاتێک دەزانێت کە وەڵامەکەی هەڵە بووە و لە هەمان کاتیشدا هۆکار و سەرچاوەی هەڵەکانی بۆ ڕوون دەکرێتەوە، ئەوە ئەو قەناعەت و بڕوایەی لەلادروست دەبێت کە خۆی لەو هەڵانە بەرپرسیارە و تەنیا شایەنی ئەوەندە نمرە بووە، ئینجا ئەم قەناعەت و بڕواو دان نانە بە بەرپرسیاریەتی هەڵەکانیدا دەبن بە هەوێن و سەرچاوە بۆ پترکردنی هەوڵ و کۆششەکانی و پتر خۆماندووکردنی لە داهاتوودا، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەو هەڵانە دووبارە نەبنەوە.

(٤) هەڵەچنی و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان دەبنە هۆی لاوازکردنی پێوەندی نێوان پرسیار و وەڵامە هەڵەکان لەناو کۆئەندامی یادکردنەوەی و بەهێزکردنی پێوەندی نێوان پرسیار و وەڵامە ڕاستەکان.

(٥) فیدباک دەتوانێت پرۆسەی فێربوون بەهێز و چالاک بکات و ببێتە هۆی پتر کردنی ئاستی پاڵنەرەکانی فێرخواز.

(٦) فیدباک دەبێتە هۆی ئەوەی کە فێرخواز شوێن پێی خۆی بزانێت و درک بە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی بکات و بزانێت گەیشتووەتە کوێ و تا چەند لە ئامانجەکانی نزیک بووەتەوە، چەند کاتی دیکەی دەوێ

بۆ ئەوەی ئەو ئامانجانە بهێنێتەدی، هەروەها ئەو ئامانجانە کامانەن کە هاوڕێکانی پێی گەیشتوون، بەڵام ئەم هێشتا لێیان دوورە (الحیلة، ٢٠٠٧) ص٢٩٥).

## جۆرەکانی فیدباک

فیدباک زۆرجۆری هەیە و دەتوانرێت بە چەندین شێوە پۆلین بکرێت، هەندێکیان سادە و ساکارە و دەتوانرێت لە ڕێگەی وەڵامی کورتی وەک (بەڵێ یان نەخێر) (ڕاستە یان هەڵەیە) (باشە یان خراپە) زانیاری بەفێرخواز بدرێت، هەندێک جاریش ئاڵۆزە و فیدباک پێویستی بە زانیاری زۆرتر هەیە کە بەفێرخواز و دواتر وەڵامە هەڵە و ڕاستەکانی بۆ ڕوون بکرێتەوە و وەڵامە هەڵەکانیشی بۆ ڕاست بکرێتەوە و هۆی هەڵەکردنەکەشی بۆ باس بکرێت. لە گرنگترین جۆرەکانی فیدباک ئەمانەی لای خوارەوەن:

(١) فیدباک بەپێی سەرچاوەکەی (ناوەوە- دەرەوە):

لەم جۆرەدا یان سەرچاوەی فیدباک و زانیارییەکان لە ناوەوەی فێرخوازە و خۆی هەست بە وەڵامە ڕاست و هەڵەکانی خۆی دەکات و دەزانێت خاڵە بەهێز و لاوازەکانی چین، یان لە دەرەوەی فێرخوازە و مامۆستا و دایک و باوک و کەسانی دیکە زانیاری و شارەزایی و وەڵامی دەدەنێ و لە خاڵە بەهێز و لاوازەکان و وەڵامە ڕاست و هەڵەکانی ئاگاداری دەکەنەوە، سەرەڕای ڕاستکردنەوەی وەڵامە هەڵەکان و ڕوونکردنەوەی هۆی هەڵەکان و دووبارەنەکردنەوەیان.

(٢) فیدباک بەپێی کاتی پێشکەشکردنی (یەکسەر- دوای ماوەیەک):

هەندێک جار یەکسەر ڕاستەوخۆ دوای تاقیکردنەوە و وەڵام دانەوەی پرسیارەکان زانیاری پێویست دەربارەی ئەنجامی کار و چالاکییەکانی بەفێرخواز دەدرێت، هەندێک جاریش دوای ماوەیەک (ئیدی زۆر بێت، یان کەم) ئینجا زانیاری و شارەزایی و فیدباک بەفێرخواز دەدرێت.

(٣) فیدباک بەپێی شێوەی زانیارییەکان (زارەکی- نووسراو):

مەبەست لە زارەکی ئەوەیە کە بە قسە و بەشێوەیەکی زارەکی (بەبێ نووسین) زانیاری و فیدباک بەفێرخواز بدرێت، بەڵام بەشێوەی نووسراو، ئەوەیە کە فیدباک و زانیاری و شارەزاییەکان لە ڕێگەی نووسینەوە نەک زارەکی بەفێرخواز دەدرێت.

(٤) فیدباک بەپێی کاتی چالاکییەکە (هاوشانی چالاکییەکە- دوای چالاکییەکە):

هەندێک جار فیدباک هاوشانی کار و چالاکییەکانی فێرخواز دەبێت و لەوکاتەدا دەبێت کە کارەکە بە ئەنجام دەگەیەنرێت، بەڵام جاری واش هەیە فیدباک دەکەوێتە دوای تەواوکردنی کار و چالاکییەکە، واتە دوای ئەوەی کە کارەکە تەواو دەبێت ئینجا فیدباک و زانیاری بەفێرخواز دەدرێت.

(٥) فیدباکی پۆزەتیف یان نێگەتیف:

مەبەست لە فیدباکی پۆزەتیف ئەو جۆرە فیدباکەیە کە فێرخواز دوای وەڵامە ڕاستەکانی دەستی دەکەوێت، بەڵام فیدباکی نێگەتیف ئەو جۆرە فیدباکەیە کە فێرخواز دوای دیاریکردنی وەڵامە هەڵەکانی دەستی دەکەوێت. زۆربەی جار فیدباکی پۆزەتیف دەبێتە هۆی بەهێزکردنی وەڵامە ڕاستەکان و دووبارەکردنەوەیان لە داهاتوودا، بەڵام فیدباکی نێگەتیف دەبێتە هۆی لاوازکردنی وەڵامە هەڵەکان و دووبارە نەکردنەوەیان لە داهاتوودا.

(٦) فیدباکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ یان نا ئاشکرا و ناڕاستەوخۆ:

لە فیدباکی ئاشکرادا، مامۆستا ڕاستەوخۆ بەفێرخواز دەڵێت کە وەڵامەکەی ڕاستە یان هەڵەیە، ئەگەر وەڵامەکەی هەڵەبوو ئەوە وەڵامە ڕاستەکەشی پێ دەڵێت و داوای لێدەکات کە وەڵامە ڕاستەکە لەلای خۆی تۆمار بکات، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە نەکەوێتە هەمان هەڵەوە، واتە بەم شێوەیە (پرسیار ــــ وەڵام ــــ ڕاست یان هەڵە ــــ وەڵامی ڕاست ــــ دووبارە نووسینەوەی وەڵامی ڕاست).

بەڵام لە فیدباکی نا ئاشکرا و ناڕاستەوخۆ (غیر صریح)، ئەوە مامۆستا بەفێرخواز دەڵێت کە وەڵامەکەی ڕاستە یان هەڵەیە، بەڵام پێش ئەوەی وەڵامە هەڵەکەی بۆ ڕاست بکاتەوە، ئەوە دووبارە پرسیارەکە لە فێرخواز دەکات و داوای لێدەکات کە دووبارە بیری لێبکاتەوە و هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامی ڕاست بدات، ئەگەر دوای ماوەیەک هەر نەیتوانی وەڵامی ڕاست بداتەوە، ئینجا مامۆستا وەڵامە ڕاستەکەی بۆ دیاری دەکات، واتە بەم شێوەی لای خوارەوە دەبێت (پرسیار ــــ وەڵام ــــ ڕاست یان هەڵە ــــ بۆ ماوەیەک دووبارە بیرکردنەوە لە وەڵامی ڕاست ــــ وەڵامی ڕاست.)

(٧) فیدباک بەپێی:

أ- ئاگەدارکردنەوەی، واتە پێدانی زانیاری و فیدباک بە فێرخواز و ئاگەدارکردنەوەی لە وردی و ڕاست و دروستی (دقة) وەڵامەکانی.

ب- ڕاستکردنەوە، لەم جۆر فیدباکەدا زانیاری دەربارەی وردی و ڕاست و دروستی وەڵامەکان لەگەڵ ڕاستکردنەوەی وەڵامە هەڵەکان بەفێرخواز دەدرێت.

ج- لێکدانەوە، لەم جۆرە فیدباکەدا مامۆستا زانیاری

پێویست (دەربارەی ڕاست و دروستی وەڵامەکان و هەروەها ڕاستکردنەوەی وەڵامە هەڵەکان، سەرەڕای ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی هۆی هەڵەکان) بەفێرخواز دەدات.

د- بەهێز و پتەوکردن، لەم جۆرە فیدباکەدا، زانیاری پێویستی دەربارەی (وردی و ڕاست و دروستی وەڵامەکان، ڕاستکردنەوەی وەڵامە هەڵەکان، ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردن و گفتوگۆکردن لەسەر هۆی هەڵەکان، سەرەڕای هاندان و پشتگیری کردن) بەفێرخواز دەدرێت.

دەرئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژە بە بوونی جیاوازی دەکەن لە نێوان ئەو فێرخوازانەی کە فیدباکیان دەدرێتێ لەگەڵ ئەوانەی کە فیدباکیان نادرێتێ، دەرکەوتووە کە ئەوانەی فیدباکیان دەدرێتێ (واتە دەرئەنجامی وەڵامەکانیان پێ دەگوترێت لەگەڵ چاککردنی وەڵامە هەڵەکان و گفتوگۆکردن و تاووتوێکردنی هۆی هەڵەکانیان) سەرکەوتووترن و نمرەشیان بەرزترە لە ئەو فێرخوازانەی کە فیدباکیان نادرێتێ، لەبەرئەوە زۆر گرنگ و پێویستە بەردەوام مامۆستا و دایک و باوک زانیاری پێویست دەربارەی وەڵامەکان بەفێرخواز بدەن و وەڵامە هەڵەکانیان بۆ ڕاست بکرێتەوە، سەرەڕای قسەکردن و گفتوگۆکردن لەسەر هۆی هەڵەکان و هەوڵدان بۆ دووبارە نەکردنەوەیان لە داهاتوودا.

هەروەها هەندێک مامۆستا لەسەر قەڵەم و کاغەز و دەفتەر وەڵامی فێرخوازەکان دەنووسێت بۆ ئەم هەڵەت کردووە؟

دواتر کاتێک لەناو پۆل بۆ گفتوگۆکردن و قسەکردن لەسەر وەڵامە هەڵەکان تەرخان دەکات، ئەم شێوازەش سود بەخشە، لەبەرئەوەی ئەو زانیاری و ڕوونکردنەوانە دەبن بە فیدباک و بە قازانجی فێرخواز تەواو دەبێت. لەلایەکی دیکەیشەوە کاتێک مامۆستا وانە ڕاڤە دەکات ئەوە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی فێرخوازەکان بۆ مامۆستا دەبن بە فیدباک واتە دەتوانێت لە ڕێگەی جووڵە و هەڵسوکەوتی فێرخوازەکانەوە بگاتە ئەو بڕوایەی کە لەوانە گوتنەوەدا سەرکەوتووە یان نەء، یان فێرخوازەکان بە ئاگەن یان بێزار و وەڕس دیارن. بۆ نمونە کاتێک مامۆستا سەرقاڵی وانەگوتنەوەیە و دەبێت، فێرخوازەکان سەیری دەکەن و سەر بۆ قسەکانی دەلەقێنن و لە دەموچاویاندا ڕەزامەندی و کامەرانی دەردەکەوێت، ئەوە مامۆستا ئەوەندەی دیکە گەرموگوڕتر و باشتر وانەکە ڕاڤە دەکات و ئەو وەڵام و ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەی فێرخوازەکان بۆ مامۆستا دەبن بە فیدباک، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە، مامۆستا لە دەموچاوی فێرخوازەکاندا بێزاری و وەڕس بوونی هەست پێکرد و بینی زۆربەی خوێندکارەکان سەیری ئەم لاو ئەولا دەکەن و خۆیان بەشتی لاوەکییەوە خەریک کردووە، ئاگەیان لە مامۆستا نییە، ئەوە مانای ئەوەیە کە کەموکورتی لەوانە گوتنەوەدا هەیە و لە مامۆستا ڕازی نین، ئەم ڕەفتار و هەڵسوکەوتەی فێرخوازەکان دەبن بە فیدباکێکی نێگەتیڤ بۆ مامۆستا و کاریگەری خراپیان لەسەر وانەگوتنەوەی دەبێت و دوورنییە ببێتە هۆی لاوازکردنی گوڕوتینی وانەگوتنەوەی مامۆستا، بەڵام پێویستە مامۆستا سوود لە ئەو فیدباکە نێگەتیڤانە وەربگرێت و گۆڕانکاری لە شێوازەکانی وانەگوتنەوە و تۆنی دەنگی و ئامرازەکانی ڕوونکردنەوەدا بکات بۆ ئەوەی سەرنجی فێرخوازەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

کەواتە فیدباک تەنیا تایبەت نییە بە فێرخواز، بەڵکو بۆ مامۆستاش گرنگە، لە دوو لایەنەوە بۆ مامۆستا گرنگە، یەکەمیان ئەوەیە کە دەتوانێت لە ڕێگەی هەڵسوکەوتی فێرخوازەکانەوە درک بە ئەوە بکات، ئایا لەوانە گوتنەوە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا سەرکەوتووە یان نەء، دووهەمیشیان ئەوەیە کە دەتوانێت سوود لە هەموو جۆرەکانی فیدباک وەربگرێت و بە مەبەستی هاندان و فێرکردن و چەسپاندنی وەڵامە ڕاستەکان و نەهێشتنی وەڵامە هەڵەکانی فێرخواز، بەکاریان بهێنێت، واتە کاتێک مامۆستا بەفێرخوازەکانی دەڵێت: (ئافەرین، دەستخۆش، هەربژی، زۆر سوپاس، چەپڵەیەکی بۆ لێبدەن، زۆر ڕاستە، باشترە بڵێت، وانەڵێت، ئەمە هەڵەیە و ڕاستییەکەی ئەوەیە کە..... تاد)

دەکرێت سەرجەم ئەوانە و هەزارەها وشە و دەستەواژەی دیکە بکرێن بە فیدباک و بۆ مەبەستی باشترکردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەکار بهێنرێن.


- الحيلة، محمد محمود (٢٠٠٧)، مهارات التدريس الصفي (ط٢)، دار المسيرة، عمان، الأردن.

- تريفرز (١٩٧٩)، علم النفس التربوي، ترجمة د. موفق الحمداني و د. حمد دلي الكربولي. جامعة بغداد/ كلية التربية، مطبعة جامعة بغداد.

# هەژموونی ڕەواقییەکان و کاریگەرێتی بەسەر فەیلەسووفانەوە

ئازاد خدر

چەمکی (قەدەر) یان چارەنووس بیرۆکەیەکی ئایینییە و کاریگەرییەکی زۆر بەهێزی هەبووە لەسەر فەلسەفەی (هیلینستی) لە سەدەی سێیەمی پێش زایین بە گشتی و فەلسەفەی ڕەواقی Stoice بە تایبەتی کە فەلسەفەیەکی پوختەی لەبارەی قەدەرەوە داڕشتووە. ڕەواقییەت وێڕای ئەوەی مامەڵەیەکی تێر و تەسەلی لەگەڵ چەمکی قەدەردا کردووە، بەڵام هەمیشە ئەو مامەڵەیەی لە چوارچێوەیەکی فەلسەفیدا هێشتۆتەوە. دەستەواژەی قەدەر لای ڕەواقییەکان پێش هەموو شتێک پەیوەست بووە بە زانینی فیزیکەوە، چونکە دەستەواژەی ناوبراو خۆی لەخۆیدا تێڕوانینێکی گشتگەر و مەحکەمە بۆ گەردوون هەرچەندە دواتر ڕەواقییەکان بیرۆکەی قەدەر و مەسەلەی ئازادی و ئەرک و بەرپرسێتی کاروکردەوەکانی مرۆڤیان پێکەوە بەستەوە.

قەدەر لە بنەڕەتدا ئاماژەیەکە بۆ حەتمییەتی هۆ و هۆکارە فیزیکییەکان و ئەم حەتمییەتەش سیستەمی گەردوونی بەڕێوە دەبات و چاودێری دەکات و بەپێی ئەم بۆچوونە تاکەکان چەند بەشێکن لە گشتێک یان کۆیەک کە پێی دەڵێن گەردوون یان خواوەند. ئەم بۆچوونە پوختەی فەلسەفەی ڕەواقییە کە جیهان لای بریتییە لەیەک بوونەوەری زیندوو و عاقڵ و تاکەکانیش تەواوکەری ئەون، ئەم تاکانە بەپێی فەلسەفەی ڕەواقییەکان هیچ قەدەرێکی دیکەیان نییە جگە لە قەدەری ئەو جیهانە گشتگیرە یان ئەو خواوەندە تاک و تەنیایە و خێر و چاکەی مرۆڤیش لە ملکەچکردنی ویستی بۆ ئەو سیستەمە حەتمییەدا بەرجەستە دەبێت، ئەو سیستەمەی کە خەڵک بیانەوێت و نەیانەوێت ڕاپێچیان

دەکات بۆخۆی، بۆیە فەیلەسووفی ڕەواقی ڕۆمانی (سینیکا ) دەیگوت (قەدەر ترسنۆکەکان بەڕێوە دەبات و ئازاکان ملکەچ دەکات). ئەم دیدە بۆ یۆنانییە کۆنەکان و ڕۆمانییەکان فاکتەرێک و بۆچوونێکی گەشبین و مزگێنییەک بوو بۆ ئەوەی دڵنیا بن و چاویان بنووقێنن لەبەردەم ڕووداو و پێشهاتەکانی سەردەمەکەیان، لەبەرئەوەی لە کۆتاییدا قەدەر چارەنووسێکی بەختەوەری بۆی نووسیوە و جیهانیش بە گشتی بەپێی ئەم مزگێنییە، مژدە بەخش و پڕ خێر و خۆشەویستییە و دەیەوێ مرۆڤ خۆی بۆ ئەو ویستە گشتگەرەی گەردوون ملکەچ بکات. واتە لێرەدا قەدەر نابێتە ئەو هێزە و توانستە کوێرانە و داپڵۆسێنەرە دژی مرۆڤ، بەڵکو دەبێتە یاسایەکی حەتمی و چاودێری سیستمی جیهانی دەکات و هەموو کاروکردەوە و وردەکارییەکانی گەردوون بەڕێوە دەبات و بەڕێیان دەکات و لەم بارەیەوەش فەیلەسووفی ڕەواقی (کریسیپۆس) دەیگوت (قەدەر سیستم و عەقڵی جیهانە).

مرۆڤ لەو جیهانەدا شوێن و پلەوپایەیەکی بەرچاوی هەیە و بەشێکە لە گەردوون و لە قەدەری جیهانیش هاوبەشە و چاکە و خێر و بەختەوەرییەکەی لە ڕەزامەندی و لاری نەبوونی بۆ یاسای گەردوون و لکانی پێی بۆ بەدیهێنان و جێبەجێکردنیدا بەرجەستە دەبێت. ئەرستۆییەکان بەرەنگاری کێشەی قەدەر بوونەوە بێ ئەوەی بەشێک بێت لە فەلسەفەکەیان، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە بیروبۆچوونێکی تەواو و ڕوونیان نەبوو بۆ ئەو کێشەیە کە دامەزرێنەری فەلسەفە و قوتابخانەی (مەشائی) و وروژاندبوونی، واتە کێشەی بزوێنەری یەکەمی گەردوون. ڕەواقییەکان ئەو کێشەیەیان چارەسەرکرد و بە دانانی خواوەندێک لە نێوەندی جیهاندا و جیهان و بەشەکان و ڕووداو و بەسەرهاتەکانیشیان کردە بەشێک لەو خواوەندە گشتگیرە کە سەرجەم قەدەرەکانی بە دەستە و یەکەم داینەمۆی گەردوونە، کەچی ئەرستۆییەکان دەبوایە وەڵامێک و چارەسەرێکیان هەبوایە بۆ ئەو کێشەیە لەبەر ئەوەی خواوەندەکەیان دووربوو لە جیهان و ڕووداوەکانی.

ئەسکەندەری ئەفرۆدیسی کە مەزنترین ڕاڤەکەری فەلسەفەی ئەرستۆ بوو ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ چەمکی قەدەردا دەکرد کە گرنگترین و چارەنووسسازترین چەمک و بابەت بوو بۆ فەیلەسووفەکانی ئەو سەردەمە دێرینە.

ئەسکەندەری ئەفرۆدیسی بەشێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ فەلسەفەی ئەرستۆدا کرد کە بگونجێ لەگەڵ ئەو کێشەیەدا و وەڵامێکی شیاوی بۆ مەسەلەی قەدەر هەبێت. قەدەر بەڕای ناوبراو بریتییە لە کاری عینایەی ئیلاهی کە پەیوەستە بە یەکەم بزوێنەری بوونەوەرەکانی ئاسمان، بەڵام بوونەوەرانی زەمین کە جیهانی گۆڕانکاری و جووڵانەوەیە و ڕووبەڕووی دابەشبوون و پێشهاتەکان دەبێتەوە عینایەی خواوەند نایگاتێ، واتە ئەو عینایەتە یان سەرپەرشتییە بەلای ئەسکەندەری ئەفرۆدیسییەوە ناگاتە سەرجەم تاکەکان، بە مانایەکی دیکە سەرپەرشتی خواوەند لای ڕەواقییەکان سنووردارە و بە هەموو لایەکی گەردووندا ناپڕژێ و خواوەند ناتوانێ سیستم و ڕێڕەوی شتەکان و ڕووداوەکان بگۆڕێت و هەروەها لە ڕووی ئەخلاقییەوە تاک ناتوانێت ئەو قەدەر و چارەنووسە حەتمییە بگۆڕێت کە بە ویست و ئازادییەوە هەڵیبژاردووە و داوێتییە دەست خواوەند. ئەم فەلسەفە ڕەواقییە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر فەیلەسووفەکان و مێژووی فەلسەفەدا بەگشتی و لەسەر نیتشە و فەلسەفەی بوونخوازی بەتایبەتی کە مانایەکی نوێی بە چەمکی قەدەر Fate بەخشی نیتشە، لۆگۆس و قەدەری گەردوونی وەک ویستێک بۆ سەپاندن و هەژموونی خود Subject لێکدایەوە و وتی (جیهان لە ئەزەلەوە خۆی دووبارە دەکاتەوە و دەبێ پێداچوونەوەیەکی تێروتەسەل بە ڕووداوەکانی ڕابردوو و ویستەکان و ویستی بەرەوپێش چوون لە ئایندەدا بکرێ).

دەستەواژەی قەدەر schicksal (بە زمانی ئەڵمانی) تەوەرێک و توخمێکی زۆر گرنگ بوو لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی بۆ جەنگ و بیرۆکەیەکی بنەڕەتی بوو لە فەلسەفە و سیاسەتی (هایدگەر) و پێشینەی تیۆری و مێژوویی هەبووە، چونکە ئەو دەستەواژەیە دەرهاوێشتەی گوتاری جەنگ بووە کە یەکێک لە مۆرکەکانی ئەوەیە خۆڕاگری و ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ و مەترسییەکان. لەلایەکی دیکەوە، قەدەر بەلای (ئۆسوالد شپینگلەر) پێچەوانەی ڕێشنالیزم (عەقلانییەت)ە کە لەسەر کۆد و پرەنسیپی جێگیر و نەگۆڕ دامەزراوە، واتە پێچەوانەی ڕێڕەوی میکانیکیانەی ڕووداوەکان، دەڵێ (قەدەر، ڕووداوێکی شاراوە و ناکاوە و نە پێناسە و نە کۆنترۆڵ دەکرێ، بەڵکو تەنیا بە ئەزموون دەکرێ واتە تەنیا دەتوانین بۆ خۆمان تاقی بکەینەوە و لەناویدا بژین. قەدەر دەچێتە خانەی تێڕوانینێکی تراژیدییانە بۆ ژیان و

پێــوەندی تاک بە مــەرگ و قــوربانیــدان و هەڕەشــە و مــەترسـیــیــەکــانی ژیانەوە...). بۆیە بەپێی بۆچوونی شپینگلەر، ئەمریکا و ڕوسیا (توخمی ڕەسەنایەتییان بۆ تراژیدیای مێـژوو نیـیـە) واتە ئەو قـەدەرەیان نیـیـە کە هەمیـشە بەرۆکی گەلانی ئەورووپی بەگشتی و ڕۆح و گەلی ئەڵمانی گرتووە، دەڵێ (شارستانییەت بە سەرکەوت و شاری بەسەر گوندا زاڵ کرد و بەم جۆرە خۆی لە دەسەڵاتی زەوی دزیبیەوەو بێ ڕەگوڕیشە مایەوە و هێشتی قەدەر ماڵئاواییمان لێبکات و ئاوا بێت و هۆخوازیی (السببیة) شوێنی بگرێتەوە، واتە دەرفەتی بۆ فیکری ژمێریار ڕەخساند کە مۆرکی زانستە دروستەکانە).

بەم شێوەیە قەدەر وەرچەرخا بۆ بەرپەچدانەوەی مەترسی و مەرگ کە مۆرک و شیرازەی کەس و گرووپێکی بوێرە کە بڕوای بە هێمای بەرز و میسالی هەیە و ڕەگوڕیشەی ڕۆچۆتە نێو جەرگەی زەوی و خوێنییەوە. نازیەت و فاشییەت لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیادا و هزرمەندانیان ئەو فەلسەفەیە لەبارەی قەدەرەوە، بە میراتێکی ڕەسەن لە قەڵەمدا و کردیان بە باشترین دروشمی خۆیان.

گرووپی ئازا کە بەرەنگاری یان دوچاری چارەنووس و قەدەری خۆی دەبێتەوە، بەشێکە لە ئایدۆلۆژیای جەنگ و فەلسەفەی هایدگەر بەگشتی کە جەختی لەسەر سازدانی (گرووپێکی ڕەسەنی ئەڵمانی) دەکردەوە و دەیگوت (سەرجەم بوار و دیاردەکانی ژیان دەبێ ملکەچی ئەو پرەنسیپە بنەوە). هەروەها دەستەواژەی (گرووپی نەتەوەیی -ناشیۆنال-) بەرانبەر بە (کۆمەڵ) هەمیشە پێوەندی بە مەرگەوە هەبووە کە بیروهزری هایدگەری سەرقاڵ کردبوو، دەیگوت (زەمالەتی و هاوڕێیەتی سەربازەکان لە بەرەی جەنگدا، لە نزیکبوونەوەی مەرگ وەک قوربانیدانێک سەرچاوە دەگرێ و هەمووییان لە بەردەم هەمان عەدەمدا دادەنێ بەجۆرێک ئەو هاوڕێیەتییە و هاوبەندییە ببێتە چاوگەی هەر ئینتیمایەکی هاوبەش و بێ قەیدوشەرت). واتە مەرگ وەک قەدەرێک و ئامادەبوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی و قوربانیدان بە خۆ، بوارێک بۆ گرووپەکە دەڕەخسێنێ کە تێیدا هاوڕێیەتی سەرهەڵدەدا. بەلای هایدگەر ئەو گرووپە هێز و توانای لە (هێزی زەوی و خوێن)ەوە وەردەگرێ، ئەمەش پێوەندییەکی توندی بە بیرۆکەی (قەدەری ئەڵمانی)یەوە هەیە، دەڵێ (ئەگەر یەک لە ئێمە ببێتە ڕابەر Fuhr ئەوا قەدەرێکە) بە مانایەکی دیکە، قەدەر ناونیشانی ئەو پیاوانەیە کە دەبنە خواوەند و نیمچە خواوەند، پێوەندی قەدەر بە (فوهر) و نیمچە خواوەندییەوە چییە؟ هایدگەر دەڵێ (قەدەر شایستەی گرووپە مێژووییەکەی گەلە Volk و نیمچە خواوەندیش ئەوانەن کە ئەرکی پتەوکردنی مۆڵگە و پێگەی ئەو گرووپە و دڵسۆزیی بۆ ئەو گرووپە دەخەنە ئەستۆی خۆیانەوە). قەدەری ڕەواقیی بەلای هایدگەر، جەوهەر و کرۆکی ئەو شتەیە کە ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکانی هەر گرووپێکی مێژوویی بەڕێوە دەبات، گرووپێک کە بەو قەدەرەوە بەستراوە.

قەدەر بەم پێوەرەی هایدگەر هاوتای قەدەرێکی شمولی و تۆتالیتاری نییە بەڵکو مانای ئەوەیە: یەکتایی خود و تاکڕەوی بلندگۆ، بۆیە جەختی لەسەر بیرۆکەی (گرووپی میللی ڕاستەقینە) دەکردەوە و بیرۆکەی (برایەتی سەرتاسەری) ڕەت کردەوە چونکە بەلای ئەو (برایەتی گشتگەر، بیرۆکەیەکی گەندەڵ و سەتحییە)، ژیانی خۆش و ڕەفاهییەتی بێ کێشە و بێ قەدەری ڕەت دەکردەوە، ئەو ژیانەی کە بەلای ئەو تەنیا شایەنی مرۆڤی سەتحییە ئەوەی لە (قەدەری ترسناکی وجودی ڕادەکات) مرۆڤی ئاشتی خواز و دنیایی و ژیان پەرست و ژیانخواز لای ئەو پێچەوانەی ئەو مرۆڤە بووە کە حەزی لە سەرکێشی و قەدەرە تراژیدییەکانە و ڕووبەڕووی مەترسی و هەڕەشە چارەنووسسازەکان دەبێتەوە، چونکە (ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە پێویستە و جۆرە تۆقاندنێک schkecken -بەزمانی ئەڵمانی- دەخزێنێتە نێو کیانە بوونخوازەکەمان). ئەم بیرۆکەیە بیرۆکەیەکی ستاندارد بوو لە فەلسەفەی (شپینگلەر)دا کە لە ساڵی ١٩٣٣ دا وتی (ژیانی مردوو لەنێو بەختەوەری و ئاشتیدا و بێ هیچ مەترسییەک و قەدەرێک، ژیانی پڕ حەسانەوە و ڕەفاهییەت، ژیانێکی پڕ نیگەرانی و پڕ حەسرەتە و ژیانێکی پیرە و ئەگەرچی دەتوانین بیری لێبکەینەوە و حەزی لێبکەین، بەڵام مەحاڵە دابینکردنی...).

بە گوێرەی فەلسەفەی هایدگەر، فەیلەسووف لەنێو کار و لێکۆڵینەوەکانیدا دەبێ ڕقی لە ژیانی ئاسوودە ببێتەوە و (دابەزێ بۆ سەر لووتکەی قەدەرە تۆقێنەرەکان، چونکە ناتوانێ دڵنیا بێت لەم جیهانە جەنجاڵە و لە قەدەرە ڕەقەکەی بوون). هایدگەر دەیگوت (هەردەم بیر لەم وتەیەی هونەرمەند ڤان کۆخ دەکەمەوە: لە کانگای

دڵمەوە هەست دەکەم مێژووی مرۆڤایەتی هاوتای مێژووی دەنکە گەنمەکانە: هەتا ئەگەر نەچێندرێن شین دەبینەوە، ئەمە گرنگ نییە و مسۆگەر دەهاڕدرێن بۆ ئەوەی ببن بە نان و وای لەو کەسەی کە نارژێتە نێو ئەم ئاشەوە)، هەڵبەتە ئەم ئاشە زۆر کۆنە و ئاشی ڕەواقییەکانە ئەوانەی دەیانگوت (ئەو کاتە مرۆڤ دەبێتە نامرۆڤ کە لە قەدەری خوێ دادەبڕێت...). هایدگەر بەوەندەش نەوەستا، بەڵکو وتی (گەر بمانەوێ هەر لە سەرەتاوە جەوهەری هزر زۆر بە پاکی تاقی بکەینەوە و بینووسینەوە، دەبێ خۆمان لە لێکدانەوەی تەکنیکییانەی هزر دەربازبکەین کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتوون و ئەرستۆ). پێش هایدگەر، مارتن لۆتەر دەیگوت (هەر کەسێک بە قەدەری کار دەکات و ئەوەی ڕوو دەدات و بەسەریدا دێت، ئەگەرێکە و بوونی هەیە، بەڵام ئەو ئەگەرە ئەگەرێکی حەتمییە و قەدەرێکی پێویستە...) هەروەها (کارل لۆڤیت)ی هاوڕێی مارتن هایدگەر دەڵێ (ئەوەی بیەوێ بزانێت چۆن و بۆچی هایدگەر بە دوای هیتلەردا کەوت، دەبێ لە بیروبۆچوونەکانی بکۆڵێتەوە لەبارەی بوونی مێژوویی و ئیلتیزام و پابەندبوون بە قەدەر و بژارە سیاسییەکانی...).

بەم شێوەیە هایدگەر بیرۆکەی ئایینی و نیمچە ئایینییەکانی فەلسەفەی ڕەواقی وەرچەرخاند بۆ (قەدەری مێژووی و حەتمی و بوونی ئەڵمانی ڕەسەن و چارەنووسی ئاگرین و ڕاکردن لە ئازادی و لیبراڵییەت بەرەو مەرگ و خۆنەویستی و قوربانیدان لە جەنگدا). کارل لۆڤیت دەڵێ (مرۆڤی گریکی دێرین دژی جیهان وەستا و بە بوونی خۆی گۆڕییەوە و ئەم شۆڕشەش خەسڵەتێکی ڕۆحە کە هەتا ئەگەر بۆ دەسەڵاتی قەدەر ملکەچ ببێت، ئەوا مانای ئەوە نییە کە لاوازە، بەڵکو مانای ئەوەیە کە هەڵگری وزە و توانایەکی خولقێنەرە). ئەو ڕۆحە لای نیتشە، گوزارشت لە عەقڵی گشتگەر ناکات، بەڵکو گوزارشت لە (ڕەزامەندییەکی هۆشمەندانە بۆ وەستان بەرانبەر قەدەری تراژیدی و مەترسییەکان) دەکات. لۆڤیت دەڵێ لە ساڵی **١٩٣٧** دا کە شاکارەکەی هایدگەر (بوون و کات) کەوتە بەر دیدی خوێنەران، کەس نەیدەزانی مەرگ کە ئەزموونێکی تایبەتییە بۆ هەرکەسێک، لای هایدگەر لە ڕۆمانەکەی تۆلستۆی (مەرگی ئیڤان ئیلیتش)دا بەرجەستە دەبێت، هەروەها خزاندنی بۆچوونی ئەنتۆلۆژییانە بۆ مەرگ بەرەو ئەو گوتارەی کە هایدگەر لە ساڵیادی -مەرگی سەرکێشدا- Schlagater- خوێندییەوە، تەنیا بانگهێشتە و بانگەوازێکی زۆرە ملێیانەیە بۆ ڕازیبوون بە قەدەر. هەر پاش چەند مانگێک لەو گوتارەی هایدگەر، ئەڵمانیا بڕیاری دا لە (کۆمەڵەی نەتەوەکان) دەربچێ، هیتلەر ئەم بڕیارەی بەپێی (ڕیفراندۆمێکی میللی)یەوە سەپاندە سەر گەلەکەی بۆ ئەوەی بۆ هەموو جیهان بسەلمێنێ کە ئەڵمانیا و ڕابەرەکەی (فوهر)ەکەی یەک شتن. هایدگەریش بە پێش قوتابییەکانی لە زانکۆی (فرایبۆرگ)دا کەوت بەرەو سەندووقی دەنگدان بۆ بڕیارەکەی هیتلەر و وتی (دەنگدان بە - بەڵێ - بۆ بڕیارەکەی هیتلەر، (بەڵێ)یەکە بۆ بوون و قەدەری ڕەسەنی ئەڵمانیا...). کاتێکیش فەیلەسووفی بوونخواز (کارل یاسپرس) لە ساڵی **١٩٣٣** دا لە هایدگەری پرسی (چۆن دەبێ پیاوێکی جاهیلی وەک هیتلەر حوکمی ئەڵمانیا بکات؟) هایدگەر وەڵامی دایەوە (لێرەدا ڕۆشنبیری گرنگ نییە و پێوەندی بەم مەسەلەیەوە نییە... تەنیا سەیری دوو دەستەکەی هیتلەر بکە ئەوە گرنگە!). بە هەمان شێوە فەیلەسووفی فاشیزمی ئیتاڵی (گیۆڤانی گێنتلی) دەیگوت (سەرکردە فاشییەکان، قەدەری یەکتایی و یاسای مێژوو پێشڕەویانە... کاری ئێمەی فەیلەسووفیش دەبێ وەک ڕەواقییەکان بێت ئەوانەی وەک گوندنشینەکان پاش هەر زریانێک ماڵ و بانەکانیان لە بەفر خاوێن دەکەنەوە، ئەمەش کارێکی زۆر قورس و وشکە، وەک چیا ڕەق و وشکە و پڕ مەترسییە، کەواتە فەلسەفە جیاوازی ئەوتۆی نییە لەگەڵ کاری جوتیار ئەوەی سەر لە کێڵانی و تۆدانی زەوییەکەی هەڵناگرێ...).

(هیگڵ) جەنگی وەک (حوکمی خواوەند) لە قەڵەم دا لەبەرئەوەی (قەدەر و حوکمی مێژوو و سەرکەوتنی ڕۆحی جیهان) لەخۆ دەگرێ، دەیگوت (چۆن با دەریا لە بۆگەنبوون دەپارێزێ، ئاوا ئاشتی هەمیشەیی گەلان تووشی گەندەڵی و بۆگەنبوون دەکات و نایەڵێ ڕۆح و قەدەری جیهانی بەدەرکەوێت، هەروەها قەدەری گەردوونی لەبار دەبات) بڕوای بەوەش هەبوو کە قەدەری گەلێک ئەوەبێت کە لەناو بچێت و بنبڕ بکرێت و گەلێکی دیکە شوێنی بگرێتەوە، چونکە ئەمە (بزاڤی مێژوو و ڕۆحی جیهان) بەدی دەهێنێ و بەرجەستەی دەکات. لە ڕاستیدا ئەم وتە و بۆچوونانە قسەی زۆرتر ترسناکن لەبەرئەوەی لەدەم فەیلەسووف و هزرمەندانەوە دەبیسترێن نەک لەدەم سیاسەتمەدارانەوە. پیاوی

سیاسەت بە پێچەوانەی فەیلەسووف، تەنیا چەند کاروکردەوەیەکمان بۆ جێدێڵێ کە پەیوەستن بە هەلومەرج و بارودۆخ کە تایبەت بە سەردەمەکەیەوە و دواتر زوو، یان درەنگ لەبیرمان دەچنەوە، بەڵام بیروبۆچوونی فەیلەسووفەکان هەمیشە لەیادمان ناچنەوە و بەبیرمان دێنەوە، بۆ نموونە ئێمە لە سەردەمی گریکی کۆندا، بیروبۆچوون و کتێبە فەلسەفییەکانی سوکرات و ئەفلاتوونمان پتر بەبیر دێتەوە و دەیانخوێنینەوە نەک کاروکردەوەکانی سیاسەتمەدارێکی وەک (بێرکلیس) کە هاوچەرخێکی ئەو دوو فەیلەسووفە بوو، هەروەها دواتر ئێمە پتر کارە فەلسەفییەکانی ئەرستۆ دەخوێنینەوە و بەدوایاندا دەچین نەک کار و شەڕوشۆڕەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی.

سیاسەتمەدار و فەیلەسووفی ڕۆمانی (شیشرۆن) بەم جۆرە تێڕوانینی ڕەواقی بۆ چەمکی قەدەر لێک دەداتەوە: (من ئەوەی گریک پێی دەڵێ eimarmhun، ناوی دەنێم قەدەر fatum واتە مەبەستم ئەو زنجیرە هۆکارە مەحکەم و توند و تۆڵانەیە کە شتەکان بەرهەم دێنن، ئەو زنجیرە ڕاستییەکی هەمیشەیی و بەردەوامە لە ئەزەلەوە، بەم پێیە هیچ شتێک ڕوونادات ئەگەر حەتمی نەبێت، واتە هەردەبێ ڕووبدات و هیچ شتێکیش لە ئایندەدا ڕوونادات ئەگەر سروشت هەڵگری هۆکارەکانی نەبێت، لێرەوە دەزانین کە قەدەر ناچێتە خانەی تێڕوانینێکی ئەفسانەیی و میللییەوە، بەڵکو تێڕوانینێکی (فیزیکی)یە، واتە ئەو هۆیە نەمرەیە کە لە پشت ڕووداوەکاندا دەوەستێ بەشێوەیەک کە بتوانین بڵێین ڕابردوو ئەوەیە کە ڕوویداوە و ڕانەبردووش ئەوەیە کە ئێستا لە ناویدا دەژین و ئایندەش ئەوەیە کە دواتر ڕوو دەدات....).


**سەرچاوەکان:**

**١- اسکندر الافرودیسي، کارلو ناتالي، ١٩٩٦ الطبعة الاولی.**

**٢- الفلسفة الرواقیة و افولها، سیلیفیا فازو، الطبعة الاولی ١٩٨٣.**

**٣- الوجود والزمن، مارتن هایدغر.**

**٤- هایدغر والنازیة، ف. فراتسن، الطبعة الاولی، ١٩٧٦.**

# کۆمەڵگای پۆست مۆدێرن.. سۆسیۆلۆژیای بازاڕ و مۆدێل

ڕەزوان جەودەت
لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل

زۆر کەس حەز دەکات وا تەماشای هزری پۆست مۆدێرن بکات وەکو ئەوەی ڕەنگدانەوەی هەموو ڕووداوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونییەکانی کۆمەڵگای خۆرئاواییە، بەوەش دیاردەی پۆست مۆدێرنەکان بۆ دوو خاڵی سەرەکی دەگێڕنەوە. یەکەم، جەختکردنەوە لەسەر تایبەتمەندی ئەو دیاردەیە بەهۆی ئەوەی لەخۆرئاواوە سەری هەڵداوەو کۆمەڵگاکانی تر ناچنە نێو ئەو شێوە وەرچەرخانانە، یان خۆیان دوور دەگرن لەو وتووێژەی لەبارەی پۆست مۆدێرنەوە هەیە. دووەم، جەختکردنەوەیانە لەسەر بەیەکەوە بەستنەوەیەکی میکانیکییانەی نێوان هزری پۆست مۆدێرنەو وەرچەرخانەکانی نێو کۆمەڵگای خۆرئاوایی، بەجۆرێک هەموو بۆچوونی پۆست مۆدێرنەکان وەکو دەرکەوتەیەکی سروشتی ئەو دژکارییە ئایدیۆلۆژییانە تەماشا دەکەن کە لەخۆرئاوادا هەن، بەتایبەتیش پێوەندی سێنتەر بەدەورووبەر و ئەو پێوەندییە ناسروشتییانەی لێی کەوتەوەو نەبوونی یەکسانی و باڵادەستی و کۆنترۆڵی توێژو دەستەیەک بەسەر کۆی گشتی کۆمەڵگاو سەپاندنی نامۆیی بەسەر کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەمدا.

بۆیە وەکو پەرچەکردارێکی ئەو کارانە، بزاڤی وا هاتنە ئارا کە خاوەنی ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتین و داوای کۆتایی ئایدیۆلۆژیاو بیروباوەڕەکان دەکەن و داواکارن هەموو پێوەرێکی پێوانەیی هەڵبوەشێتەوەو ئینتیمای تاکەکەس جێگیر دەکات و بانگەشەی کولتوور و ڕۆشنبیری بەکاربەرانە دەکات و گوتەزای وەکو باڵادەستی عەقڵ بەلاوە دەنێت، لەبری ئەوەش باسی ناعەقڵانییەتی عەقڵ دەکات.

بەکورتی بەدوای دەسەڵاتدا دەگەڕێت لەهەموو شتێکداو لەپێناو تۆمەتبارکردنی هەموو شتێکیشدایە، بەو پێیەش ئەوەندەی قسە لەبارەی هێڵە ئاڵۆزەکانی

دەسەڵات دەکات، هەرگیز ئەوەندە قسە لەبارەی کۆمەڵگاوە ناکات.

ئەو شێوە کۆمەڵگایە بەزۆر ناو و زاراوە ئاماژەی بۆ دەکرێت، هەر یەکێک لە ڕوانگەیەکەوە تەماشای دەکات و ناوی دەبات، ڕوانگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی. هەندێک کەسی وەکو ئالان تۆرین ناوی دەنێن «کۆمەڵگای پۆست پیشەسازی». هەندێکیش لەگەڵ فریدریک جیمسۆن ناوی دەنێن «کۆمەڵگای زانیاری»، یان «کۆمەڵگای بەکاربەر».

هەموو ئەو ناوو زاراوانە هەوڵدەدەن پێوەندییەکی ڕەمزی لەنێوان کولتووری پۆست مۆدێرن و ڕەوش و بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بدۆزنەوە، بۆیە لەدایکبوونی «کۆمەڵگای پۆست پیشەسازی» بە «کولتووری پۆست مۆدێرن» دەبەستنەوە.

پێدەچێت کۆمەڵناسی ئەمریکی دانیال ناودارترین کەس بێت توێژینەوەی لەو بوارەی پێوەندیدا ئەنجام دابێت، چونکە زۆر بەروونی جیاکاری دەکات لەنێوان ئەو گۆڕانکارییە لەناکاوانەی بەسەر ڕەوشی ئابووریدا هات، لەگەڵ ئەو ڕەوشە تازەیەی کایەی کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی ئابووری پۆست مۆدێرنە بریتییە لەمەعریفە، بەجۆرێک کە بنیادی کۆمەڵایەتی پیشەی نوێ لەسەر توانای زەینی تاکەکان بنیاد دەنرێت.

لێرەدا سیفەتی «پۆست» پەیوەستە بە ئەنجامی بەتاکەکەس کردنی نێو هەر کەرتێکی کۆمەڵایەتی، بۆیە داوا دەکات زۆرتر لەمیانەی هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی بزاف و جووڵەو کارەوە، سەرلەنوێ چاو بەسروشتی کۆمەڵگای پۆست پیشەسازیدا بخشێنرێتەوە، نەوەکو جەخت بکرێتە سەر یەکێتی و تەبایی گریمانکراوی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەگشتی.

بۆیە ئەو ململانێیە نوێیە گریمانکراوانە ناکەونە دەرەوەی سیستەمی بەرهەمهێنان، بەڵکو لەنێو هەناوی سیستەمەکەدان و پەل دەهاوێژنە نێو کایەی نوێی کۆمەڵایەتیش، چونکە ڕاگەیاندن و پەروەردەو بەکاربردن لەئێستادا زۆرتر پەیوەستی کایەی بەرهەمهێنانن، بۆیە پێویستە لەسەرمان ململانێیە کۆمەڵایەتییەکان لەسیستەمی حوکمی ئابووری و سیاسی جیا بکەینەوە.

ئەوەش ناچارمان دەکات دەست لەو چەمکە باوانەی خۆمان هەڵگرین لەکاتی شیکردنەوەی کۆمەڵگاکاندا، چەمکی وەکو ململانێی چینایەتی و چین و توێژی کۆمەڵایەتی، تاوەکو بتوانین قسە لەبارەی ئەو هەموو ئاڵۆزییە بکەین کە مەبەستمان نییە بیانشارینەوەو بیانسڕینەوە، بەڵکو چارەسەریان بکەین لەو سنوورەدا کە دەشێت دانوستانیان لەبارەیەوە بکرێت.

لەکاتێکدا فریدریک جیمسۆن ئاماژە بۆ پێوەندی توندوتۆڵی نێوان پۆست مۆدێرنەو قۆناغی ئێستای سەرمایەداری فرە ڕەگەز دەکات، چونکە پۆست مۆدێرنەی تازە، گوزارشت لەحەقیقەتی پێکهاتەی لێکدراوی سیستەمی تازەی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری دەکات لەقۆناغە پێشکەوتووەکەیدا، لەبەرئەوەی کولتووری پۆست مۆدێرنە تەبایە لەگەڵ شێوە تازەکانی وەکو: بەکاربردن و خێرایی بەکارهێنانی مۆدێل، بۆیە دەگاتە ئەو باوەڕەی پۆست مۆدێرنە مۆدێلی ئێستای قۆناغی سەرمایەداری نییە، بەڵکو کولتوورەکەیەتی.

## میتۆلۆژیای نەرسیس

ئەو دەروازە کولتوورییە بۆ خوێندنەوەی دیاردەی پۆست مۆدێرنە باڵی بەسەر خەیاڵ و ئەندێشەی زۆر ڕۆشنبیرو شیکەرەوەی کۆمەڵایەتیدا گرتووە، بێگومان ئەوەش ڕوخسارێکی هەرە بەرزی دیاردەی پۆست مۆدێرنەیە، بەتایبەتیش لەنێو کایەکانی وەکو: بیناسازی، هونەر، سینەما، ئەدەب و ... تاد.

بۆیە دەبینین سکۆت لیش وا تەماشای پۆست مۆدێرنە دەکات وەکو ئەوەی ڕووداوێکی کولتووری بێت و خاوەنی سی خاسیەت بێت: یەکەم، ئەنجامی سەیروورەتی جیاوازی ڕۆشنبیری و کولتوورییە. دووەم، دامەزراندنی سیستەمێکی تازەی ڕەمزی کۆمەڵایەتییەو زیاتر بەرچاوو دیارە. سێیەم، دیاردەیەکە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکاری ڕوون و بەرچاوە لەپۆلێنکردن و پلەو پایەی کۆمەڵایەتیدا.

جگە لەوەش، هەندێک کۆمەڵناس هەن بەپێی ئەزموونی ژیاری خۆیان تەماشای دیاردەی پۆست مۆدێرنە دەکەن و گریمانی ئەوە دەکەن کە ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی لەنێو سینەماو ئەدەب و کۆمەڵناسی و بەکاربردندا بەرجەستە دەبن، هەر هەمووی تێڕوانین و بینینی جیاوازن بۆ یەک حەقیقەتی کۆمەڵایەتی. بۆیە گریمانی بوونی سێنتەرێک دەکەن کە مانا بە شوێنەکان و بەشە دابڕاوەکان ببەخشێت، بەو پێیەش جەخت دەکەنە سەر ئەوەی کە تاکە ڕاڤەکردنێکی گشتی بۆ فاکتەری کۆمەڵایەتی بوونی نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە کۆمەڵێک بۆچوونی بڵاوو پڕ لەئاژاوەیە. کەواتە لێرەدا کاری تاکە کەسی جێگای کاری بەکۆمەڵ و هەمەکی دەگرێتەوەو

نێرسیسیيەتی تاکە کەسی بڵاو دەبێتەوەو بکەری کۆمەڵایەتی ناتوانێت کاریگەری بخاتە سەر دەوروبەری خۆی، بۆیە بەسەر خۆیدا دەشکێتەوەو دێتەوە ناوخۆی، بەوەش خەڵک دەچنە نێو ئاژاوەو قوربانیانی ئەو ئاژاوەیەش زۆرتر دەبن.

لەکاتی توێژینەوە لەو کۆمەڵگا پۆست مۆدێرنەدا، دەبێت جەخت بکرێتە سەر سەربەخۆیی سیستەمە لاوەکییەکان لەیەکترییەوەو تێکەڵاو نەکردنیان لەنێو یەک سیستەمی کۆکەرەوەی گشتیدا، ئەو دابڕان و جیابوونەوەو دژکارییە، یەکێکە لەسیفەت و خاسییەتەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە هیچ سیستەمێکی مەرجەعی تێدا نییە، بۆیە پاڵ بەسیستەمە لاوەکییەکانەوە دەنێت ئەوانیش وەکو تاکەکان بەسەر خۆیاندا بشکێنەوەو لە دەوری خۆیاندا بخولێنەوە، بەوەش هیچ پێوەندییەک لەنێوانیاندا نامێنێت، تەنیا پێوەندی زانیاری و ڕاگەیاندن نەبێت.

سەرچاوەی ئەو بۆچوونە بەشێوەیەکی واقیعی و کردارەکییەوە لەبیرۆکەو ڕۆڵی بازاڕەوە سەرهەڵدەدات، بازاڕ وەکو پرنسیبێکی دابڕاو و جیا لەسیستەم کە حوکمی کۆمەڵگا دەکات و عەقیدەی کۆمەڵایەتی لەخۆیدا کورت دەکاتەوەو وەکو کەناڵێکی ڕاگەیاندن لەنێوان بەشە جیا جیاکان و دابڕاوەکانی ئەو سیستەمەدا کار دەکات.

بازاڕ لێرەدا گوزارشتە لە لۆژیکی مێژووی کۆمەڵایەتی و پێشڤەچوونی، هەر خودی بازاڕیشە کە سروشتی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئاشکرا دەکات و گوزارشت لەتایبەتمەندییەکانی دەکات لە ڕێگای قایمتر کردنی بەربەست و جیاوازییەکانی نێوان بەشەکان.

بیرۆکەی بازاڕ وەکو بەرجەستەکردنێکی مێژووی ژیاری مرۆڤایەتی، لەئێستادا لەنێو سەرکەوتنێکی بی وێنەدا دەژی لەلایەنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، بۆیە ئێستا بازاڕ بۆتە حەقیقەتێکی نیمچە ئایینی، چونکە دەبێت زۆر شت لەنێو کۆمەڵگادا ڕوو بدات کە کۆنترۆڵ ناکرێن، بۆیە دەبینین هەموو شتێک لەنێو ئاژاوەدایەو بەشێوەیەکی ئاژاوەگەراییش بەڕێوە دەچێت، ئەوە جەوهەری دیاردەی پۆست مۆدێرنەیە لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە.

جۆرج بالاندی ئەو ئاژاوەیە وەکو کارێکی داهێنەرانە تەماشا دەکات، وەکو بزاڤێک شتە کۆنەکان فڕێ دەدات و شتی نوێ جێگیر دەکات، ئەوە لایەنە باشەکەی گۆڕانکارییە و گوتارێک بەرهەم دێنێت کە پێشتر قبووڵ کراوە وەکو بنەمایەک بۆ پێوەندی لەگەڵ جیهاندا.

ئەگەر بیرۆکەی بازاڕ ئاماژەی کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنی کۆمەڵگای پۆست مۆدێرنە بێت کە ئاژاوە بەڕێوەی دەبات، ئەوە مۆدێل وەکو دەلالەتێکی ئامادەیی بازاڕو بوونی، دەبێتە سیستەمێکی جۆرەکی بۆ کۆمەڵگا پۆست مۆدێرنەکان و شێوەیەکی نێرسیسیيانە وەردەگرێت، ئەوەش دەبێتە هۆی دامەزراندنی تاکگەرایی وەکو هێزێکی نادیاری شاراوە لەدەرەوەی هەموو کۆنترۆڵ کردنێکدا.

بۆیە ئەوە هێزێکی تێکدەرو تێک شکێنەرە، چونکە کاتێک هەموو کەسێک لەسەر ئەو سیستەمە دەژێت کە ئەو خۆی بەتەنیا وێنەی خۆیەتی، ئەو کاتە کۆمەڵگا دەبێتە سەرچاوەی پیرۆزی و دەبێت تاک وەکو خاڵی کۆکردنەوەی کۆی گشتی کۆمەڵگا تەماشا بکرێت و بپارێزرێت.

میتۆلۆژیای نەرسیس ناونیشانی ناکۆمەڵایەتی بوونە، مادام تاکە کەس زیندانی دەستی وێنەی خۆیەتی لەئاوێنەدا، ئەوە خۆی لەهەموو شێوە پێوەندییەک دەکێشێتەوەو تەنیا پێوەندی لەگەڵ خۆیدا دەمێنێتەوە، بەوەش دەمرێت.

## هونەری پۆست مۆدێرنە

ئەو جۆرە تێڕوانینە شێوەی هونەری پۆست مۆدێرنە کورت دەکاتەوە، لەکاتێکدا بەجۆرێک لەجۆرەکان دەبێت ڕەنگدانەوەی شێوەو وێنەی کۆمەڵگا بێت. ئێمە با تێبینی ئەوە بکەین کە هونەر چۆتە نێو قۆناغی نەفیبوونی هەتا هەتایی و بەردەوام، مادام نوێ لەکاتێکی تردا کۆن دەبێت، ئەوە دیارە نەفیکردنیش توانای داهێنان و ئافرێدەکردنی لەدەست داوە، بۆیە هونەر بەشێوەیەکی زۆر ئاڵۆز دەچێتە نێو کایە جیا جیاکانی وەکو سینەماو ئەدەب و شێوەکارییەوە، هیچ شتێک بوونی نییە لەسەر لێواری مەرگدا نەبێت، تەنیا تاکە شتێک ماوە هێشتا پێبگات، بۆیە پۆست مۆدێرنەی هونەری داوای سڕینەوەی جیاوازی نێوان کایە هونەرییە جیا جیاکان دەکات، چونکە گەرەکیەتی ببێتە بنەمایەک بۆ نوێگەری و هەوڵی ئەبەدی بۆ تاکڕەوی، چاوی بڕیوەتە هەڵوەشاندنەوەی پارچەکانی ئەو بتە ڕۆمانتیکییەی کەسی داهێنەری داخراو بەسەر خۆیدا، تاوەکو هونەرمەندی تەکنیککار بتوانێت بەئارەزووی خۆی سەرلەنوێ گەمە بەکۆکردنەوەی پارچەکانی بکات، ئەوە

لەنێــو ئەو فــۆرمــەدا هەیە کــە پۆست مــۆدێرنە ڕەت دەکاتەوەو دەڵێت: «بەڵێ بۆ هەموو شتێک».

کــەواتە بزاڤی پۆست مــۆدێرنە دێتــە پێــشــەوەو ڕایدەگــەیەنێت کە هەمــوو ڕەگــو ڕیشــەیەکی پێشینەی مـۆدێرنە ڕەت دەکــاتەوە، چونکە مـۆدێرنە خـولیــایەکی کۆلۆنیـالیزمیـانە بووەو خاوەنی خولیایەکی نێرینەییش بووەو لۆگۆسێنترالیش بووە، لەکاتێکدا پۆست مـۆدێرنە ئاڵای ئازادی و ڕزگـاری بەرز دەکـاتەوە، ئەوە بزاڤـێک و ڕەوتێکی پارچە پارچەیەو دەشـێت دەرگـا بەســەر زۆر بواری تردا بکاتەوە - با ئاگاداری ئەوە بین ئێمـە تەنیا باسی لایەنی ئەدەبی نێو هزری پۆست مۆدێرنە دەکەین.

یەکــەم شت کــە لەو کــارەدا تێــبـینی دەکـرێت، ئەو کاردانەوە دەروونییە توندەیە لەئاست پۆست مۆدێرنەدا، بەشێــوەیەک کـولتــووری پۆست مـۆدێرنە گـەرەکـیـەتی لەرێگای تێک شکاندنی کـولتـووری مـۆدێرنەوە جێگای خۆی بکاتەوەو خۆی جێگیـر بکات، بۆیە دەبینین ئەگەر مـۆدێرنە زێدەڕۆیی کـردووە لەتێکدان و تێک شکاندنی کولتووری جەماوەری بەو مانایەی کە دوو جۆرە کولتـوور هەیە، کولتووری باڵاو بەرز، کولتووری جەماوەری، بەڵام پۆست مـۆدێرنە دێت کـۆمـەڵێک شـێـوەی گـوزارشـتی جەماوەری دەخاتە ڕوو، هەروەها ڕۆڵی عـەقڵـیش بەلاوە دەنێـت کــــە پێـی وایە ئـەوە ڕۆڵـێـک بـووە بـەرلـەوەی مـرۆڤایەتی تێک بشکێنێت، هاتووە ڕۆحی مرۆڤایەتی لێ ســەندۆتەوە. لەولاشــەوە ڕوو بەڕووی زانســـتی پۆزیتڤیزمی دەوەستێتەوەو کە یەکێک بووە لەدەسکەوت و شێوە حەزپێکراوەکەی کاری مۆدێرنەو هەوڵدەدات ئەو پرۆژەیە بەشێـوەیەکی تر نمایش بـکات و بیـخـاتەوە ڕوو، ئەو پرۆژەیە وەکـو پرۆژەیەکی ڕەمـزی و زمـانەوانی و خوازەو ناتیـۆریستی نمایش دەکـات، بەکورتی دەیکاتە کارێکی سەردی.

کـۆمــەڵگای پۆست مـۆدێرنە زۆر لەکـۆمــەڵگای خزمەتگوزاری خودی دەچێت، تێیدا ئیغراکردن ڕەوتێکی گشـتـیـیـە و هەوڵ دەدات بەکـاربردن و ڕێکخـراوەکـان و ڕاگـەیاندن و پەروەردەو ئەخـلاق بەشێـوەیەکی تر ڕێک بخـاتەوە. بۆیە دەبینین پێـوەندی ئیـغـرا کـردن جێگای پێوەندی بەرهەمـهێنان دەگرێتـەوە، دەبەوێت پێوەندییـە دەسـەڵاتخـوازییـەکـان کـەمـتـر و سنووردارتر بکاتەوەو لەبەرانبەریشدا خەیاری زۆرتر دەخاتە بەردەست و فرەیی کەناڵەکان زیاتر دەکات. دێت گاڵتـە بە بەها گـەورەکانی کۆمەڵگا دەکـات و گومان دەخاتە سەر ئەو بنەمایانەی کە کاری کۆمەڵگای لەسەر ڕێک خراوە لە خێزان و کار و سوپا و ...تاد.

بەوەش نێگەتیـڤگەرایی جـێگای پۆزەتیـڤگەرایی دەگـرێتـەوەو کـۆمـەڵگا دەباتە نێـو حـاڵەتی دوودڵی و ڕاڕایی و ڕەشـبــینی، بەڵام ئەو کــارانە مــانای وایە کۆمەڵگای پۆست مۆدێرنە کۆمەڵگایەکی تەواو خراپە؟ ئێمە نابێت ئەو تێڕوانینە ڕێژەگەراییە لەبیر بکەین کە بیــرمـــەندانی پۆست مـــۆدێرنە هەوڵ دەدەن لەنێــو کۆمەڵگاکاندا جێگیری بکەن، چونکە بەها تەقلیدییەکان کـە لەمـاوەی ڕابردوودا حـوکـمی کـۆمـەڵگایان کـردووەو ڕەگـــوریشـــەیان لەنێـــو بەهای مـــۆدێرنەدایە، هیچ شوێنگەیەکی باشتـر، یان خراپتـر داگیر ناکـات، چونکە ئەوە کۆمەڵگایە کە بەهای تایبـەتی خۆی بەرهەم دێنێت بەجۆرێک لەگەڵ ئارەزوو و پێداویستی خۆی بگونجێت، بەمـەرجـێک وشـیــار بێت لەبەیەکـەوە بەسـتنەوەی ئەو پێوەندییە میکانیکییە بەپێی ئوسولی مارکسی لەنێوان هزرو کۆمەڵگادا، چونکە پێوەندی نێوانیـان مەرج نییە پێـوەندییـەکی بەردەوام بێت، هەروەها مـانای دابڕانیش نییە، چونکە پێشڕەوانی پۆست مۆدێرنە گومانیان لەشتە تازەکانیش هەیەو پێشتر ئەزموونیان کردوون، بۆیە ئەوان کـار بۆ ئەوە ناکـەن کـۆمـەڵگایەکی نوێ بنیـاد بنێن کـە خاوەنی بەهای خۆی بێت.

لێـرەدا ئەوانە پێـیــان وایە ئەو ڕۆڵە پەیامبـەرییـانەی ڕۆشنبیر کۆتایی هاتووەو ئێستا کاتی ڕۆشنبیری میللی و جەماوەرییە تاوەکو گوزارشت لە ناوەڕۆکی خۆی بکات، چونکە ئەوە بەشێکە لە کولتووری کۆمەڵگەرایی کە لێی دانابڕێت، لەبەرئەوەی لەنێو خۆیدا ڕوواوە.

لە کـۆتاییـدا هیچ تێـڕوانینێکی بەراوردکارانە لەلای پۆست مـۆدێرنەکـان قـبـوڵ نییـە، چونکە لەنێـو خـۆیدا هەڵگری بڕیارێکی بەهاخـوازانەیە، بەهایەک کـە لەلای ئەوان ســەر بەســەردەمــانێکی پێـشــووتری کـۆنەیە و گـەرەکـیــانە لێی دەرباز بن، بۆیە هیچ حـیـســابێکی بۆ ناکەن.


**سەرچاوە:**

**من الحداثة الى ما بعد الحداثة في الفن، عفيف البهنسي، دار الكتاب العربي، دمشق، ط١، ١٩٩٧، ص ١٠٥ - ١١١.**

# بێلایەنی لە کاری ڕاگەیاندندا

د. عەلی جەبار ئەلشەمەری
لە عەرەبییەوە: دڵشاد محەمەد
(سلێمانی)

بابەتیی بوون، یان بێلایەن بوون، یەکێکە لەو بابەتانەی گرنگییەکی زۆری هەیە، لەبەر ئەوەی کاریگەری زۆری لە بەجێهێنانی دەزگای ڕاگەیاندنیدا لە لایەک و ئاستی متمانەی جەماوەر بەو دەزگایە لە لایەکی ترەوە هەیە، لێرەدا باس لەو بابەتە دەکەین لە ڕوانگەی دیراسەکردن و ئاماژەدان بەو سێ تەوەرە کە بریتین لە:

١- چەمکی پێوەندیکردن و ڕاگەیاندن
٢- ئەرکەکانی ڕاگەیاندن
٣- بەها هەواڵییەکان

لە کاتێکدا هەموو ئەم تەوەرانە پلەی بێلایەنی لە کاری ڕاگەیاندندا دیاری دەکەن، هەروەک ئاماژەش بە هەندێک نموونە دەکەین لەو بوارەدا.

**یەکەم/ چەمکی پێوەندیکردن و ڕاگەیاندن:**

پێوەندیکردن وەها پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە «پرۆسەی گواستنەوەی بیروبۆچوون و ڕاو بیرۆکە و زانیارییەکان لە نێوان دوو لایەن، یان زیاتر، بە بەکارهێنانی ڕەمز، جا ئەو ڕەمزانە نووسراو، خوێندراو، بیستراو بن، یان بە بەکارهێنانی ئیشارەت و جووڵە و ئاماژەکردن»، هەروەک هەندێک ئاماژە بەوە دەکەن پێوەندیکردن بریتییە لە کۆکردنەوەی (سێ) پێناسەی سەرەکی بەیەکەوە، ئەوانیش:

١- پێوەندیکردن بریتییە لەو ڕووداوەی ڕوودەدات لە ئاکامی وەڵامدانەوەی ئادەمیزاد بۆ ڕەمزێک (وشە، ڕستە، جووڵە، ئیشارات).

٢- پێوەندیکردن بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوەی زانیاری و بیر و هەست و نەست و لێهاتوویی و ئەزموون و پسپۆڕی لە کەسێکەوە، یان زیاتر بە بەکارهێنانی ڕەمز (وشە، وێنە، جووڵە و بزاوتن، مۆسیقا، کاریگەرییە

دەنگییەکان...تاد).

٣- پێوەندیکردن هەڵوێستەیەکی سلووکی و ڕەفتارییە کە لێیەوە سەرچاوەی نامە و پەیامێک دەگوازرێتەوە بۆ وەرگرێک، یان زیاتر بە مەبەستی کارتێکردن لە سلووک و ڕەفتاریان.

بەڵام ڕاگەیاندن بریتییە لە «چالاکییەکی پێوەندیکردن و مەبەست لێی گواستنەوەی زانیارییەکانە بۆ کەسێکی تر»، زاراوەی ڕاگـــەیاندن بـۆ دوو واتا بەکــــار دێت، یەکەمیان بەرفراوانە تا هەموو شێوەکانی پێوەندیکردن لە خـۆ بگرێت، بەڵام دووەمیـــان کـورتکراوەتەوە لەسـەر ئەرکێک لە ئەرکەکانی پێوەندیکردن، ئەویش بریتییە لە پێدانی زانیاری ڕاست و دروست و هەواڵی ڕاستگۆیانە بە جەماوەر بە مەبەستی یارمەتیدانیان بۆ دروستکردن و پێکهـێنانی ڕاوبۆچوونی سـاغ و سـەلیم، بەرانبـەر بە کێشەیەک لە کێشەکان، یان باس و خواسێکی گشتی، بە تایبـەتی ئەوانەی کـە ئادەمیـزاد لە بەرانبـەریاندا ڕای پێچەوانەی هەیە، جا ئەگەر ڕاگەیاندن شێوەیەک بێت لە شـێـوەکـان، ئەوە چەمکی پرۆسـەی پێـوەندیکردن چەند بنەمـا و مـەبدەئێک لەخۆ دەگرێت لە مـانەی خوارەوەدا کورت دەکرێتەوە:

١- دایناميـکیـیەتی پێوەندیکرن: کـاتێک چەمکەکە باس لە پەیدابوونی کـارلێک دەکـات، واتە دانـان بە پرۆسـەکـەدا و دواتریش دەرخـسـتنی ئەو سـروشـتـە دایناميـکیـیـەی کە ئاواز و ڕیتـمەکەی وەک دیاردەیەکی مـرۆیی بەڕێوەدەبات و سـەرپەرشـتی دەکــات، بەو شێوەیەش ناکرێت پێوەندیکردن وەک پرۆسەیەکی نەگۆڕ و جێگیـر لە ڕووی کـات و شـوێنەوە دابنرێت، بەڵکو هەر لەبەر سروشتی خۆی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، تەنانەت لەو کـاتانەشـدا کـە کـەسـێک شی دەکـاتەوە و لێی دەکۆڵێـتەوە، چ جای چوونە نێو وەڵامـدانەوەی نێـرەر و وەرگرەوە لە نێـوەندی ئەو گـۆڕانکاریانەدا، بۆیە ناکرێت لەسـەر ئەو بنچـینەیە تەمـاشای بیـرۆکەی کـارلێکردن بکرێت کـە پرۆسـەی گـەیاندن و گواستنەوە تەنیـا بەیەک ئاراسـتــەدا دەڕوات، بەڵکو کـارلێکردن لە لایەکـەوە بریتـیـیـە لە گـۆڕینەوەی کـارلێکردن و گـرنگی پێـدانە هاوبەشەکان بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێت بگەنە دۆزەکە کە خولگەی کارلێکردنەکەیە.

٢- حـــەتمی بوونی پێــــوەندیکردن: پێـــوەندیکردن دیاردەیەکی زیندووە لە جیـهـانی مرۆڤدا و ناکرێت لێی دووربکەوینەوە و پەراوێزی بخـەین، سـەرەڕای ئەوەش توێژینەوەی پێوەندییەکان جەخت لەسەر تەوەر و لایەنی ئامانجداری/مەبەستداری لە نامەی نێردراو بۆ کەسانی تر دەکەنەوە، بەڵام لێرەدا هەندێک حاڵەتی ئیـعـجازی هەیە پێوەندیکردنی تێدا دروست دەبێت، تەنانەت ئەگەر ڕەغـــبـــەت و ئارەزووش بەرانبـــەری نەبێ، چونکە ڕەتکردنەوە و ڕەفزکـردنی پێوەندیکردن خـۆی لە خـۆیدا پێـوەندیکردنە، جـاری وا هەیە پێـوەندیکردن لەبەر خـۆی ویستراوە و جاری واش هەیە لە هەمان کاتدا هەڕەمەکی و لەخـۆوەیە، لە تایبـەتمەندییـەکـانی هەمـوو ئەزمـوونێکی شەخسی و کـۆمـەڵێکیش ئەوەیە بنەمـا و بنچـینەکـانی پێـوەندیکردن بۆ خـۆی دیاری بکات، ئەگـەر بوونی پیـاو بەبێ کۆمـەڵ شتێکی مەحاڵ بێت ئەوە بوونی کۆمـەڵیش بەبێ پێوەندیکردن مەحاڵ و نەگونجاوە.

٣- ناوەرۆک و ڕەهەندی پێوەندیداری: ئەوەی تێبینی دەکرێت پێوەندیکردن بریتـیـیـە لە دەربڕین سـەبارەت بەو جیـهـانەی تاک و کۆمـەڵەکـان تێیدا دەگوزەرێن، ئەمـەش ئەوەمــان بۆ دەردەخـات ڕەگـەزی بنچـینەیی لە پرۆسـەی پێـــوەندیکردندا بە دەوری جــۆرێتی و چۆنێــتی ئەو پێـوەندییە کـۆمەڵایەتییـانەدا خـول دەخوات کە لە نێـوان تاکە هاوبەشەکاندا هەیە لەم پرۆسەیەدا، لە کاتێکدا ئەو پێــــوەندییــــە ڕۆڵـی تایبـــــەتی هەیە لە بەکـــارهێنانی زانیارییـەکان و لێکدانەوەیدا، لەبەر ئەوە ئاماژە دەکات بەوەی مـرۆڤـەکـان لە پێـوەندیکردنیـاندا هاوبەشـن بەهۆی ناوەرۆکی نامـەی پێوەندیکردنەوە کە کرۆک و گـەوهەری پرۆسەی کارلێککردن لە نێوان پێوەندیدارەکاندا دروست دەکــات، ئەم کـــارلێکەی تاکــەکـــانیش ســـەبارەت بە ناوەرۆک، بەردەوام بە ڕەهەندەکانی پێوەندی و پەیوەست بوون لە نێـوانیـاندا مـەحکووم دەکـرێت، ئەمـە سـەرباری ئەوەی زۆربەی تاکـەکـان لە کـارلێککردن و پێـوەندییـە ڕۆژانەییەکانیاندا، چەند پێوەندییەکی لەیەکچوو سروشت دیاریکراو بەسەریاندا زاڵە، پێوەندیش بە هەمان شێوەی ناوەرۆک ڕۆڵێـکی سـەرەکی لە دروسـتـکردنی ئاوازی ڕووداوی پێوەندیکردندا دەبینێت.

٤- نەتوانینی گـێـڕانەوەی پێـوەندیکردن بۆ دواوە: پرۆسـەی پێـوەندیکردن بەوە دەناسـرێـتـەوە کـە خـاوەنی ئاوازێـکی چالاک و بزوێـنەرە (پلـە پلـە بەرەو پـێـش بەرزدەبێـــتـــەوە نەک بۆ دواوە)، تەنیـــا بە ســـەرەتای دەسـتـپێـکردنی کردەی پێوەندیکردن، ئیدی ناکرێت بۆ دواوە بگێـڕدرێتـەوە، یان لە بەرانبـەر کۆسپ و تەگـەرەی فـەراغ و هیـچـدا بوەسـتـێنرێت، چوونە ناو ڕووداوی

پێوەندیکردن، یانی نەتوانینی وازهێنان لەو ڕووداوەی کە پێشتر هاتووەتە دی جا چ نامەی دەربڕینی بێت، یان شتی تر، هەموو ئەوانەش کە بە تەواوی دەربڕدراون و باسیان لێوەکراوە، وەک ئەو نامانەی خاوەنی ناوەرۆکێکن و ڕوون کراوەتەوە و دەرکی پێکراوە، شتێکی هەڕەمەکی و گاڵتەوگەپیشە وزەو توانا و کات لە هەوڵدان بۆ دەربازبوون لێی سەرف بکرێت و بەهەدەربدرێت، هەروەک چۆن گێڕانەوەی ڕابردوو بۆ دواوە و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی قورس و گرانە لەسەرمان، حاڵەتی پێوەندیکردنیش کاتێک دەست پێدەکات بە هەمان شێوەیە، ڕەگەزی پێشکەوتنی پێوەندیکردن زۆر گرنگە و مەبەستە لەسەر ئاستی هەموو پلەکانی پێوەندیکردندا جا خودی بێت، یان ڕووبەڕووبوونەوەی گشتی و تەنانەت جەماوەریش، ئەمەش وا دەکات پەیامنێر لە هەڵبژاردنی نامە و پەیامەکەی زۆر وریا و هۆشیار و بەئاگا بێت و زۆر بە جوانی ناوەرۆکەکەی دابڕێژێت.

٥- ڕەمزی بوونی پێوەندیکردن: لەبەر ئەوەی پێوەندیکردن دیاردەیەکی ڕەمزییە و کۆمەڵگای مرۆیی بەرهەمی هێناوە، جا لەسەر ئاستی زمانی دەربڕین بێت، یان زمانی دەرنەبڕراو بێت، ئەوە ناوەرۆکی کرداری پێوەندیکردن خەریکە لە جیهانی ڕەمز و ئیشارات کە هەندێکیان تەواوکەری هەندێکی تریانن دەچێتە دەرەوە، پێوەندیکردن لە دوو لایەنی سەرەکی پێکدێت ئەوانیش سەرچاوە و داهاتووە، لایەنی یەکەم داڕشتنەوەی بیرۆکە و واتا و زانیاری لە چەند ڕەمزێکی دیاریکراودا و ناردنی بۆ داهاتوو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەگرێتەوە، لە کاتێکدا داهاتوو هەموو ئەو ڕەمزانە و لێکدانەوەیان و وەڵامدانەوەکانی و لێدوان و دەربڕین سەبارەت بەو وەڵامدانەوەیە بە شێوەی دەربڕین (گۆکراو)، یان نادەربڕین، یان هەردووکیان بەیەکەوە لێک جیا دەکاتەوە، نامەکان دەربڕینی بن، یان نا، تەواوکەر و پاڵپشتی یەکدین لە دروستکردنی ئاوازێکی هاوڕەگەز کە حاڵەتی سایکۆلۆژی و فسیۆلۆژی لە نێوان هەردوو لایەنی پرۆسەی پێوەندیکردنەکە وێنا دەکات.

٦- توانای بەش بەش بوون بۆ چەند یەکەیەکی بچووک: پێوەندیکردن بەوە وەسف دەکرێت کە دیاردەیەکی پێکەوەلکاو و بەردەوامە، خەریکە وای لێدێت بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا هەست بە سەرەتا و کۆتاییەکەی نەکەین، ئەمەش وای لەمرۆڤ کردووە ڕووداوی پێوەندییەکە بۆ پارچە پارچە و بەشی بچووک دابەش بکات، بەو هۆیەوە دەتوانرێت بەشێوەیەکی گشتگیرانە هەست بە پێوەندیەکە بکرێت، ئەم پارچە پارچەکردنەش لە چوارچێوەیەکدا شی دەکرێتەوە کە بە کاریگەر و وەڵامدانەوە دەناسرێت، لایەنەکانی پرۆسەی پێوەندیکردنیش هەریەکێکیان وەها تەماشای ئەوی دی دەکات کە کاریگەر و وورووژێنەرە بەلایەوە، لەبەرئەوە هەڵسوکەوتەکانی بەپێی لێکدانەوەی بۆ ئەو کاریگەرییانە کە پێشتر هەبوون و ئاراستەی کراون دیاری دەکات ، بەم شێوەیەش لەسەر هەموو لایەنەکانی کارلێکردنەکە ئاسان دەبێت هەڵوێستی تایبەت بەخۆیان بنوێنن و بەهەمان ئەندازەی ڕەفتاریش وەڵامدانەوەیان بۆ بەرانبەر هەبێت بە ئامانجی تێگەیشتن و دەرکردنی زنجیرەبەندی ڕووداوی پێوەندیکردنە گشتییەکە.

٧- پێوەندیکردن ئامانجی دیاریکراوی خۆی هەیە و دەیەوێت بیهێنێتە دی: پێوەندیکردن لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ و کۆمەڵگەیی چەندین ئامانجی هەیە کە لێک جوودان لە ڕووی گرنگی و جددیەت و مەودای مەترسیداری بۆ ئەوەی بیێتە پاکانە کردن و بیانوو هێنانەوە بۆ هەڵە، یان قەناعەت کردن بە بیرۆکەیەک، یان ئامۆژگاری کردن بۆ گۆڕینی هەڵوێستێک، یان داوای یارمەتی و هاوکاری ... تاد وەک ئامانجە کەسییە دیاریکراوەکان، یان سەردەکێشێت بۆ بانگەوازی کوشتار لە پێناوی بەرگریکردن لە نیشتمان، یان ئاگادارکردنەوە لە کارەساتێکی دیاریکراو، یان ئاگاییدان لە بوونی نەخۆشییەکی کوشندە وەک ئامانجێکی نەتەوەیی گشتی کە کاریگەری بۆسەر ژیانی جەماوەر هەبێت.

٨- پێوەندیکردنی ئامانجدار ڕەوشت و ئاکاری تایبەتی هەیە: هەموو مامەڵەیەکی ئادەمیزادی، ڕەگەزی مرۆیی هەیە کە ناکرێت بێتەدی و سەرکەوتن بەدەست بێنێت ئەگەر بێتو ڕەچاوی کۆمەڵێک بەهاو ئاکاری مرۆیی نەکرێت کە یەکدەنگی و هاوڕایی لەسەرە.

**دووەم/ ئەرکەکانی ڕاگەیاندن:** یونسکۆ ئەرکەکانی ڕاگەیاندن بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری دەکات:

١- ئەرکی ڕاگەیاندن و هەواڵی: لە کۆکردنەوە و خەزنکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و نامە و بەیاننامە و وێنە و ڕاوبۆچوون و لێدوان و توانجی دیاریکراودا خۆی دەبینێتەوە، ئەمەش لە پێناوی تێگەیشتن لە بارودۆخی ژینگەیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی و هەڵسوکەوت کردن

بە هەموو ئاراستەکانیدا لەسەر بنەمای زانست و زانیاری و مەعریفە.

٢- ئەرکی دروستکردنی پاڵنەر: مەبەستیش لەمە بەشداری پێکردنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و پێوەندیکردن بۆ پاڵپشتیکردنی ئامانجەکانی کۆمەڵگا و پاڵپشتی چالاکییە تایبەتەکان بە تاک و کۆمەڵگاوە کە بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە ئاراستە دەکرێت کە هاوڕایی لەسەرە.

٣- ئەرکی گەشەپێدانی ڕۆشنبیری: بەمانای هەوڵدان بۆ پەخش و بڵاوکردنەوەی کاری ڕۆشنبیری و هونەری بەمەبەستی پاراستنی کەلەپوور و پێشکەوتنی ڕۆشنبیری.

٤- ئەرکی کات بەسەربردن، یان سەرگەرمکردن: ئەویش بە بڵاوکردنەوە و پێشکەشکردنی بەرنامەی هونەری و مۆسیقا و هونەر و ئەدەب بەمەبەستی کاتی خۆش بەسەربردن و دوورخستنەوەی خەڵکی لەو کێشەو گرفت و دەردە سەریانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

٥- ئەرکی تەواوکاری: بە بەدیهێنان و وەگەڕخستنی هەل و فرسەت بۆ هەموو کەس و کۆمەڵ و نەتەوە و میللەتێک تاوەکو بگەنە هۆکارگەلێکی جۆراوجۆر و بەهۆیەوە پێویستییەکانیان بهێننە دی.

٦- ئەرکی فێرکردن: لە تازەکردنەوە و پێشخستنی زانستەکان و بەدەستهێنانی لێهاتوویی تازەدا خۆی دەبینێتەوە.

٧- ئەرکی گفتوگۆ و وتووێژ: پێوەندیکردن بەشداری لە هێنانەدی ڕاستییەکان و ڕوونکردنەوەی ڕاوبۆچوون و تێڕوانینە جیاوازەکان سەبارەت بەکێشە و دۆزە گشتییەکان دەکات.

**سێیەم/ بەها و نەریتە هەواڵییەکان و بێلایەنی:**

مەبەست لە بەها و نەریتە هەواڵییەکان «ئەو چوارچێوەی دەرککردن و دەلالەتیە - ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ - کەوا لەو کەسە دەکات پێوەندییەکە ئەنجام دەدات - تاک بێت، یان کۆمەڵە کەسێک، یان دەزگایەک - توانای هەستکردن و هەڵبژاردنی ئەو ئاکارە هەواڵییە زۆرگرنگانەی هەبێت لە نێو ژمارەیەکی زۆر لە ڕووداو و زانیاریدا، توانای دارشتنەوەی پێکهێنان و دروستکردنی ڕەگەزەکانی هەبێت لە ڕێکخستنی هەواڵێکی تایبەت و هەلی دەرکەوتنی لە ڕێگەی یەکێک لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە پێببەخشێت بەپێی ئاستی دەرکەوتنی، کە لە سروشتی هۆکارەکان و بارودۆخی تایبەت و گشتییەوە وەردەگیرێت.

بەهاو ئاکاریش لە ڕووی بابەتییەوە، یانی کۆمەڵێک پێکهێنەری جەوهەری کە لێیانەوە هەواڵەکان دروست دەکرێن و بە جیابوونەوەی جیادەکرێتەوە بە ونبوونی دیارترینیشیان ون دەبێت، پاسەوانی دەرگاکان - دەرگاوان - و جەماوەریش دەیبینن کە جێی گرنگی پێدانە و مایەی بایەخپێدان و دەرخستنە لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا لە کات و شوێنی دیاریکراودا.

بەها هەواڵییەکان کارە سەرەتاییەکانی دەزگای ڕاگەیاندنی دیاری دەکەن، هەر ئەویشە ئەم هەواڵ، یان ئەو هەواڵ دەخاتە ڕوو، ئەمەش ئەو خاسیەتانەیە کە پێویستە بەهۆیانەوە زۆرترین ڕەگەزی گونجاو بێتەدی کە هەواڵەکە ئامادە دەکەن بۆ کێبەرکێ و پێشبڕکێ لە پێناو پێشکەوتنیدا، هێنانەدی ژمارەیەک بەهای هەواڵی لە چیرۆکە هەواڵێکدا بە هۆکارێکی پەسەند دەژمێردرێت کە هەلی پێشکەوتنی لەزۆربەی کاتەکاندا زیاد دەکات، لەگەڵ ئەوەی هێنانەدی تەنیا یەک بەها لە چیرۆکێکی هەواڵیدا بەسە بۆ ئەوەی هەندێک جار هەڵبژێردرێت.

بەها هەواڵییەکان گۆڕانکاری و نوێبوونەوەیان بەسەردا دێت، لەبەرئەوەی پێوەندی بە پێشکەوتنە جۆراوجۆرەکانەوە هەیە لە بواری پیشەی ڕاگەیاندن و ئەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییە خێرایەی پێوەندیکردن بەخۆیەوە دەبینێت، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە پێوەندی بەو پێشکەوتنە هەمە جۆرەوە هەیە کە ژیانی مرۆڤایەتی دەیبینێت، هەر ئەمەشە دەرکەوتنی هەندێک بەهای هەواڵ جیا لە هەواڵەکانی تر لە ڕیزبەندی ئەولەویاتی ئەوانەی پرۆسەی پێوەندیکردن لە ساتە جیاوازەکاندا ئەنجام دەدەن، هەروەها شاردنەوەی هەندێک بەهاو دەرکەوتنی چەند بەهایەکی تازە لێک دەداتەوە و تەفسیری دەکات.

هەروەک چۆن قوتابخانە و ڕاکان لە پێناسەکردنی هەواڵدا جۆراوجۆرن، ئاواش جیاواز و هەمەجۆرن لە دیاریکردنی بەها هەواڵییەکاندا، گرنگترین ئەو بەهایانەش ئەمانەن:

١- تازەگەری، یان هەنووکەیی بوون: واتە پێویستە هەواڵ تازەو نوێ بێت و لەگەڵ دروستبوونی ڕووداوەکەدا هاودەم و بەردەوام بێت، هەواڵ - لە سایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بۆ هۆکارەکانی پێوەندیکردن - بووەتە

کەرەستەیەکی خێرای لەناو چوون و بەفیڕۆ ڕۆیشتن، جەماوەریش ئەگەرچی خوێنەر بن، یان بینەر کاتەکانی خۆیان لەگەڵ هەواڵی کۆندا بەفیڕۆ نادەن، لەبەر ئەوە خێرایی و پەلەیی خاسیەتێکی سەردەمە و بە دیارترین بەهای هەواڵی دەژمێردرێت و لە پرۆسەی هەڵبژاردنی هەواڵی دروست و باش بۆ بڵاوکردنەوە پلەی هەرە پێشەوە بەدەست دێنێ.

٢- نزیکی شوێن: گرنگی ئەم بەهایەش لەوێوە دێت کە سروشتی مرۆڤ هەمیشە حەزدەکات گرنگی بەو شتانە بدات لە دەوروبەری خۆی ڕوو دەدەن زیاد لەوانەی لە دوورەوە ڕوودەدەن، بە ڕەچاوکردنی پێوەندی و کاریگەری ژیانی بەدەوروبەرەکەیەوە، لەبەر ئەوە چەندێک شوێنی ڕوودانی هەواڵەکە لەڕووی جوگرافییەوە نزیک بێت، هێندە چانسی بڵاوبوونەوەی زیاتر و لەپێشترە، لە بەرانبەر ئەوەشدا و لەسایەی ئەو پێشکەوتنە بەلێشاو و بەرچاوەی لەهۆکارەکانی ڕاگەیاندندا هاتووەتە دی، ڕەگەزی نزیکی شوێنی هەواڵ بووەتە مەسەلەیەکی ڕێژەیی، بە تایبەت دوای ئەوەی بەدواداچوونی هەواڵی بۆ ڕووداوە دوورەکان لە ڕووی جوگرافییەوە بووەتە کارێکی زۆر سادەو ئاسان.

٣- گرنگی: گرنگی هەواڵ بەو مانایەی کە هەواڵەکە لە بازنەی گرنگی پێدان و جێی سەرنجی جەماوەردا بێت لەو شتانەدا کە بەلایانەوە ئیجابی، یان سلبین، چەندێکیش ڕێژەی گرنگیدانی وەرگر زیادبێت هێندە بەهای هەواڵەکە زیاد دەبێت، ئەمیش لەسەر ئەو دەرئەنجامە وەستاوە کە بەهۆیەوە دێتە دی لە (کاریگەری سیاسی و ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونی) هەواڵی گرنگیش بریتییە لەو هەواڵەی بۆ وروژاندنی سەرنجی زۆرترین ژمارەی خەڵک کاردەکات و گرنگییەکی بابەتی وەها لەخۆ دەگرێت وا لە جەماوەر دەکات بەلایانەوە لە هەواڵەکانی تر جیاواز بێت.

٤- قەبارە و گەورەیی: لێرەدا مەبەست پەیوەستی هەواڵ، یان ڕووداوەکەیە بە ژمارەیەکی زۆری جەماوەرەوە، یان ژمارە زۆری ئەو خەڵکەی ڕووداوەکە بەدەوریاندا خول دەخوات و چەندین لایەن بەشداری تێدا دەکەن، گرنگییەکی باش بەخۆیەوە دەبینێ و چەندین ڕووداو لەخۆ دەگرێت کە بەدەوری بابەتی سەرەکی ڕووداوەکەدا دەسووڕێنەوە، واتە قەبارەی کاریگەری هەواڵ لە وەرگرەکان کارێکی زۆر گرنگ و گەورەیە، بۆ نموونە ڕووداوی پێکدادانی دوو شەمەندەفەر کە دەبێتە هۆی مردنی ( ٥٠ ) کەس لەسەرنشینەکانی، شیاوترە بۆ بڵاوکردنەوە وەک لە هەواڵی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێل کە بووەتە هۆی برینداربوونی کەسێک، بەهای قەبارە لەگەڵ بەهای گرنگیدا تێکەڵ بەیەک دەبن و دەچنە ناویەک، ئەمیش لەبەر ئەوەی گرنگی هەواڵ دەبێتە هۆی وروژاندنی بایەخ پێدانی جەماوەرێکی فراوان لە خەڵک.

٥- سوود و بەرژەوەندی تایبەتی، یان گشتی: ئەم بەهایە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵدا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ، جەماوەر بایەخ بەگەڕان بەدوای ئەو هەواڵانەدا دەدەن کە لەناواخندا سوودگەلێکی شەخسی و تایبەتیان بۆ دەستەبەر دەکات، وەک هەواڵی دۆزینەوەی هەلی کارکردن و زیادبوونی پارە و ڕێکخراوەکان و دابەزینی باج و ..تاد هەرکاتێکیش سوود و بەرژەوەندی پشت هەواڵەکە ژمارەیەکی زۆر لە وەرگران لەخۆ بگرێت، بەهاکەی بەرزدەبێتەوە و دەبێتە هۆکارێکیش بۆ فراوانبوونی بڵاوبوونەوەی و پەخشکردنی بەشێوەیەکی دیار و دوورو درێژ.

٦- ململانێ: ململانێ و بەربەرەکانێ بە یەکێک لە غەریزە سروشییەکانی ڕەگەزی مرۆڤ دادەنرێت، ململانێ لە نێوان ڕەگەزێک و یەکێکی تردا، ململانێ لەپێناوی ماڵ و شۆرەت و ناوبانگ و سەرکەوتن و شتی تر لە جۆرەکانی ململانێن، لێرەدا مرۆڤ گرنگی بەو ڕووداوانە دەدات کە لەنێوان دوو کەسدا ململانێن، دوو تیپ، دوو دەوڵەت، لەبەرئەوە ململانێ یەکێکە لەبەها کاریگەرەکان لە هەڵبژاردنی هەواڵدا، جەماوەریش هەمیشە دەیەوێت ئاشنا بوونی بەرانبەر ئەو ڕووداوانە هەبێت کە ململانێ لەخۆ دەگرن و بەردەوامیش چاودێری گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی دەکەن، هەموو هەواڵەکانی جەنگی سەربازی و ڕکەبەری و کێبەرکێی هەڵبژاردن و ململانێی کۆمەڵایەتی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و پێشبڕکێ هونەرییەکان و هەواڵی پێشبڕکێ وەرزشییەکان، دەچنە چوارچێوەی ململانێ و کێبەرکێوە.

٧- هاندان و سەرنجڕاکێشان: هەروەها پێشی دەگوترێت بەهای وروژاندن، واتە ئەو هەواڵەی ڕووداوێکی کاریگەر و سەرنجڕاکێش و وروژێنەر لەخۆ دەگرێت، هانی جەماوەر دەدات بۆئەوەی بەردەوام لەگەڵیدا بن و بایەخی پێبدەن و سەرنجی هەموو ئەو شتە کتوپڕ و سەرسوڕهێنەرانە بدەن کە پێشکەشی دەکات، سەرنجیان ڕادەکێشێت و خەیاڵیان دەوروژێنێت و

کاریگەری سیحر ئامێزانەی دەبێت بۆسەر دەروونیان، دواتریش ئەو هەواڵە لەهەمـــوو هەواڵەکـــانی تر زیاتر سەرنجڕاکێشانی تێدایە، ئەم بەها هەواڵییەش بە یەکێک لە خاسیەتە دیارەکان دادەنرێت بۆ هەندێک لە گەورەترین هۆکـارەکـانی ڕاگـەیاندنی ڕۆژئاوا و لە بڵاوکـردنەوەی هەواڵەکاندا پشتی پێدەبەسترێت، هەر لەبەر ئەوەش پێی دەگوترێت ڕاگەیاندنی وروژێنەر.

٨- ناوبانگ و کەسایەتییە دیارەکان: هەندێک کەس هەن زیاد لە کەسانی تر بەهای هەواڵی گەورەیان هەیە، ئەمـــەش لەبەرئەوەی بەناوبانگ و ناودارن بەهۆی ئەو پلەوپایەی کە کاری تێدا دەکەن، یان بەهۆی ناوبانگی هونەری، کۆمەڵایەتی، وەرزشی، ئابووری و زانستییەوە، ئەوەی بە نیسبەت کەسایەتییە ناودارەکانەوە دێتە دی، بەسەر هەندێ لە شوێن و ڕێکخراو و کۆمەڵەکانیشدا جێبەجێ دەبێت، زۆرکات ئەو جۆرە کەسانە شتانێکی وایان لەلایە و قسەی لەبارەوە دەکەن، جێی بایەخ پێدان و سەرنجی جەماوەرە، جا هەرکات بەهای ناوبانگ لەگەڵ بەهای گـرنگیـدا یەکـیـان گـرت، ئەوکـات هەواڵەکـە بەهایەکی زیاتر و گرنگتری دەبێت.

٩- بایەخ پێدانی مرۆیی: ئەم بەهایە هەست و سۆزی جەمـاوەر دەدوێنێت بۆ دروستکردنی پەرچەکردارێک بۆ ئەو هەواڵەی کە بڵاو کراوەتەوە (لەگەڵ بوون بێت، یان دژ وەستان بێت)، بەو مانایەی هەر شتێک پێوەندی بە هەست و سۆزی مرۆڤایەتییەوە بێت و باس لە ئەرک و بەرپرسیـاریێتی سەرشانی خـەڵکی بکات بەرانبـەر بە کەسانی تر، یان بەرانبەر ئەو ژینگەیەی تێیـدا دەژی، مـرۆڤ بایەخی پێـدەدات و بەدوای هەمـوو ئەو بابەت و هەواڵانەدا دەچێت کـە پێـوەندییـان بە باری مـرۆڤی و هەمـوو بوونەوەرە مـرۆییـەکـانی ترەوە هەیە، لەبەر ئەوە هەواڵی ڕووداو و کـــارەســـات و ...تاد دەچنە ئەم چوارچێوەیەوە.

١٠- کـات دانان: هەمـوو هەواڵێک کـاتی گـونجاوی خۆی هەیە، ڕۆژنامـەنووسی لێهـاتووش ئەو کەسەیە کە دەزانێت کـــەی کـــاتی گـــونجــاو هەڵدەبژێرێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵەی لەبەردەستیـدایە بەبێ ئەوەی ڕەگـەزی کـتـوپڕی و هاندان وسەرنجڕاکـێـشی لەدەست بدات، دیاریکردنی کاتی پەیدابوونی ڕووداو بایەخێکی زیاتر بۆ هەواڵەکـە دەست دەخـات، جـاری واش هەیە پێـچـەوانەی ئەوە ڕوو دەدات، هەروەک چۆن گـونجـاوی پەیدابوونی ڕووداو لەگەڵ بارودۆخی گشتیدا، هێزوپێز دەداتە هەواڵەکە و بواری بڵاوکـردنەوەی زیاتر دەکـات و دەبێتـە مـایەی بایەخ پێدانی ژمارەیەکی زۆر لەوەرگر، بۆ نموونە هەواڵێک سەبارەت بە خستنە بازاڕی ژمارەیەکی زۆری کورسی خوێندن و پێداویستییەکانی نووسین ئەو بایەخـەی نابێت ئەگـەر بێتـو لە وەرزی هاوین و پشـووی خوێندندا بڵاوبکرێتەوە.

١١- پێشبینیکردن، یان دەرئەنجامـەکـان: ئەمـڕۆکـە پێشبڕکێی ڕاگەیاندن وەستاوە لەسەر ئەوەی کێ زووتر و خێـراتر ڕووداوێک، یان هەواڵێکی چاوەڕوانکراو، یان ئەو ئەگـــەر و ئامـــاژانەی دەیوروژێنێت بڵاوو پەخش دەکاتەوە و لەبڵاو کردنەوەیدا دەستپێشخەری دەکات، بە تایبـەتی دوای ئەو پێشکەوتنە تەکنیکیـیە گـەورەیەی هۆکـارەکـانی پێـوەندیکردنی تازە پێی گـەیشـتوون و بەخۆیانەوە بینیوە، بەشێوەیەک وای لێهاتووە ڕاستەوخۆ هەواڵەکە لەشوێنی ڕوودانییەوە دەگوازرێتەوە و پەخش و بڵاودەکـرێتـەوە، کـادیری سـەرکـەوتووی ڕاگـەیاندن ئەو کەسەیە کە بە جددی و بەردەوامییـەوە بەدوای هەواڵ و ڕووداودا دەگـەڕێت بۆ ئەوەی ئارەزوو و حـەزی جەمـاوەر تێـربکات سـەبارەت بە ناسین و ئاگـاداربوونیـان لەو شـتــــانەی لە دەوروبەریان ڕوو دەدەن، ئەمـــیش بە پێشکەشکردنی هەواڵی چاوەڕوانکراو و پێشبـینیکراو، بەمـــەرجـــێک لەســـەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە ڕاست و دروستی پێشبینییەکان پشتڕاست بکرێتەوە، بۆ نموونە هەواڵێک سەبارەت بە پێشبـینی پسـپۆڕان بەرانبـەر بە بەرزبوونەوە و زیاد بوونی نرخی نەوت بەهۆی بارودۆخی عێراقەوە، بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری گەورەی لەسەر ئابووری جیهانی دەبێت.

١٢- سـەیروسـەمـەرە و دانسـقـەیی: واتە دەرچوون لە دۆخی ئاسایی و دەقبـەستوویی، بەشێوەیەک هەواڵەکە چەندین زانیـاری و بەسـەرهاتی نائاسـایی پێـشکەش بکات و بخاتە ڕوو، زۆرێک لە خـەڵکی بایەخ بە ناسین و ئاشنابوون بەو شـتـانە دەدەن کـە سـەیروسـەمـەرە و دانسـقـەن، هەروەک چۆن هۆکـارەکـانی ڕاگـەیاندن لەنێـو خۆیاندا کێبـەرکێ دەکەن بۆ ئەوەی بابەتێکی ناتەقلیدی بۆ جەمـاوەرەکـەیان بەدی بێنن، ئەو ڕووداوە کـتـوپڕانەی هەندێک جار ناچنە بازنەی پێشبینیکراوەکان، لەلایەن جەماوەرەوە بایەخ و بەدواداچوونی زۆر بەدەست دێنن.

١٣- تەواوکـاری و کـامڵ بوون: مـەبەسـتـمـان لێی ئەوەیە چیرۆکە هەواڵییەکان وەڵامێکی تەواو لەخۆ بگرن بۆ هەمـوو ئەو پرسیارو داواکارییە بنچینەییانەی کە لە

بیروهۆش و زەینی وەرگردا خول دەخۆن و دێن و دەچن، ئەو پرسیارانەش بریتین لە (کێ، چی، لەکوێ، کەی، چۆن، بۆچی، هەروەها سەرچاوەش) چیرۆکە هەواڵ چەندێک پرسی زۆر لەخۆی بگرێت هێندە زیاتر هەلی بڵاوبوونەوەی دەڕەخسێت.

١٤- سیاسەتی دەزگای ڕاگەیاندن: ئەم بەهایەش بەیەکێک لە کاروبارە تایبەتەکان بە دەزگای ڕاگەیاندنەوە دادەنرێت لەڕووی خودێتی، خاوەندارێتی، پسپۆڕێتی و ئەو ئامانجانەی دەیەوێت و هەوڵ دەدات لەکاری ڕاگەیاندندا بیهێنێتە دی و جێبەجێی بکات، ئەمەش بەڕێژەیەکی گەورە کار دەکاتە سەر هەڵبژاردنی جۆری بابەتی بڵاوکراوە، کە پێویستە لەگەڵ سیاسەتی نووسین و ئەرکەکانی و ئارەزوو و ئاواتی جەماوەرەکەیدا یەک بگرنەوە و لەگەڵ یەک گونجاو بن، ئەمە سەرباری سروشتی بارودۆخ و ڕووداوەکان و ئەو ژینگەیەی دەوری داوە، هەواڵەکان لە چەندین لاوە لە خزمەتکردنی ڕاگەیاندندا لەیەکدی جیاوازن، بۆنموونە ئەو هەواڵەی بۆ جەماوەرێکی دەرەکی ئاراستە دەکرێت جیاوازە لەوەی ئاراستەی جەماوەرێکی ناوچەیی و ناوەکی دەکرێت.

سەرەڕای بوونی ئەو بەها هەواڵییانە، ژمارەیەک لە توێژەران و لێکۆڵەرەوان بەهای تری بۆ زیاد دەکەن، وەک (ڕەگەز، نێگەتیڤ، بەردەوامێتی، ڕابواردن، گەشەپێدان، سرووش، کاریگەری تاکە کەسی، ڕووداو و کارەسات،...تاد)، سەرباری هەموو ئەو بەها هەواڵییانەش، ژمارەیەک پێوەری ڕەوشتی هەیە پێویستە لە هەواڵدا بێتە دی، هەرکاتێکیش لەناو هەواڵدا بەدیهات ئەوە توانایەکی گەورە بە هەواڵ دەبەخشێت بۆ بڵاوکردنەوە و هێزێکی گەورەی دەبێت بۆ کارکردنە سەر وەرگرەکان، ئەو پێوەرانەش پێیان دەگوترێت (سیفەتەکانی هەواڵ) وەک:

١- وردبینی مەبەست پێی گواستنەوەی ڕووداوەکانی هەواڵ و وردەکارییەکانیەتی لەلایەن هەواڵنێری ڕۆژنامەوانییەوە (پەیامنێر)، یان ئەو هۆکارەی کاری پێدەکات، بەوپەڕی ئەمانەت و ڕوونی و وردبینییەوە، بەبێ لابردن و کەمکردنەوەی کە ببێتە هۆی ناتەواوی ڕووداوەکە، هەروەک چۆن مەبەست پێی موبالەغەنەکردنە لە پێشکەشکردنی ڕووداوەکانی چیرۆکە هەواڵەکەدا، ئەمەش لەپێناوی نەشێواندنی ڕاستییەکان و دواتریش گرەنتی سەرلێنەشێواندنی جەماوەر.

٢- ڕاستی و دروستی: ئەمەش یەکێکە لەو سیفاتە گرنگانەی پێویستە لە هەواڵدا هەبێت، مەبەستیش لێی ئەوەیە ڕووداوەکانی هەواڵەکە دروست و ڕاستەقینە بن، بەڕاستی ڕوویان دابێت، هەڵبەستراو و دروستکراو نەبێت، دەنا هەواڵەکە تەنیا دەبێت بە بانگەشە و بڵاوکردنەوە (إشاعة) و هیچی تر، جا ئەگەر هەواڵەکە نادروست بوو هۆکاری ڕاگەیاندنەکە ڕووبەڕووی بەدرۆخستنەوە دەکات و میسداقیەتی لەدەست دەدات، دواتریش جەماوەر متمانەیان پێی نامێنێت.

٣- بابەتی بوون و بێلایەنی: بەو واتایەی پێویستە هەواڵ لە هەموو شتێک دووربێت و لایەنگری بۆ هیچ لایەک نەکات، ڕاستییەکان و ڕووداوەکان وەکو خۆیان بەبێ گۆڕین و لادان و ڕەنگکردن بگوازێتەوە، هەروەها دەبێت جەختی زۆر بکاتە سەر جێبەجێکردنی بنەمای هاوسەنگی و بێلایەنی لە پێشکەشکردنی بیروبۆچوون و ڕووداوەکاندا، لەهەر مەیل و ئاراستەیەک و خودێتی (خۆویستی) سەرنووسەر، یان دەزگای ڕاگەیاندنەکە دووربێت، ڕەگەزی بابەتی بوون و بێلایەنی لەگرنگترین ئەو بنەمایانەن کە بەڵگەی ماددی و بەرچاو لەسەر پاکێتی هۆکاری ڕاگەیاندن و ڕاستی و دروستی و کاریگەری بەهێزی لەسەر جەماوەرەکەی دەخەنەڕوو..

وا دەردەکەوێت ئەم پێشنیارە پەیوەستانە بە سیفاتی هەواڵ پابەندی وپێوەندییان بەلایەنی تیۆرییەوە هەبێت کە لە دەست لێدانی نموونەیی بێبەش نییە، لەکاتێکدا واقیعی کاری ڕاگەیاندن پێچەوانەی ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، بەتایبەتیش ئەوەی پێوەندی بە بابەتی بوون و بێلایەنییەوە هەیە، بەلای کەمەوە لە بارودۆخ و ڕووداوی تایبەتیدا وەک قەیران و جەنگەکان، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەک، لەوانە:

أ- هەواڵ ڕێگەیەکی درێژ دەبڕێت، هەر لە ڕوودانی ڕووداوەکەوە بیگرە بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوە و نووسینەوەی، پاشان پەخش و بڵاوکردنەوەی بۆ جەماوەر، بە چەندین ویستگە و دەستەی ڕاگەیاندندا تێپەڕدەبێت هەر لە پەیامنێرەوە بۆ سەرنووسەر و سکرتێری نووسین و... تاد، هەموو ئەم ویستگانەش جێ پەنجەی خۆیان بەشێوەیەک لە شێوەکان لەسەر هەواڵەکە دادەنێن، لێرەوە دەکرێت هەواڵەکە ئاراستە بکرێت، یان بە شێوەیەکی تر بخرێتە ڕوو.

ب- ڕاگەیاندن ڕەنگدانەوەی لایەن و ڕووە جیاوازەکانی ژیانە، لەوانە لایەنی سیاسی کە بەشێوەیەکی گەورە دەست لە ڕاگەیاندن وەردەدات،

هەریەکێکیان پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ ئەوی تردا هەیە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی جیهانی و نێودەوڵەتی، دواتریش هەڵوێستی ڕاگەیاندن بەشێکە لە هەڵوێستی سیاسی هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن، ئەم هەڵوێستەش بە هەڵوێستەکانی ترەوە پەیوەستە وەک هەڵوێستی ئابووری، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی...تاد. لەبەرئەوە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەپێی ئەو تێڕوانین و هەڵوێستانەی بڕیاری دەدات و پێکی دێنێت و بەپێی ئامانج و مەبەستەکانی، تەماشای ڕووداوەکان دەکات، ئەگەرچی هەمووشیان دروشمی بابەتی بوون و بێلایەنی و شەفافیەت و کراوەیی لەکاردا بەرزدەکەنەوە، لە ڕاستیدا ئەم هۆکارانە جێ پەنجەیان لەسەر ڕووداوەکان دادەنێن هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ڕووداوەکەوە کە ڕووداوەکانی تێدا وەسف دەکرێت و باس دەکرێت و بەرەوپێش دەبرێت.

ج- ناکرێت بەشێوەیەکی جودا و دوور لەباکگراوندی سیاسی و ئابووری و دەروونی و ڕۆشنبیری و بەهایی لای بەرهەمهێنەرەکە، تەماشای ئەو ناوەرۆک و پەیامانە بکەین کە هەر هۆکارێکی ڕاگەیاندن پێشکەشی دەکات، هەروەها ئەو گوشارە پیشەیی و تەکنیکی و شەخسیانەی کە دروستکەری پەیامی ڕاگەیاندنەکە تووشی دەبێت لە لایەن ئەو بەرپرس و دەزگایەی کاری تێدا دەکات لەلایەک و ئومێد و ئاوات و هیواکانیشی بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن و گەیشتن بە ناوەندە پێشکەوتووەکان لەکاردا لە لایەکی ترەوە، سەرەڕای ئەوەش گوشاری جەماوەری و داواکارییان لە پەیامنێرەکە و دەزگای ڕاگەیاندنەکەی بۆ پێشکەشکردنی باشترین و چاکترین و خێراترین، بەتایبەتی لە بواری هەواڵەکاندا، لەژێر سایەی ئەو پێشبڕکێ پەسەندەی مەیدانی ڕاگەیاندن لەسەردەمی ئێستاماندا تێیدا دەژی، دەرئەنجامی هەموو ئەو هۆکارانەش بابەتی بوونی پەیامی ڕاگەیاندن بەڕێژەیەکی زۆر دادەبەزێت و کەم دەبێتەوە.

د- لایەنگری و بابەتی نەبوون لە هەواڵدا چەند ڕێتم و شێوەیەکی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت، وەک هەڵبژاردنی ڕووداوێکی دیاریکراو و فەرامۆشکردنی ئەوانی تر، خستنەڕووی تێڕوانین و ڕاوبۆچوونی لایەک و پشتگوێ خستنی لایەکەی تر، ڕێکخستنی ڕووداوەکان و وردەکارییەکانی بەشێوەیەکی مەبەستدار بۆ ئاماژەکردن بۆ ئامانجێکی دیاریکراو، هەروەها یاریکردن بە وشە و موفرەدە و ڕستەکان و بەکارهێنانی زیادەڕۆیی و موبالەغە و گەورەکردنی هەندێک دەستەواژە و بەکارهێنانی زاراوەی تازە لە پێناوی بەخشینی مۆرکێکی پۆزەتیڤ، یان نێگەتیڤ بە ڕووداوەکە، لە کۆتاییشدا هەواڵەکە بە ئامانجی کاریگەری و کارتێکردنی بۆ سەر جەماوەر ڕاوبۆچوون و تێڕوانینی سەرنووسەر، یان دەزگاکەی تێهەڵکێش دەکرێت.

مەسەلەی بابەتی بوون لە هەواڵدا مەسەلەیەکی ڕێژەییە و ئەو پێوەرەش کە ڕۆژنامەنووسان پشتی پێدەبەستن بۆ هەڵبژاردنی هەواڵ و بەدواداچوونی ڕووداوەکان، تاڕادەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بەوەی پێی دەگوترێت ڕۆشنبیری هەواڵ لە شارێک لە شارەکاندا و چۆنێتی ئەو تێڕوانینەی سەرپەرشتیاران لەسەر پێوەندیکردن هەیانە بۆ چەمکەکانی بەهای هەواڵ، ئازادی ڕاگەیاندن، ڕاستگۆیی سەرچاوە و زاڵبوونی دەوڵەت بەسەر ڕاگەیاندندا، هەر لەمبارەیەوە و تایبەت بەم مەسەلەیە (محەمەد حەسەنێن هەیکل)ی نووسەر و سکرتێری نووسینی پێشووی ڕۆژنامەی (ئەهرام)ی میسری دەڵێت: «ئێمە تەنیا لە ڕووی ڕوخسارەوە جیاوازی لەنێوان هەواڵ و ڕادا دەکەین، بەڵام ئەو ڕێگایەی کە هەواڵی پێ پێشکەش دەکەین ڕەنگدانەوەی هەڵوێستێکی دیاریکراوە و پێوەی پابەند دەبین، هیچ هۆکارێکی ڕاگەیاندن لە جیهاندا نییە کە بەدواداچوونە ڕۆژنامەوانییەکەی لەژێر کاریگەری هەڵوێستی سیاسی، یان شتی تردا نەبێت، لە ڕووی مرۆییەوە ناکرێت هیچ کەسێک بتوانێت بە تەواوەتی ڕاوبۆچوونەکان لە هەواڵەکان جیابکاتەوە و لێکیان دوور بخاتەوە».

*** ئەم بابەتە بە زمانی عەرەبی لە کۆڕێکدا لە شاری سلێمانی - ئوتێل سلێمانی پالاس لەگەڵ چەند کۆڕێکی تردا پێشکەش کراوە و بابەتەکەش بەسەر ئامادەبوواندا دابەش کراوە. ئێمە لەو نوسخەیەوە کردمانە کوردی.**

# پێکهاتە و ڕابردووی نەژادی هەرێمە لوڕنشینەکان

لە فارسییەوە: عەباس سلێمان سمایل

**بەر لە ئیسلام**

لێکۆڵینەوەی دیرۆک ناسان و شوێنەوار ناسان گەواهی پەیدابوونی ژیانی مرۆڤ لە لوڕستان بۆ بەر لە مێژوو یان کۆنتر دەدەن، کە دەوروبەری ٤٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر مرۆڤ لەم هەرێمە نیشتەجێ بووە (ئەمانوڵڵاهی، قەومی لوڕ، ٢٤- ٢٥)، دەتوانرێ دانیشتوانی کۆنی لوڕستان بە ئیلامییان ناوببرێن، کە لە ساڵانی دەوروبەری (٥٥٩ - ٣٠٠ پ.ز) کە لە ناوچەکانی لوڕستانی وەک پشتکوە، خوزستان، بەختیاری، کوگیلوە و بوێر ئەحمەد و فارسی ئەمڕۆ ژیاون.

کاسیەکانیش لە هەمان سەردەمدا لەگەڵ ئیلامییەکان ژیاون (دیاکۆنۆڤ (١٢٠- ١٢١)؛ گیرشمن، ٥٢- ٥٥) حکوومەتی ئیلامییان دابەشی سەر ئەم ناوچانە کرابوو:

ماساباتیک یان ماساباتیس (چەند ناوچەیەکی پشتکوەی لوڕستان یان ئیلامی ئەمڕۆیە)، سیماش (چەند ناوچەیەکی یان بەشێکی ئیسفەهان، گولپایگانی ئەمڕۆ دەگرێتەوە)، شۆش (چەند ناوچەیەکی خوزستانی ئەمڕۆ دەگرێتەوە)، ئەنشان (چەند بەشێکی خوزستان، ئیسفەهان و فارسی ئەمڕۆ دەگرێتەوە) و کربیانە (ئوستانی لوڕستانی ئەمڕۆ)بووە، (گیرشمن).

حکوومەتەکانی ئیلامی و کاسی دانیشتووی لوڕستان دوای جەنگە یەک لە دوای یەکەکانی یان هێرشی گەلانی دیکە، بێ هێز دەبن و لە کۆتاییدا بەهۆی هێرشی ئێرانییەکانەوە ئەم دەوڵەتانە لەنێو دەچن.

ئێرانیان (مادەکان و پارسەکان) لە دەوروبەری (٨٠٠ یان ٧٠٠ پ.ز) گەیشتنە لوڕستان (یۆنگ، ٣٤- ١١)

له ٥٥٠ پ.ز هەخامەنیشیان بەسەرکردەی هەخامەنش حکوومەتیان دامەزراند، بە قسەی مێژوو ناسان و دیرۆک ناسان هەرێمی پارسواو پارسواش-ی هەخامە نیشیان کەوتبووە هەرێمی ئەمرۆی لوڕنشینی بەختیاری و لوڕستان.

(گیرشمن، ١٢٢- ١٢٥). هەندێک لەو بڕوایەدان هەخامەنیش «پارسوماش» لە (هەرێمی بەختیاری) حکوومەتێکی گچکەی خۆیان پێک هێنا.

لە سەردەمی حکوومەتی هەخامەنیشیان بەتایبەتی لەسەردەمی خشایارشادا (٢٨٥- ٢٦٥ پ.ز) چەند گرووپێکی دیکە گەیشتنە لوڕستان و لەگەڵ دانیشتوانی هەرێمەکە تێکەڵاوبوون لەوانە گرووپێکی یۆنانی بوون، کە خشایارشا بۆ لوڕستان کۆچی پێ کردن، هەروەها لەسەردەمی حکوومەتی سلۆکییان ژمارەیەک یۆنانی لە نەهاوەند نیشتەجێ کران.

بەقسەی مێژوونووس و دیرۆک ناسان ساتراپەکانی (ویلایەت) ئەلیەماید لەسەردەمی حکوومەتی ئەشکانیان ناوچەکانی پشتکوە و پیشکوە و لوڕستان و بەختیاری دەگرتەوە. فرای (٢١٦- ٢١٧).

ساسانیان، ئێرانیان بەسەر چەند کوستکدا (ویلایەت) دابەش کرد: خۆراسان، خورباران، ئازربایگان و نیمروز.

هەرێمی لوڕنشین لەسەردەمی ساسانییان کەوتبووە نێو کوستکەکانی نیمروز و ئازربایگان (یەعقووبی ٢١٨- ٢١٩)، مارکوارت ٢٢٣- ٢٥٢).

گاویە لە ئەرجان و کوگیلوە بە کۆچڕەوی لە باکووری وڵاتی نێوان دوزێ هاتن و لە لوڕستان و ئەرگان (ئەرجان) نیشتەجێ کران (همو ٢٣).

### سەردەمی ئیسلامی

لە سەردەمی ئیسلامیدا هەرێمی لوڕستان وەک هەرێمەکانی دیکەی ئێران کەوتە بەر پەلاماری عەرەبان، لوڕان وەک ئێرانییانی دیکە ڕووبەڕووی عەرەبان بوونەوە، بەردەوام پارێزگارییان لە حکوومەتە ئێرانییەکانی وەک: سەفاریان، ئال بوەیهی، کاکویە و... کردووەو دژی عەرەبان جەنگاون، سەرەنجام خولەفای عەرەب بۆ ئەوەیان بوو تا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ فەرمانڕەوایی لوڕستان بکەن ئیتر بەرەبەرە گرووپ گرووپی عەرەب دەگەیشتنە هەرێمی لوڕستان لەنێو لوڕان دەتوانەوە (مادلونگ، ١٧٢- ٢١٧)، هەندێک لە مێژوونووسان ئاماژە بەهاتنی دوو هۆزی عەرەب بە ناوی عوقەیلی و هاشمی دەکەن کە لە چیای سماقی شامەوە هاتبوون (مستەوفی، ٥٢٠). لەم ڕووەوە زۆر لە لوڕانی وەک: هۆزی «باوی» کوگیلوەو تیرەی (عەرەبی دیکە)ی بەختیاری خۆیان لە بنەڕەتدا بە عەرەب دادەنێن.

بە قسەی هەندێک لە مێژوو نووسانی وەک مستەوفی لە مێژووی هەڵبژاردە (ل ٥٣٧) هەرێمی لوڕنشین لە سەدەکانی (٣ وەک) دابەشی سەر دووبەشی لوڕی گەورە و لوڕی گچکە کرا، وردەکاری و چۆنیەتی ئەو دابەش بوونە لەسەر ئەو بنەڕەتەیە کە ڕووباری دز هەردوو ناوچەی لوڕی گەورە و لوڕی گچکە لێک جیادەکاتەوە، لوڕی گچکە ناوچەکانی ئوستانی ئیلام و لوڕستان و چەند بەشێکی دیکە، کە کەوتووەتە نێو هەمەدان و مەلایەر و تویسرکانی ئەمرۆ دەگرێتەوە، لوڕی گەورەش ناوچەکانی بەختیاری، بەشێکی گەورە لە ئوستانی خوزستان، ئیسفەهان، فارس، بوشەهر و کوگیلوە و بوێر ئەحمەدی ئەمرۆ دەگرێتەوە.

لە هەمان کاتدا خانەدانانی ئێرانی وەک ئال بوەیهییە، لەگەڵ حکوومەت لە هەرێمی لوڕنشین و فەرمانڕەوایانی حەسنەوییەی کورد لە دەوروبەری ٣٢٨ خورشیدی فەرمانڕەواییان لە بەشی لوڕی گچکە کردووە، دوای حەسنەوییە، کوردی شازنجان هێزیان پەیدا کرد و فەرمانیان لە ناوچەکە گێڕا.

زاڵبوونی کوردان، بەسەر ناوچە لوڕنشینەکان و کۆچکردنی چەند گرووپێک لەوانە بۆ ئەم ناوچانە و تێکەڵاو بوونیان بە لوڕان هۆی سەرەکی بوو.

هەندێک بە پشت بەستن بە ڕووداوەکانی مێژوو دەڵێن: لوڕ لە بنەڕەتدا کوردن و بە کوردیان دادەنێن، هەندێک لقی گەورەی لوڕ وەک تایفەی مەمەسەنی و بەختیاری بەکورد دادەنێن (گاوبە ١٦٢) بەجۆرێک مێژوونووسانی وەک مستەوفی، (فەزڵەوییە) بە دامەزرێنەری ئەتابەگانی لوڕی گەورە دادەنێن و دەیانبەنەوە بۆ کوردانی شام (مستەوفی، ٥٣٧، ٥٢٠).

(ئەمانوڵڵاهی) بە شیکردنەوەی یاسایی دەربارەی لوڕ خەباتی کردووە (ص ٢٣-٢٢)

لە ماوەی سەدەی (٥ و ٦) خورشیدی دوو زنجیرەی ئەتابەگانی لوڕی گچکە و لوڕی گەورە دامەزران، تا چەند

سەدەیەک لە لوڕستان فەرمانیان گێڕا، لێرەدا بە کورتی چۆنیەتی دامەزراندن و ڕووداوەکانی مێژووی ئەم دوو زنجیرەیە باس دەکەم.

### ئەتابەگانی لوڕی گچکە

دوای فەرمانڕەوایانی کورد، تورکانی سەلجووقی لە چەند بەشێکی گەورەی ئێران و سەراسەری ناوچە لوڕ نشینەکان، گرووپێکی زۆری تورکان بەرەبەرە دەگەنە ناوچە لوڕنشینەکان، سەلجووقییان بەهاوکاری میرە لوڕەکان فەرمانڕەواییان لە لوڕستان کرد.

لە سەردەمی حیسامەدین شوهلی (شولی) ئاق سنقەری کە لە ڕەگەزی تورکمان بوو، محەمەد خورشیدی لوڕ لە کاروباری حکومەتایەتی یارمەتی دەگەیاندێ، دوای کۆچکردنی حیسامەدین- نووح محەمەد (شوجاعەدین خورشید) توانی لە ساڵی ٥٧٠ خورشیدی زنجیرەی ئەتابەگانی لوڕی گچکە دابمەزرێنێت (مینۆرسکی ٧/٨٢٨)، ئەتابەگانی لوڕی گچکە تا ساڵی ١٠٠٦ی خورشیدی سەردەمی شا عەباسی سەفەوی حوکمیان گێڕا، لە هەندێک سەردەمان گرنگی و ڕێزی تایبەتی لە بەیەک گەیشتن هەبوو.

ئەسکەندەر بێگ تورکمان لە مێژووی عالەم ئارای عەباسی، لەسەردەمی سەفەوییەکاندا دەڵێت لوڕی گچکە خورەم ئاباد، خاوە، ئاشتەر، سیمرە، هندمنی دەگرێتەوە و ئەو ناوچانە کەوتوونەتە بەر ئوستانەکانی ئەراک، هەمەدان، خوزستان و بروجەرد (تورکمان ٢٦٩/١) زنجیرەی ئەتابەگانی لوڕ بەهۆی شا عەباس لە ساڵی ١٠٠٦ی خورشیدی لە نێو چوون، والیەکانی لوڕستان حکومەتی لوڕی گچکەشیان کەوتە ژێر دەست لەسەردەمی سەفەوییەکان لوڕی گچکە بە لوڕستان (پشتکوە، پشکوە) ناوی هات، والیانی لوڕستان لە (١٠٠٦ خورشیدی تا ١٣٢٨) واتە لەسەر دەمەکانی سەفەوی و ئەفشاری، زەند، قاجاری، پالەوی لە لوڕستان فەرمانیان گێڕاوە، لەسەردەمی قاجارییەکان، پشتکوە لە لوڕستان جیا بووەوە و کاریگەری والیانی لوڕستان کەم بووەوە، تەنیا لوڕستانی پشتکوە لەژێر دەسەڵاتی لوڕاندا مایەوە.

فەرمانڕەوایانی قاجار لە لوڕستانی پێشکوە فەرمانیان گێڕا، لە سەردەمی ڕەزاشای پالەوی، لوڕستان (پێشکوە و پشتکوە) کەوتەوە ژێر هێزی حکوومی و لە کۆتاییدا لە ساڵی ١٣٥٠ی خورشیدی پیشکوە بە ئوستان لوڕستان و پشتکوە بە ئوستانی ئیلام گوڕرا.

(ئەمانوڵڵاهی قەومی لوڕ ٨٢- ٨٣) ئوستانی لوڕستانی ئەمڕۆ لە باکوور ئوستانەکانی ناوەندی و هەمەدان، لە خۆرئاوا ئوستانی ئیلام، لە باشوور ئوستانی خوزستان و ئوستانی ئیسفەهان سنووری خۆرهەڵاتییەتی.

### ئەتابەگانی لوڕی گەورە

ئەبو تاهیر لەو کوردانەیە کە لە چیای سماقی شام بۆ ناوچەی لوڕی گەورە کۆچیان کردووە، ئەبو تاهیر زۆر لە خزمەتی ئەتابەگ سنقر سولغوری بووە و خزمەتی گەورەی بەوی کرد، پاداشتی لە حکومەتی کوهگیلوە وەرگرت و لە ساڵی ٥٥٠ک دژی ئەتابەگ سونقەر جەنگاو حکومەتێکی سەربەخۆی بەناوی ئەتابەگانی لوڕی بزورگ (گەورە) پێک هێنا کە بە فەزلەوی ناسرابوو، (مستەوفی ٥٢٠ - ٥٣٩)، پایتەختی فەزلەوییەکان لە ئیزە (مالمیر)بوو، ئەتابەگانی لوڕی گەورە تا (٨٢١)ک فەرمانیان لەسەر زەمینی لوڕی گەورە گێڕا، هەڵبەتە لەسەردەمی ئەتابەگ هەزار ئەسپی فەزلەوی (دووە) ئەتابەگی لوڕی گەورە ناوچەی شولستان (کە دواتر بە مەمەسەنی ناوی هات) کەوتە ژێر دەستی لوڕان، لەسەردەمی ئەتابەگان ئوستانەکانی چار مەحاڵ و بەختیاری و کوگیلوە و بویرئەحمەد و بەشێک لە خوزستان و فەیروزان و گولپایگان لەژێر دەستی لوڕان بووە. (مستەوفی ٥٢٥)، زنجیرەی ئەتابەگانی لوڕی گەورە بەهۆی شاهڕوخ تەیمووری لە (٨٢١ک) لەنێو چوو، سەرزەمینی لوڕی گەورە کەوتە ژێر دەسەڵاتی تەیموورییەکان، لەسەردەمی سەفەوییەکان لوڕی گەورە دابەشی سەر بەختیاری و کوگیلوە و مەمەسەنی کرا (شەهبازی ٦٢)، (ئەمانوڵڵاهی قومی لوڕ ٩٢)، لە دەقی مێژوویی سەردەمی سەفەویدا وەک (تذكرة الملوك) (ص ٨٥) و عالم أرای عباسی (ص ١٠٨٦) بۆ سەرەتاییترین جار ناوی سەرزەمین و هۆزی بەختیاری هات، لەسەردەمی سەفەوییەکاندا ناوچەی بەختیاری لە ڕۆژئاواوە دەگەیشتە ڕووباری دژ و ناوچەی لوڕی گچکە، لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات ئیسفەهان و چارمەحاڵ

هەڵکەوتووە، لە باشووری ڕۆژهەڵات بە کوگگوهـ کۆتایی پێ دێت (ئەمانوڵڵاهی، قومی لوڕ، ٩٢)، لەسەردەمی حکوومەتی قاجاری ناوچەی بەختیاری زۆر فراوان بووە، ناوچەی چارمەحاڵ، شوشتەر، ڕامهرمز، خراونەتە سەر بەختیاری (همو ٩٦- ١٠٢) لەسەردەمی حکوومەتی شاتەهماسب (٩٣٠- ٩٨٢ک) و سەردەمی حوکمڕانی جیهانگیرخان بەختیاری بەهۆی ماڵ و پارەو پوولیان دابەشی سەر دووبەشی چارلنگ و هەفت لنگ کراون (بدلیسی ٧٤: ئووژەن بەختیاری ٢٧) لەسەردەمی ڕەزاشای پەهلەوی بە لەسێدارەدان و سەرکوتکردنی سەردارانی بەختیاری، توانایان کەم بووەوە) خاکی بەختیاریبیانی دابەشی سەر ئوستانەکانی خوزستان، لوڕستان و ئیسفەهان کرد، لە کۆتاییدا بەشێکی خاکی بەختیاری، لەساڵی ١٣٥٢ خورشیدی بەشێوەی ئوستانی چارمەحاڵ و بەختیاری ناسرا، ئوستانی ئیسفەهان لە باکوورو ڕۆژهەڵاتی هەڵکەوتووە، خوزستان لە ڕۆژئاوایی و کوگیلوە و بوێر ئەحمەد لە باشووری هەڵکەوتووە (فرهنگ آبادیهای کشور ٣/١٢)، کوگیلوە بەشێکی دیکەی خاکی دابڕاوی لوڕی گەورەیە، کوگیلوە لەسەردەمی ساسانییان ناوی (قوباد خرە)، بوو لەسەردەمی عەرەبان ناوی بۆ (ئەرجان) گۆڕاو لەسەردەمی سەفەوییان ناوەکەی بە کوگیلوە گۆڕا، خاکی کوگیلوە بەر لە سەفەوییان دابەشی چەند بەشێک کرابوو، لە فارس جیاکرابووەوە و بەشێوەی سەربەخۆ تا سەردەمی قاجارییەکان بەڕێوە دەبرا. (فسایی ٢٥/٥٢٥)، لەسەردەمی قاجارییەکان دووبارە بە فارس لکێنرایەوە و بەسەر ناحیەکانی چرام، طیبی، نوێ، دوشمنی زیاری و بوێرئەحمەددا دابەش کرا، لە کۆتاییدا لە ساڵی ١٣٥٦ی خورشیدی ناوچەی کوگیلوە بووە ئوستانێک بە ناوی ئوستانی کوگیلوە و بویرئەحمەد. (ئەمانوڵڵاهی، قومی لوڕ، ١١٨).

**٧٠٠ تا ٥٥٠ پ.ز میدییەکان دەسەڵاتداربوون، دواتر ئەخمینییەکان ــــ ئەسکەندەری مەکدۆنی ــــ سلۆکییەکان ــــ ئەشکانییەکان ــــ ساسانییەکان ــــ عەرەبی ئیسلام.**

*** لە سەردەمی ئەشکانییەکان و ساسانییەکان ناوچەی لوڕستان بە ناوی ئوستانی پەهلە دەناسرا، لەسەردەمی عەرەبی ئیسلام بە جبال ناسراو، لە ئیسفەهانەوە تا ئازربایجانی دەگرتەوە.**

*** حەسنەوی کوردی بەرزیکانی بۆ ماوەی دووساڵ فەرمانڕەوایی لوڕستان و کوردستانی کرد، دواتر بەدەستی ئەتابەگانی لوڕ لەناوچوو، ئەم ئەتابەگانە بەیارمەتی خوارزمییەکان، مەغۆلەکان، تەیموریان حوکمیان کرد، لەسەردەمی شا عەباسی سەفەوی ئەتابەگ کۆتایی پێ هات و والیانی لوڕ جێگایان گرتنەوە و لە سەردەمی قاجارییەکان لوڕی گەورە و لوڕی گچکە لێک جیا کرایەوە و هەریەکە والی خۆی هەبوو، لەسەردەمی حکوومەتی پەهلەوی والی نەماو لوڕی گچکە بوو بە دوو ئوستانی ئیلام و لوڕستان لوڕی گەورەش دابەشی سەر دوو ئوستانی بەختیاری و کوگیلوە و خوزستان و ئیسفەهان و فارس کرا.**


**سەرچاوە:**

**ایران ها- لرها/ تهران- ١٣٨٥ بەسەرپەرشتی پیمان مەتین و معصومە ابراهیمی.**


**تێبینی: مێژووی فەرمانڕەوایان (ئیلام)ی باستان و لوڕی گەورە و لوڕی گچکە بەم جۆرە بوو:**

# ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ

**نیهاد جامی**
**(کەرکووک)**

ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ خولّقاندنی تیۆر و میتۆدێکی جیاوازی کارکردنە، گەڕانە لەناو ڕووبەرێکی ئاشکرا نەکراو، نووسینەوەی شانۆیە لەناو میتۆدێکی زانستی، ئەوە بەریەک کەوتنی نێوان شانۆ و زانستە.

زانستێکی مرۆیی لەناو شانۆدا وا دەکات ڕوانینێکی هاودژ بەرهەم بێنێت کە هەڵگری پرسیاری فەلسەفی بێت، پرسیار لە شێوەی وتراوی نێو زمان خۆی بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو پرسیار بەرەنجامی گەڕانەوەیە بۆ ناو سرووتی خێڵە بەراییەکان، ئەنتوان ئارتۆ یەکەم بنەما تیۆرییەکانی تێدا خولّقاند، بۆیە شانۆکەی بە شانۆیەکی ڕەخنەیی لە دژی شانۆی تازەگەری دەرکەوت، ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ دەرکەوتنی شانۆیەک بە دژی تازەگەری، بە واتایەکی تر ئەوە لە دایکبوونی شانۆی پاش تازەگەری بوو(١) گەر تازەگەری دەیویست لە ڕێگەی دیالۆگەوە خۆی بەرەو پێش بەرێت و تەکنەلۆژیا هۆکاری سەرکەوتنی بێت، ئارتۆ هات شانۆی گەڕاندەوە بۆ سرووتی خێڵ و کۆمەڵگاکان، بەتایبەت بۆ سرووتی کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکان، هەر بەوەندەش نەوەستا بگەڕێتەوە بۆ ناو ڕابردوو، بەڵکو تاڕادەیەکی زۆر خۆرئاوای بەجێهێشت و سرووتە خۆرهەڵاتییەکانی کرد بە گۆڕەپانی ئەزموونی شانۆیی، ئەو کاتانەی بەرەو کولتووری خۆر ئاواش بگەڕابایەوە، بۆ ڕابردوویەکی کۆن دەگەڕایەوە، ڕابردوویەک کە هێشتا تازەگەری سیما و خەسڵەتە کولتوورییەکانی لێ نەسەندبۆوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی تازەگەری خۆرئاوایی کەمتر توانیبووی کاریگەری بەسەر خۆر هەڵات بەجێ بێڵێت، بۆیە زیاتر بەرەو کولتووری خۆرهەڵاتی گەڕاوەتەوە، گەڕانەوە بۆ کولتووری خۆر هەڵات خولّقاندن و بنیاتنانی ڕووبەرێکی نوێ و

جیاوازی ئەزموونی شانۆیی بووە، ئەزموونێک کە بە شانۆی توندوتیژی ناوی دەرکرد، کە مەبەستی توندوتیژی نواندن نییە بۆ جەستە، بەڵکو بڕوای وایە کە ئەو شانۆیە ژیانە، بۆ ئەوەش دەڵێت «هونەر لاساییکردنەوەی ژیان نییە، بەڵکو ژیان بۆخۆی لاساییکردنەوەیە» (٢) بۆیە ئەو ژیانە نوێییەی لە ڕێگەی توندوتیژییەوە بنیات دەنرێت ئەوە دنیای هاتنەدی تێدایدا سرووت پرۆسەی پاکبوونەوەی ڕۆحی تێدا ئەنجام دەدات، بەهۆی ئەوەی شانۆی توندوتیژی ڕەهەندێکی فراوانی بۆ مرۆڤە، ئەوە وای کردووە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆی تێدا بێتە بوون، ئەنترۆپۆلۆژیا لە توێژینەوە لە بارەی مرۆڤەوە پەڕیەوە بۆ گەڕانی مرۆڤ لە نێوان ژیان و مردن، ئەو ژیانەش بریتییە لە مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی کە توانای خوڵقاندنی شانۆی هەیە، ئەوەش مانای وا نییە کە مرۆڤ لە شانۆدا لاسایی ژیان دەکاتەوە، وەک خۆی ئاماژە بۆ لاسایی کردنەوەی ژیان خۆی دەکات، بۆیە شانۆ بۆ خۆی بریتییە لە ژیان، بەڵام ژیانێک بە تەواوی جیاوازە لە ژیانی شانۆی کلاسیکی، کە لەسەر بنەما ئەرستۆییەکان هونەر بە لاساییکردنەوەی ژیان سەیر دەکرا، ئارتۆ بەهەمموو شێوەیەک ڕەفزی ئەوە دەکاتەوە، بەهۆی ئەوەی ژیان هەمیشە لەناو لاسایی کردنەوە نوقمە، بۆیە شانۆ بۆ ئارتۆ پرسیارکردن و داڕشتنەوەی تەواوی مانا باوەکانە بۆ تێگەیشتنی بەرایی لە شانۆ، لە دایکبوونی پرۆسەی خوڵقاندن و هاتنە ئارای پرۆسەی جیاواز بوونە، کە داوای ئەوە دەکات شانۆ لە دەق دوور بخرێتەوە، ئەو دوور خستنەوەیە چەمکی موقەدەس لە دەق دەسڕێتەوە، سڕینەوە هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی گوتاری دەقە، کاتێ ئەو گوتارە ئامادە بوونی نەما دەکەوێتە نێو پرۆسەی جووڵە و فیکر، ئەوە بیرۆکەی سەرەکی ئەزموونی ئارتۆ بوو، بنیاتنانی زمانێکی نوێی شانۆیە، زمان سنووری وشە دەبڕێت، لە پانتایی بنیات دەنرێتەوە، بارگاویکردنی زمانی مرۆڤی سەرەتاییە بۆ زمانێکی شانۆیی، بەڵام بارگاویکردن لەناو سیستمی دەلالی لەڕێگەی پێوەندی کردن بە پانتایی و بە ماتریالە بینراوەکانەوە دەخوڵقێنرێت.

ئەوەش بە مەبەستی پرۆسەی کەشفکردن و داڕشتنەوەی زمان و ئیستاتیکا بوو، چونکە دەیویست لەڕێگەی خوڵقاندنەوەی زمانی مرۆڤی سەرەتاییەوە لە کایەیەکی جوانکارییەوە بەرەو کایەیەکی کولتووری



هەنگاو بنێت. (٣)

ئەنترۆپۆلۆژیا پێوەندی نێوان شانۆ و هۆڵ بە تەنیا ناگۆڕێتە سەر پرۆسەیەکی هاوبەشی نمایش، بەڵکو ئەو پرۆسەیە ئامادە بوونی پێوەندی ئەنترۆپۆلۆژی نێوان ئەکتەر و بینەرە لەسەر بنەمای ئاشکرا کردن لەنێو سرووتدا، بەوەی هەریەک لە ئەکتەر و بینەر بەدوای ئاشکرا کردنی خۆی دەگەڕێت، بە تایبەت بۆ ئەکتەر کە بەشدارێکی ڕاستەوخۆی ناو سرووتە، بینەریش لەناو ئەو سرووتەدا بەتەنیا بە دوای ئاشکرا بوونی خودی خۆی ناگەڕێت، هێندەی مەبەستی گەیشتنە بە میتا ئاشکرا بوون، بۆ ئەوەی جیهانێکی تر بۆ بوونی خۆی بدۆزێتەوە، ئەوەش ئەو تاعوونەیە کە ئارتۆ وەک ستراتیژی شانۆکەی لەو پێوەندییە ئەنترۆپۆلۆژیە بەرهەمی دێنێت، چونکە بینەر بەدوای پاکبوونەوەی لەو تاعوونە، کە ڕزگار بوون لەو تاعوونە کاری شانۆیە، بەدوای ڕزگار بوونی بینەر دەیەوێت لە بوونی میتافیزیکی خۆی دەرچێت و بوونێکی نوێ بدۆزێتەوە، ئەوەش زیاتر لە بیرۆکەی (مرۆڤی باڵا)ی نیتشە نزیکمان دەکاتەوە، ئەو نزیک بوونەوەیە بە تەنیا گریمانەیەکی نێو تێگەیشتنی ئێمە نییە، کە شیاوی گومان کردنی ڕووکەشانە بێت، بەڵکو تێگەیشتنێکی فەلسەفیشە، چونکە لەزۆر ڕووەوە ئەو کاریگەرییە فەلسەفییەی نیتشە بەسەر تێڕوانینی شانۆیی ئارتۆ دەرکەوتووە، ئەگەر تازەگەری پایەکانی

خۆی لەسەر عەقڵ دامەزراند و نیتشەش بە یەکەم ڕەخنەگر لە تازەگەری دەرکەوتبێت، بەوەی چۆن پرۆژە گومانکارییەکەی دیکارت "من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم" بە بنەمای تازەگەری خۆر ئاوایی دادەنرێت، ئەوەی عەقڵ خاوەنی بێت تازەگەرییە و ئەوەی تازەگەریش بێت بەرهەمی عەقڵە، ئاواش ڕەخنەی نیتشە لە عەقلانیەتی خۆر ئاوایی بە سەرەتای ڕەخنەگرتن لە تازەگەری دادەنرێت.

وەک چۆن ئەوەش لای ئارتۆ دەبینین کە کارکردن و پرۆژە ئەزموونکارییەکەی یەکەم ڕەخنەی تیۆری و پراکتیکی شانۆیە لە دژی تازەگەری شانۆیی، بە مانای هەر یەکە لە ئارتۆ و نیتشە بە خاوەنی بنەما تیۆرییەکانی ڕەخنەگرتن لە تازەگەری دادەنرێن، ئەو بنەمایە وای کردووە ئارتۆ زۆر کاریگەری نیتشەی بەسەرەوە بێت، بەهۆی ئەوەی (مرۆڤی باڵا)ی نیتشە چەمکێکە لەپشت تێگەیشتنە ئەزموونکاریەکەی وەستاوە، ئەوەیان چۆن؟ ئەگەر ئارتۆ لە شانۆکەیدا لەڕێگەی سرووتەوە مەبەستی تەقاندنەوەی ئەو تاعوونەی ناخی ئەکتەر و بینەر بێت، بینەر لەو پرۆسەی پاکبوونەوەیە بەدوای بوونێکی تر بگەڕێت بۆخۆی، ئەو بوونە خەون بینینە بە جەستەیەکی بەرهەم نەهاتوو گەڕانە بەدوای بوونێکی نوێ کە نیتشە ناوی ناوە مرۆڤی باڵا، ئەو مرۆڤە لای هەردووکیان پەیوەستە بە مردنی میتافیزیکیاوە، دیارە ئەو مردنە کە نیتشە خستیە ڕوو چەمکێکی فراوانی هەیە تەنیا وابەستە نییە بە مردنی یەزدان، بەڵکو «مردنی ئەوانەشە کە پەیوەست و پاشکۆی ئەو بوونەن، بۆیە ئەوە مەسیح نییە بە تەنیا دەمرێ، بەڵکو کلێسا و مرۆڤیش بەشدارن لەو مردنە، بە مردنی مرۆڤ پێشنیاری مرۆڤی باڵای خستە ڕوو، چونکە عەقڵ ئەو پەرستگایە بوو کە لە هەڵوەشاندنەوەی دەبێت ڕەخنەگرتن لە عەقڵ ببێ بە پەرستگای نوێ کە ئەو قەدەر و پێشهاتانەی پەرستگا کۆنەکان دەیانبردەوە ئاسمان، ئەوا لە هاتنی مرۆڤی باڵا، ئەو مرۆڤە بۆخۆی دەبێ چارەنووس و قەدەری خۆی دیاری بکات» (٤) بەڵام دەروازەی فیکری نیتشە وابەستەیە بە مردنی یەزدانەوە، وەک چۆن ئەوەش دەروازەی شانۆکەی ئارتۆیە بەهۆی ئەوەی «شانۆی توندوتیژی یەزدانی لە شانۆ کردۆتە دەرەوە» (٥) لەلای ئارتۆ پاککردنەوەی شانۆ لە میتافیزیکیا سەرەتای ڕاستەقینەی لە دایکبوونی شانۆیە، ئەو پێکگەیشتنەی نێوان نیتشە و ئارتۆ بەرەنجامی ئیشکردنەوەیە لەسەر چەمک و بنەمای تیۆری، ئەگەر لای جیل دۆلۆزی ناسراو بە فەیلەسووفی نەوەی نیتشە پرسیاری فەلسەفە چییە؟ بریتی بێت لە فەلسەفە خولقاندنەوەی چەمکە، ئەوا دەبێت بڵێین چەمکە نیتشەییەکان سەرلەنوێ لەناو شانۆ بە مانا و دەلالەتی نوی دەخوێنرێنەوە، ئەگەرچی چەمکەکان لە ڕووی پرۆسەی ناونانیش گۆڕانیان بەسەردا بێت، بەڵام لە کرۆکدا چەمکی نیتشەیین، بۆیە چەمکی (توندوتیژی) ئارتۆ نە بەتەنیا شانۆیەکی خاڵییە لە تێگەیشتنی فەلسەفی، نە چەمکێکی فکری و ئەنترۆپۆلۆژی ڕووتە، بەڵکو ئەو چەمکە زیاتر لە چەمکی (هێز)ی نیتشەوە نزیکە، کە هێز مەعریفە بەرهەم دێنێت، کە لای میشێل فوکو چەمکی هێز دەگۆڕێت بە دەسەڵات، ئەوە دەسەڵاتە مەعریفە بەرهەم دێنێت، بەڵام ئەو مەعریفەیە لای ئارتۆ چۆن بەرهەم دێت؟ ئارتۆ لەسەر چەمکی مەعریفە ناوەستێت هێندەی ئەو توندوتیژییە شانۆ بنیات دەنێت، بەمانای مەعریفەکە شانۆیە، بۆیە ئەو کاتەی دەڵێت نە شانۆ بوونی هەیە و نە سەما ئەوە بۆ نەبوونی ئەو توندوتیژییە دەگەڕێتەوە، لێرەدا نەبوونی شانۆو بوونی لە ڕێگەی توندوتیژییەوە ئەو بوونە وابەستەیە بە مەعریفە (شانۆ)وە.

ئامادە بوونی فرە جەستەیی لەناو سرووتدا وێنەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیە، لە شانۆدا وەزیفەکەی لەڕێگەی فرە جەستەیی ئەکتەر لەناو سرووت دەردەکەوێت، لەو سرووتەدا جەستە بە تەنیا نوێنەرایەتی ڕەگەزەکەی خۆی ناکات، هێندەی جەستەیە کە هەڵگری هەردوو ڕەگەزەکەیە، جەستە.. جەستەیەکی نێرە مووکە، جەستەیەکە لەناو زەمەنی غەیبانیدا دەژی، سنوورێکی نییە بۆ دنیای حەرام، جەستە لەناو سرووت جەستەیەکی حەرامکراو نییە، جەستەیەکە لەڕێگەی جووڵە کردن خۆی ئازاد دەکات «دەتوانێت بەرەنگاری ترس بێتەوە، لەگەڵ غەیبانیەت بچێتەوە ناو پێوەندییەوە» (٦) ئەوەش بە مەبەستی گەیشتنە بە ڕەگ و ڕیشە کولتوورییەکان، کە دەبێتە کەناڵی نێوان حەقیقەت و پێچەوانەکەی، بۆیە ئەو جەستەیە سنووری ڕەگەزی خۆی بەجێ هێشتووە، ئەنترۆپۆلۆژیا لەو ڕێگەیەوە پرسیارەکانی خۆی لە بارەی جەستەی مرۆیی دەگوازێتەوە بۆ پرسیار لە جەستەی ئەکتەر، جەستەی ئەکتەر دەبێت بە جەستەی کولتووری،

جەستەیەکە هەڵگری تەواوی ئەو کولتوورەیە «کولتوور نووسراو نییە، وەک ئەفلاتوون دەڵێت (فکر لەو ڕۆژەوە لە دەست درا کە یەکەم وشەی نووسرایەوە) ئەگەر نووسیمان، مانای فیکر قەدەغە دەکەین لە جووڵە کردن لەناو فۆڕمەکان، بەو پێیەی هەناسە دانێکی فراوانە»

(٧) شانۆ بۆ ئارتۆ هەمان وەزیفەی هەیە، شانۆ بەلایەوە نووسراو نییە و وەک کولتوور دەخوڵقێنرێت.

پڕۆسەی خوڵقاندن لەناو ڕیتواڵدا ساتەوەختی ئامادە بوونی جەستەیە لە زەمەنی غەیبانی و دابڕانیەتی لە زەمەنی دەرەوەی سرووت، ئەوەش ئیشکردنەوەیەتی لەسەر چەمکی سرووت، خوڵقاندنی پێوەندی جەستەکان بە یەکتریەوە، لە جەستەی تاکەوە بۆ جەستەی کۆ، لە جەستەی کۆوە بۆ جەستەی تاک، لە جەستەی نێرەوە بۆ جەستەی مێ، لە جەستەی مێینەشەوە بۆ جەستەی نێر، هەموو ئەو پێوەندییە جەستەییانە ئامادە بوونی گوتاری ئەنترۆپۆلۆژی شانۆیە لەناو چەمکی سرووت لە ڕێگەی جەستەی ئەکتەرەوە چڕ دەکرێنەوە (٨)، مانای جیاواز و نوێ دەبەخشن، مانایەک پەیوەستە بە شانۆ وەک پڕۆسەیەکی ئیبداعی و زانستی، ئەوەش گۆڕینی شانۆیە لە نووسینەوە بۆ خوڵقاندن.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

(١) ئێمە لێکۆڵینەوەیەکی فراوانمان هەیە لەسەر شانۆی پاش تازەگەری، بۆیە لێرەدا لەسەری ناوەستین، بۆ شارەزا بوون لەو شانۆیە بڕوانە: شانۆی پاش تازەگەری/ نیهاد جامی، شانۆکار، ژمارە (١) لاپەڕەکانی (٧٨ - ١٠٨).

(٢) الكتابة والاختلاف/ جاك دريدا، ترجمة (كاظم جهاد) دار توبقال للنشر، الطبعة الاولى ١٩٨٨، ص٧٨.

(٣) مۆنیک بوری لە توێژینەوەکەیدا لە بارەی شانۆی ئارتۆ و گەڕانەوە بەرەو ڕەگوریشەی شانۆکەی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شانۆی ئارتۆ لە شانۆ وە بەرەو ئەنترۆپۆلۆژیاوە ڕۆیشتووە، کە ئەوەش دەگەیەنێتە ئەو بۆچوونەی کە کولتوور بەڕادەیەک ئامادەبوونی هەیە تاوەکو شانۆ لە ئیستێتیکاوە بەرەو کایەیەکی کولتووری دەبردرێت.

(٤) ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتێ/ نیهاد جامی، سەنتەری ڕووناکبیری هەتاو، (لێکۆڵینەوەی فەلسەفی) ژمارە(١٤) کوردستان ٢٠٠٦، لاپەڕە ٩٥.

(٥) الكتابة والاختلاف/ جاك دريدا، ترجمة (كاظم جهاد) دار توبقال للنشر، الطبعة الاولى ١٩٨٨، ص ٧٩.

(٦) ارتو والبحث عن ينابيع المسرح/ مونيك بوري، ترجمة (عبدالمجيد شكير) مجلة نزوي، من موقع (www.nizwa.com)

(٧) المسرح و الالهة/ انطوان ارطو، ترجمة (سعيد كريمي) فكر و نقد، العدد ٣٤.

(٨) کچە شانۆکاری کورد (نیگار حەسیب قەرەداغی) تاکە شانۆکارێکی کوردە کە کاری لەسەر ئەو بابەتە کردبێت، ئەویش لە ڕێگەی نامەی ماستەرەکەی و دکتۆراکەی، کە نامەی ماستەرەکەی لە ژێر ناوی (جەستەی ئامادە لە پانتایی و زەمەندا - تێڕوانینێکی نا ئەورووپییانە بۆ کاری پیێر فۆرمێر) هەروەها دکتۆراکەی لە بواری توێژینەوەی زانستەکانی شانۆ و کولتووری ئەنترۆپۆلۆژیدا وەدەست هێناوە لەژێر ناوونیشانی (شانۆ و پێرفۆڕمانسی ڕیتوالی) لەژێر کاریگەری ئەو دوو هەوڵە، کە چەند لە شانۆی ئەمڕۆدا ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ بابەتێکی گرنگە، بە تایبەت لە بارەی چەمکی سرووت و ئامادەبوونی ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ لە تێڕوانینی ئارتۆ ئێمە لە تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک، لە شوبات و ئاداری ٢٠٠٧ لە قەڵای کەرکووک دوو ئەزموونی پراکتیکیمان لەم بوارە ئەنجام داوە، ئەوانیش هەردوو ئەزموونی (سەگ و دەف) و (زولێخا لە خەونی یووسفدا) بوو، ئەو دوو ئەزموونە لەسەر بنەما تیۆرییەکانی شانۆی توندوتیژی و ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ بوو، کە ئەو دوو ئەزموونە ناونرا بوون (پڕۆژەی یەکەم و دووەم بۆ شانۆی توندوتیژی) هەوڵێک بوو بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ، لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی تیۆر و دواتر بنیاتنانی دوو ئەزموونی شانۆیی وەک دوو پڕۆژە بۆ شانۆی توندوتیژی، کە دەکرێ وەک سەرەتایەکی زانستی بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ سەیر بکرێت، سەرەتایەک توانای ئەوەی هەیە پڕۆژەی مەزن و فراوان بۆ داهاتوو ئەنجام بدات، بۆ تێگەیشتن لەو دوو ئەزموونە بڕوانە هەردوو وتارەکەی شانۆکار فریاد ئەحمەد لە ژێر ناوی

(پڕۆژەی یەکەم لە شانۆی توندوتیژیدا، ڕامان، ژمارە/ ١٢٢) و (پڕۆژەی دووەم لە شانۆی توندوتیژی، شانۆکار ژمارە/٢).

# گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

**ئەحمەدی حەمە مەلا**
**١٩١٣ - ١٩٦٩**

**پێشەکی**

ئەو کاتانەی مامۆستای بەرێزم (کەریم شارەزا) کتێبی (سێوە)ی بەچاپ دەگەیاند، داوای لە من کرد چەند گۆرانییەکی مامە سێوەی بۆ بە نۆتە بکەم، هەر ئەوکاتە بۆی باس کردم و فەرمووی: (بەتەمام نامیلکەیەک لەسەر رۆڵ و کاریگەری (ئەحمەدی حەمە مەلا)ی باوکت، بۆ سەر ئاوازی کوردی بەچاپ بگەیەنم. مامۆستا درێژەی بە قسەکانی داو گوتی: چونکە ئەحمەدی حەمە مەلا لە کۆیە یەکەم گۆرانیبێژ و مەقامزان بووە، هونەری ئاواز و گۆرانی کوردی لەکۆڕی ئایینی و مەولوودی پێغەمبەرو لەسەر مەحفەل ومنارەو گومبەتی مزگەوتانەوە، هێناوەتە ناو کۆڕی جەماوەری میللەت و هاویشتوویەتە قاڵبی گۆرانی نەتەوایەتی و ڕامیارییەوە... تاد) مامۆستا کەریم شارەزا هەمان ئەم قسانەی لە پێشەکی کتێبی (گوڵی سەربەستی) گۆرانیبێژی نەمر (تایەر تۆفیق)دا و لە هەندێ بۆنەی جیاجیای دیکەشدا دووبارە کردۆتەوە.(١)

مامۆستا (تایەری ئەحمەد حەویزی)ش لەبەرگی دووەمی کتێبی مێژووی کۆیەدا نووسیویەتی: (لەو ساڵانەی دواییدا، مەلا حەوێز ئاغاو وەکو ئەمین ئاغای ئەختەر، ئەوانە لە دیوەخانەکەیاندا گۆیندەیان دادەناو گۆرانی خۆش خۆشیان دەگوت و مێزیان بۆ ئەم مەبەستە

---

**وریا ئەحمەد**



**ئەحمەدی حەمە مەلا لە ساڵی ١٩٣٧**

دەرازاندەوە، (سێوە) و(مەلا ئەسعەد) و (ئەحمەدی حەمە مەلا)و هی دی بەشدارییان تێدا دەکرد، بەڵام ئەمە زۆر دەوامی نەکردو جەنگی دووەمی جیهانی بەسەرداهات ئەو بەزم و ڕەزمە نەما، (ئەحمەدی حەمە مەلا) دووکاندار و حاڵ خۆش بوو، هەرچەندە لە ئاهەنگەکاندا بەشداری دەکرد، بەڵام خۆی ئەگەر هەوەسی نەبا، کەس نەیدەتوانی بە زۆر گۆرانی پێ بڵێ! سێوەو مەلا ئەسعەد و تایەر تۆفیق پێی ناوێ من چیپان لەسەر بنووسم، چونکە زۆر ناسراون و زۆریشیان لەسەر نووسراوەو (کاک ئەحمەد)یش جێگەی چۆڵ نییە، وا (وریا ئەحمەد)ی کوڕی لە مۆسیقاو گوتن و ئاوازدانان و لێکۆڵینەوەدا دەستێکی باڵای هەیەو بێ وێنەیە (٢).

ڕۆژێکیش کە دیوانی (شێخ نووری شێخ ساڵح)م خوێندەوە «ئەوەی لەلایەن برای نووسەرم (ئازاد عەبدولواحید)ەوە ئامادەکراوە» بە تایبەتی کاتێ دەنووسێ: (ئەم هونەرمەندە دەنگ خۆشە کە لەسەردەمی خۆیدا سەر گوڵی کۆڕو مەجلیسەکانی سلێمانی و هەولێرو کەرکووک و هەڵەبجە بووە دەنگ و لە پاش بە جێماوی هونەرە بەرزەکەی وەکو دەیان، بگرە سەدان دەنگی تر نە پارێزراوەو تۆمار نەکراوە! نەپاراستنی دەنگی (شێخ نووری) زیانێکی گەورەی لە هونەری گۆرانی کوردی داوە، بە تایبەتی هونەری (مەقامات)چونکە مەقام شوناسێکی گەورە بووەو یەکێک بووە لەو شارەزایانەی زۆر بەچاکی مەقامیان ئەدا کردووە، ئەگەر لەو سەردەمەدا کۆمەڵەکەمان کۆمەڵێکی شارستانی و پێشکەوتوو بوایە، گۆرانی گوتنی بە خەوش و نەنگی دانەنایە و بەچاوی سووک تەماشای دەنگخۆشەکانیان نەکردبا و بە پلار و توانج لە پلەو پایەی کۆمەڵایەتییانی کەم نەکردایەتەوە، ئەم زیانە گەورەیەش لە بزووتنەوەی هونەریمان نەدەکەوت، کە (شێخ نووری) یەکێکە لە نموونەکانی ئەوانیش هونەرەکەیان بۆ چەند ئان و ساتێکی کۆڕ و دانیشتنی سەرمەستانەی دۆستان و ئاشنایان تەرخان نەدەکرد و ئەوسا ئاسایی دەبوو ئەگەر دەنگی خۆیان تۆمار بکردایە، یان بیانهێشتایە تۆماری بکەن.

ئەگەرچی شوێنەواری هونەری (شێخ نووری) بە شێوەی دەیانی وەکو (دەروێش عەبدوڵلا) لە ناوچووە و سڕاوەتەوە، بەڵام ئەو دەنگ و سەدایە ئێستاش لە مێشکی زۆر کەسدا یادگاری خۆی هەڵکەندووە دەمانەوێ ئەم سەرگورشتانە ببێتە هاندەرێک بۆ برایانی تر، تا ئەوانیش پێش ئەوەی کار لەکار بترازێ ئەو یاداشتانەیان بنووسنەوە، یان تۆماری بکەن... تاد)(٣).

لە بەشی یەکەمی کتێبی (گۆرانیبێژە نەمرەکان)یشدا هاتووە کە لە دانانی مامۆستا (باکووری)یە: (من هێشتا هەرزەکاڵێکی مەیلەو منداڵ بووم، بەهاران وادەبوو بە ئیشێکی ماڵەوە دەیانناردمە بازاڕ، چەند گەنجێکم دەدیت، وا لە شەقامە سەرەکییەکەی شاری، کە هێشتا قیرتاو نەکرابوو، شۆڕدەبوونەوە بەرەو باخ و باخچەکانی (ئۆمەرخوچان و ڕووبارە شیرینەکەی کۆیە) کە ئاوێکی ساف و دڵگیری پیدا دەهاتە خوارەوە لە باواجی و حەمامۆکەوە ئینجا کەسانێک لەولاو لەم لا، بە پێکەنینەوە قسە و گاڵتەیان لەگەڵ ئەم گەنجانە دەکرد، کە بە تەمەنترینیان: سێوە بوو! ئینجا ناوی ئەوانی ترم لە خەڵکەکە دەبیست کە ئەوانەیش: ئەحمەدی حەمە مەلا و عەونی شاعیر و عومەری عەولا شەل و.. فلان و

فـــلان.. بوون. ئەوەی باسی دەکـــەم لـە ســـالانی (چلەکان)بوو، ئەو خاوەن زەوق وئەو هونەرمەندانە بوون کە ئاسمانی شاریان پڕ ئاوازی گۆرانی ڕەسەن و مەقامی کوردی ناوچەی کۆیە دەکرد و شەوانە ئێمەی منداڵ وگەنج بەم دەنگانە پەروەردە بووین و هەســتــمـان بە جـوولەی هونەری کرد لە دەروونمان و لە مێشکمان. ئەو دەنگانە لە گەڵ دەنگی (قـەوان)ەکـانی (کـاوێس ئاغـا) و (عـەلی مـەردان) و (مـریـەم خـان) و (مـەلا کـەریم) و دواتریش (خـاڵە تایەر) بـوونە مـەشـخـەڵێکی گـەش کـە چەندەها گـۆرانیـبـێـژی تر لەم شـاره دەرکـەون و ڕێڕەوی ئەو پێشـەنگانە بگرنە بەر و ببن بە گۆرانیـبێـژی ڕەسـەن و شوونی باب و باپیرانمان ون نەکەن.) (٤)

خـوێنەری بەڕێز :ئەو کـارانەی باسم کـردن بە تایبـەتی نووسینەکەی (کاک ئازاد عەبدولواحید) بووە هاندەرێک بۆم و ئەو ئەرکەی بەخەڵکی دی ئەنجام نەدرا، دەبوایە من بە شـانازییـەوە ئەنجامی بدەم. کێ بێ لە من نزیکـتر بۆ (ئەحمەدی حەمە مەلا)ی باوک و یەکەم مامۆستام، ئەو ئەرکە پیرۆزە بە جێ بگەیەنێت.

**کورتەیەک دەربارەی ژیانی**

ئەحمـەدی حـەمە مـەلای کوڕی مـەلا عـەبدولڕەحمـانی مـەلا پیـرۆتی مـەلا عـەولای - سـاڵی (١٩١٣) لە گـەڕەکی (هەواوان) لە شـاری کـۆیە چاوی بەدنیـا هەڵهـێناوە، ئەحـمـەد خـۆی و هاوەڵانی دیکەی وەک (عـومـەر عـەبدوڵڵا) و (بابە شـێخ) تا پۆلی شـەشی ســـەرەتایی دەخـــوێنن، بەڵام لە تاقــیـکردنەوەی (بەکـەلۆریا)ی شـەشی سـەرەتاییـدا دەرناچن و واز لە خوێندن دەهێنن، شایانی باسە ئەو کاتە دوای بەکەلۆریای شەشی سەرەتای بە خولێکی شەش مـانگی قوتابی بە مامۆستای سەرەتایی دادەمەزرا. (٥)

دڵداری شـاعـیـری جـوانەمـەرگی کـورد لە بیرەوەرییـەکـانیـدا بەم جۆرە وەسفی (ئەحـمەدی حەمە مەلای) برادەری دەکات: (ئەحـمەد کوڕێکی باریکەلەی زەردی چاو گەورەی لووت خڕ، بەڵام نێو چەوانێکی پان، هەیکەلێکی جوانی هەبوو، زۆر دەنگی خۆش بوو زۆریش تەفـەننونی لە شـەدە بەسـتندا دەکـرد، چاو لەدەر بوو دۆسـتـداری و عـاشـقـبـازی دەکـرد...) (٦). دیارە ئەحمەدی حەمە مەلا، لە خێزانێکی مەلازادە بووە و بابە گـەورەی ئەحـمـەد (مـەلا عـەبدولڕەحـمـان) لە ئەسـڵدا خـەڵکی گـوندی (کـانی وەتمان)ە، لەسـەر داواکـاری (جەمیل ئاغا) کە ئەوسا (قایمقام)ی کۆیە بووە، هاتووە لە کـۆیە بووە بە کـاتبی قـایمقـام، تا ئەمـڕۆش ڕەز و باخچەمان لە گوندی کانی وەتماندا ماوە.

ئەحـمـەدی حەمە مـەلا لە خـێزانێکی خۆش گوزەران چاوی کـردۆتەوە، ئەوەتانی مـامـۆسـتـا (تایەر ئەحـمـەد حەویزی) دەڵێ: لە (سەفەر بەرلک) هەندێ کەسی کۆیی وەک (جەلال ئاغا)) و (مەلا ڕەشـید) و (حەمـە مەلا) خۆیان کڕیبیەوە، جاری یەکەم یەکی پەنجا و یەک لیرەیان دا و جــاری دووەم سی لیـــرەیان دا ..... تاد)(٧). ئەحـمـەدی حەمە مـەلا دوای ئەوەی لە بەکەلۆریای شەش دەرنەچوو وازی لە خـوێندن هێنا وەک بـاوکی خـۆی، لە کۆنە قەیسـەری کۆیە دوکـانێکی کۆتاڵ فرۆشتنی داناو کچی (عـەزیز ئەفـەندی هەولێری کە لە کۆیە مـامۆسـتا بوو) خواست.

**ئەحمەدی حەمە مەلا و**

**نیشتیمانپەروەری چالاکی ڕامیاری**

من بـەنیـازی کـۆکـردنەوەی زانیـاری تەواو دەربارەی (ئەحــمـەدی حـەمـە مـەلا)وە، چەندین سـاڵ و زیاتر لە جـارێک بۆ لای برادەرەکـانی ئەمـڕۆ کـۆچکردووی باوکم وەک (عەونی شاعیر، عومەر عەبدوڵڵا، عەبدولڕەحمانە ڕووتە، حەمـە ڕەشـیـدی شێرزاد) و ئی دیکەش چوویمە و گەلێ کتێب و چاپکراویش هەر بۆ ئەم مەبەستە تا ئەمڕۆ گەڕاوم، بۆ ئەوەی بابەتەکەم بایەخێکی تەواوی هەبێت و لە دواڕۆژدا وەک بەڵگـەنامــە لە مــێــژووی گــۆرانی و موزیکی شـارێکی زیندووی وەک شاری کۆیە پشـتی پێ ببەسترێ.

وەک زووتر خـوێندمـانەوە ئەحـمـەدی حـەمـە مـەلا لە بنەماڵەیەکی مەلا زادەبووە، کاک عـەونی بۆی باس کردم و گوتی: «سـاڵی (١٩٣٣) باوکتم ناسی، ئەو کـاتەی لە مـزگـەوتەکـەی بەرانبـەر مـاڵـمـان دەهات بانگی دەدا!». لەمەوە دەردەکەوێ تا ئەو کاتە ئەحمەد لەسەر ڕەچەڵەکی باب و باپیـران ڕۆیشـتـووە و دیارە بەو پێیـە خـوێندنی سوختەخانەشی بەر لە خوێندنی مەکتەب تەواو کردووە. (عـەونی و عـومـەر عـەبدوڵڵا و دڵدار)ی شـاعیـر ئەدەب دۆست و ڕۆشنبیر بوونە.. چونکە ئەوان و ئەحمەدیش ئەو هەسـتـەیان (مەبەسـتم هەسـتی نەتەوایەتی کـە بە ڕێگەی



**ئەحمەدی حەمە مەلا لەساڵی ١٩٣٨**

ئەدەبەوە بۆی هاتوون) سەرەتا لە قوتابخانەی سەرەتاییدا، لەسەر دەستی هەندێ مامۆستای نیشتیمانپەروەری وەک (ڕەمزی ڕەحیم) کە خەڵکی (کەرکووک) بووە و باسی شۆڕشەکانی کوردی بۆ قوتابیانی کردووە جار جارە بەو پێیەی دەستی شاعیریشی هەبووە، شیعری نەتەوەییشی بۆ خوێندوونەتەوە، ئەم کارەی مامۆستایانی نیشتیمانپەروەری وەک: (ڕەمزی ڕەحیم، عەبدوڵڵا عەزیز، عەبدوڵڵا سامی، عەلیاگە، زەکی هەناری، سابیر ئیسماعیل...تاد) ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گیانی نیشتیمانپەروەری لە دڵدا چەسپاوتر کردوونە و دواجار لە یەکتری نزیک کردوونەتەوە و بوونەتە برادەری گیانی بەگیانی و هەردەم پێکەوە هەڵسوکەوتیان کردووە و چاویان بە کەسانی نیشتیمانپەروەری ئەوساکە کەوتووەو بیروڕایان گۆڕیوەتەوە، ئەمە نەک هەر لەناو شاری کۆیە، بەڵکو لە هەولێرو کەرکووک و سلێمانیشدا، لە هەولێر کەسانی وەک: (مستەفا عوزێری، فەتاح جەبار، عیزەدین فەیزی) تا ئەو ڕادەیەی شەوانیش لە کۆڕی

شەڕاب و مەینۆشیدا، کۆبوونەتەوە و شیعری نەتەوەییان خوێندووەتەوە و کۆکردووەتەوە، جگە لەوەی لەو سەردەمەدا هەرچی گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە هەبووە پەیدایان کردووە، عەونی شاعیر گوتی: «بە هۆی گۆڤاری (گەلاوێژ)ەوە گەلێ هەڵبەستی نەتەوەیی وەک (شیرین بەهارە) و (ئیش کە ئێستا ڕووی لە هەورازە) و ... تاد دەگەیشتە دەستمان». واتە ئەو هاوڕێیانە لە سییەکاندا خاوەنی ئەم جۆرە بیروڕا و هەستە قووڵە نەتەوایەتییە بوونە. دیسان کاک عەونی گوتی: (لە سییەکاندا هەچ کەسێ کردەوەی چاک و پڕ بەزەیی نیشان دابایەو بکردایە دەیانگوت ئەندامی حیزبی هیوایە، ئەو حیزبە (حیزبی هیوا) ئەو کاتە ڕێکخستنی بە تینی نەبوو.)

کاک عەونی لە حەفتاکان لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا گوتوویەتی: لە ساڵی (١٩٤٠) چوومە حیزبی هیواوە بەم بۆنەیەوە دەڵێم: زۆرجار من و کاک عومەر عەبدوڵڵا و کاک ئەحمەدی حەمە مەلا و مەلا حەسەن سەعید و یوونس ڕەئووف - دڵدار، بیرمان لەوە دەکردەوە کە چەک بکڕین بۆ شۆڕش بەر پاکردن... تاد).(٨)

کاک عومەر عەبدوڵلاش لەم بارەیەوە بۆی باس کردم و گوتی: ( ساڵەکانی چل لە کۆیە ئاهەنگی نەورۆزمان دەکرد.. یەکەم ساڵ لەسەر شووران، ئەو شوێنەی ئێستا کراوەتە مەحکەمە، من نواندنەکەم ئامادە کردبوو کە تەمسیلی کاوەی ئاسنگەرو زوحاک بوو، ساڵی دواتر لە شاخی مشکە باخچەی (حەمە سدیق) ئاهەنگی نەورۆزمان کرد... بۆ یەکەم جار لە کۆیە لەو نەورۆزەدا ئاگر کرایەوە... خەڵکی پاشکەوتوو ڕەخنەیان لە ئاگر کردنەوەکە گرت و گوایە ئێمە ئاگر پەرستی دەکەین، یەکێک لە برادەرەکانمان (سەمەد مەنجەڵ) هات و میزێکی بە ئاگرەکەدا کرد و ڕووی کردە خەڵکی و گوتی: (بۆیە وام کرد تا بزانن ئێمە ئاگر پەرست نین! بەڵکو یادگاری بۆنەیەکی نەتەوەیی دەکەینەوە.)

هەر لەم بارەیەوە مامە ڕووتە گوتی: (من ئەندامی کارگێڕی پیشەی کرێکاران و کاک ئەحمەدی حەمە مەلا کارگێڕی پیشەی (بەزازان- کوتاڵ فرۆشان) و مام ڕەسووڵی حەمەدەمینی کەبابچی ئی قوتابیان بوو، ئەمە لە کاتێکدا لە هەموو کۆیەدا، پارتی (١٧-١٨ ) ئەندامی هەبوو.)

دیسان لەم بارەیەوە کاک عومەر گوتی: (ئەو ساڵەی

حەمە پاشا لە کۆیە قایمقام بوو من و باوکت و ساڵح شەمس سێ مانگ و حەڤدە شەو لە هەولێر لە بەندی نراین، ئەو کاتە (سەعید قەزاز - موتەسەڕیفی لیوای موسڵ بوو.)

* کاک عەونی بۆی باس کردم و گوتی: (لە ساڵی ١٩٤٣ من و کاک ئەحمەد و حیسامەدین تەیب) گیراین و ڕەوانەی کەرکووک کراین، ناردمان بەدوای (عەونی یووسف) و بە هۆی (مەلا سدیق) کە خاڵی حیسامەدین بوو و ڕەئیسی مەحکەمەش بوو (تەمیز)مان بۆ کرا، گیراوی کوردپەروەری دیکەی شارەکانی کۆیەو سلێمانی و شوێنەکانی دیکەی زۆری لێ بوو، ئێمەش لەگەڵ ئەوان وەک نەفی کراو لە ئوتێل بووین و ڕۆژی دوو جاران دەچووینە پۆلیسخانە ئیمزامان دەکرد.. مانگێک ماینەوەو بە هۆی (مەلا سدیق)ەوە بەربووین. ئەوانی دی شەش مانگ مانەوە.

* مامە ڕووتە گوتی: (تایەر تۆفیق یادی بەخێر لە کۆیە گەڕایەوە من لە بەغدا بووم، پێی گوتم: عومەر عەبدوڵڵا و عەونی شاعیر و ئەحمەدی حەمە مەلا و ساڵح شەمس، هەمووی لە مووسڵ حەپسن، کە چووم بۆ لایان پیاوێکی خەڵکی سلێمانی ناو (ساڵح) سروودی (بەهێزی مێشک و بازوو) و کاک ئەحمەدیش (شیرین بەهارە)ی دەگوت .

* کەمال کەریمی ئامۆزام بۆی گێڕامەوە و گوتی: (ئەحمەدی مامم و عومەر عەبدوڵڵا و کاک عەونی شاعیر) لە لایەن حکوومەت گومان لێکراو بوون و هەمیشە بەندو نەفی دەکران، لەکاتی شەڕی دووەمی جیهانی لە هەولێر نەفی بوون و لە ئوتێل (فەرەح) دەنووستن و ڕۆژێ جارێک دەچوونە پۆلیسخانە مۆریان دەکرد.

* دواجاریش ساڵی (١٩٦٣) لە سەردەمی بە ناو (حەرەس قەومی بەعسییان)، لەگەڵ زۆربەی ڕۆشنبیران و فەرمانبەرانی شاری کۆیەی تێکۆشەر، زیاتر لە ساڵێک لە بەندێ هاوێشتران، ئەم جارەیان لەبەر ئازار و ئەشکەنجەی بەعسییان (ئەحمەدی حەمە مەلا)، تووشی گەلێ نەخۆشی دەروونی و دواجار ئیفلیجیش هات، دوای ئەوە چەندین ساڵ کەوتە ناو جێگەوە و ئازاری چەشت، تا دواجار لە ڕۆژی (٩)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٦٩)دا هەر بە هۆی ئەو ئازار و بەندکردن و لێدان و ئەشکەنجەیەی بەعسییانەوە سەری نایەوە، ئەحمەدی حەمە مەلای نیشتیمانپەروەر لە ژیانیدا پێوەندی برایەتی و هاوهەڵوێستی لەگەڵ ئەم بەڕێزانەدا هەبووە: حەمە زیاد ئاغا و مەلا حەوێز ئاغا و عەلی عەبدوڵڵا و عومەر دەبابەی نەمر و مام جەلال و گەلێکی دیکەش. لێرانەدا شتێک بە نموونە دێنمەوە، بەڵکو بتوانم تۆزێک لە ڕادە و ئاستی کوردایەتی و هەستی نیشتمانپەروەری ئەحمەدی حەمە مەلاتان بۆ دیارخەم: ساڵی (١٩٦١) سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول پێشمەرگە دەمێک بوو کۆنترۆڵی شاری کۆیەی کردبوو، جا ڕۆژی (١١)ی ئەیلوولی ئەو ساڵە دوو فڕۆکەی (مێک) کۆیەیان بۆردوومان کرد و کرێکارێک کوژرا و (حەمە بگرەز)یش بریندار بوو. کاتێک دوای چەند ڕۆژێک سوپا گەیشتە کۆیە، خەڵکی بێ دەسەڵات و ژن و منداڵ و نەفام، لە خۆشی ئەوەی سوپا جارێکی دی هاتەوە کۆیە و خۆشی خۆشی ئیتر چیدی کۆیە بۆردوومان ناکرێت، ئەو خەڵکە پێکەنین و خۆشیان دادەباراند، منی مێردمنداڵیش کاتێک چووم بە حیسابی خۆم ئەم هەواڵە خۆشە بۆ باوک و دایکم ببەم و دڵیان خۆش کەم، سەیرم کرد باوکم وا لە سووچێکی سەربان بەرانبەر ئەو شەقامەی سوپاکەی لێوە دیار بوو، ڕاوەستا بوو، فرمێسکی دادەباراند؟! تاسام!.. نەمزانی مەسەلە چییە؟.. بۆیە کەوتمە بیرکردنەوە، ئەو کارەی باوکم وەک دواتر دایکم بۆی باس کردم لە خەمی ئەوە بووە هێزی پێشمەرگەی کوردستان شکستی هێنا بوو، جارێکی دی سوپای دوژمن کۆنترۆڵی شاری کۆیەی گرتبووەوە دەست، بەدەست خۆم نییە ئێستاش جار هەیە ئەو دیمەنەم دێتەوە یاد... ماتەمینی دام دەگرێت. ئەحمەدی باوک و نیشتیمانپەروەر گەلێ جار بۆی باس کردووم کە ئەو: لە (ژ.ک)ەوە بۆ کوردایەتی لەگەڵ هاوەڵانیدا دەست بەکاربووە و دواتر پارتی (هیوا) و ئینجا (پ.د.ک). بەو پێیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە (ئەحمەدی حەمە مەلا) و برادەرانی، بۆ بەرژەوەندی گەل و نیشتیمان خەباتیان کردووە و حەپس و تێهەڵدان و دوورخستنەوەش، نەیتوانیوە دڵیان بلەرزێنێ و چاویان بترسێنێ.

### ئەحمەدی حەمە مەلای هونەرمەند

ئەحمەدی حەمە مەلا هەرچەندە لە دانیشتن و کۆڕی

مەی نۆشین ئامێزەکانی ناو شاری کۆیە و جار بووە لە دەرەوەی کۆیەش لەو جۆرە کۆڕ و دانیشتنانەدا گۆرانی و مەقامی گوتووە، بەڵام قەت بە زۆر لێکردن، یان بەرانبەر بە پارە گۆرانی نەگوتووە. ئەحمەدی حەمە مەلا خاوەن بەهرەیەکی هونەری بەرز بووە.. بەهرەکەی لە گەلێ لایەنی هونەریدا دەردەکەوێت، یەکەم جار بەدەیان شیعری شاعیرانی کوردی لەبەر بوو... توانای هەبوو بە خەتە جوانەکەی بیاننووسێتەوە، جگە لەوەی خاوەنی دەنگێکی زوڵاڵ و کاریگەر و لە هەمان کاتدا نەرم و پڕ سۆز بوو. جگە لەوانە توانای ئاوازدانانیشی هەبوو.

* کاک عەونی بۆی باس کردم و گوتی: (یەکەم کەس «شیرین بەهارە»ی گوت باوکت بوو، یەکەم جار شیعرەکە لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاو کرایەوە).

مامۆستا (مەجید ئاسنگەر)یش بابەتێکی لە ژێر ناوونیشانی (کۆیە: لە بەر ڕۆشنایی هەڵبەستێکی عەونی) لە گۆڤاری کارواندا بڵاو کردووەتەوەکە عەونی لە شوێنێکی ئەو شیعرەیدا دەڵێ:

**ئەحمەد بەنای شیرینی بەهار**
**خۆشتر لە ئاوازی هۆزار**

لە پەراوێزیشدا مامۆستا (مەجید ئاسنگەر) نووسیویەتی: خوالێخۆشبوو، ئەحمەدی حەمە مەلا باوکی هونەرمەند (وریا ئەحمەد) زۆر دەنگ خۆش بووە و هونەرمەندێکی ڕەسەن بووە. (٩)

ئەو ڕۆژەی کاک عەونی یادی بەخێر، لە کۆیە لە ماڵی خۆیاندا میوانداری کردین و کاک (فەرهاد)ی کوڕیشی دانیشتبوو لێم پرسی، ئەم بەیتە شیعرەی تۆ چی دەگەیەنێت؟ گوتی: ئەمە بۆ مێژووە کە (ئەحمەدی حەمە مەلا) یەکەم کەس بووە شیرین بەهارەی بەم شێوەیە گوتووە.

* کاک عومەر عەبدوڵڵا گوتی: (شیرین بەهارە یەکەم جار ئەحمەدی باوکت گوتی، ئەو کاتە هەموو کەس نەیدەوێرا بیڵێ.. (ئیبراهیم ئەحمەد)ی دانەری شیرین بەهارە هاتە کۆیە و لە گەڵمان دانیشت و یەکەم جار بە دەنگی ئەحمەدی حەمە مەلا گوێی لە ئاوازی شیرین بەهارە بوو، لە خۆشییاندا شاگەشکە بوو، دواتر من و ئەحمەد و سەمەد مەنجەڵ لەگەڵیدا چووین بۆ سلێمانی و لە سەرچنار دەعوەتیان بۆ کردین.. هەر لە سلێمانی لە (تەکیە) دەعوەتمان بۆ کرا من و ئەحمەد گۆرانی (دەماغم وەزنە)مان گوت، پیاوێک بەناوی (عیززەتی فاتە - عیزەت مەدفەعی) گوتی: ( ئەگەر زەوق هەبێ هەر لای کۆییانە...)!

* مامە ڕووتە گوتی: ساڵەکانی (٩٤٥ - ٩٤٦) کەپرێکم لە چایخانەی خۆم کە لە (سەرتەمتەمان) لەسەر حیسابی خۆیان بۆ کردبوون، لە ناو ڕەزان هەندێ شەوان (کاک ئەحمەد و کاک عومەر و کاک عەونی) و گەلێ برادەری دی دەیانناردخواردن و خواردنەوەیان بۆ دەهات، هەندێ جار تا ڕۆژهەڵات دەمانەوە، جێگاکەیش دیار و بەرچاو نەبوو، ئینجا کاک ئەحمەد لە و دانیشتنانەدا ئاوازی دیکەی وەک (شیرین بەهارەی) دادەنا.

* مامۆستا کەریم شارەزا دەڵێ: (ئینجا برایان هۆمەر عەبدوڵڵا و خوالێخۆشبوو ئەحمەدی حەمە مەلا کە دوو لاوی ڕۆشنبیر بوون بە دوو قوڵی گۆرانی "لە مەیدانی بەهارە شارەکەی کۆ"یان پێشکەش کرد.)(١٠)

* کاک عەونی بۆی باس کردم و گوتی: (ئەحمەدی حەمە مەلا نەک هەر شیرین بەهارە، بەڵکو گەلێ شیعری دیکەیشی دەگوتن و ئاوازی بۆ دادەنان، بۆنموونە شیعری (وتم ئەی کچ) کە شیعری منە، باوکت یەکەم جار ئەو شیعرەی بە مەقام دەگوت و دوایی دەیکردە ئەو بەستەیەی ئێستا (تایەر تۆفیق) لە ئێزگەدا بە تۆماری گەیاندووە، دیسان شیعرێکی پێنج خشتەکی من لەسەر شیعرێکی (مەیلی) بەناوی (وا چرای کوڵمت) هەر باوکت بوو ئاوازی بۆ دانا، هەروەها شیعری (ئیش کە ئێستا ڕووی لە هەورازە سەرەولێژی نەکەی)ی (شوکری فەزڵی) کە لە گۆڤاری گەلاوێژەوە وەرمان گرتبوو هەر باوکت بوو یەکەم جار ئەو شێوە گوتنەی بۆ دانا.)

* مامە ڕووتە گوتی: (کاک ئەحمەد دینەمۆی کۆڕ و دانیشتنەکان بوو، گوتنەکانی تەئسیری لە هەمووان دەکرد و زیاتر گیانی نیشتیمانپەروەری لا بەهێزتر دەکردن.)

* کاک عەونی گوتی: (ئەحمەدی حەمە مەلا دەنگخۆشێکی ئێمە بوو، ئەو شیعرانەی ئێمە پەسندمان دەکردن ئەو دەیگوتن... کاک عومەر عەبدوڵڵا لە بەستەکاندا بەشداری دەکرد و گەلێ جار لە مەجلیسی ئێمەدا سێوە و مەلا ئەسعەدیش بەشدار دەبوون.)

* دیسان کاک عومەر گوتی: (ئەو شیعرەی بمانزانیایە بۆنی نیشتیمانپەروەری لێدێت و شێوەیەکی جوان و

مەعقوولیشی هەیە، باوکت شیعرەکەی بەدەستەوە دەگرت و دەیگوت، ئێمەش بۆمان دەگێڕایەوە واتە دەسەندەوە) بەم شێوەیە تا شیعر و ئاوازەکە دەهاتە بەرمان.

* تایەر تۆفیقی نەمریش لەم بارەیەوە دەڵێ: «جارێ هەرزەکار بووم لە ساڵی (١٩٣٦)ەوە دەستم بە گۆرانی گوتن کرد، ئەوسا باغ و سەیرانگەکانی کۆیە مەڵبەندی شادی و ئاواز و گۆرانی کوردی بوون و شیعری شاعیرانی کوردی وەک (نالی و کوردی و حاجی قادری کۆیی و بێخود و سافی و مەیلی و ڕاجی و زەکی و دڵدار) و هی تریش لە باربوون و لەلایەن گۆرانیبێژە ناودارەکانی کۆیە وەک سێوەی هونەرمەند و مەلا ئەسعەد و ئەحمەدی حەمە مەلا و گەلێ هونەرمەندی دیکەوە دەگوتران». (١١)

دواتر دەڵێ: (کۆڕی دانیشتن و ڕابواردنی ئەوسای ناو باغ و ڕەزانمان بەزۆری لەگەڵ هونەرمەندو هونەردۆستانی وەکو عومەری مام عەولا و ئەحمەدی حەمە مەلا و عوسمان عەونی و...تاد بوون) (١٢)

– ئەحمەدی حەمە مەلا جگە لە دەنگخۆشی و ئاوازدانەری مەقامزان، مەقامناسیش بووە، لەم بارەیەوە خاڵە (حەمە ڕەشیدی شێرزادی) گوتی: «ساڵانی (١٩٣٠) جارێکیان غەزەلێکی (سەعدی شیرازی)م خوێندەوە، ئاگام لێ بوو کاک ئەحمەد تا لە گوتنی غەزەلەکە بوومەوە ڕاوەستا، هەر ئەو ڕۆژە تووشی هاتمەوە گوتی: حەمە (منی زۆر خۆش دەویست و هەر بە حەمە بانگی دەکردم) دەنگت زۆر خۆشە، ئوسوڵی مەقامی (سەبا)شت زۆر چاک خوێند بۆچی نایەیتە ناو کۆڕی گوتن؟».

دیسان مامۆستا کەریم شارەزا لە کتێبی (مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد) دەنووسێ: (ئەحمەدی حەمە مەلا مەقامناسی کورد، لە مەڵبەندی کۆیە...تا).

(زیاد عەلی بەرزنجی)یش لە بابەتێک کە لەژێر ناوونیشانی (کۆیە و مەقام و گۆرانی کوردی)دا نووسیویەتی دەڵێ: (ئەم ڕێبازەش لە سەر دەست و لەرەی دەنگی خوالێخۆشبوو ئەحمەدی حەمە مەلا ١٩١٣- ١٩٦٩ خوڵقاو مامۆستا تایەر تۆفیق سوودی لێوەرگرت و بە سوارچاکی ئەو ڕێبازە دادەنرێت)(١٣).

وەک تێگەیشتین (ئەحمەدی حەمە مەلا) ئاوازی بۆ گەلێ هەڵبەستی نیشتیمانپەروەری بۆ نموونە، (شیرین بەهارە) و (ئیش کە ئێستا ڕووی لە هەورازە...) و (وتم ئەی کچ) و (وا چرای کوڵمت) و گەلێکی دیکە داناوە، هەر بۆ نموونە شیعرێک هەبوو ئێستاش لە گوێمدا دەزرینگێتەوە (مەحموود ئاغای کاکە زیادی) زۆری حەز لەو شیعرە بوو هەمیشە لە دانیشتن و کۆڕەکاندا، کە ئەو ئامادەی بوایە داوای گوتنی ئەو شیعرەی (مەدهۆش)ی لێ دەکرد کە دەڵێ:

**ڕۆژێ وا ڕێکەوت کە ڕێگام کەوتە ماڵی یارەکەم**
**دیم کە وەستاوە لە دەرگا نەونەمامێ گوڵ بەدەم.. تاد**

وەک وتمان و تایەر تۆفیق خۆشی یادی بەخێر ئاماژەی پێ دا، کە زۆربەی ئەو گوتنانە لە (سێوە و مەلا ئەسعەد و ئەحمەدی حەمە مەلا)وە فێربووە و دواتر لە ئێزگەی کوردی لە بەغدا بە تۆماری گەیاندوون، بەڵام لە هەمان کاتیشدا وەنەبێ (تایەر تۆفیق)ی نەمر دەستی ئاوازدانان و داهێنانی نەبووبێ، هەر بۆ نموونە: یەکەم کەس شیعری (ساقیا)ی مامۆستا (هێمن)ی بەو شێوەیەی کە بیستوومانە گوت، تایەری نەمر بوو دوای ئەو گۆرانیبێژان (کەریم کابان) و (محەمەد جەزا) و (ناسری ڕەزازی) و ئی دیکەش بە هەمان ئاوازەکەی تایەری نەمر ئەو هۆنراوەیان دووبارە کردەوە. ئەمڕۆ بە دەیان شێوە گوتن و ئاوازم لە یاد ماوە کە بە منداڵی و هەرزەکاری، لە باوکمەوە بیستوومن و فێریان بوومە هەر بۆ نموونە:

(گۆرانی ئامین ئامین، لەو کوڵبەیی ئەحزانە، بۆ فریبی عاشقان، لەسەر شەو و ڕۆژی داناوە، شەوێ نانووم، ئاهوبار، دوو ڕەشماڵی ڕەشکۆکە، هاتەوە لە کولێ پێ ناوی هەمینەیە، ڕەنگی زەردم، بازان باز قەتار، دەماغم وەزنە، بەو بەو بەو یا دوست خانمە خاسەکەم، یار زەینەب ... تاد.)

## بۆچی دەنگی ئەحمەدی حەمە مەلا بۆ ئێمە بەجێ نەما

دیارە وەک مام رووتە گوتی: (ئەحمەدی حەمە مەلا گەر مەجلیسێکی بەدڵ نەبوایە، قەت مومکین نەبوو گۆرانی بڵێ!)، یان مامۆستا تایەر حەوێزی دەنووسێ: (ئەحمەدی حەمە مەلا هەرچەندە لە زۆر ئاهەنگان بەشداری دەکرد، بەڵام خۆی ئەگەر هەوەسی نەبا، کەس نەیدەتوانی بەزۆر گۆرانی پێ بڵێ...).(١٤)

منداڵ بووم شەوێک لە ماڵی کاک عومەر عەبدوڵڵا دەعوەتێکی گەورە بوو، ئەو شەوە برادەرانی هونەرویست و نیشتیمانپەروەری باوکم، (حەمە گەمحان)یان بە خۆ و گشت پێداویستییەکانی تۆمارکردن هێنابوو ئامێری تۆمارکردنەکەیشیان شاردبووەوە، تا وەکو دەنگی باوکم تۆمار بکەن... کاتێ دەست بەگوتن کرا، باوکم خۆی گوتەنی کزەیەکی بۆ کرد... هەر زوو هەستی بە مەسەلەکە کرد و یەکسەر قۆڵی منی ڕاکێشا و دانیشتنەکەی بە جێ هێشت، هەرچەندە برادەرانی دوامان کەوتن و هەوڵیان دا بیگەڕێننەوەو دڵی ئاشت بکەنەوە، بەڵام بێ فایدە بوو.. بەڵی لەبەر قسەو قسەڵۆکی نەفامان و خوو و نەریتی کۆنینە، تا ئەو ڕادەیە ڕقی لەوە بوو دەنگی تۆمار بکرێت.. هۆیەکەیشی ئەوە بوو، دەیزانی کاتێ دەنگی تۆمار بکرێت لە چایخانە و شوێنی گشتی لە کۆیە شریتەکە لێ دەدرێت و ئەو کاتە خەڵکی بەچاوێکی دیکە سەیری دەکەن! (شێخ نووری شێخ ساڵح)یش و بگرە دەیان و سەدان دەنگخۆشی دی، خۆ دیارە لە ناو ئێمەی کورددا تا ئەمڕۆش بەتایبەتی گۆرانی گوتن بۆ کچان بقەیە! هەر لەبەر هەمان هۆ وەک ئەوەی دەنگی ئەحمەدی حەمە مەلا بۆ ئێمە بەجێ نەما، (ساڵح دیلان)ی شاعیری دەنگخۆش و مەقامزانیش، لەبەر هەمان نەریتی کۆن، بەم دواییە وەک بیستوومە کەس نەیوێراوە باسی گۆرانی گوتنی لەگەڵدا بکات و بگرە پێی بکرایە ئەو چەند گۆرانییە تۆمارکراوەی هەشیبوو کە جێگەی شانازین بۆ کورد و بەرهەمی ڕەسەنی کوردین، دەیسڕینەوە!

لە کۆتاییدا دەڵێم خۆزگە توانیبێتم بەشێک لە قەرزەکانی (ئەحمەدی حەمە مەلا)م دابێتەوە، ئەو پیاوەی بەدەیان شیعری (کوردی) و (فارسی) لەبەربوو لە مەجلیس و کۆڕێک زەوقی ببوایە و بەهەوەس بوایە بەدەیان قسەی خۆش و نوکتە و مەتەڵ و حیکایەتی سەیر و سەمەرەی قەوماوی دەگێڕایەوە.. هەتا پێی بکرایە، بەهانای خەڵکییەوە دەچووبە تایبەتی بۆ هەژاران سەری پێوە نەبوو، پاش ملە باسی کەسی بەخراپە نەدەکرد.. ئەگەر شتێکی بەرانبەر کەسێک هەبووایە ڕووبەڕوو پێی دەگوت و گلەیی ئاراستە دەکرد، کەسێکی لەبەر هەچ هۆیەک خۆشنەویستایە هەرگیز مەرایی و ماستاو ساردکردنەوەی بۆ نەدەکرد.

لە کۆتایی ئەم چەند دێرەدا دەڵێم: هەزار سڵاو لە گیانی پاکت بێت ئەی باوک و هونەرمەندو نیشتیمانپەروەر، خۆزگە ئەمڕۆ بۆ چەند چرکەیەکیش بوایە چاوت دەکردەوە، چونکە ئەو ئاواتە دێرینەی کە خۆت و هاوەڵانت بردتانە ژێرگڵ، سوپاس بۆ خوێنی شەهیدان و تێکۆشەرانی گەلەکەمانەوە، ئەمڕۆ هاتۆتە دی، خۆزگە بەچاوی خۆتان کۆبوونەوەکانی یەکەمین پەرلەمانی میللەتە ستەم دیدەکەتان و شەکانەوەی ئاڵای سەربەرزی کوردانتان دەدیت.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**


**(١) تایەر تۆفیق/ گوڵی سەربەستی/ بەشی یەکەم. چاپخانەی (دار آفاق عربیة)، ساڵی ١٩٨٣، هەولێر ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوان، ل (٩، ١٠).**

**(٢) تایەر ئەحمەد حەوێزی/ مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم / بەشی یەکەم/ چاپخانەی ئەمیر، بەغدا ١٩٩٤، ل (٢٧١).**

**(٣) شێخ نووری شێخ ساڵح/ ئازاد عەبدولواحید /کۆی کردۆتەوە و ساغی کردۆتەوە و لەسەری نووسیوە. بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی (دارا الجاحظ)، بەغدا ١٩٨٥، ل (١٣٠، ١٣١).**

**(٤) گۆرانیبێژە نەمرەکان، باکووری.**

**(٥) دڵدار/پێشەکی نووسین و ئامادەکردنی عەبدولخالق عەلائەدین/چاپخانەی دار آفاق عربیة، ١٩٨٥، ل (٤٥).**

**(٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل (٤٣)**

**(٧) تایەر ئەحمەد حەوێزی/ مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم / بەشی یەکەم/ چاپخانەی ئەمیر، بەغدا ١٩٩٤، ل (١٨٢).**

**(٨) ڕۆژنامەی هاوکاری، ڕێکەوتی ١٩٧٦/٣/١٨، بە داخەوە ژمارەکەیم نەماوە.**

**(٩) مەجید ئاسنگەر/ گ.کاروان. ژمارە (٨)ی ئایاری (١٩٨٣). ل (٢٨-٣٠)**

**(١٠) کەریم شارەزا/ مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد. چاپخانەی حوسام/ بەغداد، ١٩٨٢ ل(٦١)**

**(١١) سەرچاوەی یەکەم. ل(١٤)**

**(١٢) دیسان سەرچاوەی ژمارە (١ی ل.(١٥))**

**(٣١) پاشکۆی عێراقی ژمارە (١٣٠) ڕێکەوتی ٩٠٠/٣/٢٨**

**(١٤) تایەر ئەحمەد حەوێزی/ مێژووی کۆیە، بەرگی یەکەم / بەشی یەکەم/ چاپخانەی ئەمیر، بەغدا ١٩٩٤، ل (٢٧١).**

# وێنەگرانی جیهان

**١- فردریک هنری ئەڤانس**

فـردریک هنری ئەڤانس (١٨٥٣- ١٩٤٣) لە وڵاتی بریتــانیــا لە دایک بـووە. فـردریک کــە یەکــێک لە گـەورەترین وێنەگرانی تەلارسـازییـە لە سـەرەتادا کـتێب فرۆشـێکی سـادە و سـاکـار بووە، بەڵام بەهۆی ئـەو حەز و ئارەزوو زۆرەی کە سەبارەت بە وێنەگرتن هەیبـوو، دەستی بە وێنەگرتنی دیمەنە سروشتی و تەلار سازییەکان کرد.

فـردریک هنری ئەڤـانس زۆرتر بەهۆی ئەو وێنانەی کـە لە کـەنیسـەکـانی بریتـانیـای گـرتووە و لەسـەر کـاغـەزی پلاتینیۆم چاپی کردوون، ناوبانگی دەرکردووە.

فردریک هنری ئەڤانس چاپی پلاتینی زۆر بەلاوە باش بووە. هەروەها لە دەســتکاری کــردن و ڕتووش کــردنی نێگەتیـڤـەکـان و وێنە چاپ کـراوەکـانی زۆر خـۆی دوور دەخـسـتـەوە. هەر ئەمـەش یەکـێک لەو هۆکـارانە بووە کـە ئەوی لە وێنەگرەکانی تری جیا دەکردەوە.

فـردریک بە ڕۆژان لە کـەنیـسـەدا بـۆ هاوسـەنگیـیـەکی تەواوی ڕووناکی و کـەشـوهەوای دەوروبەر، هەروەها ئەو هەستەی لەو دەوروبەرەدا هەیە بۆ وێنەگرتنەکانی خۆی لە چاوەڕوانیـدا دادەنیـشت. ئەم وێنەیەی کـە ئێـسـتـا لەبەر دەمــتــانە بە چاپی پلاتین دروست کـراوە و لە ســاڵی ١٨٩٨دا لەلایەن فـردریک هنری ئەڤـانس لە کـەنیـسـەی گشتی ویلایەتی لینکۆڵنی شایر لە بریتانیا گیراوە.

ئەم وێنەیە پێ پلیکانێـک پیـشـان دەدات کـە بەرەو باشــووری ڕۆژئاوای منارەی گـچکە دەڕوات. فــردریک یەکەمین وێنەگری بریتـانیایی بوو کە ئالفرد ئیـستیگلیتز لە ســاڵی ١٩٠٣دا ژمــارەیەکی تەواوی گــۆڤــاری «کـمراورک»ی بۆ کـارەکـانی بە ناونیـشـانی «جوانـترین- پێناسەی وێنەگری تەلارسازی» تەرخان کرد.

---

**لە فارسییەوە: کەمال عەبدوڵڵا حەسەن**



له دەوروبەری ساڵی ١٩٠٠دا، له ئەنجوومەنی (ئەڵقەی لێک بەستراو) کە بریتی بوو له کۆمەڵێک وێنەگری بریتانیایی، فردریک هنری ئەڤانس وەک ئەندامێکی کاراو چالاک دەستبەکاربوو.

هەروەها له ساڵی ١٩٢٨دا، ئەنجوومەنی وێنەگری پاشایەتی، فردریک هنری ئەڤانسی وەک وێنەگرێکی ناوازە هەڵبژارد. له کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، کاغەزی پلاتینیۆم بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی ئەم مادەیە (پلاتینیۆم) بەرەو گرانی ڕۆیشت و فردریک هنری ئەڤانس کە خولیای چاپی بەرهەمەکانی خۆی لەسەر ئەم کاغەزە گرانبەهایە بوو، بە ناچاری دەستی له وێنەگرتن هەڵگرت.

**ئەندرس سرانو**

ئەندرس سرانو له ساڵی ١٩٥٠دا له شاری نیویۆرک له دایک بووە. باوکی خەڵکی هوندۆراسی ئەمریکای ناوەڕاستە و دایکیشی ئەفریقیاییە و خەڵکی کوبایە.

ئەندرس له بنەماڵەیەکی توندڕەوی ئایینی کاسۆلیکدا گەورە بووە. ئەمەش له کاتێکدا بوو کە باوکەکەی ماڵی جێ هێشتبوو و تەنانەت دایکیشی بە ئینگلیزی قسەی نەدەکرد.

ئەندرس له تەمەنی ١٧ ساڵیدا له قوتابخانەی مۆزەخانەی برۆکلین سەرقاڵی فێربوونی وێنەکێشان بوو. ئەگەرچی هەر لەو کاتەشدا بوو کە حەزی بە وێنەگرتن کرد، بەڵام دوای دوو ساڵ بەهۆی تووش بوونی بە مادە بێ هۆشکەرەکان، خوێندنی بەجێ هێشت.

سرانو له کۆتایی دەیەی حەفتاکاندا وازی له مادە بێ هۆشکەرەکان هێنا و دەستی بەکاری وێنەگرتن کرد. دوای پێنج ساڵ وێنەگرتن له دیمەنەکانی شەقام و دیمەنی سروشت، یەکەمین کۆمەڵەی تایبەت بەخۆی کە پێکهاتەیەک بوو له لایەنگیری کردن له ئایینی کاسۆلێک و حەزکردن بە قوتابخانەکانی دادایزم و سوریالیزم بنیاد نا.

ئەندرس سرانو له ساڵی ١٩٨٥دا دەستی کرد بە کارکردن لەسەر کۆمەڵە وێنەیەک کە پێکهاتەیەک بوون له شلەمەنیەکانی لەش. لەساڵی ١٩٨٧دا دەستی کرد بەکاری وێنەگرتنی Piss christ کە تاکو ئێستاش وەک واژووی کارەکانی له قەڵەم دەدرێت.

هەروەها له ساڵی ١٩٩٠دا دەستی کرد بە وێنەگرتنی کۆمەڵە وێنەیەکی ئافرەتان و پیاوانی هەژار و ئاوارە و بێ ماڵ و چەند وێنەیەک له «کوکلاکس کلانەکان» و پیاوە ئایینیەکانی کاسۆلیک.

دوایین کۆمەڵە وێنەی ئەندرس سرانو، بریتی بوون له کۆمەڵە کارێک بە ناوی (History of sexual-ity).

ئەندرس سرانو کۆمەڵە پێشانگایەکی زۆری له شار و وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا وەک نیویۆرک، لەندەن، بەلجیکا، ئیتالیا، ڕۆما، یۆنان، ئیسکوتلەند و ئەسپانیا کردۆتەوە.

وێنەکانی خوارەوە له کتێبی (America) وەرگیراون کە له ساڵی ٢٠٠٤دا چاپ کراوە.

**سەرچاوە:**

**سایت، WWW. AKKasee. com**



# سەرجەمی بەرهەمی تۆفیق وەهبی

مارف خەزنەدار




## پێشەکی

«بنکەی ژین»ی سلێمانی خزمەتێکی گەورەی ڕۆشنبیری کوردی کردووە. زیندووکردنەوەی کۆمەڵێک ڕۆژنامە و کۆواری کوردی کۆن کارێکی بەکەڵک و سوود بەخشە، دانەی ئەو چاپەمەنیانە ئەوەندە دەگمەن بوون، لێمان ببوون بەدەستنووس، دووبارە چاپ کردنەوەیان بە ڕێگەی ئۆفسێت کۆششی پێشینانیان وەک دیارییەکی بەنرخ پێشکێش بە نەوەی تازە کردەوە.

لەم دواییەدا ئەو بنکە خوێندەوارییە بەرگی یەکەمی «سەرجەمی بەرهەمی تۆفیق وەهبی» بەزمانی عەرەبی لە سلێمانی لە ساڵی (٢٠٠٦)دا بڵاوکردەوە. ئەمە کارێک بووە لەو بنکەیە چاوەڕوان دەکرا، چونکە بەشێکی زۆر لە چاپکراوەکانی پێشووی ئەوەیان دەگەیاند ئەم دەسگایە دەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان ئاوڕ لە زانایەکی وەکو تۆفیق وەهبی بداتەوە و کارە زانستییە بەنرخەکانی بخاتە ژێر دەستی خوێنەر و خوێندەوارانەوە. هەموو کوردێک پێویستە سوپاسیان بکا بۆئەم کارە، من لە هەموو کەس زیاتر بیر لە کردەوە زانستییەکانی تۆفیق وەهبی دەکەمەوە. ئەو یەکێکە لەو حەوتەوانەی گیانیان لەناو گیانی مندا تواوەتەوە. ئەو حەوت کەسە گشتیان لەسەر ڕووی زەوی نەماون، بە تەمەنترینیان لە نەوەد ساڵی تێپەڕی کردبوو، بچووکترینیان تەمەنی لە چل و پێنج ساڵی تێپەڕی نەکردبوو، من مافی ئەوەم هەیە بەرگری لەکاری چاکیان بکەم، ئەگەر ڕەخنە هەبێ لەکارە ئەدەبی و زانستییەکانیان، ئەمە لە ڕووی سۆز و عاتیفەوە لەمنیان جیا ناکاتەوە.

لەبەر ئەوە دەڵێم: نەدەبوو لە بەرگی یەکەمی «سەرجەمی بەرهەمی تۆفیق وەهبی» بەزمانی عەرەبی، ئەو سێ لاپەڕەیە بڵاوبکرێتەوە کە (صفاء خلوصی) سەفا خولووسی نووسیویەتیەوە.

## گرێی سایکۆلۆژی

سەفا خولووسی خەڵکی گەرمیانی گەورەیە، لە کەرکوک و خانەقین ژیاوە. بنەماڵەیان پێوەندی بە سلێمانییەوە بوو، عەبدولعەزیز خولووسی باوکی پارێزەر و حاکم بووە لە سلێمانی. لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم کە من قوتابی بووم لەکۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدا ئەو مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو لەخانەی بەرزی مامۆستایان

(دارالمعلمين العالية)، من قوتابی ڕاستەوخۆی ئەو نەبووم، بەڵام ناسیاویم لەگەڵیدا هەبوو. هاتوچۆی ماڵی تۆفیق وەهبی دەکرد و لێیەوە نزیک بوو. ئەو زانا جوامێرە سوودی زۆری هەبوو بۆ سەفا خولووسی، وەکو کەسێکی دەست ڕۆیشتوو هەموو کاروبارێکی ڕەسمی بۆ ڕادەپەڕاند، نەک تەنیا بەگشتی لە هەموو دەسگاکانی حکوومەتی عێراق، بەڵکو بەتایبەتی لە وەزارەتی زانیاری (وەزارەتی پەروەردە)ی ئێستا کە تۆفیق وەهبی خۆی دەبوو بە وەزیر.

سەفا خولووسی هەمیشە خۆی لە کورد بوون دەدزیەوە، تووشی گرێ کوێرەیەکی سایکۆلۆژی ببوو. دەیزانی کوردە، بەڵام نەیدەویست کورد بێ. بێگومان پێی خۆش بوو بە عەرەب بناسرێ، بەڵام خەڵکی ئەمەیان پێ ڕەوا نەدەبینی و خۆشی بەماقووڵی نەدەزانی، بۆیە بەناوی موسوڵمانەتی ئەم گرێیەی دادەپۆشت. خۆ ئەو و هەموو کەسێکی دیکە مافی ئەوەیان هەیە خۆیان بە ڕۆڵەی هەر نەتەوەیەک بزانن، بەڵام بە مەرجێک لێیان نەبێ بەگرێ، بە پێچەوانەوە بگەنە ڕادەیەک ڕک و کینە بەرانبەر نەتەوەکەی خۆیان بنوێنن. ئێمە ڕۆژی ئەمڕۆ خەڵکی وامان زۆرە، خۆیان بە عەرەب و عەجەم و تورک لە قەڵەم دەدەن.

سەفا خولووسی لە ساڵانی دوایی ژیانیدا بەماڵەوە نیشتەجێی شاری لەندەن بوو. جارێکیان لە گفتوگۆیەکدا بەمنی گوت: ئێمە ژمارەمان لە بەریتانیا دوو میلیۆنە. بەڕاستی من لە قسەکەی نەگەیشتم



**تۆفیق وەهبی**
**لەندەن - ١٩٧٨**

کە لێم پرسی: چۆن؟ گوتی: ئێمەی موسوڵمان ژمارەمان دوو میلیۆنە. ئەمە دڵدانەوە و نوقولانەیەکە لە مۆنۆلۆژی ناخی دەروونییەوە هەڵقوڵاوە. بێگومان مەبەستی لە وشەی موسوڵمان عەرەبە.

ئەم ڕەوشتە وای لە سەفا خولووسی کردبوو بەشێک لە کەسوکاری حاشای لێ بکەن. لەوانە نووسەری ناوداری عێراق (عەبدولمەجید لوتفی) لای من و لای گەلێ لە ڕۆشنبیرانی کورد حاشای لێ کردبوو. ئەم زاتە کوردە عەرەبی نووسە مامی سەفا خولووسی بوو. زمانی وەکو هەموو کوردێک دەزانی، بەڵام لە توانایدا نەبوو بە کوردی بنووسێ، خۆی بە تاوانبار دەزانی، چونکە بۆی ڕێک نەکەوتبوو بەرهەمی ئەدەبی بەزمانی کوردی بنووسێ بۆ ئەوەی خزمەتی نەتەوە خۆشەویستەکەی خۆی بکا.

## ڕک و کینە بەرانبەر بە کورد

ئەم ڕک و کینەی سەفا خولووسی بەرانبەر بە کورد لەو سێ لاپەڕەیە دەکەوێتە بەرچاو کە بەزمانی عەرەبی لە کتێبی «سەرجەمی بەرهەمی تۆفیق وەهبی» بەرگی یەکەم بڵاوکراوەتەوە.

خوێنەری ئەم وتارەی من! ئەگەر بەوردی ئەم سێ لاپەڕەیە بخوێنیتەوە کە بە زمانی عەرەبی سەفا خولووسی لەسەر تۆفیق وەهبی نووسیوە تۆش وەکو من ئەم تێبینیانەت لەلا دەڕسکێن:

(١) لە سەرەتای وتارەکەی ساڵی لە دایک بوونی نەنووسیوە، تەنیا دەڵێ لە ڕۆژگاری دوا ساڵانی سەدەی نۆزدەیەم و سەدەی بیستەم ژیاوە، زیاتر لە نەوەد ساڵ ژیاوە بۆ ئەوەی نەڵێ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، چونکە ئەگەر ئەمە بڵێ مانای ئەوەیە بەنەژاد کوردە، ئەویش بەهیچ جۆرێ نایەوێ وشەکانی «کورد» و «کوردستان» لە دەمی بێتە دەرەوە.

(٢) ئەم دڵ ڕەشە ناڵێ تۆفیق وەهبی لە قوتابخانەی ڕوشدییەی سەرەتایی سوپایی سلێمانی خوێندوویەتی، یەکسەر دەڵێ کۆلێژی سوپای لە بەغدا تەواو کردووە. لەمەدا بە هەڵە چووە قوتابخانەی ڕوشدییەی ناوەندی سوپایی لە بەغدا هەبوو، لە ساڵانی ١٩٠٥- ١٩٠٨ لەوێ خوێندوویەتی، پاشان کۆلێژی ئەرکانی سوپایی لە ئەستەمووڵ تەواو کردووە.

(٣) ئەم کینە لەزگە کە باس لەو زمانانە دەکا کە تۆفیق وەهبی شارەزایان بووە، تەنیا ناوی زمانە ئەوروپاییەکان دەهێنێت، چونکە نایەوێ تەعبیری، «زمانی کوردی» لە زاری بێتە دەرێ کە زمانی دایکی تۆفیق وەهبی بوو. بە دان پێدانانی خۆی لای من چەند جارێک گوتوویەتی هەشت- نۆ زمان دەزانم،

بەڵام کوردی و تورکییەکەم لە هەموویان بەهێزترە. عەرەبییەکەشی لەگەڵ ئەوەی زمانی ماڵەوەی بوو، بەڵام وەکو کوردی و تورکییەکەی نەبوو، لە قسەکردن و لەنووسینیشدا.

(٤) سەفا خولووسی باس لە هەموو بەرهەمەکانی تۆفیق وەهبی دەکا، تەنیا ئەوانە نەبێ کە ڕاستەوخۆ لە بابەت کورد و کوردستانەوەن. سەیرە باس لە تۆفیق وەهبی بکرێ وەکو زانایەک و باس لە کۆششەکانی نەکرێ لە مەیدانی زمانی کوردی و جوگرافیای خاک و مێژووی کۆنی ئەرکیۆلۆژی کورد.

(٥) سەفا خولووسی لە وتارەکەیدا هەندێ درۆی شاخداری کردووە لە بابەت بیروباوەڕ و ئیدیۆلۆژییەتی تۆفیق وەهبییەوە. لێرەدا جێی وەرامدانەوە نییە، هەمووی لەپێناوی ئەوەی بەهیچ جۆرێ لە کورد نزیک نەبێتەوە.

(٦) دوا وشەکانی ئەم دڵ ڕەشە ئەوەیە دەڵێ تۆفیق وەهبی سوور بوو لەسەر ئەوەی لە خاکی عیراقی خۆشەویست بنێژرێ. ئەم موزایەدە هەرزانە چییە لەلایەن ئەم کابرایەوە دەکرێ! هەموو بۆ ئەوەیە ناوی کورد و کوردستان نەهێنێ.

(٧) دوا قسەی ئەم دڵ پڕ لەگرێیە ئەوەیە دەڵێ گۆیا زۆرجار گوێی لەوە بووە تۆفیق وەهبی گوتوویەتی: تا داربەڕوو لە باکووری عیراق و خورما لە باشووری عیراق لەناوەوە بن، ژیان لەسەر خاکی مێزۆپۆتامیا هەتا هەتایە و هەمیشەییە.

وتاری سەفا خولووسی هەرچەندە پێداهەڵدان و ستایشە بۆ تۆفیق وەهبی، بەڵام نووسەر ویستوویەتی لە کورد بیپچڕێنێ، خۆشیویستووە، چونکە زۆری بۆ کردووە. ئەگەر تۆفیق وەهبی نەبوایە، سەفا خولووسی نەدەبوو بە ئەوەی هەبوو، بەڵام گرێ کوێرە، ناخی دەروونی هەڵتەکاندبوو، لەبەر ئەوە ویستوویەتی حەقیقەتی تۆفیق وەهبی لە قاوغی کوردایەتی و کوردەواری خۆی دەربێنێ و بیخاتە سەر ڕێچکەی نەتەوە و ئایین و مەزهەبێکی دیکەوە.

ئەو سێ لاپەڕەیەی لەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە لەکاتی کۆچی دوایی تۆفیق وەهبی لە لەندەن سەفا خولووسی وەک ماتەمنامە بۆی نووسیوە و لەڕادیۆی بی بی سی (BBC) خوێنراوەتەوە.

بەم جۆرە کەسێکی کینە لەدڵ لەسەر میللەتی کوردی وەکو سەفا خولووسی کە باس لە تۆفیق وەهبی دەکا، خوێنەر و گوێگر لە ئەنجامدا ئەم زانایە بە عیراقییەک دەناسن بە ئایین موسوڵمان و بەنەتەوە عەرەب. بێگومان هەندێ کەس بۆ ئەوە دەچن و وادەزانن تۆفیق وەهبی کوڕی میللەت و تیرە و هۆزە بچووکەکانی عیراقە تەنیا کورد نییە، لەبەر ئەوە نەدەبوو لاپەڕە ڕەنگینەکانی بەرگی یەکەمی «سەرجەمی بەرهەمی تۆفیق وەهبی» بەم قسانەی سەفا خولووسی ڕەش بکرێتەوە. بەپێی مەنتیقی ئەرستۆ لە تیۆری (جامیعی مانیع)دا پێویستە ئەو سێ لاپەڕەیە لەناو کتێبەکەدا لا ببرێ.

# دۆڵی هەڵۆکان

**یەڵدا کەریمی**
**(فەرەنسا)**




«سرور کسمایی (*) ئەو خانمە ئێرانییەی توانی خەلاتی ئەمساڵی ئەنجوومەنی ئەدیبانی فەرەنسا وەدەست بێنێ»

سرور کسمایی ئەو خانمە تارانیەیە کە لە تەمەنی بیست ساڵیدا بە هاوڕێیەتی خوشکی، واتە بیست ساڵ بەر لە ئەمڕۆ ئێران بەجێ دێڵێت، لە ساڵی ٢٠٠٧ توانی خەلاتی ئەنجوومەنی ئەدیبانی فەرەنسا بەناوی(خەلاتی ئاسیا) بەهۆی (la vallee des agles)

تازەترین کتێبی بەدەست بێنێت سرور کسمایی وەک خۆی دەڵێت: دوای چەندان ساڵ لە فەڕەنگ بۆ بەدەست هێنانەوەی هەمان سرووتی نووسینی خۆی دەگەڕێتەوە تاران ڕۆمانی (دۆڵی هەڵۆکان) لە ماوەی دوو ساڵدا دەنووسێت.

ئەوەی کلێشەی سەرەکی ئەم کتێبە پێک دێنێت سەفەری دوو خوشک بە پشتی دوو ئەسپ بەسەر شاخەکانی کوردستانی ئێرانەوە لە ڕێگەی حیزبی دیموکرتی کوردستانی ئێرانەوە ڕاوی ئەم ڕۆمانە نووسەر واتا سرور کسمایی خۆیەتی وەک چۆن خۆی کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە و کەسایەتی نێو ڕۆمانەکان زۆرینەیان کوردن بۆ نموونە (جیهانگیر، حەیدەر، پەری.. تاد) وەک چۆن شوێن لەنێو ئەم ڕۆمانەدا یەکەم جار لە شاخەکانی کوردستانەوە دەست پێدەکات، هەڵە ناڵێم ئەگەر باس لەوە بکەم ئەوەی بایەخی ئەم ڕۆمانە تا ئەو سنووورە بەرز نرخاند، گەورەیی و جوانی زمانەکەی نەبوو. سرور لەم ڕۆمانەدا زۆر بە سادەیی دەگێڕێتەوە، بەڵام بە دیوێکی تردا قسەکردنە لەسەر بارە سیاسییەکەی بۆ نموونە سرور لەم ڕۆمانەیدا باس لە پارچە پارچە کردنی کوردستان دەکات باس لە (قازی محەمەد) و لەسێدارەدانەکەی دەکات، لەسەر ئەو کارەساتانە دەوەستێت کە هەریەک لە ئێران و عێراق و تورکیە بەسەر کوردیان هێنانەوە.

هاوکاتی ئەمەش نابێت بیرمان بچێت کاراکتەرە کوردەکانی نێو ئەم ڕۆمانە وەک قاچاخچی نێویان دێت ئەوانەی ڕێبەری ئەم دوو خوشکە دەکەن کەسانێکی پێشمەرگەن، تا ئەو شوێنەی کە سرور خۆی لە ڕۆمانەکەدا لە مەنەلۆژێکی ناوەوەدا دووبارە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئایا لەبەرچی کوردەکان قبووڵی ئەو زەحمەتی و سەختییەی شاخەکان دەکەن؟ هەر لە هەمان تێکستدا ئەو قسەیەی ئەو کوڕە لاوە

دێنێتەوە کە باس لەوە دەکات ئێمە ناتوانین ئێرە بەجێ بهێڵین لەسەر ئەوە دەڕوات (دۆڵی هەڵۆکان) بە خوێن بازرقە بوو ئەم دۆڵە لە یادەوەری و خەیاڵی کوردەکاندا شوێنی تایبەتی خۆی هەیە بەجۆرێک کولتووریشیان لەسەر زاکیرە و کلێشە و فیکرەی ئەم ڕۆمانە دەدات کە بە زەحمەت دەتوانێ ئەو هەستە نەکەیت کە تۆ بەرانبەر ڕۆمانێکی کوردی هاوزمان فەرەنگی دەبێتەوە کولتوری کوردی لەم ڕۆمانەدا هەر لە پۆشینی پۆشاکی کوردی شەڵواری پیاوانە کە سرور بە جوانترین پۆشاک و تایبەتمەندترین بەرگی کوردەکان وێنایی دەکات تا دەگاتە جۆری چاو و جۆری قسەکردن کارایی خۆی لەسەر ڕاوی سەرەکی ئەم ڕۆمانە گەورەیە دادەنێت بۆ نموونە سرور دوای چەندان ساڵ لە فەرەنگ دەیەویت بگەڕێتەوە و جارێکی تر دۆڵی هەڵۆکان ببینێتەوە، کە سەردێری ڕۆمانەکەشی هەر بەم نێووەوە ناو ناوە.. بەدەر لەو کاریگەرییە پڕەی کە زمانی کوردی لەسەر زمانی ئەم ڕۆمانە دای دەنێت وەختە بڵێم زمانی نێو ئەم ڕۆمانە زمانێکی تەواو کوردیانەیە تا ئەو ئاستانەی هەندێک لە وشە کوردیەکان بەردەوام لە زاکیرەی سرور واتا ڕاوی سەرەکی ڕۆمانەکە سەد بارە دەبێتەوە لە چەندان پاژی تێکستەکاندا بەخۆی دەڵێتەوە (عاجز نەبیت) وشەی (عاجز نەبیت) وەک سرور خۆی باسی دەکات لەناو کوردەکاندا بەردەوام وەهایان پێ دەگوت ڕاوی ئەم ڕستەیە وەک ئافاقی پڕ لە سڕ خۆی بەدەنگ دێنێت هەر جارێک کە ئەم کۆدە لێ دەدات ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە سەر ئەو بارە سۆزداری کولتووورە گەورەیەی کوردەکان لە چەندان بەشی ڕۆمانەکەدا بۆ خۆی دەڵێتەوە (عاجز نەبیت.... عاجز نەبیت.... عاجز نەبیت) زرینگەی ئەم ڕستەیە ئاسوودەیی هاوارە بەردەوام دەنگ دەداتەوە» لەم ڕۆمانەدا کولتووری زمانی هەورامی بە باشترین زمان و باشترین کەسایەتی ناویان دێت بە جۆرێک سرور دەڵێت لەنێو هەورامییەکاندا دەتوانیت گەورەترین قەدر و ڕێزی ئینسانەکان ببینیت.

ئەم ڕۆمانە دەکرێت سەرگورشتەی یەک کۆچبەر نەبێت بە دیوەکەی تردا دەبێت سەرگورشتەی هەمووومان بێت هەر کورد بە تەنیا دەکرێت حیکایەت دەردی سەدان هەزار کەسی بێت بۆ من کارەساتی گەورە لەم ڕۆمانەدا بنەوەی ئەو برینە قووڵەیە کە هێشتان لە جەستەی کەسمان سارێژ نەبووە کاتێک کە سرور و خوشکەکەی دوو دەقیقەیان ماوە بە سنووری تورکیا بگەن، دەکەونە کەمینی پاسدارانەوە گەورەترین زەربەیەک وەک چۆن لە ڕۆحی سروری دا لە منیش کەوت. سرور خۆی دەڵێت ئەو زەربەیەک بوو کە «من هەرگیز نەمتوانی فەرامۆشی بکەم چونکە من بە هەموو ماناکان هەستم دەکرد لە تورکیام یانی ئیتر ئازادم لە میانەی دوو چرکەدا کەمتر لە دوو چرکە کەمین و تیر ئەندازانی پاسداران بە منیان نیشان دایەوە هێشتاکێ لە ئێرانم هێشتاکە ئازاد نیم» لە ئەم ڕۆمانە داستانێکی واقیعی لەیەک ڕۆمان دەزانێت، وەک خۆشی پێی وایە باشترین هەوڵی داوە بۆ ئەوەی ئەم ڕۆمانە هەرکەس بە حکایەتی خۆی بزانێت لەم ڕۆمانەدا نائومێدی دەگاتە چڵەپۆپەی خۆی، بەڵام هەوڵ لە دوا لووتکە دایە. ئەوەی لەم ڕۆمانەدا دەیبینیت، نائومێدییەکی گەورە و بەردەوامییەکی پڕ وەک بەردەوامی هەناسەی فێرار کردن سرور و خوشکەکەی دوای کەوتنە چەندان کەمین ڕێ دەگرنەوە بەر کوردەکان دوای چەندان شکست دێنەوە جەنگ، دووبارەبوونەوەی ئەم جەنگە وێڕای هەر نائومێدییەک تا ئەو شوێنە سرور هەوڵ دەدا بە زمانی فەرەنسەوی دوای هەوڵی بێوچانی بۆ فێربوونی زمانی ڕووسی و عەشقی گەورەی بۆ شکسپیر، بە زمانی فەرەنسی ڕۆمانەکەی بنووسێ. بەهەر حاڵ دەتوانین بڵێین ئەم ڕۆمانە سەرەڕای تەواوی گێڕانەوە و درێژی هەناسەی ڕاوی یەکەم تەنیا ڕۆمانێکە بە نەفەس و زمانی کوردی و کولتووری کوردییەوە لە گرفتی سیاسی کورد دوابێت.

(*) سرور کسمایی لە ساڵی (١٩٦٢) لە تاران لەدایک بووە و لە ساڵی (١٩٨٣)دا ئێران بەجێ دێڵێت، لەو کاتەوە بەردەوام لە پاریس دەژی، قوتابی زمانی ڕووسییە. ئەو کتێبانەی کە بە زمانی فەرەنسی هەیەتی le cimetiere de verr وە ڕۆمانی (la vallee des algles)

**سەرچاوەکان:**

**la vallee des algles**

**france culture**

**www. positions.fr**

# ئەو پرسیارانەی منداڵ ئاراستەیان دەکات

**عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە**
**(کەرکووک)**



منداڵ لە قۆناغێکی دیاریکراوی تەمەنیدا پرسیاری لەلا دەخوڵقێت کە یەکەمین پرۆسەی فێربوونە، فێربوون بە واتای «گۆڕانکارییەکی هەمیشەیی ڕێژەیی کە لە ئەنجامی شارەزاییەوە ڕوودەدات» (١)

هەروەک «سۆراندایک» پێناسەی فێربوون دەکات، دەڵێت: «زنجیرەیەکە لە گۆڕانکارییەکان لە ڕەوشتی مرۆڤدا» (٢)، لە بارەی وەڵامدانەوەی پرسیاری منداڵیش زانایان دوو بۆچوونیان هەیە.. هەندێکیان وا دەبینن کە دەبێ، بێ سێ و دوو بێ پێچوپەنا وەڵامی هەموو پرسیارەکانی بەشێوەیەکی تەبا لەگەڵ ئەو قۆناغەی تەمەنیدا بدرێتەوە، بەو پرسیارانەشەوە کە ڕەنگە دایک و باوک بەنامۆی بزانن و تەنانەت خۆیشیان شەرمی لێبکەن، وەک پرسە سێکسییەکان و پرسەکانی زاوزێ و ئەندامەکانی، هەندێکی تر لە زانایان وا دەبینن کە ڕاستە نابێت هیچ وەڵامێکی منداڵ پشتگوێ بخرێت، چونکە دواجار نەزانینی حاڵەتەکانی دەوروبەری، چ لە خودی خۆی و چ لە دەرەوەی خۆیدا، دەبێتە هۆی کەمی زانیاری و چەقبەستنی هزر و بیری و ئەوەش کەموکورتییەک لە کەسێتیدا دروست دەکات، بەڵام دەبێت، یان زۆر پێویست نییە لە هەموو کاتێکدا ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکانی بدرێتەوە، بەڵکو دەکرێت بۆ هەندێ وەڵام نموونەی هاوشێوە بهێنرێتەوە.. بەتایبەتی لە بارەی پرسە سێکسیەکان و ئەندامانی زاوزێ و...تاد.

پرسیارکردن و زۆر پرسیارکردنیش لای منداڵ بە جیاوازی قۆناغەکانی تەمەنیانەوە بارێکی تەندروست و هاوکات سروشتیەوە منداڵی بێدەربەست لە خودی خۆی و دەوروبەری مەترسی بوونی گرفتی لێدەکرێت.

جێی داخە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دروستانە بواری فێربوون و پرسیارکردن بۆ منداڵ نەڕەخساوە و لە زۆر باردا منداڵ بەهۆی پرسیارکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە شتەکان بە زۆر بلێ لە قەڵەم دراوە و تەنانەت لەوە ترساون بە گەورەیی، بزۆز و عەجوول دەربچێت، بۆیە دەوروبەر ڕقیان لەوجۆرە منداڵانە بووە و سەرکوت کراون.. بێگومان سەرکوت کردنیش ئاسەواری نێگەتیڤی لەسەر پێکهاتنی کەسێتی هەیە: «منداڵی سەرکوت کراو منداڵێکە ترسنۆک، شەرمن، گوێڕایەڵ، فەرمانبەردار، لە ڕەخنە دەترسێت» (٣)، «ئەم سەرکوت کردنەش هەر لەکاتی لە دایک بوون و بگرە پێش لەدایک بوونیش دەست پێدەکات» (٤).

منداڵ ئەگەر لە خێزاندا لەو بارەیەوە ستەمی لێ کرابێت، بێگومان لە قوتابخانەشدا بەهەمان

شێوە ستەمی لێ کراوە، لەوێ بەر لەهەموو شتێک ترس لە مامۆستای تووڕەو دار بەدەست ، دواتر شەرم ڕەنگە بواری ئەوەی نەداتێ پرسیارگەلێک بکات، سەبارەت بە ناوەرۆکی وانەکانی بۆ نموونە، کە ڕەنگە پێویستی زۆری بە وەڵامەکان هەبێت.

لەنێو کۆمەڵگەداو لە خێزاندا لە ئاستی خوێندنی منداڵ گەلێک قسەی باو هەن کە زۆر دەکرێن و زیانی زۆری هەیە و لەبەر بێئاگایی و نا ڕۆشنبیری بەردەوامین لەسەری، بۆ نموونە پەیوەست کردنی دەرچوون و نمرەی باش هێنان بەکڕینی خەڵاتەوە بۆ خۆی دەبێتە هۆی مراندنی چێژوەرگرتن لە فێربوون لای منداڵ.(٥)

وێڕای ئەوەش، لەکۆمەڵگەی ئێمەدا سزادانی جۆراوجۆری منداڵ لە خێزان و قوتابخانەشدا، ئەگەر بە تەنیا وشەیەکی بریندارکەریش بێت، چ جای لێدان و سەرزەنشتە جۆراوجۆرەکان، بووەتە نەریت و پێمان وایە بەو جۆرە دەتوانین هەڵەکانیان ڕاست بکەینەوە.. لە کاتێکدا دکتۆر نیل دەڵێت: «دەبێ قبووڵ کەین کە سزادانی منداڵان ئەوان تووشی زۆر زیانی دەروونی و کۆمەڵ تووشی زۆر خەساری بەرچاو دەکات، چونکە دژە کردەوەکانی داهاتووی منداڵ لە کۆمەڵدا شوێنەواری ئەو ئاکار و کردەوانەیان پێوە دیار دەبێ کە بە چکۆڵەیی لە دایک و باب و دەوروبەریان دیوە...» تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی دەڵێت: «ئەو زەبرە دەروونیانەی بەهۆی سزادانەوە بە منداڵان دەکەون، تا ڕۆژی مردن شوێنەواریان دەمێنێ و ئەوان دەکا بە کەسانێکی یاخی و دژ بە کۆمەڵ»(٦).

ئەگەر بە پێی تیۆرە مەعریفیەکانی دەروونناسی پەروەردە و فێرکردن بەراوردی هەڵسوکەوتی خۆمان بکەین لە ئاستی منداڵ، لە خێزان و قوتابخانەدا بە تایبەتی، ئەوکات بۆمان دەردەکەوێت چەند هەڵەین و وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەدرێتەوە کە دەڵێین: نازانم بۆچی ئەم منداڵەم وەها دەرچووە؟

کتێبی «ئەو پرسیارانەی منداڵ ئاراستەیان دەکات» کتێبێکی زانستییە لە نووسینی «گلین پرایس» و وەرگێڕانی (دلێر میرزا)و بڵاوکردنەوەی بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە ساڵی ٢٠٠٣ کە بریتییە لە ٢٠٧ لاپەڕە، گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە کە تاڕادەیەکی زۆر بایەخی بەکۆی ئەو پرسیارە زانستیانە داوە کە بێگومان هەموو منداڵێکی تەندروست لە قۆناغە جیاجیاکانی تەمەندا پرسیاریان لەبارەوە دەکات.. بەڵام پرسیارگەلێک کە ڕەنگە دایک و باوک وەڵامە دروستەکانیان لا نەبێت.. مامۆستایانیش بە هەمان شێوە.. بۆیە ئەم کتێبە گرنگی زۆری هەیە بۆ دایکان و باوکان بەگشتی و مامۆستایانی سەرەتایی بە تایبەتی.. بۆ ئەوەی لە هەلی گونجاودا وەک زانیاری دەرەوەی میتۆدی خوێندن پێشکەشی قوتابیانی بکەن.

لەلاپەڕەی یەکەم و لە بابەتی «منداڵ دەربارەی خۆی پرسیار دەکات» هاتووە: «زۆربەی ئەو شتانەی کە منداڵ بۆ یەکەم جار فێریان دەبێت، پێوەندییان بە جەستەی خۆیەوە هەیە، بۆیە شتێکی ئاساییە کە زۆربەی ئەو پرسیارانە دەربارەی خۆی بێت، ئەو دەیەوێت ئەندامەکانی لەشی خۆی کە دیانبینێت، یان دەستیان لێدەدات بناسێت.. وەکو دان.. گوێ و پەنجەکانی، منداڵ لەگەڵ نەشونماکردنیدا دەیەوێت بزانێت چی لەناو لەشیدایە..تاد»(٧).

زانیاریەکانی ئەم بەشە، تایبەتن بە کۆ زانیاریەک لە بارەی خواردن و چۆنێتی خواردن و ئەو گۆڕانانەی لەنێو جەستەدا بەسەر خواردندا دێن، وێڕای زانیاری بەخشین لەسەر ئەندامەکانی لەش و کارەکانیان لە لەشدا.

دواتر لە بەشەکانی تردا بە وردی پرسیارەکان لە بارەی دیاردە زانستی و گەردوونییەکانەوە چڕ دەکرێتەوە و وەڵامی زانستیانەیان بۆ ئامادەکراوە.. زۆر بە ڕاشکاوانە دەڵێم.. ئەگەر بێتو لەجێی هەموو ئەو کتێبانەی لەقۆناغی سەرەتاییدا دەخوێنرێت، تەنیا ئەم کتێبە لە هەر شەش ساڵەکەدا تەواو بکرێت، تەنیا لەگەڵ وانەی بیرکاریدا.. گومان لەوەدانییە کە زانیاریەکی زۆر دەبەخشینە منداڵ کە لە هەموو کاتوساتێکی ژیانیدا پێویستی پێیان دەبێت و زۆر لە مێژوو و جوگرافیا بە سوودتر دەبێت.

**سەرچاوەکان:**


**(١) دەروونناسی گشتی. د. عەبدولستار تاهیر شەریف.**

**(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**(٣) پەروەردەکردنی منداڵانی ئازاد و سەربەخۆ، دکتۆر نیل، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: قادر وریا.**

**(٤) هەمان سەرچاوە.**

**(٥) هەمان سەرچاوە.**

**(٦) هەمان سەرچاوە.**

**(٧) ئەو پرسیارانەی منداڵ ئاراستەیان دەکات، گلین پرایس، وەرگێڕانی دلێر میرزا.**

# ئەفراندنەوەی جوانییەکان لە دووبارەکردنەوەیاندا

(١)

منداڵی خۆ بەناوەندکردنی قۆناخەکانی ژیانی مرۆڤی ژیانپەروەر و جوانیویست و دژە داپڵۆسێنەرە.

منداڵی پێوەندی بەسروشتەوە دەکات و پاکیزەیی دەدۆزێتەوە.

منداڵی سرووشدەری شاعیرە و هەستکردن و هەستیاریی بەرز دەکاتەوە.

لە تەمەنی منداڵییەوە شێوە شاعیریەتێکی نادیار. واتە بەهرەی خوابەش و خۆڕسک وەک بەشێک لە چالاکی بیرکردنەوە و پێکهاتەی مرۆڤ لە شاعیردا دەردەکەوێت، بەڵام ڕێک دەکەوێت ئەم نادیارییە بۆ ماوەیەک دوا بکەوێ و لە کات و ساتێک کە چرپەکانی ناخ دەبنە دەنگ و هاواری نەرم دەربکەوێت و بنووسرێت. کۆشش و سووربوونی بەردەوام تین و تاو بە بەهرەی خوابەخش و خۆڕسک دەدا.

زمان و مانای بەهێزیش شێوازی شیاو و کاریگەری خۆی دەخوڵقێنێ و جوانی ڕۆشن دەکاتەوە، دووبارە گەوهەرەکان بۆ دۆزینەوە و هەڵگرتنەوە هەڵدەڕێژێتەوە.

شاعیری نوێبەخش گیانی بەدەوری هونەری بەکاربردنی هەزاران ساڵدا دەخولێتەوە، لە نێوان زەوی و ئاسمان لە سۆراخکردنی نوێبەخشی و چوونە ناو گیانە چالاکەکان دیدگای توندوتۆڵ دەخەملێ. وزەی گەردوونی پاڵنەری ئەم خولانەوە و دیدگا خەملێنەیە. نوێبەخشی لەگەڵ مرۆڤ لە دایک بووە و ڕۆڵی لەناو کۆمەڵگا تەواو نابێت، مرۆڤخوازە و پڕە لە هیوا و هێز. کار لەناو ئەو

سەباح ڕەنجدەر

شته جوانانه دەکات کە پێویستییەکانی ژیان بۆ مانەوە و کار لەناوکردنەوە پاراستوویەتی.

(٢)

بەرانبەر کەرەستە خاوەکانیش ورد دەبمەوە، پێش ئەوەی بیانخەمە ناو شیعرەوە ئاگاداریان دەکەمەوە و جۆرە ئامادە بوونێکیان لێ دەرەخسێنم ئەوجا بە گەمەکردن لەگەڵ هەستەکانی لەناو ڕستە و وێنەدا مامەڵەی بوون بەشیعریان لەگەڵ دەکەم و هەموو بینینەکانی دەخەمە ناوەوەی خۆم. هەستی جوانبەخشیم لا بەهێز دەکات و پاشان پێی دەگەیەنێت.

شیعر لە بەرزایی ئاسمانەوە دانابەزێتە قووڵایی ژیان، بەڵکو لە قووڵایی ژیانەوە مانایەکی شیعریی پەیدا دەکات و بەرز دەبێتەوە تا ئەو ئاستەی دەبێتە پێویستییەک لە پێویستییە گیانییەکانی مرۆڤایەتی و بەدیهێنەری واقیعی نووسین و جوانبەخشی. مرۆڤی ژیانپەروەر و جوانیویست و دژە داپلۆسێنەر بەرهەمی دەهێنێ. گیانە و گیانی، دۆنایدۆن بەردەوامی ژیان ویستییە کە سۆز و خەون و ویستەکانی مرۆڤی ژیانپەروەر و جوانیویست و دژە داپلۆسێنەر لەسەرەتاکانی بوونەوە تا بە ئێستا دەگات دەگەنەوە ناویەک و خورپە بەهێزەکانی لەناویەکدا دەبن بە دەنگ و دەنگدانەوەی بەرپاکردنی ژیانخۆشی و باش بیرکردنەوە.

جوانییە لە بن نەهاتووەکانی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دەربڕینیان لێکراوە بەخستنە سەر و لێزیادبوون لەناو بەرهەمی شاعیرە نوێبەخشەکان بەتاسە و تینی زیندووبوونەوە دەربڕینیان لێ دەکرێتەوە و دووبارە دەکرێنەوە.

ئەفراندن لە دووبارەکردنەوەی جوانییەکاندا پەیوەستە بەفرەیی کولتوور و پاراویی ئەزموونی دووبارەکەرەوە. دووبارەکردنەوە جیاوازە لە جووینەوە، چونکە جووینەوە لاساییکردنەوەیە و هیچ داهێنانێکی تێدا بەرهەم نایەت، بەڵام دووبارە کردنەوە جیاکاری و داهێنانی لێوە دەدۆزرێتەوە.

دووبارە کردنەوە هەمیشە جوانی شێوە نوێ دەڕژێنێتە ناو واقیعی نووسین و جوانبەخشی. لە ئەزموونی (گۆران)دا دووبارەکردنەوەی (مەولەوی) دەبیندرێت. وەک خەسڵەتی وەسف و لێکگرێدانی شوێن و مانەوە و جووڵە و بەدەنگهێنانی شوێن.

لە دووبارەکردنەوەی جوانییەکاندا دووبارەکەرەوە ڕوانینێکی تراژیدی دەربارەی ژیان لاپەیدا نابێت بۆ کارکردن، چونکە بە تەنیا چاوگەی جوانییەکان مشتومالّ دەکاتەوە و کاری بەرهەم هێنانەوەی کولتووری جوانی لەناو کولتووری جوانی بەجێ دەهێنێ، هەروەها دووبارە کردنەوەی وشەش هێزێکی دیکە دەبەخشێت، بە جۆرێک لە ناخرا پێدەگاتەوە و دەردەپەڕێتەوە وا دەزانی ئەم وشەیە سەرسوڕمانێکی دیکە ئاشکرا دەکات و دەیهێنێتە بوون و پانتایی کارتێکردن. وشە لە شیعردا وزەی دەبیندرێت نەک قەوارە.

(٣)

لە سۆنگەی سەرسامیم بەگیانی پاکژی شیعری کلاسیکی کوردی هەستێک لە ناخرا دەبێتە هاواری نەرم و چینەکانی خەیاڵم گەرم دادەهێنێ، خوێن بۆ چالاکبوون دەپاڵێون، چونکە دەقەکانیان لە خودی بەهێزی مرۆڤی ژیانپەروەر و جوانیویست و دژە داپلۆسێنەر ڕوانیویانەتە سروشت و ژیانیان ڕاکێشاوەتەوە ناخی قووڵبینی خۆیانەوە. پاش لێ وردبوونەوەیەکی بێگەرد بە پاڵاوگەی تەواوی هەستەکانیان تێپەڕاندووە. ئەوجا گەڕاندوویانەتەوە خاڵی نووسین و بەرهەم هێنان.

هەندێک مۆتیڤی شیعری کلاسیکی کوردی لە ناو کاری مندا خرۆشی گیانی، یان ئاسۆی شێوە کاریگەرییەکی نائاشکرایان بۆ کردوومەتە خاڵی ڕسکان و لە شێوەی ڕوانینم جۆرە ئاڵوگۆڕییەکیان پەیدا کردووە.

شیعری پەیامدار بەجوانی و لەناخدا پێگەییو لەگەڵ هەستەکان پێوەندی بەتین و مانەوە دەبەستێت. ئەو پێوەندییە دەبێتە خاڵێکی بەهادار و لە هەناودا نیشتەجێ دەبێت.

دووبارە بەرهەم هێنانەوەی جوانییە لە بن نەهاتووەکان نیشانەی ژیانخۆشی و باش بیرکردنەوەی تاکی چالاکە لەناو کۆمەڵگادا.

کارکردنی بەردەوام لە جوانییە هاوبەشەکان هەمیشە هەستەکانمان لە ئاستی جیاجیا زیندوودەکەنەوە. پێوەندیشی بەو مێژووە شاراوەیە هەیە کە هەست بە گەرموگوڕی ڕادەهێنێ و تاوی دەدا بۆ پێکهاتن.

کە دەکەویتە ناو کەشی نووسین هەندێک وێنە لە ڕپدا

ڕوودەدەن و یەک بەدوای یەکدا وەک شیر لە گوانی پڕدا دەڕژێن. تۆ لەم کاتەدا بیرت لێ نەکردووەتەوە ڕەنگە ڕۆژانێکی لە مێژینە لەبیرتدا جووڵابن و نەتنووسیبن. لەم کەشەدا سەردەردێننەوە و دەبن بە بەشێک لەبیرکردنەوەی ئەمڕۆت. ئەمڕۆ، یان چرکەی نووسین تەنیا خستنە سەر کاغەزە. پێکهاتە نییە.

شیعری پەیامدار بەجوانی و لەناخدا پێگەییو هەموو شتەکان بەیەکجار لەبەرچاو دەگرێ و لەناو شەپۆل و ترپە و ئاوازیدا ترووسکەی چاو و زایەڵەی ناخی شاعیر دەبیستریّ کە ژیانپەروەری و جوانیویستی و دژە داپلۆسێنەر دەخاتە ناوپڕۆژەی خۆشەویستییەوە، خۆشەویستی کاکڵەی ناخی شاعیری نوێبەخشە، شیعری پەیامدار بەجوانی و لەناخدا پێگەییویش نوێنەری هەموو جوانییەکانی ڕووی زەوییە، بێ ئەوەی شاعیر تەواو لە ڕاستی و کرۆکی جوانی بگات ئەو نوێنەرایەتییە وەردەگرێت. هەر کاتێک گیانەوگیانی لەگەڵ جوانی کرد و تەواو لەکرۆکی جوانی گەیشت و بووبە یەکپارچە لە جوانی ئەوە بێ هیچ دوو دڵییەک شیعر لای دەبێتە مەترسییەکی بکوژ و قەت ناوێرێت دەستی بۆ ببات. ئەوە هێزی تایبەتی شیعرە خەیاڵی ژیانێک لە مرۆڤی ژیانپەروەر و جوانیویست و دژە داپلۆسێنەر دروست دەکات هاوشێوەی بەهەشت. بەهەشتیش لە کتێبە کۆنەکان پێک هاتووە. لەم پێکهاتەیەدا کار بۆ ئەوە دەکەم لەنێوان بوون و شیعردا هێڵی جوانبەخشی بدۆزمەوە، بیکەم بە ناوەندی دامەزراندن و نوێبەخشی، خەمی ڕۆژانەی سیاسی و ئایدیۆلۆژیاش پەراوێز بخەم. کە بەشی هەرە زۆری شاعیرانی پێشە من، کەم کاریان لە ناوەندی بوون کردووە، زۆرتر خەمی ڕۆژانەی سیاسی و ئایدیۆلۆژیا هەڵی سووڕاندوون.

تامەزرۆیی بۆ نووسین پڕۆژەیەکە بۆ چوونە ناو جوانییەکان و جوانیبینی و جوانبەخشی. نوێبەخش خەیاڵێکی بەهێز و ناوازە لە خۆیدا پەروەردە دەکات و دەست بۆ شیعر دەبات، بەڵام کە چووە ناو تێڕامان و خەڵوەتەوە زیاتر بیر و باوەڕ و خەیاڵی درەوشانەوە دەدا. تێڕامان و خەڵوەت مەستییەکی هەمیشەییە بۆ شاعیر کە هەموو جوانییەکان بەیەکجار لەبەرچاو دەگرێت و لەناو خۆیدا ڕێکی دەخات، زمان چۆنیەتی ڕێکخستنەکە دەدرەکێنێت، هەستەکان جێگۆڕکێ و پێوەندی بەیەکەوە دەکەن. شیعر لە منداڵدانی زماندا گیانی دێتە بەر و هێزی ڕاستەقینەی شاعیر لەو زمانەدایە کە شیعرییەتی تێدا ئاشکرا دەکات نەک لەو زمانەی کە ژیانی ڕۆژانەی پێ بەڕێوەدەبا، بۆ شیعر سەرکەوتن و دابەزین بەپەیژەی زماندا گرینگ نییە، بەڵکو نووسینەوەی نۆتەی زمان گرینگە.

زمان چارەنووس و بوونی شیعرە لە بنیادێکی کاریگەردا، گفتوگۆ لەگەڵ واقیعی تایبەت و خەون و هەستەکان دەکات نەک لەگەڵ کەلوپەلی ڕۆژانە و کەشی گشتی. لەگەڵ ئەوەشدا کەلوپەلی ڕۆژانە و کەشی گشتیش پێویستە بخرێنە ناو داهێنانەوە بەوەی ئاسۆ و دوورییەکی جوانبەخشی و زمانی، لەگەڵ بوونە ئاساییەکەی بخوڵقێندرێت. لەم خوڵقاندنەدا ئەو جیاوازییانە دەردەکەون کە لە نێوان دووبارەکردنەوە و لاساییکردنەوەدا دەستی بۆ دەبردرێت.

**ئاداری ۲۰۰۷ هەولێر**

# جارێکی دی لەبارەی
# جەمالی کەریمی حەمە مەلاوە

**جەواد حەمەدبەگ سالح**
**(کۆیە)**

لە ژمارە (١٢١)ی ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٦/٥ی گۆڤاری ڕامانی ئازیزدا لەلاپەڕەکانی (١٩٧، ١٩٨، ١٩٩)دا مامۆستا - باکووری- بابەتێکی بە ناوونیشانی (جەمالی کەریمی حەمە مەلا بەبۆنەی کۆچی ماڵئاواییەوە) نووسیوە، لە پەراوێزی نووسینەکەیدا گەلێ نهێنی و لایەنی ژیانی هونەرمەند و ڕووناکبیری گەلەکەمان- جەمالی کەریمی حەمە مەلای ئاشکرا کردووە و پەردەشی لەسەر گەلێ نهێنی هەڵداوەتەوە و تیشکیشی خستووەتە سەر مێژووی کامیراو وێنەی فۆتۆگرافی لەکۆیە.

ئەوەی دەربارەی ئەم هونەرە زانراوە ئەوەیە، بەر لە ساڵی ١٩٤٩ چەند وێنەگرێک هەفتەی ڕۆژێک، یان دووان لەهەولێر، یان لە شارەکانی تر دەهاتن و وێنەی خەڵکیان دەگرت، بۆ ئەوەی مامەڵە فەرمییەکانیان لە فەرمانگەکانی میریدا پێ ئەنجام بدەن، دواتر هەردوو بەڕێزان (عەلی حەمەدەمین و محەمەد شوان) کە هەردووکیان هێشتە ماون، توانییان لەم وێنەگرە گەڕۆکانە نزیک ببنەوە و پیشەکە بەباشی فێربن و هەر یەکەو و یەک سندووق لەم سندووقانەی وێنەگرتن بکڕن و بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٤٩ دوکانێکی تایبەت بە وێنەگرتن لە تەنیشت مزگەوتی خادیمولسوجادە بکەنەوە، دواتر لێک جیابوونەوە و ئەو دوکانەیان جێ هێشت و هەریەکەیان بوونە خاوەنی دوکانی تایبەتی خۆیان. دوای ماوەیەک کاک محەمەد شوان بوو بە فەرمانبەر و وازی لە کاری وێنەکێشان هێنا، بەڵام کاک (عەلی تا ساڵی ٢٠٠٤) لە کارەکەیدا بەردەوام بوو. وێڕای ئەمانەیش نووسینەی مامۆستا باکووری ڕابوردووی بیرهێنامەوە و کۆمەڵێ یادەوەری و کارە هونەرییەکانی خوالێخۆشبوو جەمالی کەریمی حەمە مەلای هێنایەوە یادم، ساڵی ١٩٧٥ لەدوای ڕێککەوتننامە شوومەکەی جەزائیر، ئەوکاتەی مامۆستای یەکێک لەگوندەکانی ناحیەی تەقتەق بووم، قوتابخانەی ئەم گوندە چەشنی زۆربەی قوتابخانەکانی دیکەی گوندەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوکاتەوە داخرا، منیش لەو کاتەدا بۆ قوتابخانەی سەرەتایی تەق تەق تەنسیب کرام، ئەوکاتەش خوالێخۆشبوو بریکاری بەڕێوەبەری شارەدێی تەق تەق بوو، لە بەڕێوەبردنی شارە دێیەکەدا زۆر لێزان و شارەزایی هەبوو، مرۆڤێکی سادە و خاکی بوو، سەرناس بوو، باوەڕ ناکەم کەسێک هەبووبێت لەسنووری شارە دێیەکەدا ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ نەی ناسیبێت.

بەیانییەکیان بەرلەوەی زەنگی دەست پێکردنی دەوام لێبدات، کاک جەمال هاتە قوتابخانەکەمان و سەری کردە ژووری مامۆستایاندا و گوتی : (مامۆستایەکی نوێتان بۆ هاتووە، دەڵێن: زۆر حەز لە خوێندنەوە دەکات و هاوڕێی هەمیشەیی کتێبە)... زانیم مەبەستی منە، بەڵام خۆم کپ و بێدەنگ کرد، تا یەکێ لە مامۆستایەکان ئاماژەی بە من کرد، ئیدی هاتە تەنیشتم و دانیشت و پێی گوتم: (تایبەت لەبەر تۆ هاتووم، ئیتر لەو ڕۆژەوە ڕۆژانە بەیەکەوە دادەنیشتین و بەشداریشی لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا هەبوو وێڕای بەشداری لە هەندێک گۆڤار و ڕۆژنامەی عەرەبیدا، هەروەها گەلێک کتێبی هەمەجۆرەی بەپێزیشی لا بوو، بێ ئەوەی داوای لێبکەم خۆی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی بۆ دەهێنام و هانی دەدام و ئاسانکاری بۆ دەکردم بیانخوێنمەوە.

لە بواری هونەریشدا بە تایبەتی هونەری شانۆگەری خوالێخۆشبوو هەر لە چلەکانەوە ئەوکاتەی شانۆی کۆیە لە قاوغ و چوارچێوەی قوتابخانەکان گوزەری کرد و پەڕییەوە دەرەوەی قوتابخانەکان، ئەویش لە شانۆ نزیک بووەوە و بۆ

یەکەمین جار لەساڵی ١٩٤٣ وەک ئەکتەر بەشداری لە شانۆگەری (نووشتەی شێخ)دا کرد، کە لە ئامادەکردن و دەرهێنانی بەڕێزان (ڕۆستەم حەویزی و عەونی) بوو.



**جەمالی کەریمی حەمە مەلا**

کاک جەمال لەم شانۆگەرییەدا ڕۆڵی کوڕی شێخی بینیوە و لە ساڵەکانی ١٩٤٤، ١٩٤٥، ١٩٤٦، ١٩٤٧ و ١٩٤٨ بەردەوام بەشداری لەشانۆگەری کاوەی ئاسنگەر کردووە و ڕۆڵی کوڕی کاوەی ئاسنگەری بینیوە، لە نەورۆزی ١٩٤٨ی کۆیەدا لە تاتووکان وێڕای بەشداریکردنی لە شانۆگەری کاوەی ئاسنگەردا، وەک ئەکتەر بەشداری لە ئۆپەرێتی (گوڵی خوێناوی)دا کردووە، کە لە نووسینی (گۆران) بوو. ڕۆڵی زاوای بینیوە و (عاریف ڕەئووف)یش ڕۆڵی بووکی بینیوە، خاتوو (لوتفیە عەبدولقادر)یش ڕۆڵی کارەکەری بینیوە، ئەم ئۆپەرێتە لە دەرهێنانی مامۆستا (عەلی موزەفەر) بوو.

ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ئەوەیە کە (گۆران)ی شاعیر بەشداری لەم نەورۆزەدا کردووە و لە پێشەوەی جەماوەرەکە دانیشتووە، هەروەها لە ساڵی ١٩٤٩ وەک ئەکتەر بەشداری لە شانۆگەری پەیمانی پۆرتسمۆس کردووە، دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨یش ئەندامی کۆمەڵەی بووژانەوەی هونەرە جوانەکانی کۆیە و ئەندامی تیپی شانۆی میللی کۆیە بووە، وەک ئەکتەر بەشداری لەم شانۆگەرییانە کردووە:

١- ئۆپەرێتی کچە شۆخ و شەنگەکە (نووسینی مامۆستا بیلال بەهائەدین و دەرهێنانی مامۆستا (مەدحەت ناسر پەتی)، لەساڵی ١٩٦٠ لەسەر شانۆی قوتابخانەی دواناوەندی کۆیە نمایشکراوە.

٢- شانۆگەری جەنگاوەران (المقاتلون) نووسینی سەلاح چیاد و وەرگێڕانی کاک عەبدولڕەزاق بیمار و دەرهێنانی مامۆستا مەدحەت ناسر پەتییە بەگوێرەی ڕەزامەندی لیوای هەولێری ئەوکاتە ژمارە(١٧٣) لە ١٩٦١/١/١٣ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەسەریەک لەسەر شانۆی قوتابخانەی کۆیە نمایشکراوە.

٣- شانۆگەری ئوتێل بە عەرەبی ئامادەکردن و دەرهێنانی مامۆستا مەدحەت ناسر پەتی لەسەر شانۆی قوتابخانەی دواناوەندی کۆیە نمایشکراوە.

وێڕای ئەمانەی ئاماژەیان پێکرا خوالێخۆشبوو بەشداری لە چەند چالاکی هونەری دیکەدا کردووە، تا ماوەیەکی زۆریش ڕۆڵی ژنی بینیوە.

خوالێخۆشبوو تا چەند حەفتەیەکیش بەر لەمردنی ڕۆژانە دەهاتە بازاڕ و پێداویستییەکانی ماڵەوەی دەکڕی و بەر لەگەڕانەوەی بۆ ماڵەوە دەهاتە لام و دادەنیشت و باسی سەرگوروشتە و ژیانی ڕابردووی کاک جەمالمان دەگێڕایەوە و زۆر زۆر دڵی پێخۆش دەبوو، زۆرجاران دەی گوت: وەک تۆ دەمناسی من وا خۆم ناناسم، ئەوسا بەهۆی تەکسییەک، یان بەهۆی ماشینەکەی تاکە کوڕەکەی مامۆستا نەژاد دەگەڕایەوە ماڵەوە.

ئەوەی زۆر نیگەران و پەشێویی دەکرد، مردنی گۆڤاری کوڕی بوو کە لە هەشتاکان لە تەمەنی ١١ ساڵیدا بوو، قوتابی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بوو بە کارەساتێکی دڵ تەزێن ژیانی لەدەست دا، کاک جەمال هەرگیز ئەو ڕووداوە دڵ تەزێنەی لەیاد نەدەچوو، بەردەوام لەبەر چاوی بوو مخابن لە ٢٠٠٧/٢/١٦ بۆ دوایین جار ماڵئاوایی یەکجارەکی لێکردین و بەجێی هێشتین. هەزار سڵاو لەگیانی پاکی کاکە جەمال و سەرجەم هونەرمەندە ڕەسەنەکانی کوردستان.


**سەرچاوەکان:**

**١- گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٣١) بەرواری ١٩٩٩/١/٥، مێژووی نوێی بزووتنەوەی نواندن و شانۆگەریی لەکوردستاندا، مامۆستا کەریم شارەزا لاپەڕە(٢٢).**

**٢- گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٣٤) نیسانی ١٩٩٩ شانۆگەری لەکوردستان و چەند تیشکێک، نووسەر.**

**٣- پاشکۆی ڕۆژنامەی عیراق بەرواری ١٩٨٤/١١/١٧ بریتییە لە دیمانەی مامۆستا مەحموود زامدار لەگەڵ مامۆستا سابیر عەبدوڵڵا جەڕاحدا.**

**٤- گۆڤاری کۆسار، ژمارە(٢ و٣)ی ساڵی ٢٠٠٢ لاپەڕەکانی (١٤٣، ١٤٤) نووسەر.**

**٥- چەند دانیشتنێک لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەمال کەریمی حەمە مەلا.**

**٦- کوردستانی نوێ ژمارە ٢٨١٨ لە ٢٠٠٢/٧/٢٧ شەممە، یەکەم پیاو لە مێژووی شانۆی کۆیە ڕۆڵی ژنی بینی کێ بوو؟ نووسەر.**

**٧- کۆڕێکی نووسەر لە ٢٠٠٤/١/٣ ڕۆژی شەممە بەناوونیشانی مێژووی سەرهەڵدانی شانۆی هونەری لە کۆیە.**

**٨- گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١٢١) بەرواری ٢٠٠٧/٦/٥ لاپەڕەکانی (١٩٧، ١٩٨، ١٩٩) مامۆستا باکووری.**






# بازاڕی کتێب

ئیسماعیل تەنیا
(ئەڵمانیا)

ماوەیەک لەمەوبەر لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا، بابەتێکم لەسەر بازاڕی کتێب خوێندەوە. یەکێک لە کتێب فرۆشەکان دەیگوت: (بازاڕی مۆبایلە شیعر زۆر باشە ، ڕۆژ نییە سەد دانە لەو کتێبانە نەفرۆشم، هەرچەندە ناوەرۆکی هەموویان زۆر لە یەکتریییەوە نزیکن. خەڵکی وا هەیە، دوو نامیلکەی جیاواز دەبەن، پاش ماوەیەک دێنەوە و دەڵێن: هەردووکیان وەک یەک بوون).

ئەوە لە کاتێکدایە، کە بە دەیان کتێبی باش لە هەموو بوارەکاندا، لەسەر ڕەفەی کتێبخانە و کەناری شۆستەکاندا، تۆزیان لێ نیشتووە و کەس ئاوڕیان لێناداتەوە بەهۆی زۆری دەزگاکانی چاپکردن و توانستی ماددییەوە، ڕۆژ نییە لەسەرتاسەری کوردستاندا، کتێبێک چاپ و بڵاو نەبێتەوە. هەڵبەتە لەناو ئەو لێشاوەشدا، کتێبی (بۆر)یشی تێدەکەوێت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە کتێبی باش لە قەیراندایە.

باشە، هۆکاری کزی بازاڕی کتێب بۆچی دەگەڕێتەوە؟ من بە پێچەوانەی ئەو ڕایانەم کە دەڵێن: (کێشەکە بۆ نەبوونی کتێبی باش دەگەڕێتەوە). بەلای منەوە، خەتاکە لە گەنج و خوێنەری ئەمڕۆیە. بۆ گەنجێک ئامادەیە پارە بە مۆبایلە شیعری سادە و ختووکەدار بدات، یان مانگی چەند کارتێکی تەلەفۆن بکڕێت، بە گفتوگۆی پڕوپووچ سەرفیان بکات، بۆ ئامادە نییە نیوەی ئەو مەسرەفە لە کتێب کڕین سەرف بکات؟

کێشەکە قەیرانی کتێبی باش نییە، بەڵکو کێشەی نەبوونی خوێنەری باش و جیددی و گەنجی تەمبەڵی بێ پلانە. ئەگەر نا، ئەو هەموو کتێبە کە لە ناویاندا کتێبی زۆر نایابیش هەن، ئاوا بەبێ نازی نەدەکەوتن. کارەسات نییە کتێبێک (٥٠٠) دانەی لێ چاپ بکرێت و نیوەی نەفرۆشێت، کەچی نامیلکە شیعرێکی سادە و بازاڕیش، چوار پێنج جار چاپ بکرێتەوە و (١٠-١٥) هەزار دانەی لێ بفرۆشێت؟ مەسەلەکە هەر ئەوەیە، گەنجی ئەمڕۆ گەنجی دوێنێ نییە خۆی ماندوو بکات و بەدوای سەرچاوەی باشدا بگەڕێت، تا خۆی پێبگەیەنێت، چونکە گەنجێکە بەدوای مۆدە و ئەتەکێت و جوانکردنی دیمەن و ڕواڵەتی دەرەوەی دەگەڕێت، ئەوەندەی هەڵوەدای بەدیهێنانی ئەو خواستەیە، چارەکێک لە خەمی خۆ ڕۆشنبیرکردن و کۆکردنەوەی زانیاری و مەعریفەدا نییە.